# خۆم و
# ئەستێرە گەشەکان

# خۆم و
# ئەستێرە گەشەکان

نەجمەدین عەزیز سمایل

چاپی یەکەم

هەولێر - ٢٠٢٢

* ناوی کتێب: خۆم و ئەستێرە گەشەکان - بەرگی یەکەم
* نووسینی: نەجمەدین عەزیز سمایل
* هەڵەگری و سەرپەرشتیاری چاپ: نازم دڵبەند
* نەخشەسازی و بەرگ: عوسمان پیرداود
* تیراژ:(٥٠٠)دانە
* چاپخانە: چاپخانەی هێڤی - هەولێر
* نۆرەی چاپ: چاپی یەکەم
* مافی لە چاپدانەوەی تەنها بۆ نووسەرە.
* نرخی (٢٠٠٠) دینارە.
* لە بەڕێوەبەرایەتی گشتیی کتێبخانە گشتییەکان ژمارەی سپاردنی(٢٥٨) ساڵی ٢٠٢٢ی پێدراوە.

# پێشکەش

❊ بە هەموو ئەوانەی کە بەشدار بوون لە فێرکردنم.

❊ بە هەموو ئەوانەی کە مافیان لە سەر من هەیە.

❊ بۆ هاوسەرە ئازیزەکەم.

❊ بۆ هەموو منداڵە چاوگەشەکانم

# خۆم و ئەستێرە گەشەکان
# سیمبولێك بۆ گەورەیی مێژوو


**نازم دڵبەند**

دیارەنووسینی ئینسکلۆپیدیایەک لەسەر خۆم و ئەستێرە گەشەکان، ئەوەندە بە ئاسانی نایەتە بەرهەم، ئەو پەڕی هیلاکی و تێڕوانین و وردبوونەوەی مێژویی پێدەوێ، قەڵەمی هەر نوسەرێک بچێتە بنج و بنەوانی ئەم مێژووە، پێویستی بەوە هەیە هەموو لاپەڕەکان هەڵداتەوە، بۆیە نوسەری ئەو ئینسکلۆپیدیایە (نەجمەدین عەزیز سمایل) لە هەندەرانەوە وەکو ئەخلاقیەتێکی نەتەوەیی ئەو هەوڵەی بە ئەرکی خۆی زانیووەو بە تێروتەسەلی چۆتە ناو کاکڵی مەسەلەکەو بە روحیەتێکی پڕ لە لێپسراوەتیەوە ژیان و سەربردەو بیرەوریەکانی خۆی لەگەڵ ئەو کەلە نوسەر و هونەرمەندانە گێڕاوەتەوە، ئەمەش دیدی نوسەر دەردەخات تا لە دوا رۆژدا ئەم کتێبە ببێت بە سەرچاوەیەکی زیندوو بۆ نەوەکانی داهاتوو. بۆ ئەوەی لەوە بگەن ئەوان لە دێرزەمانەوە مێژووی نەتەوەیی خۆیان لە هەموو بوارەکاندا هەبووە، ئەوەتا ئەو کەڵە پیاوانەی باسیان لێوە دەکەین هەمیشە چرای گەش بووینە، بۆ بەخشینەوەی رووناکی لە نوسینەوەی ئەو مێژووە.

من وەک شارەزایەک لەم بوارەدا چەند جارێک بەسەر ئەو کتێبەدا چوومەوە، بۆم دەرکەوت مامۆستا نەجمەدین عەزیز سمایل وەکو نوسەرێک و دەرچوویەکی کولێژی ئەدەبیاتی زانکۆی بەغدا بەشی

کوردی، بە درێژایی ساڵانێک تێکەڵبوونی لە بواری ئەدەبو نوسین کاری میدیایی لە رادیۆی کوردی بەغداو کاری رووناکبیری لە کوردستان، کە کەسێکی بەتوانای ئەو بوارەبووە، قەڵەمی نوسینی بۆ نوسینی ئەم کتێبە قەڵەمێکی بە بڕشت بووەو توانیویەتی هەریەک لەوانە حەقی مێژوویی خۆیانیان بداتێ، هاوکات کاری لەسەر ئەوەش کردووە لە ئایندەدا وەکو سەرچاوەیەکی زانستی بۆ ئەو خوێندکارانەی لە قۆناغەکانی بەدەستهێنانی بڕوانامە بەرزەکان لەم بوارەدا، هانای بۆ ببات وەکو بەشێک لە بابەتەکان وەربگیرێ.

من لەلایەن خۆمەوە دووبارەی دەکەمەوە هێنانەکایەی ئەو ئینسکلۆپیدیایە بۆ کەسە جوانەکانی مێژوو، ئاوڕدانەوەیەکی ویژدانیە کە نەجمەدین عەزیز سمایل-ی نوسەر ومیدیاکار ئاوڕی لێداوەتەوە، ئەمەش دەگەڕێتەوە سەر ورژاندنی هەستی نوسەر لەدوورە وڵاتەوە ئەوانەی لە بیرە کە رۆژێ لە رۆژان کاری لەگەڵ کردوون، یان لە میانی کارە رووناکبیرییەکانی ناسیونیی یانیش هەر لەدوورەوە نێوبانگی زانیون، دیارە ئەم هەوڵەش لە خت و خۆڕایی نەبووە، بەڵکو لە ئەنجامی تاقیکردنەوە و بیرکردنەوەی نوسەربووە، بۆیە من وەکو نوسەرو شاعیر و سینارست و رۆژنامەنوس، ئەم هەوڵەی نەجمەدین عەزیز سمایلی نوسەر بە هەند وەردەگرم، وەکو کتێبەکەی ناوی لێناوە (خۆم و ئەستێرە گەشەکان)، لای خۆمەوە بە سیمبول دەزانم، چونکە گەورەیی ئەوەی پێبەخشیم پێشەکی ئەو مێژووە جوانە من بینوسم، هەستێکی جوان و دیدارێکی گەرمو ناخێکی پڕخۆشەویستیم بۆ نوسەری کتێبی (خۆم و ئەستێرەگەشەکان)، بە ئاواتی بەردەوامبوونی لەم بوارەدا.



# زانای گەورەی کورد مامۆستا ڕەشاد موفتی

بنەماڵـەی موفتـی یەکێـک لەبنەماڵـە دێریـنو ناسـراوەکانی شـاری هەولێـرو کوردسـتانن، مێـژووی ئـەوان ئاوێزانـی مێـژووی قـەڵا بـووە، ئـەم بنەماڵـە نـاودارە خاوەنـی چەندیـن کەسـایەتیی نیشـتمانیو ئاینـیو زانسـتیو ئەدەبـیو کۆمەڵایەتیـن، کـە لەقۆناغـە جیـا جیاکانـدا خزمەتـی زۆریـان بـە هەولێـرو کوردسـتانو ناوچەکـە کـردووە. بەرهـەمو بەخششـەکانیان لـە لاپـەڕە درەوشـاوەکانی مێـژووی کوردسـتاندا بەشـانازییەوە تۆمـار کـراوە. چەند کەسـایەتیەکیان لە بواری زانسـتی ئایینی و مامۆسـتای پەروەردەیی و نیشـتمانپەروەری و ڕاگەیانـدن و میدیاکاریـان لێهەڵکەوتـووە، کـە نووسـین و بەرهەمەکانیان بە گەنجینەیەکی بە نرخ و دەگمەن دەژمێردرێت لە مێژووی شـاری هەولێـری ڕەنگیـن و هەمـوو کوردسـتان و عێـراق.

ئەوەی من لەم بەسـەرکردنەوەیەدا مەبەسـتمە، ژیانو کارو بەرهەمەکانی ڕەشـاد موفتیـی ئەسـتێرەی درەوشـاوەی کوردسـتان وشـاری هەولێـرو ئـەو بنەماڵەیەیـە. نـاوی تـەواوی (ڕەشـاد کـوڕی محەمـەد کـوڕی مـەلا عوسـمان کـوڕی مـەلا ئەبوبەکـری کـە بـە مـەلای گچکـە بەنـاو بانـگ بـووە) ە، ئـەم کەسایەتیە گەورەیـە ناوبانگی بە ڕەشـاد موفتی دەرکردووە و ناسراوە، لـە سـەرتای دەسـت پێکردنـی جەنگـی جیهانـی یەکـەم سـاڵی ١٩١٥ لـە نێـو قـەڵای



**لەلای ڕاستەوە: عەدنان موفتی، ڕەشاد موفتی، کەنعان موفتی، ئیحسان موفتی**

دێرینی هەولێر لە دایک بووە، قۆناغەکانی خوێندنی لە هەولێر لەتەمەنی حەوت ساڵان خراوەتە بەرخوێندن و لە قوتابخانەی سەرەتایی هەولێر و تا پۆلی شەشەمی خوێندووە، ئینجا لە مزگەوتی گەورەی قەڵات لای باوکی وانەی نەحوو و سەرف و مەنتیق و بەیان و ڕەوانبێژی و(فقه)و ئووسووڵ و تەفسیری خوێندنەووە، پاشان نێردراوە بۆ میسر، یەکەم قوتابی کوردە لە کوردستانی باشوور کە دەرچووی (الازهر الشریف)ە، ساڵی ١٩٣٦ لە قاهیرە و زمانەکانی عەرەبی و تورکی و فارسی بە باشی زانیووە.




**لەلای ڕاستەوە: ئیحسان ڕەشاد موفتی، کەنعان ڕەشاد موفتی، ڕەشاد موفتی، عصام عمر وجدي**

لە مزگەوتی گەورەی قەڵا، کەباوکی پێشنوێژی بووە، خزمەتی کردووە، ئەرکی ئاینیو وتنەوەی دەرسە

ئاینیەکانی لەئەستۆ گرتووە. دوای کۆچی دوایی باوکی لەساڵی ١٩٤٦، بووە بەپێشنوێژی مزگەوتی گەورەی قەڵاو ئەرکە ئاینیەکانی وەک پێشنوێژیو وانەوتنەوەو فەتوای لەئەستۆ گرتووە.

بەهۆی ئەوەی شارەزایی تەواوی لەشەرعو یاسادا هەبووە، ساڵی ١٩٥٦کراوە بە قازی لە دادگای کەرکوک،ساڵی ١٩٥٧ وەک قازی بۆ دادگای سلێمانی گوازراوەتەوە، ساڵی دواتر وەک قازی گەڕاوەتەوە دادگای هەولێرو تا کاتی خانەنشین بوونی لەساڵی ١٩٧٨ بەردەوام بووە.

ڕەشاد موفتی، خزمەتێکی زۆری بۆ دانیشتوانی هەولێر و کوردستان کردووە لە بوارە جۆربە جۆرەکانی ژیان و کەلتوور و بیر و فیکری کوردایەتی، وپیاوێکی ئایینی گەورە و زانایەکی کراوە بووە، بەشداری ڕێوڕەسمی ئایینی و کۆمەلایەتی و ئەدەبی و بۆنە نیشتمانیەکانی کردووە، بەبێ جیاوازی ئاین و رەگەزو تایفە، ئەندامی یەکیەتی نووسەرانی کورد و ئەندامی کۆڕی زانیاری کورد و سەرۆکی ئەنجومەنی زانایانی ئاینی کوردستان بووە. رەشاد موفتی زانایەکی کوردپەروەر بووەو بایەخی زۆری بەزمانی شیرینی کوردی داوەو هەوڵی پێشخستنی داوە. هەر دوای گەڕانەوەی لە (ئەزهەر) کەدەیبینی مەولودنامەی پێغەمبەر (د.خ) بەزمانی عەرەبی یان تورکی دەخوێندرێتەوە، لە ڕووی هەستی نەتەوەییەوە هەستا مەولوودنامەیەکی بەزمانی کوردی هۆنیەوە دەڵێ:

**بەو زمانی کوردییە شیرین زمان**
**بەحسی گەورەی هەردوو عالەم کەم بەیان**
**یان نەڵێن کوردی نیە مەدحی نەبێ**
**من وەهام نووسی کە کەس قسەی نەبێ**
**ڕۆژ و شەو زۆرم دەکرد فیکر و خەیاڵ**
**مەولودی کوردی بنوسم بێ مساڵ**
**بەحسیی پێغەمبەر بکەم بۆ ئۆممەتی**
**تا بنێرێ بۆ هەموو، خوا ڕەحمەتی**

* ئەو مەولودنامەیەی لە ساڵی ١٩٥٠ لەچاپخانەی کوردستانی گیوی موکریانی چاپ کردووە. لە بۆنەی مەولوددا بەزمانی کوردی تا ئەمڕۆ



**لەلای ڕاستەوە: شەمسەدین موفتی، ڕەشاد موفتی**

هەمـوو مەولودێـک بـە مەولـودی موفتـی دەسـتپێدەکا و کۆتایـی دێت.

* یەکـەم مـەلا بووە کە وتـاری نوێژی هـەینی بەزمانی کوردی پێشکەش کردووە لـە چلەکانی سـەدەی رابردوو.

*هەروا رێورەسـمی حەجـی ماڵـی خوداشـی هـەر بەزمانـی کـوردی بەڕێوەبـردووەو بـە شـیعر میعراجنامـەو ئیسماعیلنامەشـی بەکـوردی چـاپ کـردووە.

ڕەشـاد ئەفەنـدی لـە هۆنـراوەی ئایینیشـدا بەتوانـا بـوو، لـە هۆنـراوەی ستایشـیش دەسـت ڕۆیشـتوو بـووە. ڕەشـاد ئەفەنـدی لـە ستایشـی «جەبـار ئاغـای کانـی»ی شـاعیردا دەڵێـت:

**کانـی لەبـەر ئەشـعاری سـوخەن سـەنج و ئەدیبـە**
**قەولـی هەمـوو پڕ لـەزەت و زۆر خـۆش و لەبیبـە!!**
**هـەر شیعرێ کـە دەیڵێـت و دەیخوێنێتـەوە بـۆ خەڵق**
**گـوێ دەگـرن و دەیلێنـەوە شـیعرێکی غەریبـە!**

دیسـانەوە موفتـی لەیـادی کۆچـی دوایـی «کانـی»ی شـاعیردا ئـەم هۆنراوەیـەی خـوارەوە لـە کۆڕێکـی یەکێتـی نووسـەرانی کـورد - لقـی هەولێر خوێنـدەوە، کـە بـۆ یـادی کۆچـی دوایـی «کانـی»ی شـاعیر سـازیان کردبـوو.

**بیر لە مێژووی کۆچی شاعیر واجبی ئینسانیە**
**با لە بۆ هەمووی بنێرین فاتیحەی ڕەحمانیە**
**کۆڕەکەی ئەمڕۆمان بۆ شاعیرێکە زۆر بەناو**
**جەبری نەفسی شیعرە و جەببارو تەخەلووس (کانی)یە**
**وەک چیا بوو هیمەتی، جسمی ئەگەر چی فانیە**
**قسەکانی نەستەقی زار شاهیدی ویجدانیە**
**باوک و باپیرو عەشیرەت با لە لایک دابنێن**
**گەورەیی هەرکەس بە عیلم و خزمەتی مەیدانییە**

ڕەشاد موفتی تا ماڵئاوایی بەردەوام بووە لە کاری سەرۆکی ئەنجومەنی زانایانی ئاینی کوردستان هەموو رۆژ پێشوازی کردووە لە مێوانانی لە دیوەخانەکەی کە کتێبخانەیەکی دەوڵەمەندی لەگەڵدایە، سەدان کتێبو دەستنووسی بەنرخی بەزمانی کوردیو زمانەکانی دیکە تێدایە و وەک یادگار لەدوای بەجێماوەو نووسەرانو توێژەرانو خوێندکارانی ماستەرو دکتۆرا بۆ نووسینی تێزەکانیان سوودی لێوەردەگرن.

دیوەخانەکەی هەموو چین و توێژەکانی کۆمەڵ لە پیاوە ناودارەکان و شاعیران و رۆشنبیران و خەڵکی سادە و هەژار و لیقەوماون، لە هەموو نەتەوەو کەمە نەتەوایەتیەکان بە بێ جیاوازی دەرگا بۆ هەمووان هەمیشە کراوە بووە، ڕوویان تێدەکرد ئەوەی بۆ کار و گیروفتی خۆی و ئەوەی بۆ گوێ گرتن لە قسە و حیکمەتەکان و زانستیە ئایینیەکان، ئیتر ئەم دیوەخانە بە ڕاستی (مدرسة) قوتابخانەیەک بووە هەر ئەوهاش دەمێنێتەوە لە سایەی هەر چوار کوڕەکانی.

شاعیری کورد بورهان جاهید لە سەردانێکی بۆ لای رەشاد مفتی و دیوەخانەکەی بەو چەند دێرە وەسفدەکات:

**کە چوومە ژووری، ئەم دیوەخانە**
**کە چاوم کەوتە ئەو کتێبانە**
**ئەو گفتوگۆیە و نوکتەی خۆش وجوان**
**دڵمانی خستە شادی و خەندان**
**گەلێ فەڕح بووم، دڵم گەشاوە**



لەلای ڕاستەوە: کەنعان موفتی، عوسمان موفتی،عیزەدین مەلا فەندی،
عەدنان موفتی، رەشاد موفتی، ئیحسان موفتی،

دەرگـــەی زانســـتی بـــۆ مـــن کـــراوە
ئـــەو زانـــام کـــە دی، ڕەشـــاد ئەفەنـــدی
کوانـــێ خەلـــەکان و ئیبـــن ڕەوەنـــدی
گوفتارەکانـــــی هەمــــووی علوومــــە
ئەگـــەر تێـــی بگەیـــن خـــۆش و مەفهومـــە
وەسـفي ئـەم زاتـە قـەت تـەواو نابـێ
ئـــەم زاتـــە یاخـــوا بـــەرزو بـــاڵا بـــێ
هـــەر ئـــاوەدان بـــێ ئـــەم جێگـــە پاکـــە
جێـــگای شـــعورو عەقـــڵ و ئیدراکـــە


**بەشێک لە هەڵوێستەکانی رەشاد ئەفندی موفتی**

ڕووبەڕوبونـەوەی لەگـەڵ موتەسـەڕفی هەولێـر دژی بەندکردنـی کـچ و ژنانـی قوتابخانـەی هەولێـری کچـان.

سـاڵ سـاڵی ١٩٦٣ (بەدرەدیـن عەلـی) متەسـەڕفی (پاریـزگار) هەولێـرە، پـاش یـەک مانـگ لـە کودەتـای بەعسـیەکان، بەیاننامەیەکیـان بڵاوکـردەوە کـە گوایـە مافـی ڕەوای گەلـی کـورد دەدەن لەسـەر بنچینـەی (لا مرکـزی)، قوتابیانـی کـچ لـە (ثانویـة اربیـل للبنـات)، ئامادەیـی کچانـی هەولێـر لـەڕۆژی




١١ ئاداری ١٩٦٣ بەیانیەکەی لە گۆڕەپانی ناو قوتابخانەکە دەست دەکەن بە وتنی سروودی ئەی ڕەقیب و نەورۆز و دروشم لێدان بە سەرکەوتنی شۆڕشی کورد، کە هەواڵ دەگاتە موتەسەرف بە عەسکەر و پۆلیس دەوری قوتابخانەی کچان دەگرن و دەکەونە گیانی قوتابیە کچەکان بە دار و کێبل وسۆندە و هەر بابایە ڕادەکات بە سەر دیواری قوتابخانە، چەند مامۆستا وقوتابیەکی زۆری کچ دەستگیر دەکەن و دەیانبەنە بەندیخانەی (قشڵە) لە سەرای کەون، ئەو کات مالی قازی ڕەشاد موفتی لە قەلا دەبێت، ژنان واتە (دایک و خوشکی) قوتابیە کچەکان لە پێش دەرگای مالیان کۆدەبنەوە، باوکەکانیش لە مزگەوتی قەڵا، ئەو کات ڕەشاد موفتی سەرۆکی (مجمع علمی و خطیب) ی مزگەوتی قەڵابووە، کە دەزانێت بەدرەدین عەلی لە یانەی عەسکری ئێوارانە و خەریکی مەی خواردنەوەیە لەگەڵ کۆمەلێک زابتی عەسکەری، هەلوێستیکی زۆر ئازایانە و بوێرانە دەنوێنێ و سنووری هەموو عورف و عاداتێک دەبەزینێ و هەر بە جلی ئایینی بە جبەو عەمامە و تەڕبووشەوە خۆ دەگەینێتە یانەی عەسکەری و لێیان بە ژۆرێ دەکەوێت، بەدەردین عەلی سەری سوڕدەمینێ و دەلێت: ڕەشاد ئەفەندی و النادی !!! ڕەشاد موفتیش پێی دەلێت: بەدرەدین عەلی و سجن النساء !!!!، بۆیە زیاتر پێی دەلێت دەزانم گونجاو نیە من بە جلی ئایینی بێمە ئێرە بەڵام ئەوەی گونجاو تر نیە ئەوەیە تۆ چۆن قوتابیانی کچە کوردی شاری هەولێر لە بەندیخانە دادەنێت ئەمە کەی لەگەڵ دەستوور و عورف و عاداتی ئێمە دەبێت، دەمەویت ئێستا فەرمان بدەیت هەر هەموویان بەربدرێن و ڕەوانەی ماڵەکانیان بکرێنەوە، دیارە ڕەشاد موفتی توانیوویەتی بەدرەدین عەلی ڕازی بکات (ئیقناع) هەر ئەو دەم هەموو بەردەدرێن و دەچنەوە ماڵەکانی خۆیان، ڕووداوێک بوو کە ڕەشاد موفتی ئەو دەورەی دیووە خۆ




ئەو کات کەس نەدەوێرا قسە لەگەڵ بەدرەدین عەلی بکات ئەوەندە پیاوێکی دژ بە کورد و بزووتنەوەی رزگاریخوازی کورد بوو

**هەڵوێستی دژ بە قائد فرقەی هەولێر.**

ساڵی ١٩٦٤ قائد فرقەی هەولێر پەیوەندی پێوە دەکا و داوای دیتنی دەکات کە بچێتە ئۆردگای سەربازی هەولێر، ئوتومبێلی سەربازی بۆ رەوان دەکا دێت و دەیبەنە لای، کە ئێستا شوێنەکە پارکی گەورەی هەولێرە.

قائد فرقە پێی دەڵێ تۆ سەرۆکی زانایانی ئاینی و موفتی هەولێری پێویستمان پێتە کە فەتوایەک بدەی دژی ئەوانەی دژی شۆڕشن (عصاة)

کـە کافـرن وە شـەڕکردن دژیـان ئەرکێکـی ئاینییـە.

وەڵامـی دەداتـەوە کـە ئـەو ناتوانێ کـەس بـە کافـر لـە قەڵـەم بدا. .. داواکـەی قبـول نـاکا و دەڵـێ مـن کارم قـازی دادگای شـەرعیم سـەر بـە وەزارەتـی دادم (عـدل)، بۆیـە هـەر داواکارێـک بێـت دەبـی لـە و ڕێگایـەوە بێـت ئەوجـا سـەیری دەکـەم موافـق بـوو لەگـەر ئاییـن و فەرمودەکانـی پێغەمبـەر قبولـی دەکـەم بـە پێچەوانـە ڕەدی دەکـەم. قائـد فرقـە لـە قسـەکانی قـازی ڕەشـاد موفتـی تـوڕە دەبێ وە هەڵدەسـتێتە پێـوە و دەڵـێ مـن پەیوەنـدی بـە وەزارەتـی عـدل دەکـەم دەزانـی چـی پـێ دەڵێم؟ پێـی دەڵێم فەرمانـی لـەکار لادانـت دەربینـی و لەکارەکـەت فەسـلت بـکات. قـازی هەولێـر هەڵدەسـتێتە سـەر پێـوە و پێـی دەڵـێ ڕزقـی مـن تەنهـا خـوا بەرپرسـیارە لێـی گـەر لـە دەسـت تۆیـە نامـەوێ.

ڕشـاد موفتـی چەنـد جـار ئـەوەی گێڕایتـەوە کـە ئەوکاتـەی لـە ژوری ئـەو هاتیتـە دەرێ چاوەڕوانـی ئـەوەی کـردووە کـە بـە دەسـتڕێژی گوللـە بیکـوژن.

پـاش دوو هەفتـە لـەو گفتوگۆیـە ئـەو قائـد فرقەیـە لـەکاری خـۆی فەسـل دەکرێ و سـەربەرزی نیشـتیمانی بـۆ زانـا مەزنەکـەی هەولێـر تۆمـار دەکرێ.

دوای مانگـی ئـازاری سـاڵی ١٩٧٤ و دەسـت پێکردنـی شـەڕ لـە نێـوان شـۆڕشـی کـورد و ڕژێمـی بەغـدا کـە بەتـاک لایانـە بڕیـاری حوکمـی زاتـی بڵاوکـردەوە، وەپێکهێنانـی مجلـس تەشـریعی و تەنفیـزی ئـەوکات هەوڵیـان دا لەگـەڵ ڕەشـاد موفتـی کـە ببێتـە ئەمیـن عامـی ئەوقـاف (وەزیـری ئەقـاف) بـەڵام ئـەو پۆسـتەی ڕەد کـردەوە و قبوڵـی نەکـرد.

زۆرن ئـەو هەڵوێسـتانەی جەنابـی موفتـی بـەڵام بـۆ ئـەو باسـە ئـەم چەنـد نمونەیـەم ئامـاژە پێکـرد، جەنابـی قـازی ڕەشـاد موفتـی، لەمـاوەی تەمەنیـدا چەندیـن دەسـتنووس و کتێـب و بەرهەمـی ئاینـی و ئەدەبـی دانـاوە هەندێگیـان چـاپ نەکـراون.

ڕەشـاد ئەفنـدی پـاش خزمەتێکـی زۆر بەبوارەکانـی ئاینـیو ئەدەبـیو مێژوویـی، ڕۆژی ١٢ی ئەیلولـی ١٩٩٢، کۆچـی دوایـی کـرد. مێـژوو نووسـی کـورد زبیـر بـلال اسـماعیل ئـەو ڕۆژەی بـەم جـۆرە وسـف دەکات.

فـي صبيحـة يـوم السـبت ١٩٩٢/٩/١٢ توفـي بأجلـه الموعـود محمـد رشـاد

المفتي وما ان ذاع نبأ وفاته حتى تقاطر عدد غفير من أهل المدينة الى داره وغصت داره بالمشيعين، وسارت في ركاب نعشه مئات السيارات تتقدمها اعلام ودراويش تكايا اربيل، وبعد مسيرة تباطأ فيها سير النعش لشدة الزحام والمشيعين في شوارع اربيل الرئيسية. سار الركب بعدئذ بالسيارات الى قرية (باداوه) حيث دفن في مقبرة الاسرة وحضر مراسيم التشييع والدفن عدد من وزراء حكومة اقليم كوردستان وعدد من اعضاء البرلمان ومحافظ اربيل وعدد من قادة الاحزاب الكوردية وكبار الموظفين ورجال الدين ووجوه اربيل وعدد غفير من مواطني اربيل الذين ظلوا اوفياء له ولأسرته جيلا بعد جيل لما بذلته من جهود في خدمة العلم والدين.

دروودی ڕێزو وەفاو ئەمەکداری بۆ گیانی پاکو پیرۆزی، رەشاد موفتیی زانای ناودارو شاعیری بەتواناو کوردپەوەر.

سەرچاوەکان

١- ئەستێرەکانی نیشتمان خلیل عبداللە ٣- مشاهیر کورد وکوردستان محمد علی الصویرکی٣- گۆڤاری (الصوت الاخر) وتاری مێژوونوس زبێر ئیسماعیل ٥- مەولودنامەی رەشاد موفتی ٦- رۆژنامەی کوردستانی نویَ، خەبات، الاتحاد، زانیاری و نووسین و دارِشتنی خۆم.



# بیرمەندو رووناکبیر مەسعود محەمەد

نووسەر و توێژەر و بیرمەند و کەسایەتی ناسراوی گەورەی کورد ڕەوانشاد مەسعود محەمەد لە ساڵی ١٩١٩ لە بنەماڵەیەکی ئایینی لە شاری کۆیە لە دایک بووە، لە ساڵی ١٩٢٦ چۆتە قوتابخانەی سەرەتایی لە کۆیە و ناوەندی و دواناوەندی لە هەولێر تەواو کردووە، لە ساڵی ١٩٤٠ چۆتە کۆلیژی (حقوق) و لە ساڵی ١٩٤٥ تەواوی کردووە و بۆتە یاسازانێکی چالاک.

ئەو کاتەی قوتابی بووە لە کۆلێژی ماف هاوپۆلی دڵداری شاعیر بووە و بەیەکەوە زۆربەی ئێوارەکان سەرەدانی ساڵۆنی وێژەیی خاتوو (بەهیة فەڕەجەڵڵا)یان کردووە، کە کچیکی کوردی میسری بووە و مامۆستا بووە لە کۆلیژی کچان (کلیة البنات) لە بەغدا و ماڵەکەی هەمیشە کۆڕ و کۆبوونەوەی ئەدەبی و فەلسەفی و هزریی لێکراوە.


مەسعود محەمەد هەر لەو کاتەوە بیری کەوتۆتە سەر فەلسەفە و شیکردنەوەی دیاردەی کۆمەڵایەتی و ئابووری و ڕامیاری، فەلسەفەی هیگل و مارکسی زۆر باش خوێندۆتەوە و بەراوردی کردووە بە باری کۆمەڵایەتی وئابووری کورستان و لایەنە بە کەلکەکانی باس کردووە و دژی لایەنە سلبییەکانی بووە، ناوبراو لە ژیانی خۆی شان بە شانی کاری پارێزەری





لەلای ڕاستەوە: ئیحسان موفتی،مەسعود محەمەد

کۆمەڵێک لیپرسراویتی بینیووە، لە ساڵی ١٩٥٣ و ١٩٥٤ نوێنەری شاری کۆیە بووە لە هەردوو دەورەی پەرلەمانی عێراقی، پاش شۆڕشی ١٤/ی گەلاوێژی ١٩٥٨ بۆتە ئەندام لە لێژنەی چاکسازی کشتوکاڵ و ئاودێری و بەشداریش بووە وەکو یاسازانێک لە دەرچواندنی یاسای (قانون الاصلاح الزراعي - یاسای چاکسازی کشتوکاڵ).


مەسعود محەمەد لە ساڵی ١٩٦٤ بە ناوی بزووتنەوەی رزگاریخوازی کوردی بۆتە وەزیری دەوڵەت لە حکومەتەکەی (تاهیر یەحیا)، لە کۆتایی شەستەکان بۆتە ئەندامی ئەنجومەنی ڕاژەی گشتی (مجلس خدمة العامة)، لە ٢٩ ئابی ساڵی ١٩٧٠ کە کۆڕی زانیاری کوردی دامەزرا ئەو بۆتە ئەندامی کارا و دواتر جێگری سەرۆک، پاشان کە بووە کۆڕی زانیاری عێراقی - دەستەی کوردی بووە سەرۆکی ئەم کۆڕە.







پاش ڕاپەڕینی ساڵی ١٩٩١ و کشانەوەی دام و دەزگاکانی حکومەتی ناوەندی ناوبراو گەڕاوەتەوە کوردستان و لە ڕۆژی ٢٠٠٢/٤/١ لە نەخۆشخانەی رزگاری هەولێر کۆچی دوایی کردووە و لە گۆڕستانی دەروێش خدر لە کۆیە لە تەنیشت گۆڕی باوکی مەلای گەورە بە خاک سپێردراوە.

مەسعود محەمەد لە ژیانی سیاسی و ئەدەبی خۆی پەیوەندییەکی فراوانی لەگەڵ هەموو لێپرسراوانی بزووتنەوەی رزگاریخوازی کوردی لە ئەدەیب و ڕۆشنبیران و سیاسەتمەدارانی کورد هەبووە، کۆمەڵێک نامەو بەڵگەنامە هەنە کە ئەم ڕاستیە پشتڕاست دەکەنەوە، لەوانە نامەکانی بۆ هەر یەک لە (وریا مامڵێس و ئاسۆس شەفیق لە ١٩٩٤ – ١٩٩٨، بۆ هەڵۆ بەرزنجی لە ١٩٩٥ – ١٩٩٩، دەربارەی عوسمان پاشای بابان لە (عەبدولرقیب یوسف) دوە بۆ مەسعود محەمەد و بە پێچەوانەوە، نامەکانی مەسعود محەمەد بۆ مستەفا نەریمان دەربارەی موکەڕەم تاڵەبانی).

مەسعود محەمەد لە ژیانی خۆی کۆمەڵێک بەرهەمی بە زمانی کوردی و عەرەبی نووسیووە و لە چاپی داون بڵاویشی کردۆتەوە لە وانە (ژیان و جیهانبینی، گەشتی ژیانم لە ٧٦٩ لاپەڕە، چارەسەرکردنی گیروگرفتەکانی ڕێنووس و ئەلفوبێی کوردی، مرۆڤ و دەوروبەری، حاجی قادری کۆیی لە سێ بەرگدا کە ژمارەی لاپەڕەکانی ٨٩٤ لاپەڕەیە، وردبوونەوە لە چەند باسێکی ڕێزمانی کوردی، چەپکێک لە گوڵزاری نالی، بەرەو ڕاستە

شـەقامی ئاخاوتنی کوردی، زاراوەسازی پێوانە، بۆ ئەمیری حەسـەنپوور لـە هـەر کوێیـەک بیت، حەمـە ئاغـای گـەورە، هەندێ بابەتـی زمـان و ڕێنووسـی کوردی، دەسـتەو دامانی نالی، لـە پەرۆشـەکانی ژیان، چەند حەشـارگەیەکی ڕێزمانـی کـوردی، کەوچکێک شـەکر بـۆ قـاوەی تـاڵ، نووسـەر - نووسـین - ئـازادی - وەرگێـڕدراوە، حەجێکـی تـر بـۆ دەرگای (خەتـێ)ی زانـا وەرگێڕانـی لـە عەرەبییـەوە حەکیـم کاکەوەیـس، پرۆسـترۆیکای گۆرباتشـۆف - ڕەخنـەو شـیکردنەوە - بەشـی یەکـەم و دووەم وەرگێڕانـی لـە عەرەبییـەوە: حەکیـم کاکەوەیس، کۆمەڵگـەی ئادەمیزاد. .. بۆچـی لـە شـێتخانە دەچـێ ؟ وەرگێڕانـی لـە عەرەبییـەوە: حەکیـم کاکـە وەیـس، زمانـی کـوردی - وەرگێڕانـی لـە عەرەبییـەوە: حەکیـم کاکـە وەیـس، سـەرنجێک لەسـەر لێکدانـەوەی مرۆیـی مێژوو - وەرگێڕانی: حەکیم کاکە وەیس، دەمودووی هـزر - وەرگێڕانی لـە عەرەبییـەوە ؛ حەکیـم کاکـە وەیـس، بـۆ گۆرباشـۆفی مـەزن، لەگـەڵ سـڵاو هیواخوازیـدا، مەسـعود محەمـەد وەرگێڕانـی ؛ حەکیـم کاکـە وەیـس، بیبلیۆگرافیـای پێڕسـتی کتێبـی کـوردی، مسـعود محمـد و دوره السیاسـي فـي العـراق - دراسـة تاریخیة للدکتـور راهـي مزهـر البیاتـي - ترجمـة دکتـور کەمـال مەزهـەر ئەحمـەد).

لەسەر خودی مەسعود محەمەد و بەرهەمەکانی توێژینەوە و شیکردنەوەی زۆر کـراوە لـە وانـە: ١- کۆنفراسـەکانی نێـو دەوڵەتـی بـۆ ناودارانـی کۆیـی لـە سـێ بەرگـدا ٢٠١٧ - ئامادەکـردن و پـی ێداچوونـەوەی پ. ی. د. حەیـدەر لەشـکری و پ. ی. د. دەریـا حوێـزی، ٢- ئێسـتیتیکای پیداچوونـەوەی هزرێکـی خۆکـرد لـە نووسـینی هەندرێـن سـوید ٢٠١٢، ٣ - دیـدو جیهانبینـی ئـەم کتێبـە توێژینـەوە و رۆچوونـە بـە نـاو دەقەکانـی مەسـعود محەمـەد و هەوڵدانێکـە بـۆ شـرۆڤە و ڕاڤەکردنـی تێگەیشـتن و بـۆ چوونەکانـی ئـەم نووسـەرە، لـە نووسـینی نـەوزاد جەمـال ٤ - مسـعود محمـد و دوره السیاسـي فـي العـراق ١٩١٩ - ١٩٦٨، دراسـة تاریخیـة للدکتـور راهـی مزهـر البیاتـي و هـو رسـالّة قدمـت الـی (معهـد التاریـخ العربـی و التـراث العالمـی للدراسـات العلیـا) و نـال شـرف الدکتـوراه بدرجـة ممتـازة، دوکتـۆر کەمـال مەزهـەر ئەحمـەد وەریگێڕاوەتـە سـەر زمانـی کـوردی.

مەسـعود محەمـەد شـێوازیکی تایبەتـی لـە نووسـیندا هەبـوو کـە لەگـەڵ لێکۆڵینـەوەی زانسـتی نەدەگونجـا وەک ئـەوەی زۆر پەیوەسـت نەبـوو بـە پۆلینکردنی بابەتەکانی و زۆر جار ناونیشانی سەرەکی و لایەکی بە یەکەوە دەبەسـتەوە و هیـچ پەکـی لەسـەر ئـەوە نەدەکـەوت ئەگـەر ١٠٠ لاپـەڕەی لەسـەر شـتێکی بێ ناونیشـانیش بنووسـیایە بـۆ خوێنـەر، زۆربـەی ڕۆشـنبیران نووسـینەکانی بـە ئاڵـۆز و تێکـەڵ دەزانـن، هەندێـک لـە ڕۆشـنبیرانیش بـە پێچەوانـە مەسـعود محەمـەد بـە فەیلەسـوف دادەنێـن، بۆیـە دەبێـت لەلایـەن پسـپۆڕان زیاتـر لێکۆڵینـەوە و شـرۆڤە کـردن لەسـەر بەرهەمەکانـی بکرێـت بـۆ ئـەوەی بـۆ نەوەکانـی دواڕۆژمـان سـاغ ببێتـەوە.

مەسـعود محەمـەد بـە یەکێـک لـە هـەرە گـەورە بیرمەنـد و ڕووناکبیـرە کـوردەکان دەژمێردریـت لەسـەر ئاسـتی کوردسـتان و هەمـوو ڕۆژهەڵاتـی ناوەڕاسـت.

روحی شاد و ئاسوودە و ئارام بێت.

وێنەکان:

هەمووی لە کوردیپیدیا، کوردیپیدیا - ئینسپکلۆپیدیای ئازاد،

سەرچاوەکان:

کوردیپیدیـا، ئینسـکلۆپیدیای - ئـازاد، ئێنسـتیتیکاری شـێوازاندنی هزرێکـی خـۆ کـرد، هەندرێـن، سـوید - ٢٠١٢، دیـدو جیهانبینـی، مەسـعود محەمـەد، لێکۆڵینـەوە و تویژینـەوەی نـەوزاد جەمـال، زانیـاری ونووسـین و داڕشـتنی خـۆم.



# پرۆفیسۆر دکتۆر مارف خەزنەدار

نووسـەر و توێژەر و ڕۆژنامەنووس و مامۆستای زمان و ئەدەبی کوردی پرۆفیسـۆر دوکتۆر مـارف خەزنـەدار بە سـەر دەکەینەوە.

نـاوی تـەواوی (مـارف عەبدولقـادر مـارف ئەحمـەد ئاغـا ڕەسـوڵ ئاغـای خەزنـەدار) ە، بنەماڵەکەیـان بـە ڕەچەڵـەک خەڵکی سـلێمانی-یە و لـە دوای جەنگی جیهانـی یەکـەم هاتوونەتـە هەولێـر، لـە ڕۆژی ١١/١/سـاڵی ١٩٣٠ لـە شـاری هەولێـر لـە دایک بـووە.

خوێندنـی سـەرەتایی و ناوەنـدی لـە هەولێـر خوێنـدووە و دواناوەندیـش لە کەرکوک، لـە سـاڵی ١٩٥٢ دەبێتە مامۆستای سـەرەتایی و پاش ماوەیـەک دەبێتـە کاتب لـە پەروەردەی هەولێر، لـە سـاڵی ١٩٥٧ بەشـی زمانـی عەرەبی لـە کۆلێژی ئادابی زانکۆی بەغدا تـەواو دەکات و دەبێتـە مامۆسـتای زمانـی عەرەبی.

سـاڵی ١٩٦٠ لـە ڕێگای (البعثة العلمیـة العراقیـة) دەچێتە مۆسـکۆ بۆ خوێندن و نـۆ مانـگ دەمێنێتـەوە و پاشـان دەچێتـە شـاری (سـانت پترسـبۆرگ) و لـەوێ دەسـت بـە خوێنـدن لـە بەشـی لێکۆڵینـەوەی کوردی لـە پەیمانگای دیراسـاتی ڕۆژهـەڵاتـی سـەر بـە ئەکادیمیـای زانسـتی سـۆڤیەت دەکات و بڕوانامـەی دوکتـۆرا بـە دەسـت دێنێت.




**لە لای ڕاستەوە: ڕەسوڵ گەردی، مەحمود زامدار، دوکتۆر مارف خەزنەدار، نەناسراوە**

لە ساڵی ١٩٦٣ تا ساڵی ١٩٦٨ مامۆستا بووەو دواتر بۆتە سەرۆکی بەشی کوردی کۆلیژی ئادابی زانکۆی بەغدا، ساڵی ١٩٨١ خانەنشین کراوە. ساڵی ١٩٧٣ بۆتە (استاذ مساعد - یاریدەدەری مامۆستا) و هەر لەو ساڵیش بەشی کوردی کۆلێژی پەروەردەی لە زانکۆی بەغدا دامەزراندووە.

پرۆفیسۆر دوکتۆر مارف خەزنەدار دەستپێکی نووسینەکانی لە گۆڤاری گەلاوێژ دەست پێکردووە، بۆ ڕۆژنامەکانی هەولێر و ژین و دەنگی کورد و گۆڤاری شەفەق کە خۆی یەکێک بووە لە هەلسوڕێنەرانی و هیوا و نەورۆز و ڕۆژی نویَ و دەیان ڕۆژنامە و گۆڤاری تری کوردی و عەرەبی کە بابەتی هەمەجۆرەی تیایان بڵاوکردۆتەوە، هەر لەگەڵ دەرچوونی بەیانی ١١ ئاداری ساڵی ١٩٧٠ ئیجازەی گۆڤاری (نووسەری کورد) وەردەگرێت و (١١) ژمارەی لێدەردەچێت، دواتر گۆڤاری وەرزی (دەفتەری کوردەواری) کە تەنها (٣) ژمارەی لێدەرکرد، سەرپەرشتی دەیان نامەی ماجستێر و دوکتۆرای قوتابیانی کوردی کردووە و هانی داون بۆ زیاتر خوێندن و خوێندنی باڵا و لێکۆڵینەوەی زانستی لە بواری ئەدەب و زمانی کوردی.

پرۆفیسۆردوکتۆر مارف خەزنەدار ئەندامی سەندیکای ڕۆژنامەنووسانی عیراقی و جیهانی بوو، ئەندامی کارای کۆڕی زانیاری کوردستان بووە.



ناوبراو ئەزموونێکی زۆری هەبوو لە بواری ئەدەب و مێژووی ئەدەبی کوردی و پەیوەندیەکی باشیشی لەگەڵ گەورە نووسەران و مێژوونووسان و شاعیران و پیاوە ناودارەکانی کورد لە بواری زمان و ئەدەب هەبووە، لە هەڤپەیڤنێکی تێر و تەسەل کە نووسەر ئازاد عەبدولواحید لەگەڵ پرۆفیسۆر مارف خەزنەدار کردوویەتی و لە گۆڤاری مانگانەی (ڕامان) لە ژمارە (١٦١ - ١٦٢) بڵاویکردۆتەوە، بەڵام بە داخەوە دوکتۆر مارف بەشی یەکەمی بینیووە و بەشی دووەمی نەبینی چونکە بە سەردا کۆچی دوایی کرد، دوکتۆر مارف خەزنەدار ئەو کاتەی لە بەغدا کە سەرۆکی بەشی کوردی بوو لە کۆلیژی ئادابی زانکۆی بەغدا هەمیشە کێشە و گرفتیان هەبوو لەگەڵ کۆڕی زانیاری کوردی سەبارەت بە وشە داتاشین و ڕێنووس و



**ڕووناکبیرانی کورد لە لینینگراد ساڵی ١٩٦٢ لە لای ڕاستەوە دانیشتوەکان:**
**وەزیریێ ئەسۆ، پرۆفیسۆر قەناتی کوردۆ، سێدار رودێتکۆ، حەجیی جوندی، دوکتۆر مارف خەزنەدار، وەستاوەکان لە لای ڕاستەوە: جەلیلێ جەلیل، ماکسیمێ خەمۆ، شکۆیێ حەسەن، ئۆردیخانێ جەلیل،**

هەندێ شتی تر، ئەو ماوەیەی لە کۆڕی زانیاری کوردستانی سەر بە ئەکادیمیای کوردی بووە، دیارە ڕەخنەو گلوگازاندەی هەبووە، بۆیە دەڵێت: (لەم کارو ئەزمونە پەشیمانم و هەڵەیەک بوو لە ژیانی خوێندەواری خۆم، بە زەحمەت لەم هەڵەیەی خۆم خۆش دەبم).

پرۆفیسۆر مارف خەزنەدار کە ماوەی (٦٠) ساڵ خزمەتی ئەدەب و زمانی کوردی کرد و زیاتر لە ٤٠ کتێبی لە چاپ داوەو بڵاویکردۆتەوە، گرنگەکانیان ئەمانەن (ئەڵەمان کوردی و چەند چیرۆکێکی تری کوردی، بەرەو رۆژ، تاریخ الاستشراق و الدراسات العربیة و الکردیة فی المتحف الآسیوی و معهد الدراسات الشرقیة فی لینیگراد (١٨١٨ - ١٩٦٨)، دیجلەی هزرم بەرگی یەکەم و دووەم، دیوانی بێ دڵ، حاجی قادر شاعیری شۆڕشگێر و پیشکەوتنخواز و دیموکراتی و نەتەوەیی کورد، دیوانی نالی ساغکردنەوە لەسەر تێکستی دەستنووس و چاپکراوی دیوانی شاعیر، دیوانی نالی و فەرهەنگی نالی: لێکۆڵینەوە و ساغکردنەوەی هۆنراوە، رۆژگاری من - پەیدا بوون ١٩٣٠ - ١٩٤٩، رۆژگاری من - دروست بوون ١٩٤٩ - ١٩٦٠، رۆژگاری من - ژیانی روسیا A ساڵی ١٩٦٠ - ١٩٦٨، رۆژگاری من - ژیانی روسیا B ساڵی ١٩٦٠ - ١٩٦٨، رۆژگاری من - هەڕەشەی سیاسی



**لە لای ڕاستەوە: هێمن، حەمە ساڵح دیلان، دوکتۆر ئیحسان فوئاد، محەمەد مەولود (مەم)، دوکتۆر مارف خەزنەدار**



له لای ڕاستەوە: مستەفا ساڵح کەریم، حە سەعید حەمە کەریم، محەمەد ساڵح دیلان، دوکتۆر مارف خەزنەدار.

و گەشەی ڕۆشنبیری ۱۹۷۵- ۱۹۸۳ بەرگی شەش، عەبدوڵڵا بەگی میسباح - دیوانی شاعیری گەورەی خاکی موکریان، گەشتێک بۆ ئەرزەرۆم، لە ڕێگای ئەدەب و لە پێناوی نالی دا، لە بابەت مێژووی ئەدەبی کوردیەوە، مارف خەزنەدار دنیایەک لە وشەو مەملەکەتێک لە کتێب، مێژووی ئەدەبی کوردی لە حەوت بەرگدا)، مێژووی ئەدەبی کوردی لە سەدەکانی چواردەم - هەژدەم، مێژووی ئەدەبی کوردی لە سەرەتاوە - تا سەدەی چواردەم، مێژووی ئەدەبی نیوەی سەدەی نۆزدەم و سەرەتای سەدەی بیستەم (۱۸۵۱ - ۱۹۱٤)، مێژووی ئەدەبی کوردی نیوان هەردوو جەنگی جیهانی یەکەم و دووەمی سەدەی بیستەم (۱۹۱٤ - ۱۹٤۵)، کوردی تورکمانستان: مێژوو، ئەنتۆگرافیا، ئەدەب).



پەیکەری ناوبراو.

پرۆفیسۆر دوکتۆر مارف خەزنەدار خاوەنی زیاتر لە (۲۵۰۰۰) هەزار کتێبی بە نرخ و نایاب و دەگمەن بوو، لە کتێبخانەکەی خۆی هەمیشە هەموو کات و ساتێکیش دەرگای واڵا بووە بۆ قوتابیان و ڕۆشنبیران بۆ سوود وەرگرتن لێیان، ناوبراو خودی خۆی وەکو شەخسی دوکتۆر مارف و هەموو بەرهەمەکانی هەوێنێکی خەستن بۆ




بەرهەمی ناوبراو.

لێکۆڵینـەوە و دیراسـە لەسـەرکردنی لـە لایـەن قوتابیانـی کۆلیژەکانـی بەشـی کـوردی لـە هەمـوو زانکۆکانـی کوردسـتان.

ناوبـراو لـە بـەرواری ٢٠١٠/١٠/٢٥ بـە نەخۆشـی دڵ لـە شـاری هەولێـر کۆچـی دوایـی کـرد.

لەسـەر پێشـنیاری شـاعیر ئیسـماعیل بەرزنجـی ئـەو کاتـەی کـە بەڕێوەبەری مۆزەخانـەی پـەروەردەی هەولێـر بـوو لـە بـەرواری ٢٠١٨/١٠/٢٤ پەیکەرێـک بـۆ پرۆفیسـۆر مـارف خەزنـەدار لـە مۆزەخانـەی پـەروەردەی هەولێر دانـراوە، ئـەوەی منیـش زانیاریـم هەیـە لـە سـنووری قـەزای شـاری هەولێـر شـەقامێک بـە نـاوی دوکتـۆر مـارف خەزنـەدار کـراوە.

بـۆ دکتـۆر مـارف خەزنـەدار روحـت شـاد و ئـارام و ئاسـوودە و ئارامـگات هـەردەم چراخـان بێـت و رەحمەتـت لێبێـت بـۆ ئـەو هەمـوو گەنجینـە بـە نرخـەی کـە لـە دوای خـۆت بـۆ نەوەکانـی کـوردت بەجێهێشـت.

بۆ نووسینی ئەم باسە سوود لەم سەرچاوانە وەرگیراوە:

کوردیپیدیا، ئینسـیکلۆپیدیای ئازاد، وتارێکـی سـەباح شـێخانی لە کوردسـتان Tv ٢٠١٨/١٢/٢٩، گۆڤاری ڕامان (١٦١ – ١٦٢)، وشـە ٢٠١٨/١٠/٢٤، رۆژنامەی کوردسـتانی نـوێ وتاریکـی ئەحمـەد حوسـێن لـە ٢٠٢٠/١٠/١٣، زانیـاری و نووسـین و داڕشـتنی خـۆم.



## پرۆفیسۆر عیزەدین مستەفا ڕەسوڵ

ناوی تەواوی (عیزەدین کوڕی مەلا مستەفای سەفوەت کوڕی حاجی مەلا رەسوڵی دێلیژە) یە، لە ساڵی ١٩٣٤ لە گەڕەکی دەرگەزین لە شاری سلێمانی لە بنەماڵەیەکی ئایینی و خوێندەوار لە دایکبووە، حاجی مەلا رەسوڵی باپیری یەکێک بووە لە زانا ئایینیەکانی دەوری حکومەتی مەلیک مەحموود، کاربەدەستانی ئەوسا گوێیان لێگرتووە.

مەلا مستەفای باوکی، مەلا بووە لە سلێمانی هەر خەریکی خوێندنەوەو تەسەوف بووە، سەرەتا عیزەدین لە حوجرەی باوکی لە گوندی (دێلێژە) خوێندوویەتی، لە ساڵی ١٩٣٩ لە قوتابخانەی (غازی) وەکوو گوێگر وەرگیراوە، بۆ نیوەی ساڵ، چونکە زۆر وریاو زیرەک بووە کراوە بە قوتابی و بۆ سەری ساڵ بە یەکەم دەرچووە لە پۆلەکەی خۆی و قۆناغی ناوەندی تەواو کردووە، باوکی داوای لێکردووە بچێتە بەغدا (شریعة) بخوێنێ و ببێتە مەلا، لە شەریعە خوێندویەتی بەڵام لە بەر چالاکی سیاسی دەرکراوە و گەڕاوەتەوە سلێمانی، ساڵێک چۆتە پۆلی چواری بەشی زانستی (علمي) بۆ پۆلی پێنجەم چۆتە بەشی وێژەیی (ادبي) تەواوی کردووە.

لە ساڵی ١٩٥١ چۆتە بەغدا لە خانەی ماڵی مامۆستایان وەرگیراوە و ساڵی ١٩٥٢ بەشداری لە ڕاپەرینەکەی بەغدا کردووە و بریندار بووە و

لـە خانـەی مامۆسـتایان دەرکـراوە، دیسـان دەگەڕێتـەوە شـارەکەی خـۆی و لـە بەڕێوەبەرایەتـی (ملاریـا) بـە کرێـکار دادەمـەزرێ، لـە ڕێـگای باوکـی و چەندکەسـانێک دەکرێتـە مامۆسـتا لـە قـەڵادزێ، بـەڵام دیسـان بـە هـۆی سیاسـی دەرکـراوە، لـە ژێـر فیشـاری (متصـرف) ی سـلێمانی ئـەو کات کوردسـتان وعێـراق بەجێدێڵـی و دەچێتـە شـام لـەوێ دەسـت بـە خوێندنـی زمانـی عەرەبـی دەکات لـە کۆلیـژی ئاداب، تـا پۆلـی سـێ دەخوێنـێ و لـە گـەڵ هەڵگیرسـاندنی شـۆرشـی ١٤ ی گەلاوێـژی ١٩٥٨ دێتـەوە بەغدا لـە پۆلـی سـێەمی خانـەی مامۆسـتایان دەخوێنـێ و تـەواوی دەکات و دەبێتـە فەرمانبـەر لـە بەڕێوەبەرایەتـی خوێندنـی کـوردی کـە ئـەو سـاڵ تـازە دامەزرابـوو.

لـە سـەردەمی عەبدولکەریـم قاسـم قوتابیەکـی زۆر رەوانـەی سـۆڤیەت کـراوە بـۆ خوێنـدن عیزەدیـن یەکێـک بـووە لـەو قوتابیانـە، پـاش تـەواو کردنـی خوێنـدن لـە گـەڵ (کەمـال مەزهـەر و نەسـرین فەخـری) دەچێتـە (باکـۆ) و لـە ١٩٦٣/٦/٢٤ پلـەی دوکتـۆرای بـە دەسـتهێناوە و چۆتـە (صۆفیـا) پایتەختـی بولگاریـا بـۆ سـەرپەرشـتی کردنـی رادیـۆی نهێنـی دەنگـی عێـراق - لـە سـەر داخـوازی حیزبـی شـیوعی عێراقـی -.

سـاڵی ١٩٦٥ بۆتـە پێشـمەرگەی حیزبـی شـیوعی عێراقـی لـە بارەگای سـەرکردە



**لە ئەرشیفی خۆم لە لای چەپەوە:**

**خۆم، دوکتۆر عیزەدین، دلشاد ئەیوب، حەجی جەعفەر، رەفیق تۆفیق .**




**لە ڕاستەوە: دوکتۆر عیزەدین مستەفا - عیزەدین فەیزی.**

مەلا مستەفای بارزانی بووە و دواتر بە هەوڵێکی سەرکردەی کورد مەلا مستەفا بارزانی بۆتە مامۆستا لە بەشی کوردی کۆلیژی ئادابی زانکۆی بەغدا.

ساڵی ١٩٧٩ چۆتە مۆسکۆ بۆ درێژە دان بە خوێندن پلەی دوکتۆرا و پرۆفیسۆری وەرگرتووە.

دوکتۆر عیزەدین یەکێکبووە لە دامەزرێنەرانی یەکێتی نووسەرانی کورد یەکەم بەیاننامەی دامەزراندنی یەکێتی نووسەرانی کورد بە قەڵەمی دوکتۆر عیزەدین نووسراوە، دەستەی دامەزرێنەر ١١ کەس بووینە جەمال بابان بۆتە سەرۆکی دەستەی دامەزرێنەر، پاش ١١ ئاداری ساڵی ١٩٧٠ کە نووسەرانی شاخیش دەگەڕێنەوە بە هەڵبژاردن د.عیزەدین بە (٦٣) دەنگ دەبێتە سەرۆکی یەکێتی نووسەرانی کورد.

ساڵی ١٩٧٤ لە هەولێر کۆنگرەی یەکیەتی نووسەران دەبەسترێ و شەهید سالح یوسفی دەبێتە سەرۆک و دوکتۆر عیزەدین جێگری سەرۆک، لەو ماوەیەی کە جێگری سەرۆک بووە زۆر لە گیروگرفتی یەکێتی نووسەرانی چارەسەر کردووە.

د. عیزەدین هەندێ نووسین و وەرگێڕانی لە ڕۆژنامەی (دیوار) بڵاوکردۆتەوە، هێشتا هەر قوتابی بووە لە خانەی مامۆستایان لە بەغدا بۆتە ڕۆژنامەنووس لە ڕۆژنامەی (الاهالی)، لە ڕۆژنامەی ژین)یش چەند

بابەتـی بڵاوکردۆتـەوە، د. عیزەدیـن هەمـوو ژیانـی خـۆی لـە گـەڵ قەڵـەم و کاغـەز و نووسـین بردە سـەر تـا دوا نەفەسـی ژیانـی هـەر نووسـی،  زیاتر لـە (٨٦) بەرهەمـی ئەدەبی جۆراوجۆر بـە زمانـی کوردی و عەرەبی نووسـیووە و لـە چاپـی داون و بڵاویکردۆتـەوە، لەوانـە ( ئوسـتاد کارێکـی ئەدەبیە، ئەحمـەدی خانـیٚ – ١٦٥٠ – ١٧٠٧ – شـاعیر و بیرمەنـد – فەیلەسـوف و سـۆفی، ئەدەبی فۆلکلـۆری کـوردی، ئەدەبیاتـی نویٚ کـوردی، المسـألە الکردیە فی العـراق، بـۆ زمـان، رازی دووری، سـەرنجیٚ لـە زمانـی ئەدەبـی یەکگرتـووی کـوردی (- لیکۆڵینـەوە – شـیعری کـوردی – ژیـان و بەرهەمـی شـاعیران (فەقێـی تەیـران – عەلـی بەردەشـانی – بەختیـار زیـوەر)، شـێخ رەزای تاڵەبانـی، عشـرون قصـە کردیـە – بـە هـاوکاری لەگـەڵ حوسـێن عـارف، لێکۆڵینـەوەی ئەدەبـی فۆلکلـۆری کـوردی، ممـی آلان ملحمـە فولکلوریـە کردیـە، هـزر و هەلوێسـت لای عیزەدیـن مسـتەفا رەسـول، کـورد – کورتـە پەیوەنـدی کۆمەڵایەتـی – ئابـووری – رۆشـنبیری،  یادەوەریەکانـم بەشـی دووەم بیبلۆگرافیـای کتێبـی فۆلکلـۆری کـوردی – ١٨٦٠ – ٢٠٠٤، بەشـێک لـە یاداشـتەکانم بەرگـی یـەک، بەکـر سـدقی لـە مێـژوی کـورد و عێـراق ).


بیرەوەریەکانـم لەگـەڵ مامۆسـتام پرۆفیسـۆر عیزەدیـن مسـتەفا رەسـول لـە ساڵی ١٩٧٢ تـازە لـە ئێسـتگەی کـوردی رادیـۆی بەغـدا دامەزرابووم بـە بێژەر بەیانیەکـەی سـەعات ٥/ی زوو دەچوومـە (إفتتـاح) واتـە کردنـەوەی ئیزاعـە، رۆژێکیـان دوکتـۆر عیزەدیـن پێـی ووتـم : نەجـم وا پشـووی نیـوەی سـاڵ نزیکبـووە دەچێتـەوە هەولێـر.. منیـش ووتـم: نـا وەڵـڵا دوکتـۆر دەوامـم هەیـە لـە ئیزاعـە، ووتـی: زۆر باشـە مـن بـە نیـازم دیوانەکـەی ئەحمـەدی خانـی لـە چـاپ بـدەم و دەسـت نووسـەکەم بـە پەلـە نووسـیووە تـۆش دەسـتخەتت لـە نووسـینی کـوردی زۆر جوانـە. بەڵکـو بـۆم (مبیضـە) بکەیـت و (تقطیـع) یـش بکـەی، منیـش وتـم بـە سـەر چـاو دوکتـۆر، (کاتـی خـۆی چاپخانەکانـی بەغـدا کرێکارەکانـی چاپخانـە عـەرەب بـوون دەبوایـە دەستنووسـی کـوردی جـوان بنووسـریٚ و تەقتیـع بکریٚ بۆیـە لـە مـاوەی پشـووی نیـوەی سـاڵ بـۆم تـەواو کـردوو لـە چاپـی داو سـاڵی سـێیەم کتێبەکـەی ئەحمـەدی خانـی بـووە





مەنهەجمان لە دەرسی (لەهجات).

ساڵی ١٩٧٨ یەکێتی نووسەرانی عێراق (ملتقى الاولى للقصة العراقية)، دیداری یەکەمی چیرۆکی عێراقی لە هاوینەهەواری سەلاحەدین هەبوو، وەزارەتی ڕۆشنبیری و ڕاگەیاندنی عێراقی لە گەل ئەمینداریێتی گشتی رۆشنبیری و لاوان ڕێکەوتبوون کە لایەنی (فنی - هونەری) لە تێکست و لیژنەکان هتد...ئیشی ئەوان بێت و لایەنی لۆجستیش وەکوو شوێنی نووستن و خواردن و پێداویستیەکانی تر لە لێپرسراوێتی رۆشبیری و ئێمە دا بوو، من ئەو کاتەی سەرۆکی بەشی رۆشنبیری بووم، بۆیە من و چەند فەرمانبەرێکی تر چوار رۆژ لە گەڵیان لە مەسیف ماینەوە کارە لۆجستیەکانمان بۆ مەیسەر کردن، لە ئەدیب و نووسەرانی کورد زۆر ئامادە ببوون لەوانە (دوکتۆر عیزەدین، محەمەدی مەلا کەریم، مستەفا سالح کەریم، مومتاز حەیدەری، دوکتۆر کاوس قەفتان، حوسێن عارف... هتد.. )، دوکتۆر عیزەدین هەر وەکوو جاران وەکوو قوتابی و مامۆستا هەر دەیووت نەجم ئەوها بکەو ئەوهامان بۆ بێنە، ئیتر منیش بە کەیفی ئەوم دەکرد، لە دوا رۆژی دیدارەکە کێشە کەوتە نێوان نووسەرانی کورد و نووسەرانی عێراقی لە سەر بەیاننامەی کۆتایی دوکتۆر عیزەدین مستەفا رەسوڵ لە گەڵ محەمەدی مەلا کەریم و حوسێن عارف دەورێکی زۆر گرنگیان گێڕا بۆ چەسپاندنی ئەو بەندەی کە دەیان ویست لە بەیاننامەکەدا هەبێت.







دوكتۆر عیزەدین نزیكەی ٧٠ ساڵ خزمەتی زمان و ئەدەبی كوردی كرد و لەسەدان كۆڕ و كۆبوونەوە و سیمینار ئامادەباشی هەبوو، لە ووتوویژ كردن لە سەر نامەی ماستەر و دوكتۆرا بۆ قوتانبانی كورد لە هەموو زانكۆكانی كوردستان و سەدان وتار و بڵاوكراوەی بە زمانی عەرەبی و كوردی لە بەشی زۆری رۆژنامە كوردی و عەرەبیەكان بڵاوكردۆتەوە، بە ڕاستی ئەستێرەیەكی درەوشاوەی میللەتی كورد بوو لە بواری زمان و ئەدەب و لێكۆلینەوە و توێژینەوەو ساغكردنەوەوی تێكستە ئەدەبیەكان، لەرۆژی ٢٠١٩/١٠/٣ كۆچی دواییكرد، سەنتەرێكی رۆشنبیری بە ناوی سەنتەری رۆشنبیری پرۆفیسۆر دوكتۆر عیزەدین مستەفا رەسول لە سەر ئەركی فاروقی مەلا مستەفای برای لە سلێمانی دروست كراوە و لە بەر دەم ناوەندەكە چوار پەیكەر دروست كراوە بۆ هەر یەك لە محەمەدی مەلا كەریم و گۆرانی شاعیر و شێركۆ بێكەس و پرۆفیسۆر دوكتۆر عیزەدین مستەفا رەسوڵ، قوتابخانەیەكی ئامادەیی تێكەڵاویش بە ناوی پرۆفیسۆر عیزەدین كراوەتەوە. یادی بە خێر و ڕەوانی شاد بێت و گلكۆو ئارامگای پڕ گوڵ و گوڵزار بێت.

بۆ نووسینی ئەم ژیاننامەیە سوود لەم سەرچاوانە وەرگیراوە :كوردیپیدیا، ئینسیكلۆپیدیای ئازاد، سەنتەری میترۆ وتارێكی رەهبەر سەید برایم، یادەوەریەكانم دوكتۆر عیزەدین، گەنجینەی بە نرخ وەرگێڕانی سیروان محەمەد.




# عەلائەدین سەجادی

مامۆستای ئایینی و رۆژنامەوان و پسپۆری ئەدەب و مێژووی ئەدەبی کوردی گەورە و پایە بەرز ڕەوانشاد عەلائەدین سەجادی بە سەر دەکەینەوە، ناوی تەواوی (عەلائەدین نەجمەدین حیسامەدینە، لە هەندێ شوێن بە عیسامەدین هاتووە)، بە پێی سەرچاوەکان کە هەندێکیان دەڵێن لە گوندی (باراوی) سەر بە بەرزنجە هاتۆتە دونیاوە، هەندێکی تریش دەڵێن لە گوندێکی سەر بە ناوچەی شارباژێر لە دایکبووە، هەندێکیش لە دایکبوونی دەگێڕنەوە سەر ئەوەی کە لە گەڕەکی (قەتارچییانی) شاری (سنەیە)، لە ساڵی ١٩٠٧ لە دایکبووە، دەوری سێ ساڵێک لە ڕەواندوز و باڵەکایەتی زانستی ئایینی خوێندووە و بۆ تەواوکردنی خوێندن لە ساڵی ١٩٢٧ چۆتە سلێمانی، لە مزگەوتی شێخ جەلال و مزگەوتی حاجی مەلا ڕەسولی دیلێژە بە فەقێ دامەزراوە، لە ساڵی ١٩٣٨ ئیجازەی مەلایەتی لە شێخ بابە عەلی وەرگرتووە، پاشان چۆتە بەغدا لە مزگەوتی (نعیمە خاتون) لە گەڕەکی (میدان) بە پێشنوێژ دامەزراوە هەموو کارەکانی لە ژیان و نووستن و نووسین هەر لەم مزگەوتە بووە، هاوڕێیەتی لە گەڵ شێخ ئەمجەدی زەهاوی و شێخ محەمەدی قزڵچی پەیداکردووە و بە زانستەئایینیەکانی خۆی داچۆتەوە.

لە ساڵی ١٩٤١ لە گەڵ مامۆستا ئیبراهیم ئەحمەد گۆڤاری گەلاوێژیان

دەرکـردووە، پـاش خۆشـاردنەوەی مامۆسـتا ئیبراهیـم ئەحمـەد لەبـەر کاری سیاسـی لەدەسـتی رژێمـی ئەوسـا (إختفـاء) خـۆی بـە تەنیـا سەرنووسـەر و بەڕێوەبـەر و پیتـاک خڕکـەرەوەی گۆڤـاری گەلاوێـژ بـووە و لـە یانـەی (سـەرکەوتن) یش دەورێکـی بـالای هەبـووە، لـە مانگـی ئاداری سـاڵی ١٩٤٨ گۆڤاری (نزار)ی دەرکردووە کە هەر خۆی سەرنووسـەر و خاوەنی ئیمتیازی بـووە و بـە یەکەمیـن گۆڤـاری سیاسـی کـوردی لـە قەڵـەم دەدرێـت تاوەکوو شـوباتی ١٩٤٩ (٢٢) ژمـارەی لێدەرچـووە، لـەو ماوەیـەی کـە لـە مزگەوتـی (نعیمـە خاتـون) پێشـنوێژیکردووە هـەر خەریکـی نووسـینەکانی خـۆی بـووە و جـارو بـار گـەورە پیـاو ناودارانـی کـورد لـە بەغـدا سـەریان لێداوە لەوانـە (ئەمیـن زەکـی بـەگ و تەوفیـق وەهبـی و مـام هـەژار و بەدیـع بابـا جـان و مەسـعود محەمـەد و دەیانـی تـر) نوێژیـان لـە گەڵدا کـردووەو گوێیـان داوەتـە دەنگـە نـەرم و خۆشـەکەی.

مامۆسـتا عەلائەدیـن سـەجادی دەنگیشـی خـۆش بـووە و گۆرانـی و مەقامـی (ڕەشـۆڵ و عەلـی مـەردان و سـەید عەلـی ئەسـغەری کوردسـتانی) لـە ژوورەکـەی خـۆی ووتـووە، جارێکیـان هـەر لەبـەر خـۆی مەقامێ دەڵێت مـام هـەژار بەسـەری دادەچێـت و مامۆسـتا عەلائەدیـن شـەرم دەیگـرێ و ڕوو لـە مـام هـەژار دەکات و دەڵێـت (ئـەوە سـترانێک بـوو بـۆ دڵـی غەریبـی خـۆم دەمـوت، مـن و تـۆ دەبێـت جـار جـار سـۆزێک بـۆ غەریبـی بڵێیـن، لـە کوێـوە کەوتینـە کـوێ !!؟)، پـاش شۆڕشـی ١٤ گەلاوێـژی سـاڵی ١٩٥٨، لـە ساڵی ١٩٥٩ دەبێتـە مامۆسـتای ئـەدەب و مێژووی کوردی لە کۆلێژی ئادابی زانکۆی بەغدا و لـە سـاڵی ١٩٧٠ دەبێتـە ئەندامـی کـۆڕی زانیـاری کـوردی، لـە سـاڵی ١٩٧٤ کـە سـەرکردایەتی کـوردی لـە گـەڵ رژێمـی ئەوسـا نەگەیشـتنە ڕێکەوتـن مامۆسـتا عەلائەدین بـوو بـە ئەمینداری گشـتی ئەوقـاف لە هەولێر و سێ ساڵ لـەم کارەی مـاوە و خانەنشـین کـراوەو هاتۆتـەوە بەغـدا، خەریکـی نووسـینەکانی خـۆی بـووە تـا لـە سـەرەتای هەشـتاکان لـە شـەڕی (عێراقـی و ئێرانـی) کـوڕە گەورەکـەی دەکـوژرێ بەمـە پشـتی دەشـکێ و لـە پـەل و پـۆ دەکەوێـت و توانـای نووسـینی نامێنـێ، لـە ١٩٨٤/١١/١٣ لـە بەغـدا کۆچـی دوایـی دەکات و لـە گۆڕسـتانی شـێخ عەبدولقادری گەیلانـی لـە نزیـک گـۆڕی شـێخ عەبدولرەحمانـی ئەبولوافـی نەقشـبەندی و شـێخ رەزای تاڵەبانـی بـە خـاک









دەسپێردرێت.

مامۆستا عەلائەدین سەجادی لە ماوەی پەنجا ساڵ خزمەتی زمان و ئەدەبی کوردی کۆمەڵێک شاکاری نووسیووە و لە چاپی داون لە وانە: (مێژووی ئەدەبی کوردی چاپی یەکەم ١٩٥٢ و چاپی دووەم ١٩٧١، ڕشتەی مرواری بەرگی یەکەم ١٩٥٧ بەرگی دووەم ١٩٥٧ و بەرگی سێیەم ١٩٥٨ و بەرگی چوارەم ١٩٦٨ و بەرگی پێنجەم ١٩٧٢ و بەرگی شەشەم ١٩٧٩ و بەرگی حەوتەم ١٩٨٠ و بەرگی هەشتەم ١٩٨٣. هەر هەشت بەرگ هەر یەکەیان سێ جار لە چاپ دراوەتەوە، ناوی کوردی ١٩٥٣، گەشتێک لە کوردستاندا ١٩٥٦، شۆڕشەکانی کورد ١٩٥٩ چاپی دووەم ٢٠٠٥، هەمیشەو بەهار ١٩٦٠، دەستورو فەرهەنگی زمانی کوردی ١٩٦١، ئەدەبی کوردی و لێکۆلینەوەی ئەدەبی ١٩٦٨، دوو چامەکەی نالی و سالم، کوردەواری ١٩٧٤، نرخ و شناسی ١٩٧٠، دەقەکانی ئەدەبی کوردی ١٩٧٨، خۆشخوانی ١٩٧٨، دوو نامیلکە یەکێکیان بۆ یادی شاعیری نەمر پیرەمێرد ساڵی ١٩٥١، دووەمیان بۆ یادی مێژوونووس محمەمەد ئەمین زەکی بەگ لە ساڵی ١٩٤٨ .

لە پێشەکی کتێبی مێژووی ئەدەبی کوردی مامۆستا عەلائەدین سەجادی دەڵێت: (میللەت ما دام میللەت بوو، بێ گومان دەبێ زمان و ئەدەبیات و (مێژوو) ی هەبێت، ئەگەر نەبێ بە هیچ ناژمێردرێت و هیچی نییە، لێرەدا سەرم لێتێکچوو، تەماشای خۆم کرد هیچی ترم نیم تەنها کورد نەبێ، تەماشای بارەکەی تری ئەکەم و سەیر ئەکەم تەنیا کورد نەبێ هەموو












شتێکی ترم !! کسپەیەک لە دڵمەوە هات بەوە دڵی خۆم دایەوە، کە لە نەتەوەی قەومێکم لە بەرە بەیانی مێژووەوە بەم زمانەی کە من قسەی پێ ئەکەم و پێی ئەنووسم هیچ کۆسپێک لای نەداون لە ڕێگەی خۆیان).

جا کتێبی مێژووی ئەدەبی کوردی مامۆستا عەلائەدین سەجادی تام و چێژێکی جیاوازی هەیە لەو کتێبانەی تر کە لە سەر مێژووی ئەدەبی کوردی نووسراون، چونکە تەنها گێڕانەوەی بە سەرهاتی شاعیران و مێژووی ئەدەبی کوردیە، بەڵام ئەوەی مامۆستای ناوبراو ساغکردنەوەیەکی گرنگی تێدایە لە سەر بنج و بنەوانی کورد، میللەت و نەتەوەکانی زاگرۆس و ماددەکان و شیکردنەوەیان، باسی کورد لە پارچەکانی تری کورستان و هیندستان و ئەفغانستان دەکات، لە وشەی کورد و شوێن و ڕەچەڵەک و ژیانی کۆمەلایەتی کوردەواری دەکۆڵێتەوە.

هەروەها بەرهەمی شاعیرانی کورد و جیهانبینی دونیای شیعریان دەخاتە ڕوو لە وانە (بابە تاهیری هەمەدانی، مەلای جزیری، بێسارانی، ئەحمەدی خانیٚ، مەولەوی، مستەفا بەگی کوردی، حاجی قادری کۆیی)، سەجادی زۆر بایەخی بە زمان و نووسینەوە داوە بۆیە لە شوێنێکی تر دەڵێت (بوژاندنەوەی زمانی کوردی لە سەر کاغەز، کارێکی گەورە دەکاتە سەر مانەوە و بوونی نەتەوەی کورد)، جگە لەوەی کۆنترین کتێبی مێژووی ئەدەبە لە کوردستانی باشوور، ئەو کتێبەی لە سەر مێژووی ئەدەبی کوردی نووسراون هیچیان خۆی لە قەرەی کتێبەکەی مامۆستا عەلائەدین سەجادی نادەن، هەر بۆیەش شاعیری کوردی نەمر شێرکۆ بێکەس لە کورتە شیعرێکیدا لە سەر مامۆستا عەلائەدین سەجادی دەڵێت:

**عەلائەدین سەجادی**
**لە قوتیلکەی مزگەوتەوە**
**سەری جوقاو هاتە دەرێ**
**کە گەورە بوو، بوو بە (شاهۆ) و**
**بوو بە چرای مانگە شەوێ**
**یەکەم کەسێ بە تریفە**
**مێژووی دەریاچەی نووسییەوە**
**بەڵام دوواییێ، لە بەستێندا بوو بە تەمێ !؟**

سەبارەت بە ڕشتەی مرواری کە لە هەشت بەرگدا نووسیوویەتی و هەر بەرگێکیش سێ جار لە چاپ دراوەتەوە، لە پێشەکیەکەی دیسان ناوبراو دەڵێت ناتوانیت میللەت ناونێین میللەت تا زمانی نەبێت، بۆیە بە ئینگلیز دەوترێت ئینگلیز یان بە عەرەب دەوترێت عەرەب، یان بە ئەڵمان دەوترێت ئەڵمان، چونکە زمانیان هەیە میللەتێ بێ زمان بوونی نییە، ئەگەر وا بڕوات تا کۆتایی ئەم سەدەیە، میللەتی کورد بوونی نامێنێت !! چونکە منداڵەکانمان لە قوتابخانە لە بڕی ئەوەی فێری زمانی کوردی بن فێری وشەو زمانی نا کوردی دەکرێن)، بۆیە ڕشتەی مرواری گەورەترین شاکاری کتێبخانەی کوردیە، بۆ خوێندنەوەی کۆنەست و یادەوەری کورد و تێڕوانینی بۆ ژیانی دەوروبەری، گەنجینەیەکی کوردەواریە لە بواری قسەی نەستەق و بیروباوڕدا، کتێبەکە لە قسەی خۆش و بە سەرهاتی گرنگ پێکهاتووە کە لە ئاسۆی ئەندێشەی کوردیدا بایەخی زۆری پێدراوە.

لە چلەی ماتەمینیەکەیدا نووسەری کورد مستەفا نەریمان دەڵێت (لەو چل ساڵەی کە مامۆستا سەجادیم ناسیووە و تێکڵاویم لە گەڵ پەیدا کردووە خوڕەوشتی و هەڵسوکەوتی ڕۆژانەی وەک نوکی قەڵەمەکەی خاوێن و بێگەرد بوو، لە پاشملە ناوی کەسی بە خراپە نەهێناوە و دڵی کەسیشی نەڕەنجاندووە).

لە چلەی ماتەمینی مامۆستا عەلائەدین سەجادی تەماشا بکەن بزانە نووسەر و ڕۆژنامەوان و ڕووناکبیری کورد کاک مومتاز حەیدەری چی دەڵێت (مردوو لنگی درێژ دەبێتەوە)، ئەوەتا بەر لە ساڵ و نیوێک

وتارێكم لە خولی دووەمی ژمارە-١٢-ی گۆڤاری نووسەری كورد لە ژێر ناونیشانی-مامۆستا سەجادی خەرمان بەرەكەت-دا نووسی، داوای ئەوەم كرد تا مامۆستا سەجادی لە ژیانە میهرەجانێكی ئەدەبی گەورەی ڕێزگرتنی بۆ ساز بكرێ، بەڵام بە داخەوە زۆریش بە داخەوە بە تاقە دێرێكیش پێشوازی لە پێشنیارەكەم نەكرا. ..!! ئێستاكەش وا ڕۆڕۆی بۆ دەكەین، فرمێسكی بۆ دەڕێژین، ئەرێ تاكەی زیندوو كوژەی مردی پەرست بین ؟).

بۆ ئەم زانایە گەورەیەی كورد هیچ داوا ناكەم چونكە دەزانم بۆ شاعیر و ئەدیب و نووسەران خزمەتكەرانی زمان هیچ ناكرێت، بەڵام با هەموو لایەكمان باش بزانین بە زمانەكەمانەوە میللەتین و ماینەوە وەكوو مامۆستا عەلائەدین سەجادی لە زیاتر لە شوێنێك باس دەكات.

تێبینی: وێنەكان و هەندێك زانیاری لەم سەرچاوانەی خوارەوە وەرگیراوە:
كوردیپیدیا، ویكیپیدیا، ویكیپیدیا-ئینسایكلۆپیدیای ئازاد، وتارێكی نووسەر كاك كامەران سوبحان لە لڤین پرێس لە ٢٠١٦/٣/٥، فلیمێكی دۆكیۆمێنتكاری ڕوداو لە ٢٠١٩/٥/٩.



# محەمەد ئەمین پێنجوینی

شاعیرو نووسەر و رۆژنامەوانی کورد پەروەر محەمەد ئەمین پێنجوێنی لە شارە جوان و خنجیلانەکەی پێنجوین لە دایکبووە، خوێندنی سەرەتایی و ناوەندی لە پێنجوێن تەواو کردووە بۆ خویندنی دواناوەندی دەچێتە سلێمانی.

محەمەئەمین پێنجوێنی هەر زوو هێشتا قوتابی پۆلی شەشەمی سەرەتایی بووە، هەستی کوردایەتی و نیشتمان پەروەری لە ناخی دڵیەوە رووداوە و لە گەل گەنجانی هاوتەمەنی خۆی لە شاری پێنجوێن خەریکی رووادندنی روحی کوردایەتی و نیشتمان پەروەری بووە لە ناو گەنجان و هەموو خەڵکی شارەکە، پاش شۆڕشی ١٤ گەلاوێژ ساڵی ١٩٥٨ دەچێتە شاری سلێمانی بۆ خوێندن و لەوێش هەر چالاکی نیشتمان پەروەری دەنوێنێ.

پاش هەڵگیرساندنی شۆڕشی ئەیلولی ساڵی ١٩٦١ و دەست پێکردنی شەڕ و بۆردمانکردنی هەموو خاکی کوردستان لە لایەن رژێمی ئەوسای عێراق و بەردەوام بوونی شەڕ و گرتن و ئازار و ئەشکەنجە دانی خەڵکی کوردستان، کاک محەمەد ئەمین پێنجوێنی ئەو کات لە قوتابخانەی پیشەسازی دەبێت لە گەل هاوڕێکانی مانگرتنێکی سەرتاسەری لە قوتابخانە ناوەندی و دواناوەندی و خانەی مامۆستانی کوڕان و کچان لە ژێر دروشمی (ئاشتی

بۆ کوردستان) دەست پێدەکەن و خۆشی سەرکردایەتی و سەرپەرشتی ئەو مانگرتنەی کردووە زۆریش سەرسەخت و زیادە ڕۆیی کردووە و بووە، بۆیە لە وەزارەتی (معارف) ی ئەوسا بە فەرمانی ڕەسمی لە خوێندن دوور خراوەتەوە بۆ هەتا هەتایی (فەسل) کراوە.

ناوبراو ماوەیەک بێ ئیش و کار دەبێت و لە کۆتایی شەستەکان و سەرەتای حەفتاکان بڕیار دەدات ڕوو لە نووسین و ئەدەب بکات، پاشان دەچێتە بەغدا و چاوی بە نووسەر و ڕووناکبیر (حلمی عەلی شەریف) دەکەوێت و لە ڕۆژنامەی هەفتانە (هاوکاری) دادەمەزرێ بە پارچە، خۆ ئەو کات بەشی زۆری نووسەرەکان هەر بە پارچە نووسینیان بڵاودەکردەوە کەمیان فەرمانبەر بوون لە ڕۆژنامەی هاوکاری.

محەمەدئەمین پێنجوێنی لە ڕۆژنامەی هاوکاری گۆشەکی هەبوو بە ناوی (ڕەش و سپی) نووسین و وتارو ناوە ناوەش پارچە شیعرێکی خۆی بڵاودەکردەوە، ئەو کات من قوتابی بووم لە بەشی کوردی کۆلیژی ئادابی زانکۆی بەغدا بەشی زۆری نووسینەکان و شیعرەکانی محەمەدئەمین پێنجوێنی بۆنی شۆڕشگێڕی و (مقاومە) بەرانگاربوونەوەی لێدەهات و زۆر لە وتارەکانی دەربارەی ڕاپەڕین و شۆڕشی گەلانی ئەمەریکای لاتینی



**لەلای ڕاستەوە: نەناسراوە، پێنجوینی، د. عیزەدین مستەفا، مەحمود زامدار، نەناسراوە.**



وەکوو (فەنزویلا و فیتنام باسی کاسترو جیڤارە هتد...).

لە کۆتایی ساڵەکانی حەفتاکان محەمەد ئەمین پێنجوێنی بەڕێوەبەری ڕۆشبیری جەماوەری سلێمانی بووە لە کاتی ئەو جولانەوە و چالاکی ڕۆشبیری لە سلیمانی بە شێوەیەکی بەرچاو بوژایەوە و هەر لەو ساڵانە بوو من لە ڕۆشبیری و لاوان لە دیوانی گشتی لێپرساوی (التألیف والتعضید والنشر) بووم کتێبێکم بۆ محەمەدئەمین پێنجوێنی چاپکرد بە ناوی (ڕەش و سپی) کە بریتی بوو لە (١٠) کورتە چیرۆکی بە تام و چێژو پڕ ماناو مەبەست.

یەکێک لە هەرە هەڵوێستە گرنگەکانی ئەم شاعیر و نووسەرە کورد پەروەرە ئەوەی خوارەوەیە بۆتان باس دەکەم: (ساڵی ١٩٨٥-١٩٨٦، میهرەجانی (المربد)ی شیعری عەرەبی هەبوو لە بەغدا شاعیرە ناودارەکانی هەموو وڵاتانی عەرەبی و هەندێ شاعیری جیهانیش بانگهێشتی ئەم میهرەجانە کرابوون لەگەڵ بەشێکیش لە شاعیرو نووسەرانی کوردیش، بە ڕێکەوت میهرەجانەکە ڕۆژی ٢٠ ئایار بوو واتە بۆ شەو دەبێتە ٢١ی ئادار کە جەژنی نەورۆزی کوردە، هەموو میوانەکانی میهرەجانی (المربد) داوەت کرابوون بۆ ڤیستیڤاڵی حەڤدەهەمینی شیعری عەرەبی لە بەسرە،

لـه سـەعات شەشـی هەمـان ئێـوارە بـۆ هەمـوو میوانـەکان شـەمەندەفەرێکی تایبەتـی تەرخـان کرابـوو تـا بچـن بـۆ ئـەو شـارە، محەمـەد ئەمیـن پێنجوێنـی بیرۆکـەی (ئاگری نـەورۆز) کردنـەوەی بـە بیردا دێت و بڕیار دەدات لـە نـاو شـەمەندەفەرەکە لـە هـەر فارگۆنێک مێزێک دابنێن و مۆمێکی لـە سـەر دانێن و هەڵبیگیرسـێنن و لـە هـەر فارگۆنێکیـش یـەک لـە شـاعیر یـان نووسـەرانی کوردی تیـا بێت بـۆ ئـەوەی ئەگـەر میوانـەکان پرسـیان مەسـەلە چیـە بۆیـان ڕوون بکەنـەوە کـە نـەورۆزە و جەژنـی گەلـی کـوردە، خۆشـی بـە دەسـتێ جلـی کـوردی جـوان، بیرۆکەکەیـان جێبەجێدەکـەن و بەشـی زۆری شـاعیران و نووسـەرانی ئامادەبـووان پرسـیاری ئـەم ئاگـر کردنەوەیـان لێدەکـەن و ئەوانیـش بۆیـان روون دەکەنـەوە، لەوانـەی لـە نـاو شـەمەندەفەرەکە ئامـادە بووینـە شـاعیران (نـزار قەبانـی، مەحمـود دەروێـش، عەبدولوەهـاب بەیاتـی، عەبدولرەزاق عەبدولواحید و زۆرانی تر لـە (عمالقە) ی شـیعری عەرەبی، لـە نـاو جەرگـەی رژێمـی درەندەی ئەوسـا و لـە نـاو شـەمەندەفەری خۆیـان ئاگری نـەورۆز بکەیتـەوە خـۆ ئـەو کات شـۆڕشـی کـورد لـە گەرمـەی بـوو شـەڕیش لـە گـەڵ کـورد بـەردەوام بـوو،، نازانـم ئێـوە ئـەم هەڵوێسـتەی پێنجوێنـی بـە چ قارەمانێتیـەک هەڵدەسـەنگێنن).

پـاش سـاڵانی نیـوەی دووەمـی هەشـتاکانی سـەدەی رابـووردوو کاک محەمـەد ئەمیـن پێنجوێنـی وەکـوو ئەندامێکـی چـالاک لـە سـتافی بەڕێوەبردنـی گۆڤـاری (کاروان) دەسـت بـەکار دەبێـت و دیسـان گۆشـەیەکی تایبەتـی هەبـووە وتـارو نووسـین و شـیعرەکانی خۆشـی تیـدا بـڵاو کردۆتـەوە.


لەلای ڕاستەوە: پێنجوینی، شاعیر ئاوات حەسەن

محەمـەد ئەمیـن پێنجوینـی چەنـد پارچـە شـیعرێکی وەکـوو سـروود بـۆ قوتابیانـی زانکـۆی سـلێمانی و سـەلاحەدین نووسـیووە کـە لـە سـالانی هەشـتاکان قوتابیـان کۆپیـان دەکـردوو لـە کوچـەو کۆڵانـی شـارەکانی کوردسـتان شـەوان




لەلای ڕاستەوە: شڤان پەروەر، پێنجوینی،

هەڵیان دەواسی ئەویش بۆ بەرز کردنەوەی وورەی پێشمەگەی کوردستان بوو و زۆر لە قوتابیان بەم هۆیەوە دەگیران و ئەشکەنجە دەدران و دەخرانە کونجی بەندیخانەکانی ئەوسای رژێم.

محەمەد ئەمین پێنجوێنی پاش ڕاپەرین دەچێتە وڵاتی ئەلمانیا لەوێ نیشتەجێدەبێت و هەر یەکسەر دەست بە چالاکی دەکات لە گەل ڕەوانشاد د.جەمال نەبەز لە ٢٢ نیسانی ساڵی ١٩٩٤ (ئەنیستیتۆی) کوردی لە بەرلین دادەمەزرێنن و لە بەشی زۆری شار و شارۆچکەکانی ئەلمانیا قوتابخانەی سەرەتایی بۆ منداڵان و گەورانی کورد دەکەنەوە بە تایبەتی بۆ ئەوانەی کە (الفبای) کوردیان نە دیبوو و نە خوێندبوو بە تایبەتی کوردانی رەوەند و مناڵەکانیان تا وای لێهات حکومەتی ئەڵمانیا دان بە بڕوانامەکان بنێت کە ئەوان دەیاندا خوێنەرەکان، ئەم چالاکیانە تا ئێستاش ماوە، بەڵام بە کشانەوەی د. جەمال نەبەز تۆزێ سست بووە.

پێنجوینی لە ژیانی رۆشنبیری و ئەدەبی خۆی وەکوو نووسەر و شاعیر و چیرۆک نووس ئەم بەرهەمانەی خوارەوەی لەچاپ و بڵاوکردۆتەوە: (چیا فەرشی جەربەزەیە، تەرزی راز و نیاز، کە گڵ ئەبێتە هیمۆگلبین، گێژەنە، بەشێکی زۆری لە شیعرەکانی لە کۆشیعری (هەور و رۆح و بەفر) کۆکردۆتەوە، لە ٢٠٢١/١٢/٦ لە ڕێوڕەسمێکی شایەستە محەمەد ئەمین پێنجوێنی لە سالۆنی کوردستانی نوێ بیرەوەریەکانی خۆی لە ژێر ناونیشانی



(چۆن بوم بە پرد) نمایش کردوو و ئێستاش لە بەشی زۆری شار و شارۆچکەکانی کوردستان لە پەرتووکخانەکان دەست دەکەوێت.

محەمەد ئەمین پینجوێنی شاعیر و رۆشنبیرێکی ئاسۆ فراوانەو باوەڕی بە سنووری داگیرکەران نیە و هەمیشە و هەرگیز پشت و پەنای هەژاران و چەوساوەکان و لێقەوماوان بووە هەتا ئەگەر کوردیش نە بووبن تەماشا بکەن چۆن لە قەسیدەیەکی شیعری ستایشی شاعیری گەورەی ئیسپانی (لۆرکا) دەکات و بە قارەمانی دادەنێت دژی رژێمی دیکتاتۆری (فرانکۆ) ی گۆڕبەگۆڕ، وا قەسیدەکەتان بۆ دەنووسمەوە: بە ناوی سروودی زیندووبونەوە

**پەنجا ساڵە رۆژ لە ئیسپانیا لێڵە**
**هەور و تەڵخە مانگ گیراوە**
**ئەستێرەکان ئاڵۆزن**
**پەلکە زیڕینەی خەیاڵ کۆش**
**ڕەنگەکانی بزڕکاوە**
**پەنجا ساڵە دڵدارەکان**
**چاویان پڕە لە کل و ژان**
**چونکە چرای فەرهادێکیان لێکوژراوە**
**پەنجا ساڵە**
**نووکی (قوڵنگ) مێشکی وەک بەردی**
**زۆرداران ئەروشێنێ...!**
**کانیەکانی بەرشلۆنە هەڵناقوڵێن**
**شیرینەکەی (لۆرکا) ی شاعیر**
**لە ناو خوێنا ئەتلێتەوە...!**
**پروشەی بەفر ئارنگ ئارنگ**
**لە سەر برژانگی ئەبارێ و**
**ئەتوێتەوە...**

گەڵای خەزانیش ڕووزەردە
بە شەرمەوە دێتە خوارێ
(٥٠) ساڵە بزە لە خونچەی زوێرە
لێوی تاسە بێ پەرداخە
ژوان هەموو گریە و ئاخە
(٥٠) ساڵە وشە بە دوای شیعردا وێڵە
چاوگی کانیەکان لێڵە...!
کورەی خەباتی ئیسپانیا نێڵە نێڵە
(٥٠) ساڵە دڵدارەکانی ئیسپانیا
ئەم سروودە ئەڵێنەوە
لۆرکا وتی:
من ئارەقەی ناوچەوانی
کارگەرانم
من نرخی ژیان ئەزانم...
نەوتی چرای زەحمەتکێشم،
بۆ ئەوان مۆم بۆ خۆم ئێشم...!
ئەمن لۆرکام،
پەیامبەری هەژارانی،
بارەگای خوام...!
هەتا سنگیان کرد بە بێژەنگ
بە گوللە و گڕ
مێشکیان پژاند بە فیشەکی
تیژی تفەنگ
ئەیوت: من بیرم پشکۆ
بۆ خەرمان و کەیانی
سەرمایەداری...!
ڕەنج و قوتدەر هەر وەک نەهەنگ...
ئەیوت:

**خاکی ئەم زەمینە....**
**یەک چیمەنە...!**
**چەترەکەشی یەک ئاسمانە**
**با مرۆڤ و گیانلەبەران...**
**بە سەربەستی و بێ جیاوازی،**
**تیا بکەن چینەو دەسبازی...!**

تێبینی: هەموو وێنەکان لە پەیجی مامۆستا محەمەد ئەمین پێنجوینی وەرگیراوە.
بۆ نووسینی ئەم ژیاننامە سوود لەم سەرچاوانە وەرگیراوە ؛
دیداری هەتوان بۆ میژوو لە HK kurdstan لە ٢٠٢٠/٣/١٠، زانیاری خۆم لە میانەی هاورێیەتیم لە گەل مامۆستا محەمەدئەمین پێنجوینی لە کۆتایی حەفتاکانی سەدەی رابووردوو تا وەکوو ئێستا.



## ئیحسان شیرزاد


یەک لە ناودارەکانی شاری هەولێر ئەویش بەرێز خوالێیخۆشبێت ئیحسان شێرزادە، ژیانی تەواوی لە (google) دەست دەکەوێت، لە گەڵ ئەوەش لە خوارەوە باسی وێستگە گرنگەکانی ژیانی بە کورتی دەکەم، ناوی تەواوی (ئیحسان محمد حمادی لطف اللە ئەفەندیە) لە ساڵی ١٩٢٥ لە گەڕەکی سەرای قەڵاتی هەولێر لە دایکبووە، هەموو قۆناغەکانی خوێندنی سەرەتایی و ناوەندی و دواناوەندی لە هەولێر بە پلەی یەکەم تەواوکردووە، لە ساڵی ١٩٤٦ کۆلێژی ئەندازیاری لە زانکۆی بەغدا تەواو کردووە و ساڵی ١٩٥٠ ماجستیریشی هەر لە وێ بەدەستهێناوە، دوکتۆرای لە ئیدارەی ئەندازیاری لە زانکۆی کالیفۆرنیا لە ئەمەریکا ساڵی ١٩٨٧ تەواوکردووە، پێنج جار بووە بە وەزیر لە وەزارەتەکانی کاروبارو نیشتەجێبوون و شارەوانی لە حکومەتە یەک لە دووای یەکەکانی عێراقی لە ساڵی ٢٠١٥ لە ئیستەمبۆل کۆچی دووایی کردووە، خوا لێیخۆشبێت و جێگای بەهەشتە إن شاء اللە.

ئەو پیاوە زیرەک و نەمرە هەر پسپۆری ئەندازیاری نەبووە بەلکو ماف پەروەرو نووسەرو ئەدیبیش بووە، ئەندامیش بووە لە سەندیکای (ئەندازیاران، ماف پەروەران، نووسەرانی کورد لە زۆر لە سەندیکای تری

عەرەبی و و ئەمەریکی)، وە لە ساڵەکانی ١٩٧٢ تا ١٩٧٦ سەرۆکی کۆڕی زانیاری کوردی بووە لە بەغدا، ئەوەی لێرە مەبەستمە ئەم پیاوە نەمرە هەموو (مقتنیات) واتە هەموو ئەو نیشان و دیاری و بەڵگە نامەی ڕێز لێنان لە گەڵ هەموو پەرتووکخانەکەی پێشکەشی ئەکادیمی کوردی لە هەولێر کردووە، لەویَ لە کونجی یەک لە هۆڵەکان پارێزراوە، هەموو قوتابیان و خەڵکی تر دەتوانن ئیستیفادەی لیَ بکەن، بە راستی ئەمە کاریکی زۆر شارستانی و(حضاری) پێشکەوتووانەیە، گوێبیست بوویمە کەوا سیاسی ناوداری کورد کاک محسن حمەدەمین دزەیی (خوا تەمەن درێژی بکات) ئەویش کتێبخانەکەی خۆی پێشکەشی کتێبخانەی گشتی هەولێر کردووە، بە راستی جێگای ڕێزو تەقدیرە، بۆیە ئەگەر ئەو هەڵسوکەوتە ببێتە عورفێک و خوێندەوا ر و رۆشنبیران و پسپۆران لە هەموو بوارەکان ئەم کارە بکەن هەمیشە سەربەرزی و سەرفرازی و سەروەری بۆ خۆیان و بۆ نەوەکانیان تۆمار دەکەن.

تێبینی؛ هەردوو وێنە هی دوکتۆر و مامۆستا ئیحسان شێرزادە لەگەڵ کتێبخانەکەی و بڕوانامە و شتە بە نرخەکانی تری.



# عزەددین فەیزی

سەرپەریشتیاری پەروەردەیی و وەرزشی ناودار و پایەبەرز خوالێیخۆشبێت عیزەدین فەیزی، ناوی تەواوی (عیزەدین فەیزی) لە ساڵی ١٩١٧ لە شاری هەولێر لە دایکبووە و لە ١٩٨٥/١٢/٢٢ کۆچی دوایی کردووە، داخی گرانم بۆ ئەم شۆڕە سوارەی بواری پەروەردە کە کەمی لە سەر نووسراوە، لە گەل ئەوەش بەڕێوەبەرایەتی گشتی پەروەردەی هەولێر هۆڵێکی لە مۆزەخانەکەیان بە ناوی هۆلی عیزەدین فەیزی هەیە زۆر لە (مقتنیات)ەکانی خۆی و هی کەسانی تری تێدایە، کە خزمەتی پەروەردەیان کردووە، لە گەل قوتابخانەیەکی بنەڕەتی تێکەڵاو کە بە ناوی ناوبراو کراوە دیارە پەیکەرەکی بۆ کراوە لە سەر رێگای کۆیە لە چوارڕیانی سێتاقان وێنەکەم بڵاوکردۆتەوە، بە راستی جێگای دەست خۆشی کردنە لە بەرێوەبەرایەتی گشتی پەروەردەی هەولێر.

خوالێیخۆشبێت عیزەدین فەیزی لە بەرواری ١٩٥٠/٤/٥ بە یەکەمین سەرۆکی کۆمەلەی مامۆستایانی لیوای هەولێر هەلبژێردراوە، و هەروەها یەکەمین کەس بووە کە قوتابیانی کچی بەشدار پێکردووە لە ئیستیعرازی ساڵانەی وەرزشی لە ساحەی مەلعەبی کۆنی هەولێر و وانەی تایبەتیش پێکەوە لە گەل قوتابیانی کوڕ بخوێنن، هاوکات بەشداری زۆر لەو کۆڕو کۆبوونەوە ئەدەبی و رۆشنبیریانەی کردووە کە لە هۆڵی سینەما



سەلاحەدینی کۆن دەبەستران، ناوبراو هەموو ژیانی خۆی تەرخان کربوو بۆ خزمەت کردنی پەروەردە و  وەرزش و لاوان لە شاری هەولێر و دەوروبەری، ئەمە جگە لەوەی پیاوێکی کۆمەڵایەتی و دیاری ناو شاری هەولێر بوو، هەر لە سالانی سییەکانەوە تاوەکوو کۆچکردنی دەتوانم بلێم دەیان قوتابی و مامۆستای قوتابخانەکان لە سەر دەستی ئەو کەڵە پیاوە سەرپەرشتی کراون لە بواری پەروەردە و وەرزش.

لە تەک ئەوەش مامۆستا عیزەدین فەیزی ئەدەب دۆست و نووسەریش بووە بەشداری









لە خزمەت کردنی ئەدەبی کوردی کردووە، بیرەوەریم لە گەل ئەم پیاوە پایە بەز و رەوشت بەرزە لە ساڵی ١٩٧٧ دەستی پێکرد ئەو کاتەی لە گەل خوالێیخۆشبێت دوکتۆر عەبدوڵلا حەداد پێکەوە لە بەرێوەبەرایەتی رۆشبیری و لاوان لە ئەمانەتی گشتی رۆشبیری ولاوان کارمان دەکرد، لێژنەیەکمان هەبوو بە ناوی (لجنە التعضید والنشر) بۆ بلاوکردەوەو لە چاپ دانی بەرهەمی شاعیرو ئەدیبان مامۆستا عیزەدین فەیزی لەگەڵ خوالێیخۆشبێت مامۆستا (جەودەت ئەحمەد ناجی) ئەندامی ئەو لێژنەیە بوون بۆ ماوەی دوو ساڵ مامۆستا عیزەدین هاریکاریەکی تەواوی کردین بۆ بڵاوکردنەوەی هەموو ئەو چاپەمەنیانەی ئەو کات لە رۆشبیری و لاوان لە چاپمان داوە.

لە دوای ساڵی ١٩٨٠ داوای لێبووردنی کرد، چونکە بە تەواوی گەورە ببوو بەتەمەن ئیتر وەستا، ئێمەش ئەگەر سەهوو نەبم مامۆستا کەریم شارەزامان لە شوێنی ئەو دانا، مامۆستا عیزەدین فەیزی هەر چەندی لە سەر بنووسرێ هێشتا هەر کەمە، هەزار هەزار رەحمەت لە گۆڕی و روحی شاد و جێگای بەهەشت بێت و تەمەن درێژیش بۆ نەوەکانی لە خودای گەورە داواکارم، داوای لێبووردن دەکەم لە کەمی زانیاری لە سەر ئەم پیاوە مەزنە کە بەشی زۆری خوێندەوار و رۆشنبیرانی شاری هەولێر قەرزاربارى ئەم پیاوە مەزنەن.

تێبینی: وێنەکان لە ئەرشیفی مۆزەخانەی پەوەردەی هەولێر و کوردیپیدیا و هەندێ زانیاری لە پەیجی هەولێری جاران وەرگیراوە. بیرەوەری و زانیاری خۆم.



## شاعیر شێرکۆ بێکەس

شاعیری شیعری مقاوەمەت و شاخ، شاعیری پێشمەرگە و کوردپەروەر ڕەوانشاد شێرکۆ بێکەس کوڕی شاعیری نیشتمان پەروەر (فایەق بێکەس) ە، لە ١٩٤٠/٥/٢ لە گەڕەکی گۆیژەی (گاوران) لە شاری سولەیمانی لە دایک بووە، خوێندنی سەرەتایی لە قوتابخانەی (فەیسەلیە) تەواو کردووە و دواتریش ئامادەیی پیشەسازی لە سلێمانی و بەغدا تەواو کردووە.

لە تەمەنی ١٧ ساڵیدا یەکەمین بەرهەمی ئەدەبی خۆی لە هەفتەنامەی (ژین) کە لە شاری سلێمانی دەردەچوو بڵاوکردۆتەوە، لە تەمەنی ٢٤ ساڵیدا واتە ساڵی ١٩٦٤ دەبێتە پێشمەرگەی شۆڕشی ئەیلول و لە ڕادیۆی شۆڕش دەست بە کار دەبێت و شیعرەکانیشی لە بڵاوکراوەی پێشمەرگە بڵاودەکاتەوە، لە ساڵی ١٩٦٨ یەکەمین دیوانی شیعری خۆی بە ناوی (تریفەی هەڵبەست) لە بەغدا لە چاپ داوە لەسەر ئەرکی (فەهمی قەفتان) چاپکراوە.

پاش بەیاننامەی ١١ ئاداری ساڵی ١٩٧٠ لەگەڵ کۆمەلیک لە نووسەر و شاعیرانی هاوڕێی یەکەمین بەیاننامەی ئەدەبی بە ناوی (ڕوانگە) بڵاودەکەنەوە، تێیدا داوای نوێخوازی و تازەکردنەوەی ئەدەبی کوردی هاوچەرخ دەکەن، بەڵام نەیارانیان زوو لێیان بە خۆ کەوتن و گەمارۆیان



**لە لای ڕاستەوە: جەلالی میرزا کەریم، جەمال شارباژێڕی، کاکە مەم بۆتانی، شێرکۆ بێکەس، حوسێن عارف**

دان و بزووتنەوەکەیان هەر زوو پوکاندەوە.

شێرکۆ لە ئاداری ساڵی ١٩٧٤ لەگەڵ چەندین لە شاعیر و نووسەر و ڕووناکبیری تری کورد دیسان بۆتەوە پێشمەرگەو لە دەزگای ڕاگەیاندن کاری کردووە، پاش هەرەس هێنانی شۆڕش دەگەڕێتەوە سلێمانی، بەڵام ڕژێم دەیگوازێتەوە بۆ شارۆچکەی (هیت) ی سەر بە ناحیەی بەغدادی پارێزگای ڕومادی، دوای چەند ساڵێک دەگەڕێتەوە سلێمانی لە دائیرەی ئاو و ئاوەڕۆی سلێمانی دەبێتە فەرمانبەر.



شێرکۆ بێکەسی شاعیر لە کۆتایی ساڵی ١٩٨٤ جارێکی دیکە دەبێتەوە پێشمەرگە لە شۆڕشی نوێی گەلەکەمان، لە ناو ڕیزی یەکیەتی نووسەرانی کوردستان لە دەزگای ڕاگەیاندن و رادیۆی شۆڕش

کار دەکات، لە کۆتایی ساڵی ١٩٨٦ لەڕێی ئێرانەوە دەچێتە سووریا و لەوێشەوە لەسەر داوای کۆمەڵەی مافی مرۆڤ دەچێتە ئیتالیا و بۆ یەکەمین جار لە (فلۆرەنسا) کۆڕێکی شیعری دەبەستێت.

لە ساڵی ١٩٨٧- ١٩٨٨ خەڵاتی (تۆخۆلسک) ی ئەدەبی لە لایەن یانەی قەلەمی سویدیەوە پێدەبەخشرێت، دواتر ڕوو دەکاتە سوید و پاش ماوەیەک وەکو پەنابەری سیاسی وەردەگیرێت، لە ساڵی ١٩٨٧ - ١٩٩١ لە سوید چەند کۆڕ و کۆبوونەوەی گێڕاوە.

ناوبراو لە ساڵی ١٩٩١ بەشداری لە کۆنگرەی ئۆپۆزسیۆنی عێراقی لە بەیروت کردووە و ساڵی ١٩٩٢ گەڕاوەتەوە کوردستان، بۆتە ئەندامی پەرلەمانی کوردستان لەسەر لیستی (ی.ن. ک) و بۆتە یەکەمین وەزیری ڕۆشنبیری حکومەتی هەرێمی کوردستان، لە مانگی ١١/ی ساڵی ١٩٩٣ دەستی لە کار کێشاوەتەوە و دەقی دەست لە کار کێشانەوەکەشی لە ڕۆژنامە و کەنالە کوردیەکان لە کاتی خۆی بڵاوکراوەتەوە، لە ساڵی ١٩٩٨ بە دواوە لە (ئەنتۆلۆژیای) خوێندنی پۆلەکانی ناوەندی لە ئەمەریکا و کەنەدا لاپەڕەیەکی بۆ





**شاعیر نەوزاد عەلی احمد لە تەک پەیکەری شێرکۆ بێکەس**



تەرخان کراوە وەکو شاعیرێکی کورد پێناسە کراوە.

لە ساڵی ١٩٩٨ بە یارمەتی هەندێ ئەدیب و ڕووناکبیر دەزگای (سەردەم)ی بۆ چاپ و پەخش دامەزراندووە، ئەندامی یەکیەتی نووسەرانی کورد و سویدی بووە، بەشێکی بەرچاو لە شیعرەکانی بێکەس لە سێ بەرگدا لەسەر ئەرکی ماڵی کولتووری سوید لە ستۆکهۆلم لە چاپ دراوە.

لە ساڵی ٢٠٠١ لە لایەن ناوەندی چاپ و ڕاگەیاندنی (خاک) خەڵاتی داهێنانی (پیرەمێرد) ی بۆ شیعر پێدەبەخشرێ، ناوبراو بە گشتی (٤٤) کۆمەڵە شیعر و دوو بەرهەمی وەرگێڕدراو و یەک چیرۆکی منداڵانی هەیە، هەندێک لە شیعرەکانی وەرگێڕدراوەتە سەر زمانەکانی (عەرەبی، ئینگلیزی، فەرەنسی، مەجەڕی، ئیتالی، ئەلمانی، سویدی، دانیمارکی)، هەندێ لە دیوانە شیعریەکانی لە ڕۆژهەڵاتی کوردستان لە چاپ دراوەتەوە، یەک دیوانی لە چاپ نەدراوی ماوە ئەویش بە ناوی (یادەوەری پایسکلێکی کەرکوکیی) یە، ئەوانەن بەرهەمەکانی شێرکۆ بێکەس (تریفەی هەڵبەست، کەژاوەی گریان، کاوەی ئاسنگەر شانۆنامەیەکی شیعریە، من تینوێتیم بە گڕ ئەشکێ، ئاسک، شانۆنامەی شیعری، کازیوە - پۆستەرە شیعر، دوو سرروودی کێوی، ڕووبار، چیرۆکی شیعری، کەشکۆلی پێشمەرگە - شیعری مقاوەمەت، داستانی هەڵۆی سوور - قەسیدەی درێژ، ئاوێنە بچکۆلەکان کورتە شیعر، تەمووتوومان شیعری درێژ، ئافات، میرگی زام، مێرگی هەتاو شیعر، دەربەندی پەپوولە - شیعری







**ئامادەیی شێرکۆ بێکەسی کچان لە سولەیمانی**

درێژ، بۆننامە - قەسیدەی درێژ، چراکانی سەر هەڵەمووت - پەخشان، نسێ، ژنێک و دوو پیاو، ژن و باران، ڕەنگدان، ئەزموون، لە چلەی چلچرایەکدا، پیاوێ لە دارسێو، خۆم: ئەو وەختەی باڵندەم، پاییزە میوان، کوکوختیە بزێوەکە، گۆڕستانی چراکان، ئێوە بە خۆشەویستیم ئەسپێرن، سروودە بەردینەکان، کۆرس، لە گوڵەوە هەتا سووتوو، حەفتا پەنجەرەی گەڕۆک، کتێبی ملوانکە، تۆ ئەتوانی بە قومێ ماچ بمخەیتەوە هەڵقوڵین، زێ و زنە، تەون، هەست و نەست، ئێستا کچێک نیشتمانمە، ئەسپێک لە پەڕەی گوڵاڵە، نووسین بە ئاوی خۆڵەمێش).



لە ساڵی ٢٠١٤ لە سوید ساڵیادی شاعیری نەمر شێرکۆ بێکەس کراوەتەوە.

ناوبراو خێزاندار بوو سێ کچ و کوڕێکی هەبوو، لە ڕۆژی ٢٠١٣/٨/٤







لە وڵاتی سوید کۆچی دوایی کردووەو لەسەر وەسیەتی خۆی تەرمەکەیان بردۆتەوە سلێمانی لە پارکی ئازادی بە ڕێوڕەسمێکی شایەستە بە خاکی نیشتمان سپێردراوە، وەسیەتنامەیەکی بە دەستی خۆی نووسیووە وا من نووسیومەتەوە و لەگەڵ پۆستەکە و هاوپێچم کردووە، لە سلێمانی قوتابخانەیەکی ئامادەیی کچان بە ناوی شاعیری نەمر شێرکۆ بێکەس کراوە، پەیکەرێکیشی بۆ دروست کراوە لە تەنیشت گلکۆکەی دانراوە.

بۆ شاعیری کوردپەروەر شێرکۆ بێکەس هەمیشە و هەرگیز نەمری لە دڵی هەموو شاعیر و ڕۆشنبیرانی کورد، ئارامگەت پڕ گوڵ و گوڵزار و چراخان بێت.

وا دوو پارچە شیعری کورتی شێرکۆ بێکەس - تان بۆ دەنووسمەوە:

یەکەم

لە لای ئەوان

لە پشت هەموو پیاوێکەوە ژنێک هەیە

دەس بە مۆم و دەس بە کتێب و ڕۆژنامە و

بە شمشاڵ و بە کەمانچە و

دەس بە شەوبۆی خۆشەویستی

لە لای ئێمەش

لە پشت هەموو ژنێکەوە پیاوێک هەیە

دەس بە مار و بلۆک و دڕکەزی و
بە بەردەکانی تەلاق و
دەست بە خوێنی مەرگدۆستی
دووەم
وێنەیەک
چوار منالّ. ..
تورک و فارس
عەرەب و کورد
بە هەر چواریان
وێنەی پیاوێکیان دروستکرد
یەکەم: سەری
دووەم: دەستی
سێیەم: لەشی و قاچەکانی
چوارەم: چەکی
کردە شانی !

سەرچاوەکان و وێنەکان:

بۆ ئەم نووسینە سوود لەم سەرچاوانە وەرگیراوە:

١- کوردیپیدیا ٢ - کوردیپیدیا - ئینسکلۆپیدیای ئازاد ٣ - مال پەڕی کوردپریس ٩ ئابی ٢٠١٣، ٤ - ڤەژینبۆکس. ٥ - وتارێکی د. لاوەند عەلی. ٦ - زانیاری و نووسین و دارشتنی خۆم.



# مەحەمەد مولود(مەم)

چیرۆکنووس و ڕۆماننووس و رۆژنامەوانی کورد پەروەر مەحەمەد مەولود ناسراو بە (مەم)، لە رۆژی ١٩٢٦/٢/٢٣ لە شارۆچکەی شەقڵاوە لە دایکبووە، خوێندنی سەرەتایی لە شەقڵاوە و ناوەندی و دواناوەندی لە هەولێر تەواوکردووە، لە سەرەتای شەستەکان بەڕێوەبەری شارەوانیەکانی هەولێر بووە و دواتر گوازراوەتەوە بۆ سەرۆکایەتی شارەوانی هەولێر و وەکو سەرۆکی ئۆفیسی گۆڤاری (هەولێر) کە یەکەمین گۆڤار بووە بە ناوی شاری هەولێر دەربچێت، لە سەرەتای ساڵانی چلەکان بە شیعر نووسین دەستی پیکردووە و بەردەوام بووە لە کاری ئەدەبی و رۆژنامەوانی لە پاشان ڕێچکەی چیرۆک نووسینی گرتۆتە بەر و لە سەرەتای پەنجاکان یەکەم چیرۆکی بە ناوی (پەنجا فلس) لە چاپ داوە و بڵاویکردۆتەوە، یەکەم چیرۆک نووسی کورد بووە کە گرێ (عقدة) ی هێناوەتە ناو چیرۆکی کوردی، لە زۆر لە رۆژنامە و گۆڤارە کوردیەکانی ئەو کات وەکوو (هیوا و بڵێسە و شەفەق و دەفتەری کوردەواری وتارو بابەتی هەمە جۆری بڵاوکردۆتەوە،

شاکارەکانی مەم ئەمانەن (چیرۆکەکانی مەم بەرگی یەکەم سالی ١٩٧٠ لە چاپ دراوە، چیرۆکەکانی مەم لە ساڵی ١٩٨٤ لە چاپ دراوە، گوڵەبەرۆژە کۆمەڵە چیرۆکێکی منداڵانە کە لەگەل خاتوو (ئافەرین) ی هاوسەری



مەحەممەد مەولود، شاعیری کورد پەروەر عەبدوڵڵا پەشێو

پێکەوە نووسیویانە، نۆڤلێتی پایزە خەون لە ساڵی ١٩٨٧ لە دار الحریە لە بەغدا لە چاپ دراوە، ڕۆمانی ڕێگا، کاروان و سەگوەڕ، نامەکانی مەم) و لە بەرهەمە لە چاپ نەدراوەکانی (شانۆگەری خاڵۆی ڕێبوار و شانۆگەری پلان) ە.

دکتۆر ئازاد حەمە شەریف کتێبێکی نووسیوە بە ناوی (مەحەمەد مەولودی شاکار نووس) کە هەندێ لە شاکارەکانی ناوبراوی کۆکردۆتەوە و لێکۆلینەوەی لە سەر کردووە.

ناوبراو ئەندامی دامەزرێنەری یەکێتی نووسەرانی کوردو ئەندامی دامەزرێنەرو تا کۆچی دواییکردنی ئەندامی فەخری یەکێتی هونەرمەندانی کوردستان بووە.

لە رۆژی ١٩٨٧/٥/٧ لە شاری بەغدا بە نەخۆشی کۆچی دوایی کردووە.

بیرەوەریم لە گەل ڕەوانشاد مەحەمەد مەولود (مەم) لە نێوان ساڵانی ١٩٧٨ تا ١٩٨٦ چەند جارێک لە سەرۆکایەتی شارەوانی هەولێر تێکستی ئەدەبی لە چیرۆک و شانۆگەریم بۆ بردووە بۆ ئەوەی وەکو خەبیر



لە ڕاستەوە: هێمنی شاعیر، مەحەممەد سالح دیلان، دوکتۆر ئیحسان فوئاد، مەحەممەد مەولود (مەم)، دوکتۆر مارف خەزنەدار



**هەژاری شاعیر، محەممەد مەولود (مەم)، هێمنی شاعیر**


بۆمان هەڵسەنگینێ، چونکە ئێمە لە رۆشنبیری ئەو کات هەر شاعیرێک یان نووسەرێک ئەگەر بیویستایە بەهەرمەکەی بۆ چاپ بکەین دەبوایە لە رێگای لیژنەی (تعضید والنشر) بێت وخەبیر بیبینێ و رای خۆی بە نووسین دەرببرێ، لەم بوارەوە ناوبراو هاریکاری زۆری کردووم.

بیرەوەری دیکەم لە گەل ناوبراو، لە مانگی ئابی ساڵی ١٩٧٨ یەکێتی نووسەرانی عێراق (ملتقى القصة الاولى- دیمانەی یان کۆڕبەندی یەکەمی چیرۆک) یان هەبوو لە هاوینەهەواری سالاحەدین (سەری رەش)، وەزیری ئیعلامی عێراقی ئەو کات (کریم شنتاف) بوو (موفق خضر) یش بەرێوەبەری
















کاروباری رۆشنبیری بوو لە وەزارەت، لە گەل دائیرەی ئێمە ئەمانەتی رۆشنبیری و لاوان تەنسیقیان کردبوو کە لایەنی هونەری (فنی) ئەوان و یەکێتی نووسەرانی عێراقی بیگرنە ئەستۆ و لایەنی لۆجستی ئێمە لە دیوانی ئەمانەتی گشتی رۆشنبیری لە هەولێر، بۆیە بەندە بەو پێیەی ئەو کات سەرۆکی بەشی رۆشنبیری بووم لە دیوانی ئەمانەتی گشتی بە کارەکانی دابێن کردنی شوێنی نووستن و خواردن و گواستنەوەیان لە ناو مەسیف بۆ ناو هۆتیلەکەی سەری ڕەش رۆژانە بەیانی و ئێوارە، خۆشم بەشداری دانیشتنەکانی کۆڕبەندەکەم دەکرد.

مامۆستا مەحەمەد مەولود (مەم) یەکێک بوو لەو نووسەرانەی کە بانگهێشت کرابوو بە خۆی و شاکارەکانی بەشداری ئەم مولتەقایەی کردوو و مداخەلاتی جوانیشی دەکرد.

تێبینی ؛ وێنەکان و هەندێ زانیاری لە کوردیپیدیا وەرگیراوە ئەوانی تر زانیاری خۆمە.



# حەمە کەریم هەورامی

نووسەر و وەرگێڕ و چیرۆک نووس و ڕۆمان نووس و مامۆستای پەروەردەیی مامۆستا (حەمە کەریم ڕەمەزان هەورامی)، لە ساڵی ١٩٣٥ لە دێی گوڵ لە ناوچەی هەورامان کە گوندی شێخەکانە لەدایکبووە، هەر لە منداڵیەوە خولیای زمان و ئەدەبی کوردی بووە و دەستی بە خوێندنەوە کردووە و کتێب لای ئەو شتێکی پیرۆز بووە، لە چاوپێکەوتنێکی تەلەفیزیۆنیدا دەڵێت : (لەو ڕۆژەی کە ئادەمیزاد فێری نووسین و خوێندن بووە قوتابخانەش دروست بووە، ئەوکات کتێبیش درووست بووە بۆ ئەوەی ئەو خوێندن و نووسینە بمێنێ و ببێتە فیکر و کەلتوری ئادەمیزاد لە نەوەیەکەوە بۆ نەوەیەکی تر بڕوات و بمێنێ، بۆیە وردە وردە کتێب دروستبوو ئەمەش گەورەترین هەنگاوی شارستانیەتە کە ئادەمیزاد بەرەو پێشەوەی بردووە.

هەر نەتەوەیەک کتێبی نەبێت مانای ئەوەیە فیکری نیە و هەر گەلێک بێ کتێب بێت ڕووت و ڕەزالەتە و سەری پێوە نیە، کتێب نیشانەی شارستانێتی و پێشکەوتنی عەقڵ و فیکری ئادەمیزادە، بەهۆی کتێبەوە ئەوەی ڕوویداوە بۆ ئێمە گوازراوەتەوە و ئێمەش بۆ نەوەکانی خۆمان دەیگێڕینەوە).

مامۆستا حەمە کەریم هەموو ژیانی خۆی تەرخانکردووە بۆ خزمەت و زمان و ئەدەبی کوردی، زیاتر لە ٢٠ بەرهەمی چاپکراوی هەیە لە هەموو بوارەکانی چیرۆک، دەقی شانۆگەری، ڕۆمان لێکۆڵینەوەی ڕەخنە لە بواری پەروەردە و پەروەردەی منداڵان.

ناوبراو مامۆستا بووە لە خانەی مامۆستایان، بۆیە هەر زوو هەستی بەوە کردوە کە دەبێ مامۆستا لە قوتابخانەکانی سەرەتایی و ناوەندی و دواناوەندی پەیڕەوی شێوازی دەرس ووتنەوە بکەن، بۆیە لە ساڵی ١٩٦٨ کتێبێکی داناوە باسی سایکۆلۆجیەتی خوێندنەوە و دەرس ووتنەوەی ئەلف و بێی کوردی دەکات، کە تا ئێستاش لە قوتابخانەکانی کوردستان پەیڕەو و کاری پێدەکرێت، هەروەها کتێبی ئەدەبی منداڵانی کورد لە دوای ڕاپەڕین کە لە دوو بەرگدا چاپکراوە، تێیدا بایەخ بە سایکۆلۆجیەتی و میکانیزمی پەروەردەی منداڵانی کورد دەدات، لەبەرهەمەکانی تری (ئۆدێست کەی دەگەڕێتەوە ؟) لە سلێمانی ٢٠٠٥ چاپ کراوە، ئەدەبی منداڵانی کورد ٢٠٠٧ چاپ کراوە، ئەدەبی منداڵانی کورد لێکۆڵینەوە و مێژوو و سەرهەڵدان ٢٠٠٥ چاپ کراوە، بەرمیلی قۆپاو ڕۆمان ٢٠٠٨ چاپ کراوە، پیر شالیار ٢٠٠٤ چاپ کراوە، چیرۆکی قەدەر ٢٠١١ چاپ کراوە، خاتو کلاوزەر، دایکی کوردان، شانۆگەری فالچی، چیرۆکی گوندەکەم –



**لە ڕاستەوە: حەمە کەریم هەورامی، دکتۆر عەبدوڵڵا حەداد، کاک ڕەئوف بێگەرد، کاک حەمە فەریق حەسەن، کاک جەوهەر کرمانج**




حەمە کەریم هەورامی و کاک ممتاز حەیدەری

شانۆگەریە، درامای کوردی لەناو درامای جیهانی، مێژووی پەروەردە و خوێندن لە حوجرەکانی کوردستان، بنچینەی ووتنەوەی زمانی کوردی، مەولەوی شاعیری ئازا و خەم، چیرۆکی من و گوندەکەم چوار بەرگە لە چاپ دراوە، ناوبراو سەدان نووسین و لێکۆڵینەوەی لە ڕۆژنامە و گۆڤارە کوردیەکان و دەیان چاوپێکەوتنی لەگەڵ بەشی زۆری کەناڵە تەلەفزیۆنە کوردیەکان هەیە.

هەورامی لە ساڵەکانی ١٩٧٠ بەدواوە ئەندامی دەستەی نووسینی گۆڤاری نووسەری کورد بووە کە یەکێتی نووسەرانی کورد لقی هەولێر دەریدەکرد لەگەڵ هاوڕێکانی خوالێخۆشبوان (عیزەدین فەیزی، کەریم شارەزا، محەمەد حسن مەنگوڕی، عەزیز گەردی).

بیرەوەریم لەگەڵ مامۆستا حەمە کەریم دەگەڕێتەوە بۆ ساڵەکانی ١٩٧٩ – ١٩٨٦ کە لەم ماوەیە من لە بەڕێوەبەرایەتی ڕۆشنبیری و لاوان لە دیوانی ئەمانەتی گشتی ڕۆشنبیران و لاوان بەشی (تعضید و نشر) بووم مامۆستا حەمە کەریم هاوکاریەکی




دیوانی مەولەوی

زۆری کردین بۆ خوێندنەوە و هەڵسەنگاندنی تێکستە ئەدەبییەکان لە شیعر و چیرۆک و شانۆگەری، کە ئەوکات پێشکەش دەکران بۆ لە چاپدان، مامۆستا حەمە کەریم هەورامی هەرچەند باسی بکەیت ناتوانی حەقی خۆی بدەیتێ ئەم نووسەرە نیشتیمان پەروەرە هەر بۆخۆی (موسوعە) یەکە، هەموو بەرهەمەکانی خەست و چڕ و پڕ و پڕ زانیاری بەسودن بۆ ئێمە و نەوەکانمان، داوا لە بەڕێوەبەرایەتی ڕۆشنبیری و لاوان لە وەزارەتی ڕۆشنبیر و ڕاگەیاندن دەکەم سەردانێکی ئەم شۆڕەسوارەی مەیدانی ئەدەب و زمانی کوردی بکەن و لە کتێبخانەکەی قاوەیەکی لەگەڵ بخۆنەوە و لە پێداویستیەکانی بپرسن و ئەگەر دەستنووس یان ڕەشنووسی ماوە بۆی چاپ بکەن، چونکە بەرهەمەکانی هەمووی گەنجینەی بەسوودن بۆ نەوەکانمان، تاکەی ئێمەی کورد هەر مردوو پەرست و زیندوو پەراوێز خەر بین)، خۆ ئەگەر ئەرکی خۆتان بە جێگەیاندووە و لێتان پرسیووە و سەردانتان کردووە ئەوە جێگای ڕێزی هەموو ڕۆشنبیر و ئەدەب دۆستانی کوردستانە.

لە کۆتایی هیوادارم مامۆستا حەمە کەریم هەورامی هەر ساغ و سەلامەت و تەمەن درێژ بێت و هەموو ئەوانەی ناویان لەم پۆستەدا هاتووە مردووەکان خوا لێیان خۆشبێت و جێگایان بەهەشت بێت و ئەوانەی لە ژیان ماون خوا تەمەن درێژ و ساغ و سەلامەتیان بکات.

تێبینی: وێنەکان و هەندێک زانیاری لە : کوردیپێدیا، ویکیۆێدیا، گوگڵ، یوتوب وەرگیراوە.
بیرەوەری و زانیاری خۆم.



# کاکە مەم بۆتانی

چیرۆک نووس و رۆمان نووس و نووسەری گەورەی کورد کاکە مەم بۆتانی، ناوی تەواوی (کاکە مەم فەخری سامی سەید سولەیمانە)، لە ساڵی ١٩٣٧ لە کۆیە لە دایکبووە، باپیری خەڵکی جزیری بۆتانی باکووری کوردستان بووە، لە ١٠ساڵیدا باوکی کۆچی دوایی کردووە، پاشان ماڵە خاڵوانی پەروەردکردنی لە ئەستۆ دەگرێت.

کاکەمەم خوێندنی سەرەتایی لە کۆیە و سولەیمانی تەواو کردووە، دواتر بۆ خوێندنی دوا ناوەندی دەچێتە کەرکوک، دواجاریش بڕوانامەی لە پەیمانگای باڵای دارستان لە بەغدا وەرگرتووە، هەر زوو دەچێتە ناو کاری سیاسی و دەبێتە ئەندام لە یەکێتی قوتابیانی کوردستان، دواتر دەبێتە ئەندامی پارتی دیموکراتی کوردستان، لە ساڵی ١٩٦٤ وازی لە حیزبایەتی هێناوە، لە ساڵی ١٩٥٧ یەکەم چیرۆکی لە گۆڤاری (هەتاو)ی گیوی موکریانی بلاوکردۆتەوە،




**کاکە مەم بۆتانی بڕوا نامەی ڕێزلێنانی لە لایەن قونسولی فەلەستینی لە هەولێر**



لە ١٠/ی شوباتی ساڵی ١٩٧٠ لە گەڵ چەند ئەدیب و نووسەرێکی دیکە یەکێتی نووسەرانی کوردیان دامەزراندووە، هەروەها لە نیسانی ساڵی ١٩٧٠ لەگەڵ هەریەکە لە هاوڕێیانی حوسێن عارف و شێرکۆ بێکەس و جەلالی میرزا کەریم و جەمال شاباژێڕی گروپی ڕوانگەی دامەزراندووە، ڕوانگە بزووتنەوەیەکی ئەدەبی نوێخواز بوو کە ئاستی شیعر و ئەدەبی کوردی بەرەو پێشەوە برد، بەڵام نەیارانی ئەم بزووتنەوەیە هەر زوو لێیان بە خۆ کەوتن و پوکاندیانەوە.

لە ساڵی ١٩٧٤ پاش ڕێکنەکەوتنی سەرکردایەتی کورد لە گەل رژێمی ئەو کاتی عیراق، کاکە مەم بۆتانی بۆتە پێشمەرگە لە شاخ، لە ساڵی ١٩٧٥ کە شۆڕش هەرەسی هێنا هاتۆتەوە و بڕیاری دا کە هیچ لە بەرهەمەکانی لە دام و دەزگاکانی رۆشنبیری ئەو کات بڵاونەکاتەوە، لە ساڵی ١٩٩٣ تا ساڵی ٢٠٠٠ ڕاوێژکاری رۆشنبیری بووە لە وەزارەتی رۆشنبیری حکومەتی هەرێمی کوردستان، دواتر بۆتە سەرۆکی یەکێتی نووسەرانی



**پۆلێك لە شاعیر و نووسەرانی کورد**









کورد (مەڵبەندی گشتی).

کاکەم بۆتانی کۆمەڵێک شاکاری ئەدەبی لە چاپ داوە لە چیرۆک و ڕۆمان و پەخشانی شیعری و ژیاننامەو بە سەر هاتی خۆی و هەتا لە بواری دارو دارستانیش، بەرهەمە بڵاو کراوەکانی ئەمانەن:



نووسەری کورد کاک ئازاد عەبدولواحید لە کاتی خوێندنەوەی وتاری یەکیەتی نووسەرانی کورد لقی هەولێر لە ساڵیادی کاکە مەم بۆتانی

چیرۆک و کورتە چیرۆکەکانی (سمکۆڵی ئەهریمەن سولەیمانی ساڵی ١٩٧٣، بوومەلەرزە لە گۆمی مەندا بەغدا ساڵی ١٩٦٩، بازنە هەولێر ساڵی ١٩٧٩، خەرەندی مەرگ هەولێر ١٩٩٢).ڕۆمان (درز هەولێر ١٩٩٧، کەوشی پەیکەر تاشێکی تر. سلێمانی ٢٠٠٣، میری ئاوایی وەرزێر هەولێر ١٩٩٢.

**پەخشانە شیعر: هۆ-تاکە برا، ڕانیە ساڵی ٢٠٠٣.**

مێژووی سیاسی (لە دوو تۆی یاداشتی شاردایە-عەلی خالید حەمید-چاپخانەی پیشمەرگە ساڵی ١٩٨٤)، تورکمانی کوردستانی باشوور-سامی فەخری سولەیمانی ساڵی ٢٠٠٢.

ژیاننامە (کاکی کاکان هەولێر ١٩٩٧، کاکە بلە لە یاد من سلێمانی ٢٠٠٧.

مێژووی بە سەرهاتی نووسەر (کاکەمەمێکی تر سولەیمانی ٢٠٠٣، ژانە ڕێیە خۆڵە مێشییەکان سلێمانی ٢٠٠٧، بەهارێزان سلێمانی ٢٠٠٨ .

لە بواری ئابوری (دارە بەن لە پارێزگای سلێمانی و بەغدا ١٩٨٥، بەرهەمی ڕۆژانەی کرێکارانی نەمامگای دارستان هەولێر ١٩٨١.

لە بەرواری ٢٠١٩/٣/١٣ بەڕێز (نظمی حزوری) قونسولی فەلەستینی لە هەولێر بە بۆنەی ساڵیادی لە دایک بوونی شاعیری شۆڕشگێری فەلەستینی (محمود درویش) بڕوا نامەی ڕێزلینانی داوەتە کاکە مەم بۆتانی.

لە ٢٠٢٠/١٠/٢٥ کاکە مەم بۆتانی بە نەخۆشی کۆڕۆنا لە هەولێر کۆچی دواییکرد و لە گۆڕستانی شێخ ئەحمەد لە هەولێر بە خاک سپێردراوە.

سەرچاوەکان

وێنەکان و هەندێ زانیاری لەم سەرچاوانە وەرگیراوە:
کوردیپیدیا، ویکیپیدیا-ئینسایکلۆپیدیا ئازاد،
kenaly kwrdstan.net
ڕۆژنامەی Hawler



## عەبدوڵڵا پەشێو

شاعیری نوێخواز، شاعیری بیری سەربەخۆ خواز، شاعیری نەتەوەیی عەبدوڵڵا پەشێو.

عەبدوڵڵا پەشێو لە ساڵی ١٩٤٦ لە گوندی (بێرکۆت)، کە ئیستا لە گەڵ شاری هەولێر تێکەڵ بووە لە بنەماڵەیەکی ئایینی لە دایک بووە، باوکی مەلای مزگەوتی گوندەکە بووە، پەشێو هێشتا منداڵ بووە باوکی کۆچی دوایی کردووە و مامەکانی هانی دەدەن کە قوتابخانە تەواو بکات، خوێندنی سەرەتایی لە قوتابخانەی (خالیدیە) بە زمانی عەرەبی دەخوێنێ و ناوەندی و دوا ناوەندی لە هەولێر و دەچێتە پەیمانگای مامۆستایان و تەواوی دەکات.

پەشێو لە ناوەڕاستی شەستەکانی سەدەی رابردوو کادیرێکی پێشکەوتووی پارتی دیموکراتی کوردستان (باڵی مەکتەبی سیاسی) بووە، لە کۆتایی ساڵی ١٩٦٩ واز لە کاری سیاسی دەهێنێ و بڕیار دەدات کە بیری سەربەخۆ خوازی هەڵبژێرت و لەم ڕێبازەدا خزمەتی میللەتەکەی بکات.

پەشێو لە ساڵی ١٩٧٠ ئەندام بووە لە یەکیەتی نووسەرانی کورد و

لـە سـاڵی ١٩٧١ سـاڵێک مامۆسـتا بـووە لـە گونـدی (کەنـداڵ) ی سـەر بـە دەشـتی هەولێـر، لـە سـاڵی ١٩٧٣ لـە ڕێـگای شـەهید سـەیدا سـالح یوسـفی زەمالـەی خوێندن بۆ یەکیەتی سۆڤیەت وەردەگرێت و ساڵی ١٩٧٩ ماجستێر لـە وەرگێڕانـی ڕووسـی و ئینگلیـزی لـە زانکـۆی (Mauriice - Thorez) وەردەگرێت و ساڵی ١٩٨٤ دوکتۆرای لە ئەدەبیاتی کوردی بە دەست دینێ و نامـەی دوکتۆراکـەی لـە سـەر شـاعیری گـەورەی کـورد (پیرەمێرد) بـووە.

پەشێو لـە ساڵی ١٩٨٥ تـا ١٩٩٠ لـە زانکۆی (الفاتح) ی لیبی لـە طرابلس مامۆسـتای زمانـی عەرەبـی بـووە، ئێسـتاش لـە وڵاتـی (فنلەنـدا) نیشـتەجێیە و زمانەکانـی کـوردی و عەرەبی و ئینگلیـزی و ڕووسـی و ئەلمانـی زۆر بـە باشـی دەزانـی و وەرگێڕدراوەکانـی لـە سـەر (پۆشـکین و ویتمـەن) بەڵگـەی لێهاتووییەتـی لـە ڕووی زمانـەوە.

یەکـەم دەسـتپێکی پەشـێو لـە نووسـینی شـیعر لـە هەفتانـەی هەولێـر بـووە سـاڵی ١٩٦١، دواتـر لـە ڕۆژنامـەی (الاخبار) بـووە کـە ئـەو کات هەفتانـە یـەک لاپـەڕە بۆ کـوردی تـەرخان کرابوو، لـە سـاڵی ١٩٦٧ یەکـەم کۆمەڵـە شـیعری (فرمیشـک و زام) بڵاودەکاتـەوە، دواتـر لـە سـاڵی ١٩٨٠ بـە یارمـەتی محەمـەدی مـەلا عەبدولکەریمـی مـودەڕس کۆمەڵـە شـیعری (شـەو نییـە خەونتـان پێـوە



لە لای چەپەوە: سەعدوڵڵا پەرۆش، پەشێو



**لە لای چەپەوە: پرۆفیسۆر دوکتۆر مارف خەزنەدار، پەشێو، جەمال خەزنەدار**

نەبینم) بڵاودەکاتەوە.

پەشێوی شاعیر کۆمەڵێک شاکاری شیعری بڵاوکردۆتەوە گرنگەکانیان ئەمانەن (فرمێسک و زام - یەکەم کۆ شیعریەتی لە ساڵی ١٩٦٧، بتی شکاو نامیلکە شیعرێکە چاپی یەکەم ١٩٦٨، شەونامەی شاعیرێکی تێنوو ساڵی ١٩٧٢، دیوانی برا کوژی چاپی یەکەم هەولێر ساڵی ١٩٩٤، دوانزە وانە بۆ منالان و چەند شیعرێکی قەدەغەکراوی سەردەمی خۆی ساڵی ١٩٩٧، شەو نییە خەونتان پێوە نەبینم ساڵی ١٩٨٠، بروسکە چاندن سوید ساڵی ٢٠٠٠، بەرەو زەردەپەڕ سوید ٢٠٠١، پرێسکەی عاشقێکی زگماک لە کوردستان ٢٠٠٦، پشت لە نەوا و ڕوو لە کرپوە کۆی شیعرەکانی (١٩٦٥ - ١٩٧٩)، هەسپم هەورە رکێفم چیا کۆ شیعرەکانی (١٩٨٠ - ٢٠٠٥)، سەوڵم پۆلا و کەناریش دوور کۆ شیعرەکانی (٢٠٠٦ - ٢٠١٩)، پۆشکین، ژیان و بەرهەمی شاکاری س.م - پیترۆف - وەرگێڕان لە گەل محەمەدی مەلا عەبدولکەریمی مودەڕس ساڵی ١٩٨٣). زۆر لە شیعرەکانی پەشێو کراونەتە گۆرانی لە

لایـەن گۆرانیبێژانـی کوردسـتانی باشـوور و کوردسـتانی ڕۆژهـەڵات لەوانـە (وەرە بـا بڕۆیـن ئـەی بووکـی تـازە - فوئـاد ئەحمەد، شـیعری ئاڵای کوردستان - بـژار دیـلان، شـیعرەکانی خاتـوون و چاوەڕوانـی و دارسـتانی سـووتاو لـە بـەر دەرگا - عەدنـان کەریـم، شـیعرەکانی لـە دەرگا و دڵـی مـن و کـێ و بـێ نەورۆزی سـاڵی ١٩٧٠ - مریەم ئیبراهیـم پوور، شـیعرەکانی لەو ڕۆژەوە لـە گەڵمانیـت و نیشـتمان و سـەربازی ون - خالیـد ڕەشـید، شـیعرەکانی دوانـزە وانـە و چـۆن دەتوانـم لـە بیرتکـەم - عەزیـز شـارۆخی، لـە دەسـتم دێ - تایـەر تۆفیـق، شـیعری دەرگاکەتـم لـێ بکـەوە - هاوتـا ئەسـعەد، شـیعری نامـە - مەرزیـە فەریقـی، شـیعری جوانـی ئەفسـوناوی - عەتـا قەرەداغـی، شـیعری ساردیت دەمکوژی - ناسـر کەریمـی، شـیعرەکانی گـەر هاتـی بـە تەنیا وەرە و سـەربازی ون و تـۆش بـە جێـم دیڵـی - کاروان عوسـمان). هەروەهـا پەشـێو لـە گەرمـەی شـەڕی کۆبانـی دەقێکـی شـیعری بـە نـاو نیشـانی (مەنەفێسـتی کۆبانـی) بڵاوکـردەوە، وەرگێڕدراوەتـە سـەر زمانـی فارسـی، هـەر لـە شـەڕی بەرخودانـی عەفرینیـش شـیعرێکی بـە نـاوی (عەفرینگـراد) بڵاوکردۆتـەوە ئەویـش وەرگێڕدراوەتـە سـەر زمانـی فارسـی.





**لە لای چەپەوە: پەشێو، هیوا سەرهەنگ**

سەبارەت بە پەشێو پرۆفیسۆر دوکتۆر مارف خەزنەدار دەڵێت: زستانی باکوور بێ بەفر نابێ، کوردستانی ئێمە بێ گوڵ نابێ، پەشێوی شاعیریش بێ شیعر نابێ، پەشێو توانیویەتی تۆزێ ووردەکاری ڕۆمانتیکی، هەندی شیکردنەوەی سایکۆلۆژی، بڕێک ووردبوونەوە و سەرەنجدان لە تەنگ و چەڵەمەی ژیان و دڵداری و بزووتنەوەی نەتەوایەتی بکاتە هەوێنی شیعرەکانی.

شێرکۆ بێکەس شاعیری گەورەی کورد دەڵێت : عەبدوڵڵا پەشێو یەکێکە لە شاعیرە دیارەکانی کورد، هاوتەمەن و هاوجیلی یەکترین، پەشێو خۆی بە خۆی تەئسیرێکی گەورەی کردە سەر بەشێک لە شاعیران و بەهرەدارانی شاری هەولێر، دیوانەکانی دووابیشی تا ئەوەی من دیومە هیچ وەختیک خالی نەبووە لە جووڵەی جوانی شیعری کوردی.

پرۆفیسۆر دوکتۆرە شوکریە ڕەسول دەڵێت : پەشێو جگە لەوەی خەڵکی شاری هەولێرە، بەڵام ئەو شاعیرێکی کوردستانیە، خوێنی کوردە،

عەقلی کوردە، هەڵوێستەکانی کوردە، باشترین بەڵگەشم ئەوەیە هەرچەندە ژنەکەی ڕووسییە، بەڵام وەکوو بیستوومە لە هەندێ کەس و کاری فێری زمانی کوردی کردووە و منداڵەکانیشی فێری زمانی کوردی کردووە.

کریم دەشتی شاعیر دەڵێت : پەشێو ڕۆڵی غاندی بینی لە بە نرخ کردنی خۆی و دەنگی ئەراگۆنی نواند لە بانگەشەی ئازادی و ڕۆڵی (ئیلۆت) ی بینی لە تازە کردنەوە.

بیرەوەریەکانی خۆم لە گەڵ شاعیری گەورەی کورد پەشێو، لە ساڵی ١٩٧٢ هاتە بەشی کوردی کۆلیژی ئادابی زانکۆی بەغدا، لای پرۆفیسۆر دوکتۆر مارف خەزنەدار یەکتریمان بینی و پێشتریش لە هەولێر دەمناسی، تازە کۆمەلە شیعری (شەونامەی شاعیرێکی تینوو) ی لە بەغدا لە چاپ دابوو، داوای لێکردم ئەگەر بکرێت لای من ٥٠٠ دانەیەک بەجێبهێڵێت لە ناو قوتابیانی بەشی کوردی و قوتابیانی کورد لە کۆلیژەکانی تری زانکۆی بەغدا بۆی بفرۆشم، منیش چۆنی ووت وام کردوو نرخی کیتابەکانیشم بۆ بردەوە هەولێر و لە شەقلاوە تەسلیمم کردوو زۆر سوپاسی کردم و پێی ووتم : بمێنەوە بۆ ئێوارە پێکەوە دەچینەوە هەولێر، منیش ووتم : نا وەڵڵا دەگەڕێمەوە بەغدا سبەینێ دەوامم هەیە، هەر ئەو کات پێی ووتم کاک نەجم ئەو پارانە و لە گەڵ هەندێکی تر (سولفە) م وەرگرتییە خەریکی سەفەری دەرەوەم بۆ خوێندن، منیش پیرۆز باییم لێکردوو ووتم: خێری تێدایە، گەڕامەوە بەغدا.

لە خوارەوە شیعری سەربازی ونتان بۆ دەنووسمەوە:

**سەربازی ون**

**کە وەفدێک دەچێتە شوێنێ،**

**بۆ سەر گۆڕی سەربازی ون،**

**تاجەگوڵینەیەک دێنێ.**

**ئەگەر سبەی وەفدێک بێتە وڵاتی من،**

**لێم بپرسی :**

**((کوانی گۆڕی سەربازی ون ؟))**

**دەڵێم :**

**((گەورەم !**

**لە کەناری هەر جۆگەیێ،**

**لە سەر سەکۆی هەر مزگەوتێ**

**لە بەر دەرگەی**

**هەر ماڵێ، هەر کڵێسەیێ، هەر ئەشکەوتێ،**

**لە سەر گابەردی هەر شاخێ،**

**لە سەر درەختی هەر باخێ،**

**لەم وڵاتە !**

**لە سەر هەر بستە زەمینێ،**

**لە ژێر هەر گەزە ئاسمانێ،**

**مەترسە ! کەمێک سەر داخەو**

**تاجەگوڵینەکەت دانێ !**

__تێبینی:__

بۆ نووسینی ئەم باسە سوود لەم سەرچاوانە وەرگیراوە:
کوردیپیدیا، پەشێو لە ڕوانگەی کەسایەتی و هەڵویستی شاعیرییەوە سەعدوڵڵا نوری، پەشێو شاعیرێک لە ڕەگەزی سەربزێوی زیاد نادر عالّلایی، ئیستیک لە ژیانی پەشێو زیاد نادر عالّلایی، زانیاری و نووسین و دارشتنی خۆم.



# کەریم شارەزا

شاعیر و نووسەری کورد پەروەر خوالێیخۆشبێت کەریم شارەزا، ناوی تەواوی (کەریم کوڕی مستەفا ئاغای کوڕی حەمە ئاغای حەوێزیە)، لە ڕۆژی ١٩٢٨/٣/٤ لە گەڕەکی هەواری شاری کۆیە شاری ئەدەب و هونەر و خەباتی کوردایەتی لەدایکبووە، بە کەریم شارەزا ناسراوە، خوێندنی سەرەتایی و دواناوەندی لە کۆیە تەواوکردووە و لە ساڵی ١٩٤٦ لە خانەی مامۆستایانی سەرەتایی (اعظمیة) لە بەغدا وەرگیراوە و ساڵی ١٩٥٠ تەواوی کردووە و بووە بە مامۆستای سەرەتایی لە قوتابخانەی سەرەتایی یەکەمی کۆیە و وانەی زمانی عەرەبی و کوردی وتۆتەوە.

لەبەر هەڵوێستی سیاسی و هۆنراوە نیشتیمانیەکانی دوور خراوەتەوە بۆ خوارووی عێراق لە گوندێکی نزیک (الشطرة) بۆتە مامۆستای وانەی عەرەبی، لە ساڵی ١٩٦٤ گوازراوەتە ناو شارۆچکەی (الشطرة)، لە پاشان لەساڵی ١٩٦٦ جارێکی تر گوازراوەتەوە شاری هەولێر لە مەخمور بۆتە مامۆستای زمانی کوردی لە قوتابخانەی قەراجی سەرەتایی و دوو ساڵ ماوەتەوە، لە ساڵی ١٩٦٨ هاتۆتەوە ناو شاری هەولێر بووە بە مامۆستای زمانی عەرەبی و کوردی، لە خزمەتی مامۆستایەتی کە ٢٠ ساڵ بوو ١٢ ساڵ بەڕێوەبەری قوتابخانەکانی ناو شاری هەولێر بووە، لە ساڵی ١٩٧١ خۆی خانەنشین کردووە، ناوبراو ئەندامی دەستەی دامەزرێنەری یەکێتی



كەریم شارەزا لەگەڵ پرۆفیسۆر دكتۆر مارف خەزنەدار

نووسـەرانی كـورد – لقی هەولێر بووە، كـە لـە ڕۆژی ١٩٧٠/١٢/٣ ئیجازەی پێدراوە، ئەندامی دەستەی نووسـەرانی گۆڤاری نووسـەری كورد بووە كە لقی هەولێر دەری دەكرد، لـە سـاڵەكانی ١٩٧٨ تـا ١٩٨٣ سـەرۆكی یەكێتی نووسـەرانی كـورد لقی هەولێر بـووە و لـە سـاڵی ١٩٩٧ بـووە بـە ئەندامی یاریدەدەر لە كۆڕی زانیاری كورد لە بەغدا.

خوالێیخۆشبێت مامۆستا كەریم شارەزا زیاتر لە ٢٠ بەرهەمی چاپكراوی هەیە لە بوارەكانی شیعر و ئەدەب و لێكۆڵینەوە و ڕەخنە و مێژووی زمانی كوردی و بەشداری هەمـوو كۆڕ و سیمینار و كۆبونەوەكانـی ئەدەبی كردووە و زیاتر لە سەدان نووسین و ووتاری ئەدەبی لە زۆربەی ڕۆژنامە




و گۆڤارە كوردیەكان بڵاوكردۆتەوە، ناوبراو بەرهەمی شیعری بۆ هەمـوو چین و توێژەكانی كۆمەڵ نووسیوە بۆ قوتابیان بۆ نەوجەوانان بۆ ژنان و ئافرەت، هەموومان لە پۆلی سەرەتایی لە قوتابخانەكانمان سروودی نەورۆزی مامۆستا كەریم شارەزامان ووتۆتەوە كە دەڵێت :

**نەورۆزە مەستم بە نەغمەی بولبول**



کەریم شارەزا لەگەڵ هاوسەرەکەی خاتوو خەیریە عەبدولڕەحمان جەلی زادە

**مەستم بە عەتری وەنەوشە و سونبول**

**شادم بە هاژەی ڕووباری بەفرین**

**سوورم بە شڵپەی شەپۆلی زیوین**

**هتد ...**

کۆیە نەورۆزی ١٩٥٨

هەروەها شیعری بۆ نەوجەوانان نووسیوە کە تێیدا دەڵێت :

**ئێمە تیپی نەوجەوانین**

**بێچوە شێری نیشتمانین**

**مەرد و ئازا و پاڵەوانین**

**پشتیوانی بێ کەسانین**

**ئێمە ڕۆڵەی قارەمانین**

**پاسەوانی کوردستانین**

**بۆ گیانی دوژمنانمان**

**تانک و تۆپی بێ ئەمانین**


**هتد ...**

مامۆستا کەریم شارەزا شیعری لاواندنەوەشی (الثراء) زۆرە بۆ کەسە نزیکەکانی و بۆ هاوسەرەکەشی ووتووە لە پارچە شیعرێک بە ناونیشانی (بۆ کێلی ئازیزان) کە بۆ خوالێخۆشبێت سوداد چاوشلی کە بە خۆی و خێزانەکەی کەوتنە بەر بۆمبای فڕۆکەی ئێرانی خۆیان و ماڵەکەیان تەخت و وێران بوو، هەروەها شیعری بۆ ئافرەتان و دایک ووتووە، هەروەها شیعرێکی بۆ گیانی پاکی هاوسەرەکەی (خەیریە عەبدولڕەحمان جەلی زادە)ی ووتووە لەکاتی کۆچ کردنی لە ڕۆژی ٢٠١٣/٣/١٠ بەم جۆرە ڕێزی لێناوە و ڕازاندویەتیەوە :

**هیچ گوڵێک نیە، لە باغی ژیان، هەتا سەر گەش بێ**
**ڕۆژێ دێ بەبای ئەجەل هەڵوەرێ، وەک دڵم ڕەش بێ**
**ئەوەی تا دوێنێ، هەوێنی شادی و مایەی ژینم بوو**
**ئەمڕۆ کۆچی کرد، لەجێگەی شادی، خەم و شینم بوو**
**هتد...**

`بیرەوەریم لەگەڵ مامۆستا کەریم شارەزا لە ساڵەکانی ١٩٧٩ تا ١٩٨٣ کە ئەوکات بەندە سەرۆکی لێژنەی (لجنة التعضید والنشر) بووم لە بەڕێوەبەرایەتی ڕۆشنبیری و لاوان لە ئەمینداریێتی گشتی ڕۆسنبیری و لاوان لە هەولێر مامۆستا ئەندام بوو لەگەڵ خوالێخۆشبێت جەودەت ئەحمەد ناجی هاریکاریەکی زۆر باشیان کردم بۆ بڵاوکردنەوەی ئەو چاپەمەنیانەی، کە ئەوکات بریتی بوون لە دیوانی شیعری و چیرۆک و شانۆگەری وهەموو ئەو تێکستانەی کە پێشکەش دەکران بۆ چاپ کردن، لە ٢٠١٥/٥/٢٣ مامۆستا کەریم شارەزا کۆچی دوایی کردوو بەو پێیەی کە مامۆستا لە کۆیە لەدایکبووە و لە هەولێر ژیاوە بەمەش ئەستێرەیەکی گەش لە ئاسمانی شاری کۆیە شاری شاعیران و ڕۆشنبیران و خەباتگێڕان و شاری هەولێری ڕەنگین ئاوابوو و ڕۆژێکی خەمبار بوو بۆ ڕۆشنبیران و ئەدەب دۆستانی کوردستان.

سەرچاوە:
هەندێک لە وێنەکان و زانیاری لە کوردیپێدیا، ویکیپێدیا و لاپەڕەی کەریم شارەزا وەرگیراوە. بیرەوەری و زانیاری خۆم.



# د. کوردستان موکریانی

د. کوردستان گیوی موکریانی لە ساڵی ١٩٤٧ لە شاری هەولێر لە دایکبووە، خوێندنی سەرەتایی و ناوەندی و دواناوەندی لە هەولێر تەواو کردووە، پاشان کۆلێژی ئادابی زانکۆی بەغدا بەشی کوردی بە پلەی یەکەم تەواو کردووە، ساڵی ١٩٧٧ بۆ تەواو کردنی خوێندنی باڵا دەچێتە مۆسکۆ لە ئینستیتیوی رۆژهەڵاتناسی سەر بە ئەکادیمیای سۆڤیەت (زانستی فیلۆلۆژی) دەخوێنێ و بڕوانامەی دوکتۆرا بە دەست دێنێت.

موکریانی هەر لە هەمان ساڵ گەڕاوەتەوە کوردستان و لە زانکۆی سلێمانی لە کۆلێژی ئادابی بەشی کوردی بۆتە مامۆستای زمانی کوردی، لە ساڵی ١٩٧٨ تا ساڵی ١٩٨٢ سەرۆکی بەشی کوردی بووە لە زانکۆی سلێمانی و دواتر زانکۆی سەلاحەدین، لە ١٩٨٢/١١/١ تا وەکوو ١٩٨٧/١٠/٣٠ لە دەزگای رۆشنبیری و بڵاوکردنەوەی کوردی سەر بە وەزارەتی رۆشنبیری و ڕاگەیاندنی بەغدا دەست بە کار بووە وەکوو سکرتێری گۆڤاری (بەیان)، دواتر سکرتێرو و جێگری سەر نووسەری (رۆشنبیری نوێ) کە یەکەمین ئافرەتی کوردە ئەم شوێنەی وەرگرتبێ، لە ١٩٨٧/١١/١ گەڕاوەتەوە کوردستان لە زانکۆی سەلاحەدین دامەزراوە، لە رۆژی ١٩٩١/١٠/٨ چۆتە وڵاتی هۆلەندا.


لە ١٩٩٦/١١/١ تا ١٩٩٨/١١/١ وەکوو پسپۆڕو شارەزای لە سەنتەری وەرگێڕان کاری کردووە، لە ١٩٩٨/١٢/١ تا ١٩٩٩/٥/١ لە دەزگای چاپ و بڵاوکردنەوەی ئاراس سەرپەرشتی لە چاپدانەوەی (فەرهەنگی کوردستانی) کردووە، لە ساڵی ٢٠٠٠ بووە بە ئەندامی کارای کۆڕی زانیاری کوردستان و لە سالی ٢٠٠٦ بۆتە سەرۆکی کۆڕەکە، لە ساڵی ٢٠٠١ سەر نووسەری گۆڤاری (کاو وشکا) بووە کە گۆڤارێکی رۆشنبیری و وەرزی بووە بۆ ئافرەتان، لە ساڵی ٢٠٠٢ سەنتەری (کاو وشکا) ی بۆ چالاکی رۆشنبیری دامەزراندووە، لە ساڵی ٢٠٠٧بە هەڵبژاردن بۆتە سکرتێری یەکێتی ئافرەتانی کوردستان.

د. کوردستان موکریانی لە ژیانی ٥٠ ساڵەی خزمەتی زمان و ئەدەب و رۆژنامەوانی کوردی زیاتر لە (٢٠) کتێبی لە چاپ و بڵاوکردۆتەوە، ئەویش ئەمانەن (چەند بابەتێک لە بارەی زمانی کوردی، دیوانی ئەسیری، دەنگی ژنی هۆلەندی لە نێو چاپەمەنێکاندا، ڕەنگدانەوەی ژن بە نێوی ژنەوە لە رۆژنامەگەری کوردیدا لە (١٨٩٨-١٩٧٠)، زاری کرمانجی ٢٣/٧ /١٩٢٣-١٩٢٦/٥/٢٥، ژنی کورد بە ستەم دەورە دراوە، سینتاکسی ڕستەی سادە لە زمانی کوردی، سینتاکسی رستەی کوردی، سەردەمانی زمانی کوردی



**د. جەمال رەشید - کوردستان موکریانی ١٩٨٢ هۆڵی رۆشنبیری هەولێر**







و کۆمەڵە زمانی ئێرانی، شێوەی سولەیمانی زمانی کوردی، فەرهەنگی رووسی-کوردی، فەرهەنگی گەورەی من، فەرهەنگی هەراشان کوردی-کوردی، قواعد اللغه العربیه، گوڵچنی گیو بەرگی یەکەم، گوڵچنی گیو بەرگی دووەم، ناوی کچ و کوڕانی کوردی، هۆنراوەی ئافرەتی کورد، هەتاو، ڕێزمانی کوردی بۆ پۆلی یەکەمی بەشی کوردی زانکۆی سەلاحەدین بە هاوکاری لە گەڵ دوکتۆرە نەسرین فەخری، یەکەم فەرهەنگی تۆ).

ئەو جگە لەوەی لە خانەوادەیەکی کورد پەروەرە هەر خۆشی مرۆڤێکی ئازاو و بە جەرگبووە، دوو ڕووداوتان بۆ باس دەکەم کە ئەمانەن یەکەم: سالی ١٩٥٤ ڕەوانشاد پارێزەر (عەونی یوسف) بۆ یەکەمینجار لە مێژووی کوردی ئیجازەی جەژنی (نەورۆز) لە (سەعید قەزاز) کە ئەو کات وەزیری (داخلیە) ناوەخۆ بووە، بۆ داوەتکردنی خەڵک پلیت لە چاپ دەدەن، بۆ ئەم کارەش (مەلا عەولای حاجی سمایل-ناسراو بە مەلا ماتۆر) بەو پێیەی لێپرسراوی ڕێکخستنەکانی پارتی دیموکراتی کوردستان بووە، ئەو کات لە گەڵ پارێزەر (تەحسین یاسین) لیژنەی ئامادەکردنی ئاهەنگەکە دەبن، بۆیە مەلا عەولای حاجی سمایل لە کتێبەکەی (سەربردەی ژیانی سیاسیم) دەلێت: چوومە لای گیو موکریانی پێم ووت بیتاقەی دەعوەت نامەی نەورۆزمان بۆ چاپ بکە، ئەویش وتی: زۆر باشە بۆتان چاپ دەکەم بەڵام من کچۆلەکی حەوت سالیم هەیە وتارێکم بۆ نووسیووە دەمەوێت لە پرۆگرامی ئاهەنگەکە دایبنێن)، ئیتر لە نەورۆزی سالی ١٩٥٤ د.کوردستان وتاری لە سەر نەورۆزو کوردایەتی خوێندۆتەوە و هەر لە کاتی خوێندنەوەی ئەو

کارەبایان لێکوژاندوونەتەوە و ئاهەنگەکەیان لێتێکداون، دواتر هەر هەموو ئامادەبووان و میوانەکانی بەغدا (کاک ئەحمەد حەمەدەمین دزەیی دەعوەتی دووگردکانی کردوون و ئاهەنگەکە لەوێ بەردەوام بووە تا بەیانی).

دووەم: دەور و بەری مانگی پێنجی سالی ١٩٨٢ من لە بەڕێوەبەرایەتی رۆشنبیری سەرۆکی بەشی (التألیف و التعضید و النشر) بووم ڕەوانشاد شامل مەردان ئاغا سەرۆکی بەشی ڕۆشنبیری بوو بۆ ماوەیەک وەکوو وەکیلی بەڕێوەبەری رۆشنبیری جەماوەری هەولێر دەست بە کار بوو، داوای لە پرۆفیسۆر دوکتۆر ڕەوانشاد جەمال رەشید کردوە کە کۆڕێکیان لە سەر مێژووی کورد لە هۆلی رۆشنبیری جەماوەری بۆ بگیرێت ئەویش ڕازی ببوو، دیارە کاک شامل داوای لە د. کوردستان کردبوو کە ئەو کۆڕەکە هەڵسووڕێنێ، بەو پێیەی د.جەمال رەشید هاوسەریەتی بە هەر حال رۆژەکە هەینی بوو، زروف زۆر ناخۆش بوو، شەڕی پێشمەرگەو حکومەتی ئەوسا لە گەرمەی بوو، قوتابیانی زانکۆ زۆریان مانیان گرتبوو، د.جەمال باسەکەی خۆی بە مێژووی کورد و ستایشی بن و بنچینە و ڕەگەزی کورد بە تێر و تەسەلی باس کردوو بووە هۆی هاندانی قوتابیان، کە کۆڕەکە تەواوبوو و قوتابیەکان بە دەم سروودی ئەی ڕەقیب چوونە دەرەوە و دیارە پیاوانی رژێمیش ئامادە ببوون ئیتر کەوتنە ڕاونانیان، بەڵام باش بوو کەسیان پێدەستگیر نەکرا، لە سەر ئەم ڕووداوە دکتۆر سین و جیمێکی زۆری لە گەل کراو خەریک بوو دەستگیری بکەن و رەوانەی بەغدای بکەن، بەڵام سەرۆکایەتی زانکۆی سەلاحەدین و کاک محەمەد محیدین کە ئەو کات جێگری ئەمین عام بوو هەولێکی زۆریاندا و مەوزوعەکە گەمارۆ دراو دکتۆرە کوردستان موکریانی و دوکتۆر جەمال ڕەشید رزگاریان بوو، هەرلەسەر ئەو ڕووداوە سین و جیمێکی زۆریش لە












گەل کاک شامل مەردان ئاغا کرا و دواتر گۆزرایەوە شارەوانی هەولێر بە قەناعەتی من هەر بەم هۆیەوە بوو.

د. کوردستان موکریانی ئێستا کاری فەرمی نەمایە لە ماڵەوە خەریکی نووسین و لە چاپ دانەوەی فەرهەنگی کوردستان و پێداچوونەوەی فەرهەنگی مهاباد و چەند نووسینی ترە. هەموو کتێبجانەکەی ڕەوانشاد پرۆفیسۆر جەمال ڕەشیدی کردۆتە دیاری بۆ کتێبخانەی گشتی کەرکوک، لەو بارەیەوە دەڵێت: من بیرو فیکری ئەوم (د. جەمال ڕەشیدی هاوسەری) ناردۆتە کەرکوک، هەروەها دوو بەشی کتێبخانەکەی خۆشی هەر بەخشیووەتە کتێبخانەی گشتی هەولێر، لە ڕۆژی ٣-٢٠١٩/٧/٤ لە کۆنگرەی ناودارانی سنە زانکۆی سنە ڕێزی لە (٢٥) ناودار و (٥) کوردناس ناوە، کە یەکێکیان د. کوردستان موکریانی بووە، هەروەها ئەو کاتەی سکرتێری یەکێتی ئافرەتان بووە، بەشداریەکی زۆری کردووە لە کەم کردنەوەی توند و تیژی دژی ئافرەتان و گیرو گرفتی سەدان ژنی ستەم لێکراوی چارەسەر کردووە.

موکریانی خودی خۆی و بەرهەمەکانی کەرەسەیەکی پوخت و چڕ و پڕن بۆ لێکۆڵینەوە و دیراسە لە سەر کردنی بە تایبەتی بۆ قوتابیانی کۆلێژەکانی زمانی کوردی لە زانکۆکانی کوردستان، هەر تەمەن درێژ و سەرکەوتوو بێت و هەموو ئەوانەی ناویان لەم پۆستەدا هاتووە لە ژیان نەماون ڕەوانیان شاد و ئەوانەشی ماون سەرکەوتوو سەرفراز بن.

وێنەکان: لە کوردیپێدیا، کوردیپیدیا-ئینسکلۆپیدیای ئازاد، Wikipedia لە ماڵپەڕی دوکتۆرە کوردستان موکریانی وەرگیراوە.

بۆ ئەم نووسینە سوود لەم سەرچاوانە وەرگیراوە:

- کوردیپێدیا، کوردیپێدیا-ئینسکلۆپیدیای ئازاد، Wikipedia


دیمانەی دوکتۆرە کوردستان موکریانی لە بەرنامە ڕۆشەنگیری کەناڵی کورد سات ئامادە و پێشکەش کردنی زانکۆ بەکر ، سەربردەی مەلا عەولای حاجی سمایل-لاپەڕە ١٠٥، زانیاری و نووسین و دارشتنی خۆم.



# عەلی مەردان

یەکێک لەو هونەرمەندە گەورەو بەئەزموونەی مەقامی کوردی کە بە دەنگە خۆش و سیحراویەکەی ئاوازی ڕەسەنی کوردی بە کوردستان و هەموو جیهان دا بڵاوکردۆتەوە، ئەویش پاشای مەقامی کوردی مامۆستای نەمر عەلی مەردانە، ناوی تەواوی (عەلی کوڕی عەبدولقادر کوڕی وەسمان کوڕ حەمە گوڵە)، لە گەڕەکی بەر تەکیەی شێخ عەلی لە شاری کەرکوک لە خانەوادەیەکی هەژار لە دایکبووە، باوکی لە بنەڕەتدا خەڵکی گوندی کانی ساردی ناوچەی شارباژێر بووە و دایکیشی ناوی شاناز و لە بنەماڵەی زەنگەنە بووە، خوێندن و زانستی ئایینی لە تەکیەی کەرکوک لای مامۆستا ساڵح دەست پێکردووە و هەر لەوێش لای مامۆستای دەنگ خۆش مەلا ڕەئووف فێری تەجویدی قورئان و هەندێک لە مەقامات و قۆریاتی تورکی بووە، هاتوچۆی تەکیەی تاڵەبانیشی کردووە و لە وێ گوێی لەو دەنگ و ئاوازە بە سۆزانە گرتووە کە مەلا و فەقێکان بە شێوەی مەقام ووتویانە.

نازناوی (مەردان) ی لە لایەن خانمە قورئان خوێنێکی کەرکوکی (حافظ-نابینا) بووە پێ بەخشراوە، چونکە مامۆستا عەلی مەردان هەموو ڕۆژێ



دەستی گرتووە و بۆ ئەو شوێنانەی بردووە کە خانمەکە قورئانی تیا خوێندووە لە تازیەو مەولودەکان.

لە تەمەنی شەشساڵیدا باوکی کۆچی دوایی دەکات و خاڵێکی دەیباتە لای خۆی لە شارۆچکەی لەیلان، خاڵەکەی خاوەن مەڕو ماڵات دەبێ و مامۆستا عەلی مەردان زۆر ستەم و ئەشکەنجە دەدات، تەمەنی هەر ٨ ساڵان بووە شەو لە چۆڵەوانی بە تەنیا بە دیار خەرمان ومەڕوماڵات بە جێی هێشتووە، ناوبراو زۆر دەست کورتی و هەژاری دیووە بە پای پەتی (بە پێخواسی) و سەری کۆت جۆتیاری و شوانی و گاوانی کردووە، کە تەمەنی دەبێتە ١٦ ساڵ دەچێتە لای ناسیاوێکیان لە گوندی (حەفت تەغار) لە نێوان دوزو (طوز) و داقوق ماوەیەکی کەم لە وێ دەمێنێتەوە، پاشان ڕوو دەکاتە بەغدا و دەبێتە کرێکار لە وێستگەی شەمەندەفەری بەغدا، شەو هەر لە وێستگە پێڵاوەکانی لە بن سەری خۆی داناوە و خەوتووە بە ڕۆژیش کرێکاری و قوڕکاری کردووە، لە ساڵی ١٩٣٢ کە مەلیک غازی رادیۆی بەغدا دادەمەزرێنێ مامۆستا عەلی مەردان هەفتەی ڕۆژێک بۆ ماوەی سەعاتێک و نیو مەقام و بەستە و گۆرانی چڕیووە، هەر لە هەمان ساڵ لە ڕۆژانی ٢٨ ئادار





**له ڕاستەوە: تایەر تۆفیق - حەسەن جەزیری - عەلی مەردان - ڕەسول گەردی**

تا ٣ ی نیسان ساڵی ١٩٣٢ لە گەل مەقام بێژی عێراقی محمەد قوبانچی بە یاوەری تیپێکی مۆسیقای عێراقی کە بەشی زۆریان جولەکە بووینە بەشداری لە یەکەمین کۆنگرەی مۆسیقای عەرەبی لە قاهیرە کردووەو کۆمەڵێک مەقام و بەستەی ووتووە و لە وێش چاوی بە گۆرانیبێژان (أم کەلسوم و مەحەمەد عەبدلوهاب و ئەکتەر أحمد شوقی) کەوتووە، محمەد عەبدولوەهاب داوای قەوانەکانی لە مامۆستا عەلی مەردان کردووە بەو هیوایەی سوودی لێ وەربگرێت بۆ ئاواز دانان.

گۆرانی بێژ و مەقام بێژی کورد نەمر ڕەفیق چالاک لە یاداشتەکانی خۆی دا دەڵێت (ئاگادار بووم چۆن نازم غەزالی لە مامۆستا عەلی مەردان دەپاڕایەوە تا وەکوو فێری چەند مەقامێکی بکات) و مامۆستا عەلی مەردانیش لە کتێبی یاداشتەکانیدا دەڵێت (نازم غەزالی لە مەقام و پلەی مۆسیقاو ئاستەنگەکانی دەپرسی زۆر جار شەوانە دەهاتە لام تا فێری مەقاماتی بکەم). لە گفتوگۆیەکی هونەریدا مامۆستای ناوبراو بەم جۆرە سۆزو هەست و عەشقی خۆی بۆ مەقام دەردەبڕێ و دەڵێت (ئای



مرۆڤ ئەگەر دڵ ناسک و خاوەن ژان بێت هەرگیز نابێت خۆی لە قەرەی مەقام بدات چونکە مەقام دڵ ڕەقی، دەوێت ئەگەر وا نەبیت دەیتوێنێتەوە، هەر چەندە بتەو و گەشاوە بێت دەیکاتە خۆڵە مێش، مەقامم لە دەم دەرنەچووە بە گریان نەبێت)، بەشی زۆری گۆرانی و مەقامەکانی ناوبراو بە زمانەکانی تر ووتراون، چونکە مۆسیقاکەی نزیکە لە مۆسیقای عەرەبی ئەوەش بە هۆی ئەوە بووە کە مۆسیقا ژەنەکانی یان عەرەب یان جولەکە یان کوردی مەسیحی بووینە، چونکە ئەو سەردەم مۆسیقا ژەنی کورد بە دەگمەن هەبووە، هونەرمەندانی عەرەبی و تورکی و فارسی سوودیان لە ئاوازو مەقامەکانی ناوبراو وەرگرتووە، یەکەم جار مەقامی (ئەڵڵا وەیسی و دوواییش سەربارەی هۆرەو ئای ئای و خاوکەر و قەتار فێر بووە، کاتی خۆی لە بەغدا بۆتە هاوڕێی مورتەزاخانی ئەسفەهانی و ئەسغەری هەمەدانی و مەحەمەد سەعیدی سابڵاغی زۆر شت لەوان فێر بووە و چل شەو لە گەل هونەرمەند عەلی ئەسغەری کوردستانی پێکەوە هونەرمەندانە ژیاون.



لـه سـاڵی ١٩٦٥ دەچێتـه كرمنشـان و تـاران لـه ئاهەنگێک بەشـدار دەبێت و چەنـد گۆرانـی و مەقامێـک بـۆ رادیـۆی تـاران تۆمـاردەكات و شـای ئێـران و وەزارەتـی ڕاگەیاندنـی ئێرانـی خەلاتـی بـە جامێكـی (كأس) ی زیوینـی و كاتژمێرێكـی زێریـن دەكـەن، مامۆسـتا عەلـی مـەردان یەكـەم مەقامـی كـە مەقامـی ئـای ئـای بـووە لـە ئێسـتگەی كـوردی بەغـدا لـە سـاڵی ١٩٣٩ تۆمـار كـردووە و زیاتـر لـە ١٠٠٠ گۆرانـی و بەسـتە و مەقامـی هەیـە بـە زمانەكانـی كـوردی و توركـی و فارسـی. ناوبـراو لـە ژیانـی خـۆی وەسـیەتی كردبـوو ئەگـەر مرد لـە گردی سـەیوان لـە شـاری سلێمانی بینێژن، بەڵام كە لـە سـاڵی ١٩٨٠ تووشـی نەخۆشـی دڵ دەبێت، جارێكیـان سـەرەدانی گۆڕسـتانی شـێخ محێدینی كەركوک دەكات دەبینی لە تەنیشـت گۆڕی شـێخ مەحمودی شوشـە شـوێنێكی بـە تـاڵ هەیـە دەڵێت ئەگـەر مـردم ئـا ئەلێـرە بمنێـژن، بۆیـە كـە لـە بـەرە بەیانی رۆژی ١٩٨١/٧/٢٤ لە نەخۆشـخانەی (ابن النفیس) كۆچی دوایی دەكات و كـەس و كارەكـەی تەرمەكـەی دەهێننـەوە كەركـوک و لـە تەنیشـت شـێخ مەحمـودی شوشـی بـە خاكـی دەسـپێرن، ناوبـراو تەنهـا گلكۆكـەی و پەیكەرێكـی لـە كەركـوک لـە پێش دەزگای رۆشـنبیری و هونـەری كەركوک هەیـە كـە رۆشـنبیری سلێمانی و كەركوک هاریكاریـان كـردووە لـە دروسـت كردنی، هەقە لە هەولێر بەو پێ یەی پایتەختی هەرێمی كوردسـتانە شـتێک بـە نـاوی ئـەم هونەرمەنـدە مەزنـە بكرێت.

ئازیزانـم هەرچەنـدە مامۆسـتا عەلـی مـەردان زۆر زۆر شـایانی زیاترە بەڵام مـن وا لێـرە بـەم چەنـد دێـڕە چـڕو پـڕە بـە سـەرم كـردەوە بـۆ نەوەكانمـان بـە تایبەتـی ئەوانـەی پـاش هەشـتاكانی سـەدەی ڕابـووردوو لـە دایـک بووینـە، تـا وەكـوو بزانـن شـای مەقامـی كـوردی كـێ بـووە و چـۆن ژیـاوە. . بۆیـە لـە بـەر كـەمی سـەرچاوەو بە پێی توانـای خـۆم هـەر ئەوەندەم لە دەسـت هـات ئەگـەر كـەم و كوڕیەكیشـی تێـدا بـوو داوای لێبـووەردن لـە هـەر هەمووتـان دەكـەم، دووا ووتـەم بـۆ پاشـای مەقامـی كـوردی ڕەوانـت شـاد بێت.

تێبینـی: هەنـدێ لـە وێنـەكان و زانیـاری لـە: كوردیپێدیـا، ویكیپێدیـا، BMC TV بەرنامەیـەک لـە ٢٠١٩/٧/٢٤، youtube، Tv ٢٤ لـە ٢٠٢١/٧/٢٤، فلیمێكـی دۆكیۆمێنتـاری كەناكـی ڕوداو لـە ٢٠٢١/٧/٤.



# هۆمەر دزەیی

دەنگێک پڕ لە سۆز و ئەڤین کە لە ساڵانی حەفتاکان هەموو گەلی کورد لە هەر چوار پارچەی کوردستان پێی ئاشنا بوون، جێگای خۆی لە دڵی هەمووان کردەوە ئەویش هۆمەر دزەیی بوو.

هۆمەر دزەیی لە ساڵی ١٩٣٦ لە گوندی (دووگردکانی) سەر بە دەشتی هەولێر (مرکییە) لە خانەوادەیەکی ناودار و کورد پەروەر لە دایکبووە، قۆناغەکانی خوێندنی لە هەولێر و کەرکوک و بەغدا تەواو کردووە.

هۆمەر دزەیی هەر لە لاوێتیەوە حەزی لە گۆرانی و مۆسیقای کوردی بووە، لە ساڵی ١٩٥٥ بۆ یەکەمینجار گۆرانیەک لە ئێستگەی کوردی بەغدا تۆمار دەکات، خانەوادەکەی حەزیان نەکردووە ئەو ببێتە گۆرانیبێژ، بۆیە ڕەوانەی (ئەنقەرە) یان لە تورکیا کردووە بۆ خوێندن، بەلام ئەو هەر خولیای ئاواز و مۆسیقا بووە.

پاش ساڵێک مانەوە لە ئەنقەرە خۆ دەگەێنێتە (ڤینا) لە وێ بە کۆمەلەی قوتابیان و لاوانی کورد ئاشنا دەبێت و دەست دەکات بە خوێندنی (زانستە سیاسیەکان) و بڕوانامە بە دەست دێنێ.

لە ساڵی ١٩٥٧ کە ڤیستیڤالی لاوانی جیهانی لە مۆسکۆ دەبەستری لە سەر داواکردنی ڕەوانشاد مام جەلال هۆمەر دزەیی بەشداری لە




ڤیستیڤالەکە دەکات (دیارە بە جلی کوردیەوە چووە)، دواتر دەچێتە ئەمەریکا لەوێ نیشتەجێ دەبێت.

لە ساڵی ٢٠٠٦ دیسان هەر لە سەر داوای مام جەلال دێتەوە کوردستان و عێراق و دەبێتە ڕاوێژکاری مام جالال کە ئەو کات سەرۆک کۆماری عێراق بوو.

هۆمەر دزەیی هەر گۆرانیبێژ نەبووە، بەڵکو نووسەریش بووە، کۆمەلیک بەرهەمی بە چێژی لە چاپ داوە و بڵاوی کردۆتەوە، لەوانە: چیرۆکی ئەوینداری کە لە سێ بەرگدایە، کتێبی حەیران مێژووەکەی و ڕاڤەکردنی، چیرۆکی مۆسیقای کلاسیکی کە تێیدا باسی مۆسیقای کلاسیکی دەکات و بەراوردی لەگەل مۆسیقای کوردی دەکات لهو شوێنانەی کەپێویست بووە، لە دووگردکانەوە بۆ بنی دونیا کە بیرەوەریەکانی خۆیەتی لە دوو بەرگدا نزیکەی ٤٥٠ لاپەڕەیە، هەروەها لە ساڵانی هەشتاکان لە گۆڤاری (کاروان) دەست بە کار بووەو زۆر وتاری دەربارەی مێژووی مۆسیقای کلاسیک و مێژووی حەیران بڵاوکردۆتەوەو ئەو کاتەی لە ئەمەریکا بووە ماوەیەک بێژەر بووە لە بەشی کوردی ڕادیۆی ئەمەریکا (VOA).





هۆمەر دزەیی ئاهەنگ و کۆنسێرتی زۆری لە کوردستان ولاتانی ئەوروپا ئەنجامداوە و سەرکەوتنێکی باشی بە دەستهێناوە، لە سەرەتای حەفتاکان کە گۆرانیەکانی کوردی تێکەل کردبوو بە ئاوازی رۆژئاوایی کۆمەلیک رەخنەی لێگیرا لە وانە (ڕەسول گەردی پێی ووتووە گۆرانیەکانت خۆشە بەس زمانی کوردیت کردۆتە ئینگلیزی.




هەروەها هۆگری کوڕی گۆرانی شاعیر ووتوویەتی والّلا عومەر دزەیی شیعرەکانی باوکمی تێکولێک دایە..).

بەلام هۆمەر دزەیی خۆی بەردەوام بووە لەو ڕێچکەیەی، چونکە ئەو هەموو دەم حەزی لە نوێکردنەوە بووە زۆربەی ئاواز و دەقی گۆرانیەکانی شیعری خۆیەتی و زۆر شیعری ئەڤینی و نیشتمان






پەروەریشی هەیە، گۆرانیەکانی هیچی گۆرانی سەرپێی و قۆناغی نینە، بەڵکو بۆ نەوەکانی دوا رۆژ ووتروواوە هەموو کات و سەردەمیک تام و جیژی خۆی هەیە.

خۆ ژیان هەر وایە هەموو کەس حەزی لە نوێخوازیە وە ئێستا لەم ساڵانەی دواییدا کە مۆسیقای کوردی کەوتۆتە ژێر کاریگەری مۆسیقای تورکی و فارسی و عەرەبی شتێکی ئاساییە کە ئەم گەلانەی لە دەوروبەری یەک دەژین ئاوازی یەکتری کاریان تێبکات، بەڵام گرنگ دەقەکانە، بە داخەوە لەم دواییەدا گۆرانی و مۆسیقای کوردی دەقەکانی لە ئاستی پێویستدا نیە ئەمەش جێگای نیگەرانی هەموو لایەکمانە.

هۆمەر دزەیی ئێستا لە کوردستان دەژی و لە ژیانی خۆیدا زۆر حەزی لە مۆسیقا بووە.

هەر سەرکەوتوو و سەرفراز بێت.

هەموو وێنەکان لە Youtube وەرگیراون.

**تێبینی**: سوود لەم سەرچاوانە وەرگیراوە :

کوردیپیدیا، کوردیپیدیا - ئینسۆکلۆپیدیای ئازاد، چاوپێکەوتنێکی عومەر دزەیی لە magezin Youtube لە ٢١ تشرینی یەکەمی ٢٠٢٠، ماڵپەری زەمەن ٣١ گەلاوێژی ٢٠٢٠، تۆڕی میدیای خەلک - نووسینی توانا حەمە لە ٢٧ گەلاوێژی ٢٠٢٠.



## تایەر تۆفیق

ناوی تەواوی (تایەر تۆفیق ئاورەحمان حەمە شێخانی) یە، لە دانامێنی چیای باواجی سەرکەش و لە خانەوادەیەکی هەژار ساڵی ١٩٢٢ لە گەڕەکی بەفری قەندی شاری کۆیە لانکەی شاعیر و هونەرمەند و سیاسەتمەدار و گۆرانیبێژان لە دایکبووە، لە تەمەنی حەوت ساڵیەوە باوکی دەینێریتە حوجرەی مەلای ڕەش و فێری قورئان خوێندن دەبێت و هەر لەوێش ئەلف و بێی عەرەبی و کوردی فێردەبێت، تا پۆلی سێیەمی ناوەندی خوێندووە، لە سەرەتای ساڵانی سییەکانی سەدەی ڕابروو خولیای سروود و گۆرانی بووە و هێشتا لە پۆلی پێنجەمی سەرەتایی بووە هەستی کردووە کە بەهرەی گۆرانی و سروود ووتنی هەیە مامۆستایەکانیشی هانیان داوەو پشتگیریان کردووە، هەر زووش دەکەوێتە ژێر کاریگەری گۆرانیبێژان سێوە و مەلا ئەسعەد و ئەحمەدی حەمە مەلا و حەمەدەمینی کەبابچی و ئاواز و مەقامی کۆنی (سوختەخانە و خانەقاکان)، بەڵام پاش هەست کردن بە بەهرە و توانای خۆی هەولی داوە ڕێبازی تایبەتی خۆی هەبێت.

تایەر تۆفیق لە ساڵی ١٩٤٢-١٩٤٣ واز لە خوێندن دەهێنی و دەبێتە کرێکار لە شارەوانی کۆیە دواتر لە گەڵ حەمە تایەری حەمە فەندی



**لە لای ڕاستەوە: هونەرمەند خەلیل وەندی، هونەرمەند ناسر حەسەن، ڕەوانشاد تایەر تۆفیق، نازم دڵبەند**

وەکوو فەرمانبەر دەچێتە بەسرە لە خوارووی عێراق، لە ساڵی ١٩٤٥ دەچێتە بەغدا هەفتانە نیو سەعات بە پەخشی ڕاستەوخۆ (بث مباشر) گۆرانی دەڵێت، یەکەمین جار گۆرانی (ئەی لە گوریّ لە سۆرە گوریّ و بە ستەی کراس زەردیّ) تۆمار دەکات و بڵاودەکرێتەوە.

تایەر تۆفیق لە ١٢ ئەیلولی ساڵی ١٩٥٦ دێتەوە هەولێر وەکوو کاتب ناحیەی سیدەکان دەست بەکار دەبێت، لە ساڵی ١٩٥٧ دەچێتەوە بەغدا و لە ساڵی ١٩٥٨ پاش شۆڕشی ١٤ گەلاوێژ دەگەڕێتەوە کۆیە.

ناوبراو هەر لە ساڵی ١٩٤٥ – وە بۆتە سەر دەستەی گۆرانیبێژ و مەقام بێژانی کورد و لە هەموو ئاهەنگەکانی نەورۆز بەشداری کردووە و هەموو گۆرانیەکانیشی نیشتمانی و نەتەوەیینە، بە دەنگە خۆش و زوڵالیەکەی و دەقە شیعریە باشەکانی شاعیرە ناودارەکانی کوردی جێگای خۆی لە دڵی گوێرانی کورد کردۆتەوە.

لای هەموو خەڵکی کوردستان بە هەر چوار پارچەیەوە کە ووتت مامۆستا تایەر تۆفیق یەکسەر گۆرانی (شیرین بەهارە)ی ئیبراهیم ئەحمەدو

لە سەر ڕۆژی داناوەی حاجی قادری کۆیی و لە باخان ئاهو نالین دییێی وەفایی و گوڵی سەربەستی بەختیار زیوەر و بیست و حەوت ساڵەی فایق بێکەس و غەزەلە تەڕو پاراوەکانی مستەفا بەگی کوردی و سافی هیرانی و عوسمان عەونی و هۆنراوە ناسک و جوانەکانی هەژار و هێمن و گۆران و مەدهۆش و دڵدار و دلزار و مەدحەت بێخەو و مەجید ئاسنگەر و بێخود و کەریم شارەزایان دیتەوە یاد.

مامۆستا تایەر هونەرمەندیکی خاوەن هەڵوێست بوو، لە ماوەی ژیانیدا لە هیچ کۆڕ و کۆبوونەوەو و ئاهەنگەکانیدا ستایشی کاربەدەستانی حکومەتی نەکردووە، لە ماوەی ژیانیدا شەش نامیلکەی بەو دەقە شیعریانە کە بە گۆرانی ووتوویەتی لە چاپداوە، لە هەمووشیان دیارتر کتێبەکەی (گوڵی سەربەستی) یە لە ساڵی ١٩٨٣ کە شاعیر و نووسەری کورد پەروەر کەریم شارەزا پێشەکیەکەی بۆ نووسیووە.

بیرەوەریەکانم لە گەڵ مامۆستا تایەر تۆفیق لەکۆتایی ساڵی ١٩٧٧ کە لە ئێستگەی کوردی بەغدا بووم و گوازرامەوە بەڕێوەبەرایەتی ڕۆشنبیر و



**لە لای ڕاستەوە: عەلی خورشید لە ستافی گۆڤاری کاروان بوو، تایەر تۆفیق، نەجمەدین عەزیز**

لاوان لە ئەمینداریێتی رۆشنبیری ولاوان لە هەولێر هەریەکە لە هونەرمەندان (تایەر تۆفیق و چەتۆ حەسەن و یحیا مەرجان) لە وێ دەوامیان دەکرد، رۆژانە هونەرمەندان فوئاد ئەحمەد و تەحسین تەهاش دەهاتنە ئەوێ دادەنیشتین باسی هونەر و گۆرانی و قسەی خۆشمان دەکرد، بە ڕاستی هونەرمەند تایەر تۆفیق گوڵی مەجلیسەکەمان بوو.

ساڵ بووە ساڵی ١٩٨٤، رژێمی ئەوسای عێراق بڕیاری دابوو هەندێ لە هونەرمەندان و گۆرانیبێژان (تکریم-ڕێز لێنان) بکات و ناویان لێنابوو (مکرمة سید الرئیس صدام حسین) کە هەر یەکە سەیارەکی بەڕازیلی بوو، کە ناوەکان هاتنەوە ناوی هەندێ لە گۆرانیبێژو هونەرمەندە کوردەکانی تێدا بووە، بەڵام ناوی هونەرمەند تایەر تۆفیقی تیدا نەبوو، منیش بەو پێیەی ئەو کات لێپرسراوی بەشی رۆشنبیری بووم لە دیوانی ئەمینداریێتی، چوومە لای ئەمین عامەکەمان کە (مەحەمەدەمین محەمەد بوو بە حەمەدەمین شەمبی ناسرا) بوو، پێم ووت مامۆستا ئەوە ناوی هونەرمەند تایەر تۆفیقی



تێدا نییە بۆ؟ ووتی: کاک نەجم عیلم و خەبەرم نییە. ووتم چۆن ئەدی ئەتو ئەمین عام نی.. !!

ووتی ئاگام لێنیە و پرسیان پێنەکردیمە و ناوەکان لە بەغدا لە وەزارەتی (ثقافە و اعلام) هاتیە. .منیش بڕیمەوە. .. هاتمە دەرێ تووشی کاک تایەر تۆفیق بووم. . ووتم مامۆستا تایەر تازە لە لای ئەمین عام بووم.. ووتی کاک نەجم ئەوەی پێ ناوێ (جغارەکی لە دەستی بوو سۆتەکەکەی درێژ ببوو پەنجەیەکی لە سۆتەکەکە داو کەوتە سەر زەوی ووتی: بەڕازیلی ئەوان و ئەم سۆتەکە جغارەیە لە کنە من وەکوو یەکە)، ئەوە هەڵوێستی مام تایەر بوو بۆ مێژوو نووسیوومە... بەڵام ووتی کاکە نەجم ئەگەر پێت دەکرێ شتەکی ترم بۆ بکە... من تێیگەیشتم چونکە جارێکی تریش پێی ووتبووم کە هەولەکی بۆ بدەین بینێرینە دەرەوەی وڵات بۆ عیلاج کردن لە نەخۆشیەکانی کە (پاڵەپەستۆی خوێن و شەکرە) بوو.

ماوەیەکی کەمی پێچوو ڕێم کەوتە بەغدا سەرێکی (مەلا عولای حاجی سمایل) م دا-کە ئەو کات وەزیری دەوڵەت) بوو، کە خزممە زۆریش ڕێزی لێدەگرتم، ماجەرای کاک تایەر تۆفیقم بۆ گێڕاوە و ووتم: حەزی لێیە ئەگەر ئیمکان بێت بینێرنە دەرەوەی وڵات بۆ عیلاج، ووتی: زۆر باشە خۆ من هەموو هونەرمەندانی کوردم خۆش دەوێت بە تایبەتی تایەر تۆفیق و مەحەمەدی مامڵێ و تەحسن تەها، من لە گەڵ بابەکر ئاغای پشدەری ئەویش ئەو کات (وەزیری کار و باری کۆمەڵایەتی) بوو قسە دەکەم و پێکەوە بە تەها محیەدین مەعروف دەڵێین کە (جێگری سەرۆک کۆمار صدام حسین) بوو ئینشا اللە قسوری بۆ ناکەین، سەلامی منی پێبگەینە و پێی بڵی داخوازیەکەی گەیشت و هیچی تری مەڵی نەوەکوو لە ئیشەکەم سەرنەکەوم، ئیشەکەی بۆ کراو کاک تایەر تۆفیق لە سەر مەسرەفی دەوڵەت نێردرا ئەلمانیا و ماوەیەک مایەوەو عیلاجی بۆ کرا، کە هاتەوە دەوام بەیانیەکان کە دەهات دەیووت: کاک نەجم دوکتۆرەکان لە ئەلمانیا پێیان ووتووم هەر بە پێ بڕۆ، پیاسەی بکە، بۆیە کورێکمان لا بوو ناوی کاک ئیحسان بوو کاک تایەر لەگەڵ ئەو لە سەعات نۆی سبەینان هەتا دەوری دوانزەی نیوەڕۆ لە دائیرەکەمان کە لە سەر جادەی شەست مەتر بوو لە سێتاقان پیاسەیان دەکرد بۆ لای نەخۆشخانەی کۆماری و

دەهاتـن و دەچـوون.

بـەڵام وا دیـار بـوو پێشـتر نەخۆشـیەکانی تەنگیـان پێهەڵچنیبـوو بۆیـە پـاش سـەفەرەکەی دەرەوەی وڵات زۆری نەبرد لە رۆژی ۲۰/۱۰/ ۱۹۸۷ کاک تایەر تۆفیـق کۆچـی دوایـی کـرد و تەرمەکەیـان بـردەوە کۆیـە لـەوێ بـە خاکـی نیشـتمان سـپێردرا.

روحـی پاکـی ئـەو هونەرمەنـدە کـورد پـەروەر و خـاوەن هەڵوێسـتە شـاد و ئـارام بێـت و گلکـۆ و مەزارگـەی پـڕ گـوڵ و گوڵـزار و چراخـان بێت، بـۆ ئەوانـەی ناویـان هاتـووە مـردوون روحیـان شـا دو ئاسـوودە بێت و ئەوانەشـی لـە ژیـان مـاون تەمـەن درێـژ و سـەرفرازبن.

بۆ ئەم نووسینە سوود لەم سەرچاوانە وەرگیراوە:

Roji kurd، کوردیپیدیا، ئینسایکلۆپیدیای ئازاد،

بیرەوەری و زانیاری و نووسین و دارشتنی خۆم.



# هونەرمەند ئەنوەر قەرەداغی

هونەرمەندی بە سەلیقە و خۆڕسک، مۆسیقاژەن و ئاوازدانەری گەورەی کورد مامۆستا ئەنوەر قەرەداغی.

ناوی تەواوی (محەمەد ئەنوەر عومەر محەمەد)ە، لە ساڵی ١٩٤٦ لە شاری هەڵەبجەی جوان و ڕەنگین لە دایک بووە، سەرەتا چۆتە حوجرەی (فەقێ) یان لە مزگەوتی پاشا، دواتر قوتابخانەیەکی تر کراوەتەوە لەگەڵ براکەی چوونەتە قوتابخانەی سەرەتایی، ساڵی ١٩٥٤ماڵیان چۆتە شاری سولەیمانی لە وێ لە قوتابخانەی (فەیسەڵیە)یە خوێندنی سەرەتایی تەواو کردووە، هێشتا هەر لە قوتابخانەی سەرەتایی بووە دەنگی خۆش بووە و مامۆستاکەی (ولیەم یۆحنا) هەستی پێکردووە و بایەخی پێداوە و لە تاقمی سروودی قوتابخانەی داناوە کە هەموو بەیانیان سروودیان گوتوەو قوتابیان گوێیان لێگرتوون، قوتابخانەی ناوەندی لە سلێمانی تەواو کردووەو چۆتە خانەی مامۆستایان لە ١٩٦٤/١/٢٦ بە پلەی یەکەم تەواوی کردووە، بۆتە مامۆستا لە گوندی (کەڵەکن) لە دەوروبەری شاری سلێمانی.

ئەنوەر قەرەداغی هێشتا لە قۆناغی ناوەندی بووە، دەستی بە لێدانی هەندێ ئامێری مۆسیقا کردووە، دواتر لەسەر (کەمان) گیرساوەتەوە، پەرەی بە تواناکانی خۆی داوە و مامۆستاکەشی زۆر بایەخی پێداوەو



تیپی میللی زانکۆی سلێمانی لە سەفەرێکدا بۆ بەسرە لە باشووری عێراق ساڵی ١٩٧٨
لە لای چەپەوە: عەزیز خەمزەیی، کەریم خەمزەیی، ئەنوەر قەرەداغی، رەحیمی باڵەبان، عەبدولقادر حەسەن.

نۆتەی مۆسیقای نووسیوەتەوەو بە مامۆستا ولیەم یۆحنای پێشان داوە، ئەویش پێی وتووە باشە خۆت چاکی بکە، پاش دوو ساڵ دەگوازرێتەوە بۆ چالاکی قوتابخانەکانی سلێمانی دەبێتە سەرپەرشتیاری هونەری مۆسیقا لە قوتابخانەکان و چەندین تیپی سروودی قوتابخانەکانی دامەزراندووەو نۆتەو مۆسیقای بە (ستێنسل)ی خۆی نووسیووەو بە ڕۆنیۆ ڕایکێشاوە و دابەشی هەموو قوتابخانە سەرەتاییەکانی عێراق و شارە کوردیەکانی کردووە، دوای ماوەیەک داوایان لێکردووە ئیتر بەس بۆ قوتابخانەکانی کوردستان بینێرێت.

لە ساڵەکانی ١٩٦٥ - ١٩٦٦ دوو خولی فێربونی مۆسیقای کردۆتەوە و خۆی سەرپەرشتی کردووە و لە ساڵی ١٩٦٤ یەکەم تیپی مۆسیقای (کۆمەڵی خۆشی و بەختیاری) دامەزراندووە بە یارمەتی هاوڕێکانی کۆمەڵێک بەرهەمیان لە رادیۆی کوردی بەغدا تۆمار کردووە و ستۆدیۆیەکی بچووک و خنجیلانەی بۆ چالاکی قوتابخانەکان دروست کردووە و لە ١٩٦٧/٢/٢٣ ئەم تیپە بووە بە تیپی مۆسیقای سلێمانی کە تاوەکو ئێستا ماوە.



له لای ڕاستەوە: ئەنوەر قەرەداغی، نووسەر و تویژەر ئازاد عەبدولواحید

ناوبراو ئەندامی دەستەی دامەزرێنەری تیپی نواند و مۆسیقای سولەیمانی بووە لە ساڵی ١٩٦٩ و لە ساڵی ١٩٧١ گوزراوەتەوە بەڕێوەبەرایەتی چالاکی هونەری لە زانکۆی سلێمانی و بۆتە لێپرسراوی بەشی مۆسیقا و تیپی میللی زانکۆی دروست کردووە کە سەر بە مەلبەندی ڕۆشنبیری زانکۆ بووە.

لە ساڵی ١٩٧٣ بەشداری لە ڤیستیڤاڵی لاوانی جیهانی کردووە و ڕۆلیکی گرنگی گێڕاوە و لە ساڵی ١٩٧٤ بۆتە پێشمەرگەی شۆڕشی ئەیلول و پاش هەرەس هێنان دەگەڕێتەوە و دووری دەخەنەوە بۆ پارێزگای (السماوة) لە باشووری عێراق لە وێ لە چالاکی قوتابخانەکان کار دەکات و تیپی مۆسیقای قوتابیانی سەر بە پەروەردە دادەمەزرێنێ و لە ڤیستیڤاڵێکدا خەلاتی یەکەم وەردەگرێت، پاشان گەڕاوەتەوە سلێمانی لە هەمان شوێنی خۆی لە زانکۆی سلێمانی دەستبەکار دەبێتەوە، کە لە ساڵی ١٩٨١ زانکۆی سلێمانی دەگوازرێتەوە هەولێر ئەو دەبێتە مامۆستا لە هونەرە جوانەکانی



سلێمانی و لە بەشی شانۆ و دەرسی (چیژی مۆسیقا و شانۆی گۆرانی...) دەڵێتەوە و دواتر ساڵی ١٩٩٨ بۆتە سەرۆکی بەشی مۆسیقا لە هونەرە جوانەکان.

لە هونەرە جوانەکانی سلێمانی ساڵی ١٩٨٥ بە زەمالەی تەدریبی ناردوویانەتە تورکیا - ئەزمیر - بۆ خولێکی (کۆنسەر فتواری) بۆ ماوەی چل رۆژ تاکو لە شێوازی ئەم جۆرە هونەرەش فێربێت، لە پەیمانگای هونەرە جوانەکان ئەندام بووە لە پرۆگرامی خوێندنی بەشی مۆسیقا لە هەموو پەمانگاکانی عێراق، لە ساڵی١٩٩٨ گوازراوەتەوە وەزارەتی رۆشنبیری هەرێمی کوردستان وەک ڕاوێژکاری هونەری و لە هەمان ساڵدا چۆتە وڵاتی سوید و لەوێش لەگەڵ هونەرمەندانی کورد چەند چالاکیەکی نواندووە و بە بۆنەی کیمیابارانی هەڵەبجەوە ڤیستیڤاڵێکی گەورەشی سازکردووە لە کۆمەڵەی (هیوا) لە شاری ستۆکهۆلم کە لێپرسراوانی سویدیش تیایا ئامادەبوونە، پاش دوو ساڵ گەڕاوەتەوە کوردستان.

ئەنوەر قەرەداغی لە ژیانی کاری هونەری خۆی چەندین پارچە مۆسیقای بۆ رادیۆی کوردی و تەلەفزیۆنی بەغدا و کەرکوک داناوە وتۆمار کراوە و بۆ هەموو رادیۆ و تەلەفزیۆنە کوردیەکانیش پاش ڕاپەڕین، ئاوازی بۆ



هونەرمەند عەلی مەردان، ئەنوەر قەرەداغی، هونەرمەند تایەر تۆفیق




له لای ڕاستەوە: هێمنی شاعیر، قەرەداغی



له لای ڕاستەوە: قەرەداغی، هاشم جەباری

زۆربـەی زۆری هونەرمەنـد و گـۆرانـی بێژانـی سلێمانی و شـارەکانی تـری کوردستان دانـاوە، جگە لـە یارمەتی دانیان لـە دابـەش کـردن و تۆمارکردنی بەرهەمەکانیـان لـە ستۆدیۆ بچکۆلانەکـەی خـۆی، لـە بابـەتی دراما و مۆسیقای شانۆیی و فیلمـی سینەمایی و زنجیرە تەلەفزیۆنـی چەندین پارچـە مۆسیقای داناوەو هەمـوو سروودە نیشتمانی و ئایینی و سروودی منالان لە ئەرشیفی خۆی تۆمـار کـردوو و هەلیگرتـوون، ئـەو کاتـەی لـە سـوید بـووە مۆسـیقای بـۆ دوو فلیمـی سـویدی و شـانۆیەکی سـویدی دانـاوە و لـە یەکێکیشـیان دەورێکـی بچووکـی دیـووە، فلیمـی هونەرمەنـد سـامان فایـەق کـە بـە نـاوی (هەلاتـن) ە خەلاتـی یەکەمـی وەرگرتـووە، هەروەهـا مۆسـیقای تەسـویری بـۆ زۆر لـە زنجیرە تەلەفزیۆنی و دراما کوردیـەکان و مۆسیقای شـانۆیی دانـاوە.

ناوبـراو لەگـەڵ هونەرمەنـد فەریـد لیسـا لـە سـوید کتیبێکیـان کـە هەمـووی گـۆرانـی منالانـە بـە کـوردی سـۆرانی و بادینانـی و لاتینی لەگـەڵ نۆتـەکان بـۆ منداڵانـی کـورد لـە هەنـدەران دانـاوە، نووسـەر (فایـەق. ..) کتیبێکـی لەسـەر ژیانـی ئەنـوەر قەرەداغـی دانـاوە بـە نـاوی (حـەوت رۆژ لەگـەڵ قەرەداغـی دا) دەزگای سـەردەم بـۆی چـاپ کـردووە، چەندیـن بابەتـی نووسـراوی لـە رۆژنامـە و گۆڤـارە کـوردی و عەرەبیـەکان بڵاوکردۆتـەوە دەربـارەی مۆسـیقاو ڕەوتـی مۆسـیقای کـوردی، چەندیـن گۆڤـار و رۆژنامـەی بیانـی و عەرەبـی و

سویدی و ئینگلیزی وتاری لێکۆڵینەوە و ڕەخنەیان لەسەر ئەنوەر قەرەداغی بە باشی نووسیوە.

ناوبراو خاوەنی (١٢) کۆڕالە کە لە ڕێگای پەیمانگای هونەرە جوانەکانی سلێمانی و تیپی مۆسیقای سلێمانی ئەنجامی داوە، دوا کۆڕالیش (لاس و خەزاڵ، هەڵسانەوەی هەڵەبجە، ئەنفال، هەواری هەڵەبجە) و بابەتی تری زۆری نووسیووە هێشتا بڵاونەکراوەتەوە، خاوەنی (٥) تابلۆی هەڵپەڕکێیە کە بە بەردەوامی لە تەلەفزیۆنە کوردیەکان لێدەدرێت، دامەزرێنەری (ئۆرکستراى نیشتمانی)یە کە لە ساڵی ٢٠٠٢ دەمەزراوە و چەند ساڵێک بەڕیوەبەری بووە، دامەزرێنەری (گرووپی کیژانی سلێمانی)یە لە ساڵی ٢٠٠٣ تا ئێستاش بەردەوامە.

ئەنوەر قەرەداغی ئاواز دانەرێکە لە شێوازی میللی و ئاسایی و ئۆرکسترایی کە توانی مۆسیقای کوردی لەسەر جادە و لە ماڵەکان بگوازێتەوە سەر شانۆ و ستۆدیۆیەکان، یەکەم کەس بووە بیرۆکەی دروستکردنی ستۆدیۆی هەبووە بە یارمەتی پەیمانگای هونەرە جوانەکان و زانکۆی سلێمانی، قوتابیەکی زۆر لە ژێر دەستی ئەو فێری مۆسیقاو ئاوازی کوردی بووینە، دەیان جار خەڵاتی وەرگرتووە لە ناوەوەو لە دەرەوەی وڵات خەڵاتی سەرۆک کۆمار (مام جەلال)یشی وەرگرتووە،




ئەندامی کۆنگرەی نیشتمانی عێراق بووە پاش رزگار کردنی عێراق و (٥) ساڵ ڕاوێژکاری هونەری بووە لە ئەنجومەنی وەزیران دواتر ئەنجومەنی ڕێکخراوی هونەرمەندانی کورستان تا ساڵی ٢٠٠٧ لەگەڵ پەیمانگای هونەرە جوانەکانی سلێمانی ماوەتەوە، سروودی (ئەی ڕەقیب و مەشخەڵان)ی لەگەڵ ئۆرکسترای (هەنگار)ی بە توانایەکی باش تۆمار کردووە.

ئەنوەر قەرەداغی لە لایەن زۆر لە ڕێکخراوە فەرمی و نا فەرمیەکان ڕێزی لێنراوە لە وانە (ڤیستیڤاڵی لاوانی جهانی ساڵی ١٩٧٣، وەزارەتی رۆشنبیری عێراقی لە ڤیستیڤاڵی (قوبانچی) ساڵی ٢٠٠٥، ڕێکخراوی ئیبراهیم ئەحمەد فاوندەیشن، سەندیکای هونەرمەندانی عێراقی و کوردستان، بڕوانامەی باشترین داهێنانی مۆسیقای لە وەزارەتی رۆشنبیری هەرێمی کوردستان ساڵی ٢٠٠٥ وەرگرتووە، لە زۆربەی زۆری ڤیستیڤاڵەکانی بەدرخان لە ناوەوە و دەرەوەی وڵات بەشداربووە و ڕێزی لێنراوە، ناوەندی ڕاگەیاندن و رۆشنبیری عێراقی و، تەلەفزیۆنی کەرکوک، بڕوانامەی (لەپ زێڕین) لە ناوەندی (نامۆ) لە سوید ساڵی ٢٠١٨، شکۆنامەی زانکۆی سلێمانی، کۆنگرەی ناودارانی کورد لە ئێران ٢٠١٩، بڕوانامەی داهێنانی حکومەتی هەرێمی کوردستان ٢٠٠٤، بڕوانامەی ڕێزلێنان لەلایەن یەکێتیی نێودەوڵەتی مۆسیقا زانانی عەرەبی کە لە سلێمانی بەسترا ساڵی ٢٠٢١).

لە رۆژی ٢٠٢٢/١/١٣ هونەرمەند ئەنوەر قەرەداغی لەسەر داوای یەکێتیی نووسەرانی کورد لقی هەولێر لە هۆڵی شەهید مەهدی خۆشناو لە هەولێر ئێوارەکۆڕێکی سازکرد لەژێر ناونیشانی (مۆزیک و ڕێڕەوی ژیانم) کە کۆمەڵێک هونەرمەندو رۆشنبیرانی شاری هەولێر تیایا ئامادە بوون.

هونەرمەند و مۆسیقاژەنی گەورەی کورد هەر سەرکەوتوو سەرفرازبیت بۆ خزمەتی گۆرانی و مۆسیقای کوردی.

بۆ ئەم نووسینە سوود لەم سەرچاوانە وەرگیراوە ؛ کوردیپیدیا، ئینسکلۆپیدیای ئازاد، CV ئەنوەر قەرەداغی، زانیاری نووسین و دارشتنی خۆم.



# جەلالی میرزا کەریم

شاعیرێکی کوردی نوێکار و نوێخوازی سەردەمی بزوتنەوەی ڕوانگە جەلالی میرزا کەریمە، ناوی تەواوی جەلال میرزا کەریمە لە ساڵی ١٩٣٥ لە خێزانێکی دیاری شاری سلێمانی لەدایکبووە، خوێندنی سەرەتایی و ناوەندی و ئامادەیی هەرلەو شارە تەواوکردووە، لە ساڵی ١٩٥٥ بۆتە ئەندامی یەکێتی قوتابیانی کوردستان و هەر لە سەردەمی لاوێتیدا دەستی بە شیعر نوسین کردووە و کەوتۆتە ژێر کاریگەری شیعرەکانی شاعیری گەورەی کورد گۆران، بەڵام پاش زیادبوونی توانا و بەهرەی شیعری ڕێبازی تایبەتی خۆی هەبووە لە نوسینی شیعردا.

لەساڵ ١٩٥٦ لەسەر چالاکی سیاسی دەستگیر دەکرێت و پاش دادگا کردن سێ مانگ زیندانی و ساڵێک لە باشوری عێراق دەمێنێتەوە، لەدوای شۆرشی ١٤ گەلاوێژی ساڵی ١٩٥٨ بۆتە ئەندامی لێژنەی ناوچەی حیزبی شیوعی عێراقی لە سلێمانی و لە ساڵی ١٩٥٩ دەبێتە کارگێڕی ڕۆژنامەی هیوای کوردستان، هاوکات لە ساڵی ١٩٦٢ لە یادی ڕاپەڕینی ٦/ی ئەیلولی ١٩٣٠ لە سلێمانی دیسان دەستگیر دەکرێتەوە و دوو ساڵ حوکم دەدرێت و ڕەوانەی (حلە) لە خوارووی عێراق دەکرێت، پاش ئازادبوونی دەگەڕێتەوە

بەغدا لە ساڵی ١٩٦٦ تا ١٩٧٠ لە ڕادیۆی کوردی بەغدا وەکو بێژەر دەست بەکار دەبێت و لەساڵی ١٩٧٠ دەبێتە دەستەی نوسەرانی ڕۆژنامەی (بەیان.

لە کۆتایی مانگی نیسانی ١٩٧٠ یەکێک بووە لە دامەزرێنەرو هەڵسوڕاوانی بزووتنەوەی (ڕوانگە) لەگەڵ هاوڕێیانی کاکە مەم بۆتانی و حوسێن عارف و شێرکۆ بێکەس و جەمال شارباژێڕی، یەکەم ژمارەی گۆڤاری ڕوانگە یان بڵاوکردۆتەوە، کەبەشی زۆری نوسەرە نوێخوازەکانی ئەو سەردەمە بەرهەمیان تیا بڵاو کردۆتەوە، بزووتنەوەی ڕوانگە ئاستی شیعر و چیرۆکی کوردی بەرەو ئاستێکی باڵاتر برد.

لەساڵی ١٩٧٤ کە ڕێکەوتنامەی ١١ی ئادار بە تەواوی جێبەجێ نەکرا لە نێوان ڕژێمی ئەوسای عێراق و بزوتنەوەی ڕزگاری نەتەوەیی کورد شەڕ دەستی پێکردەوە، جەلالی میرزا کەریم بەغدادی بەجێهێشتووە و بۆتە پێشمەرگە لە شاخ، لەساڵی ١٩٧٦ ژیانی ئاوارەیی هەڵبژاردووە و چۆتە ئەمریکا، لەساڵی ١٩٨٢ لە ڕووداوێکی ئۆتۆمبیل هەموو لەشی تێکدەشکێ و تووشی لەرزۆکی دەبێت و لە ساڵی ١٩٩١ دەگەڕێتەوە کوردستان و لە ئەیلولی ١٩٩٢ دەبێتە بەڕێوەبەری ڕادیۆی کوردستانی سەر بە وەزارەتی






**لە لای ڕاستەوە : فوئاد حەمە خورشید، سامی شۆڕش، جەلالی میرزا کەریم، ڕەفیق سابیر، لە سالی ١٩٧٠ لە بەغدا گیراوە.**

ڕۆشنبیری حکومەتی هەرێمی کوردستان لە ڕۆژی ١٩٩٣/١/١٤ بە نەخۆشی دڵ لە نەخۆشخانەی هەولێری کۆماری کۆچی دوایی دەکات و تەرمەکەی دەبرێتەوە سلێمانی و لە ڕێوڕەسمێکی شیاو لە گۆڕستانی گردی سەیوان بە خاک دەسپێردرێت.

لە بەرهەمەکانی کۆمەڵێک هۆنراوەی بە زمانی عەرەبی بە ناوی (الولادە) لە ئەمریکا لە چاپ داوە، شانۆنامەی (سەنگەر) هەر لە ئەمریکا لە چاپ داوە، دیوانی (ڕێگا دوورەکانی چاومان) لە ساڵ ١٩٩٢ بە شێوەی (کۆپی) چەند دانەیەکی کۆپی کردووە و دابەشی سەر هاوڕێ و دۆستەکانی کردووە، لە ساڵی ٢٠٢١ شاعیر و نووسەری کورد کاک سەباح ڕەنجدەر ئەم دیوانەی جەلالی میرزا کەریمی کۆکردۆتەوە لە بەرگ و دیزاینێکی جوان دەزگای چاپ و پەخشی سەردەم لە سلێمانی بۆیان چاپ کردووە و بڵاویان کردۆتەوە، کە ئەم هۆنراوانەی شاعیری ناوبراو دەگرێتە خۆ (پێناسە، تەمەن، نەخشەی خەونەکان، لە کوێم، پێشکەشە بەو شۆڕشگێڕانەی کە هێشتا نەمدیون، ئاوێنەی هیوایەکی سەر هەڵگرتوو، ڕێگا دوورەکانی چاومان، تێگەیشتنی یادگاریەکان، دووری، زەماوەندی باوەش پیاکردنەوە، ڕۆژگارە سەرگەردانەکان، وەرام، هەنگاوی زام، هەڵوێست،

نەورۆزی خۆزگە، گەشتە هەڵوێست، ناونیشانی یادێکی کۆچکردوو، حەزنامەی ئاوارە، چرپەی ژانێکی نووقمبو، سەرەتای حەیرانی تەمەنمان، گرێیە شیعر، هاوڕێ، لە خەمی هەڵەبجەی ژارا، پەیامە ژێ، دوو چاوی).

ئەم شاعیرە دەنگێکی جیاواز و نەفەسێکی درێژی هەبوو کە بریتیە لە شێوازێکی نەرم و زمانێکی ڕەوا و بەبێ ئەوەی فشار بخاتە سەر خۆی شیعرەکانی نوسیووە و خوێنەر دەباتە دونیایەکی هێمن و کۆمەڵێک پرسیارت بۆ دێنێتە ئاراوە، ئەم شاعیرە یەکێکە لەو دەنگ و ڕەنگە دیارانەی کە شیعری کوردی پاش گۆرانی شاعیریان بردە شێوازێکی جیاواز لە شیعری گۆران چ لەڕووی بنیاتنانی شیعریەوە چ لەڕووی مۆسیقاوە، کە ئەمەی دووەمیان واتە مۆسیقای زیاتر وەکو بنەمای پەخشانە شیعر باس دەکرێت هەرچەندە جیاوازی زۆر هەیە لە نێوان شیعری تازە یان نوێ (شعر ألحر)و پەخشانە شیعر ئەمە جگە لە بوونی هەندێ سیفاتی پەخشانە شیعر لە شیعرەکانی جەلالی میرزا کەریم و بەشێکی زۆری شاعیرانی دوای گۆران، بەڵام هەر بە شیعری نوێ و تازە ناوبراون، چونکە جۆرێک لە کێش و سەروایان تێدایە کە لە پەخشانە شیعردا نیە و وێنەی شیعری لێکچوون و دووانەی بەرامبەر کە لە سیفاتەکانی شیعری تازەن و لە کاتێکدا پەخشانە شیعر گێڕانەوەیە شان بە شانی بنیاتنانی زمان و مۆسیقا، چونکە ڕەگەزی گێڕانەوە یەکێکە لە بنەما سەرەکیاکانی چیرۆک بەڵام لە



پەخشانە شیعر و لە شیعری نوێشدا بە ئاشکرا دیارە و دەبینرێت.

شیعرەکانی جەلالی میرزا کەریم تا ڕادەیەک پەیوەستە بە کێش و سەروای سروشتی کە جوانی دەبەخشێتە دەقە شیعرەکانی، بەڵام لە بەشی زۆری شیعرەکانی سنوور و پێوانەی شیعری کلاسیکی بەزاندووە و زیاتر بایەخی بە مۆسیقای داوە و لێکچوون و دووانەی بەرامبەر داوە و گێڕانەوەش لە سیفاتە هەرە دیارەکانی شیعرەکانی ئەم شاعیرەیە کە بە شێوازی داستانی (ملحمە) دا بەدی دەکرێت، بۆیە شیعرەکانی ناوبراو بە شیعری نوێ دادەنرێت.

بەشی زۆری شیعرەکانی ئەم شاعیرە مەزنە هەوێنێکی خەست و بنەمایەکی پوختەن بۆ لێکۆڵینەوە و دیراسەکردنی بۆ نامەی ماستەر و دکتۆرا بە تایبەتی بۆ قوتابیانی کۆلێژەکانی زمان و ئەدەبی کوردی لە دانشگاکانی هەرێمی کوردستان.

لە کۆتایی وام بە باش زانی شیعرێکی سەردەمی ڕوانگە کە لە بڵاوکراوەی ژمارە سێی ڕوانگە ساڵی ١٩٧٠ بڵاوکراوەتەوە بۆ نەوە نوێیەکانمان هاوپێچ بکەم، شاعیری گەورەی کورد جەلالی میرزا کەریم ڕەوانت شاد بێت.

**ژانی ڕۆژانی هۆنراوە**

**هاتووم چەپکێ وشەی ئاگر**

**لە سەر گۆڕی شیعر دانێم**

**هاتووم بڵێم :**

**باوە گوڕ گوڕ**

**کوانێ ئاڵا ؟**

**کوانێ شیعر ؟**

**هاتووم، لە ناو شیعرەکانی شێخ ڕەزا دا**

**یاخیبوونی وشە فێربم**

**لە ناو جۆگەی هەنسکی گاورباغیدا**

لە خوێن تێربم
هاتووم، لە بەر خۆری چلەی
شۆڕیجەدا.
لەبەر وشەی
سووتاندنی تاڵ تاڵ شارای ئەگریجەدا
کوێر بم. کوێربم
نەخێر هاتووم شیعر فێربم
هاتووم. لە ناو زەردەخەنەی
تەرمی شەهیدەکانمانا
لە ناو پرسەی
دەنگی تفەنگەکانمانا
بۆ هەڵچوونی خوێنی سەنگەرێ بگەڕێم
لە ناو خورپەی
دڵی ئاهەنگەکانمانا
بۆ هاواری گوللەی ڕابەرێ بگەڕێم
هاتووم. هاتووم
بۆ یەک چرۆی چڵی ئاگر
بۆ دێرە شیعرێ بگەڕێم
ئەی شاری ژان !
شاری شیعری گڕی گریان
هاتووم. بە دوای کەللە سەری
شەهیدێکتا وێڵم. ونە
بە دوای کاڵانی خەنجەری
بڕوایەکتا. ونە

بە دوای هەناسەی سواڵکەری
بەرماڵێکتا ویڵم. ونە
بە دوای گۆڕی بێ چەپەری
دڵدارێکتا ویڵم. ونە
بە دوای ناوی بێ پەیکەری
شاعیرێکتا ویڵم. ونە
هاتووم. هەستم
بدەمە دەست مناڵەکانی ئەم شارە
هاتووم. تفەنگی هەڵبەستم
بدەمە دەست پێشمەرگەکانی ئەم شارە
هاتووم. شیعرم
لە باخی گڕ تێ بەربوودا
لە گۆڕستانی زیندوودا
دوا لاپەڕەو دێری بدڕم
ئەی چاوی نۆ ساڵەی خۆری ئاواتی کورد
مژدەی نیگای سەرفرازیمان لێت ئەوێ.
ئەی دڵی چوار لەتکراوی خەباتی کورد
چەمکە ئالآی سەربەخۆییمان لێت ئەوێ.
ئەی بارانی گڕو خوێنی سەنگەری کورد
سێبەری باخی قورییاتیمان لیت ئەوێ.
ئەی تفەنگی بیرو دەنگی ڕابەری کورد
کوردستان و مرۆڤی کوردمان لێت ئەوێ.
ڕقی ڕەهێلە و شۆرشی تۆمان ئەوێ.
لە خۆمانا

**دێر دێر لە شیعرەکانمانا**

**تۆمان ئەوێ.**

**وەک چۆن. شۆڕش پەڵەی خوێنی**

**لافاوێکی سووری ئەوێ**

**ئێمەش ئاوا تۆمان ئەوێ**

**ئەمانەوێ.**

**سێدارەکانی ئەم شارە**

**ببنە تفەنگ**

**شەهیدەکانی ئەم شارە**

**ببنە شیعر. ببن بە دەنگ**

**ئەمانەوێ.**

**وشەی مانگی تابلۆی بێ ڕەنگ**

**ببێتە زەنگ**

**ئەمانەوێ باوە گور گوڕ**

**بمانداتێ ئاڵاو شیعر**

هاوڕێانی ئازیزم بە قەناعەتی من هەر ئەو هۆنراوەیەی شاعیری گەورەی کورد جەلالی میرزا کەریم نەک هەر نامەیەک بەڵکو دوو نامەی ماستەرو دوکتۆرای لە سەر دەکرێت، نازانم ڕاستم یان من بە هەڵە چوویمە ؟

**تێبینی١**: ئەم شیعرەی شاعیر زۆر درێژ بوو لە ناوەڕاست چەند کۆپلەیەکم نەنووسیە
**تێبینی٢**: وێنەکان و هەندێ زانیاری لەم سەرچاوانە وەرگیراوە : کوردیپیێدیا، ئینسایکلۆپیدیای ئازادی و ویکیپیدیا، بڵاوکراوەی ڕوانگە ژمارە ٣ سالی ١٩٧٠ لە کولتور مەگەزین لە ١٣ نیسانی ٢٠٢١ بڵاوکراوەتەوە، دیوانی ڕیگا دوورەکانی چاومان ئامادە کردنی نووسەرو شاعیری کورد سەباح رەنجدەر، ، وتاریکی عەتا قەرەداغی،



# عەبدولڕەحمان فەرهادی

نووسەر و شاعیر و وەرگێڕ و مامۆستای فیزیا و پەروەردەکار و سەرۆکی یەکیەتیی نووسەرانی کورد-لقی هەولێر-کاک عەبدولڕەحمان فەرهادی، ناوی تەواوی (عەبدوڕەحمان مەلا سادق فەرهادی)یە، لە ١٩٦٣/١١/٢ لە گوندی (سێبیران) کە دەکەوێتە ڕۆژئاوای هەولێر، لە خانەوادەیەکی کوردپەروەر لە دایکبووە، تەمەنی یەک ساڵان بووە کە ماڵیان هاتۆتە هەولێر و لە گەڕەکی (عارەبان) نیشتەجێ بووینە، خوێندنی سەرەتایی و ناوەندی و دواناوەندیی لە هەولێر تەواو کردووە، پاشان چۆتە کۆلێژی زانست (كليه العلوم) لە زانکۆی سەڵاحەددین و بەشی فیزیای تەواو کردووە و بۆتە مامۆستای فیزیا لە قوتابخانەکانی دواناوەندیی شاخۆران و ئامادەیی شارستانی کچان و ئامادەیی هەولێری کوڕان و ئامادەیی کوردستانی کوڕان و ئامادەیی شەنگەبێریی کچان لە هەولێر.

مامۆستا فەرهادی لە سەرەتای ساڵانی هەشتاکانەوە دەستی بە نووسینی شیعر و ڕەخنە و وەرگێڕان کردووە و لە زۆربەی زۆری گۆڤار و ڕۆژنامە کوردییەکان سەدان وتار و ڕەخنە و وەرگێڕانی بڵاوکردۆتەوە، لە تەک کاری مامۆستایی، ڕۆژنامەنووسیش بووە و لە هەردوو ڕۆژنامەی (کوردستانی نوێ و ئاڵای ئازادی)، هەروەها سەرنووسەری هەردوو

گۆڤـاری (هزریـن) بـووە کـە وەزارەتـی ڕۆشـنبیری هەرێمـی کوردسـتان دەریکـردووە و پاشـان بووەتـە سەرنووسـەری گۆڤـاری (نووسـەری نـوێ) کـە لـە لایـەن لقـی هەولێـری یەکێتیـی نووسـەرانی کـورد دەرچـووە..

لـە ڕۆژی ٢٠٠٤/٩/٩ لـە کۆنفراسـێکی یەکێتـی نووسـەرانی کورد-لقـی هەولێر-بـە هەڵبـژاردن دەبێتـە سـکرتێری یەکێتـی نووسـەرانی کـورد لقـی هەولێـر و لـە ڕۆژی ٢٠١٠/٨/٢٨ دیسـان لـە کۆنفراسـێکی تـری یەکێتیـی نووسـەرانی کورد لقی هەولێر هـەر بە هەڵبژاردن دەنگی یەکەمـی هێناوە و بووەتـە سـەرۆکی یەکێتیـی نووسـەرانی کورد/لقـی هەولێـر.

مامۆسـتا فەرهـادی کۆمەڵێـک بەرهەمـی پوخـت و پـڕ چێـژی چـاپ و بڵاوکردۆتـەوە، لـە وانـە (دیـداری غوربـەت و زامداریـی نیشـتمان) سـاڵی ٢٠١٤، مێـژووی یەکێتـی نووسـەرانی کـورد. کورتـە بـاس، هەروەهـا کۆمەڵـە تەنـزە چیرۆکێکی سەرنجڕاکێشیشـی بـە نـاوی (ماجـەرای دختـۆر کاکـۆی سـەگەوان) لـە ٢٠٢٠ بڵاوکردۆتـەوە، پێشـتریش دیوانـە شـیعرێکی بەنـاوی (چۆڕاوی تریفە)



**لە ڕاستەوە: ئیدریس لاوە، لوقمان بەرزنجی، ئەبوبەکر خۆشناو، عادل موراد، دلشاد عەبدوڵڵا، عەزیز گەردی، کەریم دەشتی، جەلال بەرزنجی، موحسین ئاوارە، عەبدولرەحمان فەرهادی، فەرهاد پیربال، فەرید زامدار، وێنەکە هی ساڵیادی کوردستانی نوێیە لە هەولێر ساڵی ١٩٩٦**



**مامۆستا فەرهادی ڕێزی لێدەگیرێت لە لەیەن خانەوادەی شاعیری نەمر حەسیب قەرەداغی**

لە ٢٠١٧ چاپکردووە کە بریتییە لە کۆشیعرەکانی مامۆستا عەبدولڕەحمان فەرهادی کە لە بەرگێکی قەشەنگ بە قەوارەی (١٧٦) لاپەڕەیە و لەسەر ئەرکی وەزارەتی ڕۆشنبیری چاپکراوە و ئێستا لە کتێبخانەکانی کوردستان دەستدەکەوێت.

مامۆستا فەرهادی سەرەڕای ئەوەی وەکوو سەرپەرشتیاری فیزیا لە ٢٠٠٥ەوە لە بەڕێوەبەرایەتیی پەروەردەی هەولێر بەردەوامە لە خزمەتی پەروەردە و زانست و پێگەیانی دەیان نەوە لە قوتابی و مامۆستا لە شاری هەولێر و بەردەوامیشە لە سەرۆکایەتی کردنی یەکێتیی نووسەرانی کورد لقی هەولێر، هەرچەندە بێ بودجە و کەم دەرامەتن، بەڵام پەکی نەخستوون لە بەردەوام بوون لە جموجۆڵ و چالاکیی ڕۆشنبیری، هەروەها لە ڕێز لێنان و ماتەمینی ساڵیادی شاعیران و نووسەرانی کورد لە ناو شاری هەولێر و دەوروبەری، ناوبراو پەیوەندیەکی پتەوی لەگەڵ هەموو شاعیر و نووسەرانی هەولێر و کوردستان هەیە، پیاوێکی ڕەوشت بەرزە و جێگای متمانەی هەموو لایەکە، بۆیەش ئەوەتا دەبینن خانەوادەی شاعیری گەورەی کورد نەمر (حەسیب قەرەداغی) و ڕێکخراوی کوردستان دیالۆگ



لە یەکەمینساڵیادی ئەو شاعیرە لە رۆژی ٢٠٢١/١١/٢٤ لە ڕێوڕەسمێکی شایستە ڕێز لە مامۆستا فەرهادی دەگرن و وێنەی ڕێز لێنانەکەشم هاوپێچ کردووە.

لای هەموومان. ئاشکراشە کە بەرهەمی شاعیران هەمووی وەکو جگەرگۆشەیە، نۆبەرەش زێدە خۆشەویستە، بۆیە کە مامۆستا فەرهادی یەکەم شیعری خۆی واتە نۆبەرەی شیعرەکانی لە ژمارە ٢٦ی گۆڤاری کاروان بڵاوکردۆتەوە، بە دڵنیاییەوە زۆر لای خۆشەویستە بۆیە وا منیش تەواوی پارچە شیعرەکە لە گەڵ پۆستەکەم هاوپێچ دەکەم.

مامۆستا عەبدولڕەحمان فەرهادی هێشتا هەر قوتابی دواناوەندی بووە لە پۆلی پێنجەمی زانستی کە ئەم پارچە شیعرەی لە گۆڤاری کاروان بلە ساڵی ١٩٨٤ بڵاوکردۆتەوە:

**چەندی چاوەڕوانم کردی**


**ئارەقی ڕەش و شینم دانا**

**تۆ نەهاتی**

**چەندی قسەو یادی دێرینت بیسترا**

**چەندی شیعر و گۆرانی نوێ**









بەرهەمەکانی عەبدولرەحمان فەرهادی

به تۆی شیرین هەڵبەسترا
تۆ نەهاتی
چاو هەر چەند بینایی مابێ چاوەڕێتە
دڵ هەر چەندە عیشقی جوانی نیگای تۆیێ
هەر دەم بەندێکی ژێر پێتە
هەموو جەستەم ساردو سڕوماندوو بووە
کەچی جێگای کۆنە زامی جارانی تیا وون
نەبووە
تۆ نازانی
هەموو کات و زەمانم لە چاوەڕوانیت سەرف
دەبێ
تۆ نازانی بە هاتنت
کۆنە زامی دێرینی جەستەم وون دەبێ ؟
تۆ نازانی بە هاتنت
ئاگری خۆشەویستی تۆ
گەشتر دەبێ ؟

**وەرە گیانە**

**چاوەکانم لە تەنیا چرکەیەک دا**

**سەدان هەزاران  جار**

**نیگای جوانی تۆ دەکیشێ**

لە کۆتاییدا تەمەن درێژی و سەرفرازی بۆ نووسەر و شاعیری گەورەی کورد کاک عەبدولڕەحمان فەرهادی و هەموو ئەو بەڕێزانەی ناویان لە پۆستەکە دا هاتووە، ئەوانەشی نەماون لە ژیان ڕوحیان شاد و ئارام بێت.

تێبینی: وێنەکان و هەندێ زانیاری لەم  سەرچاوانە وەرگیراوە:

کوردیپیدیا، ویکیپیدیا، لاپەڕەی مامۆستا عەبولرەحمان فەرهادی، زانیاری خۆم.




# ئازاد عەبدولواحید

ئـازاد عەبدولواحیـد نووسـەر و وەرگێـڕ و توێـژەر و ڕۆژنامەنـووس و سەرنووسـەری گۆڤاری (ڕامـان) کاک ئازاد عەبدولواحید بەسـەر دەکەینەوە.

نـاوی تـەواوی ئـازاد عەبدولواحیـد کـوڕی حەمەسـدیقی باخچەوانـە، باپیـری کـوڕی (عەبدولـڵا بەگیخانـی) یـە، هەرچەنـدە باوکـی کۆییـە، بـەڵام دایکـی هەولێرییـە، لـە کاتـی لـە دایکبوونـی، باوکـی دایکـە هەولێرییەکـەی دەباتـەوە ماڵـی خـەزوری کـە لـە تەیـراوە بـوون، لـەوێ دایـان دەنـێ، بۆیـە لـە گەڕەکـی تەیـراوە لـە شـاری هەولێـر لـە ڕۆژی ١٩٥٨/٥/١٧ لـە دایـک بـووە. لای هەمووومـان ڕوون و ئاشـکرایە کـە ڕێکخسـتنەکانی مەدەنـی و سـەربازی پارتـی دیموکراتـی کوردسـتان بنچینـەی بزووتنـەوەی چەکداری شـۆڕش ١١ ی ئەیلوولـی سـاڵی (١٩٦١)ـە، باوکـی کاک ئـازاد عەبدولواحید لـە سلکی سـەربازی لـە ڕێکخسـتنە نهێنییەکان - کەرتـی سـەربازی لێپرسـراوی هێڵێکـی گرنگ بـووە و نەیویسـتووە بەشداری شـەڕ بکات، بە فێڵـی نەخۆشـی چووەتـە نەخۆشـخانەی ڕەشـیدی سـەربازی لـە بەغدا، بـەڵام دیـارە لـەوێ ناسـیویانە و کوشـتوویانەو لـە شـەهادەی وەفاتەکـەی نووسـراوە خوێنـی ژەهـراوی بـووە.



**مەحمود زامدار - جابر پیرداود - ئازاد عەبدولواحید**

ئەو کات ماڵیان لە (حبانیە) بووە، (حەمەسەعید تەماتە) کە خاڵی باوکی بووە، ماڵەکەیان دەهێنێتەوە هەولێر بۆ ماڵی باپیری، واتە ماڵی باوکی دایکی، باوکی لە سەرەتادا لە حیزبی تەحەڕوڕ بووە، کە ڕووکارێکی حیزبی شیوعی عێراقی بووە، لە پاش کۆنگرەی سێیەمی پارتی دیموکراتی کوردستان دەبێتە ئەندامی پارتی دیموکراتی کوردستان. دۆستایەتی لەگەڵ شاعیر و ڕۆشنبیرانی کۆیە، وەکوو دڵزار و دڵدار و تایەر تۆفیق و سامی عەوداڵ و عوسمانی مام یحیا و کەریم شارەزا و جەلال جۆبار و عەبدولکەریم شێخانی و جابر پیرداود و زۆرانی دیکەدا هەبووە. لە ساڵی ١٩٦٣ بە حوکمی وەزیفەی مامی ماڵیان دەچێتە بەغدا لە ناوچەی (علویة) دەگیرسێنەوە، دواتر لە گەڕەکی (باب الشیخ)، لە تەنیشت مەرقەدی شێخ عەبدولقادری گەیلانی نیشتەجێ دەبن، دیسان ماڵیان دەگوازرێتەوە گەڕەکی (ڕخێتە) لە وێ دەچێتە قوتابخانەی (ابی تمام) کە لە شەقامی ئەبو نەواس بووە، تا پۆلی چوارەم لەوێ دەخوێنێ، ئەوجا ماڵیان دێتەوە هەولێر و لە قوتابخانەی (الاخوة) لە سەر ڕێگای عەنکاوە بە زمانی عەرەبی دەخوێنێ. لە ساڵی ١٩٦٨ دیسان دەگەڕێنەوە بەغدا و لە ناوچەی

(النهضة) لە گەڕەکی (الخندق) نیشتەجێ دەبن و دەچێتە قوتابخانەی (ئیبن سینا)، پۆلی پێنجەم تەواو دەکات و دەگەڕێنەوە هەولێر، لە قوتابخانەی خەبات پۆلی شەشەم تەواو دەکات، کاک ئازاد عەبدولواحید لە تەواوکردنی قۆناغی سەرەتایی ماندوو بووە و دەردەسەرییەکی زۆری چەشتووە، جگە لە سەختی ژیان لە بەغدا لە ساڵەکانی شەستەکان، بەڵام سوودیشی بۆ ئەو هەبووە کە هەر زوو زۆر باش فێری زمانی عەرەبی بووە و دواتر بۆ خوێندنەوەی خۆی سوودی لێوەرگرتووە. قۆناغی ناوەندی لە ناوەندی سەلاحەددین و ئامادیی لە ئامادەیی هەولێر تەواو دەکات و وەک فەرمانبەر لە ئەمینداریێتیی گشتیی شارەوانی و گەشتوگوزار دادەمەزرێ، ئەم جارەیان دیسان دەکەوێتە ژێر چاودێری ڕژێمی بەعس، ئیدی ناچار دەبێت خۆی بگوازێتەوە (هەیئەی گشتی کشتوکاڵ و ئاودێری)ی سولەیمانی بە وەزیفەی (مدقق مالي) دەست بەکار دەبێت.کاک ئازاد عەبدولواحید لە تەمەنی ١٦ ساڵییەوە دەستی بە نووسین کردووە، یەکەمین بەرهەمی بە ناوی (گراهام گرین)ی ڕۆماننووس لە ڕۆژنامەی (هاوکاری)دا بڵاو کردووەتەوە، دووەم نووسینیشی لە بارەی (چیخەڤ) هەر لەو ڕۆژنامەیەدا بڵاوکردووەتەوە. لە ساڵی ١٩٧٦ یەکەم بەرهەمی خۆی بە ناوی (ئەختەر شاعیری جوانی و دڵداری) چاپ کردووە کە نووسەری گەورەی کورد مەحموود زامدار پێشەکی بۆ نووسیوە، ناوبراو لە زۆربەی زۆری ڕۆژنامە و گۆڤارە کوردی و عەرەبییەکاندا بەرهەمی جۆراوجۆری لە بواری لێکۆڵینەوە و وەرگێڕان و ڕەخنە و ساغکردنەوەی دیوانی شاعیرانیش هەتا شوێنەواریش بڵاکردووەتەوە، نووسەر بەرهەمی خۆی لەم گۆڤار و ڕۆژنامانەدا بڵاوکردووەتەوە (ڕۆشنبیری نوێ، بەیان، ڕۆژی کوردستان، هاوکاری، الأقلام، التآخي، العراق، خەبات، طريق الشعب، الفكر الجديد، پرۆژە، پاشکۆی عێراق، کادیر، کاروان، ڕامان، برایەتی، کوردستانی نوێ، المواطن، گولان، گوڵانی



مەهاباد، ٢٠١٩، لە دووکانی نەوارفرۆشییەکەی، لەگەڵ هونەرمەندی گەورە عەزیز شاهروخ



**مەهاباد، ساڵی ٢٠١٧، ماڵی کاک ئەحمەدی قازی کە بە نیازی سازکردنی هەڤپەیڤینێک لەوێ بووم، بڕیاریش بوو کاک مستەفا قازی برا گەورەی بۆ نانی نیوەڕۆ(نەهار) بێتە ئەوێ، برایانم: ناسری وەحیدی، د. ڕەهبەری مەحمموودزادە، موڕادی ئەعزەمی لە بۆکان و شنۆوە بە پرسیار و سۆراخ منیان دۆزییەوە و پێیان شاد بوومەوە.**

عەرەبی، تریفە، نواڵە، چاودێر، دیموکراتخوازان...).


لە ساڵی ١٩٩٤ لە بڵاوکراوەی گوڵان وەکوو نووسەر - موحەریر دەست بەکار بووە و لێپرسراوی ڕادیۆی گوڵان بووە، لە ١٩٩٦/٦/١١ لەگەڵ دەرکردنی یەکەمین ژمارەی گۆڤاری ڕامان وەکوو بەڕێوەبەر و لێپرسراوی یەکەمی ئەو گۆڤارە دەست بەکار بووە کە تا ئێستا (٢٩٤) ژمارەی لێ دەرچووە کە بە یەکەمین گۆڤاری هزری و کولتووری و ئەدەبی و ڕەخنەیی دەژمێردرێت. کاک ئازاد عەبدولواحید لە کاتی نهێنییەکان بەردەوام وتار و لێکۆڵینەوەی بە ناوی خوازراو (مستعار) بۆ بڵاوکراوەکانی شاخ ناردووە بە ناوەکانی (تەوار، ژیوار، واژام) کە ئەمانە هەر سێکی ناوی منداڵەکانیەتی (خوا تەمەن درێژیان بکات). ناوبراو یەکێک بووە لە دامەزرێنەرانی سەندیکای ڕۆژنامەنووسانی کوردستان و دوو ساڵ لە لیژنەی ئامادەکردن و دوو ساڵیش لە ئەنجوومەنی سەندیکاکە بە خۆبەخشی کاری کردووە. ناوبراو جگە لە نووسین لە بەستنی کۆڕ و کۆبوونەوەکان بەردەوام بووە بۆ ناساندنی بەرهەکانی و بۆ ئەو جموجووڵانەی کە یەکێتیی نووسەرانی کورد چ لە ساڵیاد، یان لە ڕێز لێنانی نووسەر و شاعیران بەستوویانە،























کاک ئازاد عەبدولواحید لە ساڵی ١٩٧٦ یەکەمین کۆڕی بۆ لێکۆلینەوە و شیکردنەوە و شرۆڤەکردنی سێ دیوانی شیعری شاعیری گەورەی کورد عەبدوڵڵا پەشێو سازکردووە کە ڕەوانشاد عەبدولغەنی عەلی یەحیا

پێشکەشکاری کۆڕەکە بووە.ئەو زیاتر لە ٥٠ ساڵە خزمەتی ئەدەب و زمان و وشەی کوردی کردووە و دەکات، زیاتر لە (٤٢) کتێبی بە چاپ گەیاندووە و (١٢) بەرهەمیشی ئامادەیە بۆ لە چاپدان، وا لە خوارەوە هەندێکیان دەخەینە ڕوو، بەرهەمەکانی کە لە چاپی داون ئەختەر (شاعیری جوانی و دڵداری) ساڵی ١٩٧٦، هەولێر لە سەر ئەرکی خۆی لە چاپی داوە، أضمام قزحية من الشعر الكردي الحديث، بەغدا چاپخانەی الحوادث ساڵی ١٩٨٠ لە سەر ئەرکی کتێبخانەی ئاسۆ لە کەرکوک (١٦٠) لاپەڕەیە، دیوانی شێخ نووریی شێخ ساڵح بەرگی یەکەم، بەغدا، ساڵی ١٩٨٥ لە سەر ئەرکی نووسەر چاپکراوە (٣٥٦) لاپەڕەیە، بەرگی دووەم بەغدا، ساڵی ١٩٨٩ چاپخانەی دار الجاحظ، لە سەر ئەرکی دەزگای ڕۆشنبیریی و بڵاوکراوەی کوردی، چاپخانەی دار الجاحظ (٥٨٤) لاپەڕەیە، بەرەو یەکگرتنەوەی دامودەزگاکانی ڕاگەیاندنی کورد، سولەیمانی چاپخانەی شەهید ئازاد، چاپی یەکەم، ساڵی ١٩٩٢، لە چاپکراوەکانی پارتی سەربەخۆیی دیموکراتی کوردستان (پاسۆک)، (١٠٠) لاپەڕەیە، پشکۆ و خۆڵەمێش، چاپخانەی وەزارەتی ڕۆشنبیری ١٩٩٧، (٣٠٠) لاپەڕەیە، کولتوور و ناسنامە، هەولێر ساڵی ٢٠١١ چاپخانەی ڕۆشنبیری (٢٥٠) لاپەڕەیە، تاد....). کاک ئازاد عەبدولواحیدی نووسەر و توێژەر و وەرگێر و ڕەخنەگر و ڕۆژنامەنووس ئێستا جێگری سەرۆکی یەکێتیی نووسەرانی کوردە/ مەڵبەندی گشتی و بەڕێوەبەر و سەرنووسەری گۆڤاری (ڕامان)ـە.


لەگەڵ مامۆستا باکووری لە ماڵی کوڕەکەی (د. سەبا) بە بۆنەی جەژنی لە دایك بوونی لە ٢٠٢١/١١/٥ کە تەمەنی (٩١) ساڵی تێپەڕاند

تێبینی: وێنەکان و هەندێ زانیاری لە نووسەر خۆی وەرگیراوە، لەگەڵ هەندێ زانیاری خۆم.




# مەلا مەسعودی بێبەش

شاعیری گەورەو ناوداری کورد مەلا مەسعودی بێبەش ناوی تەواوی (مەلا مەسعود کوڕی حاجی عەبدوڵلای شەناغییە) بە ئەصل لە خێلی شوانن ، باوکی زۆر لە کۆنەوە هاتۆتە شاری هەولێر لە لای مەلا ئەبوبەکری ئەفەندی کە بە مەلای (گچکە) ناسراوە خوێندنی ئایینی تەواو دەکات و لە پاشان ماوەیەکی درێژیش دەچێتە لای مەلای گەورە لە کۆیە و ئیجازەی مەلایەتی وەردەگرێت و دەبێتە مەلا لە مزگەوتی گەورەی ناو شاری هەولێر ، مەلا مەسعودی بێبەش لە ١ / ٧ /١٩٣٢ لە گەڕەکی سەعدوناوەی هەولێر لە دایک بووە تا پۆلی شەشەمی سەرەتایی خوێندووە لە تەک خوێندنی حوجرە لای باوکی هەر زوو خوێندنی ئایینی تەواو کردووە بووە بە مەلا و پێش نوێژ لە مزگەوتی خەلیفە خالید لە گەرەکی سەعدوناوە لە تەنیشت مالەکەی خۆی ، لەسالی ١٩٥٦ بۆ یەکەم جار تەجویدی قورئانی پیرۆزی وەرگێراوەتە سەر زمانی کوردی ، مەلا مەسعود بێبەش پەیوەنیەکی بتەوی لە گەل بنەمالەی بە رێزو ناوداری شاری هەولێر خوالێیخۆشبێت (رەشاد موفتی) و براکانی و نەوەکانی هەبووە وەکوو خوالێیخۆشبێت نەجمەدین موفتی و کاک ئیحسان و کاک کەنعان (خوا تەمەن درێژیان بکات) ، وە هەروەها پەیوەندی باشی هەبووە لەگەل خانەوادەی شێخ عەبدولکەریمی دارەخورمایێ بە تایبەتی لە گەل کاک ئەحمەد و خوشکە زاکەیان شێخ لەتیف




بەرزنجی ، مـەلا ماسـعود بێبـەش پەیوەنـدی لەگـەل هەمـوو لـێ پرسـراوانی حکومـی و نـا حکومـی بـاش بـووە هەمـوو چیـن و توێژەکانـی شـاری هەولێر ڕێزیـان گرتـووە ، وە جێگای متمانـەو بـاوەڕی شـاعیرو رۆشـنبیران بـووە بـە تایبەتـی بورهـان جاهیـدی شـاعیرو پیربـال مەحمـودی شـاعیر ، بێبـەش لـە شـیعرەکانی و چوارینەکانـی و پێنـج خشـتەکیەکانی کەوتۆتـە ژێـر کاریگـەری شـاعیرانی پێـش خـۆی بـە تایبەتـی شـێخ رەزای تالەبانـی چونکـە زۆر لـە شـیعرو چوارینـەو پێنج خشـتەکیەکانی بە شـێوەی (هەجو) ن ،مـەلا ماسـعود بۆ دەربڕینـی هەسـت و نیـازو نارەزاییەکانـی پەنـای بردۆتـە شـێوەی هەجـو .

لـە سـالی ١٩٨٤ مـەلا مەسـعود بێبـەش لەگـەل خوالێیخۆشـبێت کاکـە شـێخ لەتیـف بەرزنجی هاتنـە لام بۆ چاپ کردنـی پێنج خشـتەکیەکانی منیش وەکـوو ئاسـاییم وەعدم پـێ دان و بـە ماوەیەکـی کـورت بـۆم گەیانـدە بەغداو بـۆم چـاپ کـردوو بۆشـم دابـەش کـرد ، جارێکـی تریـش لـە سـالی ١٩٨٦ بەرێـز مـەلا مەسـعود هاتـەوە لام بـۆ چـاپ کردنـی چـوار خشـتەکیەکانی دەیسـان بـە رێـزەوە وەعـدم پێـدا ، بـەلام ئەمجارەیـان زۆر دووا کـەوت ، چونکـە ئێمـە لـە بەرێوەبەرایەتـی رۆشـنبیری و لاوان تـازە چاپخانـەی خۆمـان کڕیبـوو بـەلام بیناکـەی هەنـدێ کاری تیـا مابـوو وە ئێمـەش بـە چاوەڕوانـی فەنیەکانـی ئەلمانـی بوویـن بێـن و بۆمـان ببەسـتن و بـە کاری بخـەن و

هەندێ کەوادیری ئێمەش تەدریب پێ بکەن، ئەمە لە لایەک لە لایەکی تریش من بانگ کرام بۆ (عەسکەڕی ئیحتیات) ، کارەکانم دران بە هاوڕێ خۆشەویستم خوالێیخۆشبێت کاک سەردار میران ئەویش وەعدی دا هەر کە چاپخانەکەمان کەوتە کار یەکەم کیتاب هی مامۆستا مەلا مەسعود چاپ بکرێت ، ئەوە بوو کاک سەردارلە سالی ١٩٨٨ بۆی چاپ کردوو بۆشی دابەش کرد . لە سالی ١٩٧١ خوالێیخۆشبێت مەلا مستەفا بارزانی نەمر مەلا مەسعودی بێبەش لە سەر حیسابی خۆی دەنێرێتە (لەندەن) بۆ عیلاج لە نەخۆشیەکەی کە نەخۆشی (صرع) بوو ، دوکتۆرەکە کە بێبەش دەبینێت بە جلی کوردی و سەرو هەوریەکەی (دیارە وەرگێریان هەبووە) لێی دەپرسی ئەتۆ چ کارەی ئەویش دەڵێ من شاعیرم ، دوکتۆرەکە پێی دەڵێ دە شیعرێکم بۆ بڵێ ئەویش ئەو چوار خشتەکییەی خوارەوە بۆ دەڵێت:

**چاوی قەلبی مردووە کورد یا هەروەها خولقاوە کورد**

**هەر دەبێ ژێر دەستی خەلک بێ شەرتە تاکو ماوە کورد**

**سەیرە (بێبەش) چت نەزانیووە ئەی غەشیمی خاک بە سەر**

**پیشەییێتی خەلک ئەیبینێ غەیری خۆی وەک چاوە کورد**

دوکتۆرەکە پێی دەلێ تۆ ئەو هەست و ئیلهامەو خەم خواردنی






میللەتەکەت هەلگرتووە چۆن تووشی نەخۆشی صرع نابیت ؟ نێو چاوانی ماچ دەکاو ئیتر چارەسەری بۆ دەنووسێت ، لە ڕۆژی ١١ / ٥ / ١٩٩٨ دڵە گەورەکەی بێبەش لە لێدان دەکەوێت و کۆچی دوایی دەکات ، هەزار ڕەحمەت لە گۆڕی شاعیری نەمر مەلا مەسعود بێبەش و هەموو ئەوانەی لەم پۆستەدا ناویان هاتووە جیگایان بەهەشتە إن شاء اللە ، ئەوانەشی ماون لە ژیان خوا ساغ و سەلامەت و تەمەن درێژیان بکات .

تێبینی: هاوڕێم کاک عەبدوڵڵای مەلا مەسعود گلەیی وگازاندەی هەیە کە پشت گوێ خراوان و هێشتا دەست نووس و ڕەش نووسی مەلا مەسعود بێبەشی باوکی ماوە ناتوانی چاپی بکەن ، داوا لە بەرێوەبەرایەتی ڕۆشنبیری سەر بە وەزارەتی ڕۆشنبیری و ڕاگەیاندن دەکەین ئاورێکی لێ بدەنەوە و بۆی چاپ بکەن خۆ ئەو دەستنووسانەش سەروەت و سامانی ئەدەب و مێژووی کوردین ، هەر بۆ زانیاریش مەلا مەسعودی بێبەش برا گەورەی شاعیر و نووسەری گەورەی کورد مەحمود زامدارە .

سوود لەم سەرچاوانە وەرگیراوە:

هەندێ زانیاری عەبدوڵڵای مەلا مەسعود بۆی ناردووم ، زانیاری خۆم .



# نووسەرو شاعیر فەرهاد شاکەلی

شاعیری شیعری نوێخواز، نووسەر و ڕۆژنامەنووس، ئەکادیمی و مامۆستای زمان و ئەدەبی کوردی لە زانکۆی (ئوپسالا) ی سویدی، فەرهاد شاکەلی بە سەر دەکەینەوە

فەرهاد شاکەلی لە ساڵی ١٩٥١ لە ناوچەی شاکەلی سەر بە قەزای کفری لە خانەوادەیەکی کوردپەروەر لە دایک بووە، شاکەلی یەکێکە لەو شاعیرانەی کە بەشدار بووە لە بزووتنەوەی شیعری نوێخوازی کوردی کە لە سەرەتای حەفتاکانی سەدەی ڕابردوو بە بزووتنەوەی (ڕوانگە) ناسرا بوو، ئەم بزووتنە نوێخوازیەی شیعری کوردی ناحەز و نە یارانی زۆر بوو، بۆیە هەر زوو لێیان بە خۆ کەوتن و گەمارۆیان دان و لە شوێنی خۆی پووکاندیانەوە.

فەرهاد شاکەلی خوێندنی دواناوەندی لە کفری تەواو کردووە چۆتە بەشی کوردی کۆلێژی ئادابی زانکۆی بەغداو لە ساڵی ١٩٧٥ تەواوی کردووە، لە ساڵی ١٩٧٤ بۆتە پێشمەرگەی کوردستان لە بواری ڕاگەیاندنی شۆڕش کاری کردووە، دوای هەرەس هێنانی شۆڕش هاتۆتەوە کوردستان ماوەیەک خەباتی نهێنی کردووە و دواتر لە ڕێگای بیابانەوە چۆتە سووریا و ماوەیەک کاری سیاسی کردووە، لە ساڵی ١٩٧٧ وازی لە کاری سیاسی



لە لای ڕاستەوە: نووسەر و ڕووناکبیری گەورەی کورد مەسعود محەمەد، شاکەلی.

هێناوە و ڕووی لە ئەوروپا کردووە، لەوێ دەستی کردووە بە خوێندنی زمان و ئەدەبی ئینگلیزی و زمانەکۆن و تازەکانی ئێرانی، وەکو مامۆستای زمان و ئەدەبی کوردی لە زانکۆی (ئوپسالا)ی سویدی دەست بە کار بووە.

یەکەم دەسپێکی شیعری فەرهاد شاکەلی ساڵی ١٩٦٧ بووە ئەو کاتەی چەند پارچە شیعرێکی لە ڕۆژنامەی دەنگوباس و کاری میللی کە لە بەغدا دەردەچوون بڵاوکردۆتەوە، زیاتر لە (٤٠) کتێبی لە دیوانی شیعری و کورتە چیرۆک و زمان و فەرهەنگ و لێکۆڵینەوە و وەرگێڕانی شاکارە جیهانیەکان لە چاپداوە و بڵاوکردۆتەوە، زۆریش لە بەرهەمەکانی وەرگێڕدراونەتە سەر زیاتر لە (٦) زمانی بیانی وەکو زمانی ئینگلیزی و فەرەنسی و دانمارکی و سویدی و فارسی و عەرەبی.



لە لای ڕاستەوە: شاکەلی، دوکتۆر کەمال مەزهەر




ناوبراو جگە لەوەی مامۆستای زمان و ئەدەبی کوردی بووە لە زانکۆی (ئوپسالا)ی سوید بە بەردەوامی کۆڕ و کۆبوونەوەی ئەدەبی و زمانەوانی لە سوید و وڵاتانی دەوروبەری و کوردستان گێڕاوە، لە ساڵانی ١٩٨٥- ١٩٩٦ گۆڤاری مامۆستای کوردی بڵاوکردۆتەوە کە گۆڤاریکی فەرهەنگی و فیکری بووە بە تیکڕایی (٣١) ژمارەی لێدەرچووە، لە هەمان کاتدا لە ساڵی ١٩٨٥- ١٩٨٨ گۆڤاری (Svensk kurdish Journal) بە زمانی سویدی دەرکردووە، غەزەلێکی شاعیری نەمر مەلای جزیری و چەند پارچە شیعرێکی لە بەرهەمی (١٤) شاعیری تری کوردی وەرگێڕاوەتە سەر زمانی ئینگلیزی و لە گۆڤاری (The Internationel Journal of Kurdish Studie) لە ئەمەریکا بڵاوکردۆتەوە، دوو دێڕ شیعری مەولانا جەلالەدینی ڕۆمیشی کردۆتە ئینگلیزیە.



**لە لای ڕاستەوە: شاکەلی، هەژاری شاعیر**



لەلای ڕاستەوە: شاعیر شاکەلی، نەجمەدین عەزیز

فەرهاد شاکەلی زۆر چالاکانەو ئەکادیمییانە بەشداری لە پێشخستنی زمان و ئەدەب و فەرهەنگی کوردی کردووە ئەمانەش هەندێ لە بەرهەمەکانییەتی: (دەرزیئاژن - پەیوەندییە نایەکسانەکانی ئێمە و ڕۆژئاوا لە ڕوانگەیەکی فەرهەنگی و سیاسییەوە، Tarar och konst هەڵبژاردەی شیعرەکانی گۆران بە زمانی سوێدی، کوردایەتی لە مەم و زینی ئەحمەدی خانیێ Kurdish Nationalism in Mam u Zen کە وەگێڕدراوەتە سەر زمانەکانی سوێدی و تورکی و کوردی- ئەلفۆنس و جانەوەرەکە، اوتار الثنائی- او حزن حبة رمل فی زوبعة - شیعری نوێ کوردی جەلال زەنگابادی کردوویەتە عەرەبی، برزخ ستاره سنگ - کۆمەڵە شیعرێکی شاکەلیە کە بریتیە لە (٥٩) پارچە شیعر لە دوو سێ دیوانە شیعری ناوبراو، بەڵام بەشی زۆری لە دیوانی (ژێ) وەرگرتووە کە قەسیدەی ژێشی لەگەڵە ئەم قەسیدەیە درێژترین قەسیدەی شیعری کوردیە کە تەنها وەرگێڕانەکەی (٥٦) لاپەڕەیە کە نووسەر محەمەد ڕەئوف موڕادی وەریگێڕاوەتە سەر زمانی فارسی، گدار تاریکی ئەویش وەرگێردراوەتە سەر زمانی فارسی لە لایەن کامبیز کەریمی شاعیری ڕۆژهەڵاتی کوردستان کە (١٧) هۆنراوەیە، بلاچەیەک درز دەخاتە تاریکە شەوی تەمەنم، بۆنی تاریکی - کورتە چیرۆک، بە نێو مەرگدا





ناوبراو بە جلی پێشمەرگە

دەڕۆم بەرەو پاییز بوو – گۆستافسۆن شیعر – شاکەلی کردوویەتە کوردی، پاریا – ئاوگوست ستریندبێری لە سویدیەوە وەریگێڕاوەتە سەر زمانی کوردی، پرۆژەی کودەتایەکی نهێنی، چاوپێکەوتنێکی تیشکهاوێژ لەگەڵ فەرهاد شاکەلی، چەند لێکۆڵینەوەیەکی فیلۆلۆژی دەربارەی زمانی کوردی (دیالیکتی سلێمانی) – ئەلیکساندەر خۆدزکۆ نووسیویەتی و نەجاتی عەبدوڵلا لە فەرەنسیەوە کردوویەتیە کوردی پێشەکی و پێداچوونەوەی فەرهاد شاکەلی، دەبڕۆ، سەگی ئازام، دەبڕۆ – لێکۆڵینەوە لە شیعری شێخ ڕەزای تاڵەبانی، دەنگی ڕووناکی لە گێتییەکی تاریکدا، زمانی گەردەلوول، خەونی شنەبا . کۆمەلە دیدارێکە لەسەر شیعر – فەرهەنگ – زمان – تەسەوف – رۆژهەڵاتناس – ژن – ڕەخنەی ئەدەبی –ڕووناکبیری – دەسەڵات ١٩٩٠ – ٢٠١٠، زمانی کوردی لە ئاستانەی سەردەمێکی تازەدا، ژێ دیوانی شیعر ٢٠٠٠، شنەی کۆساران – فەرهاد شاکەلی و سەید عەبدوڵلای سەمەدی، فەرهاد شاکەلی و کتێبی – کورتە چیرۆکی کوردی – بە زمانی ئینگلیزی محەمەد سالح تەوفیق، گوڵە گەنمی زێڕین – د، ن. مەکینزی – فەرهاد





بەرهەمەکانی ناوبراو.




**بەرهەمەکانی ناوبراو.**

شاکەلی و خەبات عارف وەریان گێڕاوەتە سەر ئەلفو بێی کوردی، گێڕانەوەی مۆدرێنی کوردی وەرگێڕان لە ئینگلیزیەوە محەمەد خەزری ئەقدەم، نوختەی نونەکەی ژیان ٢٠١٦ سلێمانی، نیگاری تۆ لە دیواری زیندانەکەم هەڵدەکۆڵم - سوید ١٩٩٤، نێلسون ماندێلا ئەو کوڕە شوانەی بوو بە سەر کۆمار نووسینی گوتیلا لوندگرێن و شەشتین گیدفۆش وەرگێڕانی لە ئینگلیزیەوە، هەموو رازی من ئاشکرایە و هەموو ئاشکرای تۆ راز سوید ٢٠٠١، هەمیشە بەهار عەلائەدین سوجادی - فەرهاد شاکەلی پێشەکی بۆ نووسیووە، رەفیق حیلمی لاپەڕەیەک لە ئەزمونی ڕووناکبیرانی کورد، کۆی بەرهەمە شیعرییەکانی فەرهاد شاکەلی، کە بازنەو لاکێشەکان











هەڵدەوەشێنەوە - ئاخاوتەی سیاسی و فەرهەنگی کوردی دوێنێ و ئەمڕۆ، ووتوێژی فەرهاد شاکەلی لەگەڵ هێمن موکریانی ١٩٨٥/٧/٢٥ لە ورمێ، زەوی دەکەم بە گوڵدانی تەڵێ شەوبۆ - سۆسیۆلۆژیای شیعری کوردی لە ڕووی پێوەرو ئاکاریەکانیەوە).

بیرەوەریەکانم لەگەڵ شاعیر و مامۆستای ئەکادیمی فەرهاد شاکەلی دەگەڕێتەوە بۆ (٥٠) ساڵ لەمەو بەر کە بە یەکەوە قوتابی بووین لە بەشی کوردی کۆلێژی ئادابی زانکۆی بەغدا و چوار ساڵی زۆر بە خۆشیمان ڕابووارد لەگەڵ هاوڕێکانی ترمان، کاک فەرهاد لە ساڵی ١٩٧٢ فیکر و بیرو هزری زۆر فراوان بوو بەرامبەر بە ڕووداوەکانی ئەوسا و بە تایبەتی لە بواری ئەدەب و زمان و خەباتی گەلان و ژنان و زۆر بابەتی تر، لە ساڵی ١٩٧٢ لە هۆڵی (ساطع الحصری) کۆڕێکی تایبەتی بۆ شاعیران فەرهاد شاکەلی و لەتیف هەڵمەت و سامی شۆڕش و ڕەفیق سابیر ساز کرا کە هەموو قوتابیانی بەشی کوردی و قوتابیانی کورد لە کۆلێژە جۆربەجۆرەکانی زانکۆی بەغدا ئامادە ببوون، پرۆفیسۆر عیزەدین مستەفا ڕەسوڵ سەرپەرشتی کۆڕەکەی دەکردوو هەڵسەنگاندنی بۆ هەموو تێکستەکان کرد، فەرهاد شاکەلی لەو کات ڕووناکبیرێکی بێ هاوتا بوو، ئێمەی قوتابیانی پۆلەکە هەموودەم

شانازیمان پێوە دەکرد.

فەرهاد شاکەلی لە هەولێر و شارەکانی تری کوردستان کۆڕ و کۆبوونەوەی زۆری بەستاوە و لە سویدیش کۆڕی شیعری و لێکۆڵینەوەی گێڕاوە.

شاعیر و نووسەر فەرهاد شاکەلی هەر سەرکەوتوو و سەرفراز بێ بۆ خزمەتی ئەدەب و زمان و فەرهەنگی کوردی.

وا دوو پارچە شیعری شاعیری گەورەی کوردپەروەر فەرهاد شاکەلی - تان بۆ دەنووسمەوە:

**کتێبەکەی دڵم**

باران بە چ زمانێک دڵی زەوی دەداتەوە ؟
با بە کامە ئەلفوبێ
نامە بۆ دەوەن و دار و دارستان دەنووسێت ؟
ئەی زەردەپەڕ بە چ جۆرە قەڵەمێک
تابلۆکانی خۆی دەڕەنگێنێ ؟
هیچم پێ مەڵێ !
هیچ وەڵامێکم لە تۆ ناوێ
تەنیا و تەنیا
شەوێک هەتا بەرەبەیان
کتێبەکەی دڵم بخوێنەوە !

* * *

**داستانی بنچکێک لە بیاباندا**

بنچکێکی تەڕ و سەوز، سەوزێکی خۆلاوی
قژ بژ و شەکەت و خەواڵوو
لە بیابانێکدا
بە دەم گڕە و بای ئاگراوییەوە

دەکەوێتە لەرینەوە ؛
سەمای هەڵکڕووزان،
سەمای سووتان،
سەمای مەرگ.
چنگ لە دڵی لمستان گیر دەکات
بۆ چۆڕێ شێ. ..
شەوانە، شنەبایەک لە دوورەوە دێت و
خەونێکی شینی بە سەردا دەپڕژێنێ
ئەمیان تۆیت و ئەویان من،
وەهایە داستانی من و تۆ لەم بیابانەدا

**سۆللەنتوونا – سوید ٢٠٠٩/١٠/٣١**

**سەرچاوەکان:**

سوود لەم سەرچاوانە وەرگیراوە: وێنەکان لە ماڵپەری شاعیر فەرهاد شاکەلی وەرگیراوە، کوردیپیدیا، کوردیپیدیا - ئینسۆکلۆپێدیای ئازاد، وتاریکی بەختیار سەجادی لە ٢٠١٧ لە گوگل وەرگیراوە، سایتی هەولێر - وتارێک لە ژێر ناونیشانی کوردو هاوسێکانی لە ٢٠١٩/٧/٤.
بیرەوەری و زانیاری خۆم.



## تحسین تەها

گۆرانیبێژی خاوەن هەڵوێست و کورد پەروەر تەحسین تەها، ناوی تەواوی (تەحسین تەها محەمەدە) لە گوندی بیبۆی سەر بە شارۆچکەی ئامێدی لە خانەوادەیەکی هونەری و کورد پەروەر لە رۆژی ٥/٢٥/ سالی ١٩٤١ لە دایکبووە، لە بەر ئەوەی باوکی فەرمانبەر بووە لە گەلێک لە شار و شارۆچکەکانی دەڤەری بادینان ژیاوە، بۆیە تەحسن تەها لە مانگیش و باتووفە و دهۆک خوێندوویەتی، لە سالّی ١٩٦٠ دواناوەندی تەواو دەکات، پاشان دەچێتە پەیمانگای هونەرە جوانەکان لە بەغدا، بەلّام بە بیانۆی جموجۆلی سیاسی دەگیرێت و لە خوێندن دوور دەخرێتەوە، بەهەمان شێوە لە سالی ١٩٦٣ جارێکی تر لە گەلّ خالێکی بە ناوی (عمر) لە لایەن رژێمی بەعس دەگیرێتەوە، بەلّام ئەمجارە بەر لێبووردنی گشتی دەکەوێت بەردەبێت.

تەحسین تەها بەردەوام دەبێت لە خوێندن لە پەیمانگای هونەرە جوانەکان و تەواوی دەکات و دەبێتە مامۆستای سروود (نشید) لە شارۆچکەی مەخموور، لەبەر ئەوەی باوکی شاعیر بووە بەشێک لە گۆرانیەکانی لە دانانی خۆیەتی لە وانە (ڕابە جوتیار، بەهدینان، چوومە زاخۆکێ).

لە نێوان سالانی ١٩٦٠-١٩٧٠ زیاتر لە (١٢٠) گۆرانی لە ڕادیۆی

کوردی بەغدا تۆمارکردووە، ئاوازی گۆرانیەکانی ناوبراو شێوازی میللی و کەلەپووری نەتەوایەتی و سیاسی وەرگرتووە، ژیانی دێهات و کوردەواری پێوە دیارە و تێکڕای هەلقولاوی ژیان و سروشت و عیشق و ئەویندارییە.

یەکەمین گۆرانی بە ناوی (ئەشکرا ناکەم یا لبەر ڤی دلێ) کە لە نووسین و ئاوازی خۆیەتی لە سالی ١٩٥٨ تۆماری کردووە و ناوبانگێکی زۆری دەرکردووە، ناوبراو جگە لە گۆرانی وەکوو ئەکتەریش بەشداری لە چەند کارێکی شانۆگەری و نواندن کردووە و یەکەمین کۆنسێرتی خۆی لە دوای ڕاپەڕین لە سالی ١٩٩١ لە دهۆک ئەنجام داوە، وە هەروەها لە نێوان سالانی ١٩٧٦-١٩٧٩ لە سێ ئۆپەرێتدا بە ناوەکانی (داستانی شۆڕش، ڕووباری ژیان، دەرگای ژیان) بەشداری کردووە و دەورێکی سەرەکی بینیووە لە گەل هونەرمەندان (سەلام مەحمەد عەدۆ، سوبحی کۆیی، تەحسین سابیر، جەودەت مەحمود، کوردۆ گەلالی، ئەسعەد عومەر، ئامانج یونس).

لە چاوپێکەوتنێکدا هونەرمەند و مۆسیقا ژەنی گەورەی کورد مامۆستا ئەنوەر قەرەداغی دەربارەی هونەرمەند و گۆرانی بێژ تەحسین تەها دەلێت



**لە ڕاستەوە: محمد جەزا - قادر زیرەك - فوئاد ئەحمەد - عارەب عوسمان - تەحسین تەها - فەخرەددین تاهیر**



(بە هونەرەکەی خزمەتێکی باشی بە هونەری نەتەوەکەی کرد، توانیوویە شوێنی خۆی لە ناو دڵی جەماوەرەکەی بکاتەوە و هەمیشە هەوڵیداوە کە قورسایی خۆی بپارێزێت و گۆرانیەکانی بەشێکی هێما بوو بۆ سیاسیەت و بەشێکی دیکەی بۆ سروشت و جوانی کوردستان، هاوکات هەڵگری خۆشەویستی بوو، بە پێویستی دەزانم کە ژیاننامەی مامۆستا تەحسین تەها لە ناو پەیمانگاکاندا وەکوو نموونەیەک لە گەڵ کارەکانی بەر جەستە بکرێت و ببێتە ئاستیکی بەراورکاری بۆ ئێستا و ڕابردوو، چونکە مۆسیقای ئەمڕۆ وەک ساندەویچ (لفە)ی خواردنی لێهاتووە کاتییە لە هزردا نامێنێتەوە، بەڵام گۆرانیەکانی ئەو هەمیشەییە و نەوە لە دوای نەوە دەیڵێنەوە).

هونەرمەند تەحسین تەها لە سالی نۆهەتەکان چۆتە وڵاتی هۆلەندا لە وێ بە ئاوارەیی ژیاوە تا لە ڕۆژی ١٩٩٥/٥/٢٨ بە نەخۆشی دڵ لە یەکێ لە نەخۆشخانەکانی ئەو وڵاتە کۆچی دوایی کرد و لە ڕۆژی ١٩٩٥/٦/٤ تەرمەکەی گەیشتۆتەوە کوردستان، ڕەوانت شاد بێت ئەی هونەرمەندی گەورە و کورد پەروەر.

تێبینی: وێنەکان و هەندی زانیاری لە:

کوردیپیدیا، ڕۆژ نیوز لە ٢٠٢٠/٢/٢٤، کورتە فلیمێکی NRT ٢ لە ٥/٢٨ /٢٠٢١ وەرگیراوە.



# هونەرمەند سەباح عەبدولڕەحمان

شانۆکار و نووسەری شانۆو دەرهێنەر و ئەکتەر، هونەرمەند سەباح عەبدولڕەحمان لە ساڵی ١٩٤٥ لە گەڕەکی تەیراوەی شاری هەولێر لە دایک بووە، پاش ساڵێک چوونەتە گەڕەکی کۆلانی عارەبان، خوێندنی سەرەتایی لە هەولێر تەواو کردووە، لە ساڵی ١٩٦١ کە حکومەتی ئەوسای عێراق دەستی کردووە بە بۆردومان کردنی کوردستان، لە هەولێر خۆپیشاندانێک کراوە کە حیزبی شیوعی عێراقی سەرپەرشتی کردووە و لە ژێر ناونیشانی ئاشتی بۆ کوردستان بووە، ناوبراو بەشداری تیا کردووە و فەرمانی دەستگیر کردنی بۆ دەرچووەو چۆتە بەغدا لە ماڵی پلکێکی لە ناوچەی (الكاظمية) نیشتەجێ بووە.

سەباح عەبدولڕەحمان کە دەچێتە بەغدا ساڵێکی خوێندنی لێ دەڕوات و پۆلی دوو و سێی ناوەندی لەوێ تەواو دەکات و ساڵی ١٩٦٣ دەچێتە پەیمانگای هونەرە جوانەکان، هەر لە کازمییە بە سەلاح قەسەب ئاشنا دەبێت و زیاتر خولیا و عیشقی تەمسیل و شانۆ دەبێت و ئەویش هانی دەدات، چوار ساڵ لە پەیمانگای هونەرە جوانەکان لەگەڵ هاوتەمەن و هاوپۆلەکانی وەکو (نزار السامرائي، فوزيە عارف، فوزيە الشندي، بهجت الجبوري)، بەشداری لە سێ کاری هونەری دەکات ئەویش ئەمانەن (یۆلیۆس قەیسەر، هاملێت، دەهالیز) کارەکانی لەسەر دەستی هونەرمەندە گەورەکانی



**لە لای ڕاستەوە: شاعیر و نووسەر نازم دڵبەند، هونەرمەند سەباح عەبدولڕەحمان، شاعیر و نووسەر عەبدولڕەحمان فەرهادی**

عێراقی بووە لەوانە (حمید محمد جواد، جعفر السعدی، صلاح القصب)، خۆ ئەو کات بە دەگمەن قوتابی کورد دەیتوانی بە زمانی عەرەبی نواندن بکات، بەڵام ناوبراو چونکە پۆلی دوو و سێی ناوەندی لە بەغدا خوێندبوو بۆیە زمانە عەرەبییەکەی زۆر باش و ڕەوان بووە، دەوری سەرەکیشیان داوەتێ لەم کارانەی باسمکردن.



سەباح عەبدولڕەحمان پاش تەواو کردنی پەیمانگای هونەرە جوانەکان دەچێتە ئەکادیمیای هونەرە جوانەکان هەر لە بەغدا ساڵێک دەخوێنێ، بەڵام لە بەر سەختی بژیوی ژیان و حەز کردنی بە کار کردن یەکسەر دەگەڕێتەوە هەولێر، لە ساڵی ١٩٦٨ دەبێتە مامۆستا لە شارۆچکەی رواندز.



سەباح عەبدولڕەحمان هێشتا هەر قوتابی سەرەتایی بووە حەز و ئارەزووی لە نواندن (تمثیل) بووە، هەموو ڕۆژی پێنج شەممەکان لە قوتابخانەکان کورتە تەمسیل کراوە لەسەر دەستی مامۆستای زمانی عەرەبی، چونکە ئەو کات خوێندن بە زمای عەرەبی بووە، ناوبراو بەشداری تیا کردووە، بۆ یەکەمین جار لەگەڵ گروپێک قوتابی کە مامۆستای دەرهێنەری شانۆیی ڕەوانشاد (صفوت الجراح) پێکیهێنابوو چۆتە سەر شانۆی هۆلی گەل لە هەولێرو بەشدار بووە لە شانۆگەری (هەر دەژین) کە بۆ ماوەی چوار ڕۆژ نمایش کراوەو خەلکێکی زۆری شاری هەولێر و قوتابیان ئامادە بووینە.

پاش بەیاننامەی ئاداری ساڵی ١٩٧٠ لەگەڵ چەند هونەرمەندێکی تر بەشدار بووە لە دامەزراندنی یەکەم تیپی هونەری هەولێر، لە ساڵەکانی ١٩٧١، ١٩٧٢ تا ١٩٧٨ یش زۆربەی بەرهەمەکانی شانۆ و شانۆگەری هەر هەمووی هی تیپی هونەری هەولێر بوو، یەکەم زنجیرەی تەلەفزیۆنی





کە لە بەغدا تۆمار کراوە و لە تەلەفزیۆنی کەرکوک نمایش کراوە زنجیرەی (فاڵچی) بوو کە لە نووسینی نووسەری کوردپەروەر حەمە کەریم رەمەزان هەورامی و دەرهێنانی سەباح عەبدولڕەحمان بووە.

سەباح عەبدولڕەحمان زیاتر لە (١٠٠) بەرهەمی هونەری هەیە لە دەرهێنان و نووسین و وەرگێڕان و تەمسیل کردن و خاوەنی (٥) دەقی شانۆگەریە و دەیان وتار و لیکۆلینەوەی لەسەر شانۆ و شانۆگەری لە رۆژنامەو گۆڤارە کوردیەکان بڵاوکردۆتەوە، گرنترین کارەکانی ئەمانەن (فاڵچی، مارەیی، مەسەلەی شارێک، چڵپاو، لاس و خەزاڵ، گەمەی خەونە ئازارەکان، مەم و زین، تەنها تاقیکردنەوە، چارەڕەش، پێشانگای تەرمەکان، بەرەو خۆر، گۆرانیەک لە باوەشی تاریکیدا، مەمی ئالان، ژوان، پەپوو، چیرۆکی کۆن، ڕووتە و چوورچە، سوالکەر، ڕووباری ژیان، هەبوو نەبو، هەور و سامال، مەرزیەو کاکەمین چەندانی تر).





سەباح عەبدولڕەحمان ساڵێک بەڕێوەبەری شانۆی هەولێر بووە چەند پرۆژەیەکی باشی لە بواری شانۆ جێبەجێکردووە، بەڵام لە بەر هەڵویستە کورد پەروەریەکەی زوو دووریان خستۆتەوە، ئەو سێیەم هونەرمەندی شانۆیی هەولێر بووە کە بە شێوەیەکی زانستی و ئەکادیمی شانۆ و شانۆگەری خوێندووە و لە ناو هەولێریەکان بە (معلم الاجیال) ناسراوە و یەکەم دەرهێنەریش بووە کە زنجیرە درامای بەرهەم هێناوە و یەکەم هونەرمەند و دەرهێنەر بووە کە (تصویر خارجی) وێنە گرتنی دەرەکی بۆ دراماکانی کردووە، ماوەیەک پسپۆر بووە لە وەزارەتی رۆشنبیری حکومەتی هەرێمی کوردستان، ئێستاش خانەنشینە.



لەلای ڕاستەوە: هونەرمەند سەباح عەبدولڕەحمان، ئەکتەر عەلی ئەحمەد

سەباح عەبدولڕەحمان خاوەنی پرۆژەی نەتەوەیی شانۆیە، ئەم پرۆژەیەی بە فەرمی پێشکەشی پەرلەمانی کوردستان کردووەو دراوەتە لایەنە پەیوەندی دارەکان، بەڵام تا ئێستا هیچ ئەنجامێکی نەبووە بۆیە ئەو نیگەرانە و گلەیی و گازاندەی زۆرە بە هیوام نا ئومید نەبێت لە هەولەکانی بۆ باشتر کردنی


وەزعـی شـانۆ و شـانۆگەری لـە هەولێـر بـە تایبەتـی و لـە کوردسـتانیش بـە گشـتی.

سـەباح عەبدولڕەحمان تۆزێ بە تەمـەن داچووە، بەڵام هێشـتا زۆر گورج و گۆڵە و لـە ٢٠٢٢/٢/٢ لەگـەڵ هاوڕێکانـی شـاعیر و نووسـەر عەبدولڕەحمـان فەرهـادی و شـاعیر و نووسـەر نـازم دڵبەنـد لـە چلـەی هونەرمەنـد زرار رواندزی ئامادە ببوون و دیارە وێنەیەکیان چرکاندووە وا وێنەیەکم هاوپێچ کردووە.

بیرەوەریەکانـم لەگـەڵ هاورێـی دێرینـم کاک سـەباح عەبدولڕەحمـان دەگەرێتـەوە بـۆ سـاڵەکانی ١٩٧٧ بـە سـەرەوە کـە لـە ئەمینداریتـی گشـتی رۆشـنبیری لاوان سـەرۆکی بەشـی (تألیف و تعضید و نشـر) بـووم، هەمـوو ئـەو شـانۆگەریانە بـە لای ئێمـەدا هاتـوون و مۆڵەتمـان پێـداون و چەندیـن جاریـش دەقـی شـانۆگەریم ناردووە بـۆ سـەباح عەبدولڕەحمـان و ڕەوانشـاد تەلعـەت سـامان و ئەحمـەد سـالار و جەلیـل زەنگەنـە لـە سـلێمانی ئەوانیـش وەکـو پسـپۆر (خوێندوویانەتـەوە و بڕیـاری مۆڵـەت دانـی لەسـەر دراوە، بـە ڕاسـتی ئەگـەر زیـادە ڕۆیـی نەکـەم لـە نووسـینەکەم دەڵێـم: (سـاڵەکانی ١٩٧٧ تـا ١٩٨٦ بـە (عصـر الذهبی) بـە چەرخـی زێڕینـی شـانۆ و شـانۆگەری کوردی دەژمێردرێـت).

سـەرچاوەکان:

وێنـەکان: وێنـە ژمـارە ٢ لـە لاپـەڕەی شـاعیر و نووسـەر عەبدولڕەحمـان فەرهـادی وەرگیـراوە، هەمـوو وێنەکانـی تـر لـە لاپـەڕەی هونەرمەنـد سـەباح عەبدولڕەحمـان و و فلیمـە دۆکۆمێنتاریـەکان وەرگیـراوە، فلیمێکـی دۆکۆمێنتـاری لـە کەنالـی KNN بەرنامـەی وێسـتگە ئامادەکردن و پێشـکەش کردنـی عەبدوڵڵا ئەحمـەد لـە ٢٠١٥/٤/٢، فلیمێکـی دۆکۆمێنتـاری لـە تەلەفزیۆنـی کەرکـوک بەرنامـەی لاپـەڕە - شـکۆ عومـەر، زانیـاری و نووسـین و داڕشـتنی خـۆم.



# فوئاد ئەحمەد

لە گوندی (عەوێنە) ی سەر بە شارۆچکەی گوێر هونەرمەندی دەنگ خۆشی کورد ڕەوانشاد (فوئاد ئەحمەد سولەیمان) لە ساڵی ١٩٣٢ لە خانەوادەیەکی ناسراوی شاری هەولێر و دەور و بەری لە دایکبووە، باوکی ئەحمەد تەبیب لە تیرەی نانەکەلییە، لە ساڵی ١٩٤٠ دەستی بە خوێندنی سەرەتایی کردووە و دواناوەندیشی هەر لە هەولێر تەواو کردووە، پاشان خانەی مامۆستایانی لادێی لە دهۆک تەواو کردووە و بۆتە مامۆستا



لە ڕاستەوە: فوئاد ئەحمەد، نەناسراوە، ڕەسول گەردی



**لە ڕاستەوە: نەناسراوە، فوئاد ئەحمەد، نەناسراوە، ناناسراوە، مەحەمەد جەزا، نەناسراوە.**

لە گوندی (عالّلا گوجیلان) و لە گوندی گردعازەبانیش ماوەیەک بە مامۆستایەتی ماوەتەوە. لە ساڵی ١٩٥٥ تا وەکو ساڵی ١٩٧٠ لێپرسراوی چالاکی قوتابخانەکان بووە لە شاری هەولێر، هەر لە سەرەتای ژیانی حەزی لە گۆرانی و مۆسیقا بووە، لە ساڵی ١٩٥٥ بۆ یەکەمین جار چۆتە ڕادیۆی کوردی لە بەغدا و سروودی (پێشمەرگە) ی تۆمارکردوە، کە هۆنراوەی شاعیری کورد پەروەر مەدحەت بێخەوە، دووەم گۆرانی تۆمار کراوی لە ڕادیۆی کوردی بەغدا لەساڵی ١٩٥٩ گۆرانی (ئەمیرەکەم) بووە کە هۆنراوەی مەجید ئاسنگەرەو ئاوازی جەمال داودەو چەند گۆرانیەکی تری وەک نامەکەت گەیشت و سروەی بەیان و چەندانی تر. .لە ساڵی ١٩٧٣ گۆرانی (ئەی بووکی تازە) بە رەنگی ڕەش و سپی بۆ تەلەفزیۆن تۆمار دەکات کە ئەمە یەکەم کلیپی بووە.

هونەرمەند فوئاد ئەحمە بەردەوام بووە لە گۆرانی ووتن تا ساڵی ١٩٨٦ زیاتر لە (١٠٠) گۆرانی لە ئێستگەی کوردی و (٥٠) گۆرانیشی لە تەلەفزیۆن تۆمار کردووە، پاش تەمەنیکی زۆر خزمەت کردن وەکوو



مامۆستا و هونەرمەندی گۆرانی و بەستە، لە دوا ساڵانی تەمەنی بە ئاوارەیی لە وڵاتی هۆڵەندا ژیا، تا ڕۆژی ٢٠٠٤/٨/١٧ لە یەکێ لە نەخۆشخانەکانی هۆڵەندا کۆچی دوایی دەکات و لە ٢٠٠٤/٨/٢٢ تەرمەکەی گەیشتەوە هەولێر لە ڕێوڕەسمێکی شایەستە و بە ئامادە بوونی هونەرمەندان و ڕۆشنبیران لە گۆڕستانی (کارگەی قیر) لە شاری هەولێر بە خاکی نیشتمان سپێردراوە.

بیرەوەریەکانم لە گەل مامۆستا فوئاد ئەحمەد ئەو بە بەردەوامی لە گەڵ هونەرمەند تەحسین تەها دەهاتنە بەڕێوبەرایەتی ڕۆشنبیری لای ئێمە، چونکە هونەرمەندان تایەر تۆفیق و چەتۆ حەسەن و یەحیا مەرجان و عەبدولواحید مەرجانیش لە بەشی ڕۆشنبیری بوون، ئیتر بەیەکەوە کۆڕو کۆبوونەوەمان خۆشبوو، لە ساڵی ١٩٨٤ کە بەشێک لە هونەرمەندانی عێراقی ڕێزیان لێنرا کە هونەرمەندە کوردەکانیشی گرتەوەو ناوی هونەرمەند فوئاد ئەحمەدی تێدا بوو و سەیارەکی بەرازیلی نوێی وەرگرت وەکوو ڕێزلێنان بۆ ئەو خزمەتەی کە کردبووی.

وێنەو زانیاریەکان سوود لەم سەرچاوانە وەرگیراوە:

کوردیپیدیا، ئینسایکلۆپیدیای ئازاد، تۆڕی میدیا وشە، ڕۆژی عەبدولڕەحمان لە ٢٣-١١-٢٠٢٠، کوردستان ٢٤ TV ١٩ ئابی ٢٠١٦.

زانیاری و نوسینی خۆم.



# تەلعەت سامان

هونەرمەند تەلعەت سامان لە ساڵی ١٩٤٦ لە شاری هەولێر لە دایکبووە، خوێندنی سەرەتایی و ناوەندی و دواناوەندی هەر لە شاری هەولێر تەواوکردووە، لە ساڵی خوێندنی ١٩٦٩-١٩٧٠ ئەکادیمیای هونەرە جوانەکان بەشی دەرهینانی شانۆیی لە بەغدا تەواو کردووە.

هونەرمەند تەلعەت سامان هێشتا هەر قوتابی ئامادەیی بووە و تەمەنی ١٦ ساڵان بووە زۆر خولیای هونەری نواندن بووە، بۆیە لە سەرەتای شەستەکانی سەدەی ڕابردوو کۆمەڵێک کورتە چیرۆکی تەمسیلی لە رادیۆی کوردی بەغدا بڵاوکردۆتەوە، لە پاش ساڵی ١٩٧٠ هونەرمەند تەلعەت سامان لە گەڵ هاوڕێیانی تری، بە تایبەتی ڕەوانشاد فەرهاد شەریف و سەفوەت جەڕاح و جەمال هیدایەت وسەباح عەبدولرەحمان و سەعدون یونس، بزووتنەوەیەکی بەرچاویان خستە ناو تەمسیل و شانۆ و زنجیرە درامای کوردی بە تایبەتی لە شاری هەولێر، کۆمەڵێک هونەرمەندی گەنجیش لە سەر دەستی ئەوان هاتنە ناو دونیای تەمسیل و شانۆگەری و درامای تەلەفزیۆنی کە بە راستی سەردەمی




ئەوان بە سەردەمی زێرینی هەژمار دەکرێت.

هونەرمەند و دەرهێنەر تەلعەت سامان لە ماوەی ٦٠ ساڵەی خزمەتی هونەر و شانۆی کوردی، زیاتر لە (٦٠) شاکاری هونەری لە تەمسیل و شانۆ و زنجیرە درامای تەلەفزیۆنی نووسیووە و لە پێنج کتێبدا لە چاپی داون، دواتر کۆی بەرهەمە شانۆیەکانی لە توێی دوو بەرگدا لەلایەن شاعیری کورد پەروەر فەرەیدون سامان کۆیکردبووەوە ئامادەیکردووەو دەزگای چاپ و بڵاوکردنەوەی موکریان بە چاپی گەیاندووە، گرنگەکانیان ئەمانەن (شاری ئەوین، مەم و زین، حەمە دۆک، قەڵای دمدم، خانزادێکی تر، نەفرەتلێکراو، خەجێ و سیامەند، قەل و رووتە، پیلان، داستانی چیای ئاگر کە شاکارێکی نووسەری بەناوبانگی تورک یەشار کەمالە کە بە (ڕەچەلەک کوردە)، زنجیرە درامای کەوەکانی قەرەچوغ، فەقێ ئەحمەدی دارەشمانە، قەڵای مەرزە و چەندین کاری هونەری تر).

بەرهەمەکانی تەلعەت سامان هەمووی بەرهەمی نەتەوەیین و باسی مێژوو و سەروەریەکانی میللەتی کورد دەکات، بۆ ئەمەش پشتی بە داستان و چیرۆکە میللەکان بەستووە، وەکوو شانۆگەری مەم و زین و قەڵای دمدم و درامای





فەقی ئەحمەدی دارشمانەو شانۆگەری (چیای ئاگرین)، کە لە کاتی خۆی کاریگەریەکی زۆری هەبوو کە رژێمی ئەوسا هەستی پێنەکرد.

تەلعەت سامان کۆمەڵێک تیپی تەمسیلی و شانۆگەری دامەزراندووە لەوانە تیپی یەکێتی لاوانی کوردستان بۆ نواندن ساڵی ١٩٧٠، کۆمەڵی هونەر و وێژەی کوردی لقی هەولێر ساڵی ١٩٧١، تیپی هونەری نوی ساڵی ١٩٧٥، تیپی سامانی شانۆیی ساڵی ١٩٩٢، ناوبراو سەرۆکی یەکێتی هونەرمەندانی کوردستان بووە لە ساڵەکانی ١٩٩٢ - ١٩٩٦، وەکوو ڕاوێژکاری وەزارەتی رۆشنبیری هەرێمی کوردستان دەست بە کاریش بووە.




تەلعەت سامان هونەرمەندێکی کورد پەروەر و جێگای متمانەی هەموو هونەرمەندانی شاری هەولێر و کوردستان بووە، لە ژیانی کارکردنی لە گەڵ هاورێکانی ڕووخۆش و پشی درێژ و لەسەرخۆ بووە، ئەوەتا سەبارەت بە هونەرمەند فەرهاد شەریف دەڵێت ٦٠ ساڵ بەیەکەوە کارمان کرد بۆ یەک جاریش دڵم لێی نەڕەنجاوە.

بیرەوەریەکانم لە گەڵ ڕەوانشاد تەلعەت


سامان دەگەڕێتەوە بۆ کۆتایی ساڵی حەفتاکان، کە من لە بەڕێوەبەرایەتی رۆشنبیری و لاوان لە ئەمانەتی گشتی رۆشنبیری لێپرسراوی بەشی (التألیف و التعضید و النشر) بووم، هەر دەقێک لە شیعر، چیرۆک، شانۆگەری دەبووایە رێگای پێبدرێ بۆ بڵاوکردنەوە یان نواندن، بۆیە ئێمە دەقەکانمان دەدا بە هونەرمەندان هەر کەسە بە پێی پسپۆڕی خۆی، زۆربەی دەقەکانی شانۆگەری من لە هەولێر دەمدا بە هونەرمەندان عەبدولغەنی یحیا، تەلعەت سامان، سەعدون یونس، حەمە کەریم هەورامی، تەلعەت سامان و هەر هەموو ئەوانەی ناوم بردوون بە ئەمانەتی مێژووی کارەکانیان زۆر بە پوختەیی دەکرد و ئامۆژگاری خۆیان دەنووسی، باشیش دەیانزانی کە ئەو دەقە کاریگەری هەیە لە سەر هەست و گیانی کوردایەتی بەڵام چاو پۆشیان لێدەکردوو ئێمەش دەمان ڕواند بە تایبەتی لە (داستانی چیای ئاگری) کە لە کاتی خۆی دەنگێکی زۆری دایەوە.

لە رۆژی ٢٠١٩/١/١٤ لە ڕووداوێکی هاتووچۆدا تەلعەت سامان کۆچی دوایی کرد، لە ٢٣/ ٢/٣ /٢٠١٩ وەزارەتی رۆشنبیری هەرێمی کوردستان بە هاوکاری کۆمەڵی هونەر و وێژەی کوردی لە ڕێوڕەسمێکی شایستەدا چلەی ماتەمینیان بۆ تەلعەت سامان گێڕا.

لە ٢٠٢١/١/١٤ کۆی بەرهەمە شانۆکانی تەلعەت سامان کۆکراوەتەوە لە لایەن (فەرەیدون سامان)ی برای پێشەکی بۆ نووسیووە و سەرپەرشتی لە چاپدانی کردووە، دواتر لە ئاهەنگێکی خنجیلانە لە هەولێر نمایشکرا.

بۆ ڕەوانشاد تەلعەت سامان روحت شاد و ئارام و ئاسوودە بێت و ئارامگەی پڕ گوڵ و چراخان بێت.

بۆ نووسینی ئەم باسە سوود لەم سەرچاوانە وەرگیراوە :
رۆژنامەی کوردستانی نوێ وتاریکی کاک فەرەیدون سامان لە ٢١ – ١ – ٢٠٢١، رۆژنامەی رۆناهی – قامشلۆ ژمارە ٤٢٢ لە ٢٠٢١/٤/١٥، فلمێکی دۆکۆمێنتاری Kurdistan Tv ٢٤/ ٢٠١٩/٢، فلمیکی دۆکۆمینتاری GL Tv ١٤ / ١ / ٢٠٢١.
زانیاری و نووسینی خۆم.



## هونەرمەند ئەحمەد سالار

نووسەر و شاعیر و ئەکتەر و وەرگێر و دەرهێنەری شانۆگەری ئەحمەد سالار دەڵێ:

شانۆ باوکی هونەرەکانە، سەرەتای شانۆ دەگەڕێتەوە بۆ سەردەمی یۆنانییەکان و ڕۆمانەکان، ئەو کات شانۆ تاکە ڕێگا بوو بۆ دەربڕینی هونەری لە دوای زۆرانبازی و پێشبڕکێ، بۆیە ئەکتەر بە تایبەتی ئەوەی دەوری سەرەکی دەبینێت دەبێت لەسەر شانۆ شارەزایی و توانایەکی زۆری هەبێت و ئاسۆی فیکر و بیر و هزری فراوان بێت لە هەموو بوارەکانی ژیان، بۆ ئەوەی سەرنجی بینەرەکان ڕابکێشێت و تا کۆتایی شانۆکە دابنیشن، جا چ بە دڵ خۆشکردن و بە پێکەنین هێنانی بینەران یان بە لایەنە تراژیدیەکەی




**لە پێشەوە ئەحمەد سالار، عەلیە فەندی**

کە ئەویش بینەری تایبەتی خۆی هەیە و چێژی لێوەردەگرن.

هونەرمەندی شانۆیی ئەحمەد سالار ناوی تەواوی (ئەحمەد عەبدولواحید ئەفەندی مەلا ئەحمەد دەروێش حاجی مەحمودی حاجی مستەفای حاجی قوربانی عەبدوڵڵای سێتەبەسەر) ییە لە هۆزی هەمەوەندە، لە ١٩٤٦/٦/٢٠ لە گەڕەکی دەرگەزێنی شاری سلێمانی لە دایک بووە، خوێندنی سەرەتایی و ناوەندی لە هەڵەبجە تەواو کردووە و خوێندنی ئامادەیشی لە سلێمانی تەواو کردووە، لە ساڵی ١٩٧١ ئەکادیمیای هونەرە جوانەکانی بەغدای تەواو کردووە.



**لە لای ڕاستەوە:**
**ئەحمەد سالار، مامۆستا بەهائەدین جەلال**

لە ساڵی ١٩٦٧ لە ڕادیۆی کوردی بەغدا کاری کردووە و لە ١٩٧١ بۆتە سەرۆکی بەشی دراما لەوێ، لە ساڵی ١٩٧٠ تیپی هونەری قوتابیانی دامەزراندووە، لە ساڵی ١٩٧٣ تیپی پێشڕەوی پێکهێناوە، لە ساڵی ١٩٨٤ تیپی شانۆی سالاری دامەزراندووە و سەرۆکی تیپەکە بووە، پاش

ڕاپەڕینی ١٩٩١ بۆتە بەڕێوەبەری تەلەفزیۆنی کوردستان لە سلێمانی، لە ١٩٩٩/٣/٣ بۆتە نەقیبی هونەرمەندانی کوردستان، لە ساڵی ١٩٨٠ تاکو ١٩٩١ مامۆستا بووە لە پەیمانگای هونەرە جوانەکانی سلێمانی، لە ساڵی ١٩٩٢ دەبێتە جێگری وەزیری رۆشنبیری حکومەتی هەرێمی کوردستان هەر لە هەمان ساڵدا دەست لە کار دەکێشێتەوە و دەبێتە ئەندامی یەکەم خولی پەرلەمانی کوردستان، ساڵی ٢٠٠٥ دەبێتە سەرۆکی ڕێکخراوی هونەرمەندانی کوردستان و سەرۆکی تیپی شانۆی سالار و خاوەنی ئیمتیازی گۆڤاری شانۆ کە تیپی سالار دەریدەکرد، لە ساڵی ١٩٧٧ لە ڤیستیڤالی هونەری عێراقی خەلاتی باشترین دەرهێنەری وەرگرتووە.



لە لای ڕاستەوە: هێمنی شاعیر، ئەحمەد سالار

ئەحمەد سالار لە ماوەی (٥٠) ساڵ خزمەتکردنی لە بواری هونەری شانۆ و شانۆگەری زیاتر لە (١٨٠) کاری هونەری لە نووسین و وەرگێڕان و نواند و دەرهێنانی شانۆیی کردووە، (٣٦) شانۆگەری نووسیوە (٥) یان شانۆیی شیعرین و هەندێکیان وەرگێڕدراونەتە سەر زمانی عەرەبی و (٤٠) کتێبی لە نووسینی خۆی و وەرگێڕان لە چاپداوە و بڵاوکردۆتەوە.



لە لای ڕاستەوە:
ئەحمەد سالار، ئەمر رەسوڵ گەردی

ئەمانە هەندێک لە بەرهەمەکانی ناوبراون لە بواری شانۆیی و نواندن و دەرهێنان و وەرگێڕان (سیزارت لە



**پەیکەری ئەحمەد سالار، نەناسراوە.**

بیر بێ ١٩٦٨، ڕۆمیۆ جۆلێت ١٩٦٨، خەبات ١٩٧٠، مانگ هەڵهات ١٩٧٠، کاوەی ئاسنگەر ١٩٧٠، من مرۆڤم ١٩٧٠، گلۆر ١٩٧٠، نەفرەت لێکراو ١٩٧٠، کێچ ١٩٧٠، پێنج کەس لە ئۆتێلێکدا ١٩٧٠، لە ژێر خۆڵەمێشەوە ١٩٧١، ئەوانەی لە ژێرەوەن ١٩٧١، قبووڵ ١٩٧١، جەنابی موفەتیش ١٩٧١، ئۆتۆمبێڵچی ١٩٧٢، پیسکەی تەڕپیر ١٩٧٢، چاڵی جەرگی پیرێژن ١٩٧٢، گوڵی خوێناوی - ئۆپەرێت ١٩٧٢، ئارەزوو، بووکی کورستان، لالۆ کەریم لە بەرهەمەکانی تیپی شانۆی زانکۆی سلێمانی ١٩٧١، ئۆتێلۆ نووسینی شکسپیر و وەرگێڕان و دەرهێنانی ئەحمەد سالار، شانۆگەری تەنەکە لە نووسینی یەشار کەمال و دەرهێنانی ئەحمەد سالار، درامای پاڵتۆکەی گۆگۆل ١٩٧٦، شانۆی ئابڵوقە ١٩٧٦ - تیپی پێشڕەوی شانۆی کوردی و تیپی



**لە لای ڕاستەوە:**
**نووسەری نەمر مەحمود زامدار، ئەحمەد سالار**

نواندنی سلێمانی لە نووسینی عادل کازم و دەرهێنانی غازی بامەڕنی، چیرۆکە بەردەوامەکە بەرهەمی بەڕێوەبەرایەتی شانۆی هەولێر، خەج و سیامەند ١٩٧٨ - نووسینی فوئاد مەجید میسری و دەرهێنانی ئەحمەد سالار، شانۆگەری دوا گۆرانی - نووسینی چیخۆف و وەرگێڕانی ئەحمەد سالار و ئامادەکردن و دەرهێنانی یوسف عوسمان ٢٠١٦، شانۆیی بێکەس نووسینی ئەحمەد سالار دەرهێنانی ئەرسەلان دەرویش ئەم شانۆگەریە لە رۆژی ٢٠١١/١٢/١٨ لە (١٢) کەنالی ئاسمانی تەلەفزیۆنی پێشاندرا کە کەنالەکانی کوردستان TV و ئازادی و زاگرۆس و گەلی کوردستان و کوردسات و کەنالی سلێمانی و جەماوەری کوردستان و ئازادی سلێمانی و تیشک، پەوەردە، کەرکوک و جیهان، شەوی بکوژان وەکو ئەکتەر، گرەوی بەختی کوڕە دارکەنەکە نووسینی ئەحمەد سالار و دەرهێنانی یوسف عوسمان، سەلەی تانکەر لە سلێمانی دەرهێنانی ئەحمەد سالار).

کتێبە لە چاپدراوەکانی (بێکەس و دوو شانۆنامەی تر ٢٠١٢، ئەو



تیپی پێشڕەو لە ڕاستەوە وەستاوەکان: رەئوف حەسەن، ئەحمەد سالار، حەمە رەشید هەرەس، دڵشاد مەریوانی، لە ڕاستەوە دانیشتووەکان: مستەفا ئەحمەد، کەمال سابیر، تەها باراوی


















**بەرهەمەکانی ناوبراو**




**ڕێزلێنانی ناوبراو.**

ساتانەی ناسرێنەوە، خۆشترین گۆرانی شانۆی سالار، دڵدارانی باران، دەروازەی دراما، رۆژانی گوڵڕەنگ و شانۆی سالار، رێبازە سەرەکییەکانی ئەدەب و هونەر، سالم لە تای تەرازوی وێژەدا، شانۆی سالار، شەمال صائب، هونەر و ژیان، هونەر و سەرەتایەک لە مێژووی هونەر، هەندێ مەسەلەی شانۆیی، وانەی ڕەشبەڵەک - چیرۆکیکی شانۆیی یە، وتاربێژی و دەم و دوو، رۆژان - یادەوەرینامە ئەحمەد سالار ۲۰۱۸، کۆرس و بەها دراميیەکان، شانۆی کورسییەکان - نووسینی پۆچین یۆنسکۆ وەرگێڕانی ئەحمەد سالار، کۆمیدیا، یەڵماز گۆنای و ڕۆڵی سینەمای دۆکیۆمێنتەری لە خەباتی نیشتمانیدا - نووسینی دوکتۆر ئیبراهیم مەحمەد و وەرگێڕانی ئەحمەد سالار).

ئەحمەد سالار زیاتر لە نیو سەدەیە لەسەر تەختەی شانۆی کوردی دەوری سەرەکی دەگێڕێت، ئەو بە تەمەن گەورە بووە، بەڵام تا ئێستا دڵی تەڕە بۆ شانۆ و هیچ کاتێکیش لە شانۆ وەڕس و بێزار نەبووە، (جەنابی موفەتیش و پاڵتۆ و ئابلۆقەش) ناز ناوی ڕابەری شانۆی کوردیان پێبەخشی.

ناوبراو چەندین جار خەڵات کراوە لە کوردستان و عێراق لەوانە خەڵاتی مەدالیای زێڕینی سەرۆکی هەرێم بەرێز مەسعود بارزانی و رێزلێنانی لە لایەن دەزگای نێو دەولەتی (ALATIC) و دەزگای بابلیۆن بۆ ڕاگەیاندنی کتێب. لە یەکێ لە چاوپێکەوتنەکاندا ئەحمەد سالار دەڵێت: لە شانۆگەری

جەنابی موفەتیش کە (٥١) ساڵ پێش ئێستا نمایشمان کرد وامان کرد بینەر پەلکێش بکەین بۆ بینینی، ئێستاش لە بیر و هزریان ماوە بۆ منیش ناسنامەیەک بووە. هەروەها دەڵێت: ئابلۆقە و پاڵتۆ زۆر بە عیشقەوە کاری نواندنم تیا کردووە هیچ بەرهەمەمێکیشم نیە عەشقێکی لە ناو دڵم دروست نەکردبێ، تەنانەت لە درامای (مەمی ئالان) کە ڕۆلەکەم تەنها (٣) خولەک بوو بەڵام زۆر دیارو بەرچاو بوو. ئەحمەد سالار هەندێ ڕازو نیاز و گلەیی هەیە لە ڕازو نیازەکان تەواو کردنی شانۆگەری شێخ مەحمودی قارەمان و گەمەکەی جاران و ژیانی شاعیری نەمر فایەق بێکەس و ڕاپەڕینی پێش دەرگای سەرای سلێمانی و دەرئەنجامەکانی ئەمەش پێویستی بە هاوکاری هەیە، بەڵام بە داخەوە وا دیارە بێ ئومێد بووە لە یارمەتی دانی لە لایەن دەزگا پەیوندی دارەکان، گلەییەکەشی ئەوەیە لە کاتی خۆی شانۆگەری (مینا) لە هەولێر نمایش نەکرا لەبەر هەندێ خەرجی کە دیسان لایەنە پەیوەندیدارەکان بۆیان دابین نەکردبووە.

ناوبراو زیاتر لە (٢٠) کتێبی تری ئامادەیە بۆ چاپ کە هەمووی دەکرێت شانۆکار و ئارەزوومەندانی شانۆ سوودی لێوەربگرن بۆ لێکۆڵینەوە و نامەی ماستەر و دوکتۆرا، تا ئێستا (٦) نامەی ماستەر لەسەر کارە هونەریەکانی ئەحمەد سالار بە دەستهێنراوە

بە هۆی نەخۆشی شەکرە ئەحمەد سالار چاوەکانی کز بووە و قاچەکانی توشی تۆزێ لەرزین بووە، بەڵام ئەو دەڵێت: بڕیارم داوە تا دوا نەفەس خزمەتی هونەری کوردی بکەم و تەنها مردن لە شانۆم دوور دەخاتەوە.

لە بەر دەم هۆلی رۆشنبیری هەولێر پەیکەرێک بۆ هونەرمەندی گەورەی کورد ئەحمەد سالار دانراوە.

بۆ هونەرمەندی کوردپەروەر ئەحمەد سالار هەر ساغ و سەلامەت بێت بۆ خزمەتی هونەری کوردی.

بۆ ئەم نووسینە سوود لەم سەرچاوانە وەرگیراوە:

کوردیپیدیا، کوردیپیدیا - ئینسکلۆپیدیا ئازاد، فلمێکی دۆکیۆمێنتاری لە K ٢٤ بەرنامەی نزیکترین - ژڤان عابد لە ٢٠٢٠/٧/١٠، وتارێک لە سایتی هەولێر - کانوونی دووەمی ٢٠٢٠، کورد شانۆ وتارێکی سامی کاکە و شیڤان شێرزاد , زانیاری و نووسین و دارشتنی خۆم



# ئایشە شان

هونەرمەندی کورد (کوردستانی باکوور) ئایشە شان، بەپێی سەرچاوەکان ناوی عایشە کچی وەسمانە هەندێ سەرچاوە دەڵێن لە ئیزمیر ساڵی ١٩٣٨ لەدایکبووە، بەڵام هەندێکی تر دەڵێن لە ئامەد لەدایکبووە و لە ڕۆژی ١٩٩٢/١٢/١٨ هەر لەو شارە لە ئامەد کۆچی دوایی دەکات، ئەم هونەرمەندە دەنگ خۆشە لە تەمەنی ١٥ساڵیدا سەودای گۆرانی و مۆسیقای کوردی بووە، دوو ساڵ لە ڕادیۆی (عەنتاب) دامەزراوە و گۆرانی گوتووە، پاشان دەچێتە ڕادیۆی دەنگی تورکیا و بۆ ماوەیەک لەوێش کاردەکات و لە موناسەباتەکانیش گۆرانی وتووە، لە ساڵی ١٩٧٢ هونەرمەندی جولەکەی بە ناوبانگ (ئەلبێرت مشول) چوار گۆرانی لەسەر کاسێت بۆ تۆمار کردووە، پاشان دەچێتە ئەڵمانیا و هۆڵەندا، بەڵام هەر زوو هەواڵی نەخۆشکەوتنی دایکی دەدەنێ و بە پەلە دەگەڕێتەوە.

بیرەوەری بەندە و بەڕێوەبەرایەتی ڕۆشنبیری لەگەڵ خوالێیخۆشبێت ئایشە شان دەگەڕێتەوە بۆ ساڵی ١٩٧٨، لەم ساڵەدا ڕادیۆی کوردی لە بەغدا داوەتی ئایشە شان یانکردبوو بۆ ئەوەی لە بەغدا لەگەڵ هونەرمەندان لەوێ بە تایبەتی خوالێخۆشبووان مەحەمەد عارف جەزراوی و عیسا بەرواری چەند گۆرانیەک بۆ ئێستگەی بەغدا تۆماربکات، ئێمەش لە بەڕێوەبەرایەتی ڕۆشنبیری سەر بە ئەمینداریێتی گشتی ڕۆشنبیری و

لاوان لە هەولێر ئەم فرسەتەمان قۆستەوە و بە شێوەیەکی ڕەسمی داوەتی هەولێرمان کردوو ئاهەنگێکی خنجیلانەمان لە یەک لە هۆڵەکانی (یانەی فەرمانبەران) ئەوکات لەو شوێنە بوو کە ئێستا بازاڕی نیشتیمانی لێ درووست کراوە بۆ ڕێکخست، بەڵام داوەتەکە سنووردار بوو نزیکەی هەر لە نێوان ٨٠ تا ١٠٠ کەسمان لە هونەرمەندان و فەرمانبەرانی دائیرەی خۆمان و چەند کەسانێکی تر بانگهێشت کردبوو هۆڵەکەش هەر بچووک بوو، لەم ئاهەنگەدا کە خوالێخۆشبوان مام ڕەسول گەردی و حەیدەر بەقاڵ کە لە هەولێر بە (حەیدەرە کەچەڵ) ناسراوە بەشداریان تێدا کرد، لە سەرەتادا هاوڕێی خۆشەویستم شاعیر و نووسەر و بێژەر کاک (نازم دڵبەند) بەخێرهاتنی میوانەکانی کرد و ئینجا هونەرمەندەکانی پێشکەش کرد و هەرسێ هونەرمەند بە بەرامبەر یەکتری بە بەستە و مەقام و قۆریاتی کوردی و تورکی هەموو میوانەکانیان هێنابووە سەما، ناو بەناو بەندە کە سەرپەرشتیاری حەفلە بووم هونەرمەندی بەتوانا ناوداری کورد کاک عەبدولواحید مەرجانم تەقدیم دەکرد، کاک عەبدولواحید مەرجان خەتات و ڕەسام و ئەکتەر و پەیکەر تاشیشە، بە مەقتەعێکی تەمسیلی یان بە گێڕانەوەی ڕووداوێکی خۆش دڵی هەموو میوانەکانی خۆش کرد، بەڕاستی



**هونەرمەندان : حەیدەر بەقال - ئایشە شان - رەسول گەردی**




هەمـوو هۆڵـە بچکۆلانەکـەی هێنابـووە هـەژان، بـەڵام داخـی گرانـم ئەمیـن عامەکەمـان کـە پیاوێکـی تونـد و تـووڕە بـوو هـەر لـە سـەرەتای ئاهەنگەکـە تەبلیغـی منـی کـرد ووتـی (اریـد تسـجیل هـذا الحفلـة خـاص الـي) منیـش پێـم ووت (نسـوي نسـختین نسـخه الـک و نسـخة لمدیریـة الثقافـة للارشـیف).

ئەویش پێی ووتم (ماکو ارشیف ماکو ارشیف)، ئیتر منیش بڕیمەوە، بۆیە بەڕێز و سوپاسـەوە داوا لـە تۆمارگا وئەرشیفی کاک ئەمیر کەبابچی (خوا تەمـەن درێـژی بکات) دەکـەم، ئەگـەر تەسـجیلاتی ئـەو ئاهەنگـە خنجیلانەیـان پەیدا کردبێت یان هەیانە با کۆپیەکی بدەنە وەزارەتی رۆشنبیری لە هەولێر (چ بە پارە یان هـەروا بە ئیختیاری)، ئەگەریش نا بە وەکوو ئاهەنگەکانی تر لـە (یوتیوب) بڵاوی بکەنـەوە، چونکـە ئەمـە سـەروەت و سـامانێکی بـە نرخـی هونـەر و گـۆرانی و مۆسیقای کوردیە، ئەگـەر خوا یار بێت پۆستی تایبەتیم دەبێت بە هـەردوو هونەرمەند مام تایـەر تۆفیق و کاک حەیدەر بەقاڵ، خوا لـە هەرسـێ هونەرمەنـد خـۆش بێـت و ڕوحیـان شـاد و جێگایـان بەهەشـت بێـت، بـۆ هاوڕێکانـم کاک نـازم و کاک چەتـۆ و هەمـوو ئەوانـی تـر سـاغ و سـەلامەتی و تەمـەن درێژیان لـە خودای گـەورە داواکارم.

تێبینـی: ١- لـە ڕێکخسـتنی ئـەم ئەهەنگـە هاوڕێیانـم (کاک نـازم دڵبەنـد و هونەرمەنـد کاک چەتـۆ حسـن و عەلـی ئەحمـەد و تاریـق مـولا محەمـەد یارمەتیـان داوم. ٢- وێنـەکان لـە کوردیپیدیـا وەرگیـراون.



# حسێن عارف

چیرۆک نووس و ڕۆمان نووس و لێکۆڵینەوەر و ڕەخنەگر و ڕۆژنامەنووس و ماف پەروەری کورد کاک حوسێن عارف، ناوی تەواوی (حوسێن کوڕی عارفی کوڕی مەلا عەبدولرەحمانی کوڕی مەحەمەد ئاغای کوڕی ئیسماعیل ئاغایە)، باپیرە گەورەی لە قەڵاچوالانەوە هاتۆتە ناو شاری سلێمانی، دایکیشی (حەبیبەی کچی مەلا ئەحمەدی چایچی کوڕی مەلا محەمەدی چایچی کوڕی میرزاغەفورە)، ئەویش هەر لە قەڵاچوالان هاتونەتە شاری سلێمانی، ناوبانگی چایچی لە وەوە هاتوە کە یەکەم بازرگان بووە چای لە ئێرانەوە هێناوەتە سلێمانی و خەڵکی سلێمانی بە چا خواردنەوە ئاشناکردووە، ناوبراو لە خانویەک لە دایکبووە دواتر بۆتە ئاشێک بۆ هاڕینی دانەوێلە لە لای مەیدانی ماست فرۆشەکانی گەڕەکی چوارباغ لە سلێمانی.


حسێن عارف لە ڕۆژی ١٩٣٦ /١١/٢١ لە دایکبووە، خوێندنی سەرەتایی و ناوەندی و دواناوەندی کە ئەو کات تا پۆلی پێنج هەبووە لە شاری سلێمانی تەواوکردووە، لەدوایدا چۆتە بەغداو لە ساڵی ١٩٦٥ کولێژی حقوقی تەواو کردووە، ماوەیەکی کەم پارێزەری دەکات دواتر بانگهێشتی سەربازی دەکرێت وەکو(ظابط احتیاط) ئەفسەری یەدەگ، لە ئینقلابی

بەعسـیەکان فەسـل دەکرێـت و دیسـان ماوەیەکـی کـەم دەگەڕێتـەوە پارێـزەری، پاشـان ڕێچکـەی ڕۆژنامەوانـی دەگرێـت ولـە دەزگای چـاپ و بڵاوکردنـەوەی کـوردی لـە ڕۆژنامـەی (هـاوکاری و ڕۆشـنبیری نـوێ) دەسـت بـەکار دەبێت، لـە سـاڵی ١٩٨٢ دێتـەوە هەولێر وەکو جێگری سـەر نووسـەری گۆڤـاری (کاروان) دەسـت بـەکار دەبێـت تـا وەکـو سـاڵی ١٩٩٠، لـە دەورەی یەکەمـی بەرلەمانـی کوردسـتان دەبێتـە ئەنـدام بەرلەمـان و کـە هەڵبژاردنـی بەرلەمانـی کوردسـتان دوا دەخرێـت بـۆ مـاوەی ١٣ سـاڵ بـە ئەنـدام بەرلەمانـی دەمێنێتـەوە و هـەر لـە لیژنـەی (قانونـی - یاسـایی) خزمەتـی کـردووە، لـە سـاڵی ١٩٩٦ لـە نـاو بەرلەمـان لـە گـەل (٣٠) ئەنـدام بەرلەمانی تر مان دەگرن وەکو نارەزایی دەربڕین دژی برا کوژی کە ئەو کات هەبـوو، پاشـان خانەنشـین کـراوە، ماوەیەکیش وەکـوو سەرنووسـەر لـە بنکـەی ڕووناکبیـری گەلاوێـژ کاری کـردووە و ئێسـتا تەمەنـی گـەورە بـووە و تاقەتـی نووسـینی نەمـاوە .

کاک حوسـێن عـارف لـە دیمانەیەکـی تەلەفزیۆنـی دا دەڵێـت (بـە حوکمـی ئەوەی باوکم وەزیفەدار بـووماڵمان لە خانەقین بـوو، پۆلی چـوار و پێنجی سـەرەتاییم لـە خانەقین بـە زمانـی عەرەبـی خوێندووە، بۆیـە هـەر زوو فێـری زمانـی عەرەبـی بـووم و دەسـتم بـە خوێندنـەوەی کتێبـی سیاسـی کـرد و بـە کتێبـی (مسـتلزمات الكفـاح الوطنـي) فهـد و ڕۆژنامـەی (الـرأی العـام) و (كفاحنـا) ی جواهیـری ئاشـنا بـووم و زۆریـش کاریـان تیکـردم، هـەر بۆیـە چوومـە ڕیـزی حیزبـی شـیوعی عێراقـی، لـە کتێبـی ئەدەبیـش بـە تایبەتـی چیـرۆک و ڕۆمـان بـە (فیکتـۆر هیگـۆ و الیکسـندر تۆمـاس و مکسـیم گورگـی و کارل









لەلای ڕاستەوە: حوسێن عارف، نەجمەدین عەزیز



حوسێن عارف

دیکلنز و ارنست همنگوای و سارتر و کامو دەستم پێکرد) .

لە کۆتایی مانگی نیسانی ساڵی ١٩٧٠ کاک حوسێن عارف لە گەڵ هاوڕێکانی (کاکە مەم بۆتانی، شێرکۆ بێکەس، جەلالی میرزا کەریم، جەمال شارباژێڕی) یەکەمین بەیاننامەی (ڕوانگە) یان بڵاوکردۆتەوە و سێ ژمارەی ڕوانگەشیان لە کتێبێکدا بڵاوکردەوە، کە بەشی زۆری نووسەرە نوێخوازەکان بەرهەمی خۆیان تیا بڵاوکردۆتەوە، بزووتنەوەی ڕوانگە ئاستی شیعرو ئەدەبی کوردی بەرەو ئاستێکی باڵا تر برد، بەڵام هەر زوو نەیارانی ئەم بزووتنەوەیە کە هەر نادیاریش بوون گەمارۆیان داو بەرەو پوکاندنەوەیان برد و کاک حوسێن و هاوڕێکانی هەر وەخت بوو سەریشیان تیا بچێت .

کاک حوسێن عارف کۆمەڵێک بەرهەم و شاکاری لە چیرۆک و ڕۆمان و لێکۆڵینەوە لە چاپداوەو بڵاویکردوونەتەوە، کە ئەمانەن (ئەندێشەی مرۆڤێک، بیبلۆگرافیای چیرۆکی کوردی، بیبلۆگرافیای دوو ساڵەی تەمەنی گۆڤاری کاروان ١٩٨٢ – ١٩٨٤، تۆیشووی سەفەرێکی سەخت، تەمەنێک لە بندەستی بەرگی یەکەم و دووەم، چای شیرین، سەرجەم چیرۆکە کورتەکان، چیرۆکی هونەری کوردی و لێکۆڵینەوەی چیرۆکی کوردی، ڕوانگە و یاران و نە یاران، ساڵێک لە تەمەن – بیرەوەری حوسێن عارف، ڕۆمانی شار بەرگی یەکەم و دووەم، شانۆگەری جەنابی جانەوەر، (عشرون قصە کردیە) لە کوردیەوە وەرگێڕدراوە بۆ سەر زمانی عەرەبی لە گەڵ دوو لێکۆڵینەوە دەربارەی چیرۆکی کوردی لە نووسینی حوسێن عارف و د. عیزەدین مستەفا ڕەسول، قوتابخانەی شیعری تازە، گەلە گورگ، گەلە گورگ و

چوار چیرۆک، لە کۆڕی خەباتدا چیرۆک لە بەرهەمی دوای شۆڕش، میر کیتابێکی (عالمیە)، جیهانیە کە لە ساڵی ١٤٩٠ زایینی نیکۆلای میکافیلی نووسیویەتی باسی سەردەمی ڕاپەرینی ئەورووپا دەکات وەرگێڕدراوەتە سەر زۆربەی زمانەکانی جیهان، کاک حوسێنیش وەریگێراوەتە سەر زمانی کوردی، نووسینەکانم لە بواری ڕەخنە و لیکۆلینەوە لە ساڵانی ١٩٥٥ تا ١٩٨٨، هێلانە، کلافەیەک ژانی تووڕە، کۆکتێل .

بیرەوەریەکانم لە گەل کاک حوسێن عارف دەگەڕیتەوە بۆ ساڵی ١٩٧٨، لە ٢٠ – ٢٥ ئابی ساڵی ١٩٧٨ وەکوو لە پۆستەکەی کاک محەمەد مەولود (مەم) باسم کرد، یەکێتی نووسەرانی عیراق لایەنی هونەری ئەم کۆڕبەندەیان خستبووە ئەستۆی خۆیان و لایەنە لۆجستیەکەش لێپرسراوێتی رۆشنبیری و لاوان بوو کە بەندە سەرپەرشتیم دەکرد .

لە کۆڕبەندەکە سێ ئیتجاهی نووسینی چیرۆک خرابووە ڕوو بۆ لێکۆلینەوە یەکەم ئیتجاهی سیاسی کە (فوئاد التکرلی) نوێنەرایەتی دەکرد ئیتجاهی ئیشتراکی کە عەبدولمەجید لوتفی بوو و ئیتجاهی _ نقدی – ڕەخنەیی لە حوسێن عارف و بەرهەمەکانی خۆی دەدیتەوە، کۆڕبەندەکە دەبوایە پێنج ڕۆژ بێت بەلام رۆژی چوارەم کۆتاییان پێهێنا و کێشەو دۆخەکی زۆریان هەبوو لە (بیان ختامی - بەیاننامەی کۆتایی) بە تایبەتی لایەنی کوردی، بەلام لە کۆتایی دا ڕێککەوتن، کاک حوسێن عارف و د. عیزەدین مستەفا ڕەسول و محەمەدی مەلا عەبدولکەریمی مودەڕس و محیەدین زەنگەنە و شێرکۆ بێکەس و مستەفا ساڵح کەریم و مومتاز حەیدەری دەورێکی زۆریان لە کۆڕبەندەکە دا گێڕا بە بەشدار بوون لە بەشی زۆری مداخەلەکان و لە دەرچواندنی بەیاننامەی کۆتایی.




هەر لە گەڵ کۆتایی هاتنی کۆڕبەندەکە دوو رۆژ پاشتر چیرۆکنووس و رۆژنامەوانی عێراقی (محمد خضیر) کە خۆشی لە کۆڕبەندەکە بەشدار بوو وتارێکی نووسیبوو

ستایشی کۆڕبەندکەی کردبووە، هەموو ئەو تێکستانەی کە لێکۆڵینەوە و ڕەخنەو مداخەلاتی لە سەر کراوە (دار الرشید للنشر) کاتی خۆی لە کتێبێکدا لە چاپی داوەو بڵاویکردۆتەوە لە وانەیە لە پەرتوکخانەی گشتی هەولێر دەست بکەویّ .




سامی شۆڕش، حوسێن عارف، سەعدوڵلا پەرۆش، عەبدوڵلا پەشێو

بیرەوەری ترم لە گەل ناوبراو لە ساڵی ۱۹۸۲ کە هاتە ئەمینداریێتی رۆشنبیری و لاوان وەکو جێگری سەر نووسەری گۆڤاری کاروان، رۆژانە پەیوەندیم لە گەڵی هەبوو جاروباریش بۆ کۆبوونەوەکانی ستافی کاروان بانگی دەکردم بەوپێیەی سەرۆکی بەشی رۆشنبیری بووم لە دیوانی ئەمانەتی گشتی رۆشنبیری و لاوان، وا دیارە لە یەک لە جارەکان وێنەکمان پێکەوە گرتووە وا هاوپێچم کردووە، کاک حوسێن عارف خاوەن هەڵوێست و دادپەروەر بوو لە کارەکانی مجامەلەی کەسیشی نەدەکرد لە بڵاوکردنەوەی تێکستی ئەدەبی لە گۆڤاری کاروان کە سەرتۆپی هەموو گۆڤارە کوردیەکان بوو ئەو کات و ئێستاشی لە گەلدابێت .

لە کۆتایی هەر تەمەن درێژ و سەرفراز بیت کاک حوسێن عارف بۆ ئەو خزمەتە گەورەیەت لە بوارەکانی چیرۆک و ڕۆمان و لێکۆڵینەوە و ڕەخنە و رۆژنامەوانی .

**تێبینی:** وێنەکان و هەندێ زانیاری لەم سەرچاوانە وەرگیراوە :

کوردیپیدیا، ویکیپیدیا - ئینسایکلۆپیدیای ئازاد، مجلە الرومی - مجلە ثقافیە - العالم العربی مقالة للقاص العراقي محمد خضیر، هەندێ زانیاری خۆم، دیمانەیەکی کاک سامان سەلیم لە گەل کاک حوسێن عارف - تەلەفزیۆنی کوردسات .



## بورهان جاهید

شاعیری کورد پەروەری ناو شاری هەولێر خوالێیخۆشبێت بورهان (جاهید)، ناوی تەواوی بورهان مەحەمەد ئاغا عەبدولرەحمانە ناز ناوی (جاهیدە)، ناوبراو شاعیرێکی دیارو ناسراوی شاری هەولێر و هەموو کوردستانە، خزمەتێکی زۆری شیعر و ئەدەبی کوردی کردووە، لە ساڵی ١٩١٨ لە بنەماڵەیەکی ناوداری هەولێر (دۆغرەمەچی) کە لە هۆزی جافی مورادیەکانن لە گەڕەکی سەرای قەڵاتی هەولێر لە دایکبووە.

بورهان جاهیدی شاعیر، چونکە لە خانەوادەیەکی رۆشنبیرو ئەدەب دۆست هاتۆتە دونیاوە، هەر لە تەمەنی ١٤ساڵیدا خولیای شیعر و نووسین بووە، لە ژێر کاریگەری شیعرەکانی جەبار ئاغای کانی کە (مامی بووە) و کەمال نامیقی شاعیر و هیجری شاعیر بووە، بۆیە بە هەر سێ زمانی کوردی و عەرەبی و تورکمانی شیعری نووسیووە، سێ دیوانی چوارینەکانی بە زمانی کوردی چاپکردووە.

لە ساڵی ١٩٧٩ خوالێیخۆشبێت د. عەبدوڵڵا حەداد کاروباری رۆشنبیری لە ئەمانەتی گشتی رۆشنبیری و لاوان تەسلیمی من کردبوو، مابوو بۆ رۆژی دوایی بڕوات (انفکاک) بکات، بۆ بەیانیەکەی هات و دیاربوو مەوعدێکی لە گەڵ بورهان جاهیدی شاعیر بەستبوو، بۆ ئەوەی بە حزوری خۆی بە

منی بناسێنی و لەوەزعی چاپکردنی چوارینەکەی دڵنیای بکاتەوە بۆیە بانگی منی کرد و ووتی : کاک نەجم دانیشە ئەوە (جاهیدی شاعیرە)، چەکمەچەکەی خۆی راکێشا و رەشنووسەکەی دا دەستم و وتی ئەوە دیوانی کاک بورهانە هەموو (إجرائاتی) چاپ کردنم بۆ تەواوکردووە ماوە لە چاپ بدرێ، لەمەو دووا ئەوە کاری تۆیە کە بۆت چاپکرد ئەو لە کتێبخانەی گشتی عەنکاوە موەزەفە (١٠٠) دانەی خۆی بۆ دەبەی، منیش ووتم بەسەرچاوم، ئێمە ئەو کات هێشتا چاپخانەی خۆمان لە هەولێر نەبوو، بۆیە پاش ماوەیەک بردم بۆ بەغدا لە (بابولمعەزەم) لە چاپجانەیەک لە گەڵ هەندێ چاپەمەنی تری خۆمان بۆم چاپکردوو (١٠٠) دانەکەشم بۆ برد، ئەوانی تریشم دابەش کرد و نووسخەم بۆ کتێبخانەی گشتی هەولێر و عینکاوە نارد.

چوارینەکانی بورهان جاهیدی شاعیر خزمەتێکی زۆری بە شیعرو ئەدەبی کوردی گەیاندووەو شایەنی خوێندنەوەیە لە لایەن لاوان و رۆشنبیرانی کورد بە تایبەتی ئەوانەی لەدوای سالانی هەشتاو نەوەتەکان لە دایکبوونە، لە رۆژی ١٩٩١/١٢/٢٢ دڵە گەورەکەی لە لێدان دەکەوێت و کۆچی دووایی دەکات، خوا لە بورهان جاهیدی شاعیر خۆشبێت و روحی شادەو جێگای بەهەشتە إن شاء اللە. ئەوەش یەکێک لە چوارینەکانی:



لە ڕاستەوە کانی شاعیر - بورهان جاهید

حەیفــە ئــەم گیانــە بــرژێ بــێ ســەمەر
خــۆم موبتەلاکــەم بــە دەردو کەســەر
مــردن جارێکــە بــا بــە مــەردی بــێ
ســەر شــۆڕ نەبــم لای دۆســت و بــرادەر

هاوڕێیانــی ئازیــزم پــاش بــلاو کردنــەوەی ئــەم پۆســتەم لــە هــاوڕێ خۆشەویستم کاک عەبدوڵڵای مەلا مەسعود بێبەشی شاعیر ئەم ستایشـەی شـاعیری نەمـر بورهـان جاهید بـۆ مـەلا مەسـعودی شـاعیر پێگەیشـت، بـە راسـتی شاکارێکی ئەدەبی زۆر دەگمـەن و بە نرخـە، بۆیە وام بە باش زانی بـۆ ئێـوەی ئازیـز بـلاوی بکەمـەوە:

**گوڵــی ئــەم ناوەیــە (بێبــەش) حەقیقــەت راست و ئینســانە**
**ئــەوەی تەقدیــری نــاکا، چــاک بزانــێ گێــژو حەیوانــە**
**لــە حەقــی لانــەداوە زۆر بــە تامــە شــیعرو ئەدەبیاتــی**
**ئەگــەر چــی شــیعرەکانی تونــد و تیــژو یــا جنێــو دانــە**
**ئــەوەی حاڵــی نەبــێ، نازانــی حاڵــی شــاعیران چۆنــە**
**ئەبــێ مل کــەچ بکەیــن بــۆ ئــەو جنێو دانــەی لــە حەقمانــە**
**جنێــو دانــی مــەلا خۆشــە بــە تــام و پــڕ لــە مەعنایــە**
**بســەلمێنن گەلــی کــورد نەقس و کورتــی زۆرە لــەم نــاوە**
**مــەلاش جەرگــی ســووتاوە، شــاعیرێکی بــەرزی کوردانــە**
**منیــش تەئکیــدی هەجــوی ئــەو دەکــەم هــەر چــی بڵێــت وایە**
**خەتاباریــن، ئەزانــم روو رەشــین لــەم چــەرخ و دەورانــە**
**ئەبــێ شــاعیر لــە سەر شــاعیر بکاتــن چەنــد دەستی بــڕوا**
**بژیــت (بێبــەش) بــۆ کــورد تاکــو مــاوە مــەرد و مەردانــە**

**١٩٧٢/١/١**

**بورهان جاهید**

**تێبینی** ؛ وێنەکان و هەندێ زانیاری لە کوردیپیدیا وەرگیراوە بیرەوەری و زانیاری و نووسینی خۆم.



# وریا ئەحمەد

مامۆستای مۆسیقاو ئاواز هونەرمەند وریا ئەحمەد، ناوی تەواوی (وریا ئەحمەد حەمە مەلا) یە، لە ڕۆژی ١٩٤٧/٤/١٩ لە گەڕەکی بەفری قەندی کۆیە لە بنەماڵەیەکی کورد پەروەر و هونەرمەند لە دایکبووە، هەر لە منداڵیەوە لەو ئاهەنگ و دانیشتنانە بەشداریکردووە، بەو پێیەی باوکی لەگەڵ هونەرمەندان و گۆرانی بێژانی ئەوسای کۆیە وەکوو (مەلا ئەسعەد، سێوە، حەمەدەمین کەبابچی و تایەر تۆفیق وشاعیران دڵدار و دڵزار و عوسمان عەونی) تیایا بەشداربووە، بۆیە وریا ئەحمەد خولیای کەوتۆتە سەر گۆرانی و مۆسیقا.

هونەرمەند خوێندنی سەرەتایی و ئامادەیی لە کۆیە تەواوکردووە، حەزی لە پەیمانگای هونەرە جوانەکانی بەغدا بووە، بەڵام چونکە باوکی هەر لە ساڵانی چلەکانەوە ئەندام بووە لە پارتە سیاسیەکانی کوردی و لە پەنجاکانیش لە پارتی دیموکراتی کوردستان بووە، تاقە کوڕی بووە لەگەڵ دوو خوشک، بۆیە باوکی دڵی نەهاتووە بینێرێتە بەغدا بۆ خوێندن، ناوبراو لە باوکی و هونەرمەندانی کۆیە فێری مۆسیقا و ئاواز بووە، لە چاوپێکەوتنێکدا دەڵێت: شیرین بەهارە و، وەک قومری سەربارم شینە کە تایەر تۆفیق ووتویەتی، هی باوکمە، خۆشی زۆر لە هونەری مۆسیقا و ئاواز و عود لێدان لە مۆسیقای هونەرمەند سەردار ئەحمەد و مەلا ئەنوەر



تاهیر و مامۆستا زاهیر فێربووە.

وریا ئەحمەد لەگەڵ زۆربەی تیپە مۆسیقاکانی کوردی بە خۆی و عودەکەیەوە بەشداری کردووە لەوانە تیپی هونەری هەولێر، کە ڕۆڵێکی دیاری هەبووە و ئاوازی بۆ زۆر لە گۆرانی بێژەکان داناوە وەکوو(قادر کابان، قادر زیرەک، حەمە جەزا، جەلال سەعید، عارەب عوسمان، ئیبراهیم سابیر، نیزام شوکر، کاوە ژاژڵەیی).

لە ساڵی ١٩٧٧ کە تیپی مۆسیقای سلێمانی کۆمەڵێک گۆرانی ئاست بەرز بە ڕەنگ و دەنگ لە تەلەفزیۆن تۆماردەکەن، تیپی هونەری هەولێریش خۆیان لەوان بە کەمتر نەزانیوە، بۆیە تەکان دەدەنە خۆیان و بە هاتنەوەی هونەرمەندی عود ژەن ڕزگار خۆشناو لەبەغدا لەگەڵ وریا ئەحمەد و تیپەکە ئەوانیش لە ساڵی ١٩٧٨ (٢١) بەرهەمی نایاب بە دەنگ و ڕەنگ تۆمار دەکەن، هونەرمەند تا ساڵانی نیوەی هەشتاکان لەگەڵ تیپی هونەری هەولێر خزمەتێکی زۆری بە گۆرانی و مۆسیقا و ئاوازی کوردی کردووە.



تیپی زیر و بەم



لە ڕاستەوە: هونەرمەندی خوا لێخۆشبوو حەمەجەزا، وریا ئاحمەد.

لە ساڵی ١٩٩٧ دەچێتە وولاتی هۆڵەندا بە ئاوارەیی دەژیت، لەوێش بەشداری زۆری لەو ئاهەنگە کوردیەکان دەکات، کە لەبۆنەکانی وەک نەورۆز و سەری ساڵ و ڕۆژەتایبەتەکانی مێژووی کورد ئەنجامدەدرا، هەر لەهەندەران ئاوازی بۆ هونەرمەندان تەنیا ئیدریس و ڕزگار ڕەنجەڕۆ داناوە هەتا ئاوازێکی بۆ خانمە هونەرمەندی کوردی باکوور (فاتێ) داناوە کە دواتر بە شاکار ناویان بردووە، هەروەها لە هۆڵندا یارمەتی خانمە گۆرانیبێژی کوورد (چۆپی) داوە بە پەرەپێدانی بەهرەی و دانانی ئاواز بۆی و فێری (حەیران)ی کردووە بە دوو پارچە نزم و بەرز و هەردوو جۆری حەیران حەیرانی (دیوەخان) و (چیا).

لە ساڵی ٢٠٠٥ بەیەکجاری هاتۆتەوە کوردستان بۆتە سەرنوسەری



تیپی هونەری هەولێر

گۆڤاری (چل ئاواز) کە گۆڤارێکی هونەری و ڕۆشنبیری بووە، تێیدا خۆی چاوپێکەوتنی لەگەڵ کۆمەڵێک هونەرمەند کردووە کە تەمەنیان لە سەرووی پەنجا ساڵان بووە بەو پێیەی ئاگاداری مێژوویی هونەری کوردی کوردستانی باشوورن، هەروەها نامیلکەیەکی لەسەر باوکی نووسیوە بە ناونیشانی (ئەحمەدی حەمەلاو باوک و هونەرمەند و کورد پەروەر)، ناوبراو زیاتر لە (١٠) کتێبی لە چاپ داوە و بڵاوکردۆتەوە دەربارەی گۆرانی و مۆسیقا و ئاوازی کوردی.

دووا بەرهەمی ناوبراو پارچە مۆسیقایەکە بە ناوی (دوو نەوە) کە خۆی و کورەکەی (دڵدار وریا ئەحمەد) لە عازیفە باشەکانی پیانۆیە لە کوردستان، خۆی بە عود و کوڕەکەشی بە پیانۆ و ئاوازەکە هی خۆیەتی و کوڕەکەشی دابەشکردن و جوانکاری بۆ کردووەو بە بەرهەمێکی نوێ دادەنرێت لە مەیدانی مۆسیقا و ئاواز.

کاک وریا ئەحمەدی هونەرمەند بە خۆی و ئەرشیفەکەی و عودەکەی کەرەستەیەکی جوان و پوختن بۆ لێکۆڵینەوەو ڕاڤەکردنی بەرهەمەکانی بۆ نامەی ماستەر و دکتۆرا لە لایەن قووتابیانی پەیمانگا و کۆلێژەکانی هونەرە جوانەکان لە هەرێمی کوردستان.

لە کۆتایی سەرکەوتن و سەرفرازی و تەمەن درێژی بۆ ئەم هونەرمەندە مەزنە، ئەوانەشی ناویان لەم پۆستەدا هاتووە لە ژیان نەماون ڕەوانیان شاد بێت.

تێبینی: وێنەکان و هەندێ زانیاری لەم سەرچاوانە وەرگیراون: کوردیپیا، ویکیپیدیا، Youtub K٢٤ لە ٢٠٢١/٥/١٢ ئامادە و پێشکەشکردنی یادگار فایەق.
زانیاری خۆم.



# رزگار خۆشناو

روحیەتی پەنجەکانت لە عود ژەنین کوردیە. ... ئەمە ووتەیەکی ژەنیاری عودی بە ناوبانگی عێراقی (منیر بشیر) ە، لە ساڵانی حەفتاکان بە هونەرمەندی گەورەی کورد رزگار خۆشناوی ووتوە، رزگار خۆشناو لە ساڵی ١٩٥٢ لە شارە جوان و کەش و هەوا خۆشەکەی شەقڵاوە لە دایکبووە، لە دایک و باوکێک کە هونەرمەند نەبووینە، بەڵام خودی خۆی هەر لە منداڵیەوە حەزی لە گۆرانی ومۆسیقا و مەقامات بووە، خۆی لە چاوپێکەوتنێکدا دەڵێت (لە شەقلاوە هەر ئاهەنگێک بکرابوایە خەڵکەکە گوێیان دەگرتە گۆرانی و مۆسیقاکە من تەماشای دەستی مۆسیقا ژەنەکانم دەکرد، لە ساڵی ١٩٦٦ لە قوتابخانەی ناوەندی بووە کۆڕس بووە لە تیپی قوتابخانە و لە مامۆستایانی (عەبدولواحید مەرجان، یحیا مەرجان، فرەیدون دارتاش، سەردار زوهدی) فێری مۆسیقاو عود ژەنین بووە، یەکەمین جار لە نەورۆزی ساڵی ١٩٦٧-١٩٦٨ (سرودێکی) داناوە (ئەوا بەهار هات مژدە بێت. ..) کە شیعر و ئاوازەکە هی خۆی بووە.

لە ساڵی ١٩٧١ کە بۆ یەکەم جار (معهد الدراسات النغمية) لە بەغدا دەکرێتەوە رزگار خۆشناو یەکەمین قوتابی کوردە کە لەو پەیمانگایە وەرگیراوە، پاش ئەوەی تاقیکردنەوەیان پێکردووە، لە ماوەی خوێندنی لە پەیمانگای مۆسیقا لە گەڵ هونەرمەند خەلیل وەندی و بەخۆی و حەیدەر



لە ڕاستەوە: عیسا بەرواری، ڕەسول گەردی، گوڵبەهار، رزگار خۆشناو.

عیسا کە (ئۆکۆردیۆنی لێداوە) لە ئێستگەی کوردی بەغدا هەوڵی داوە تیپێکی مۆسیقای کوردی پێکبێنێت، لە سالی ١٩٧٧ کە خوێندن تەواو دەکات لە سێ شوێن لە بەغدا داوای لێدەکەن کە بمێنێتەوە بۆ کار کردن لەوانە (ئێستگەی کوردی لە بەغدا، فرقە الرشید للرقص-تیپی سەمای رەشید، لە وەزارەتی رۆشنبیری عێراقیش)، بەڵام ئەو هەر ویستویەتی بگەڕێتەوە کوردستان و خزمەتی گۆرانی و مۆسیقای کوردی بکات، لە ساڵی ١٩٧٧ کە گەڕاوەتەوە هەولێر بە مامۆستای مۆسیقا دامەزراوە لە بەڕێوەبەرایەتی لاوانی سەر بە ئەمانەتی گشتی رۆشنبیری و لاوان لە تەک دەست بە کاربوونی لە تیپی هونەری هەولێر، لە ساڵی ١٩٧٧ تا رۆژی ١٩٨١/٦/١٢ کە چۆتە دەرەوەی وڵات بەشداری لە هەموو ئەو بەرهەمانەی تیپی هونەری هەولێر کردووە، هاریکاری و دەورێکی زۆری هەبووە لە پەرەپێدانی بەهرەو توانای گۆرانیبێژی نەمر حەمە جەزا و ئاوازی بۆ زۆربەی گۆرانیەکانی داناوە




هونەرمەند رزگار خۆشناو لە ئاهەنگێکدا لەگەڵ هونەرمەند محەمەد جەزا.



**هونەرمەند رزگار خۆشناو لەگەڵ پرۆفسیۆری پیانۆ سکۆرجیا مارکۆس.**

لەوانــە عەشــق و ئــازادی، کیــژی کوردســتان، لایــە لایــە.

لــە ســاڵی ١٩٨١ لــە (مرکــز شــباب) بەڕێوەبەرایەتــی لاوانــی هەولێــر داوای لێدەکــەن کــە ئاوازێــک بــۆ شــیعری شــاعیرێک دابنــێ کــە ستایشــی (صــدام) کــردووە ئەویــش وتویەتــی باشــە بــە مەرجــێ (ئێســتا زۆر مانــدووم ئەگــەر فیــزەم بــۆ بکــەن ســەفەرێکی دەرەوەی وڵات بکــەم تــۆزێ ئیســتراحەت بکــەم بــۆ تــان دەکــەم) ئیتــر لــە ٦/١٢/ســاڵی ١٩٨١ چۆتــە وڵاتــی (نەمســا) و ٣٨ ســاڵ نەهاتۆتــەوە کوردســتان، لــە نەمســا لــە دانشــگای (غــراد) کــە پایتەختــی مۆســیقای کلاســیکیە دەســتی بــە خوێنــدن کــردووە لــە بەشــی (اداء الموســیقی) ئەدائــی مۆســیقا، لــە تــەک خوێنــدن هــەم کاری کــردووە بــۆ بژێــوی ژیانــی و پێداویســتەکانی هــەم بە خۆی و عودەکەی خزمەتی مۆســیقای کوردی کردووە



هەمــوو هەوڵــی داوە چ بــە تەنیــا چ لــە گــەڵ یــەک هــاوڕێ یــان دووان بەشــداری لــە هەمــوو ئــەو ئاهەنگــی نەورۆزانــە کــردووە کــە لــە نەمســا یــان ئەلمانیــا ســاز کــراوە و هەوڵــی داوە (لۆبــی)

کوردی پەیدا بکات و مۆسیقای کوردی بە خەڵکی نەمسا و ولاتەکانی دەوروبەری بگەیێنێت.

ناوبراو زیاتر لە ٢٦ ساڵ لە یەکێ لە نەخۆشخانەکانی نەمسا لە بەشی (Music tropie) واتە عیلاج بە مۆسیقا کاری کردووە، پاش ئەوەی چەند دەورەیەکی کردووە بۆتە پسپۆر لەم بوارەوە.

هونەمەند رزگار خۆشناو هەر لە ساڵانی یەکەمی لە نەمسا لە دانشگای (گراد) برادەرایەتی لە گەڵ (مارکۆس شیمە) کە پسپۆری پیانۆ لێدان بووە و قوتابی بووە لە بەشی مۆسیقای کلاسیکی پاشان بەیەکە گروپی (سکۆردیا) یان پێکهێناوە کە دوانزە کەسن، جگە لە مارکۆس ئەوانی تر هەموو کوردن و زیاتر لە ١٠ وڵاتی ئەوروپا نمایشی مۆسیقای کوردیان کردووە لەوانە (ئینگلترا، ڕووسیا، ئیتالیا، فەرەنسا، ئەلمانیا)، نیازیشی لەم کارە هەر پەیدا کردنی لۆبی کوردی بووە و بە خەڵکی وڵاتانی جیهان بڵێت گەلی کورد زوڵمی لێکراوە و کیمیا باران و ئەنفال کراوە.

لە ساڵی ٢٠١٩ هونەرمەند رزگار خۆشناو بە یەکجاری هاتۆتەوە کوردستان، وەکو ئەوەی من بزانم تا ئێستا هیچ لێپرسراوێتیەکی هونەری پێنەسپێردراوە، بەڵام ئەو لە باری مۆسیقای کوردی ڕازی نیە و دەڵێت: مۆسیقای کوردی تووشی شێرپەنجە بووە، ئەویش بە هۆی نەمانی ڕەسەنایەتی لە مۆسیقای کوردی، چونکە بە تەواوی کەوتۆتە ژێر کاریگەری مۆسیقای عەرەبی و فارسی و تورکی، حەزو ویست و پرۆژەی هەیە بۆ گێڕانەوەی ڕەسەنایەتی بۆ مۆسیقای فۆلکلۆر و مەقامی ڕەست و، قەتار و اللاوەیسی هتد...، بەڵام تا ئێستا لە لایەن لێپرسراوانی پەیوەندیدار لە هەرێمی کوردستان پشتگیری لێ نەکراوە.

لە کۆتایی داوای سەرکەوتن و تەمەن درێژی بۆ ئەم هونەرمەندە کورد پەروەرە دەکەم.

**تێبینی:** هەندێ زانیاری لەم سەرچاوانە وەرگیراوە:

کوردیپیدیا، ویکیپیدیا، سیمینارێکی هونەرمەند هەژار زەهاوی لە تەلەفزیۆنی ڕووداو. زانیاری و نووسینی خۆم.



# سترانبێژ محەممەد عارفێ جزیری

ئـەز غـەزالـم، بەفـر بـاری، ئامێـری ڕەسـەنی کـوردی (تەنبـوور) و دەنگـە زوڵاڵ و ڕەسـەنە کوردیەکـەی محەمـەد عـارف جـەزراوی، بـە سـەر دەکـەینەوە.

نـاوی تـەواوی (محەمـەد عـارف محەمـەد کەریـم) ە، لـە سـاڵی ١٩١٢ لـە لانکـەی ئـەدەب و شـیعر و میرانـی کـورد لـە شـاری مـەلای جزیـری (جەزیـرەی بۆتـان) لـە بنەماڵەیەکـی دەسـت کـورت لـە دایـک بـووە، باوکـی لـە سـەرەتای دەسـت پێکردنـی جەنگـی جیهانـی یەکـەم دەچێتـە شـەڕ و نایەتـەوە، دایکـی (عەدلـە ڕەشـید) کـە ئـەو کات گۆرانیبێـژ بـووە ژیانێکـی پـڕ لـە نەهامەتـی دەبەنـە سـەر، دایکـی بـە گۆرانـی ئایینـی و ئامـادە بـوون لـە (مەولـود) ە کان، کوڕەکـەی بـە گیانێکـی نیشـتمان پـەروەری پـەروەردە دەکات، لـە ئەنجامـی کۆتایـی شـەڕی جیهانـی یەکـەم سـاڵی ١٩٢٣و هەڵوەشـاندەوەی ئیمپڕاتۆڕیەتـی عوسـمانی و تێکچوونـی بارودۆخـی کـورد و هەڵگیرسـاندنی شـۆڕشـی (شـێخ سـەعید)ی پیـران سـاڵی ١٩٢٥، محەمـەد عـارف جـەزراوی دەسـتگیر دەکرێـت و دەخرێتـە بەندیخانـە بـە تاوانـی بردنـی چـەک لـە کوردسـتانی باشـوور بـۆ شـۆڕشـی شـێخ سـەعیدی پیـران.

پـاش ئـازاد بوونـی دەچێتـەوە جزیـرێ بۆتـان و ماوەیـەک لـە بۆنـە ئایینیـەکان لەگـەڵ دایکـی فێـرە گۆرانـی و ئـاوازی فۆلکلـۆری دەبێـت، دواتـر




**لە لای ڕاستەوە: فوئاد ئەحمەد، محەممەد عارف جەزراوی، تەحسین تەها**

لـە بێ دەرامەتـی و گرانـی ژیـان دێنـە کوردسـتانی باشـوور لـە زاخـۆ لای خزمەکانـی دایکـی جێگیـر دەبن، لـە پاشـان لەگـەڵ (سـاڵح)ی بـرای دەچێتـە موسـڵ خەریکـی (سـونەت - خەتەنـە) کردنـی منداڵان دەبن، هـەر لـەو گـەڕان و سـووڕانانە بـە (نـازدار) خانـی هاوسـەری ئاشـنا دەبێـت لـە سـاڵی ١٩٣٣ و ژیانـی هاوسـەرگیری پێکدەهێنـن و ٣ کـوڕو ٤ کچیـان دەبـێ.



**لە لای ڕاستەوە: حەسەن زیرەك، حەسەن جەزراوی، محەممەد عارف جەزراوی**




هەر لەو سەردەمدا لەگەڵ گۆرانیبێژە بە ناوبانگەکانی ئەو کات (کاوێس ئاغا، مریەم خان، ئەلماس خان) ئاشنا دەبێت و تازە کۆمپانیای تۆمار کردنی گۆرانی کرابووەوە کە خاوەنەکەی (یەهودی و مەسیحی) بوونە ئەلماس خان ساڵی ١٩٢٦ و مریەم خان ساڵی ١٩٣٤ و محەمەد عارفیش لە ساڵی ١٩٣٩ لەگەڵ کردنەوەی بەشی کوردی رادیۆی بەغدا دەچێتە بەغدا



لـه وێ گۆرانیبێژەکانـی کـوردی وەکـو (تایـەر تۆفیـق و عەلـی مـەردان) ی ناسـیووه و بـه یەکـەوه گۆرانیـان بـه شـێوەی ڕاسـتەوخۆ ووتـووه.

محەمـەد عـارف جـەزراوی (١٤) قەوانـی لـه رادیـۆی بەغدا تۆمـار کـردووه، دوا تـر دەگەڕێتـەوه دهـۆک لەگـەڵ (ڕەمـەزان جـەزراوی) تیپێکـی ئاییـنی دادەمەزرێنـن لـه دهـۆک و دەروبـەری بەشـداری ئاهەنگـی ئایینـی و بـووک و مەولـودەکان دەکـەن، تـا سـاڵی ١٩٤٩ جارێکـی تر دەگەڕێتـەوه بەغدا لـه رادیـۆی کـوردی بەغـدا بـه فەرمـی دادەمـەزرێ تـا وەکـو سـاڵی ١٩٧٤ خانەنشـین کـراوه.

ناوبـراو زیاتـر لـه (٣٠٠) گۆرانـی لـه رادیـۆی کـوردی بەغـدا تۆمـار کـردووه. لێرەدا سـەربردەی خـۆی و تەمبوورەکـەی دەسـت پێدەکات کـه لـه هەمـوو شـار و شـارۆچکەکانی کوردسـتان لـه بۆنـه نیشـتمانی و نـەورۆزەکان ئاهەنگـی گێڕاوه بـه تایبەتـی پـاش بەیاننامـەی ١١ ئـاداری سـاڵی ١٩٧٠.

لەگـەڵ عیسـا بـەرواری و گوڵبەهـار و سـەعید یوسـف سـەرەدانی ئێـران و قامیشـلۆ و لوبنانـی کـردووه و ئاهەنگیـان گێڕاوه.

بیرەوەیەکانـم لەگـەڵ محەمـەد عـارف جـەزراوی، هێشـتا هـەر قوتابـی بـووم لـه بەشـی کـوردی کۆلێـژی ئادابـی زانکـۆی بەغـدا لـه سـاڵی ١٩٧٢ کـه لـه





**گوڵبەهار، نەناسراوە، محەمەد عارف جەزراوی، عیسا بەرواری**

ئێستگەی کوردی بەغدا دامەزرام وەکو (بێژەر)کە چوومە ئەوێ محەمەد عارف جەزراوی لەوێ لەگەڵ عیسا بەرواری دەوامی دەکرد، ڕۆژانە دەمدیت پیاوێکی زۆر نەرم و نیان و روح سووک و قسە خۆش بوو، ساڵ هات و ساڵ ڕۆیشت لە ساڵی ١٩٨٢ ئێمە لە ئەمینداریێتی گشتی ڕۆشنبیری و لاوان داوامان لە بەڕیوبەرایەتی ڕۆشنبیری جەماوەری هەولێر کرد ئەو کات ڕەوانشاد شامل مەردان ئاغا بەڕێوەبەر بوو بە وەکالەت ئاهەنگێکی ڕێزلێنانمان بۆ گۆرانیبێژ محەمەد عارف جەزراوی لە هۆلی ڕۆشنبیری جەماوەری ساز کردوو شاعیر و نووسەری کورد نازم دڵبەند ئاهەنگەکەی وەکو پێشکەشکار بەڕێوەبرد.

لە ساڵی ١٩٧٨ ئەو کاتەی گۆرانیبێژی کوردی باکوور ئایشە شان میوانی رادیۆی بەغدا بوو ئێمەش وەکو بەشی ڕۆشنبیری لە ئەمینداریێتی ڕۆشنبیری داوەتی هەولێرمان کرد و لە یانەی فەرمانبەرانی کۆن ئاهەنگێکی خنجیلانەمان بۆ ساز دا لە هەولێرەوە داوای دیتنی محەمەد عارف جەزراوی کرد ئێمەش وەکو ئەمینداریێتی گشتی ڕەوانەی دهۆکمان کرد لەوێوە چوو بوو بۆ موسڵ لە ماڵی عیسا بەرواری، محەمەد عارفی جەزراوی دیبوو ئاهەنگێکی خنجیلانەشیان گێڕابوو.

وەکو زانیاری خۆم (یۆنیسکۆ) محەمەد عارف جەزراوی وەکو نوێنەری

مۆسیقاو کولتووری کوردی ناساندووە، لە دهۆک هۆڵێک بە ناوی محەمەد عارف جەزراوی کراوە و پەیکەرێکیشی بۆ کراوە و لە بەر دەم هۆڵەکە دانراوە.

دەنگە زوڵاڵ و ڕەسەنەکەی محەمەد عارف جەزراوی لە گوێچکەی ئێمەو نەوەکانمان تا دونیا ماوە دەزرینگێتەوە.

پاش ئەوەی نەخۆشی شەکرە تەنگی پێهەڵچنیبوو و چاوەکانی نابینا ببوون، لە نەخۆشخانەی ئازادی رۆژی ١٩٨٦/١٢/١٧ دڵە گەورەکەی لە لێدان کەوت و کۆچی دوایی کرد، لە ڕێوڕەسمێکی شایەستە بە ئامادە بوونی جەماورێکی زۆر لە گۆڕستانی (شاخکێ) لە دهۆک بە خاکی نیشتمان سپێردرا..

روحی پاکی محەمەد عارف جەزراوی شاد و ئارام و ئاسوودە بێت.

سەرچاوەکان:

کوردیپێدیا، ویکیپیدیا، زانیاری و بیرەوەری و نووسین و داڕشتنی خۆم.



# جەمیل رەنجبەر

شەهید جەمیل رەنجبەر ناوی تەواوی (جەمیل صالح عەزیزە)، لە ساڵی ١٩٤٩ لە گوندی گۆمەگرِووی دەوروبەری شاری هەولێر لە دایکبووە، خانەی مامۆستایانی تەواو کردووە، هەر لە سەرەتای شەستەکانەوە خولیای شیعرو ئەدەبی کوردی و سیاسەت بووە، شیعرەکانی تام و بۆی بەرگری (المقاومە)ی لێ دیت و لە تەک رۆمانسیەت و نوێخوازی، لە ساڵەکانی ١٩٦٧ تا ١٩٦٩ لێپرسراوی یەکێتی قوتابیانی کوردستان و ئەندامی پارتی دیموکراتی کوردستان (باڵی مەکتەبی سیاسی) بووە، هەروەها لێپرسراوی ئێمە بوو کە بریتی بووین لەم ناوانە، خوا تەمەن درێژیان بکات (کاک سەعدوڵڵا پەرۆش، کاک جەوهەر کرمانج، کاک هیوا ئیسماعیل سەرهەنگ، کاک ئازاد تۆفیق سەرهەنگ، کاک حاجی مەمۆ، کاک هوشیار فەتاح، کاک هۆشیار عەزیز هەرکی، کاک جەلال مەلا تاهیر، بەندە، کاک سابیر ساڵح گۆران و کاک سەدیق ساڵح گۆران کە هەردووکیان برای شەهید جەمیل رەنجبەرن، کاک عەلی قادر بەردەسپی، کاک ئیسماعیل مستەفا و چەند هاورِێیەکی تر تەنها شاعیری نەمر کاک سەعدوڵڵا پەرۆش کۆچی دوایی کردووە خوالێخۆشبێت، لە ساڵی ١٩٧٤-١٩٧٥ پێشمەرگەی شۆرشی ئەیلول بوو، لە خەباتی سیاسی خۆی بەردەوام بوو شان بە شانی بایەخ دان بە شیعرو ئەدەبیاتەکانی لە ساڵی ١٩٧٢ بە خۆی و بە

خێزانەکەی  هاتنە بەغدا تازە هاوسەرگیری کرد بوو، بەڵام کاتێکی تەرخانکرد بۆ ئامادەبوون لە کۆڕیکی شیعری کە بەشی کوردی لە کۆلێژی ئادابی زانکۆی بەغدا سازیکردبوو بۆ شاعیران سامی شۆرش و ئەنوەر شاکەلی و لەتیف هەلمەت و ڕەفیق سابیر، خوالێیخۆشبێت جەمیل ڕەنجبەر لە کۆڕەکەدا بەشداری کرد بە  دەربڕینێکی زۆر جوان کە خوالێیخۆشبێت پرۆفیسۆر دوکتۆر عیزەدین مسەفا ڕەسول سەرپەرشتی دەکرد زۆر سوپاسی کاک جەمیل ڕەنجبەری کردوو دەربڕینەکەی بە بەرز نرخاند.



لە ساڵانی ١٩٧٢-١٩٧٤ ئەندامی دەستەی نووسەرانی گۆڤاری نووسەری کورد بووە کە یەکێتی نووسەرانی کورد لقی هەولێر



لەلای چەپەوە: خوالێیخۆشبێت شێخ لەتیف بەرزنجی، مەلا محەممەد بەحرکە، جەمیل ڕەنجبەر، پارێزەر فاروق جەمیل



**جەمیل رەنجبەر و شاعیری عەرەبی و عێراقی گەورە مەحەمەد مەهدی جەواهیری**

دەریدەکرد لە گەڵ خوالێخۆشبووان (عیزەدین فەیزی و کەریم شارەزا و عەزیز گەردی و مەدحەت بێخەو، ئەمە جگە لە بەردەوام بوونی لە خەباتی سیاسی خۆی لە ساڵەکانی ١٩٧٤ لێپرسراوی ڕێکخستنەکانی کۆمەڵەی رەنجدەرانی کوردستان بووە لە شاری هەولێر، ناوبراو دوو جار دەستگیر کراوەو خراوەتە بەندیخانە ئەزیەت و ئەشکەنجە دراوە حوکمی موئەبەد درا، بەڵام بە قەدەر زەڕەیەکیش نهێنیەکانی خۆی نەدرکاندووە بۆ رژێمی گۆڕ بە گۆری ئەوسا، تا لە دوایی بەر لێبووردنی گشتی دەکەویت ئازاد دەکرێت.

هەر لە ساتی ئازاد بوونیەوە یەکسەر خۆ دەگەێنێتە ریزەکانی هێزی پێشمەرگەی کوردستان، وەکو رابەڕی سیاسی هەرێمی حەوتی



**جەمیل رەنجبەر و سامی شۆرش و سەعدوڵڵا پەرۆش، کاک سیامەند عەبدوڵڵا.**

دەشتی کۆیە و خۆشناوەتی و دەشتی هەولێر دەست بەکار دەبێت و لە هەموو جموجۆڵەکانی پێشمەرگایەتی و ئەرکەکانی خۆی بە جوامێری ئازایەتی جێبەجێ کردووە، بە داخەوە تەمەنی پێشمەرگایەتی شەهید جەمیل رەنجبەر کورت بوو لە پاش نیوەڕۆی رۆژی ١٩٨٠/١١/١٨ لە گوندی جەلکانی پشدەر لە رەقەی بناری کێوە رەش لە ناوچەی سەنگەسەر لە گەڵ پۆلێک لە هاوڕێکانی بە بۆردومانی دوو هەلیکۆپتەری رژێمی بەعس شەهید کران، خۆ تەنها شەهید جەمیل رەنجبەر تاکە شەهیدی ئەو بنەماڵە کورد پەروەرە نیە، بەڵکو حاجی ساڵح گۆرانی باوکیان دوو کوڕی تری بە ناوەکانی شەهید یاسین و شەهید مەجید هەیە کە پێشمەرگەی شۆرشی ئەیلول بوون واتە بە شەهید جەمیل رەنجبەرەوە بنەماڵەکەیان سێ شەهیدی داوە، شەهید جەمیل رەنجبەر لە پاش خۆی خێزانەکەی و سێ کچی بە ناوەکانی (هەرەوەز و هەریار و بوێر) جێهێشت خوا سەرفراز و سەربەرز و تەمەن درێژیان بکات و براکانی شەهید جەمیل، سابیر ساڵح گۆران و سەدیق ساڵح گۆران ئەوانیش هەر لە سەرەتای ژیانیان شاعیرو سیاسەت مەدار بوون و ئێستاش هەر درێژەیان بە خەباتی کوردایەتی خۆیان داوە و دەدەن، بۆ شەهیدی شاعیر و پێشمەرگەش کاکە جەمیل رەنجبەر دەڵێم بنوە روحت ئاسوودەو شاد بێت هاورێ دێرینەکانت هەموو ساڵێ یادت دەکەنەوە، چونکە تۆ هەمیشە نەمری لە دڵی هەموو کوردێکی نیشتمان پەروەر، وا لە خوارەوە دوو پارچە شیعری شاعیری نەمرتان بۆ دەنووسمەوە:



**هیوا ئیسماعیل سەرهەنگ و خوالێخۆشبوو سەعدوڵڵا پەرۆش**

**با خۆشەویستی....**

**وەک مەشخەڵی بێ بۆ**
**رزگاری ووڵات**
**دەس لەناو دەس بێ**
**سەر کۆنەم مەکە، ئیتر با**
**بەس بێ**
**شادی و بەختیاری گەل و**
**نیشتمان**
**با بێتە بەری رەنجی**
**تیکۆشان**
**جەمیل رەنجبەر**

**پارچەی دووەم:**

**لە نێو چوار چێوەی سنووری تەسکم**
**چۆن هەڵبژێرم ئەسرینی هەنسکم ؟**
**خۆ ئەگەر بڵێم: ئازادیم ئەوێ ؟**
**تیرێک بە باڵ و جەستەم ئەکەوێ**
**بۆیە چاو پۆشم لەو ژینە تاڵە**
**تا رۆژێ ئەبێ خەمخوارم زاڵە...**
**ئەگینا ژینی نێو رک، کوا ژینە ؟**
**پڕ لە مەینەت و ئازار و قینە...**

**جەمیل رەنجبەر**
**١٩٦٧**

ووشەی رک = قەفەس

وێنەکان هەندێک لە لاپەرەی جەمیل رەنجدەر و (google) و کوردیپێدیا وەرگیراوە.



# عەزیز گەردی

نووسەر و ڕەخنەگر و وەرگێری گەورەی کورد دوکتۆر عەزیز گەردی، لە ساڵی ١٩٤٨ لە گوندی (بەحرکە) کە ئێستا بۆتە شارۆچکەی (بەحرکە) سەر بە شاری هەولێر لە دایکبووە، هەر لە سەرەتای ژیانی لاویتیدا بوو وجودی خۆی سەپاندووە و بەردەوام بووە لە پەرەپێدان و داهێنان بە نووسینەکانی بە تایبەتی ئەو نووسینانەی دەربارەی زانستی سەروا، کێش، عەرووز و رەوانبێژی لە زماندا، لە ساڵی ١٩٧٢ زانستی ڕەوانبێژی لە ئەدەبی کوردیدا نووسیووە و لە سێ بەرگدا لە چاپی داوە، کە بە یەکێک لە هەرە شاکارە گەورەکانی ئەم نووسەرە مەزنەدا دادەنرێت، یەکێک لەم کتێبانەی کە ناوبراو توێژینەوەی لە سەر کردووە، دیوانی شیعری شێخ رەزای تاڵەبانیە، کە مامۆستا شوکر مستەفا پەراوێزی بۆ نووسیووە و لە ساڵی ٢٠٠٠ لە چاپی داوە، دوکتۆر عەزیز گەردی بە کتێبێکی ٣٠٠ لاپەڕەیی رەخنەی لێدەگرێت و کێشەو گرفتەکانی بە نمونەی (عرووزی شیعری) دەستنیشان دەکات، ناوبراو لە کتێبەکەیدا کە بە ناوی (کێشی شیعری شێخ رەزای تاڵەبانی-ڕەخنە و لێکۆڵینەوە) کە لە پێنج بەش و کۆمەڵێ تەوەردا هاتووە، هەموو رەخنەو ڕاستکردنەوەکانی بە جیا لە سەر شیعرە کوردی و فارسی و تورکیەکانی شێخ رەزای تاڵەبانی خستۆتە ڕوو، هەڵەکانی مامۆستا شوکر مستەفا نەک هەر لە کێشی عرووزی شیعرە



**پۆلێك لە شاعیر و ئەدیبانی كورد كە لە ساڵی ١٩٧٣ لە ژێر پەیكەری شاعیری نەمر حاجی قادری كۆیی گیراوە لە لای ڕاستەوە: ١-عەبدولخالیق سەرسام ٢-مەجید هێرش ٣-محمد مولود (مەم) ٤-مومتاز حەیدەری ٥-كەریم شارەزا ٦-یوسف دەرگەلەیی ٧-عەبدوڵلا خدر ٨-عەزیز گەردی ٩-نەناسراوە ١٠-ئەحمەد شەریف ١١-ئەحمەد شێخ تاهیر ١٢-سەعدوڵلا پەرۆش ١٣-عومەر شێخ اللە ١٤-مەحمود زامدار**

كوردیەكان بەڵكو لە شیعرە فارسی و توركیەكانیشی بۆ ڕاستدەكاتەوە.

د. عەزیز گەردی پاش ئەوەی چەندین ساڵ لە قوتابخانە ناوەندی و دوواناوەندیەكانی هەولێر وەكوو مامۆستای زمانی كوردی خزمەتی كردووە لە ساڵی ١٩٩٤ كە لە خوێندنی ماستەر و دوكتۆرا وەردەگیرێت ئەگەر تەماشای نامەی دكتۆرایەكەی بكەیت دەبینین ئەوانەی كە لە سەردەمی ئەو نامەی ماستەر و دوكتۆرایان لە سەر شاعیرانی كلاسیكی نووسیووە، تیادا باسی ژیان و شیكردنەوەی هەندێ شیعریان كردووە، بەڵام ناوبراو لە نامەی دكتۆرایەكەی خۆی لە قەرەی بابەتێك داوە كە كەس پێش ئەو خۆی لێنەداوە، ئەویش زانستی كێش و عرووزی شیعری كلاسیكیە و نامەی دوكتۆرایەكەشی بە ناوی (كێشی شیعری كلاسیكی كوردی و بەراوردكردنی لە گەل عرووزی عەرەبی و كێشی شیعری فارسی) یە، هەروەها باس لە لایەنێكی تەكنیكی شیعری كلاسیكی دەكات ئەویش (سەروایە) كە مۆسیقا بە شیعر دەبەخشێت و بۆ ئەمەش كاری لە سەر شیكردنەوە و هەڵسەنگاندنی شیعری بەشی زۆری شاعیرانی كلاسیكی












بەرهەمەکانی دوکتۆر عەزیز گەردی.

کردووە و سوودی لە سەرچاوەکانی کوردی و عەرەب و فارسی و ئینگلیزی و فەرەنسی و ئەسپانی و ئیتالی وەرگرتووە.

گەردی هەر بەوەش نەوەستاوە بەڵکو کتێبێکی بە ناوی کێشناسی شیعری کوردی نووسیووە و دانەیەکی تریشی بە ناوی (فەرهەنگی کێشناسی) بڵاوکردۆتەوە کە تیایا هەرچی شیعری کلاسکی کوردی هەیە زۆربەیانی شرۆڤە و شیکردۆتەوە، وەرگێڕان یەکێکە لە هونەرەکانی گەیاندنی زانیاری و رۆشنبیری، بۆیە هەندێ جار کە ناوی د. عەزیز گەردی دێت زیاتر وەکوو وەرگێڕ، بەڵام بەرهەمەکانی خۆی ئەوەندەی کارە وەرگێڕاندنەکەیەتی، بۆ وەرگێڕان ناوبراو زیاتر بەرەو ئەدەبی کۆن و ئەفسانەدا چووەو زۆر لە شاکارە ئەدەبیە جیهانیەکانی و ئەفسانەی








بەرهەمەکانی دوکتۆر عەزیز گەردی.

میللەتانی وەرگێڕاوەتە سەر زمانی کوردی، بۆ نموونە ئەفسانەی کوردی و ئێرانی و ئەرمەنی و سلاڤی و تورکیایی و ئەفریقی و ئازربێجانی.

وەکوو ئاشکرایە ئەفسانە بنوبنچینەی میللەتان لە یەک نزیک دەکاتەوە ئەفسانە پەیوەندی بە زانست و مێژوو و ئایینەوە هەیە، ناوبراو بە بەرهەمەکانی خۆی و بە شاکارە وەرگێڕاوەکانیەوە زیاتر لە (١٠٠) کتێبی نووسیووە و لە چاپداوە، لە وانە (ڕەوانبێژی لە ئەدەبی کوردی لە سێ بەرگ هەولێر ١٩٧٢ ، ئەدەب و ڕەخنە-بەغدا ١٩٧٤، جۆتیارێکی زیرەک، پیاوێک، سەروا-هەولێر ١٩٩٩، کێشی شیعری کلاسیکی کوردی ١٩٩٩، ڕەوانبێژی-جوانکاری-واتاناسی ٢٠٠٢، ڕابەری کێشی شیعری کلاسیکی لێکۆڵینەوەی ئەدەبی ٢٠٠٣، گەردەلولی مەرگ ٢٠٠٨، کێشناسی کوردی ٢٠١٤، سێ دەرمان هەقایەتی کوردی، هەندی لە وانەی وەریگیراون داغستانی من لە دوو کتێب دا کتێبی یەکەم و دووەم، چیرۆکەکانی ئیزۆب، لۆرکا سێ تراژیدی، چرایەک لە سەر مادیان کۆنووسینی مەنسور یاقووتی، بیرەوەری مامۆستایەک، قۆڵبڕ-عەزیز نەسین، ئەفسانەی (ئەرمەنی، سلاڤی، تورکیایی، ئێرانی، ئازربێجانی کوردی هتد....).







**بەرهەمەکانی**
**دوکتۆر عەزیز گەردی.**

د.عەزیز گەردی ئەندامی یەکیەتی نووسەرانی کورد و ئەندامی دەستەی نووسەرانی گۆڤاری نووسەری کورد بووە لە ساڵی ١٩٧٢، پیاوێکی سادە و ساکار و ڕوو خۆش و قەدر گرانەو بەرهەمەکانیشی هەر بە زمانەکی کوردی سادەو ساکار نووسیووە ئەگەر دەست بۆ هەر بەرهەمەکی ببەی بۆ خوێندنەوە کە دەستت بە خوێندنوەوەی کرد سەرنجت رادەکێشی و پەلکێشت دەکات تا تەواوی نەکەی وازی لێناهێنی و ناوبراو هەرگیز و هەمیشە دوور بووە لە چاوی کامیراو ڕاگەیاندن و بڵاوکردنەوەی

وێنەی خۆی و هەموو ژیانی خۆی تەرخانکردووە بۆ خزمەتی ئەدەب و زمانی کوردی، بۆیە کاراکتەری خۆی و هەموو بەرهەمەکانی و شاکارە وەرگێڕاوکراوەکانی کەرەستەیەکی پوخت و تەواون بۆ ئەو قوتابی و رۆشنبیرانەی کە نیازی خوێندنی ماستەرو دوکتۆرایان هەیە، دەتوانن سوودی لی وەربگرن، د. عەزیز گەردی زۆر لەوە گەورە ترە کە بە چەند دێڕێک هەلسەنگاندنی بۆ بکرێت، بەڵام وا لێرە ئێمە بەو چەند دێرە بە سەرمان کردەوە لە بەر کەمی سەرچاوەی بەر دەستمان هیوادارم لە کەم و کوڕیەکانم ببورن، هەر تەمەن درێژ بێت دوکتۆر عەزیز گەردی بۆ خزمەتی ئەدەب و زمانی کوردی.

تێبینی: وێنەکان و هەندێ زانیاری لە: کوردیپێدیا، ویکیپێدیا، رۆژنامەی زەمەن، کتێبخانەی کوردی، وتارێکی دوکتۆر حەمە مەنتک و لاپەڕەی کەریم شارەزا وەرگیراوە.



# سەعدوڵڵا پەرۆش

شاعیری گەورە و ناودار و ناسراوی شاری هەولێر و کوردستان سەعدوڵڵا پەرۆش، ناوی تەواوی (سەعدوڵڵا سەعید مام شێخە) لە ساڵی ١٩٥٠ لە هەولێر لەدایکبووە، هەر لە سەرەتای شەستەکانەوە خولیای شیعر و ئەدەبی کوردی بووە دەستی بە شیعر نووسین کردووە، شیعرەکانی نوێخوازی پێوە دیاربووە، دەورێکی دیار و ڕوونی هەبووە لە بواری ڕۆژنامەگەری و ڕاگەیاندن، خوالێیخۆشبێت هەر شاعیر نەبوو، بەڵکوو پێشمەرگەیەکی قارەمانی کوردستان بوو ساڵانێک لە ناو شاخ و داخی چیاکانی کوردستان برسێتی و ساردی و گەرمی دیووە، بەڵام هەر بەردەوام بوو لە خەباتی خۆی و ماوەیەک بەڕێوەبەری ڕادیۆی دەنگی کوردستان بووە، پاشان لە شار سەرۆکی یەکێتی نوسەرانی کورد لقی هەولێر بووە و بەڕێوەبەری گشتی ڕۆشنبیری و لاوانی هەرێمی کوردستان بووە، لە هەموو ئەو لێپرسراوێتیەی کە پێی سپێردراوە بە باشترین شێوە جێبەجێی کردووە.



لەلای ڕاستەوە: کاکە مەم بۆتانی، سەعدوڵڵا پەرۆش



سەعدوڵڵا پەرۆش دیوانی شیعری هەیە و بەرهەمی زۆری لە زۆربەی ڕۆژنامە و گۆڤارەکانی کوردی بڵاوکردۆتەوە، بە شاعیرێکی کەم نووس، بەڵام جوان نووس ناسراوە، چەندینجار لە لایەن دەزگا ڕۆشنبیریە کوردیەکان خەڵاتکراوە، بیرەوەریم لەگەڵ خوالێخۆشبێت دەگەڕێتەوە بۆ ساڵەکانی ١٩٦٧ –١٩٦٨ کە پێکەوە لە ڕێکخستنەکانی پارتی دیموکراتی کوردستان (باڵی مەکتەبی سیاسی) کارمان دەکرد، پاشان لە ساڵی ١٩٨٣ کاتی مفاوەزاتەکە ئەو کات من لێپرسراوی بەشی ڕۆشنبیری بووم لە



ئارامگای سەعدوڵڵا پەرۆش



عەبدوڵڵا حەدداد - سەعدوڵڵا پەرۆش



ئەمینداریێتی ڕۆشنبیری و لاوان جوابی بۆم ناردبوو گۆڤاری کاروانم دەویٚ منیش بۆ خوالێخۆشبووان کاک سەعدوڵلا و کاک سامی شۆڕش و کاک جەوهەر کرمانج نارد، لە ڕۆژی ۲۰۲۰/۱۰/۲۹ نەمر سەعدوڵلا پەرۆش بە نەخۆشی کۆڕۆنا کۆچی دوایی کردوو، لە گۆڕستانی کەسنەزان نێژراوە، هەزار ڕەحمەت لە گۆڕی و ڕوحی شاد بێت و جێگای بەهەشت بێت، وا لە خوارەوە ئەم پارچە شیعرەی پەرۆش- تان پێشکەش دەکەم:

**بازی مەرگ**

**بازی مەرگ، نەوی دەبێتەوە و منیش**

**تا ڕۆح قبووڵی بیٚ دەفرم**

**ئەسەف دونیا**

**دوێنیٚ منداڵێکی پیر و ئەمڕۆ پیرێکی منداڵ و**

**سبەینێش نازانم خۆڵی کام گۆڕستانی غوربەتم**

**تێبینی**: وێنەکان هەندێک لە لاپەڕەی گۆران سەعدوڵلا پەرۆش و هەندێک لە کوردیپیدیا و ئەرشیفی خۆم وەرگیراوە



## هیوا سەرهەنگ

نووسەر و ڕۆژنامەنووس و میدیاکار کاک هیوا سەرهەنگ، ناوی تەواوی (هیوا ئیسماعیل سەرهەنگ)ە، لە ڕۆژی ١٩٤٩/١٢/٦ لە شاری هەولێر لە دایکبووە، لە بەر ئەوەی باوکی مامۆستا بووە خوێندنی سەرەتایی تا پۆلی پێنجەم لە ڕانیە و ساڵی دواتر باوکی دەبێتە بەڕێوەبەری قوتابخانەی (حەریر)، ئەویش پۆلی شەشەم لەوی تەواودەکات و خوێندنی ناوەندی لە ناوەندی هەولێر و زازا و و ئامادەییش لە ئامادەیی هەولێر تەواو دەکات.

هەر لە یەکەم ڕۆژی دەست پێکردنی شۆرشی ئەیلولی ساڵی ١٩٦١، باوکی دەبێتە پێشمەرگەی کوردستان و خۆشی دەبێتە ئەندام لە یەکێتی قوتابیانی کوردستان و دواتر ئەندام لە پارتی دیموکراتی کوردستان.

لە ساڵی ١٩٦٣ جارێک لە لایەن حەرەس قەومیەکان دەستگیر دەکرێت، پاش دوو شەو ئازادی دەکەن و لە ناو شاری هەولێر بە نیمچە (إختفاء - نهێنی) ژیاون، لە پاش بەیاننامەی ١١ ئاداری ساڵی ١٩٧٠ و یەکگرتنەوەی هەردوو باڵی پارتی دیموکراتی کوردستان ناوبراو لەگەڵ شەهید جەمیل ڕەنجبەر دەبێتە ئەندامی لقی هەولێری یەکێتی قوتابیانی کوردستان

لە کۆنفراسی یەکێتی قوتابیانی کوردستان کە لە سلێمانی بەسترا، کاک

هیوا سەرهەنگ زۆرترین دەنگەکانی لە سەر ئاستی پارێزگای هەولێر بە دەست دێنی و دەبێتە لێپرسراوی لقی هەولێر، لە دوای سێ مانگ بە هۆی هەندێ کێشەی ناو ئەندامانی لقەکە ناوبراو دەست لە کار دەکیشێتەوە، بەڵام دواتر ڕەوانشاد کاک عادل موراد داوای لێدەکات و دەست بەکار دەبێتەوە.

کاک هیوا سەرهەنگ یەکێک بووە لە بەڕێوەبەرانی دەستەی بەڕێوەبردنی کۆمەل و هونەری وێژەی کوردی لقی هەولیر لە شوباتی ساڵی ١٩٧٤ لە گەڵ کۆمەلەی هونەرو وێژەی کوردی لقی هەولێر بەشدار دەبێت لە ڤیستیڤالی یەکەمی هونەری کوردی لە بەغدا کە دوو هەفتەی خایاند، بەڵام بارودۆخی ئەوسای کورد لە بەغدا بەرەو ناخۆشی دەڕۆیشت، چونکە سەرکردایەتی کورد لە ووتوێژدا بوو لە گەڵ رژێمی عێراقی بۆ جێبەجێکردنی تەواوی بەندەکانی بەیاننامەی ئاداری ساڵی ١٩٧٠، لە بەر ترسی گرتن هەر زوو خۆ دەگەێنێتەوە هەولێر و پاش دوو رۆژ دەچێتە گەلالە و دەبێتە پێشمەرگەی کوردستان.

پاش هەرەس هێنانی شۆڕشی کورد دەگەڕێتەوە هەولێر و دەچێتەوە سەر کارەکەی خۆی وەکوو فەرمانبەر لە بەڕێوەبەرایەتی کشتوکاڵی



**لەلای ڕاستەوە: شەهید جەمیل ڕەنجبەر، هیوا سەرهەنگ**



**لەلای ڕاستەوە: هیوا سەرهەنگ، شاعیر عەبدوڵڵا پەشێو**

هەولێر بەشی (بستنە و دارستان)، دواتر لێپرسراوی بەستەنە و دارستان لە کۆمپانیای پەلەوری هەولێر.

لە ساڵی ١٩٨٥ کاک هیوا سەرهەنگ لە لایەن دەزگای ئیستیخبارات دەستگیر دەکرێت و ڕەوانەی کەرکوک و لەوێشەوە بۆ (هيئة الإستخبارات العامة - الشعبة الخامسة) دەکرێت و ئەشکەنجەو ئازارێکی زۆری دەدەن، بەڵام هیچ زانیاریەکیان لێی چەنگ ناکەوێت و هێچ ئیسپاتێکیشیان لە سەرنەبووە، دواتر لە ڕێگای یەکێ لە پیاوە ناسراوەکانی رانیە بە واسیتە ئازاد دەکرێت و دەگەڕێتەوە هەولێر، بەڵام دەزگا سەرکوتەکانی ئەوسای رژێم بەردەوام دەبن لە چاودێری کردنی و فیشار خستنە سەری و ئەویش لە ترسی دووبارە دەستگیر کردنەوەی خۆ دەگەێنیتە ناوچە ئازاد کراوەکانی شۆڕشی نوێی کوردستان و دەبێتە پێشمەرگەی کوردستان.



کاک هیوا سەرهەنگ لە ساڵی ١٩٩٠ لە ڕێگای تارانەوە فیزەی سوریا وەردەگرێت و دەچێتە

(دیمەشق) پایتەختی سووریا،  لە سوریا زیاتر لە دوو ساڵ دەمێنێتەوە و دەردەسەری و نەهامەتیەکی زۆر دەچێژێت و دواتر دەرفەتی بۆ هەڵدەکەوێت بە خۆی و خێزان و منداڵەکانی دەگەنە وڵاتی هۆلەندا.

یەکەمین دەستپێکی کاک هیوا سەرهەنگ لە بواری نووسین و ئەدەبی کوردی لە ساڵی ١٩٧١ دەستپێدەکات و ئەویش چەند کورتە نووسینێکی جۆراوجۆر بووە لە رۆژنامەی هاوکاری بڵاویکردۆتەوە، پاشان لە گۆڤاری هەولێر کە شارەوانی هەولێر دەریدەکرد و گۆڤاری بۆپێشەوە کە هی سەندیکای مامۆستایانی کوردستان بوو، لەگەڵ چەند بڵاوکراوەیەکی یەکێتی قوتابیانی کوردستان و گۆڤاری (خەرمانی وشە) لە گەل هەر یەکە لە نووسەران (سەعدوڵلا پەرۆش و جەوهەر کرمانج و مستەفا ڕابەر و تاریق جامباز و عەبدوڵلا خدر مەلود) پێکەوە دەریانکردووە، بەڵام بە داخەوە ئەم گۆڤارە تەنیا یەک ژمارەی لێدەرچووە.

هەر لە ساڵی ١٩٧٣ کاک هیوا کۆمەلێک شیعری (مقاومة - بەڕانگاری) فیتنامی لە ژێر ناونیشانی (بانگەوازی تۆڵە) وەرگێڕاوەتە سەر زمانی کوردی و لە نامیلکەیەکدا کە پێشەکیەکەی ڕەوانشاد یوسف دەرگەلەیی بۆی نووسیبوو، بەڵام بە داخەوە لە چاپ نەدراوە و دەیەها وتار و وەرگێڕان و لێکۆلینەوەی لە رۆژنامەی کوردستانی نوێ و پی یو کەی






میدیا و بێوار بڵاوکردۆتەوە.

کاک هیوا سەرهەنگ لە ساڵی ١٩٩٦ تا ساڵی ٢٠٠٧ سەرپەرشتیاری گۆڤاری (بێوار) بووە کە مانگنامەیەکی ئەدەبی و رۆشنبیری و کەلتووری بووە لە (ڕۆتردام - هۆلەندا) دەردەچوو و یەکەمین ژمارەی لە ١٥ / ٨ / ١٩٩٦ و دوا ژمارەشی لە ئەیلولی ٢٠٠٧ و بە تێکڕایی (١٢٧) ژمارەی لێدەرچووە کە خزمەتێکی زۆری ڕەوەندی کوردی لە هۆلەنداو ئەوروپا کردووە و بۆتە سەرچاوەیەکی باش بۆ کوردانی هەندەران..

کۆمەلیک کتێب و نامیلکەی شیعریان چاپ و بڵاوکردۆتەوە وەک : (١- چرپە، شیعر مەحەمەد جەزا بەرزنجی ٢- سێ وتار، شیعر مەحەمەد جەزا بەرزنجی ٣- خەرمانی خەم، خاڵە بەکر ٤ - گەشتی رۆژنامەوانیکی کورد بە ئەمەریکای لاتیندا، سالار حەمە سوور باسپیرە ٥ - خەلۆەتگای دیدەن، شیعر خاڵە بەکر ٦ - زایەلەی مێژوو، کۆمەلێک زیندانی سیاسی، مەحەمەد جەزا بەرزنجی ٧ - گەردەلول لە سەما دا، شیعر مەحەمەد جەزا بەرزنجی ٨ - (بێوارێک لە ئاوارەییدا) ئیسماعیل تەنیا ٩ - گوڵ و ئاوارەیی، بافڵ هیوا سەرهەنگ ١٠ - پێنووسی من هیوا سەرهەنگ).

کاک هیوا سەرهەنگ لە گەل هاوسەرەکەی (پەیمان سەرهەنگ) و کاک پێشڕەو شوانی لە ساڵی ١٩٩٦ تا وەکوو ساڵی ٢٠٠٣ ڕۆژانی یەکشەممە و چوارشەممە دوو سەعات پەخشی ڕادیۆی کوردی (ڕۆتردام - هۆلەندە)



خەرمانەی وشە

هەناسەی چەند دەنگێکی تووڕەیە

سەعدوڵلا پەرۆش  هیوا سەرهەنگ

جەوهەر کرمانج  ستەفا رابەر

تاریق جەمباز

عەبدوڵلا خدر مەولود

( ١ )

١٩٧٣

چاپخانەی کوردستان

هەولێر




یان هەلسوڕاندووە و پەیمان سەرهەنگ و پێشڕەو شوانی وەکوو بێژەر و پێشکەشکردنی بەرنامە و کاک هیواش وەکوو وەرگێڕ هاوکاری کردوون، ئەو رادیۆیە دەنگ و باسی کوردستان و هەواڵی رۆشنبیری و ئەدەبی و کەلتووری و رێنمایی کردنی پەنابەران و ڕەوەندی کوردیان لە هۆڵەنداو ئەورووپا کردووە.

کاک هیوا سەرهەنگ هەر لە یەکەم رۆژی هاتنی بۆ هۆڵەندا و وەرگرتنی (إقامة - نیشتەجێبوون) یەکسەر دەستی بە چالاکی لە نێو کوردانی هۆڵەنداو ئەورووپا کردووە لە بوارەکانی خۆپیشاندان بەرامبەر زوڵم و زۆری داگیرکەران و ئاهەنگ گێڕانی نەورۆز و هەموو بۆنە نیشتمانی و نەتەوەییەکان، هەروەها لەگەڵ هاوسەرەکەی کە بە هەڵبژاردن بۆتە لێپرسراوی یانەی (میدیا - ڕۆتردام) چەندین ساڵە ئەو یانەیە بەڕێوە دەبەن کە کاریان یارمەتی دانی پەنابەران و ڕەوەندی کوردیە لە ئامۆژگاری کردنیان رێپێشاندانیان بۆ کاروبارە یاساییەکانیان و هەمیشە درێغیان نەکردووە لەبەسەرکردنەوە و سەرەدانی کردنی کەمپی پەنابەران.

کاک هیوا سەرهەنگ لە سالانی ١٩٩٦ تا وەکوو ٢٠٠٣ بە بەردەوامی پۆلێکی فێرکردنی زمانی کوردی بۆ مندالانی کوردی ڕۆتردام و دەورووبەری کردۆتەوە بۆ ئاشنا کردنیان بە سروودە نیشتمانیەکان، هەر بەخۆشی

مامۆستایان بووە.

لە یادی (١٢١) ساڵەی ڕۆژنامەوانی کوردی ئەکادیمیای بەدرخان بۆ توێژینەوەی ڕۆژنامەوانی وکەلتوور و ڕێکخراوی (چەپک) بۆ گەشەپێدانی مرۆیی بڕوانامەی ڕێزلێنانیان بەخشیووەتە کاک هیوا سەرهەنگ.

لە بەرواری ٢٠٠٥/٤/٢ هەر یەک لە نووسەران و شاعیران (دوکتۆر جەمیل شەرەف و مەحەمەد جەزا بەرزنجی و هیوا سەرهەنگ و خاڵە بەکر و سەردار فەتاح) لە مالی هیوا سەرهەنگ کۆبوونەتەوە و بڕیاریان داوە یەکێتی نووسەرانی کورد لە هۆلەندا دابمەزرێنن و بانگەوازیان بۆ هەموو نووسەر و شاعیر و ڕۆشنبیرانی هۆلەندا لە مانگنامەی (بێوار) بڵاوکردۆتەوە، پاش ماوەیەکی کورت مۆلەتی دامەزراندنیان وەرگرتووە و دەست بە کار بووینەو چەندین کۆڕو کۆبوونەوەیان بۆ نووسەر و شاعیرانی ناوەوە و دەرەوەی هۆلەندا ئەنجام داوە.

لە ساڵی ٢٠٠٥ ە وە کاک هیوا سەرهەنگ ئەندامی سەندیکای ڕۆژنامەنووسانی کوردستان و جیهانە.

ئێستا خەریکی نووسینەوەی بیرەوەریەکانی باوکیەتی (ئیسماعیل سەرهەنگ) و بیرەوەریەکانی خۆشی کە ماوەیەکە بە زنجیرە لە فەیسبووک بڵاویان دەکاتەوە.

کاک هیوا سەرهەنگ و هاوسەرەکەی پەیمان سەرهەنگ خزمەتێکی زۆری ڕەوەندی کوردیان لە هۆلەندا و ئەوروپا کردووە، هەر سەرکەوتوو سەرفراز بن.

تێبینی: بۆ نووسینی ئەم ژیانامەیە سوود لەم سەرچاوانە وەرگیراوە :

١- بڵاوکراوەی بێوار

٢- چالاکیەکانی یانەی میدیای ڕۆتردام لە هۆلەندا ٣ - وێنەکان و هەندی زانیاری هاورێی ئازیزم هیوا سەرهەنگ بۆی ناردووم ٤- زانیاری و نووسین و دارشتنی خۆم دەربارەی هیوا سەرهەنگ لە میانەی ٥٥ ساڵەی هاوڕێیەتیمان.



# شێرزاد سەرسپی

هـەر کـە باسـی گۆرانـی و مۆسـیقای کـوردی لەشـاری هەولێـر دەکرێـت یەکسـەر هونەرمەنـد شـێرزاد سەرسـپی دێتـە بیـر و هزرمـان، بۆیـە وا بـەو چەنـد دێـرەی خـوارەوە بەسـەری دەکەینـەوە، نـاوی تـەواوی (شـێرزاد محەمـەد حوسـێن)ە و ناسـراوە بـە شـێرزاد سەرسـپی، ئـەم نازنـاوەش هـەر خـۆی حـەزی لێبـووە و لەسـەر داوای خـۆی بـووە، لەسـاڵی ١٩٤٨ لـە شـاری هەولێـر لەدایـک بـووە، هـەر لـە منداڵیـەوە خولیـای گۆرانـی و مۆسـیقا بـووە و لـەو بـوارەش زۆر سـوودی لـە مامۆسـتای هونەرمەنـد نورەدیـن ئیبراهیـم



**شێرزاد سەرسپی لەگەڵ کۆمەڵێك هونەرمەندی بە ئەزموون**



لە ڕاستەوە: یەحیا مەرجان، تایەر تۆفیق، شێرزاد سەرسپی، سایر عەبدولڕەحمان، هێمنی شاعیر، دووەکەی تر نەناسراون

وەرگرتـووە، یەکەمجـار بـە ئالەتـی (کمـان) دەسـتی پێکـردووە دواتـر بۆتـە پسـپۆڕ لـە ژەنینی عود، یەکەمین جار لـە سـاڵی ١٩٦٨ لەسـەر شانۆی هۆڵـی گەل لەهەولێر بە یاوەری تیپی مۆسیقای یەکیەتی مامۆستایانی کوردستان مۆسـیقای ژەنیـوە.

کاک شێرزاد سەرسپی لەگەڵ زۆربەی تیپە مۆسیقاکانی هەولێر مۆسیقای ژەنیـوە ئەزموونێکـی زۆر باشـی هەبووە و هەیە، مۆسیقای بۆ گەورە گۆرانیبێژانـی هەولێـر و کوردسـتان ژەنیوە لەوانە (تایەر تۆفیق، ڕەسول گـەردی، فوئـاد ئەحمـەد، تەحسـین تەها، مشکۆ، حەیدەر بەقاڵ، محەمەد ئەحمـەد ئەربیلـی، عـارەب عوسـمان، زیـاد ئەسـعەد، جـەلال سـەعید، قـادر زیـرەک، محەمـەد جـەزاو چەندانـی



گۆرانیبێژ جالال سەعید
لەگەڵ تیپی ڕەسەنی هەولێر

تـر). مامۆسـتای هونەرمەنـد شـێرزاد سەرسـپی لـە مـاوەی پەنجـا سـاڵ خزمەتـی لـە مەیدانـی مۆسـیقا و گۆرانی کوردی، لەتەک کاری هونەری کاری ئیدارەدانـی تیپـە هونەریەکانـی بـۆ مـاوەی ٣٠ سـاڵ بەسـەرکەوتویی کـردووە و بەشـداریش بـووە لـە



دامەزراندنیـان، لەوانـە (بـۆ مـاوەی ١٥ سـاڵ بەڕێوەبـەری تیپی هونـەرە میللیـەکان بووە لـە هەولێر، ئەو تیپـەی کـە چەندیـن چالاکـی لـە وڵاتانـی عەرەبـی و ئەوروپـی نوانـدووە بـۆ ناسـاندنی گۆرانی و مۆسیقاو کەلتوری کوردی، سـەرۆکی تیپی ئۆکسترای هەولێر بووە لـە ساڵەکانی ١٩٩٦ تـا ٢٠٠٠، هـاوکات دامەزرێنـەری دەسـتەی هونـەرمەندانی ئاشـتی، تیپی مۆسـیقای میللی ڕەسـەن بـووە. هەروەهـا ئەندامـی کۆنگـرەی نیشـتیمانی عێـراق بـووە پـاش ڕووخانـی ڕژێمـی بەغـدا لـە سـاڵی ٢٠٠٣.

هونەرمەنـد شـێرزاد سەرسـپی خێزانـدارە و کوڕێـک و چـوار کچـی هەیـە بەناوەکانـی (محەمـەد و بەنـاز و لانـەو و نازنـاو و لاڤـە)، بەنـاز دەرچـوی پەیمانگای هونـەرە جوانـەکان و کۆلێژی هونـەرە و لاڤەش دەرچووی کۆلێژی هونـەرە جوانەکانـە و بڕوانامـەی ماسـتەری لـە (دیزایـن) بەدەسـت هێنـاوە.

ئـەم هونەرمەنـدە کـورد پـەروەرە پـاش خانەنشـین بوونـی هێشـتا هـەر بەردەوامـە لـە خزمەتـی گۆرانـی و مۆسـیقای کـوردی.

وێنـەکان: هونەرمەند شێرزاد سەرسپی لە ماوەی پەنجا ساڵ خزمەتی لـە مەیدانـی مۆسـیقا و گۆرانـی کـوردی لـە لاپـەڕەی کاک شـێرزاد سـەرسـپی، کوردیپیدیا وەرگیـراوە.

تێبینی: هەندێ زانیاری لەم سەرچاوانە وەرگیراوە: کوردیپیدیا، ویکیپیدیا، دیمانەی لاڤین عومەر لە نوچە نێت، زانیاری خۆم.



# شاعیر موحسین ئاوارە

شاعیر و نووسەر و ڕۆژنامەنووس موحسین ئاوارە لە ساڵی ١٩٥١ لە شاری هەولێر لە دایک بووە، هەر لە منداڵییەوە خولیای شیعر و ئەدەبی کوردی بووە، لە نیوەی دووەمی شەستەکانی سەدەی ڕابردوو دەستی بە نووسینی شیعر کردووە و یەکەم نۆبەرەی شیعری بە ناوی (سروودی پێشمەرگە) بووە وا دیارە لە شاخە سەرکەشەکانی کوردستان نووسیویەتی کە ئەوکاتە پیشمەرگە بووە، لە ساڵی ١٩٦٩ هەر خۆشی شیعرە نۆبەرەکەی لە ڕادیۆی دەنگی کوردستان بڵاوکردۆتەوە.

موحسین ئاوارە بەردەوام بووە لە نووسینی شیعر و کۆمەڵێک وتار و لێکۆڵینەوەی جۆراوجۆری لە بەشی زۆری ڕۆژنامە و گۆڤارە کوردیەکان بڵاوکردۆتەوە.

ناوبراو زیاتر لە (٢٠) کتێبی لە نێوان شیعر و لێتۆێژینەوەو بیرەوەریەکانی لە چاپداوە و بڵاوکردۆتەوە کە ئەمانەن: (شەوارە دیوانی شیعر ساڵی ١٩٧٨، چۆڕاوگە دیوانی شیعر ١٩٨٣، دەچنە ڕێواسان دیوانی شیعر ١٩٨٤، گوڵە یاقووتییەکان دیوانی شیعر ٢٠٠٠، گوڵناز دیوانی شیعر ٢٠٠٣، لە ژێر ساباتی شیعردا لێتۆژینەوەی ئەدەبی ٢٠٠٦، لە کیشوەرە جوانەکاندا دیوانی شیعر ٢٠٠٨، نازی تاووس و ئاورینگی قوڵینک دیوانی شیعر ٢٠٠٨،



**لەلای ڕاستەوە: پرۆفیسۆر دوکتۆر سەردار ئەحمەد گەردی، قوتابی ماستەر محەمەد مەلا باشوری، پرۆفیسۆر دوکتۆر هیمداد حوسێن بەکر، شاعیر موحسین ئاوارە، پرۆفیسۆر دوکتۆر دەریا جەمال حەوێزی**

لە باخەڵی باخدا دیوانی شیعر ٢٠١٢، سێویک بۆ هەڵدان. ...دەستێک بۆ گرتنەوە دیوانی شیعر ٢٠١٢، خەڵات نامیلکەی شیعر بۆ منداڵان ٢٠١١، کارێزە مەرجان کۆبەندی شیعر بەشی یەکەم و دووەم ٢٠١٤، لە خونچەی دەم تەنگەوە تا گوڵێکی لێو پەڕ دیوانی شیعر ٢٠١٨، عەترێکە و لە نەوەی گوڵخانە دیوانی شیعر ٢٠١٩، ئەمڕۆ ساتمەم کرد بە سەر دوێنێ داکەوتم - بیرەوەری ٢٠٢٠، سەفەرێکی تر بە نێو مەملەکەتی شیعردا - لێتۆژینەوەی ئەدەبی ٢٠١٩).



**لەلای راستەوە: موحسین ئاوارە، نەژاد عەزیز سورمێ، محەمەد ئەمین دهۆکی، کەمال میراودەلی، شێرکۆ بێکەس.**



هەروەها هەر یەکە لە دیوانی شیعری (نازی تاووس و ئاوڕینگی قوڵینک) وەرگێڕدراوەتە سەر زمانی عەرەبی لە لایەن شاعیری بەڕێز محەمەد حوسێن ڕەسوڵ بلباس، (عەترێکە لە نەوەی گوڵخانە) کە بەڕێز موحتەرەم محەمەد وەریگێراوەتە سەر زمانی عەرەبی، کۆمەڵێک شیعری تری لە لایەن شاعیر عەبدولڕەحمان رەشید وەرگێردراوەتە سەر زمانی عەرەبی.

لە رۆژی ٢٠٢١/١٠/٢٦ لە بەشی کوردی کۆلێژی پەروەردەی زانکۆی سەلاحەدین بە ئامادەبوونی پرۆفیسۆران (دوکتۆر سەردار ئەحمەد گەردی و دوکتۆر هیمداد حوسێن بەکر و دوکتۆر دەریا جەمال حەوێزی و ئامادەبوونی شاعیر موحسین ئاوارە، تاوتۆی نامەی ماستەری قوتابی مامۆستا مەهدی محەمەد مەلا باشوری لەسەر دووتوێی دیوانی شیعرەکانی (کارێزە مەرجاندا) بەشی یەکەم و دووەم کراو بڕوانامەی ماستەر بە پلەیەکی باش درا بە قوتابی ناوبراو، هەموو لایەک پیرۆزباییان لێکرد.

موحسین ئاوارە لە رۆژی ٢٠٢١/١/١٦ لە کۆڕێکدا کە لە سالۆنی لاپەڕە



**لە لای ڕاستەوە: موحسین ئاوارە، نازم دڵبەند**

٩/ی (ی. ن. ک) سازیدا بیرەوەریەکانی خۆی (ئەمڕۆ ساتمەم کرد بە سەر دوێنێدا کەوتم) بە سەر میوانەکاندا دابەش کرد.

ناوبراو لە ساڵی ١٩٧٢ ە وە ئەندامی یەکیەتی نووسەرانی کورد لقی هەولێر و لەساڵی ١٩٧٤ ئەندامی دەستەی بەڕێوەبردنی یەکیەتی نووسەرانی کورد لقی هەولێر بووە، لە ١٩٩٩ ئەندامی سەندیکای رۆژنامەنووسانی کوردستان و فیدراسیۆنی رۆژنامەنووسانی نێو دەولەتیە و ١٩٩٢- ١٩٩٦ جێگری سەرۆکی یەکیەتی نووسەرانی کورد- لقی هەولێر بووە و لە ١٩٩٦ - ٢٠٠٤ ڕاوێژکار بووە لە وەزارەتی رۆشنبیری هەرێمی کوردستان، ٢٠٠٦ - ٢٠١١ بەرپرسی بنکەی ئەدەبی و ڕووناکبیری گەلاوێژ بووە لە هەولێر.

موحسین ئاوارە وەکو شاعیر و نووسەر و رۆژنامەنووس خزمەتێکی زۆری شیعر و ئەدەب و زمانی کوردی کردووە و هەموو بەرهەمەکانیشی نیشتمانپەروەرین بۆیە تا ئیستا زیاتر لە (٢٨) جار ڕێزی لێنراوە لەلایەن رێکخراوە حکومی و مەدەنیە جۆربەجۆرەکان و بڕوانامەی ڕێزلێنانی نووسراویان لە بۆنە تایبەتی و گشتیەکان داوەتێ لە ناوەوە و دەرەوەی وڵات.

بۆ نووسینی ئەم باسە سوود لەم سەرچاوانە وەرگیراوە:

ژیاننامەی شاعیر کاک موحسین ئاوارە لەسەر داخوازی من بۆی ناردووم، وێنەکان هەموو لە پەیجی ئەو وەرگیراوە، هەندێ زانیاری و نووسین و دارشتنی خۆم.



# ڕووناکبیر جەودەت ئەحمەد ناجی

پسپۆری ئیداری و ئەدەب دۆست و ڕووناکبیر و کوردپەروەر ڕەوانشاد جەودەت ئەحمەد ناجی.

ئەحمەد ناجی سۆفی کە دەکاتە باوکی مامۆستا جەودەت لە ساڵی ١٩١٩ بۆتە مامۆستا لە هەولێر و دواتر لە زاخۆ و شەقڵاوە و پاشان بۆتە یەکەم بەڕێوەبەری قوتابخانەی (اربیل الاولی) و دووەم بەڕێوەبەری قوتابخانەی (اربیل الثانیة و الثالثة) هەولێری دووەم و سێیەم و بەرێوەبەری قوتابخانەی جولەکەکان لە گەڕەکی تەعجیل

جەودەت ئەحمەد ناجی لە ساڵی ١٩٢٨ لە گەڕەکی خانەقا لە بنەماڵەیەکی ناوداری شاری هەولێر لە دایک بووە و خوێندنی سەرەتایی لە قوتابخانەی (اربیل الاولی) لای باوکی و ناوەندی و دواناوەندی لە هەولێر تەواو کردووە، بۆ درێژە دان بە خوێندن ساڵی ١٩٤٦ - ١٩٤٧ چۆتە بەغدا لە خانەی مامۆستایانی باڵا (دار المعلمین العالیة) وەرگیراوە و برادەرێکی باوکی کە ناوی (سەید عەلی حیجازی) بووە ئەو کات بەڕێوەبەری گشتی پۆلیسی عێراق بووە، چاودێری کردووە، دیارە لە بەغدا ڕەوانشاد (جەمال حەیدەری) دەناسێت هانی دەدات بچێتە کۆلێژی (حقوق) بۆ ئەوەی بەرگری لەگەڵەکەی



**لە لای ڕاستەوە: قازی ڕەشاد موفتی، جەودەت ئەحمەد ناجی، مەلا جەردیس هەولێری وێنەکە لە چلەی ماتەمینی ڕەوانشاد عیزەدین فەیزی کە لە ١٩٨٦/١/٣٠ یەکیەتی نووسەرانی کورد لە هۆڵی ڕۆشنبیری و لاوان کە ئێستا هۆڵی میدیایە ڕێکی خستبوو گیراوە.**

بکات، ئەویش دەچێتە کۆلیژی ماف، کە جەمال حەیدەری دەگیرێت دەچێتە سەرەدانی لە بەندیخانە و دەکەوێتە ژێر بیر و باوەڕەکانی ئەو، بۆیە دەبێتە ئەندام لە حیزبی شیوعی عێراقی و هەر زوو دەبێتە کادیرێکی پێشکەتوو، دواتر یاریدەدەری (عزیز الحاج) و لێپرسراوی ڕێکخستنەکانی ئافرەتانی حیزبی شیوعی عێراقی.

که حکومەتی ئەوسای عێراق دەستی کرد بە گرتنی شیوعیەکان جەودەت ئەحمەد ناجی دەستگیر دەکرێت و بە بیست ساڵ حوکم دەدرێت و زیاتر لە پینج ساڵ لە بەندیخانەکانی بەعقوبە و نوگرە سەلمان دەمێنێتەوە و ئازار و ئەشکەنجەیەکی زۆری دەدەن تاکو کۆچی دوایشي کرد نیشانەی ئەشکەنجەدان لە جەستەی دیار بوو، پاش هەوڵدانیکی زۆری باوکی لە ڕێگای (سەعید قەزاز) کە ئەوسا وەزیری ناوەخۆ بوو ئازاد دەکرێت و دەگەڕێتەوە هەولێر.

جەودەت ئەحمەد ناجی پاش گەڕانەوەی بۆ هەولێر لە ١٩٥٣/١٢/٧ بڕیار دەدات واز لە کاری سیاسی بهێنی و لە ڕێگای کاری مەدەنی




**لە سەریان نووسراوە وێنەکە کاک نەبیل خدر رەشید قەساب بۆی ناردووم.**

خزمەتی گەل و نیشتمانەکەی بکات، بۆیە دەبێتە فەرمانبەر بە پلەی کاتب ناحیە و دواتر (مدیر تحریر) لە لیوای هەولێر، بەردەوام بووە لە خزمەتی ئیداری لەگەڵ بەشی زۆری موتەسەڕیفەکانی (پارێزگار) لیوای هەولێر لەوانە (بەدرەدین عەلی، خالید نەقشبەندی، عەبدولمونعیم مەسرەف، خالید عەبدولحەلیم، محەمەد ئەمین فەرەج، عەبدولوەهاب ئەتروشی).

ناوبراو هەر چەندە بە ڕەسمی وازی لە کاری سیاسی هێنا بوو، بەڵام بە نهێنی پەیوەندی لەگەڵ سەرکردایەتی شۆڕشی کورد هەبووە، بۆیە پاش هەرەسهێنانی شۆڕش وەکو سزایەک دەیگوازنەوە ئەمینداریێتی گشتی ناوەخۆ وەکو بەڕێوەبەری ئیدارە.

ناوبراو لە ساڵی ١٩٨٠ داوای لێدەکرێت خۆی کاندید بکات بۆ هەڵبژاردنی





**یونس حەداد، جەودەت ئەحمەد ناجی**

دەورەی یەکەمی پەرلەمانی عێراقی چونکە لە لای خەڵکی هەولێر زۆر خۆشەویست بوو و زۆریش ڕێزیان لێدەگرت، بۆیە بە دەنگی یەکەم لەسەر ئاستی پاریزگای هەولێر دەرچوو و بووە ئەندام لە پەرلەمانی عێراقی و بۆ دەورەی دووەم داوای لێدەکەن کە خۆی کاندید بکاتەوە، بەڵام ئەو رازی نابێت و دەڵێت کە نەتوانم خزمەتێک بە گەل و نیشتمانەکەم بکەم بۆچیە جارێکی تر خۆم هەڵبژێرمەوە، بۆیە دەگەڕێتەوە کارەکەی خۆی لە ئەمینداریێتی گشتی ناوەخۆ لەوێش لەبەر هەڵوێستە کوردپەروەریەکانی و نەدانی فەرمانبەرانی بۆ (جیش الشعبی) لێی لە ڕکدادەچن و پێش کات و تەمەنی خۆی لە ساڵی ١٩٨٩ خانەنشینی دەکەن.

مامۆستا جەودەت ئەحمەد ناجی دۆستی هەموو ئەدیب و رۆشنبیرانی کورد بوو ماڵەکەی و پەرتوکخانەکەی هەمیشە کراوە بوو بۆ رۆشنبیران و قوتابیان بۆ سوود لێوەرگرتنیان، لە ساڵی هەشتاکان لەگەڵ نووسەری میسری (رەجائی فاید) کە ئەو کات لە هەولیر دەژیا یانەیەکی سینەمایان کردۆتەوە کە چەند فلیمێکی جیهانی تیا نمایش کراوەو ببووە شوینی کۆڕ و کۆبوونەوەی ئەدیب و رۆشنبیران، هەروەها هەموو دەم پشتگیری یەکیەتی نووسەرانی کوردی کردووە و لە هەموو کۆڕ و کۆبوونەوەکانیشی ئامادە بووە و لە هەموو ئەو ریزلێنانی هونەرمەندان و گۆرانیبێژانیش ئامادە



**بلند الحيدري رائد الشعر الحر في العراق**

أصدر الشاعر الكبير بلند الحيدري ديوانهالأول بعنوان (**خفقة الطين** )عام ١٩٤٦ وبعده أصدر الشاعر **بدر شاكر السياب** ديوانه الاول بعنوان (**أزهار ذابلة** )عام ١٩٤٧ وبعده أصدرت **نازك الملائكة** ديوانها الأول بعنوان (**قرارة الموجة**) وأصدر **عبد الوهاب البياتي** ديوانه الأول بعنوان (**أباريق مهشمة**) بذلك يكون **بلند الحيدري** أقدمهم في كتابة الشعر الحر ولكن الكتاب و النقاد ورجال الأعلام مع الأسف فرضوا تعتيما وتجاهلا و حصارا على شعر بلند الحيدري عند التحدث عن تاريخ الشعر الحر في العراق و السبب في ذلك ليست الشاعرية أو القدم ، بل لكونه كرديا يكتب الشعر بالعربية، وقد كان المرحوم يعرف ويشعر بذلك ببالغ الاسف والحزن والمرارة كما صرح بذلك مرارا ولكنه بحكم تاريخ الشعر الحر في العراق سيبقى الرائد الأول للشعر الحر في العراق.

جودت احمد ناجي



مرثية لحيدر عبد الرحمن

ذات صباح شتوي معتدل البرد حمل إلي الهاتف نعي حيدر .
وإلى المقبرة قديمة جاءوا بالنعش المتواضع كصاحبه . كان الجو نصف غائم . سدت الغيوم بيضاء شفافة رقيقة و بدأت الشمس هادئة . كان المنظر – الغيوم – الشمس – النعش – وجوه بعض المشيعين يوحي بالأسى والحنين و التوحد .
(( لا تؤذي اليتيم فقد أوذي بما فيه الكفاية )) .
(( لا تعبر على جسر رجل لا تعرف له و لتأخذك سيول النهر )).
(( تدف الثلج لتدخل من النافذة و الغربة تبدو لي قاسية )) .
طفل صغير وحيد لا يتجاوز الخامسة وبيده صحن محشي فارغ .
كان يبكي قرب المشيعين . تناولوه خبزاً و تمراً فرفض .
سألوه إن كان يريد نقوداً فأبى أستمر على البكاء وحيداً.....
أيكون حيدر قد عاد إلى الحياة و بصورة هذا الطفل الوسيم الباكي ؟ !
يجوز فالبيت كان مثله في طفولته .
اختفى الطفل بين الجموع . رحلت المقبرة وبقي حيدر تحت التراب – حزيناً – مستلاً – متعباً – وحيداً – وحيداً – وتلبد الجو بالغيوم .

مرثية الفنان /حيدر عبدالرحمن
بـــــقـــلم // جودت أحمد ناجي
صباح الأربعاء
١٩٧٩/١٢/٥

دەبوو، وا وێنەیەکم هاوپێچ کردووە کە لە یەکی لە ئاهەنگی ڕێزلێنانی (مشکۆ) ی گۆرانیبێژ ئامادە بووە.

هەروەها لە هەڵوێستەکانی تری مامۆستا جەودەت ئەحمەد ناجی ستایش کردنی مەقام و قۆریاتبێژ بە زمانی کوردی و تورکمانی (حەیدەر بەقال) کە بە حەیدەرە کەچەڵ ناسراو بوو لە کاتی کۆچ کردنی وا تەواوی دەقی ستایشەکەم لەگەڵ پۆستەکە هاوپێچ کردووە، سەبارەت بە شیعری (الحر) ی عێراقی ناوبراو ڕایەکی جیاوازی هەیە کە دەڵێت شاعیری کورد (بلند حەیدەری) پێشڕەوی شیعری حوڕە لە عێراق نەک بەدر شاکر سەیاب و نازک مەلائیکە، چونکە کورد بووە بۆیە ناوی نادەن،ئەمە ڕەئی مامۆستا جەودەت بوو وا ئەویشم هاوپێچ کرد.

هەروەها ئەندامی لیژنەی مافی ئاشتی بووە و هەردەم کاری کردووە لەسەر ئاشتی کۆمەڵایەتی.

بیرەوەریەکانم لەگەڵ مامۆستا جەودەت دەگەڕێتەوە بۆ کۆتایی ساڵی ١٩٧٧ تاکو سەرەتای ساڵی ١٩٨٠ کە بەڕێزی ئەندام بوو لە لیژنەی (التألیف و التعضید و النشر) لەگەڵ من و ڕەوانشاد مامۆستا عیزەدین فەیزی بەیەکەوە مۆڵەتی لە چاپ دان و بڵاوکردنەوەی کۆمەڵێک تێکست لە شیعر و چیرۆک و شانۆگەریمان داوە کە هەندێکیان ئەوکات زۆر مەترسی تێدا بوو، بەڵام ئەوان هەردووکیان ئەوەندە کوردپەروەر بوون چاویان

لێدەپۆشت و دەیانوت: کاک نەجم بیڕوێنە، منیش هیچ کات لە قسەی ئەوان دەرنەدەچووم.

هیچ فەرمانبەرێکی شەستەکان و حەفتاکان و هەشتاکانی سەدەی ڕابردوو لە هەولێر نیە کە مامۆستا جەودەت ئەحمەد ناجی نەناسێ و ستایشی نەکات، ئەو ئەوەندە خزمەتی فەرمانبەرانی شاری هەولێری کردووە هەرگیز و هەمیشە لە بیری ناکەن، خودی ئەم پیاوە بەڕێز و قەدر گرانە شایەنی لێکۆڵینەوە و دیراسە لە سەرکردنە لە لایەن قوتابیانی کۆلیژەکانی ئیدارە لە زانکۆکانی هەرێمی کوردستان.

لە بەرواری ٢٠٠١/١٢/١٩ دڵە گەورەکەی مامۆستا جەودەت لە لێدان دەکەویت و کۆچی دوایی دەکات، لە ڕێورەسمێکی شایەستە تەرمەکەی لە گۆڕستانی (شێخ اللە) لە هەولێر لە تەنیشت گۆری باوک و باپیرانی دەنێژدرێت.

لە ٢٠٠١/١٢/٢٠ سەرۆک مەسعود بارزانی بروسکەی هاوخەمی خۆی بۆ خانەوادەی جەودەت ئەحمەد ناجی ناردووە.

بۆ مامۆستا جەودەت ئەحمەد ناجی تۆ ئەستێرەیەکی گەشی لە ئاسمانی شاری هەولێری ڕەنگین و هەمیشە قەت ناکوژێیتەوە، روحت شاد و ئارام و ئاسوودە بێت.

سەرچاوە

بۆ نووسینی ئەم باسە سوود لەم سەرچاوانە وەرگیراوە:

- هەندێ زانیاری و وێنەکان خانەوادەکەی بۆیان ناردووم.
- هەندێ زانیاری و نووسین و دارشتنی خۆم.



# پیربالّ مەحموود

شاعیری ناودار و پایەبەرز و نەمر خوالێیخۆشبێت پیربالّ مەحمود، ناوی تەواوی (پیربالّ مەحمود ئیبراهیم)ە، لە سالّی ١٩٣٤ لە شاری هەولێر لەدایکبووە، لە ڕێگەی باوکیەوە دەگەڕێتەوە سەر عەشیرەتی (بەبە) واتە بابانیەکان، باپیریشی عەبدوللّای ئالّتی بەرماخە، خوێندنی ئایینی تەواو کردووە و فێری خوێندن و نووسینی زمانی عەرەبی بووە. پاشان لە قوتابخانەی (اربیل الاولی) خوێندنی سەرەتایی و دواناوەندی لە هەولێر تەواو کردووە و فێری خوێندن و نووسینی کوردی بووە.

پیربالّ مەحموود لە سەرەتای تەمەنیەوە دەستی بە شیعر نووسین کردووە، سەرەتا بە زمانی عەرەبی، پاشان بە زمانی کوردی و تورکیش شیعری نووسیوە، شیعرەکانی ناوبراو بەشێوەی کلاسیکیە، بەلاّم تام و بۆنی ڕۆمانسی تیایە و کەوتۆتە ژێر کاریگەری (شعراء المهجر) شاعیرە عەرەبەکانی کە بە ئەسلّ لوبنانی بوون و چوونەتە ئەمریکای لاتین وەکو ئیلیا ئەبو ماضی و جوبران خەلیل جوبران.

هەروەها نوێخوازی لە شیعرەکانی پیربالّ دیارە و شاعیرە عەرەبەکان کوردەکانی عێراقیش کاریان تێکردووە، وەکو نازک مەلائیکە و عەبدولوەهاب بەیاتی و بەدر شاکر سەیاب و بلّند حەیدەری و شاعیرە کوردەکانیش، وەکو



گۆران و ئەحمەد هەردی و کامەران موکری و محەمەد سالح دیلان.

شیعرەکانی پیربال مەحمود زیاتر بۆ پشتگیریکردنی توێژی هەژار و بێ دەرامەت و خەڵکی سادە و ساکار بووە، بۆیە لەسەر ئەم هەڵوێستانەی زۆر جار تووشی گیر و گرفت بووە، لە شۆڕشی ١٤ تەموزی ساڵی ١٩٥٨ نامیلکەیەکی شیعری بڵاوکردۆتەوە بە ناوی (اغانی الثورة) بۆ عەبدولکەریم قاسم، پاشان لە ساڵی ١٩٦٣ کە عەبدولکەریم لادرا پیربال لەسەر نامیلکەکەی دوو ساڵ خراوەتە بەندینخانە، لە بەندینخانە حاکم عەسکەریەکە لێیپرسیوە تۆ بەم جۆرە زمانی عەرەبی باش دەزانی بڵێ عەرەبم تەبرئەت دەکەم، ئەویش دەڵێت عەرەب نیمە و نابمە عەرەب حاکم عەسکەریەکەش زیاتر ئەشکەنجەی دەدات و لە کارەکەی لە شارەوانی هەولێر دوورخراوەتەوە، لە ساڵی ١٩٥٧ کە لافاوە گەورەکەی سلێمانی بووە، پیربالی شاعیر دیسان نامیلکەیەکی شیعری بڵاو دەکاتەوە بەناوی (لافاو) و قازانجەکەشی تەرخاندەکات بۆ زیان لێکەوتووانی خەڵکی سلێمانی، پیربال بەرهەمەکانی خۆی لە زۆربەی ڕۆژنامە و گۆڤارە کوردیەکان بڵاوکردۆتەوە وەکو (گۆڤاری هەولێر کە نیقابەی مامۆستایانی هەولێر بە زمانی کوردی و عەرەبی دەری دەکرد، ساڵانی ١٩٥٠ – ١٩٥٣ و گۆڤاری هەتاو و ڕامان و کوردستانی نوێ و کاروان)، هەروەها زۆر بەرهەمی بیانیشی وەرگێڕاوەتە سەر زمانی کوردی کە بەشی یەکەمی لە دیوانێک چاپکردووە، بە ناوی (مەرگی نێو جەوانی) و بەرگی دووەمیشی ماوە چاپنەکراوە و دیوانێکی شیعری بە ناوی (بەهەشتی دڵداری) لە چاپ داوە، پیربال لە ساڵی ١٩٧٠ بۆتە ئەندامی یەکێتی نووسەرانی کورد و ئەندام بووە لە دەستەی دامەزرێنەری

لقی هەولێر و لە هەموو کۆڕ و کۆبونەوەکانیشی بەشداری کردووە. هەروەها پەیوەندیەکی باشی لەگەڵ هەموو ئەدیب و ڕۆشنبیرانی هەولێر و کوردستان هەبووە، بە تایبەتی لەگەڵ مامۆستای حەیرانی کوردی خوالێیخۆشبێت ڕەسول گەردی، بیرەوەریم لەگەڵ خوالێیخۆشبێت لە ساڵانی ١٩٧٧ تا ١٩٨٦ زۆرە، بەشی زۆری ئەو دیوانی شیعری و نووسینە ئەدەبیانەی پێشکەش دەکرا بۆ لەچاپدان من دەمدا بە (خەبیر) پسپۆڕ بۆ دەربڕینی ڕای خۆیان.

پیرباڵی شاعیر یەکێک بوو لەوانەی زۆر تێکستی شیعر و ئەدەبی بۆ بەڕێوەبەرایەتی ڕۆشنبیری و لاوان هەڵسەنگاندووە، لە ئێوارەی ٢٠٠٤/١٠/١٧ پاش ململانێیەکی زۆر لەگەڵ نەخۆشیەکەی دڵە گەورەکەی لە لێدان دەکەوێت و کۆچی دوایی دەکات

خوالێیخۆشبێت و ڕۆحی شادە و جێگای بەهەشتە ئینشاالله، ساغ و سەلامەتی و تەمەن درێژیش بۆ نەوەکانی لە خوای گەورە داواکارم، پێش کۆچ کردنی بە دوو مانگ ئەم پارچە شیعرەی ووتووە:

**سەیرکە گەورە بوو کاڵێ**
**بووە شا شۆخی نێو ماڵێ**
**قەشەنگی نێو قەشەنگانت**
**کەمەر تەنگی گۆنا ئاڵێ**
**دیارە هەر وەکو حۆری**
**لەقەد شاخ و لەقەد پاڵێ**

سەرچاوەکان
١-کوردیپیدیا ٢- زانیاری و نووسینی خۆم.



# شاعیر قاسم شێروانی

ناوی تەواوی (قاسم زرار عەبدولڕەحمان شێروانی) ە، بە قاسم شێروانی ناسراوە، لە ساڵی ١٩٥٦ لە گەڕەکی تەیراوەی شاری هەولێری ڕەنگین لە خانەوادەیەکی کوردپەروەر لە دایک بووە، خوێندنی سەرەتایی و ناوەندی و دواناوەندی لە هەولێر تەواو کردووە، دواتر چۆتە کۆلێژی یاسا لە زانکۆی (دیجلە) و بڕوانامەی بەکالۆریۆسی بە دەستهێناوە.

قاسم شێروانی هەر لە گەنجێتیدا سەوداو عیشقی کاغەز و قەڵەم بووە، لە سەرەتای حەفتاکانی سەدەی ڕابردوو تێکەڵی کاری ڕێکخراوەیی لە یەکێتیی قوتابیانی کوردستان و دواتر کاری حیزبایەتی زیاتر خولیای شیعر و ئەدەب و زمانی کوردی بووە، لە ساڵی ١٩٧٤ بۆتە پێشمەرگە لە شۆڕشی ئەیلوول تاکو هەرەسهێنانی شۆڕش

قاسم شێروانی یەکەم دەستپێکی نووسینی شیعری لە سەرەتای حەفتاکانی سەدەی ڕابووردوو بووە و لە ساڵی ١٩٧٧ یەکەم دوو پارچە شیعری بە هەر دوو (دیالیکتی) سۆرانی و بادینانی لە ژمارە (٣٧٦) ی ڕۆژنامەی هاوکاری بڵاوکردۆتەوە، لە ساڵی ١٩٧٧ - ١٩٧٨ کاری ڕۆژنامەوانی دەستپیکردووە، وەکو میدیاکاریش کاری کردووە لە ئێزگەی ئۆتۆنۆمی وەکو بێژەر و بەرنامەیەکی هونەریشی هەبووە بە ناوی (ئەدەب و هونەر)، بەڵام دیارە کەوتۆتە ژێر فشار و داوایان لێکردووە ببێتە بەعسی



قاسم شێروانی لە پەرتووکخانەکەیدا

ئەویش ڕازی نەبووە بۆیە لە کارەکەی دەریان کردووە.

لە ساڵی ١٩٨٣ - ١٩٨٤ بە هاریکاری و هاوبەشی لەگەڵ چەند نووسەرێکی هاوڕێی دوو ژمارەیان لە گۆڤاری (هاودەنگ) لەسەر ئەرکی خۆیان لە چاپ داوەو بڵاویان کردۆتەوە و لە هەمان ساڵدا چیرۆکێکی بە ناوی (ناتەبایی) لە ژمارە ١١/ی ئابی ١٩٨٣ی گۆڤاری کاروان بڵاوکردۆتەوە.

قاسم شێروانی شاعیرێکی نیشتمان پەروەرە تا سەر ئێسقان و پەیوەندیشی بە ڕێکخستنەکانی شۆڕشی نوێ هەبوو و خرابووە ژێر چاودێری دام ودەزگاکانی ئەوسای ڕژێمی بەعس، بۆیە لە بەرواری ١٩٨٦/٣/٢٠ لە لایەن ئەمنی هەولێر دەستگیر دەکرێت، پاش لێکۆڵینەوە و ئازار و ئەشکەنجەیەکی زۆر لە (محكمة الثورة - دادگای بەناو شۆڕش) بە (١٥) ساڵ حوکم دەدرێت و ڕەوانەی بەندیخانەی ئەبو غرێب دەکرێت، پاش دوو ساڵ و نیو مانەوە لە بەندیخانەی ئەبو غرێب لە مانگی ٩/ی ساڵی ١٩٨٨ بەر لێبووردنی گشتی دەکەوێت و ئازاد دەکرێت.





لە لای ڕاستەوە: شاعیری گەورەی کورد
عەبدوڵڵا پەشێو، قاسم شێروانی

قاسم شێروانی زیاتر لە دەیان وتار و پارچە شیعر و وەرگێڕان و بابەتی جۆراوجۆری تری لە بەشی زۆری ڕۆژنامەو گۆڤارەکانی کوردستان بڵاوکردۆتەوە لەوانە (هاوکاری، پاشکۆی عێراق - ئەدەب و هونەری کوردستانی نوێ، هەرێمی کوردستان، ڕێگای کوردستان، مانگنامەی بەدرخان، ستایل، هەوال، ئیتیحاد، کاروان، ڕەخنەی چاودێر، ڕامان، شیعرستان، ئایندە، نووسەری نوێ، پەیڤ، نەوشەفەق، هەنار، زام).

قاسم شێروانی چوار دیوانی شیعری لە چاپداوە و بڵاوکردۆتەوە،کە ئەمانەن (کۆماری برین - چاپخانەی ڕەنج سلێمانی ٢٠٠٣، قاچێک بۆ شمشاڵ - سەنتەری نما - هەولێر چاپی دووەمیشی هەر لە هەولێر چاپخانەی شەهاب ٢٠١٥، هەستە تێکشکاوەکان - چاپخانەی شەهاب هەولێر ٢٠١٢، دێرە درەوشاوەکانی ئەفسانەی هێچ - چاپخانەی شەهاب هەولێر ٢٠١٥).

زیاتر لە دەیان پارچە شیعری قاسم شێروانی وەرگێڕدراونەتە سەر زیاتر لە پێنج لە زمانەکانی بیانی وەکو عەرەبی و تورکی و فارسی و ئینگلیزی و یۆنانی.



لە لای ڕاستەوە: قاسم شێروانی،
دوکتۆر کەمال مەزهەر

ئەندامی یەکێتیی نووسەرانی کورد - لقی هەولێر و ئەندامی کارای سەندیکای ڕۆژنامەنووسانی کوردستانە.

لە ڕوداوە شومەکەی ١/ی شوباتی ساڵی ٢٠٠٤ قاسم شێروانی خۆی و کوڕە بچکۆلانەکەی بە سەختی بریندار بوون، دواتر بووە هۆی بڕینەوەی قاچی ڕاستەی

و لـه تافی لاویدا بـووه کـەم ئەنـدام، بـەڵام ئـەو هـەر کـوڕە شۆڕشـگێر و قارەمانەکـەی جارانـە وەکـو کێـوی سـەفینی سـەرکەش لەسـەر یـەک قـاچ وەسـتاوە و نـاوە نـاوە ئەدیـب و رۆشنبیران و هەوادارانی شیعر باران دەکات و پێیـان دەڵێـت: وا لێرەمـە و هـەر کوڕەکـەی پێشـانم و هەسـت و فیکـر و هـزر و بیـرم لای وشـەی کوردی جوانـە تـا نەفەسێکیشـم مابی هـەر بـەردەوام دەبـم لـە خزمەتـی شـیعر و ئـەدەب و زمانـی کـوردی.



لەلای ڕاستەوە: شاعیر شێرکۆ بێکەس، شاعیر قاسم شێروانی

ناوبـراو سـەڕای کـەم ئەنـدام بـوون و کەمـی جمۆجۆڵیەکانـی و سـنووردار بوونـی، بـەڵام هێشـتا هەربەردەوامـە لـە نووسـینی شـیعرە جـوان و بـە تـام و چێژەکانـی لـە بوارەکانـی عیشـق و ئەوینـی و کۆمەڵایەتـی وسیاسـی.

بۆ هاوڕێی دێرینم، هاوڕێی ٤٤ ساڵەم شـاعیر و نووسـەر و رۆژنامەنووس قاسـم شـێروانی یـا خـوا هـەر وەکـو قـەڵا دێریـن و منـارە سـەرکەشـەکەی شـاری هەولێری ڕەنگین هـەر لەسـەر قاچەکانت بە سـەرکەوتوویی بمێنێیت و هـەوادارا ن و ئـەدەب دۆستانیشـت بێبـەش نەکەیـت لـە لێشـاوی شـیعر و وشـە جوانەکانت.

وا لـە خـوارەوە دوو پارچـە شـیعری ناوبراوتـان بـۆ دەنووسـمەوە کـە یەکەمیان بـە بۆنـەی بیرەوەریـە شـومەکەی ١/ی شـوباتی ٢٠٠٤ ە، ئـەوی تـر بـە نـاوی ئـەی ژن:

بـە یـادی ١/ی شـوباتی ٢٠٠٤/ئـەم شـیعرە لـە شـەوی ١/ی شـوباتی ٢٠٢٠ نووسـراوە.

ئەم سپێدەیە دڵۆپ دڵۆپ وشە دەڕژێنە سەر برینم
یادەوەریم دەبنە ئاگردانێک لێو ڕێژ لە سکڵ و پشکۆ
شمشاڵێک شەرابی مانگی نۆشیوە




**بەرهەمەکانی ناوبراو**

بۆیە وا مەلوولانە قاچێک دەلاوێنێتەوە
کە نیشتمانی خۆش دەویست
خوا بردیەوە و پێی ڕەوا نەبینیم
کە نیشتمانیش توورِیدام
نە باوەشی با گرتمیەوە نە سێبەرێکی تەڕ
نازانم چۆن سەما بۆ عیشقی ئەو یارە گچکۆلانەیەم بکەم
کە دووکەل لە دەمی وشەکانم بەرزدەبنەوە
نازانم کتێبەکانم بسووتێنم
یا پارچە هەلا هەلابووەکانی خۆم و کوڕە بچووکەکەم کۆ کەمەوە
لە ناخەوە بمدوێنە
برینەکەم داگیرسێنە
سیلەی خۆشەویستی مەپچڕێنە
ئەگەر برین و سووتووت خۆشناوێ
عەکازەکەم مەگرییێنە
من هەزار جار لە رێی عەشقا بزر بووم
بەڵام هەر کۆڵم نەدا
داوای قاوە خواردنەوەیەکم لێ بکە

له کافتریای بەهارێکی سارد و شەختەبەندا
مەڵێ لەو زوقمی زستانە بەهار داخراوە
ئەو بەهارەی ئازارەکانی من دەخواتەوە
وا لە کانگای دڵدایە.
پارچەی دووەم
هیچ کەس هێندەی من سەری بە سەر
فەرهەنگی جەستەی تۆ دانەگرت ئەی ژن
هیچ کەس هێندەی من جوانیەکانی جەستەی
تۆی نەنووسییەوە ئەی ژن
هیچ کەس وەک من گوێی لە نەواو تاری
پڕ سۆزی جەستەی تۆ نەگرت ئەی ژن
هیچ کەس هێندەی من لە میحرابی جوانیتا هەلا
هەلا و وورد و خاش نەبوو ئەی ژن
هیچ کەس هێندەی من شەیداو ئەلهای
خواردنەوەی شەرابی جوانی جەستەی تۆ
نەبوو ئەی ژن
هیچ کەس هێندەی من لە نێوان نووری
خوداو سەحەری جەستەی تۆدا گومڕا نەبوو
ئەی ژن
هیچ کەس وەکو من خولیا و چاوەڕوانی
جوانی ڕوحت نەبوو ئەی ژن
کەچی هیچ کەس وەک من تەنیا و بێ تۆ
نەبوو ئەی ژن.

سەرچاوەکان:
بۆ ئەم نووسینە سوود لەم سەرچاوانە وەرگیراوە: ژیاننامەی شاعیر لەسەر داخوازی من بۆی ناردووم سوپاسی دەکەم، زانیاری و نووسین و دارشتنی خۆم.



# باكوری

له شاره خنجیلانه‌كه‌ی كۆیه، له لانه‌و بێشكه‌ی هونه‌ر و هونه‌رمه‌ندان و شاعیران و ناوداران و سیاسه‌تمه‌دارانی كورد، گۆرانیبێژ(باكوری) به‌سه‌ر ده‌كه‌ینه‌وه، ناوی ته‌واوی (ئه‌ندرێۆس ئیسرائیل خه‌مۆیه)، باوك و باپیرانی به ڕه‌چه‌ڵه‌ك خه‌ڵكی كوردستانی باكوورن، له‌گه‌ڵ شه‌پۆلی كۆچڕه‌وی ئاشوریه‌كان له ساڵانی بیسته‌كان و له ئه‌نجامی هێرشی عوسمانیه‌كان هاتونه‌ته عێراق، باوكی له موسڵ ژیانی هاوسه‌ری پێكهێناوه و بۆته پۆلیس و گواستراوه‌ته‌وه شارۆچكه‌ی كۆیه‌و له‌وێ جێگیر بوونه.

له‌ناو قشڵه‌ی كۆنی كۆیه كه چه‌ند ماڵێكی تری ئاشوریشی تێدا ژیاوه، له ڕۆژی ١٩٢٨/١١/٥ له دایك بووه، خوێندنی سه‌ره‌تایی و ناوه‌ندی له كۆیه ته‌واو كردووه، له‌ساڵی ١٩٤٦ باوكی ده‌گوازرێته‌وه هه‌ولێر، ئه‌ویش خوێندنی ئاماده‌یی له هه‌ولێر ته‌واو كردووه، له ساڵی ١٩٥٠ باوكی خۆی (فنش) كردووه، واته خۆی ئیستیقاله‌ی داوه و بۆ ماوه‌یه‌ك ماڵیان چۆته كه‌ركوك، باكوریش چۆته (دار المعلمین العالیة) له به‌غدا و ساڵی ١٩٥٧ ته‌واوی كردووه م، پاشان بۆته مامۆستای زمانی ئینگلیزی له

قوتابخانـەی دواناوەندی کۆیـە هەمـان دواناوەندی کـە خـۆی لێی خوێندبوو، لەسـاڵی ١٩٥٢ کـە دەچێتـە بەغـداد لـە ئێزگـەی کـوردی کار دەکات و هەفتـەی ڕۆژێـک بۆمـاوەی ٢٠ دەقیقـە گـۆرانـی دەڵێت و ئاشـناییەکی باشـیش لەگـەڵ قوتابـی و مامۆسـتایانی پەیمانـگای هونـەرە جوانەکانـی بەغـدا وگۆرانیبێـژ و مۆسـیقاژەنەکانی عـەرەب و کـورد پەیـدا دەکات کـە دەگەڕێتـەوە کۆیـە، لـە سـاڵی ١٩٥٧ لـە دواناوەندی کۆیـە تیپـی مۆسیقای باواجـی لـە پۆلێک قوتابی دەنـگ خـۆش پێکدەهێنێت کـە هـەر ئـەو تیپـە بـوو بـووە بـەردی بناغـای تیپـی باواجـی کۆیـە کـە زیاتـر لـە پەنجـا سـاڵە هەیـە و بەرهەمـی زۆر بەنـرخ و نایابیـان پێشـکەش بـە گـۆرانـی و مۆسـیقای کـوردی کـردووە.

مامۆسـتا باکـوری هـەر لەسـەرەتای ژیانـی خولیـای مۆسـیقا و گـۆرانـی بـووە کـە هاتونەتـە هەولێـر لەسـاڵی ١٩٤٨ تـا ١٩٥٠ لـە عەنکاوە ژیـاون، بەخـۆی و بـە عودەکەیـەوە بـەژداری لەهەمـوو ئـەو (ترایل)ە ئاینیانـە کـردووە کـە ئـەوکات لـە کنێسـە ووتـراوە و تـام و چێژێکـی زۆری لـێ وەرگرتـووە و زیاترحـەزی چۆتـە مۆسـیقا و گـۆرانـی گۆرانیبێـژان (سـێوە، مـەلا ئەسـعەد، تایەرتۆفیـق ، حەمەدەمیـن کەبابچـی، ئەحمـەدی حەمـە مـەلا، سـەیدی عەلـی ئەسـغەری کوردسـتانی) و زۆر کاریـان تێکـردووە، لەچاوپێکەوتنێکدا لەگـەڵ کەناڵی کوردسـات مامۆسـتا باکوری دەڵێت: (گۆرانـی ئەڵێن جوانـە) لەسـاڵانی پەنجـاکان ووتوومـە و خەڵـک زۆر حەزیـان لێبـوو ئاوازەکـەی هـی خـۆم و شـەماڵ سـائیب و قـادر دیلانـە و لـە شـیعری  شـاعیری گـەورەی کـورد کەریـم شـارەزایە.

باکـوری لـە گۆرانـی ئـاواز و مۆسـیقای ئێسـتا ڕازینیـە و دەمێکـە وازی لێهێنـاوە و خەریکـی نووسـینی بەرهەمەکانیەتـی کـە تـا ئێسـتا چەندانـی لـێ چـاپ کـردووە، لەوانـە: ١-کتێبی چۆنیەتی گـۆرانـی ووتـن کـە لـە ئینگلیزییـەوە وەریگێڕاوەتـە سـەر زمانی کـوردی لەگەڵ نووسـەر محەمەد شـێخانی ٢-کتێبی لەسـەر ژیـان گۆرانـی گۆرانیبێـژە نەمرەکان وەکـوو (سـەید عەلـی ئەسـغەری کوردسـتانی، عەلـی مـەردان، دایکی جەمـال، مـەلا کەریـم، مریـەم خـان، کاوێـس ئاغـا، تایـەر تۆفیـق، حەسـەن جـەزراوی زۆرانـی تـر لـە جیلـی پێـش خـۆی و پـاش خـۆی، ٣-کتێبـی چیرۆکـی هەنـدی گـۆرانـی ڕەسـەنی کـوردی وەکـو لاوک و حەیـران لەوانـە (مەترانۆ-حەسـەن جـزراوی، گەنـج خەلیل-کاوێـس




ئاغـا، ئایشــە گوڵ-سـێوە، ئۆپەریتـی گوڵـی خوێناوی-سـاڵح دیـلان، زەمبیـل فرۆش-عیسـا بـەرواری، بێ ئومێدی-قـادر مـەردان، هـەی زێڕینێ-باکـوری، ئەی لەزاڵم-تایـەر تۆفیق. ٤-کتێبی بیرەوەریەکانی خۆی بەناوی (تەمەنێک گۆرانـی، مۆسـیقا، ئـاواز، خۆشـخوانی) کـە بـە بۆنـەی نۆبێلـی زێڕینـی تیپـی باواجی کۆیـە سـاڵی ٢٠٠٨ لـە چاپی داوە. ٥-کتێبی لـە سـەر ئێزگـەی ڕادیـۆی عەرەبی بەغدا کە لە ڕۆژی ١٩٣٦/٧/٩ دامـەزراوە و ڕادیـۆی بەشـی کوردی کـە لـە ١٩٣٩/١١/١٩کراوەتـەوە.

مامۆسـتا باکوری لەمـاوەی ٥٠ سـاڵ خزمەتکردنی لەتـەک ئـاواز و مۆسـیقا و گۆرانی، چەندین سـاڵ وەکو مامۆسـتای زمانی ئینگلیزی خزمەتی کردووە، لەگـەڵ بەشـی زۆری گۆرانیبێـژی کـورد بەشـداری هەمـوو ئـەو ئاهەنگانـەی کـردووە، کـە لـە بۆنـە نەتەوایەتیـەکان سـاز کـراوە، دوو جاریـش ڕێـزی لێگیـراوە.

لەکۆتایی هـەر تەمـەن درێژتـر بیت مامۆسـتا باکوری بۆ خزمەتـی ئاواز و مۆسـیقا و گۆرانـی کـوردی.

**تێبینـی**: وێنـەو هەندێ زانیـاری لـەم سـەرچاوانەی خوارەوە وەرگیـراوە: ١-کوردیپیدیا، زانیـاری خـۆم. چاوپێکەوتنێکی مامۆسـتا باکوری لەگـەڵ کەناڵی کوردسـات، ئامادەکردنی کاک سـامان سـەلیم، بەروارەکـەی دیار نەبوو.



# سامی شۆرش



سامی شۆرش لە شاخ.

سامی شۆرش شاعیری هەست ناسک و بە سۆز و نیشتمان پەروەر. ناوی تەواوی ( سامی عەبدولفەتاح عەبدوللەتیف )ە، لە سالی ١٩٥٠ لە شاری هەولێر لە دایک بووە، سامی شۆرش کەسێکی مەندو سینگ فراوان و دووربین و قەدر گران بوو، شیعرەکانی زۆری رۆمانسی بوون و بەشداری لە هەموو ئەو کۆڕە شیعریانە دەکرد کە لە هۆڵی ( ساطع الحصري ) لە کۆلێژی ئادابی دانشگای بەغدا دەبەسترا بۆ شاعیرەکانی ئەوکات، ووتار و شیعری زۆری لە رۆژنامەی هاوکاری و الحەیاتی لەندەنی والغەدی ئوردنی بلاوکردۆتەوە



هەروەها ماستەری هەبوو لە مێژووی ئاینەکانی ڕۆژهەلات لە زانکۆی لەندەن، لە ڕۆژی ١١ / ١١ / ٢٠١٠ دڵە گەورەکەی سامی شۆرش لە لێدان کەوتوو کۆچی دوایی کرد. لە ساڵی ١٩٧١ من لە پۆلی یەکەمی بەشی کوردی کۆلێژی ئادابی دانشگای بەغدا بووم بەشی ناوەخۆیەک هەبوو هەر لە تەنیشت کۆلێژی ئاداب تازە کرابوەوە ناوی بەشی ناوخۆیی (العمل الشعبي) بوو ئێمە دووان لە پۆلی یەکەم بووین من



لە ڕاستەوە: سامی شۆرش، حسێن عارف، سەعدوڵلا پەرۆش، عەبدوڵلا پەشێو

و خوالێیخۆشبێت (کەمال ئەمین سەمین ) ئەوانیش چوار کەس بوون لە پۆلی چوارەم (کاک سامی شۆرش خوالێیخۆشبێت)، دوکتۆر ئەرسەلان بایز و عەباس شێخ محەمەد (ناسراو بە حاجی مەمۆ) و کوڕیکی تر خەڵکی کۆیە بوو ناوی نایەتەوە یادم یادیان بە خێر، خواتەمەن درێژیان بکات، ژوورەکەمان زۆر بە نیزام بوو کە ئێوارە دادەهات کاک سامی شۆرش و کاک دوکتۆر ئەرسەلان و حاجی مەمۆ هەر سێکیان خەریکی نووسینی خۆیان بوون، من و کاک کەمالیش دەرس و واجباتی خۆمان دەکردەوە، هەست و خوست لە ژوورەکەمان نەبوو، تەنها هەندێک جار هەر سەر لە ئێوارە کاک سامی دەیووت کاک نەجم ئەمڕۆ ئێوارە نان و ماستەکە دەخۆین منیش یەکسەر تێدەگەیشتم (باب المعظم) لێمان نزیک بوو بە ئەسپایی دەچووم شەش نان و شەش قووتی ماستی ئەلبانم دەکڕی و هەر کاتەک هەموو لایەکمان لە نووسین و دەرسی خۆمان تەواو دەبووین (هیتەر) ێکمان هەبوو نان و چامان دەخوارد و هەندێ قسەی خۆشمان دەکرد و ئیتر گلۆپەکەمان دەکوژاندەوە وەکوو عەسکەری زەبت و رەبت و



ڕاوستاوەکان لە لای ڕاستەوە : سامی شۆڕش ، سەعدوڵڵا پەرۆش ، جەمال خەزنەدار ، شێرکۆ بێکەس ، سەلاح شوان ، عەبدولخالیق سەرسام ، دەنیشتوەکان لە لای ڕاستەوە : دوکتۆر نافیع ئاکرەیی ، عەبدولوەهاب تاڵەبانی ، جەوهەر کرمانج

دیسـپلینمان هەبوو، مـن یـەک بـە خـۆم زۆر شـت لـەم برادەرانـەم فێـر بـووم دەربـارەی ئـەدەب و سیاسـەت، ئـەو سـاڵەی کـە لەگەڵیـان لـە یـەک ژووربووین، هەروەهـا کـە تـەواو بـووم گەڕامـەوە بـۆ هەولێـر دیسـان زۆر شـتی نـوێ دەربـارەی ئـەدەب و هەڵـس و کـەوت لەگـەڵ ئەدیبـان و هونەرمەنـدان لـە بـراو هـاوڕێ و مامۆسـتام خوالێخۆشـبێت دوکتـۆر عەبدوڵـڵا حـەداد فێـرم بـووم، خـوا لـە نەمـران سـامی شـۆرش و دکتـۆر عەبدوڵـڵا حـەداد و کاک کەمـال ئەمیـن خۆشـبێت و رۆحیـان شـادو و جێگایـان بەهەشـت بێـت، سـاغ و سـەلامەتی وتەمـەن درێژیـش بـۆ دوکتـۆر ئەرسـەلان بایـز و حاجـی مەمـۆ وبرادەرەکـەی دیکەمـان.

تێبینی:

- یـەک لـە وێنـەکان لـە لاپـەرەی خانـەوادەی دوکتـۆر عەبدوڵـڵا حـەداد وەرگیـراوە، ئـەوی تـر لـە رۆژنامـەی الشـرق الاوسـط وەرگیـراوە.

- بیرەوەری و زانیاری و نووسینی خۆم.




# شەهید عەبدولخالق مەعروف

شەهیدی قەڵەم ئەویش شەهید عەبدولخالق مەعروفە، ناوبراو لە ڕۆژی ١٩٣٥/١/١ لە گوندی سەید عوبێدی سەر بە ناحیەی کەندیناوەی قەزای مەخمور لە خانەوادەیەکی ئاینی لە دایک بووە، باوکی مەلاو دایکیشی هەر مەلا زادە بووە، خوێندنی سەرەتایی تەواو دەکات و باوکی دەینێریتە بەر خوێندنی زانستیە ئاینیەکان لە ١٩٥٤/٤/٢ چۆتە وولاتی میسر - قاهیرە بۆ خویندن لە دانشگای ئەزهەر بەڵام لە بەر نەبوونی بڕوانامەی فەرمی وەریناگرن و دەگەڕێتەوە هەولێر و پاش ماوەیەک دەچێتە بەغدا لە سەر دەستی مامۆستایان خوایان لێیخۆشبێت مەحەمەد قزلجی و عەلائەدین سەجادی خوێندنی زانستیە ئاینیەکان تا ڕادەیەک تەواو دەکات و ماوەیەکی کەم دەبێتە ئیمام تابوور لە سوپای عێراق، لە ساڵی ١٩٦٣ دەبێتە پێشمەرگە، ناوبراو شارەزاییەکی زۆری هەبووە لە بواری ئەلیکترۆنی بۆ یەکەم جار ئێستگەی رادیۆی دەنگی کوردستانی لە ئەشکەوتی (ڕەش) لە ناوچەی ژاژڵە داناوە و هەر خۆشی بەرپرس و سەرپەرشتکاری بووە، لە ساڵی ١٩٦٧ لە کاتی مفاوەزاتەکە دەکرێت بە بەرێوەبەری گومرگی قەزای دۆکان لە پاش تێکچوونی مفاوەزاتەکە دەستگیر دەکرێت و رەوانەی بەغدا دەکرێت و دوواتر بۆ موصل، لە پاش ئازاد بوونی گەڕاوەتەوە ناو شۆڕش، دوای بەیانی ١١ ئاداری ساڵی ١٩٧٠ گەڕاوەتەوە هەولێر،




**لەلای ڕاستەوە: شاعیر شێرکۆ بێکەس،شەهید عەبدولخالیق مەعروف**

لـە ١٩٧١/٥/١ چۆتـە وولاتـی چیکوسـلۆفاکیا دبلۆمـی لـە ئامێـر و ئامـرازە ئەلیکترۆنیـەکان وەرگرتـووەو لەدوایدا گەڕاوەتـەوە هەولێر و لـە سـاڵی ١٩٧٥ دوکانێکی ئەلیکترۆنیاتی کردۆتـەوەو کردبوویـە شـوێنی کۆبوونـەوە و کۆڕی شـاعیر و نووسـەر و رۆشـنبیران، ناوبـراو رووناکبیرێکـی لێهاتـوو بـووە و شـارەزایی لـە بـواری شـیعر و ئـەدەب نووسـین هەبـوو بـە تایبەتـی شـیعری کلاسـیکی خاوەنـی پێنـج کیتابـی چـاپ کـراوە لـە وانـە ( ئەنتێنـا لـە سـاڵی ١٩٧٧ چـاپ کـراوە، اجهـزة الارسـال بـە زمانـی عەرەبـی سـاڵی ١٩٧٩ چـاپ




کـراوە، دیوانـی نالـی کـێ ڕاسـتە لیکۆڵینـەوە سـاڵی ١٩٨٤ چـاپ کـراوە، تەکنیـکار سـاڵی ١٩٨١ چـاپ کـراوە، ئادەمیـزاد لـە کۆمەڵـی کـوردەواری)، شـەهید عەبدولخالـق مەعـروف زیاتـر لـە ٣٠ سـاڵ خەباتـی کـرد لـە پێنـاوی میللەتەکـەی و زۆر ئـازاو بوێـر بـوو، بۆیـە سـەرکردەی نەمـر مـام جـەلال لـە چلـەی ماتەمینـی شـەهید عەبدولخالـق لە شـاخ دەڵێـت: لـە مێـژووی ئێمـەدا شـەهید عەبدولخالـق ناوێکـی درەوشـاوەیەو بـە هەڵوێسـت و بەرهەمەکانـی ناسـنامەی



نەمری وەدەستهێناوە، شاعیری نەمریش شێرکۆ بێکەس لە شیعر و نووسینەکانی رێزی لێناوە، فەرموون لە گەڵ ئەم پارچە شیعرەی شاعیری نەمر شێرکۆ بێکەس بۆ شەهید عەبدولخالق مەعروف:

**هاوڕێیان ئەم ئێوارەیە منیش دێم**

**لە چایخانە بچکۆلەکە کورسییەک بۆ شیعرم دا ئەنێم**

**نەیدەن بە کەس**

**گەر جامانە قۆشمەکەی خاڵە رەجەب هات**

**پێی بڵێن ئەبێ ببوریت گیراوە**

**گەر شەبقەکەی ئەحەی میرزا**

**بە پەلە پەل ئەویش هات**

**بڵێن گیراوە**

**مەگەر لە هەولێرەوە مێوانێکی ئازیز**

**زۆر ماندوو بێ و بگاتە جێ**

**مەگەر کتێبە یاخییەکەی عەبدولخالق**

**ووشەی شان و مل خوێناوی**

**کە ناتوانێ لە بەر ئێشی**

**زامەکانی زۆر بە پێوە ڕابوەستێ**

هەروەها شاعیری لاو کۆچەر مەنتک پارچە شیعرێکی بۆ ناردوم کە ئەویش ڕێزلێنانە لە شەهید جەمیل رەنجبەر و شەهید عەبدولخالق مەعروف وا لە خوارەوە دووا کۆپلەی شیعرەکەتان بۆ دەنووسم کە لە ساڵەکانی ٢٠١٤ لە رۆژنامەی هاوولاتی بلاوکراوەتەوە.

**لە هۆڵی گەل**

**کاتێ شیعرێک دەخوێندرێت**

**بۆنی دەقێکی**

**شیعرەکانی**

**جەمیل رەنجبەر و**

**شاکارێکی عەبدولخالق مەعروف و**


**بۆنی بارودی**

**تفەنگەکەی مامۆستا**

**کۆچەری لێدێت**

لە رۆژی ١٩٨٥/٤/١٠ ناوبراو بە هاندانی رژێمی خوێناوی بەعس بە دەستی تیرۆرستانی چەپەڵ لە پێش دەرگای ماڵەکەی خۆی لە گەڕەکی ئازادی شەهید کرا، بەمەش بووە یەکەمین شەهیدی قەڵەم لە شۆڕشی نوێی کوردیمان، هەزار رەحمەت لە گۆڕی شەهید عەبدولخالق مەعروف و هەموو شەهیدانی کورد و کوردستان و روحیان شادە.

**تێبینی**: وێنەکان و هەندێک زانیاری لە google, youtube , کوردیپێدیا وەرگیراوە.




# مومتاز حەیدەری

نووسەر و رۆژنامەنووس و مێژوناس و کەسایەتی ناو شاری هەولێر مومتاز حەیدەری لە رۆژی ١٩٣٨/٣/٨ لە گەڕەکی عارەبان لە ناو شاری هەولێر لە باوەشی خانەوادەیەکی ناوداری زانستی ئایینی و نیشتمان پەروەر و شۆڕشگێڕی ناسراو بە بنەماڵەی حەیدەریان لە دایکبووە، ناوی تەواوی مومتاز کوڕی حەیدەرە فەندی کوڕی عاصمە فەندی کوڕی ئیبراهیم فەندی تا دەگاتە موحەبەت پیروەدین کە بە ڕەچەڵەک دەگەڕێنەوە سەربنەماڵەی شا ئیسماعیلی سەفەوی کە ئامۆزای باپیرە گەورەیان بووە لە ئێرانەوە ڕوو دەکەنە کوردستانی باشوور و لە ناوچەی حەریر جێگیر دەبن، کاتێک تورکە عوسمانیەکان بەمە دەزانن و دەشزانن سوننە مەزهەبە بایەخێکی زۆری پێدەدەن و چەند گوندێکیان دەدەنێ لە وانە گوندی (ماوەران، بێریات، چیمەن) بۆ ئەوەی پێ بژیت و قوتابخانە



یەکەم نەورۆزی بە ئاشکرا

ئاییەکەشی پێبەڕێوە ببات، پاشان هاتوونەتە ناو شاری هەولێر، ئەندامانی ئەم بنەماڵەیە بە تایبەتی کۆچ کردوانی نەمر (عاصم حەیدەری و صالح حەیدەری و شەهید جەمال حەیدەری و خوشکەکانی مەلیحە و نازەنین و دایکیان) هەر هەموویان لە ناوەڕاستی چلەکانی سەدەی ڕابووردوو بەشداری بزووتنەوەی شۆڕشگێری کوردایەتیان کردووە، بێگومان ئەزمونی کاک مومتاز بەشێکی پرشنگدارە لە ئەزمونی براکانی عاصم و سالح و جەمال و شاگرد و نەوەی ئەوانە، کاک مومتاز لە قوتابخانەی سەرەتایی (مظفرية) تا پۆلی چوارەمی خوێندوە، لە ساڵی ١٩٤٨ کە بە ساڵی ڕەشبگیری ناسراوە حکومەتی نوری سعید (نظام الاحكام العرفي) و (نظام دعاوي العشائر) دەرکردووە هەر چوار برای کاک مومتاز دەستگیر دەکرێن و (جەمال و عاصم و صالح و مهیب)، لە بەر قات و قڕیش دەچنەوە گۆندی (بێریات) کە دەکەویتە خوارووی هەولێر تا ساڵی



لە لای ڕاستەوە: مەحمود زامدار، مەحەممەدی مەلا کەریم، مومتاز حەیدەری، شوکور مستەفا، ئازاد عەبدولواحید. وێنەکە لە پێش ئۆفیسی گۆڤاری (ڕامان) گیراوە.



**مومتاز حەیدەری و شاعیر و رۆشنبیران کاك نەوزاد عەلی ئەحمەد و سمكۆ عەبدولكەریم و مەحەممەد گۆران**

١٩٥٥، بەڵام کاک سالحی برایان کە لە شوباتی ١٩٥٠ لە بەندیخانە ئازاد دەکرێت و دەگەرێتەوە هەولێر، دەبینێت کاک مومتاز و جەمشیدی برای لە قوتابخانە دوا کەوتوون و دەچێتە پەرتووکخانەی شێخە شەل ئەو کات هەر ئەو کتێبجانەیە لە هەولێر هەبووە، گۆڤاری گەلاوێژ و چەند نامیلکەیەکی عەرەبیان بۆ دێنی و فێری خوێندنەوەی کوردی و عەرەبیان دەکات.


کاک مومتاز حەیدەری گۆڤاری گەلاوێژ بە یەکەم قوتابخانەی خۆی دادەنێت و کاک سالحی براشی بە یەکەم مامۆستا دادەنێت بۆ فێربوونی زمان و ئەدەبی کوردی، ناوبراو زیاتر لە ٦٠ ساڵە دەستی بە نووسنی وتار و لێکۆڵنەوەی ئەدەبی و مێژووی رۆژنامەگەری کردووە و بەشداری















لە بەشی زۆری کۆڕوکۆبونەوەی یەکێتی نووسەرانی کوردو لە بەشی زۆری رۆژنامەو گۆڤارە کوردیەکان وتارو لێکۆلینەوەی بە هەر دوو زمانی کوردی و عەرەبی بڵاوکردۆتەوە، ئەو ئەندامی یەکێتی نووسەرانی کوردو ئەندامی سەندیکای رۆژنامەنووسانی کوردستانەو، لە بارەی زیاتر لە ٥٠ کەسایەتی ناوداری کورد لە ئەدیب و شاعیر ورۆشنبیر و سیاسەتمەدار نووسیووە لە چاپیشیداون، هاوکات خاوەنی کتێبجانەیەکی زۆر گەورەیە کە هەموو کتێبەکانی لە ماڵەکەی خۆی داناوە وپاراستوویەتی، لە بەر نەبوونی شوێن هێشتا بە هەزاران کتێبیشی هەر لە ناو کارتۆن داناوە و رۆژانە قوتابی کۆلێژەکان وئەوانەی بۆ بڕوانامەی بەکالۆریۆس و نامەی ماستەر و دوکتۆرا پێویستیان بە سەرچاوە هەیە سەردانی دەکەن و سوددی لێوەردەگرن.

کاک مومتاز لە چاوپێکەوتنێک لە گەڵ کەناڵی تەلەفزیۆنی گەلی کورد-کەناڵی هەولێر-دەڵێت کتێب ژیانە و کۆمەڵگایە و نیشتمانە، دەبا بە هەموو



**مومتاز حەیدەری و**
**شاعیری کورد کاک خالید کۆچەر**



**مومتاز حەیدەری و**
**ستار مەحەممەد ئەمین**

لایەک یارمەتی و هاریکاری کاک مومتاز بدەین، چونکە خۆی (موسوعە) یەکە و کتێبجانەکەشی گەنجینەیەکی بە نرخە بۆ دوارۆژی نەوەکانمان، لە رۆژی ٢٠٢١/٣/١٠ شاندێکی مەڵبەندی یەکێتی نیشتمانی کوردستان سەردانی کاک مومتاز حەیدەریان کردووە لە رۆژی ١٦/١٠/ ٢٠٢١ شاعیر کاک خالید کۆچەر و شاعیر و ڕاگەیاندکار کاک قهار شێخانی سەردانی کاک مومتازیان کردووە، هەروەها شاعیر ونووسەرانی کورد نەوزاد عەلی ئەحمەدو کاک سمکۆ عەبدولکەریم و کاک مەحەمەد گۆرانیش رۆژی ١١/١٣/ ٢٠٢١ سەردانیان کردووە، بە ڕاستی ئەمە کارێکی زۆر پیرۆزە و لە گەورەیی خۆیانەوەیە، بۆیە دەستخۆشیان لێ دەکەین و جێگای ڕێز و تەقدیر لە لایەن هەموو کورد پەروەرێک، خوازیارین ئەدیبان و رۆشنبیرانی کورد بەردەوام بن لەم سەردانە جوانانە کە پڕە لەوەفایی و دڵسۆزی بۆ خودی شاعیر و یان نووسەرەکە و بۆ خودی خۆشیان، خۆزیا ئەم جۆرە بەسەرکردنەوەو سەردانانە دەبووە دیاردەیەکی جوان بە لای کەمەوە لە لایەن ئەدیبان و رۆشنیران و لاوە تازە پێگەیشتووەکانمان، خۆزیایەکی تریشم ئەوەیە ئەگەر بکرێت سەردانی شاعیری کورد پەروەر کاک مەدحەت بێخەو و نووسەری بەڕێز مامۆستا حەمەکەریم رەمەزان هەورامیش بکرێت لە بارو دۆخیان بپرسرێت، هەر تەمەن درێژ بێت کاک مومتاز و هەموو ئەو بەڕێزانەی ناویان لەم پۆستەدا هاتووە.

**تێبینی**: هەندێ زانیاری لە کوردیپیدیا وەرگیراوە، چاوپێکەوتنێکی کاک مومتاز لەگەل کەنالی تەلەفزیۆنی گەلی کوردستان کە کاک سەتار مەحەمەد ئەمین ئامادە و پێشکەشی کردووە، لاپەڕەی کاک مومتاز حەیدەری، زانیاری خۆم.



# فەرهاد شەریف

فەرهاد شەریف ساڵی ١٩٤٦ لە شاری هەولێر لە دایکبووە، خوێندنی سەرەتایی و ناوەندی و دواناوەندی هەر لە هەولێر تەواو کردووە، لە ساڵی ١٩٧١ ئەکادیمیای هونەرە جوانەکان بەشی ئامادەکردنی مامۆستایانی لە بەغدا تەواو کردووە.

فەرهاد شەریف لە پەیمانگای سلێمانی مامۆستای (نواندن - تەمسیل) بووە، چونکە پەیمانگاکە پێویستی بە کارمەندی ئەکادیمی بووە و زۆریش هانی قوتابیان و گەنجانی داوە بایەخ بە نواند و کاری شانۆیی بدەن، ئەو کاتەی کە لە سلێمانی مامۆستا بووە هاوسەرەکەشی (خاتوو گوڵیزار) هەر لە گەڵی بووە و ئەویش مامۆستای زمانی کوردی بووە.

فەرهاد شەریف وەکوو ئەکتەر بەشداری زیاتر لە (٥٠) کاری نواند کردووە، جگە لە دەرهێنانی کۆمەڵێک شانۆ و زنجیرە درامای تەلەفزیۆنی.

یەکەمین کاری هونەری مامۆستا فەرهاد شەریف ساڵی ١٩٧٠ ئەویش دەرهێنانی شانۆگەری (جەنگاوەرێکی شێت) بوو، دوا بە دوای ئەوە بەشداری لە کۆمەڵێک بەرهەمی گرنگ و بە سوود کردووە چ وەکوو دەرهێنەر چ وەکوو نواندن، بە ناوبانگترینیان ئەمانەن (نەفرەت لێکراو

ساڵی ١٩٧٠، ڕووداوی شۆڕش ساڵی ١٩٧١، وەلی دێوانە ساڵی ١٩٧٧، حەمەدۆک ساڵی ١٩٧٧، محەمەد و سێوێ ساڵی ١٩٧٦ کە لە تەلەفزیۆن تۆمارکراوە، بەرەو خۆر ١٩٨٧، شانۆگەری خزمەتکارێکی گوێ ڕایەڵ، ڕاشیمون، تەرمی سەر شۆستەکە، ڕۆمیۆ جولێت، ئەو دەمەی ئەڤین مەزنتر دەبێت، خانزادی میری سۆران، خۆتان بگرن هات، گێلەپیاو، زنجیرە درامای ڕەجەبی دەرگەوان، مەم و زین) و چەندین کاری هونەری تر،مامۆستا فەرهاد شەریف پاش ڕاپەرین ساڵی ١٩٩٢ لەگەڵ چەند هونەرمەندێکی هاورێی خۆی پەیمانگای هونەرە جوانەکانی هەولێر دادەمەزرێنن، هەر بە خۆشی وەکو یەکەم بەڕێوەبەر بە ڕێوەی دەبات، ئەندامبووە لە دەستەی بەرێوەبردنی کۆمەڵەی هونەر و وێژەی کوردی لقی هەولێر و دواتریش ئەندامبووە لە دەستەی بەرێوەبردنی سەندیکای هونەرمەندانی کوردستان لقی هەولێر.

فەرهاد شەریف لە ژیانی کارکردنی لەگەڵ هاورێ هونەرمەند و ئەکتەرەکان زۆر سینگ فراوان و بە پشی بووە هەمیشە و هەرگیز دڵی کەسیانی نەڕەنجاندووە، ئەوەتا با بزانین هاورێکانی چی لەسەر دەڵێن:





هونەرمەندی ڕەوانشاد تەلعەت سامان دەڵێت: ٦٠ ساڵ بە یەکەوە کارمان کرد بۆ یەک دەقیقەش دڵم لێی نەڕەنجاوە، ئەو هونەرمەندێکی لێهاتوو و کارامە بووە.

هونەرمەند هیوا سوعاد کە ئێستا سەرۆکی سەندیکای هونەرمەندانی کوردستان لقی هەولێرە دەڵێت: مامۆستا فەرهاد شەریف زۆر سووڕ بوو لە سەر کارەکانی لە شانۆگەری (مەوزین) دەورێکی دابوومێ، هەر دەیووت هاوار بکە هەتا دەنگم کەوت ڕۆژانە سێ جەم کەوچکێک زەیتم لە قاوە دەکرد تا دەنگم چاکبۆوە، ئەو ئەگەر تووڕەش ببوایە هەر یەک دەقیقە هەر زوو ئاشتی دەکردینەوە.

هونەرمەند ئەکرەم مەولود دەڵێت: مرۆڤەکان ئەگەر تووڕە بن زۆر ناشیرین دەبن، بەڵام مامۆستا فەرهاد کە تووڕە دەبوو زۆر شیرینتر دەبوو، ئەو دەرهێنەر و ڕێنیشاندەر و برا گەورەو مامۆستامان بوو.

هونەرمەند خالید بەرزنجی دەڵێت: من لە زۆربەی کارەکان لە گەڵی بووم، لە شانۆ و دراما تەلەفزیۆنیەکان چ وەکوو ئەکتەر چ وەکو






یاریدەدەری دەرهێنەر ئەو هونەرمەندێکی زۆر بە توانا بوو.

هونەرمەند کەریم بایز کە ئێستا سەرۆکی کۆمەڵەی هونەر و وێژەی کوردی لقی هەولێرە دەڵێت: بە یەکەوە سەفەرێکی وڵاتی (میسر) مانکرد خولێکی سیناریۆ نووسین هەبوو، شەو لە هۆتیلەکە لە یەک ژوور بە یەکەوە دەنووستین ئەو هەر خولیای دەرهێنانی شانۆ و درامای تەلەفزیۆنی بوو، کە هاتینەوە هەولێر من چەند شانۆگەریەکم بۆ وەرگێرا ئەویش دەرهێنانی بۆ کرد، لە وانە زنجیرە درامای تەلەفزیۆنی (ڕەجەبی دەرگەوان) کە (٥) حەلقەیە، ئەو هونەرمەندێکی زۆر روح سووک و دەم بە پێکەنین بوو.

هونەرمەندی شێوەکار عەزیز پیرداود دەڵێت: من لە دڵی خۆم زۆر مامۆستا فەرهاد شەریفم خۆشدەویست، وێنەی ئەوم لە تابلۆیەک





ڕەسمکرد (دوو سێ مانگ پێش کۆچی دوایی کردنی)، ڕۆژێکیان بۆم برد کە تەماشای کرد ئەوەندە کەیفی پێهات و یەک دەقیقە بیر و هزری ڕۆیشت پڕی چاوەکانی گریان بوو (بەڵام لە بەر شکۆی) خۆی وای پیشان نەدا کە دەیەوێت بگریت و ڕووی لە من کردوو وتی: دیارە من شتێکم چاندووە بۆیە هونەرمەندێکی وەکو تۆ وێنەی منت کێشاوە بە بێ ئەوەی داوات لێبکەم هەڵساوە سەر پێیان و ماچی کردم.

ناوبرا پێش کۆچی دوایی کردنی هەموو کتێبخانەکەی خۆی پێشکەشی کتێبخانەی پەیمانگای هونەرە جوانەکانی هەولێر کردووە، کە ئەمەش بە ڕاستی دیاردەیەکی زۆر جوان و شارستانیە.

هونەرمەند فەرهاد شەریف لە ڕۆژی ٢٠١٥/٧/١٧ کۆچی دوایی کرد، وەزارەتی ڕۆشنبیری هەرێمی کوردستان لە ڕێوڕەسمێکی شایستە پەیکەرێکیان بۆ دروستکردووە لە ناو حەوشەی سەندیکای هونەرمەندانی کوردستان لقی هەولێر دانراوە، کە ئەوە بە ڕاستی کارێکی دڵخۆشکەرە و جێگای ڕێز و تەقدیرە.

روحی هونەرمەند فەرهاد شەریف شاد و ئارام و ئاسوودە بێت و گلکۆی پڕ گوڵ و گوڵزار بیت.

بۆ ئەم نووسینە سوود لەم سەرچاوانە وەرگیراوە:

وێنەی یەکەم و کەمێک زانیاری کاک نەبیل خدر رەشید قەساب بۆی ناردووم زۆر سوپاسی دەکەم



## شاعیر کەریم دەشتی

کەریم دەشتی شاعیر لە ساڵی ١٩٥٥ لە شاری هەولێر لە دایک بووە، خوێندنی سەرەتایی و ناوەندی و دواناوەندی لە شاری هەولێر تەواو کردووە، لە ساڵی ١٩٨٠ کۆلێژی (قانون - یاسا) ی لە زانکۆی بەغدا تەواو کردوە.

دەستپێکی نووسین و شیعری کەریم دەشتی لە کۆتایی حەفتاکانی سەدەی ڕابردوو بوو، یەکێکە لەو شاعیرانەی کە شوێن پەنجەی دیارە لەسەر نەخشەی شیعری کوردی هاوچەرخ، زۆر بە هێمنی دەنووسێت و خاوەن ئەزموونی زیاتر لە چل ساڵە، لە بواری شیعر نووسیندا، بەشی زۆری بەرهەمەکانی کورت و چڕو پڕو پوخت و بە تام و چێژن، ئەمەش یەکێکە لە سیفاتە جوان و تایبەتمەندییەکانی ئەم شاعیرە.

کەریم دەشتی هەر شاعیر نییە بەڵکو چیرۆکنووس و ڕۆماننووس و وەرگێڕیشە، ماوەیەک سکرتێری ڕۆژنامەی (ستایل) بووە، کە ڕۆژنامەیەکی ئەدەبی و فیکری بوو، سکرتێری گۆڤاری (کاروان)یش بووە - خولی ڕاپەڕین.

ناوبراو زیاتر لە سەدان پارچە شیعرو وتارو لێکۆڵینەوەی ئەدەبی لە زۆربەی زۆری ڕۆژنامە و گۆڤارە کوردییەکان بڵاوکردۆتەوە جگە



**لە لای ڕاستەوە: شاعیری نەمر شێرکۆ بێکەس، کەریم دەشتی**

لە وەرگێڕانی کۆمەڵێک چیرۆک و ڕۆمان کە لە شاکارە جیهانیەکانی وەرگێڕاوەتە سەر زمانی کوردی و کۆمەڵێکیش لە بەرهەمەکانی وەرگێڕدراوەتە سەر زمانەکانی عەرەبی و ئینگلیزی و سوێدی و فارسی.

ناوبراو ئەندامی یەکێتیی نووسەرانی کورد لقی هەولێرە.

کەریم دەشتی زیاتر لە (٣٥) کتێبی لە دیوانە شیعر و کۆمەڵە چیرۆک و ڕۆمان و وەرگێڕان لە چاپ داوە و بڵاویکردوونەتەوە کە ئەمانەن: (خاک و هەڵۆ - شیعر بەغدا ١٩٨٠، تەمە سپییەکانی رۆح - شیعر ١٩٨٨، وردە گەڵا - شیعر ١٩٨٩، پیانۆی رۆژهەڵات - کۆی بەرهەمەکانی شەش دیوانی شیعری کە (٤١٥) لاپەڕەیە ٢٠٠٤، شیعری ئاگر - شیعر ٢٠٠٧، کەلەپووری کوردی ٢٠١١، دیوانی کەریم دەشتی لە سێ بەرگدا کۆشیعرەکانی - بەرگی یەکەم ٢٠١٢ کە (٣٧٩) لاپەڕەیە، بەرگی دووەم ٤٤٠ لاپەڕەیەو بەرگی سێیەم ٢٤٥ لاپەڕەیە، ڕۆمانی ڕەگەکان - ئەلێکس هیلی - لە فارسیەوە وەرگێڕدراوەتە سەر زمانی کوردی ٢٠٠٥، ڕۆمانی دوا وەسوەسەی کریست - کازانتزاکی لە فارسیەوە ٢٠٠٦، ڕۆمانی سەفەرێ بۆ ڕۆژهەڵات - هیرمان هیسە - لە عەرەبیەوە ٢٠٠٢، کۆمەڵە چیرۆک لە فارسیەوە ١٩٩٩، لوورەی گورگ -



له لای ڕاستەوە: کەریم دەشتی، هونەمەند قەرەنی جەمیل

ڕۆمـان - جـاک لەنـدەن لـە فارسـیەوە ٢٠٠٦، ڕامبـۆ لـە عەرەبیـەوە، ڕۆمانـی دایـک - بیـرل بـاک لـە فارسـیەوە ٢٠١٦، بەهەشـتی ونبوو - جۆن ملتون - مەلحەمـەی بـە ناوبانگـی ئینگلیـزی (٤١٠) لاپەڕەیـە، کۆمەڵـە چیـڕۆک لـە فارسـیەوە ١٩٩٩، ئـەدەب و فەلسـەفە - لێکۆڵینـەوە - وەرگێـڕان ٢٠٠٤، ئەکادیمیـای کـوردی ٢٠١٧، ئەسـپەکانی ناو با ٢٠٠٨، ئەفیونی مـن ٢٠١٨، بورجی بەلـەک - شـیعر، بۆلیڤاری نـەی - ڕۆمـان ٢٠١٣، بـەرز بـەرز تـا قوڵایی - وەرگێردراوەتـە سـەر زمانـی عەرەبی و ئینگلیـزی لـە لایـەن نووسـەر محەمـەد حوسـین ڕەسـوڵ، بـەرەو منداڵـی بـە جلـی پایـزەوە - شـیعر ٢٠٠٧، جـذوة الرمـاد - نیهـاد نەجـار وەریگێڕاوەتـە سـەر زمانـی عەرەبی، درەختـی حیکمـەت ٢٠٠١، درەختـی خامـۆش، درەختی درەوشـانەوە - شیعر، دوا وەسوەسـەی مەسـیح - لە فارسـیەوە وەرگێڕدراوە ٢٠١٦، دۆسـتێ هەمیشـە چاوەڕوانمـە ٢٠٠٣، دیـدو دیـدگا - بابـەت دیمانـە - ٢٠١٢، ڕەگـەکان گەڕانـەوە بـۆ بنـج و بنـەوان وەرگێـڕان، هادئـة کالکنـاری -



له لای ڕاستەوە: شاعیر کەریم دەشتی، شاعیری گەورەی کورد عەبدوڵڵا پەشێو


























بەرهەماکانی ناوبراو.



له لای ڕاستەوە: عەباس عبدوڵڵا، کەریم دەشتی، سەلاح عومەر



له لای ڕاستەوە: کەریم دەشتی، سەعدوڵڵا پەرۆش

کۆمەڵێک نووسەر وەریان گێڕاوەتە سەر زمانی عەرەبی و جەلال زەنگابادی پێداچوونەوەی بۆ کردووە، کتێبی ئاو The book of water محەمەد حوسێن ڕەسوڵ وەریگێڕاوەتە سەر زمانی ئینگلیزی، دیوانی سکڵی ناو خۆڵەمێش نووسەر حوسێن شەریفی وەریگێڕاوەتە سەر زمانی فارسی، وەرزێک لە دۆزەخ وەرگێڕان، کتێبی پیرۆزی عاشقان ٢٠٠٧، کتێبی نەی و کتێبی ئاو، کۆکردنەوەی شەونمی شیعر ٢٠٠٨، کەمتیار ١٩٩٩. ..چەندانی تر).

هەر سەرکەوتوو و سەرفراز بێت، کەریم دەشتی، بۆ خزمەتی ئەدەب و زمان و وشەی کوردی.

وا چەند نمونەیەک لە شیعری شاعیری کوردپەروەر کەریم دەشتی - تان دەخەینە بەردەست:

**١**

**ئەفیونی من تەوقەم لەگەڵ کێڵگەیەک کرد**

کتێبی بارانی دامێ

شیعر کارێکی خوداوەندییە

لە قوڕ شیعر خەڵق دەکەم

لە بەرد مانا دادەتاشم

له ئاو پیتی بۆ دادەڕێژم
تا بتوانم بێ مانایی ئەم ژیانە
لە نێو گۆری ئەبەدیدا بنێژم
لە ڕژانی ئاو سادەتر دەنووسم
لە مناڵ سادەتر قسە دەکەم
**٢**
سەرەتا هەورێکی سپیی بوو
لە سینەی ساماڵێکی زیوییں
بایێ هات ڕایماڵی
چی نهێنی هەبوو لە بەریا دایماڵی
ئێستەکەش دڵۆپەی بارانی
لە شوێنێ هەڵناکا
دەیەوێ پیریی خۆی جیهێڵێ و
بچێتەوە ئاسمانی جارانی
**٣**
کە گەڵاکان لێم تووڕە بوون
چوومە لای باغ ئاشت بووینەوە
کە ئاوەکان جێیان هێشتم
کەنار بوو دڵیان دامەوە
کە شیعر دەرگای لێ داخستم
هەموو لایەک خۆڵەمێشیان نایە مشتم

بۆ ئەم نووسینە سوود لەم سەرچاوانە وەرگیراوە: کوردپێدیا، وتارێکی نووسەر خەسرەو میراودەلی لە ٢٠٢١/١١/٨، ژیاننامەی شاعیر، زانیاری و نووسین و دارشتنی ئامادەکار.



# شەماڵ سائیب

هونەرمەندی کوردی دەنگ خۆش خوالێیخۆشبێت شەمال سائیب، کە ناوی تەواوی (شەمال جلال سائیبە) لە ساڵی ١٩٣١ لە شاری سلێمانی لە دایکبووە لە ١٩٨٦/١١/٧ لە هەولێر کۆچی دواییکرد و لە گۆڕستانی بنەماڵەکەی لە سلێمانی نێژراوە، قوتابخانەی سەرەتایی لەو شارە و دووا ناوەندی لە کۆلیجی مەلیک فەیسەل بە زمانی ئینگلیزی لە بەغدا تەواو کردووە، کە ئەم قوتابخانەیە تەنها قوتابیە یەکەمەکانی وەرگرتووە.

لە سالی ١٩٥١ دەچێتە پەیمانگای هونەرە جوانەکان بەڵام خانەوادەکەی زۆری لێ دەکەن کە نابێ لەو پەیمانگایە بخوێنێ، بۆیە بە ناچاری دەچێتە کۆلێجی ئاداب بەشی مێژوو، کۆلێژی ئاداب تەواو دەکات، بەڵام دانیامەزرێنن لەبەر هەلوێستە نەتەوایەتییەکەی، پاش شۆڕشی تەموزی ساڵی ١٩٥٨ بە ماوەیەک دەبێتە مامۆستای بابەتی رۆشبیری مۆسیقی لە قوتابخانەی دواناوەندی ئەعزەمییە لە بەغدا، لە ساڵی ١٩٦٣ چۆتە ئەمەریکا بۆ بەردەوام بوون لە خوێندن و بڕوانامەی ماستەری لە ئەدەب وەرگرتووە، لە ساڵی ١٩٧١ گەڕاوەتەوە کوردستان وەکو مامۆستای یاریدەدەر لە زانکۆی سلێمانی دەست بەکار بووە، دوا تریش وەزیفەی خۆی گواستۆتەوە بۆ هەولێر لەزانکۆی صلاح الدین هەمان کاریکردووە.

خوالێیخۆشـبێت لـە سـالی ١٩٥٦ بـۆ یەکـەم جـار وەکـو دەنگێکـی نوێـی هونـەری هاتۆتـە گۆڕەپانـی ئـاواز و گۆرانـی کـوردی، کۆمەڵێـک گۆرانـی سـەرکەوتووی ووتـووە وەکوو (ئازیـز بەهـارە و شـوانە هـۆ شـوانە و بـەردە بەردەو هاتـی بـۆ هاتـی و هـەرە لەیلێ و جوانیـن ئێمـە جوانیـن و هـاوار سـەد هـاوار چەندانـی تر)، بـە دەنگـە خـۆش و زولالییەکـەی سـەرکەوتنێکی گـەورەی بـە دەسـت هێنـاوە، لـە سـاڵی ١٩٨٤ لـە گـەل خوالێیخۆشـبووان فوئـاد ئەحمـەد و تەحسـین تەهـا هاتنـە لای ئێمـە لـە بەرێوەبەرایەتـی رۆشـنبیری و لاوان لـە ئەمانەتـی گشـتی رۆشـنبیری و لاوان لـە هەولێـر، مـن پێشـوازیم لێکـردن لـە راسـتیدا خوالێیخۆشـبێت کاک شـەمال سـائیب بـۆ لای کاک سـەردار حەمیـد میـران هاتبـوو (خـوا لـە هـاورێ خۆشەویسـتم کاک سـەردار میـران خۆشـبێت چەنـد سـالێک پێـش ئێسـتا هەواڵـی کۆچـی دوایـی کردنیـم پێگەیشـت) بـە هـەر حـاڵ مـن تەکلیفـم لێکـردن هاتـن و لـە ژوورەکـەی مـن دانیشـتن و منیـش بـە دوای کاک سـەردار میـران-م نـارد ئـەو کات تـازە لـە بەشـی ئیـدارە چـوو بـوو بـۆ لای کاک حسـێن عـارف لـە گۆڤـاری کاروان کار بکات، ئیتـر کـە کاک سـەردار هـات دیـار بـوو لـە بـەر کاک شـەمال سـائیب کـە تـۆزێ مانـدوو دیـار بـوو حەزیـان لێبـوو هـەر لای مـن دانیشـن، چونکـە ژووری کاک سـەردار لـە تابقـی سـەرەوە بـوو ، ئیتـر دانیشـتن و بەئەرکـی مێوانداریێتـی هەڵسـام و تـۆزێ باسـی ئـەدەب و گۆرانـی مۆسـیقامان کـرد، کاک شـەمال رووی لـە کاک سـەردار میـران کـردوو ووتـی: میـران مـن دوکتۆرەکانـم لـە ئەمەریـکا پێیـان ووتـووم (سـرکەی هەنـاری ئەصلـی) بخـۆ بـۆ زەختـی خوێنـت باشـە، منیـش پێـم پەیـدا نابێـت هـەر چەنـد دەکـڕم هـەر بـاش نییـە تـۆ خـزم و دۆسـتت لـە شـەقلاوە زۆرە بەڵکـو دوو سـێ شووشـەم بـۆ پەیـدا بکەیـت بـەس ئەسـڵی بێـت، کاک سـەرداریش بـە ڕووە خۆشـەکەی ووتـی: سـەهلە ئەمـر دەکەیـت بـۆت پەیـدا دەکـەم، ئەمـەو میوانەکانمـان هـەر نیـو سـەعاتێک دانیشـیتن و خـوا حافیزیـان کـرد، ئـەم سـێ هونەرمەنـدە پێشـرەو بـوون لـە گۆرانـی و مۆسـیقا و بەسـتە و مەقامـی کـوردی، خـوا لێیـان خۆشـبێت و نەمـرن لـە دڵـی هەمـوو نیشـتمان پەروەرێکـی کـورد، روحیـان شـاد بێـت و جێگایـان بەهەشـتە إن ئینشـاالله.

سەرچاوە: کوردپێدیا، وە بیرەوەری و زانیاری خۆم.




# ئەحمەد ناجی

ناودار و پایەبەرز و کورد پەروەرەکانی شاری هەولێر خوالێیخۆشبێت ئەحمەد ناجی ئەفەندی، ناوی تەواوی (ئەحمەد ناجی سۆفی)ە لەساڵی ١٨٩٦ زاینی لەگەڕەکی سەرای قەڵاتی هەولێر لەدایکبووە، خانەی باڵای مامۆستایانی لە ئەستەمبوڵ تەواوکردووەو لە ساڵی ١٩١٩ لە قوتابخانەی سەرەتایی هەولێر دامەزراوە، پاشان بووە بە یەکەم بەڕێوەبەری قوتابخانەی (اربیل الاولی)، هەروەها یەکەم بەڕێوەبەری قوتابخانەی سەرەتایی شەقڵاوە بووە، لەناو شاری هەولێریش دووەم بەڕێوەبەر و سێیەم بەڕێوەبەری قوتابخانەی سەرەتایی بووە و لە هەمانکات بەڕێوەبەری قوتابخانەی جولەکەکان بووە لە گەڕەکی تەعجیل.

لەکاتی مەلیک فەیسەڵی یەکەم ناوبراو خۆی سەرپەرشتی دروستکردنی قوتابخانەی (اربیل الاولی)ی کردووە، کە ئێستاش هەر ماوە و بۆتە مۆزەخانەی پەروەردەی هەولێر، هاوکات ستایش و ڕێزگرتنێکی زۆرمان

بۆ پەروەردەی هەولێر هەیە کە هۆڵێکی تایبەت بە ناوی خوالێیخۆشبێت ئەحمەد ناجی داناوە و هەموو موقتەنەیاتەکانی تیا دانراوە، خوالێیخۆشبێت دەورێکی دیاری هەبوو لە دامەزراندنی یانەی سەرکەوتن کە لە ١٩٣٠/٥/٣٠ مۆڵەتی دراوەتە خوالێیخۆشبێت مەعروف جیاوک، ناوبراو دەورێکی زۆر بەرزی هەبوو لە پەروەردەکردنی بەشی زۆری ڕۆشنبیر و پیاوە ناودارەکانی هەولێر، لەوانە خوالێخۆشبووان (ئیحسان شێرزاد، عەونی یوسف، دکتۆر هاشم دۆغرەمەچی، زەید ئاحمەد عوسمان و عەقید کافی نەبەوی و زۆرانیتر)، ئەحمەد ناجی دوو جار هاوسەرگیری کردوە، شەش کوڕ و یەک کچی هەیە بە ناوەکانی (جەودەت، فیکرەت، نەشئەت، بەهجەت، شەوکەت، سەردار، عاسیە).

ناوبراو لە ساڵی ١٩٥٣ خانەنشین کراوە و لە ١٨ تەموزی ١٩٥٨ کۆچی دواییکردووە، ئەوکاتی من لێپرسراوی بەشی رۆشنبیری بووم لە بەڕێوەبەرایەتی ڕۆشنبیری و لاوان، مامۆستا جەودەت لەگەڵ مامۆستای خوالێیخۆشبێت عیزەدین فەیزی ئەندام بوون لە لێژنەی (تەعضید و






نەشر) بەیەکەوە هەموو کارەکانمان بە پوختەیی جێبەجێ دەکرد، بەهەر حاڵ خوالێیخۆشبێت ئەحمەد ناجی ئەفەندی و ئەو کەسایەتیانەی ئەو پێیگەیاندوون لەناو شاری هەولێر هەموویان وەک ئەستێرەی گەش لە ئاسمانی هەولێری ڕەنگین ئێستاش دەدرەوشێنەوە، چونکە خزمەتێکی گەورەی پەروەردەیی و ڕۆشنبیری ئەو شارەیان کردووە.

تێبینی: وێنەکان و هەندێ زانیاری لە لاپەڕەی هەولێری جاران وەرگیراوە.

زانیاری و نووسینی خۆم.



## معروف جیاووك

کەسایەتیی ناوداری کورد مەعروف جیاووکە، ناوی تەواوی (مەعروف عەلی ئەسغر حاجی مەولود سەعدی جیاووک) لە ساڵی ١٨٨٥ ز لە شاری بەغدا لە دایکبووە، لە خانەوادەیەکی کوردی ناسراوی عەشیرەتی (باڵەک) کە لە گوندی سریشمەی سەر بە قەزای ڕەواندزی - پارێزگای هەولێرە، باپیری حاجی مەولود سە عدی زانایەکی ئایینی گەورە بووە بە(بدیع الزمان) ناویان بردووە و باوکیشی عەلی ئەسغەرەفەندی ئیمام تابوری عەسکەری بووە لە سوپای عوسمانی.

مەعروف جیاوک خوێندنی سەرەتایی و ئامادەیی لە ساڵی ١٩٠٢ لە بە غدا تەواوکردووە، بۆخوێندنی باڵا دەچێتە ئیستانبول، بەڵام لە بەروەرگرتنی وەزیفە و ئینقلابە دەستوریەکەی ساڵی١٩٠٨ کە (حزبی الاتحاد والترقی) کردیویەتی نەیتوانیوە خوێندن تەواو بکاتن چۆتە بەرەی دژ بە ئینقلابیەکان بەم هۆیەوە گیراوە و دادگاییکراوە، پاشان بەر لێبووردنی گشتی کەوتووە هاتۆتەوە بە غدا و خوێندنی حقوقی تەواو کردووە.

گوایە لە ساڵی١٩١٢ ڕۆژنامەیەکی بە ناوی حقوق دەرکردووە، بەڵام لە مێژووی ڕۆژنامەگەری عێراقی باس نەکراوە و نیە، بۆیەکەمجار



**غەفوری حاجی مەلا سەعید، شێخ جەلالی حەفید، شێخ لەتیفی حافید، بابەعلی. لەلای ڕاستەوە دانیشتووەکان: قادر ئاغایحاجی مەلا سەعید، ئەحمەد ئاغای کەرکوکی، مەعروف جیاووك، شێخ مەحمودی حەفید، ئەدمۆندس (حاكم عەسكەری عێراق) ئینگلیز بوو، پیرەمێردی شاعیر، شێخ عەبدوڵلا، وێنەکەئەو کاتە گیراوە کە مەعروف جیاووك متەسەڕفی سلێمانی بووە و ئەدمۆندس چۆتە شاری سلێمانی بۆماڵئاوایی کردن کە عێراق بە جێدێڵێت .**

بۆماوەیەکی کەم دەکرێتە بەڕێوەبەری ناحیەی (تدمر) لە سوریا و دوای ئەمەش دەبێتە بەڕێوەبەری خانەی مامۆستایان لە بەسڕا، هەر لەگەڵ دەست پێکردنی جەنگی جیهانی یەکەم، دەچێتە بەرەی دژ بە ئینگلیزەکان، بەڵام لە بەر زوو گرتنی بەسڕە و شەڕنەکردنی عوسمانیەکان بەدیل دەگیرێت لەگەڵ چەندکەسایەتیەکی سەربازی و مەدەنی نەفی دەکرێن بۆ(بۆڕما) لە ناوچەی هیندی - سینی و پێنج ساڵ بەئەسیری لەوێ دەمێنێتەوە توشی نەخۆشیدەبێت و زۆر بێ تاقەت و لاواز دەبێت، پاشان دەیهێننەوە بەغدا و داوا لە خانەوادەکەی دەکەن بێن وەریبگرنەوە کە کەسو کاری دێن نایناسنەوە دەڵێن ئەوە مندالی ئێمە نیە، دەیانەوێت بڕۆن ناوبراو بانگ دەکات بە کوردی دەڵێ: دایە مەڕۆ من ماروفم ئینجا دایکی پڕی دەداتێ و دەڵێ وەیڕۆ وەیڕۆ ماروف بۆوات لێهاوتووە، پاش ماوەیەک چاک دەبێتەوە و لە ساڵانی ١٩٢٤، ١٩٢٥، ١٩٢٦، ١٩٢٧ دەبێتەحاکم لە کەرکوک و دیوانیە و مسیب و حەی (الحی)، لەتەک کاری حاکمایەتی دەستی بە نووسینی سیاسی ئەدەبی و کۆمەڵایەتی لە ڕۆژنامە عێراقیەکان

کردووە زۆر پشتگیری مەسەلەی لیوای موسڵی کردووە دژی تورکەکان بۆیە خەڵک خۆشیان ویستووە.

لە ساڵی ١٩٢٨ دەبێتە ئەندامی (مجلس النواب) پەرلەمان وەکوو نوێنەری شاری هەولێر هەڵوێستی بوێرانەی هە بووە، لەساڵانی ١٩٣١ - ١٩٤١ بۆتە حاکم و داواکاری گشتی و ئەندامی دادگای تێهەڵچوونەوەی عێراقی و لە ساڵی ١٩٤٤ بۆتە متەسەرفی (متصرف - محافظ) لیوای سلێمانی تا وەکوو خانەنشین کراوە لە ساڵی ١٩٤٦، بەڵام دیسان گەڕاوەتەوە خزمەتکردن و بۆتە بەڕێوەبەری (إنحصار التبغ) لە بەغدا لە مانگی دوانزەی ساڵی١٩٤٧ داوای لێبووردنی کردووە دووبارە خانەنشینکراوەتەوە و لە ڕۆژی ٢١ / ١ / ١٩٥٨ لە بەغدا کۆچی دوایی کردووە و لە سەر وەسیەتی خۆی تەرمەکەی هێنراوەتەوە هەولێر و لەگۆڕستانی شێخی چۆلی نێژراوە.

**لە بە رهەمەکانی:**

١ -ئەو وتارە سیاسیانەی نووسیویەتی لە ڕۆژنامەکان لە کتێبێکدا چاپیکردووە بە ناوی (القضية الكردية) چاپی بەغدا ساڵی١٩٢٥ و لەساڵی ١٩٣٥ دووبارە چاپ کراوەتەوە.

٢- نیابتی ١٩٢٨- ١٩٣٠ ئەو ماوەیەی ئەندام بووە لە پەرلەمانی عێراقی

٣ - الحقائق الثابتة عن نوری السعيد ١٩٤٨ لە بەغدا چاپ کراوە،

٤ - مأساة بارزان لە بەغدا ساڵی ١٩٥٤ چاپ کراوە، وە لە یانەی سەرکەوتنکە خۆی لە ساڵی ١٩٣٠ ئیجازەی بۆ وەرگرتووە چەند کتێبێکی کوردیشی چاپ کردووە لە وانە (بیرەوەری پیرەمێرد) کە ماموستا عەلائەدین سوجادی نووسیویەتی .

**تێبینی یەکەم:** بۆ نووسینی ئەم پۆستە سوودم لەو سەرچاوانە وەرگرتووە:

١- ڕۆژنامەی برایەتی ڕۆژی ٢٣ ی حوزەیرانی ١٩٧١

٢- دليل مشاهير الالوية العراقية

٣- معجم المؤلفين العراقيين.

**تێبینی دووەم**: وێنەکە لە ووتارێکی شاعیری کوردی نەمر پیرەمێردکە بۆ مێژووی گرتنی وێنەکە نووسیویەتی کە لە ڕۆژنامەی ژینی ژمارە ٧٨١ لە نیسانی ساڵی١٩٤٥ بڵاو کراوەتەوە و لە لاپەڕەی کاک بیلال محەمەدوەرگیراوە.



# پارێزەرو یاساناس فاروق جەمیل خەزنەیی

پارێزەر و ڕاوێژکاری یاسایی و ڕووناکبیر و سیاسەتمەداری کوردپەروەر کاک فاروق جەمیل

ناوی تەواوی (فاروق جەمیل سادق خەزن) یە، لە ساڵی ١٩٤٥ لە گوندی (خەزنەی حاجی سادق) ی ناوچەی شەمامک لە خانەوادەیەکی ناودار و ناسراوو کوردپەروەر لە شاری هەولێر لە دایک بووە، خوێندنی سەرەتایی و ناوەندی و دواناوەندی لە هەولێر تەواو کردووە.

لە ساڵی ١٩٦٣ لە کۆلێژی (حقوق- ماف) لە بەغدا وەرگیراوە و لە ساڵی ١٩٦٧ تەواوی کردووە.

فاروق جەمیل ڕۆڵەی ئەو بنەماڵەیە کە هەر لە سەرەتای شۆڕشی ئەیلولی ١٩٦١ ە وە، ماڵ و دیوەخان و هەتا گوندەکەشیان بنکە و بنەگەی پێشمەرگەی کوردستان و ڕێکخستنەکانی بووە، بەم هۆیەشەوە زەرەر و زیانێکی زۆریان لێکەوتووە و شەهیدیشیان داوە، ناوبراو لە کۆتایی پەنجاکانی سەدەی ڕابووردوو پەیوەندی بە ڕیزەکانی پارتی دیموکراتی کوردستان کردووە و زۆریش چالاک بووە، هەر کە دەچێتە کۆلێژی ماف دەبێتە لێپرسراوی یەکیەتی قوتابیانی کوردستان لە کۆلێژی ماف و دواتر لێپرسراوی هەر دوو کۆلێژی ماف و بازرگانی.



پارێزەر فاروق جەمیل لە دیمانەیەك دا

لە ساڵی ١٩٦٧ کۆلێژی ماف تەواو دەکات و دەبێتە ئەندامی سەندیکای پارێزەرانی عێراق و دەگەڕێتەوە هەولێر لە ١٩٦٧/٨/٢٢ وەکو پارێزەر دەست بە کار دەبێت و نووسینگەکەشی هەر دەم کراوە بووە بۆ هەژاران و لێقەوماوان و کەس و کارەکانمان لە هەولێر و دەور و بەری، ناوبراو لە نیوەی دووەمی ساڵی شەستەکان ئەندامی ناوچەی هەولێری پارتی دیموکراتی کوردستان (باڵی مەکتەبی سیاسی) و لێپرسراوی کەرتی فەرمانبەران و پۆلیس بووە، لە پاش بەیاننامەی ١١/ئاداری ساڵی ١٩٧٠ و یەکگرتنەوەی هەردوو باڵی پارتی دیموکراتی کوردستان ئەو هەر بەردەوام دەبێت لە چالاکیەکانی خۆی لە تەک کاری پارێزەری، تا ساڵی ١٩٧٢ کە ساردی دەکەوێتە نێوان حکومەتی ئەوسا و سەرکردایەتی کوردی لە لایەن (حەبیب محەمەد کەریم) داوای لێدەکرێت خۆ



فاروق جەمیل، نامیق عەزیز

بگەینێتە ناوچەی (چۆمان) بۆ ڕێکخستنەوە و نۆژەنکردنەوەی دام و دەزگا (دادوەر)یەکانی شۆڕش، ئیتر ئەو خۆ دەگەینێتە چۆمان و بە کارەکانی خۆی هەڵدەستێ و دەبێتە دادوەر لە دادگاکانی شۆڕش.

فاروق جەمیل پاش هەڵگیرسانەوەی شەڕ و هەرەسهێنانی شۆڕش لە ساڵی ١٩٧٥ بە خۆی و ماڵ و منداڵەکانی ئاوارەی ئێران دەبێت و هەر هەمان ساڵ سوود لە لێبووردنی گشتی وەردەگرێت و دەگەڕێتەوە هەولێر و دەست بە کاری پارێزەری دەکاتەوە، بەڵام هەر پەیوەندی بە سەرکردایەتی شۆڕش دەمێنی و بەردەوام دەبێت لە چالاکیەکانی خۆی و لەگەڵ هەڵگیرساندنی شۆڕشی نوێی گەلەکەمان ناوبراو لە سەرەتای هەشتاکانەوە نووسینگەکەی کە لە تەنیشت سینەما سەلاحەدین بووە، ببووە شوێنی کۆڕو کۆبوونەوەی ڕووناکبیرانی کورد لە پارێزەران و رۆشنبیران و هەتا کاری ڕێکخستن و نامە هێنان و بردنیشی تیا کراوە خۆشی لە ژێر ئامۆژگاریەکان ڕەوانشاد (مام جەلال) بەردەوام پەیوەندی بە رووناکبیرانی کورد و هەتا ڕووناکبیر و ئازادیخوازە عەرەبەکانیش هەبووە بۆ ڕوونکردنەوەی ڕاستی و ڕەوایی کێشەی کورد



**لە لای چەپەوە: شێخ لەتیف بەرزنجی، مەلا محەمەد بەحرکە، جەمیل ڕەنجبەر، فاروق جەمیل**

فـاروق جەمیـل لـە سـەرەتای سـاڵی ١٩٨٥ دەکەوێتـە ژێـر چاودێـری و فیشـارێکی زۆری دام و دەزگانـی ڕژێمـی بەعس، بۆیـە لـە ١٩٨٥/٥/٢٧ بڕیـار دەدات خـۆ بگەیەنێتـە ناوچـە ئـازاد کراوەکانـی شـۆڕش، بـەڵام لـە یەکەمیـن (پرسـگە - سـیطرة) لەسـەر ڕێـگای کەسـنەزان بـە خـۆی و برایەکـی و دووبرازای دەستگیر دەکرێن و ڕەوانـەی (ئەمن)ی هەولێر دەکرێن، ناوبراو پـاش شـەش مانگ لـە لێکۆڵینـەوە و ئـازار و ئەشکەنجە دان ڕەوانـەی (الامن العام) ی بەغدا دەکرێت و لەوێش دوای پێنج مانگ لـە لێکۆڵینـەوە لـە (محكمة الثـورة) دادگای شۆڕشـی عێراقـی سـزای (حكم) هەتـا هەتایـی دەدەن.

فـاروق جەمیـل لـە ١٩٨٦/٤/٢٨ بـەر لێبووردنـی گشـتی دەکەوێـت و ئـازاد دەکرێـت و دێتـەوە هەولێـر دەسـت بـە کاری پارێـزەری دەکاتـەوە، دیسـان دام و دەزگانـی ڕژێـم دەیخەنـە ژێـر چاودێریەکـی چـڕ و لـە ترسـی دەستگیرکردنەوەی خـۆ دەگەیەنێتە ناوچـە ئـازاد کراوەکانی شـۆڕش و دەچێتـە بـارەگای (مـام جـەلال)، بـەڵام لـە ژێـر هێرشـی تونـدی ڕژێـم ئەنفالـی یەکـەم و دووەم و کیمیـا بـاران و تـۆپ و تەیـارەی ڕژێـم دووبـارە ئـاوارەی ئێـران دەبێتـەوە، لـە بەهـاری سـاڵی ١٩٩١ لەگـەڵ ڕاپەریـن دەگەڕێتـەوە هەولێـر و دەبێتـە لێپرسـراوی لیژنـەی (تنسق) ی بـەرەی کوردسـتانی لەگـەڵ نوێنەرانـی



**لە لای ڕاستەوە: فاروق جەمیل، عەبدوڵڵا ئاغای پشدەری**



حکومـەت بـۆ چارەسـەر کردنـی هەنـدێ کێشـە و گیـرو گرفـت کـە لـە نێـوان بـەرەی کوردسـتانی و حکومەتـدا ڕووی دەدا.

کاک فـاروق جەمیـل لـە بـەر چەنـد هۆیەکـی تایبـەت لـە سـاڵی ١٩٩٦ ڕوو لـە وڵاتـی ئەلمانیا دەکات و لـە وێ نیشـتەجێ دەبێـت، لـە سـاڵی ٢٠٠٠ لەسـەر داخـوازی (ی. ن. ک) دەگەڕێتـەوە سـلێمانی و دەبێتـە وەکیلـی وەزیـری داد لـە ئیدارەی سـلێمانی و پـاش یەکگرتنـەوەی هـەردوو ئیـدارە لـە کابینـەی پێنجەمـی حکومەتـی هەرێمـی کوردسـتان دەبێتـە وەزیـری داد.

لـە مـاوەی چـوار سـاڵەی وەزیـری فـاروق جەمیـل چاکسـازیەکی زۆری لـە دام و دەزگاکانـی داد و دادوەری کـردووە و سـووریش بـووە لەسـەر بەدیهێنانـی یەکسـانی و عەدالـەت لـە نێـو کۆمەڵانـی خەڵکـی کورسـتان بـە تایبەتـی چیـن و توێـژی هـەژاران و مـاف خـوراوان.



فـاروق جەمیـل لـە مـاوەی (٦٠) سـاڵەی خەبـات کـردن لـە مەیدانـی کوردایەتـی و لـە بـواری پارێـزەری هەمیشـە و هەرگیـز لـە خزمەتـی هەمـوو خەڵکـی کوردسـتان بـووە بـە

تایبەتی چینی هەژاران و هەردەم پشت و پەنای زوڵم لێکراوانیش بووە.
فاروق جەمیل ئێستا لە هەولێر دەژی، ساغ و سەلامەتی و تەمەن درێژی لە خودای گەورە ئاواتەخوازم.

بۆ ئەم نووسینە سوود لەم سەرچاوانە وەرگیراوە: ژیاننامەکەی کاک دلێر سادقی بۆی ناردووم لەگەڵ هەندێ وێنە، زانیاری و نووسین و داڕشتنی خۆم



## نووسەر شەهید شاکر فەتاح

بیرمەند و نووسەر و رۆژنامەنووس و شەهیدی وشە ڕەوانشاد شاکر فەتاح بە سەر دەکەینەوە.

ناوی تەواوی (شاکر کوڕی میرزا فەتاح کوڕی ئەحمەد) ە لە تیرەی (سیتەبەسەری) عەشیرەتی (هەمەوەند) ە، ساڵی ١٩١٤ لە گەڕەکی دەرگەزێنی شاری سلێمانی لە دایک بووە، قوتابخانەی سەرەتایی لە سلێمانی و ناوەندی و دواناوەندی لە بەغدا تەواو کردووە، ساڵی ١٩٣٣ چۆتە کۆلیژی (حقوق) و ساڵی ١٩٣٦ تەواوی کردووە.

لە کۆتایی ساڵی١٩٣٦ تاکو ١٩٤١/٧/١ بەڕێوەبەری ناحیەکانی (مزوری لە دهۆک، زرباطیە لە کوت، قەرەحەسەن سەر بە کەرکوک، خورماڵ و پێبازی سەر بە کەلار) بووە، لە ٧/١/ساڵی ١٩٤١ بۆ خزمەتی سەربازی چۆتە خولی ئەفسەرانی ئیحتیات بووە بە ئەفسەری مولازمی دووەم، ڕەوانەی فەوجی یەکی لیوای پیادەی سێ لە حامیەی ڕواندز کراوە، هەر هەمان ساڵ لە ١٩٤١/١٠/١٠ خزمەتی سەربازی تەواو کردووە، دیسان بۆتەوە بەڕێوەبەری ناحیەی قادر کەرەم و خورماڵ و مەئموری بەرهەمەکانی قەزای هەڵەبجە و پاشان بۆتە قائیمقامی ڕانیە و چەمچەماڵ و هەڵەبجە و ناوەندی شاری سلێمانی و ئاکرێ و ئامێدی و زاخۆ و شەقڵاوە و دواتر




**قوتابخانەی شاکر فەتاحی بنەڕەتی ئاڵای کوردستان بەرز ڕادەگرن**

گوازراوەتەوە شارەوانی سلێمانی بۆتە سەرۆکی شارەوانی سلێمانی، لە ساڵی ١٩٦٣ بۆتە موفەتیشی ئیداری لە وەزارەتی ناوەخۆی عێراقی پاش کودەتای بەعسیەکان لە شوباتی ١٩٦٣ خانەنشینیان کردووە.

شاکر فەتاح لە ساڵی ١٩٧٠ بۆتە ئەندامی یەکێتیی نووسەرانی کورد لقی سلێمانی دواتر جێگری سەرۆکی لقی سلێمانی بووە، لە ساڵی ١٩٧١ بۆتە ئەندامی کۆڕی زانیاری کوردی و لە ساڵی ١٩٧٧ کراوەتە جێگری سەرۆکی ئەنجومەنی یاسادانانی ئۆتۆنۆمی کوردستان و ساڵی ١٩٨٠ دووبارە خانەنشینیان کردۆتەوە.



یەکەم دەستپێکی نووسینی شاکر فەتاح لە ساڵی ١٩٢٧ بووە کە بابەتێکی بە ناونیشانی (هاواری وەتەنە خۆشەویستەکەمان) لە ڕۆژنامەی (ژیان) بڵاوکردۆتەوە، هەر وەکو لە (ئاوێنەی ژیانم) خۆی باسی دەکات و دەڵێت: جار و بارێک وتارم دەنارد بۆ ڕۆژنامەی ژیانەوە، ژین، ژیان، بۆ گۆڤاری هاوار، ڕووناکی، دیاری لاوان، یادگاری لاوان، هەروەها لە دەستنووسێکی خۆی



پەیکەری شاکر فەتاح

نووسیوویەتی: هەر ڕۆژنامە و گۆڤارێکی کوردی دەرچووبێت و داوای وتاری لە من کردبێت بۆم ناردووە، لە وانە گۆڤاری گەلاوێژ، نزار، هیوا، ڕۆژی نوێ، هەتاو، ڕووناکی، بەیان، ئەستێرە، برایی، برایەتی، کاروان، شەبەق، ڕزگاری، خەبات.

ناوبراو لە ساڵی ١٩٣٤ ئەو کاتەی لە بەغدا بووە سەرنووسەری گۆڤاری (یادگاری لاوان) بووە، ئەو کاتانەی کە بەڕێوەبەری ناحیەی خورماڵ بووە ڕۆژنامەیەکی بە ناوی خورماڵ دەرکردووە کە لە قادر کەرەم بووە ڕۆژنامەیەکی بە ناوی (باسەرە) دەرکردووە و کە لە ئاکرێ و چەمچەمالیش بووە دیسان هەر ڕۆژنامەی بە ناوەکانی ئاکرێ و چەمچەمال دەرکردووە.


شاکر فەتاح لە نێوان ساڵانی ١٩٢٧ تا ١٩٨٤ زیاتر لە (٢٠٤) وتاری جۆراوجۆری لە زۆربەی زۆری ڕۆژنامە و گۆڤارە کوردی و عەرەبییەکان بە هەردوو زمانی کوردی و عەرەبی بڵاوکردۆتەوە، لە ساڵەکانی ١٩٧٥ تا ١٩٨٠ زیاتر لە (١١٢) وتاری لە رادیۆی کوردی بەغدا و (٦) وتاریشی لە تەلەفزیۆنی کەرکوک بڵاوکردۆتەوە.


تێکڕای بەرهەمەکانی لە نێوان ساڵی ١٩٢٧ تا ١٩٨٤ بریتین لە (١٦٥) کتێب بە دانانی خۆی و وەرگێڕانەوە، لەم ژمارەیە (٤٦) کتێب خۆی نووسیوویەتی و (١١٩) کتێبیش وەریگێڕاوەتە سەر زمانی کوردی لە شاکارە جۆربەجۆرەکانی جیهانی، کە دووانیان بە زمانی عەرەبییە، لە دوای ساڵی ٢٠٠٣ سەرجەم بەرهەمەکانی لە لایەن دەزگای ئاراس لە هەشت بەرگدا لە چاپدراوە، ناوبراو لە ساڵی ١٩٧١ - ١٩٨٣ لەگەڵ لیژنەی بەڕێوەبەرایەتی


گشتی پەروەردەی خوێندنی کوردی سەر بە وەزارەتی پەروەردی عێراق بەشداری کردووە لە وەرگێڕانی (٥) کتێب بۆ زمانی کوردی بۆ پرۆگرامی خوێندنی کوردی لە قوتابخانەکان.

ئەمانەی خوارەوە هەندێکن لە بەرهەمەکانی شاکر فەتاح: (ئافرەتی کورد ١٩٥٨، ئاهەنگی ڕۆشنبیران، ئاوینەی ژیانم ٢٠٠٣ - دەزگای ئاراس چاپی کردووە، ئیمیل ١٩٨٤، بوودا ١٩٨٥، پیاوی چارەنووس، پێکەنین پرشنگ دەدات لە ژین، پەیمانی کۆمەلایەتی - العقد الاجتماعی)، چارلسی یەکەم، چیرۆکی مەم و زین لە تەرازوودا، خانووی تازە، خەباتی ڕۆشنبیران، داماوی موکریانی: چیرۆکی ژیانی زانا حوسێن حوزنی موکریانی، دیڤالێرا، دەستنووسێکی شاکر فەتاحی شەهید و چەند بابەتیک، ڕاسپۆتین، ڕۆژنامەی ئاکریێ، ڕۆژنامەی خورماڵ، زەردەشت، ژینی نوێ، سوسان ئەنتۆنی سوکرات لە بەر دەم دادگادا، سەرجەم بەرهەمەکانی شاکر فەتاح بەرگی ١، ٢، ٣ -، سەرجەم بەرهەمە وەرگێڕدراوەکانی شاکر فەتاح بەرگی ٤، ٥، ٦،٧ ٨،. عومەر خەیام، گاریبالدی، گفتۆی گەورە پیاوان، گەشتی پێنجوێن لە ساڵی ١٩٣٠ دا - دیاریە بۆ لاوانی کورد، گەشتی سرۆچک لە ساڵی ١٩٣٢ دا، گەشتی شارباژێڕ لە ساڵی ١٩٢٩ دا، گەشتی هەڵەبجە و هەورامان لە ساڵی ١٩٣٣ دا، لویس پاستێر: ئەو پیاوەی ژیانی ئافرەتی بە کلۆر رزگار کرد، لە دەردەکانی کۆمەل (سەر تەنووری ژنان) - باوە ژن -، مادام کوری، بۆزار، چیرۆکی ژیان خەباتی هونەرمەندی گەورەی ئیتالیا، مەلا کاکە، هاواری پێشکەوتن، ڤۆلتیر: نووسەر و ڕاستی پەرستی هەرە گەورەی فەرەنسی،، هاواری منال، کۆماری ئەفلاتون، کۆمەڵە ڕۆژنامەی چەمچەماڵ، یەزیدییەکان و ئایینی یەزیدی). لە قوتابخانەی شاکر فەتاحی بنەڕەتی قوتابیانی کچ ئالای کوردستانیان بەرز راگرت.

بە سپۆنسەری کۆمەڵگەی پەروەردیی مارگرێت لە سولەیمانی لەسەر ئەرکی دوکتۆر تەها ڕەسوڵ پەیکەرێکی شاکر فەتاح دانراوە کە پەیکەر ساز ئاسۆ کانەبی دروستی کردووە، کارێکی هونەری جوانە و ڕێزلینانێکە بۆ مامۆستا شاکر فەتاح، مایەی دڵخۆشی هەموو لایەکمانە و دەستخۆشیان لێدەکەین.









**بەرهەمەکانی ناوبراو.**

بیرەوەریەکانم لەگەڵ مامۆستا شاکر فەتاح دەگەڕێتەوە بۆ ساڵەکانی ۱۹۷۷ کە ئەو کات تازە چووبوومە ئەمینداریێتی گشتی ڕۆشنبیری و لاوان، ڕەوانشاد دوکتۆر عەبدوڵڵا حەداد لێپرسراوی بەشی (تەئلیف و تەعضید و نەشر) بوو بە یەکەوە کارمان دەکرد، ڕۆژێکیان ووتی با بڕۆین سەرێکمان لە مامۆستا شاکر فەتاح دا لە ئەنجومەنی یاسادانان لە بینایەی (اعدادیة اربیل) پێشان بوو، ئیتر دوکتۆر عەبدوڵڵا منی پێشکەش بە مامۆستا شاکر کردوو پێی ووت: لەمەودوا کاک نەجم کارەکان دەکات و ئەگەر تێکستێکی بۆ هێنای یارمەتی بدە، مامۆستا شاکر فەتاح لە ماوەی کارکردنم زیاتر لە دە جار دەستنووسی شاعیران و نووسەرانم بۆ بردیە و تەماشای کردووە رای خۆی لەسەر دەربڕیووە، پیاوێکی زۆر نەرم و لە سەرخۆ بوو زۆریش ڕێزی دەگرتین.


لە بەرواری ۱۱- ۱۹۸۸/۳ کۆڕێکی هزریی لەسەر باری کورد و هەلوێستی ئەوسای رژێم، کە ئەنجومەنی تەنفیزی ڕێکی خستبوو، دیارە مامۆستا شاکر فەتاح وەکو بیرمەندێک داوایان لێکردبووە باسێک پێشکەش بکات، ئەو رۆژە (محەمەدەمین محەمەد -کە بە محەمەدەمین شەمبی ناسرا بوو) ئەمینداری گشتی بوو منیشی لەگەڵ خۆی برد بەو پێیەی کۆڕەکە پەیوەندی بە رۆشنبیریەوە هەیە، کە چووین چەند لێپرسراوێکی تریش لە وێ بوون لە وانە سیروان جاف و مەلا عەولای حاجی سمایل کە ئەو کات هێشتا وەزیری دەولەتی عێراقی بوو، کۆڕەکە دەستی پێکرد، مامۆستا

شاکر فەتاح لە باسەکەی خۆی باسی ڕژێمی کرد کە نابێت ئەو گوند و خەڵکانە ڕابگوازێتەوە و داوای کرد وەکو پێشنیار ووتووێژ بکرێت لەگەڵ سەرکردایەتی بزووتنەوەی کوردی شۆڕشگیرانی کورد زیاتر لە سێ، چوار جار لە باسەکەی ووتی شۆڕشگێڕانی کورد، بەڕێوەبەری رۆشنبیری جەماوەری هەولێر لە وێ دانیشتبوو زۆری پێناخۆش بوو ئەم وشەیە بەکار دینێ، دوو سێ جار ویستی باسەکەی پێ ببڕی بەڵام مامۆستا شاکر فەتاح گوێ نەدایێ و هەر بەردەوام بوو لەسەر باسەکەی خۆی هەتا تەواوی کرد، کە تەواو بوو بەڕێوەربەری جەماوەری هەولێر کە پیاوێکی عەرەبی لای قەراجێ بوو (ناوی (ع. م) بوو لەگەڵ ڕاپەڕینی بەهاری ساڵی ١٩٩١ میللەت بە سزای خۆی گەیاند)، ووتی: (مداخلە ما مداخلە) ماکو ئیتر کۆڕەکە بەرەو تێکچوون ڕۆیشت میوانەکان هەڵسان رۆیشتن، بەڵام ئەو داوای لە مامۆستا شاکر فەتاح کرد کە باسەکەی بداتێ ئەویش باسەکەی دادەستی پێی ووت: هذا رأی، خەلکەکە ڕۆیشتن هیچ لە گۆڕێ نەبوو، پاش پێنج رۆژ لە سلێمانی هەوال هات مامۆستا شاکر فەتاح فرێندراوە، ئیتر هەر ئەوە بوو هەواڵی نەبوو، پاش ١٠ رۆژێک شێخ لەتیف بەرزنجی هاتە لای ئەمینداری گشتی رۆشنبیری محەمەدەمین محەمەد، زانیاری لێوەرگرتبوو مەوزوعەکە چۆنە لە بەغدا لەگەڵ هەریەک (مەلا عەولای حاجی سمایل و بابەکر پشدەری و لیوا کەمال موفتی) قسەی کردوو ئەوان وەعدیان دابوو لەگەڵ (طە محی الدین) ئەو کات جێگری سەرۆک بوو بەڵکو عیلاجەک بۆ










**بەرهەمەکانی ناوبراو.**

ماموستا شاکر فەتاح بکەن، بەڵام وا دیاربوو هیچیان پێ نەکرا، بۆیە شەهید شاکر فەتاح بووە شەهیدی وشەو شەهیدی وشەی (الثوار الاکراد)، چونکە باسەکەی ئەو بە عەرەبی بوو هەر ئەو پیاوەی باسم کرد بەڕێوەبەری جەماوەری پێی ووت بلێ (مخربین) ئەو هەر ووتی: ثوار الاکراد، ئێ ئاخر لە هەندێ کات و شوێن و هەڵوێستدا وشە خۆ لە فیشەک کاریگەر ترە، لە ١٩٨٨/٦/٢٧ بە کەس و کاری ووترابوو بڕۆن تەرمەکە لە نەخۆشخانەی کۆماریی هەولێر وەرگرنەوە، بەڵام من هەر لە ڕێگای ڕەوانشاد شێخ لەتیف بەرزنجی زانیم کە تەرمەکەشیان لێ شون بزر کردن و تا ئێستاش ماموستا شاکر فەتاح تەرمەکەی نیە، هەزار رەحمەت لە گۆڕی و هەرگیز نەمرە لە دڵی هەموو رۆشنبیرانی کوردپەروەر.

شاعیری نەمری کورد شێرکۆ بێکەس بەم پارچە شیعرەی خوارەوە ستایشی ماموستای شەهید شاکر فەتاح دەکات:

شاکر فەتاح
پەیژەیەک بوو باریک و درێژ،
هەشتا پلە.
سمۆرەی کورتە چیرۆکی ئەم زمانە
بە سەر پلەی ئەو دا سەرکەوت !
ئەم پەیژەیە
پلەی شکاویشی هەبوو
خۆشی ئەنا بە دیواری کارتۆنەوە !
بەڵام دوا سات، بەڵام دوا جار
ئەم پەیژەیە
خۆی ڕاتەکاند
لە قاچی بەغدا یاخی بوو
کە وەختێکیش بە لا داهات
سەری پەیژەکە گەیشتبووە (گەلاوێژ) و

شاکر فەتاح لەسەر بانی

هەمووماڵێکی ئەوینی

ئەم کوردەوە دەنگی ئەهات.

تیبینی:


ئەم کورتە بیرەوەریەم لەگەڵ شەهید مامۆستا شاکر فەتاح زیاتر لە (٣٣) ساڵە لە ناو دڵ و مێشکمە بۆیە هەڵم ڕشت و دڵم داکەت، داوای لێبووردن لە هەموو خوێنەرانی کورد دەکەم ئەگەر پۆستەکەم تۆزێک بۆنی سیاسەتی لێبێت، چونکە باسەکانی من لە بنچینەدا هەر هەمووی ڕۆشنبیریە، لایەنی سیاسی بۆ خەڵکانی پسپۆر بە جیدێڵین، دووبارە داوای لێبوردن دەکەم.


سەرچاوەکان: لە کوردیپیدیا، کوردیپیدیا - ئینسۆکلۆپیدیای ئازاد، وتارێکی نووسەر و توێژەر هۆشیار جەمال لە پەیجی چاوی کورد لە ٢٠٢١/٣/١٧ بڵاوکراوەتەوە، زانیاری و نووسین و دارشتین خۆم.



# مەحمود زامدار

رۆژی ٨ /٩ /٢٠١١ ، زیاتر لە ١٠ سال تێپەڕ بوو بە سەرئاوا بوونی ئەستێرەیەکی گەش لە ئاسمانی شاری هەولێری ڕەنگین کە قەلا دێرینەکەی و منارە سەر بەرزەکەی هینا هەژاند ئەویش بە کۆچی دوایی کردنی نووسەر و رۆژنامەنووسی سەرسەخت و ئازای کورد خوالییخۆشبێت کاک محمود زامدار ، زامدار لە هەموو بوارەکانی هونەر پێشڕەو قەلەم تیژ بوو ، لە مەیدانی مێژوو و ئەدەب و رۆژنامە و وەرگێران و کەلتور و ئەدەبی منالان و مامۆستای زمانی کوردی هەمیشە لە لوتکەدا بووە ، محمود زامدار لە سالی ١٩٤٤ لە شاری هەولێر لە دایک بووە ، لە سالی ١٩٧٠- ١٩٧١ بەشی کوردی کۆلێژی ئادابی زانکۆی بەغدای تەواو کردووە ماوەی سێ سالێک لە دائیرەی باج (ضريبة) کاری کردووە ، ٣٢ ژمارەی خەباتی قووتابیانی بلاکردۆتەوە ، زیاتر لە ٧ سال بەرنامەی هەبووە لە ئێستگەی کوردی لە بەغدا ، ١٤٤ ژمارەی گۆڤاری مندالانی بە هاوکاری هاوسەرەکەی بلاوکردۆتەوە ، ٤٦ بابەتی جۆراو جۆری لە بواری ئەدەبی و





شێرکۆی برا

بەخێر بێیتەوە .. سەرچاوان

زۆر مەلحام دەکرد لە ٣٤ کۆڕەدا ئامادەبم و

گوێم لە چیرۆکی شیعرە خۆشەکانت

رابگرم و دەرووتمی بێت شیعرێکت

بکەم . بەڕۆم حەفتەیەکە لەگەڵ چەند

برادەرێک ڕێککەوتووین ئەمڕۆ بە

ڕێککەوت ... ل (موکری)

ببینین لە سلێمانی ... جارێکی تر

سەرچاوان

نامەیەکی مەحمود زامدار بۆ شێرکۆ بێکەس

نامەیەکی محمود زامدار بۆ شاعیری نەمر شێرکۆ بێکەس

کۆمەلایەتی وزمانەوانی لە گۆڤارو ڕۆژنامەکان بلاوکردۆتەوە ، لە ژمارە ٩ هەتا ژمارە ٥٤٥ ئەندامی دەستەی نووسەران و لێپرسراوی بەشی هونەری بووە لە ڕۆژنامەی هاوکاری ، ٧ سال لە گۆڤاری بەیان سکرتێری نووسین بووە ، یەک ژمارەی لە گۆڤاری (شمس الکردستان) بە تەنیا دەرکردووە ، دوو سالیش مامۆستای زمانی کوردی بووە ، ٧٥٠ کۆڕ و کۆبوونەوەی لە بەغدا و هەموو شارەکانی کوردستان ئەنجام داوە ، لە سالی ١٩٧٠ وە تاوەکوو سالی ١٩٨١ لە هەر سێ گۆڤار و ڕۆژنامەی



محمود زامدار و احمەد سالار

بەیان و رۆشنبیری و هاوکاری ٩٣٧ بەرهەمی بلاوکردۆتەوە ، زامدار ئەندام بووە لە چەندین دەزگاو سەندیکاو رێکخراوی رۆژنامەنووسی و هونەری لەکوردستان و عێراق و زیاتر لە ٣٠ کیتابی چاپکراوی هەیە لە سالانی ٢٠٠٤ وە بەرنامەیەکی بە ناوی (والا) پێشکەش دەکرد لە رادیو دەنگی کوردستان ، و پەیوەندی زۆر باشی لە گەل هەموو نووسەر و شاعیرانی کوردستان وعێراقیەکان هەبووە ،

نازانم لە سالرۆژی کۆچ کردنی ئەم کەڵە نووسەرە یەکیەتی نووسەرانی کوردستان – لقی هەولێر کۆڕێکی یادکردنەوەیان بۆ ساز داوە یان نا ؟

وا بە نووسینی ئەم چەند دێرە بە خۆم و بە دۆستان و هەوا دارانی هونەر و ئەدەبی و رۆژنامەوانی کوردی بیرەوەری خوالێیخۆشبێت کاکە محمود زامدار دەکەینەوە پێی دەلین تۆ زیندوویت و روحت شادەو هەمیشە لە ئاسمانی شاری هەولێری دێرین دەدرەوشێتەوە ، دووا ئارامگاو مەنزەلگاشت بەهەشتە إن شاء الله .

سەرچاوە:

کوردپیدیا، وە زانیاری خۆم.



# ساڵح حەیدەری




لەلای ڕاستەوە حەمە سەرسپی ئامۆزام و خوالێیخۆشبێت ساڵح حەیدەری

ساڵح حەیدەری، ناوی تەواوی (ساڵح حەیدەر عاسم) ناسراو بە ساڵح حەیدەری، لە ڕۆژی ١٩٢٢/٥/٩ لە گەڕەکی ناو عارەبانی ناو شاری هەولێر لە بنەماڵەیەکی ناسراوی ئەو شارە لەدایکبووە، بڕوانامەی باکالۆریۆسی لە کۆلێژی ماف لە بەغدا ساڵی ١٩٦١ وەرگرتووە، لە ساڵی ١٩٤١ یەکەم شانەی ڕێکخستنەکانی حیزبی شیوعی عێراقی لەناو شاری هەولێر پێکهێناوە، لە حیزبەکانی شۆڕش و ڕزگاری کورد و حیزبی شیوعی عێراقی و پارتی دیموکراتی کوردستان خەباتی کردووە، هەردەم ویستوویەتی بیری چەپ و ئاشتیخواز بڵاو بکاتەوەو خزمەت و

بایەخێکی زۆریشی بە ڕۆژنامەوانی کوردی داوە بە نهێنی و با ئاشکرا، ئەندامی یەکێتی نووسەران و کۆمەڵەی ڕۆشنبیری کووردی بووە، لە ساڵی ١٩٥٧ لێپرسراوی ناوچەی پارتی دیموکراتی کوردستان بووە لەناو شاری هەولێر و دەوروبەری تا چەند مانگێکیش پاش شۆڕشی ١٤ تەموزی ساڵی ١٩٥٨، خوالێیخۆشبێت کاک ساڵح حەیدەری لە ڕۆژی ٦ ئابی ساڵی ٢٠٠١ کۆچی دوایی دەکات و لە گۆڕستانی (حەیدەریان) لە شاری هەولێر بە خاک سپێردراوە

هەزار ڕەحمەت لە گۆڕی و ڕۆحی شاد بێت و جێگای بەهەشتە انشاالله، وەکوو وتم بنەماڵەی حەیدەری هەردەم لە خزمەت ئەدەب و ڕۆژنامەوانی کووردی بووینە، ئێستاش کاک ممتاز حەیدەری برای خوالێخۆشبوو ساڵح حەیدەری زیاتر لە ٥٠ ساڵە خزمەتی ڕۆژنامە و پەرتووکی کوردی دەکات و خاوەنی گەورەترین کتێبخانەی کوردیە لە هەولێر، خوا هەر تەمەنی خۆی و نەوەکانی ساڵح حەیدەریش درێژ بکات.

تێبینی: وێنەی یەکەم لە کوردیپێدیا وەرگیراوە، وێنەی دووەم لەلای ڕاستەوە حەمە سەرسپی ئامۆزام و خوالێیخۆشبێت ساڵح حەیدەری.




# عەبدوڵڵا حەداد

سـاڵی ١٩٧١ کـە چوومـە بەشـی کـوردی کۆلێـژی ئادابـی دانشـتگای بەغـدا، خوالێیخۆشـبێت دکتـۆر عەبدوڵـڵا حـەداد هەولێـری لـە پۆلـی چـوارەم بـوو یەکتریمـان ناسـی، کاک عەبدوڵـڵا گەنجێکی هێمـن و لەسـەرەخۆ و بـە جورئـەت بـوو، بـە زمانـی کـوردی و عەرەبـی وتـار و شـیعر و ڕەخنـەی دەنووسـی، ئـەو سـاڵی ١٩٧٣ کۆلێژی تـەواو کـرد و نەمدۆزیـەوە تـا سـاڵی ١٩٧٧، کـە لـە بەغدا وەزیفەکـەم گوازتـراوە بـۆ (ئەمینداریێتی گشـتی ڕۆشـنبیری و لاوان) لـە هەولێر، یەکسـەر چـاوم پێـی کـەوت و بەخێـر هاتنـی کردم وتی زانیومـە نەقڵی ئێرە کراوی، بۆیە لەگـەڵ ئەمین عـام قسـەم کردووە تۆ دەبێت لەگـەڵ من کار بکەیت، چونکە زمـان و ئـەدەب و هەمـوو کارەکان لـە بەڕێوەبەرایەتی ڕۆشـنبیری لە ئیختیسـاسـی




مـن و تۆیـە، بـە هـەر حـاڵ چەنـد مانگێـک پێکـەوە کارمـان کـرد، هەمـوو ئیش و کارەکانی بەتـەواوی فێرکردم، ڕۆژێکیـان وتـی کاک نەجم وەرە دانیشـە مـن ئـەو بەڕێوەبەرایەتیـەم بنیـات نـاوە تۆشـم بـاش فێـری ئیشـەکان کـردووە، ئێسـتا مـن دڵـم تەئمینـە زۆریـش بـاوەڕم پێتـە کـە جـوان بەڕێوەیدەبـەی، ئیتـر کاک عەبدوڵـڵا چـوو بـۆ بەڕێوەبەرایەتـی شـارەوانی هەولێـر، دیـارە لـەوێ وەعـدی زەماڵـەی خوێندنیـان پـێ



**لەلای ڕاستەوە: نەناسراوە، عەبدوڵلا حەداد،سامی شۆڕش**

دابـوو. پـاش ماوەیەکـی کـەم ناوبـراو بـەرەو زانکـۆی سـۆربۆنی فەڕەنسـی ڕۆیشـت و دکتۆراکـەی لەسـەر مێـژووی ئەدەبـی کـووردی لـە نێـوان سـاڵانی (١٨٢٠ – ١٩٢٠) بـوو و توانـی تیایـدا سـەرکەوێ و شـەهادەنامەکەی وەرگـرت. پاش هاتنـەوەی بۆ هەولێر لـە زانکۆی سـەلاحەدین مامۆسـتای زمان و ئەدەبی کوردی بوو، لەسـاڵی ١٩٩٢ جارێکـی تر لـە کۆلێژی مـاف بینیمـەوە، کـە دەوامـی ئێـواران تـازە کرابـووەوە، مـن لـەوێ قوتابـی پۆلـی دووەم بـووم، دەرسـی زمـان و ئەدەبـی کـوردی پـێ دەوتیـن، دکتـۆر عەبدوڵـلا حـەداد زۆر خزمەتـی زمـان و ئەدەبـی کـوردی کـردووە، بـە نووسـینە هەمـە جۆرەکانـی، یادگاریەکـی خۆشـم لەگـەڵ هەبـوو، بەڕاسـتی دکتـۆر گیـان هێشـتا زۆر زوو بـوو ئـەدەب دۆسـتان و هەوادارانـی زمـان و مێـژووی کـورد بەجێبهێڵێـت، بـەڵام داخـی گرانـم ئـەوە سـوونەتی ژیانـە بـە هـەر حـاڵ خوالێیخۆشـبێت دکتـۆر عەبدوڵـلا حـەداد هەولێری لـە سـاڵی ١٩٤٦ لـە هەولێـر لـە دایکبـوو لـە خانەوادەیەکـی ڕەسـەنی هەولێـر، لـە ١٩ نیسـانی سـاڵی ٢٠٠٩ دڵـە گەورەکـەی لـە لێـدان دەکەوێـت و کۆچـی دوایـی دەکات، هـەزار ڕەحمـەت لـە گـۆڕت دکتـۆر گیـان ڕوحـت شـاد بێـت و دوا ئارامگـە و مەنزڵگات بەهەشـت بێـت، سـاغ و سـەلامەتی و تەمـەن درێژیـش بـۆ نەوەکانـت لـە خـوا داوا دەکـەم

سەرچاوە: بیرەوەری و زانیاری خۆم.



# میدحەت بێخەو


شاعیری شۆڕشگێڕ و کوردپەروەر مەدحەت بێخەوە، ناوی تەواوی (مەدحەدت خدر عەبدوڵڵا)یە، لە ساڵی ١٩٣٤ لە قەزای مەخمووری سەر بە پارێزگای هەولێر لە دایکبووە، ئەسڵی خۆی لە عەشیرەتی سیانە (برا سیانەکانی جاستان – کەندێناوە)، خوێندنی سەرەتایی و ناوەندی لە ناحیەی دیبەگە تەواوکردووە، بێخەو هەر لە سەرەتای لاوێتیەوە خولیای شیعر و ئەدەب و سیاسەت بووە، بۆیە لەبەر ئەم هەڵوێستەی نەیتوانیوە خوێندنی باڵا تەواوبکات و دووجار دەستگیر کراوە و خراوەتە بەندینخانە، ئەگەر تەماشای بەرهەمەکانی و دیوانی بێخەو بکەین دەبینین سێ ڕێچکەی گرتۆتە بەر یەکەمیان شیعری چینایەتی و دووەم بۆ نەتەوایەتی و سێیەم بۆ شیعری گۆرانی وتن (الشعر الغنائي) بۆ هەموو توێژەکانی کۆمەڵگای کوردی بۆ قوتابیان و ئافرەتان و هەتا سروود و ستایشی ئایینی.

لە ڕووی چینایەتی بێخەو شیعری بۆ جووتیاران و هەژاران نووسیوە و هانی داون کە زوڵم و زۆری و ئەشکەنجە قبوڵ نەکەن، بێخەو دەورێکی دیاری هەبووە لە بزووتنەوەی جووتیارانی ناوچەی کەندێناوە و مرکییەی ساڵی ١٩٥٣ کە بە ڕاپەڕینی جووتیاران ناسراوە، پێی ووتوون یەکبگرن و لە دواییدا هەر سەر دەکەون فەرموون با بزانین چی ووتووە:

**لە بەرواری ١٩٥٣/١/١٥**

**ئەنجامی یەکبوون هەر سەرکەوتنە**
**ڕوو ڕەشی و نەمان بەشی دوژمنە**
**زێڕینە واتای پەندی باپیران**
**کاتێ جام پڕ بوو لێی دێتە ڕژان**
**مژدەی بەیانیش ڕوون و دیارە**
**دووا ڕۆژ سەرکەوتن هەر بۆ هەژارە**

لە ڕووی نەتەوایەتی بێخەو هەر لە سەرەتای شۆڕشی ئەیلولەوە سروودی نەتەوایەتی نیشتیمانی نووسیوە و هونەرمەندی خوالێیخۆشبێت فوئاد ئەحمەد بە دەنگە خۆشەکەی وتوویەتی و بوو بە وێردی سەر زمانی هەموو شۆڕشگێڕ و کورد پەروەرێک، هەموو کات لە ڕادیۆی دەنگی کوردستان لێ دەدرا بۆ بەرز کردنەوەی ورەی پێشمەرگەکان و بەردەوام بوون لە بەرگریکردن لە مافە ڕەواکانی گەلی کوردستان و ئەم سروودەی



زۆر بە ناوبانگ بوو هەموو قوتابیان دەیزانن، لە ١٩٦١/١١/٢٠ نووسیویەتی:


**ئێمە پێشمەرگەین هەتا ماوین لە ژین**
**نیشتمان ئازاد دەکەین لە خوێن مژین**
**ئێمە کوردین نابەزین جەنگاوەرین نابەزین**
**نابەزین و نابەزین و نابەزین هتد. ...**


لە ڕووی شیعری گۆرانی بێخەو شیعری بۆ قوتابیان و ئافرەتان توێژەکانی تری کۆمەڵ وتوە زۆر لە شیعرەکانی لە لایەن هونەرمەندانی کورد کراونەتە سروود و گۆرانی، بۆ نموونە بۆ قوتابیان لە ١٩٦٤/٤/١٥ نووسیویەتی:

**ئێمە قووتابین هیوای وولاتین**
**شەوق و ڕوناکی ڕێگای ئاواتین**
**بۆ خوێندەواری بەبێ ووچانین**
**گوڵ و نەمامی باغی ژیانین**
**هەموومان براین یەک بیر و هێزین**
**لەگەڵ یەکتری ڕاست و بەڕێزین**

شاعیری بەڕێز کاک مەدحەت بێخەو هەمیشە پشتگیری ئافرەتانی کردووە بۆ بواری خوێندن و کارکردن و بە بەشێکی گرنگی کۆمەڵگای داناون، پارچە شیعرێکی بێخەو هونەرمەندی گەورەی کورد خوالێیخۆشبێت، کاک فوئاد ئەحمەد ووتوویەتی کە ئێستگەی کوردی لە بەغدا لە سەرەتا و لە کۆتایی پرۆگرامی ئافرەتان لێیدەدا، ئەم شیعرەی لە ١٩٥٩/٥/٩ نووسیوە:

**ئافرەتە نیوەی گرنگی گەلان**
**باخچەی ئادەمیزادە لە جیهان**
**ئافرەت دارێکە بۆ بەرزی ژیان**
**دێنێتە بەرهەم ڕۆڵەی قارەمان**





بێخـەوی شـاعیر زیاتـر لـە شـەش بەرهەمـی چاپکـراوی هەیـە، کـە هەموویانـی لـە دیوانێـک چاپکـردووە بەنـاوی بێخـەو، زۆر لـە شـیعرەکانی بێخـەو کراونەتـە سـروود و گۆرانـی لەلایـەن هونەرمەندانـی کـورد لەوانـەی کـە شـیعری بێخەویـان بـە گۆرانـی وتـووە خوالێیخۆشـبێت (عەلـی مـەردان، تایـەر تۆفیـق، فوئـاد ئەحمـەد، ڕەسـول گـەردی، محەمـەد جـەزا، عەبدولـڵا دڵسـۆز، میکائیـل، ڕەنـج لاوکـۆ، ئەیـاد محەمـەد، عەلـی عەزیـز، شـڤان پـەروەر، دڵنیـا قەرەداغـی)، بیرەوەریـم لەگـەڵ بێخـەوی شـاعیر دەگەڕێتـەوە بـۆ سـاڵی ١٩٧٨ کـە لـە ڕۆشـنبیری و لاوان سـەرۆکی بەشـی ڕۆشـنبیری لـە ئەمینداریێتـی گشـتی ڕۆشـنبیری و لاوان لـە لێژنـەی (تعضـد والنشـر) یـەک لـە بەرهەمەکانـی ئەگـەر سـەهوو نەبـم بەنـاوی (دار بـەڕوو) مـن زۆر بایەخـم پێـداو دوو جاریـش چـووم بـۆ بەغـدا بـۆ سـەرپەرشـتی کـردن و هەڵەچـن کردنـی بۆمـان چـاپ کـردووە بڵاویشـمان کـردەوە.

ئۆپەرێتەکانـی بێخـەو لـە قوتابخانـەکان زۆر نمایشـکراوە، لـە سـاڵی ١٩٧٧ لـە بەغـدا (ئۆپەرێتـی داسـتانی گـەل – ملحمـة الشـعب) خەڵاتـی یەکەمـی وەرگـرت لـە سـەر ئاسـتی عێـراق و سـاڵی ١٩٧٨ لـە کەرکـوک (ئۆپەرێتـی ڕووبـاری ژیـان – نهـر الحیـاة) خەڵاتـی پلـەی دووەمـی پێـدرا، کـە پێنـج پارێـزگای باکـووری عێـراق بەشـداری تیاکردبـوو، لـە سـاڵی ٢٠٠٤ وەزارەتـی پـەروەردەی هەرێمـی کوردسـتان هەمـوو سـروودەکانی قووتابیانـی لـە نامیلکەیەکـدا چاپکـردووە بـە نـاوی (دیـاری بـۆ منداڵانـی کوردسـتان)، بێخـەو زۆر لـە بەرهەمەکانـی لـە

ڕۆژنامە و گۆڤارە کوردیەکان بڵاوکردۆتەوە و لە ساڵانی ١٩٧٢-١٩٧٤ ئەندامی دەستەی نووسەرانی گۆڤاری نووسەری کورد بووە کە یەکێتی نووسەرانی کورد لقی هەولێر دەریدەکرد لەگەڵ خوالێخۆشبوان (عیزەدین فەیزی، کەریم شارەزا، شەهید جەمیل ڕەنجبەر و عەزیز گەردی)، لێرەدا دەمەوێت ئیجازە بەخۆم بدەم و بڵێم ئەگەر (گۆرانی شاعیر) شاعیرێکی بەرز و گەورەی کوردە ئەوا مەدحەت بێخەو گۆرانی دووەمە، یان گۆرانی ناوچەی هەولێرە، چونکە بەرهەمەکانی بێخەو لەڕووی زمان ووشەی سادە و ساکاری بەکار هێناوە و هەموو ئەوزانەکانی شیعریشی تێدا بەدی دەکرێت.

بێخەو بایەخی داوە بە بارودۆخی هەموو چینەکانی کۆمەڵگای کوردەواری و هانی داون بۆ یەکگرتن و بەرزکردنەوەی گیانی کوردایەتی لە نێو ڕیزەکانی گەل، بێخەوی شاعیر لە ساڵی ١٩٨٧ خانەنشین کراوە و دوای ڕاپەڕینی ساڵی ١٩٩١ دووبارە گەڕاوەتەوە بۆ وەزیفە وەکوو ڕاوێژکاری ڕاگەیاندن لە ئەنجومەنی وەزیرانی هەرێمی کوردستان بۆ ماوەی ٣ ساڵ دەست بەکاربووە دووبارە خانەنشین کراوە، لە کۆتایی ئەم پۆستە خوا لە هەموو ئەو بەڕێزانە خۆشبێت کە ناویان هاتووە و ساغ و سەلامەتی و تەمەن درێژیش بۆ شاعیری کورد پەروەر مەدحەت بێخەو.

سەرچاوە:

بیرەوەری و زانیاری خۆم.



# مشكۆ هەولێری

مشكۆ هەولێری، ئەم هونەرمەندە نەمرە ناوی تەواوی (شەوكەت كوڕی سەعید كوڕی ئیبراهیم ئاغای دێرەییە) لە ساڵی ١٩٠٨ لە گەڕەكی سەرای قەڵای هەولێر لەدایكبووە، لە ساڵی ١٩١٤ چوار ساڵ لەبەر قات و قڕانی چوونەتە گوندی (دێرێ) كە گوندی باپیرانی بووە، لە ساڵی ١٩٣١ بۆ یەكەمجار لە ماڵی عەلی پاشای دۆغرەمەچی مەقامی بەیات دەڵێت بە بۆنەی بوونی ناوبراو بە ئەندامی پەرلەمانی عێراقی ئەو كات، لەسەر دەستی مەقام بێژی كوردی دەنگ خۆشی شاری هەولێر (شەهابە) فێری مەقامی كوردی دەبێت.

مشكۆ بە سەفەر دەچێتە بەغدا كە هەواڵی كۆچكردنی خێزانەكەی پێدەگات یەكسەر دەگەڕێتەوە هەولێر و دەچێتە سەر قەبرەكەی و شیعرەكەی شاعیری كورد (ئەختەر) بە دەستكارییەوە وەكوو شیوەن بۆ دەڵێت ئەمە چیرۆكی مەقامی (لەپاش مەرگم چ فایدەیە بێیە سەر قەبرم لە بۆ شیوەن)، ئەم مەقامە هەموو خەڵكی كوردستان بیستویانە پێشیان خۆشە و كاریگەرە، مشكۆ هاوڕێیەتی لەگەڵ كاوێس ئاغا و عەزیز ئاغا و محمد عارف جەزراوی و حسن جەزراوی و تایەر تۆفیق و ڕەسول گەردی و حەیدەر بەقاڵ هەبوو.

دوای بەیانی ١١ ئاداری ساڵی ١٩٧٠ ئاهەنگی هاوبەشی لەگەڵ زۆربەی هونەرمەندانی كورد هەبووە، لەوانە مامۆستا تایەر تۆفیق و حەیدەر بەقاڵ



که بە (حەیدەرە کەچەڵ ناسرابوو) هەروەها یونس مەحمود جامیلە و فایەق بازرگان و محمد ئەحمەد ئەربیللی و فوئاد ئەحمەد و محمد جەزا، لە ڕۆژی ١٩٨٩/٥/١٨ دڵە گەورەکەی مشکۆ هەولێری لەلێدان دەکەوێت و کۆچی دوایی دەکات، خوای گەورە لە مشکۆ و هەموو ئەو هونەرمەندانە خۆشبێت کە لەم پۆستەدا ناومان بردوون و ڕۆحیان شاد بێت و جێگایان بەهەشت بێت.

تێبینی: وێنەکان لە کوردیپیدیا وەرگیراوە



# دکتۆر عەبدولرەزاق چەلەبی

رۆژی ٢٠١٨/٩/٢٠ بۆ من رۆژێکی پڕ لە خەم بوو، لەم رۆژەدا ئەستێرەیەکی گەش لە ئاسمانی شاری هەولێر ئاوا بوو ئەویش کۆچ کردنی دوکتۆر عەبدولرەزاق چەلەبی) ناسراو بە عەبدولرەزاق دەباغ هەولێری بوو، خوالێیخۆشبێت ناوی تەواوی عەبدولرەزاق شەهابەدین عەبدولقادر چەلەبی (دەباغ) بوو، ناوبراو لە ساڵی ١٩٣٢ لە گەڕەکی قەڵاتی شاری هەولێر لە دایکبووە، ئەم پیاوە مرۆڤ دۆست و رەوشت بەرزە هەموو ژیانی خۆی تەرخانکردبوو بۆ خزمەتی هاوڵاتیانی شاری هەولێر، خوالێیخۆشبێت لە سالی ١٩٥٦ کۆلێژی پزیشکی مەلەکی عێراقی لە بەغدا و لە ساڵی ١٩٦٤ کۆلێژی پزیشکی مەلەکی بەریتانی تەواو دەکات و دەبێتە (زەمیلی کۆلێژی نەشتەرگەری ئەدەنبرە لە سکۆتلەندا)، کە دەگەڕێتەوە بۆ هەولێر دەبێتە بەرێوەبەری تەندروستی هەولێر و سەرۆکی سەندیکای





پزیشکان و ئەمینداری گشتی کاروباری کۆمەڵایەتی، ئەوە رووە زانستیەکەی.

ڕووە کۆمەڵایەتیەکەی من خۆم تەجروبەم زۆرە لەگەل خوالێیخۆشبێت، منداڵ بووم زوو زوو قوڕگم ئەستوور دەبوو بە رەحمەت بن دایکم یان باوکم دەیان بردم بۆ لای دوکتۆر عەبدولرەزاق هەر کە چاوی پێمان دەکەوت یەکسەر فەحسی دەکردم و دەرزیەکی لێدەدام و خۆ ئەگەر بشیزانیبووایە دەرمانم پێویستە راچێتەکی دەنووسی و دەیزانی دەستمان کورتە دەستی لە گیرفانی ڕا دەکرد روبعیک یان نیو دیناری دەدا دەست دایکم و دەیووت بڕۆ لە دەرمانخانە دەرمانی بۆ بکڕە، لە راستیدا خۆی ئێمەی دەناسی لە کۆنەوە باپیرم لای ئەوان لە گوندی (دالداغان) سەرپەرشتی کاروباری ماڵی خوالێیخۆشبێت شەهاب چەلەبی کردبوو، بەڵام لەوە راستریش ئەوەیە خۆی لە گەل بەشی زۆری خەڵکی شاری هەولێر ئەوها بوو ئەگەر بیزانیبووایە دەست کورتن، بە بۆنەی بیرەوەرەی کۆچ کردنی وا ئەم چەند دێرە دەنووسم وەکوو وەفایەک بۆ ئەو هەموو سەروەریەی دوکتۆر عەبدولرەزاق چەلەبی نەمر و خانەوادەکەی، بە راشکاوی دەڵیم خەڵکی شاری هەولێری نەبەز شاری قەلا و منارە و هۆلاکۆ شکێن قەت دوکتۆر عەبدولرەزاق دەباغ لە بیر ناکەن، هەزار سلاو لە روحی پاکی دوکتۆر عەبدولرەزاق و جێگای بەهەشتە ئینشاالله، ساغ و سەلامەتی و تەمەن درێژیش بۆ کەس وکاری و نەوەکانی.

سەرچاوە: بیرەوەری و زانیاری خۆم.



## دکتۆر نافع ئاکرەیی

دکتۆر و ماف پەروەر و شاعیر و چیرۆک نووس دکتۆر نافع ئاکرێیە خەڵکی ئاکرێیە لە ساڵەکانی ١٩٧٥ بەسەرەوە لەوێ دەژیا، لەکۆتایی ساڵی ١٩٧٩ لە بەڕێوەبەرایەتی ڕۆشنبیری و لاوانی سەر بە ئەمانەتی گشتی ڕۆشنبیری و لاوان لەهەولێر یەکتریمان ناسی ئینسانێکی زۆر قسە خۆش و ڕەوشت بەرز بوو دەستنووسی کۆمەڵە چیرۆکێکی هێنا بۆی چاپ بکەین، منیش لێم وەرگرت و وەعدم پێیدا بە زووترین کات ئیجرائاتی (تعضید و نەشری) بۆ تەواو بکەم بەهەر حاڵ کۆمەڵە چیرۆکەکەم لەساڵی ١٩٨٠ بۆ چاپ کرد کە بریتی بوو لە حەوت چیرۆک ئەگەر سەهوو نەبم بە ناوی (چەند یاداشتی پزیشکێک)، ئەم پیاوە هەم دکتۆر، وەکوو بۆمن باسی کردبوو ماف پەروەریش بوو کۆلێژی (حقوق)ی لە دانشتگای دیمەشق تەواو کردبوو، دکتۆر نافع ڕۆشنبیرێکی هاوچەرخ و زیرەک بوو بە زمانی عەرەبیش چەند شیعر و نووسینی لە ڕۆژنامە و گۆڤارە عەرەبیەکان بڵاو کردبوەوە، لەهەر شوێن و مەجلیسێک دابنیشتبوایە دەبووە گوڵی مەجلیسەکە، عیادەی ئێوارانی لەتەنیشت دائیرەی تاپۆی کۆن بوو، کردبوویە مەجلیسی شاعیر و ئەدیبان هەر وەکوو دوکانە ئەلیکترۆنیەکەی شەهید عەبدولخالق معروف، بە تەواوی نازانم لە چ بوارێک بوو، بەڵام بە تەئکید پاش ساڵی نۆهەدەکان بوو بە ڕووداوێکی نەخوازراو لە نێوان ڕێگای هەولێر موسڵ



**لە ڕاستەوە ئەوانەی ڕاوەستاون: خوالێخۆشبوو سامی شۆڕش، خوالێخۆشبوو سەعدوڵڵا پەرۆش، کاک جەمال خەزنەدار، خوالێخۆشبوو شێرکۆ بێکەس، کاک سەلاح شوان، کاک عەبدولخالق سەرسام، ئەوانەی دانیشتوون: لەلای ڕاست خوالێخۆشبوو دکتۆر نافع ئاکرێیی، کاک عەبدولوەهاب تاڵەبانی، کاک جەوهەر کرمانج.**

کۆچی دوایی کرد و هەزار ڕەحمەت لە گۆڕی و ڕۆحی شاد و جێگای بەهەشت بێت، وا پارچە شیعرێکی دوکتۆر نافع دەنووسمەوە کە لە گۆڤاری (الاقلام)ی عربی لە ساڵی ١٩٩٠ بڵاوکراوەتەوە بە ناوی:

**أهات لأطفال الكرمل**

**تهافتت غيمة خريفة لتقبيل الارض**

**جمعت نداها**

**دارت. ... دارت**

**مكونة حبات برد**

**نزلت. .. لا. .. لا. .. جذبت**

**لكن حراره أحشاء الارض**

**اعادتها ندى. ... فتعالت**

**و ذهبت لحال سبيلها**

سەرچاوە: زانیاری و نووسینی خۆم.




# محەمەد شەهاب چەلەبی

یەكێك لە ئەستێرە گەشەكانی شاری هەولێر كە هەم یاسازان و هەم ڕووناكبیر بوو ئەویش (محەمەد شەهابەدین دەباغ كە بە محەمەد شەهاب چەلەبی) ناسرا بوو، لە ساڵی ١٩٢٩ لە قەڵای هەولێر لە خانەوادەیەكی ناسراو و ناوداری شاری هەولێر لە دایكبووە، لە ساڵی ١٩٥٢ كۆلێژی (حقوق)ی لە زانكۆی بەغدا تەواو كردووە، لە ساڵی ١٩٥٨ تا وەكوو ساڵی ١٩٦٣ ئەندامی ئەنجومەنی لیوای هەولێر بووە و لە ساڵی ١٩٦٣ تا وەكو ١٩٦٨ سەرۆكی شارەوانی هەولێر بووە.

محەمەد شەهاب چەلەبی لە ساڵەكانی ١٩٥٢ بەسەرەوە پارێزەری كردووە و سەرنووسەری ڕۆژنامەی (هەتاو) یش بووە، لەو ساڵانەی كە سەرۆكی شارەوانی هەولێر بووە خزمەتێكی زۆری شاری هەولێری كردووە و لەوانە جێبەجێكردنی پڕۆژەی شەقامی (٦٠) مەتری و پڕۆژەی پاركی (گلكەند).

محەمەد شەهاب چەلەبی ڕاوێژكار بووە لە هەردوو وەزارەتی شارەوانی و پلاندانان لە بەغدا، دواتر لە مەجلیسی تەنفیزی حوكمی زاتی كوردستان تا وەكو ساڵی ١٩٨٧، لە ساڵی ١٩٩٣ بەشداربووە لە دانانی یاسای بەڕێوەبردنی شارەوانیەكان، پاشان دەستی كردۆتەوە بە



پارێـزەری تـا سـالی ١٩٩٤.

ناوبـراو لـە کۆتایـی سـاڵی ١٩٩٤ بۆتـە (متەوەلـی) مزگەوتـی حاجـی قـادر لـە نـاو بـازاری شـاری هەولێـر تـا لـە رۆژی ٢٠٢١/١٠/٢٦ دڵـە گەورەکـەی لـە لێدان دەکەوێـت و کۆچـی دوایـی دەکات.

محەمـەد شـەهاب دەبـاغ خاوەنـی کچێکـە بـە نـاوی (ڤیـان) کـە دوکتۆرەیـە و کـوڕەکان (بـەرزۆ و حەسـەن و حسـێن) و بـرا گـەورەی دوکتـۆر عەبدولـرەزاق بـووە.

بیرەوەریەکانـم لەگـەڵ ئـەم زاتـە قـەدر گرانـە، لـە سـاڵی ١٩٦٢ من لـە دەشتێ لـە گوندی (سـەربەشاخ) هاتمـە هەولێر دایکم نەخۆشـبوو پێشـتر هاتبـووە هەولێر خانوویەکمـان لـە تەیراوە بـە کرێ گرتبوو، باوکیشـم لـە شـەریکەی نەوتی کەرکوک کرێکار بـوو، هـەر دە رۆژ جارێـک سـەری لێدەدایـن، سـاڵ سـوڕاوە بـووە ١٩٦٣ گوندکانـی کەندیناوەی بەشـی زۆریـان سـووتان و تاڵانکـران، ئێمـەش، چونکـە مامـی گـەورەم مامـم (فەقـێ عـەولا) پێشـمەرگە بـوو لـە ترسـی گرتـن و کوشـتن سـەربەشـاخمان بـە جێهێشـت، ئیتر باوکیشـم لـە شـەریکەی نـەوت (فنش) کـرا (ئەوسـا وایان دەگوت بـە مانـای دەریـان کـرد)، هاتـە هەولێـرێ و بـێ ئیـش و بـێ کار بـوو، رۆژێکیـان پەلـی گرتـم ووتـی وەرە لـە گەڵـم چووینـە لای محەمـەد شـەهاب چەلەبـی سـەرۆکی شـارەوانی بـوو لـە بینایەکـی (کەسـک - سـەوز) بـووە بەرامبـەر سـەرای کـەون (ئێسـتا ئـەو بینایـە نەمـاوە ڕووخێنـدراوە).

محەمـەد شـەهاب چەلەبـی ئێمـەی دەناسـی زۆر ڕێـزی گرتیـن و بـە باوکمـی ووت ئـەوا دەرکراینـەو هەمـوو ماڵ و حاڵتـان تاڵانکراوە چیت دەوێ مـن چیـم پـێ دەکـرێ بـۆت بکـەم ؟ باوکـم ووتـی: وەڵـلا هـەر ئیشـەک بێـت مـن دەکـەم ئاخـر وا قـوڕکاری دەکـەم رۆژەک هەیـە پێنـج نیـە، وتـی باشـە بـە عەرەبـی بـۆ (متصـرف) تەلەفۆنـی کـرد ئەگـەر سـەهو نەبـم (عەبدولمنعـم مصـرف) بـوو، تـەواو بـوو بـە باوکمـی ووت ئـەوە دەڵـێ: (ئیلا حـەرەس لەیلی)

مـان هەیـە، باوكـم وتـی حـەرەس لەیلی چیـە؟ ئەویش ووتـی شـەوان لـە نـاو بـازاری چاودێری دەكـەن دزیەكـە، ئاگر كەوتنـەوەك، ئێـوە حـەرەسـن، باوكـم ووتـی: باشـە مـادام بتوانـم خـۆم ومنداڵەكانـی پـێ بژێنـم دەكـەم، دواتـر هـەر لـە ڕێگای محەمـەد شـەهاب چەلەبیـەوە بـووە پۆلیـس و دوكتـۆر عەبدولرەزاقـی بـرای محەمـەد شـەهاب چەلەبـی كـە بەڕێوەبـەری تەندروسـتی هەولێـر بـوو بردیـە لای خـۆی لـە خەسـتەخانەی جمهـوری، ئەمـە لـە كاتـی خـۆی شـتێكی بـاش بـوو بۆ باوكـم كـە توانـی منداڵـی خـۆی پوختـە پـێ بـە خێـو بكات، چونكـە ئـەو كات خـۆ قوڕكاریش نەبـوو یـان وەسـتایەكان بـە خاترانـە خەلكیـان دەبـرد بـۆ ئیشـێ، ئەمـە پاداشـت و یارمەتـی ئـەو خانـەوادە بـە وەفـا و ئەمەكـە بـوو بـۆ ئێمـە.

تێبینـی: وێنەكـەو هەنـدێ زانیـاری لـە پەیجـی هەولێـر شـارە شـیرینەكەم و كاك نەبیـل عەریـف خـدر بـۆی ناردووم و گروپـی هەولێر كاك رامـز غـولام وەرگیراوە زۆر سوپاسـی هەردووكیـان دەكـەم، زانیـاری و نووسـین و داڕشـتنی خـۆم.



## نەجمەدین موفتی

مامۆستای پەروەردەو بەڕێوەبەر و سەرپەریشتیاری پەروەردەیی ڕەوانشاد نەجمەدین موفتی، ناوی تەواوی (نەجمەدین کوڕی مەحەمەد مەحەمەد موفتی (هەولێر)ە، لە ساڵی ١٩٣٢ لە یەکێک لە بنەماڵە دێرین و ناسراوەکانی شاری هەولێر لە دایک بووە، مێژووی ئەوان مێژووی ئاوێزانی قەڵا بووە، ئەم بنەماڵە ناودارە خاوەنی چەندین کەسایەتی ئاینی و نیشتیمانی و زانستی و ئەدەبی و کۆمەڵایەتین، باوکی موفتی شاری هەولێر بووە، خوێندنی سەرەتای لە قوتابخانەی (أربيل الثانية) و دواناوەندی لە ئامادەیی هەولێر تەواو کردووە دەرچووی کۆلێژی زانستی بەشی بایۆلۆژی زانکۆی بەغدایە، یەکەم دامەزراندنی لە ساڵی ١٩٥٤ وەکو مامۆستای دواناوەندی دامەزراوە.

لە ساڵی ١٩٥٥ هەڵبژێردراوە بۆ خوێندنی ماجستێر لە وڵاتی ئەمەریکاو ماوەی شەش مانگ خوێندوویەتی، بەڵام لەبەر هەندێ هۆکاری خێزانی بەردەوام نەبووەو گەڕاوەتەوە هەولێرو لە ئامادەیی وەکو مامۆستا دامەزراوە، لە ساڵی لە١٩٧٠ لە هەمان قوتابخانەدا بۆتە بەڕێوەبەر.

پاشان لە ساڵی ١٩٧٣ دەبێتە سەرپەریشتیاری پەروەردەیی لە بەڕێوەبەرایەتی پەروەردەی هەولێر، تا دوا خزمەتکردنی لە بواری



پەروەردە. لە ساڵی ١٩٩٢ خانەنشین کراوەو لە ڕۆژی ١٩٩٨/٧/٢٨ کۆچی دوایی کردووە. نەجمەدین موفتی لە ساڵی ١٩٦٣ وەختی حوکمی بەعسیەکان حەرەس قەومی دەسگیری دەکەن و بۆ ماوەیەک بە بیانوی ئەوەی برای شەمسەدین موفتیە زیندانی دەکرێت، پاشان برا گەورەی ڕەوانشاد ڕەشاد موفتی هەوڵی بۆ دەدات و ئازادی دەکەن.

لەساڵی ١٩٧١ قوتابیەک کوڕی پیاوێکی ناسرا و دەست ڕۆیشتووی هەولێر بوو، بێڕێزیەک بەرامبەر یەک لە مامۆستاکان دەکات، مامۆستاکەش پەنا دەباتە بەر مامۆستا نەجمەدین موفتی بەو پێیەی بەڕێوەبەرە، مامۆستا نەجمەدین-یش بانگی دەکات بۆ ئەوەی لێیبپرسێ، بێڕێزی بێ سنوور لە گەڵ ئەویش دەکات، بۆیە مامۆستا نەجمەدین لیژنەی ئینزباتی بە پیێ ڕێنماییەکان بۆ دادەنێ و ساڵێک لە قوتابخانە فەسلی دەکەن، کەس و کاری قوتابیەکە پەنا دەبەنە بەر پارێزگاری هەولێر، پارێزگار داوا لە مامۆستا نەجمەدین موفتی دەکات ئەو قوتابیە بگێڕێتەوە بۆ دەوام ئەویش دەڵێت ئێمە بە پێی نیزام ساڵێک فەسلمان کردیە و بڕاوەتەوە، دیارە پارێزگار ئیلحاحی لێدەکات، ئەویش دەڵێت وا من قوتابخانە بەجێدێڵم و ئیستیقالە دەدەم و ئەو قوتابیەش با بێتەوە دەوام.دیارە پارێزگار پیاوێکی ئیداری و خاوەن ئەزموون بووە دەڵێت نا مامۆستا من بەڕێوەبەرێکی وەکو تۆ بە قوتابیەک ناگۆڕمەوە، بۆیە قوتابیەکە بۆ ساڵی ئایندە دێتەوە دەوام و عاقل دەبێت و قوتابیەکی چاکی لێدەردەچێ، ئەمە هەڵوێستی ئەم مامۆستایە ئازاو بوێرە بوو.

ساڵی خوێندنی ١٩٦٧ من دەبوایە یەکەم ڕۆژی کە قوتابخانە دەکرێتەوە بچم بۆ قوتابخانە، بەڵام لە بەر ئەوەی هاوینەکەی لە کارگەیەکی کاشی دروست کردن کارم دەکرد حەفتەی یەکەم نەچووم بە حیسابی خۆم حەفتەی یەکەم فشەیە، منیش لە بەر خۆم ووتم ئەو حەفتەیەش ئیش دەکەم پارەکەی بە جلو بەرگ دەدەم بۆ خۆم، بۆیە وامکرد، واتە بە هەموو پێوەرێک حەفتەی یەکەمی مەکتەب دەوامم نەکرد، هەر ئەوهاش بوو کاتی خۆی، شەموو داهات چوومە قوتابخانەی ئامادەیی هەولێر برادەرەکانی ناوەندیم هەموو لەوێ بوون ووتیان بڕۆ کتێب وەرگرە، کە چوومە لای جێگری بەڕێوەبەر بورهانە فەندی ووتی ناوت چیە منیش پێم ووت، ئەویش ووتی دینارەکت پێیە ؟ ووتم نا وەڵڵا، ووتی ئێ دینارەکە بینە ئەوجا !!

بە ڕاستی من لە جێی خۆم هیشک بووم، ڕاست بەرەو غورفەی بەڕێوەبەر مامۆستا نەجمەدین موفتی چووم مام برایمی فەڕاش لە پێش دەرگای بوو، ووتی ها چت دەوێ ؟ ووتم کیتابم ناداتێ بورهانە فەندی دەڵی دینارەکی بدە ئەمنیش نیتم، ووتی لۆ دەستتان کورتە...ووتم بەڵێ، ووتی ڕاوەستە، چووە ژۆرێ لای بەڕێوەبەر مامۆستا نەجمەدین بۆی باسکردبوو، کە بانگی ژۆرێی کردم سەلامم لێی کرد ووتی کوڕم لۆ ئەوە حەفتەکە مەکتەب کرایتەوە تازە دێیت؟ منیش بۆم روونکردەوە ئەو حەفتەی لە ئیشێ بووم پارەکەم (دەستم بۆ کورتەک و شەرواڵە جەرەبیەکەم و کالەکەم برد) بەو کورتەک و شەڕوالە و کالەیەم دایە،، ووتی ئەدی دینارەکت نیە بۆ کیتاب، ووتم نا، چونکە ڕۆژێ بە چوار درهەم ئیشم دەکرد یەک حەفتە دینارەک و هەشت درهەم بوو هەمووم بە جلک دا، بانگی مام برایمی فەڕاشی کرد ووتی بورهانە فەندیم بۆ بانگ بکە.... بورهانە فەندی هات و پێی ووت کتێبی بدە ئەو منداڵە باوکی دەستی زۆر کورتە..ووتی با دینارەکی بدات ئەوجا... مامۆستا نەجمەدین موفتی بە زمانی تورکمانی پێی ووت ئەدی ئێمە ئیتفاقمان وا نەبوو لە سەدا دە کتێبی بدەینە منداڵە دەست کورتەکان بە بەلاش.. بورهانە

فەندیش ووتی سەدا دەیەکە تەواو بووە، مامۆستا نەجمەدین تەماشای منی کرد لێوم تەتەرەی دەکرد، یەکسەر دەستی لە گیرفانی ڕاکرد یەک دیناری شینی نوێی دەرهێنا دایە دەست بورهانە فەندی پێی ووت دەبڕۆ کتێبی بدێ، ئیتر ئەوەندە دڵخۆش بووم هەر دەتووت تازە لە دایکبوویمە و قەتیش لە بیرم نەچووە و ناچێت و بۆ هەموو منداڵەکانی خۆشم باسم کردووە، ئەمەشیان هەلوێستی ئەم مامۆستایە سەنگین و پەروەردکارە دڵسۆزە بوو. قەدر گرانە بوو. ڕەوانتشاد بێت مامۆستا نەجمەدین موفتی گۆڕەکەت پڕ گوڵ و گوڵزار و رەحمەت و نور بێت، بۆ ئەوانەی ناویان هاتووە و مردوون روحیان شاد و ئارام بێت.

سەرچاوە: بیرەوەری و زانیاری خۆم.



# جەمال هیدایەت

مامۆستای هونەرمەند جەمال هیدایەت یەکێکە لە بەتەمەنترین هونەرمەندانی مۆسیقاو ئاوازی کوردی لە هەولێر، یەکەمین کەس بووە لە لیوای (پارێزگای) هەولێرێ و دەوروبەری لە سالی ١٩٥٢ چۆتە پەیمانگای هونەرە جوانەکانی بەغدا و لە سالی ١٩٥٦ تەواوی کردووە، بۆتە سەرباز، لەسەربازیش بۆتە (ضابط موسیقی) زۆریشیان داوا لێکردووە کە بمێنێتەوە لە سەربازی و پلەی ئەفسەر(ضابط) بدەنێ ئەو رازی نەبووە، هەرچەندە باوکی زۆر حەزی لێبووە ئەو ببێتە ئەفسەر، بەڵام جەمال هیدایەت حەزی لە گۆرانی و ئاواز و مۆسیقا بووە هەر لە سەرەتای تەمەنیەوە کەوتۆتە ژێر کاریگەری دەنگە بە سۆزو خۆشەکەی (شەهابە) ی هەولێری.

کاتێک لە ئەرکی سەربازی دەگەڕێتەوە هەولێر لەگەڵ هونەرمەند عەبدولواحید مەرجان لە سالی ١٩٥٩ تیپی مۆسیقای (دەرسیم) دادەمەزرێنن کە یەکەمین تیپی مۆسیقا بووە لە هەولێر و دەوروبەری، ئاهەنگێکی خنجیلانەیان لە شەقلاوە سازکردووە کە هونەرمەندانی هەولێر و کەرکوک تیایا بەشداریان کردووە و خەلکێکی زۆر ئامادە بووینە، هەر ئەو تیپە بوو بە بەردی بناغەی دامەزراندنی تیپی هونەری هەولێر لە



لە ڕاستەوە: باکوری - جەمال هیدایەت - شاعیر و نووسەر نازم دڵبەند.

سالی ١٩٧٠-١٩٧١. مامۆستا جەمال لە سالی ١٩٧٤ بە تیپی هونەری هەولێر بەشداری یەکەمین ڤیستیڤالی هونەری کوردی لە بەغدا کردووە، ناوبراو لە بەڕێوەبەرایەتی چالاکی قوتابخانەکان کاریکردووە بەشی زۆری هونەرمەندانی هەولێری لەو فەرمانگەیە کۆکردۆتەوە و سەرپەرشتی کردوون، تیپی هونەری هەولێر لە سەر دەستی ئەم مامۆستایە مەزنە، بەشێکی زۆری بەرهەمە کۆنەکانی زیندوو کردۆتەوە و گەلێک بەرهەمی تازەشیان بەدەنگ تۆمار کردووە، لەدوای سالی ١٩٧٨ زیاتر لە (٢١) بەرهەمیان بە دەنگ و ڕەنگ لە تەلەفزیۆن تۆمار کردووە، تیپی هونەری هەولێر بەشی شانۆ و شێوە کاریشی هەبووە، لە گەڵ مامۆستا جەمال هیدایەت ئەم هونەرمەند و گۆرانیبێژانە بەشداریان کردووە لە دامەزراندنی تیپی هونەری هەولێر (تەحسین تەها، مستەفا ڕەئووف، عەبدولواحید مەرجان، سەباح عەبدولرەحمان، سولتان عەبدوڵڵا)، ئەندامانی تیپەکە کە ناوبراو سەرۆکایەتی و سەر پەرشتی دەکرد بریتی بوون لە زیاتر لە ٥٠ ئەندام لە وانە (وریا ئەحمەد، رزگار خۆشناو، جەودەت شاکر، قادر عەزیز، جەمال عوسمان، فازل میکائیل، جەودەت شاکر، عەدنان مەلا، عەدنان

ئەحمە مەحمود، محسن حەسەن، محسن عەباس، شەمسەدین عومەر، زیاء قەساب، جەودەت هاشم، یوسف باکوری، سەردار ئەحمەد، تەلعەت عارف، نزار گیتار، جرجیس عیزەدین. .. زۆرانی تر).

سەبارەت بەو گۆرانی بێژانەی مامۆستا جەمال هیدایەت و تیپی هونەری هەولێر گۆرانی بۆ تۆمارکردوون لە وانە (قادر کابان، مەحەمەد جەزا، تایەر تۆفیق، قادر زیرەک، ئیبراهیم سابیر، سەلاح محمەد کۆیی، جەعفەر سەلیم، تەنیا عارەب، نیزام شوکر، جبار ئەحمەد، سابیر عەبدولرەحمان، کاوە ژاژلەیی، رەسول گەردی، جەلال سەعید، سامان کەکوکی چەندانی تر)، لە بەرهەمە گرنگەکانی ئەم تیپە (بلوێری شوان، کەژال، پەرێشانم، حەزم لێکردی ، بۆ دەڕۆی ئەی نازەنین هتد....).

لە وتارێک دا کە لە ژێر ناو نیشانی (باکوری و جەمال هیدایەت ئەو دوو هونەرمەندە کۆڵەکەی هونەری هەولێرن) هاورێی ئازیزم نووسەر و شاعیر و ڕووناکبیری کورد پەروەر کاک نازم دڵبەند لە رۆژنامەی کوردستانی نوێ بڵاوی کردۆتەوە، تیایا ستایشی هەر دوو هونەرمەند دەکات.



**تیپی هونەری هەولێر لە هەشتاکان.**



لە لای چەپەوە: بەڕێوەبەری رۆشنبیری هەولێر، جەمال هیدایەت،

هونەرمەند جەمال هیدایەت ئەندامی سەندیکای عێراقی و کوردستان بووە و هەر چەندە تەمەنی وا بەرەو سالّی نەوەتەکان هەنگاو دەنێ، بەلاّم پەنجا سالّ خزمەتی هونەر و گۆرانی و مۆسیقا و ئاوازی کوردی کردوە، هێشتاش هەر لە خەمی مۆسیقاو ئاوازی کوردیدایە و خۆی و ئەرشیفەکەی سامان و گەنجینەیەکی بە نرخی نەتەوەی کوردن، پێویستە رێزی لێبگیرێ و بەرسەر بکرێتەوە.

ماوەیەک لە مەبەر بەڕێوەبەری رۆشنبیری لە وەزارەتی رۆشنبیری هەرێمی کوردستان بە یاوەری چەند هاوڕێیەکی سەرەدانی مامۆستا جەمال هیدایەتیان کردبوو دەسکە گولّێکیان بە دیاری بۆ بردبوو و وەک رێزلێنانێک، ئەمەش مایەی رێز و شانازییە لە لایەن هەموو هونەرمەندانی کورد.

خوا تەمەنی هونەرمەند جەمال هیدایەت و ئەوانەی لەم پۆستەدا ناویان هاتووە و لە ژیاندان ماون درێژ بکات و بۆ ئەوانی نەشماون ڕەوانیان شاد بێت.

**تێبینی:** وێنەو هەندێ زانیاری لەم سەرچاوانە وەرگیراوە.

کوردیپیدیا، ویکیپیدیا، کەنالی TV ٢٤، وتارێکی نووسەر و شاعیری کورد کاک نازم دلّبەند، نووسین و دارشتنی خۆم.



# هادی چاوشلی

کەسایەتیەکی ناوداری شاری هەولێر ئەویش خوالێیخۆشبێت هادی چاوشلیە، ناوی تەواوی (هادی رەشید چاوشلیە)، لە ساڵی ١٩٢٢ لە بنەماڵەیەکی ڕەسەن و ناوداری شاری هەولێر لە دایکبووە و خوێندنی سەرەتایی و ناوەندی لە هەولێر تەواو کردووە، بۆ خوێندنی ئامادەیی چۆتە بەغدا و هەر لە وێ لەساڵی ١٩٤٩ کۆلێژی حقوق-ی تەواو کردووە، دووساڵ خەریکی پارێزەری بووە و هاوکات وتاری سیاسی و رۆشنبیر و کۆمەڵایەتی لە رۆژنامە و گۆڤارەکانی ئەو کاتی لە بەغدا دەردەچوون بڵاوکردۆتەوە، لە ساڵی ١٩٤٥ وازی لە کاری پارێزەری هێناوە و بۆتە مدیر ناحیە لە (خورمال و بازیان و قەرەداغ ولەیلان و حەوێجە) و لە ساڵی ١٩٥٤ کراوەتە قائیمقامی زێبار و قەڵادزێ و کۆیە و درێژەی بە کاری قائیمقامێتی داوە تا لە مانگی ئابی سالی ١٩٥٨ بۆتە سەرۆکی شارەوانی هەولێر.

پاشان دەبێتە موتەسەرفی لیوای سلێمانی بە وەکالەت (محافظ السليمانية بالوكالة) و دوای ئەوە بۆتە وەکیلی وەزارەتی ناوخۆی عێراق، کە ئەو کات وەزیفەیەکی گرنگ بووە بۆ کورد، لە پاش کودەتایەکەی ساڵی ١٩٦٣ ساڵێک زیندانی کراوە لە بەر ئەوەی پشگیری عەبدولکەریم قاسمی کردووە، کە لە زیندان بەر بووە یەکسەر خانەنشین کراوە دەستی کردووە بە کارەکەی خۆی وەکوو پارێزەر، لە ساڵی ١٩٦٧ بۆتە ئەندامی

دەستەی بەڕێوەبردنی نیقابەی پارێزەرانی عێراقی.

لە گەشتێکی دا بۆ بەشدار بوون لە کۆنگرەی نۆیەمی پارێزەرانی عەرەب لە ١٩٦٧/٢/٢٧ لە قاهیرە، چاوی بە سەرۆکی میسری جەمال عەبدولناسر کەوتووە و یاداشتێکی داوەتێ، سەبارەت بە کێشەی کورد لە عێراق، ناوبراو چاوی بە مەلیک فەیسەلی دووەم کەوتووە ئەو کاتەی لە کۆتایی مانگی نیسانی ساڵی ١٩٥٨ سەردانی هەولێری کردووە، هەروەها چاوی بە عەبدولکریم قاسم و عەبدولسەلام عارف و سەعید قەزاز و سێ جاریش چاوی بە ئەحمە حەسەن بەکر کەوتووە، جاری یەکەم و دووەم نامەی سەیدا سالح یوسفی گەیاندۆتە بەکر، کە جارێکیان پەیوەندی بە مەسەلەی کورد هەبووە و جاری دووەمیش هەر نامەی سالح یوسفی گەیاندۆتە بەکر سەبارەت بە هەڵبژاردنی نیقابەی پارێزەرانی عێراق.

جاری سێەم بەکر داوای لێکردووە کار بۆ ئەوان بکات ئەویش ووتویەتی من پەیوەندیم بە پارتی دیموکراتی کوردستانەوە هەیە، لە سەر قسەی خۆی واتە هادی چاو شلی، بەکر پێیوتووە ڕێز لە ئیلتیزاماتت دەگرم.

ناوبراو لە ساڵی ١٩٦٥ بۆتە ئەندامی پارتی دیموکراتی کوردستان لە ڕێگای سالح یوسفیەوە و ئەندامی کۆمەڵەی ڕۆشنبیری کورد بووە لە بەغدا و تێکۆشەرو نووسەرێکی بە توانا بووە، زیاتر لە ٢٠کتێبی نووسیووە لە وانە ( هەولێر لە گەڵ کاروانی فەلەک) ساڵی ١٩٨٧ لە بەغدا لە چاپدراوە، هەروەها نووسەر و ڕۆژنامەنووسی کورد تاریق ئیبراهیم شەریف کتیبیکی لە (الدار العربیة للموسوعات) لە بەیروت چاپکردووەبە ناوی (ذکریات هادی چاوشلي مع ملوک ورؤساء ورجالات العراق في العهدین الملکي والجمهوري)، کە تێیدا بیرەوەری یەکەم وەکیلی وەزیری ناوخۆی عێراقی تیا تەوسیق کردووە.

ناوبراو لە ساڵی ١٩٩٦ لە هەولێر کۆچی دوایی کردووە، روحی کورد پەروەر هادی چاوشلی شاد بێت.

**تێبینی ١**: وێنەکان : وێنە ١- لە لای ڕاستەوە : شاعیر و نووسەری کورد پارێزەر تاریق جامباز، کورد پەروەر هادی چاوشلی، نووسەر و ڕۆژنامەنووس تاریق ئیبراهیم شەریف ٢- بەرگی کیتابێکی ڕەحمەتی هادی چاوشلی.

**تیبینی ٢**: هەندێ زانیاری لە کوردیپیدیا - زانیاری و نووسینی خۆم.



# دڵشاد محەمەد سەعید

کەمانجەژەنی لێهاتووی کوردو عێراق و جیهان، خاوەنی نوێکردنەوەو دابەشکردنی مۆسیقای گۆرانی (هەی نێرگز نێرگز)، دڵشاد محەمەد سەعید.

دڵشاد محەمەد سەعید لە ساڵی ١٩٥٨ لە شاری دهۆک لە دایک بووە، خوێندنی سەرەتایی و ناوەندی هەر لە دهۆک تەواو کردووە، هەر لە تەمەنی پێنج ساڵیدا خولیای مۆسیقاو ئامێری مۆسیقی بووە.




پەیکەری دڵشاد و کەمانجەکەی

لە چاوپێکەوتنێکی رۆژنامەوانی لەگەڵ نووسەر و رۆژنامەوانی عەرەبی دوکتۆرە (سناء الشعلان)، دەڵێت: (لە تەمەنی پێنج ساڵی ئامێرێکی ئیقاعم هەبوو دواتر کە تەمەنم بووە حەوت ساڵان ئامێرێکی مۆسیقام بۆ خۆم دروست کرد، باوکم نەیدەهێشت مۆسیقا بخوێنم).

دڵشاد محەمەد سەعید لە تەمەنی (١٥) ساڵی دەچێتە پەیمانگای هونەرە جوانەکانی بەغدا و مۆسیقا دەخوێنێ و لە قۆناغی چوارەم ئامێری (فیولۆن)ی نابێت، بۆیە ساڵێک دوادەکەوێت و کە



ئامێری فیولۆن پەیدا دەکات بۆ ساڵی دووەم بە یەکەم دەردەچێت، لە نیوەی دووەمی حەفتاکان دەبێتە ئەندام لە تیپی مۆسیقای ئێزتگەو تەلەفزیۆنی عێراقی، دواتر وەک ئەندامێکی سەرەکی کەمانجە ژەن لە تیپی سیمفۆنیای نیشتمانی عێراقی و یاریدەدەری سەرکردەی ئۆرکسترای عێراقی بووە.

ناوبراو لە کۆتایی حەفتاکانی سەدەی ڕابردوو دێتەوە دهۆک، سەرەتا لەگەڵ تیپی یەکیەتی ئافرەتانی دهۆک کار دەکات و پاشان لە ساڵی ١٩٧٩ تیپی مۆسیقای دهۆک دادەمەزرێنێت، هەڵسا بە تۆمارکردن و دابەشکردنەوەی مۆسیقای گۆرانی (هەی نێرگز نێرگز) بەمە سەرکەوتن و ناوبانگێکی زۆری بەدیهێنا.



لە ناوەڕاستی هەشتاکان بۆ خوێندنی باڵای مۆسیقا دەچێتە (بریتانیا) لە زانکۆی (ویلز)، ساڵی ١٩٨٨ ماجستێری وەرگرتووە، لە ساڵی ١٩٩١ ە وە لە (نەمسا) نیشتەجێ بووە، دەرس و محازەراتی مۆسیقی لە زۆربەی زانکۆکانی



دانیشتووە دڵشاد، ڕاوەستاوە عەمار کۆفی

نەمسا ووتووتەوە، لە زۆربەی زۆری شارەکانی ئەوروپا لە بۆنە نیشتمانی و نەتەوەییەکان ئاهەنگی گێڕاوە، چەندین ئەلبۆمی مۆسیقای هەیە و کاری مۆسیقا دانان و دابەشکردنی بۆ زۆر لە گۆرانیبێژان داناوە وەکو گوڵستان و شڤان پەروەر و شێریڤان و چەندانی تر، گرنگترین پارچە مۆسیقاکانی (الراعی و الجنائن المعلقە - شوان و باخچە هەلواسراوەکان) ە.

ناوبراو هەر لە تەمەنی (١٥) ساڵیدا حەزی لە مۆسیقای رۆژئاوایی بووە و لە تەک شارەزایی لە مۆسیقای کوردی هەولی داوە مۆسیقای رۆژئاوایی تێکەل بە مۆسیقای رۆژهەڵاتی و کوردی بکات و لەمەش تا ڕادەیەک سەرکەوتوو بووە، لە ئابی ساڵی ٢٠١٥ دوو سیمفۆنیای بە ناوەکانی (پێشمەرگە و شنگال) بە یارمەتی تیپی ئۆرکسترای چیکی لە (براغ) بە بەشداربوونی هونەرمەندانی کورد لە هەموو بەشەکانی کوردستان تۆمار کردووە، ئاوات و ئامانجیشی نمایش کردنی سیمفۆنیەی شنگال بووە لە کەمپی ئاوارەکانی شنگال و نمایش کردنی سیمفۆنیەی پێشمەرگە لە



بەشداربووانی سیمفۆنیای شنگال



دڵشاد و ئۆرکسترا

بەرەکانی شەڕی داعش بووە، بەڵام لەبەر گیر و گرفتی لۆجستی تا ئێستا ئەمەی بۆ نەلواوە.

دڵشاد محەمەد سەعید لە یۆنسکۆ بە باڵوێزی مۆسیقای کوردی پیناسە کراوە، لە زانکۆی (مۆزارتی) شاری (ساڵسبۆرگ) ی نەمساوی بڕوانامەی دوکتۆرای لە مۆسیقای کوردی - کرمانجی - وەرگرتووە بە پلەیەکی باش و ناونیشانی نامەی دوکتۆراکەی (لێکۆڵینەوەیەک لەسەر مۆسیقای کورمانجی و زیاتر بەرچاو گرتنی گۆرانیی ڕێتمی) بووە.

ناوبراو ئاواتی دامەزراندنی پەیمانگایەکی مۆسیقایە لە پارێزگای دهۆک، لە شاری دهۆک پەیکەرێکی گەورەی دڵشاد محەمەد سەعید بە خۆی و کەمانچەکەی دانراوە.

هەر سەرکەوتوو و سەرفراز بێت هونەمەندی گەورەی کورد دڵشاد محەمەد سەعید بۆ خزمەتی مۆسیقاو گۆرانی کوردی.

بۆ نووسینی ئەم باسە سوود لەم سەرچاوانە وەرگیراوە:

ویکیپیدیا، کوردیپیدیا، سایتی هەولێر وتارێکی ئاریان دەرگەلەیی لە ٢٠١٨/٦/٢٤، مقابلە صحفیة للصحفی الدکتورة (سناء الشعلان) فی رامیناز نیوز فی ٢٠٢١/٦/١١، زانیاری و نووسین و داڕشتنی خۆم.



## ئیحسان ڕەشاد موفتی

پارێزەر و ڕاوێژکاری یاسایی و نووسەر و ڕۆژنامەنووس و میدیاکار کاک ئیحسان موفتی، ناوی تەواوی (ئیحسان ڕەشاد موفتی) ە لە ڕۆژی ١٩٥٤/٨/١٩ لە قەڵای هەولێر لە خانەوادەیەکی ناسراوی شاری هەولێر و کوردستان لە دایکبووە، ئەو خانەوادەیەی کە ژمارەیەک زانا و ئەدیب و سیاسەتمەدار و مامۆستای پەروەردەیی لێ هەڵکەوتووە، خوێندنی سەرەتایی و ناوەندی و دواناوەندی لە هەولێر تەواوکردووە، دواتر کۆلێژی زانستی بەشی کیمیای لە زانکۆی سەلاحەدین ساڵی خوێندنی ١٩٧٦-١٩٧٧ تەواو کردووە لە شوباتی ١٩٧٥ ئەوکاتەی ئیحسان موفتی قوتابی بوە لە زانکۆی سلێمانی هەڵدەستێ بە چالاکیەکی زۆر زۆر بوێر و ئازایانەو فیداکاری لەبەشەکانی کۆلێژ، بە هەڵواسینی پۆستەر دژی ڕژێمی بەعس،

کە دەبێتە هۆی شڵەژانی زانکۆ و قەدەغەکردنی چوونە دەرەوەی قوتابیان و پشکنینیان، خۆ ئەگەر ئەوکات ئەم چالاکیە ئاشکرا ببوایە، بێ سێ و دوو ئیحسان موفتی لەسێدارە دەدرا، یان لەلای کەمەوە بێ دادگایی کردن دەیانکوشت.

کاک ئیحسان موفتی پاش تەواو کردنی خزمەتی سەربازی کە نزیکەی دوو ساڵ بووە وەکوو مامۆستای دەرسی کیمیا دەست بەکار دەبێت، پاش ماوەیەک بڕیار دەدات واز لە کاری مامۆستایی بێنێت و کاری سەربەخۆ بکات و دواتر لە ساڵی ١٩٩٢ هێشتا لە تەمەنی ٣٨ ساڵیدا بووە خۆی خانەنشین کردووە و دەستی کردووە بە چالاکی لە بواری مافی مرۆڤ

رسالة الخال تحفة ادبية اعتز بها




من الارشيف والذاكرة الحلقة 31 احسان المفتى. اربيل نوفمبر ٢٠٢٠




الشيخ محمد الخال اربيل ١٩٨٠



احسان المفتى -اربيل ١٩٨١



**لە ڕاستەوە ئیحسان ڕەشاد موفتی - ڕۆژنامەنووسی ئەمریکی جوناسان ڕاندڵ**
**پاریس - مایسی ٢٠٠٤**

و دامەزراندنی سەنتەری پەیوەندی سەتەلایتی جیهانی لە هەولێر، چونکە ئەو کات ڕژێمی بەغدا پەیوەندی تەلەفۆنی کوردستانی پچڕاندبو لە نێوان شارەکانی هەرێم و جیهانی دەرەوە.

ئیحسان موفتی لە کۆتایی ساڵی ١٩٩١ وەک ئەندامی ڕێکخراوی نێودەوڵەتی مافی مرۆڤ (Human Rights-Ammnsty International-ئیمینستی ئینترناشیونال) دەست بەکار دەبێت، و پەیوەندی و چالاکیان لە گەڵ بەشی عێراقی لە هەمان ڕێکخراو هەبووە و بە بەردەوامی ڕاپۆرت و لێکۆڵینەوەیان سەبارەت بە پێشێلکارییەکانی دەزگا میری و حیزبە کوردیەکان لە بەندیخانە فەرمیەکان تۆمار کردووە وبڵاویکردۆتەوە، هەروەها پێشێلکارییەکانی ڕژێمی بەغداشیان بە هەمان شێوە تۆمار و بەرزکردۆتەوە، هەر لە میانی کارەکەی لە بواری مافی مرۆڤ لە ساڵی ١٩٩٢ ڕێکخراوی مافی مرۆڤی کوردستان دادەمەزرێنێ و لە هەمان کاتیشدا دەچێتە کۆلێژی (ماف-حقوق-بەشی یاسا) ی زانکۆی سەلاحەدین لە ساڵی ١٩٩٦ تەواوی دەکات و بڕوانامەی (بکالوریوس) بە دەست دەهێنێت و دەبێتە ئەندامی سەندیکای پارێزەرانی کوردستان.

ئیحسان ڕەشاد موفتی لە ئەیلولی ساڵی ١٩٩٦ بە هۆی شەڕی ناوەخۆی نێو حیزبە کوردیەکان بە خۆی و خێزانەکەی و هەر سێ منداڵەکانی کوردستان بە جێدێڵن و بەرەو (ئەنقەرە) دەڕۆن بە هیوای ئەوەی لە دەرفەتێکدا بگەنە یەکێک لە وڵاتەکانی ئەوروپا، تا لە ساڵی ١٩٩٧ دەگەنە وولاتی هۆلەندا و پاش ماوەیەک چاوەڕوانی (ئیقامە - نیشتەجێبوون)، بە پەنابەری سیاسی وەردەگرن و یەکسەر لە گەل هەندێ لە هاوڕێکانی سایتێکی ئەلیکترۆنی بۆ دیراساتی کوردی دادەمەزرێنن و هەر خۆشی بەڕێوەی دەبات.

ئیحسان موفتی ساڵی ١٩٩٩ لە یەکێ لە سەردانەکانی بۆ (لەندەن) پایتەختی بەریتانیا هەلێکی کاری لە بواری ڕاگەیاندن بۆ دەڕخسێت ئەویش هەر لە بنچینەدا حەزی لە کار کردنبووە لە بواری ڕاگەیاندن و میدیاکاری هەر بێ سێ و دوو ڕازی دەبێت و دەست دەکات بە خۆ فێرکردنی سیستەمی کۆمپیوتەر و پەیوەندی ئەلیکترۆنی، (چونکە خۆ ئەو کات خەڵکانێکی زۆر کەم شارەزایان لەم بوارەدا هەبوو)، بۆیە بۆ ئەو دەرفەتێکی دڵخۆشکەر بووە کە لەدەزگایەکی ڕاگەیاندن و میدیای وەکوو (ئاژانسی یۆناتید پرێس ئینتەرناشینال UPI) ی جیهانی کار بکات و



لە ڕاستەوە ئیحسان رەشاد موفتی - کلیر بوینتن پەیامنێری بی بی سی بەریتانی
هەولێر - ١٩٩٤




یەکسەر دەورەیەکی شەش مانگی ڕاهێنان بە (ئۆن لاین) وەردەگرێت و بە سەرکەوتوویی تەواوی دەکات و دەست بەکار دەبێت وەکوو بەرپرسی هەواڵ و کاروباری تورکی و رۆژانە هەواڵ و ڕووداوەکانی تورکیا و کوردانی باکوور و باشوور کوردستان ڕوومال دەکات و بەڕاپۆرت دەینێرێت بۆ دەزگا هەواڵگەری و رۆژنامە جیهانیەکان و بە زمانی جۆرا و جۆر بڵاودەکراوە، ئەمەش گرنگیەکی زۆری هەبوو چونکە ئەو کات کوردستان و عێراق ئابلوقەی جیهانی لە سەر بوو.

بە هۆی ڕووداوە تیرۆریستیەکەی تەقینەوەی هەر دوو بارەگای پارتی دیموکراتی کوردستان و یەکێتی نیشتمانی کوردستان لە ١/شوباتی ساڵی ٢٠٠٤ کە بووە هۆی شەهیدبوونی پۆلێک لە سیاسەتمەدارانی کوردو بریندار بوونی هەندێکی تر کە یەک لەوانە سیسامەتداری کوردی بە ناوبانگ کاک (عەدنان موفتی) بوو کە برای گەورە کاک ئیحسان موفتیە، بۆیە ناوبراو کارەکانی لە (ئاژانسی یۆنایتید پرێس ئینتەرناشیۆنال UPI) هەڵدەپەسێرێت و یەکسەر دەگەرێتەوە هەولێر بۆ چاودێری و یاوەریکردنی چارەسەری پزیشکی کاک عەدنان لە ناوەو دەرەوەی وولات، لەو کاتەوە لە کوردستانە و لە سەر داخوازی زانکۆی سلێمانی بەشی میدیا و ڕاگەیاندن و چەندین جار خۆ بەخشانە سیمیناری بۆ قوتابیانی ئەو بەشە بە شێوەیەکی پسپۆڕی و پرۆفیشینالانە ئەنجام داوە و باسی لە ئیتیکێتی رۆژنامەوانی و شێوازی ڕوومال کردن و نووسینی ڕاپۆرت خوێندنەوەی هەواڵ و چەند بابەتێکی تر بە پێی ستاندارتە جیهانیەکان کردووە.

کاک ئیحسان موفتی لە تەک ئەم کارانە خەریکی کاری پارێزەری و ڕاوێژکاری یاسایی و ئەندامە لە سەندیکای پاریزەرانی کوردستان و ئەندامیشە لە یەکێتی نووسەرانی کورد، دەیەها وتار و لێکۆلینەوەی لە زۆربەی زۆری رۆژنامە و گۆڤارە کوردی و عەرەبیەکان بڵاوکردۆتەوە.

ئەو هەر لە منداڵییەوە سەوداو خولیای زمان و ئەدەب و رۆشنبیری کوردی بووە و بەردەوام لە چالاکیدا بووە چ وەکوو مامۆستا و پارێزەر چ وەکوو نووسەر و توێژەر زۆربەی کاتەکانی لە نێو پەرتوکخانە و ئەرشیفەکەی بە سەر بردووەو دەبات بۆ لێکۆلینەوە و ساغ کردنەوەی ئەو کتێبە مێژوویی و دەستخەتانەی کە لە ناو بەرگی کیتابە کۆنەکاندان هەیەتی ئەگەر خوا یار بێت بە نیازە لە ماوەیەکی کورتدا هەندێکیان بە چاپ بگەیێنێ و گرنگەکانیان ئەمانەن:

١- نامەکانی کاک ئەحمەدی شێخ بۆ گەورە زانای کوردی هەولێر حاجی عومەر ئەفەندی کوڕی مەلای گچکەی هەولێر، بە زمانەکانی کوردی و عەرەبی و ئینگلیزی لە دوو بەرگدا بە چاپ بگەیێنێت.

٢- ئەو زنجیرە بڵاوکراوانەی لە بیرەوەریەکانی ئەرشیفی ئیحسان موفتی کە بە سەر هاتی جیا جیان و لە پەیجی خۆی بڵاویان دەکاتەوە بیکاتە کیتابێک و بە چاپی بگەیێنێت.

٣- پرۆژەی چاپکردنی (دەستخەتە مێژووییەکەی مەم و زین) وەک خۆی، بۆ



**لە ڕاستەوە عەبدولخالیق زەنگەنە - ئیحسان رەشاد موفتی - د.احمد موسەوی**
**هەولێر - ١٩٩٤**

ئەوەی ببێتە سەرچاوەیەک بۆ لێکۆڵینەوە و دیراسە لە سەر کردنی لە لایەن لێکۆڵینەوەران و ئەو کەسانەی بایەخ بە ئەدەبی کوردی دەدەن.

٤- کۆکردنەوەی گشت بەڵگە مێژووییەکانی ئەرشیفی ئیحسان موفتی لە کیتبێکدا و لە چاپدانی.

٥- مەلا ئەفەندی و محازەرەکانی (١٨٦٣-١٩٤٣).

٦- مەولود نامەکەی شێخ عەلی ئەفەندی موفتی کوڕی مەلا ئەبوبەکری گچکە کە لە قەڵای هەولێر نووسراوە و دەستخەتەکەی گەنجینەیەکی ئەدەبی و مێژووی و کەلتووریە کە لە ساڵی ١٨٨٠ نووسراوە

ئیحسان موفتی لە ساڵی ١٩٧٩ هاوسەرگیری لە گەل (تارای زەید ئەحمەد) کردووە و کوڕێک و دوو کچیان هەیە بە ناوەکانی (ئەحمەد و ئاشنا و سارا)، هەر سێکیان لە وولاتی هۆلەندا خوێندنیان تەواو کردووە و خوا تەمەنی ئەم خێزانە نەسل موبارەکە درێژ بکات و هەر سەرکەوتوو و سەرفراز بن.

**تێبینی**: وێنەکان لە پەیجی کاک ئیحسان موفتی وەرگیراوە بە ڕەزامەندی خۆی هەموویان لە سەریان نووسراوە.

سەرچاوەکان: بۆ ئەم نووسینە سوود لەم سەرچاوانە وەرگیراوە :

١- کتاب الموسوعه الکبری لمشاهیر الکرد عبر التاریخ، إعداد الدکتور محمد علی الصویرکی الکردی

٢- دیمانەی کاک ئیحسان موفتی لە گەل رۆژنامەی الاهالی ساڵی یەکەم، ژمارە ١٢ ساڵی ٢٠٠٢.

٣- دیمانەی کاک ئیحسان موفتی لە گەل گۆڤاری بەدرخان لە کانونی دووەمی ٢٠٠٥.

٤- وتارێکی کاک ئیحسان موفتی دەربارەی ڕاگەیاندن و میدیا لە رۆژنامەی ڕوناکبیری لە ٢٠٠٤/٤/١٣.

٥- هەندێ زانیاری و نووسین و دارشتنی خۆم.



# هونەرمەند محەمەد جەزا

شـێواز و سـتایل و دەنگی ئـەو لـە کـەس نەدەچـوو، کەسـیش شـێواز و ستایلی دەنگی لە ئەو نەدەچوو، پێشمەرگایەتی و چەک و هونـەر و مۆسیقا و مەقاماتی کوردی ئاوێتەی یەکتری کردبوو، ڕەوانشـاد حەمە جەزا نـاوی تـەواوی (حەمـە جـەزا کـوڕی حاجی عەلی بـەگ)ە، لـە ١٩٤٩/٢/٣ لـە گەڕەکی بـازارە بچکۆلـە، هەنـدێ سـەرچاوە دەڵێـن گەڕەکـی کانێسـکان لـە شـاری سلێمانی لـە دایک بـووە، زۆربـەی ئەندامانـی بنەماڵەکەیان بـە دەنـگ خۆشـی ناسـراون، زۆر هونەرمەنـدی بەناوبانگیـان لێهەڵکەوتـووە.

حەمـە جـەزا هێشـتا قوتابی سـەرەتایی بووە خولیای گۆرانی و مۆسـیقای کوردی بووە و دەنگی خۆشبووە و مامۆستاکانی بایەخیان پێداوە، لە سـاڵی ١٩٥٨ بۆ یەکـەم جار لەسـەر شانۆی پـەروەردەی سلێمانی گۆرانی وتوە، لە سـاڵی ١٩٦٩ دەبێتـە ئەندامی تیپی هونـەر و وێژەی کوردی سلێمانی لەگـەڵ هـاوڕێ هاوتەمەنەکانـی (عوسـمان عەلـی، سـەلاح مەجیـد، حەمـەی نێرگـز) بەشـداری چەندیـن ئاهەنگی مۆسـیقا دەکات.

لـە سـاڵی ١٩٧٠ بۆ یەکەمین جار دەچێتە شـاری هەولێر و لەوێ بەشـداری لە ئاهەنگی ١٦ ئاب، ڕۆژی دامەزراندنی پارتی دیموکراتی کوردستان دەکات و لـە هەولێریـش نیشـتەجێ دەبێـت، لـە نـاو هونەرمەنـدان و ڕۆشـنبیران بـە




**حەمە جەزا تیپی هونەری هەولێر**

دەنگە خۆشەکەی دەناسرێت و ڕێزی لێدەگرن.

یەکەمین بەرهەمی تۆمارکراوی لە ساڵی ١٩٧١ بووە ئەو کاتەی لە سلێمانی گۆرانی (بیبی خانم) ی لەگەڵ چەند ئەندامێکی تیپی مۆسیقای باواجی کۆیە تۆمار دەکات، لە ساڵی ١٩٧٧ بە یارمەتی عود ژەنی گەورەی کورد رزگار خۆشناو (عیشق و ئازادی) لە هۆنراوەی شاعیری نەمر هێمن موکریانیە بڵاودەکاتەوە، کە بووە هۆی بەناوبانگ بوونی حەمە جەزا و لە ماوەی دوو رۆژدا لە سەرتانسەری کوردستان و دەرەوەی کوردستان بڵاوبووەوە و لە هەموو کۆچە و کۆڵانێکی هەموو شار و شارۆچکەکانی کوردستان دەبیسترا.



**لە لای چەپەوە: هونەرمەند رزگار خۆشناو، نە ناسراوە، حەمە جەزا، نە ناسراوە، نە ناسراوە**

حەمە جەزا لەساڵی ١٩٧٧ دوو گۆرانی و لە ساڵی ١٩٧٨ چوار گۆرانی و لەساڵی ١٩٨٠ دوو گۆرانی تر لەگەڵ تیپی هونەری هەولێر تۆمار کردووە، بە تایبەتی بە یارمەتیدان



له لای ڕاستەوە: حەمە جەزا،
هونەرمەند رزگار خۆشناو

و هاریکاریکردنی هونەرمەندانی عود ژەن رزگار خۆشناو کە لە ناویان گۆرانیەکانی (شەنگە بێری و بووکی ئازادی و جوانی ناو چیا و نالەی جودایی مامۆستا هێمن، گلەیی لە کەس ناکەم و چەندانی تر بوون) کە هەموویان بەرهەمی زۆر بە تام و چێژ بوون.

حەمە جەزا زیاتر لە (٢١٢) گۆرانی و بەستە و مەقامی تۆمار کراوی هەیە، جگە لە بەشدار بوونی لە دەیان میهرەجان وئاهەنگ و ئاهەنگی تایبەت.

لە سەرەتای ساڵی ١٩٨١ دام و دەزگاکانی رژێمی بەعس حەمە جەزایان خستبووە ژێر چاودێری






هونەرمەند حەمە جەزا بە جلی پێشمەرگایەتی

و زۆر وەڕس و هەراسانیان کرد و قەدەغەیان کرد لە گۆرانی وتن، ئەویش هەستی پێکردبوو، بۆیە لە ١٩٨١/٥/٢٣ بە نهێنی خۆی گەیاندە شاخ و بووە پێشمەرگەی کوردستان.

سەرەڕای سەختی ژیانی پێشمەرگایەتی، بەڵام ئەو هەر لە هونەر و مۆسیقا دوور نەکەوتەوە بەردەوام بوو لە چالاکیە هونەریەکانی و لەگەڵ چەند هونەرمەندێکی تر لە شاخ تیپی مۆسیقای (شەهید کارزان) یان پێکهێنا و کۆمەڵێک سروودی نیشتمانی بۆ پێشمەرگە و خەباتی رزگایخوازی کوردستان تۆمار کرد لەوانە سروودی (هۆ کاکی پێشمەگە. ....شۆڕشگێری قارەمان و مەڕۆ مەڕۆ بابە مەڕۆ)، لە کاتی ئەنفالی



حەمە جەزا و تیپی هونەر و وێژەی کوردی سلێمانی




**لە لای ڕاستەوە: هونەرمەند عارەب عوسمان، حەمە جەزا، هونەرمەند نیزام شوکر**



یەکەم و دووەم وهێرشەکانی تری حکومەتی بەعس هەموو بەیانیەکان رادیۆی دەنگی گەلی کوردستان ئەم سروودانەی لێدەدا کە ببووە هۆی بەرز کردنەوەی ورە و مەعنەویاتی هێزی پێشمەرگە و هەموو خەڵکی کوردستانیش لە ماڵەکانیان بە نهێنی ڕادیۆی شۆڕشیان دەکردەوە بۆ گوێ گرتن لەم سروودە، کە بەڕاستی ڕووی ڕاستەقینەی هێزی پێشمەرگەی دەخستە ڕوو.

حەمە جەزا لە پاش ڕاپەڕینی ساڵی ١٩٩١ لە یانەی مامۆستایانی هەولێر ئاهەنگێکی گەورەی ساز کردوو، پاشان بە خۆی و خانەوادەکەی روویان لە هەندەران کردو لە وڵاتی دانیمارک نیشتەجێ بوون، جار و



**لە لای ڕاستەوە: حەمە جەزا، هونەرمەند ناسری ڕەزازی**

باریش کە دەهاتەوە کوردستان بەشداری ئاهەنگەکانی دەکرد، لە ساڵی ٢٠٠٠ چەندین ئاهەنگی لە شارەکانی هەولێر و سلێمانی و کەرکوک و ڕۆژهەڵاتی کوردستان گێڕا و دەیان چاوپێکەوتنی رادیۆیی و تەلەفزیۆنی لەگەڵ کراوە.

هونەرمەند حەمە جەزا ساڵی ٢٠٠٧ توشی نەخۆشی شێرپەنجەی (پەنکریاس) دەبێت و بە نیازی چارەسەری دەچێتە ئەمەریکاو چەند وڵاتێکی تر، بە دەم نەخۆشیەکەی ئەتلێتەوە تاوەکو رۆژی ٢٠١٠/١٠/١ دڵە گەورەکەی لە لێدان دەکەوێت و کۆچی دوایی دەکات لە هەمان رۆژدا بە کەژاوەیەکی پڕ شکۆ و شایەستە بە ئامادە بوونی کەس و کاری و هونەرمەندان و رۆشنبیران و جەماوەرێکی زۆر لە گردی سەیوان لە شاری سلێمانی بە خاک سپێردراوە.

لە رۆژی ٢٠١٠/١٠/٣ وەزارەتی رۆشنبیری و لاوانی هەرێمی کوردستان لە هۆلی پێشەوا لە هەولێر ئاهەنگێکی ڕێزلێنان بۆ هونەرمەند حەمە جەزا بە ناونیشانی (هۆ کاکی پێشمەرگە) ساز کردوو و ڕێز لە کۆمەڵێک هونەرمەند لە هەموو شار و شارۆچکەکانی کوردستان نراوە.

هونەرمەند حەمە جەزا هەر گۆرانی بێژ نەبووە بەڵکو شاعیریش بووە، دیوانێکی گەورەی بیرەوەریەکانی و شیعری لە چاپدا و بڵاوکرۆتەوە، لە

لاپەڕە (٢٣٩) لە شاری (هێلی) لە دانیمارک لە ٢٠٠٨/١١/١٠ بە شیعرێک باسی نەخۆشیەکەی خۆی دەکات و دەڵێت:

بۆن کرِوزێ دێ لە سینەم
جگەرمە........................
هەتا شوێنی هەناسەو دڵ
زۆر لە سەرەخۆ نەرمە نەرمە
هێدی هێدی گڕ ئەسێنێ
ئازار وا گەیشتە دەستم
دەزانم دەردم گرانە
من دەردەداری شێرپەنجەم
مردن نزیکە و لیم حاڵی
دەوایەک بۆ سەرەتانم
تا ئەو کاتەی چاو لێک ئەنێم
بە هیوای خۆشی ژیانم.

تێبینی: دوو وشە لە دێری دووەمی شیعرەکە بۆم ساغ نەبووەوە، داوا لە شاعیران و هونەرمەندان دەکەم ئەگەر دەزانن و لێی دڵنیان، بۆم بنێرن هەتا چاکی بکەمەوە زۆر سوپاستان دەکەم.

سەرچاوەکان: کوردپێدیا، کوردیپێدیا - ئینسکلۆپیدیای ئازاد، چرا TV وتارێکی شێرکۆ جەلال، Home net، ئەڤین - ژن و ژیان، فلمێکی دۆکۆمێنتاری لە Youtube خوێندنەوەی فرمێسک ڕێبوار، زانیاری و نووسین و دارشتنی خۆم.



# خۆشنووس و دیزاینەر محەمەد زادە

یەکەمین خۆشنووس و نەخشەسازی کورد کە هەلگری تازەگەریی (خەتی حورِ) ە، کە کاتی خۆی نارِەزاییەکی زۆری کرا لە لایەن وڵاتانی عەرەبی و ئیسلامی، دیزاینەر و رۆژنامەنووس محەمەد زادە بە سەر دەکەینەوە.

ناوی تەواوی (محەمەد عوسمان عەزیز عوسمان مەلا زادە) یە، کە بە محەمەد زادە ناسراوە، لە ساڵی ١٩٤٦ لە گەڕەکی خانەقای شاری هەولێر لە دایک بووە، خوێندنی سەرەتایی و ناوەندی و دواناوەندی لە هەولێر تەواو کردووە، لە ساڵی ١٩٧١- ١٩٧٢ بەشی زمانی کوردی لە کۆلێژی ئادابی زانکۆی بەغدا تەواو کردووە.

یەکەمین دەستپێکی محەمەد زادە لە کۆتایی ساڵی ١٩٦٩ بووە کە وەکو خۆشنووس لە گۆڤاری (رۆناکی) کە ئەو کات پاشکۆی رۆژنامەی (النور) بووە کە مامۆستای نەمر (عەبدولرەحمان زەبیحی) ناسراو بە مامۆستا (عولەما) سەرپەرشتی کردووە لە شاری بەغدا دەردەچوو، بەڵام بە داخەوە ئەم گۆڤارە تەمەنی کورت بووە.

لە ١٩٧٠/١/٩ لە ژمارە (سفر) ی رۆژنامەی هاوکاری کە لە بەغدا دەردەچوو دەست بەکار بووە و لە ئاداری هەمان ساڵ لەگەڵ هاورێیانی




له لای ڕاستەوە: نەجات ئەنوەر خەتات، نووسەر نەجات خۆشناو، محەممەد زادە

نووسـەر و ڕۆژنامەنووسـان هـەر یەکـە لـە (سـەربەسـت بامەڕنـی و جەلالـی میـرزا کەریـم و عەبدوڵـڵا عەبـاس و سـەلاح ئاکرەیـی وەک نەخشەکێشـی لاپـەڕەکان و خۆشـی وەک بەرپرسـیاری هونـەری و خۆشنووسـی یەکەمیـن دەسـتەی نووسـەرانی ڕۆژنامـەی هـاوکاری بـووە، ناوبـراو هـەر بـەردەوام بـووە لـەم ڕۆژنامەیـە تـا سـاڵی ۱۹۸۰، لـە هەمـان کاتیشـدا وەکـو خۆشـنووس و نەخشەسـاز و بەڕێوەبـەری هونـەری بـووە لـە ڕۆژنامـەی (التأخـی) تـا داخسـتنی لـە سـاڵی ۱۹۷٤.

محەمـەد زادە وەکـو خۆشـنووس و نەخشەسـاز و ڕۆژنامەنـووس لـە ژیانی کار کردنی خۆی وا دیارە بە دوو قۆناغ دا تێپەڕیوە، یەکەمیان لە کۆتایی ساڵی ۱۹٦۹ تا ۱۹۸۰ لە شاری بەغـدا کـە لـەم ڕۆژنامـە و گۆڤارانـە دەسـت بـە کار بـووە (ڕۆژنامـەی برایەتـی، گۆڤـاری بەیـان، زانسـت، ڕۆژی کوردسـتان، ڕۆشـنبیری نـوێ، دەفتـەری کـوردەواری، ڕۆژنامـەی -


اكاديمية مصر للتدريب و التنمية
E.A.F.T.A.D
لا حدود بين المبدعين
المركز الدولي لرواد الفن التشكيلي / فرع العراق


شهادة شكر و تقدير

الفنان / ة الأستاذ محمد زاده

نفتخر ان نمنح شهادة شكر و تقدير و بمناسبة تشكيل الأدارة الجديدة ل ( مركز الدولي لرواد الفن التشكيلي / فرع العراق ) و نشكر جهودكم المبذولة خلال فترة عمركم الفني من النشاطات و الفعاليات الفنية و نثمن خدمتكم للفن و الأنسانية .. و الله الموفق

محسن اسماعيل ياسين
نائب رئيس الفرع

رێزلێنانی ناوبراو



الجمهوریة - ی عەرەبی، - یۆرد - ی تورکمانی، چەندانی تر).

قۆناغی دووەم لە ساڵی ١٩٨٢ لەگەڵ دەرچوونی یەکەمین ژمارەی گۆڤاری (کاروان) کە ئەمینداریێتی گشتی رۆشنبیری و لاوان لە هەولێر دەریدەکرد لەگەڵ هاورێکانی حوسێن عارف و نووسەران ڕەوانشاد عەزیز حەریری و ڕەوانشاد سەردار حەمید میران و عەلی خورشید و ڕەوانشاد شێخ جەعفەر وەکو بەڕێوەبەری هونەری و خۆشنووس و نەخشەساز دەست بەکاربوو تا ساڵی ١٩٩٠.

ناوبراو هەر لەگەڵ دەرچوونی یەکەم ژمارەی (تەندروستی و کۆمەڵ) لە لایەن ئەمنیداریتی گشتی تەندروستی وەکو بەڕێوەبەری هونەری تا ساڵی ١٩٩٠ لەوێش دەست بە کار بووە.

محەمەد زادە هەر لە سەرەتای ڕاپەڕینی ساڵی ١٩٩١ وەکو خۆشنووس



**لە لای ڕاستەوە ؛ شاعیر مەدحەت بێخەو، نووسەر عەزیز حەریری، رۆژنامەنووس عەبدوڵڵا جوندی، محەمەد زادە، نووسەر سەگڤان یوسفی، ڕەوانشاد دوکتۆر نافع ئاکرەیی**



ڕێزلێنانی ناوبراو

و نەخشەساز و بەڕێوەبەری هونەری ڕۆژنامەی خەبات و برایەتی و گۆڤاری کادیر بووە، لە سەرەتای دامەزراندنی ڕۆژنامەی کوردستانی نوێ بەشداری کردووە لە (٤٠) ژمارە وەکو خۆشنووس و نەخشەساز.


ناوبراو بەرەگی زیاتر لە (١٢٠٠) کتێبی کوردی و بیانی و (١٥٠٠) پۆستەر و فۆلدەر و ڕیکلامی جۆراوجۆر وەکو خۆشنووس و نەخشەساز ئەنجام داوە.

محەمەد زادە لە کۆتایی ساڵی ٢٠٠١ پیشانگایەکی تایبەتی بۆ ساز کراوە لە میانەی ئەو پیشانگا فراوانەی کە دەزگای چاپ و بڵاوکردنەوەی ئاراس ڕێکیخستبوو بۆ خستنە ڕووی نەخش و نووسینی کتێبەکان کە زیاتر لە (٦٠) کتێب بە دەستنووس و نەخشەسازی زادە بووە.

محەمەد زادە بە دەست و پەنجە ڕەنگینەکەی زیاتر لە پەنجا ساڵە خزمەتی نووسین و خەت و نەخشەسازی کتێب و ڕۆژنامەگەری کوردی دەکا، بۆیە چەندین جار ڕێزی لێندراوە لەلایەن دەزگا ڕۆشنبیریەکانی کوردستان وا هەندێکیان دەخەمە ڕوو:




لە ١٩٩٢/٤/٢٢ بە بۆنەی یادی (٩٤) ساڵەی دەرچوونی ڕۆژنامەی کوردستان لە هۆلی کۆلێژی ئەندازیاران خەڵات و ڕێزی لێندراوە، لە ١٩٩٩/١١/٢٩ بە بۆنەی یادی (٥) ساڵەی دامەزراندنی کۆمەڵەی خۆشنووسانی کوردستان خەڵات و ڕێزی لێندراوە، لە ٢٠٠٥/٤/٢٢ خەڵات و ڕێزی لێندراوە لە لایەن دەزگای چاپ و بڵاوکردنەوەی بەدرخان لە دهۆک، لە ٢٠١٠/١٢/١٩ لە لایەن سەنتەری بزاڤی ڕۆشنبیرانی نوێخواز لە شاری




زادە لە ساڵی ١٩٥٩

هەولێر خەڵات و ڕێزی لێندراوە، لە ٢٠١٢/٤/٢٢ وەزارەتی ڕۆشنبیری و لاوان بە هەماهەنگی لەگەڵ سەندیکای ڕۆژنامەنووسانی کوردستان و زانکۆی سەلاحەدین لە هۆڵی پێشەوا خەڵات و ڕێزی لێندراوە،.

محەمەد زادە یەکەم خۆشنووسی کورد بووە لەگەڵ چەند خۆشنووسێکی عێراقی و عەرەبی بۆ یەکەم جار هەڵگری نوێخوازی و تازەگەری بووینە ئەویش بەکارهێنانی شێوازی (خەتی حور) کە ئەو کات نارەزاییەکی زۆری لێکەوتەوە لەلایەن وڵاتانی عەرەبی و ئیسلامی، بەڵام ئەو هەر بەردەوام بوو لەسەر ئەو ڕێبازە تا ئێستاشی لەگەڵدا بێت.

ناوبراو بەو هەموو ئەزمونەی کە هەیەتی لە بواری خۆشنووسی و نەخشەسازی باوەڕی وایە (هونەرمەند بە گشتی و خۆشنووس و نەخشەساز بە تایبەتی ئەمڕۆ دەبێت هەوڵ بدات خۆی لەگەڵ جیهانی کۆمپیوتەر و (ئای تی) بگونجێنێ تاوەکو زیاتر لە کارە هونەرییەکان سەرکەوتوو بێت، ئەگەر نا. . خۆی لە کونجی تاریکی دەبینێتەوە و بەرەو پێشکەوتن ناچێت).

ناوبراو پاش ماندوو بوون و گەڕان و سوڕانێکی زۆر بە دوای مێژووی سەرهەڵدانی نووسینی و تیپی عەرەبی هونەری خۆشنووسی کە زیاتر لە هەشت ساڵی خایاندووە، توانی سەرکەوتووانە کتێبێک بەرهەم بێنێت بە ناوی (الكتابة العربية و فنونها. . اصلها و فصلها) کە بریتیە لە (٣٣٦) لاپەڕەی A٤ ی ڕەنگاوڕەنگ کە (٥٠) تابلۆی خۆی تیایە، ناوەڕۆکی خودی کتێبەکە وەرگێردراوەتە سەر زمانی ئینگلیزیش، کە باسی سەرهەڵدانی خۆشنووسی و ڕێنووسی عەرەبی دەکات و لەگەڵ لێکۆڵینەوەیەک سەبارەت بە ڕۆڵی نەتەوەکانی تر وەکو کورد و تورک و فارس لەسەر ڕێنووسی عەرەبی، بەڵام زادە گلەیی و گازاندەی هەیە کە کۆمەڵەی خۆشنووسان و



لایەنە پەیوەندیدارەکان زۆر بایەخیان بە کتێبەکەی نەداوە.



لە لای ڕاستەوە: زادە، کیڤان بارزانی

محەمەد زادە ئەندامی کۆمەڵەی خۆشنووسانی کوردستان و ئەندامی کارای خۆشنووسانی عێراقی و ئەندامی سەندیکای هونەرمەندانی کوردستان و ئەندامی کارای سەندیکای ڕۆژنامەنووسانی کوردستان و لە ساڵی (١٩٧٠)وە ئەندامی سەندیکای ڕۆژنامەنووسانی عێراقە. I. J. U وەکو خۆشنووس و نەخشەساز و ئەندامە لە (الاتحاد العام للصحفيين العرب) F. A. J وەکو خۆشنووس و نەخشەساز، وە ئەندامە لە (منظمة الصحفيين العالمين) J. O. L. وەکو خۆشنووس و نەخشەساز و ئەندامە لە (منظمة الصحافة الدولية) J. F. I. وەکو خۆشنووس و نەخشەساز.

محەمەد زادە لە ٢٠٠٩/٢/٢٢ خانەنشین بووە، بەڵام هەر بەردەوامە لە بواری خۆشنووسین و نەخشەسازی وەکو حەز و ئارەزووی خۆی.

زادە خێزاندارە و کچێک و دوو کوڕی هەیە خوا خۆی و ماڵ و منداڵەکانی تەمەن درێژ و سەرکەوتوو و سەرفراز بکات.

بۆ ئەم نووسینە سوود لەم سەرچاوانە وەرگیراوە: ژیاننامەی ناوبراو کە لەسەر داخوازی من بۆی ناردووم سوپاسی دەکەم، زانیاری و نووسین و داڕشتنی خۆم.




# نەوزاد عەلی ئەحمەد

نـەوزاد عەلـی ئەحمـەد لـە سـاڵی ١٩٦٤ لـە شـاری هەولێـر لـە دایـک بـووە، هەمـوو قۆناغەکانـی خوێندنـی لـە هەولێـر تـەواو کـردووە، بڕوانامـەی بەکالۆریۆسـی لـە ئـەدەب و زمانـی کـوردی لـە بەشـی کـوردی کۆلێـژی ئەدەبیاتـی زانکـۆی سـەلاحەدین سـاڵی ١٩٨٧ وەرگرتـووە و لـە سـاڵی ٢٠٠٠ ماستەریشـی لە ئەدەبیاتـی کوردی لە زانکۆی سلێمانی وەرگرتووە، ئێستاش خوێنـدکاری دوکتۆرایـە لـە بـواری ئەدەبـی کـوردی لـە زانکـۆی سـلێمانی، لـە تـەک کارکردنـی وەکـو ڕاوێـژکاری کاروبـاری ڕۆشـنبیری لـە پەرلەمانـی کوردسـتان .

دەسـتپێکی نووسـینی ئەدەبـی نـەوزاد عـەلی ئەحمـەد لـە سـاڵی ١٩٨٢ بـووە، لـە سـاڵی ١٩٨٦- ەوە دەسـتی کـردووە بـە بڵاوکردنـەوەی چـەنـد بابەتێکـی ئەکادیمـی لـە گۆڤـاری (ڕۆشـنبیری نـوێ ) ئـەو کات ئـەو گۆڤـارە ئاسـتێکی زانسـتی بـەرزی هەبـوو، لـە سـاڵەکانی ٢٠١٦ - ٢٠١٨ بـە هەشـت بابەتـی زانسـتی ئەکادیمـی لـە کۆنفراسـی زانسـتی زانکۆکانـی (سـلێمانی، زاخـۆ، ڕاپەڕیـن، کۆیـە، سـەلاحەدین) بەشـداری کـردووە ، ناوبـراو زمانەکانـی کـوردی و عەرەبـی و سـویدی دەزانێـت .

یەکەمینجـار وەکـو کاری ڕۆژنامەنووسـی سـاڵی ١٩٨٩ ماوەیەکـی کـورت



**له لای ڕاستەوە :**
**پرۆفیسۆر عیزەدین مستەفا رەسوڵ ،**
**نەوزاد عەلی ئەحمەد**



**له لای ڕاستەوە :**
**شاعیر نەوزاد عەلی ئەحمەد**
**شاعیری نەمر شیرکۆ بێکەس**

لـه هەفتەنامـەی وەرزشـی (کاروانـی وەرزش) دەسـت بەکاربـووە، وەکـو میدیاکاریش لـە سـەرەتای دامەزراندنی تەلەفزیۆنی گەلی کوردستان وەکوو بێژەر کاری کردووە و دواتر بۆتـە لێپرسـراوی بەشـی هـەواڵ و لێپرسـراوی بێژەرەکانیش بووە، لـە مانگی شـەشـی ساڵی ١٩٩٢ گوازراوەتـەوە ڕۆژنامـەی کوردسـتانی نوێ و ( ٢٠ ) سـاڵ کاری تێداکردووە و لە هەر سێ وێستگەکانی ئـەو ڕۆژنامەیـە (سـلێمانی، هەولێـر، سـتۆکهۆلم ) کاریـی کـردووە و دواپلـەی لـە ڕۆژنامەکـەدا ئەندامـی دەسـتەی نووسـەران و لێپرسـراوی لاپـەڕەی (٨ ، ٩) بـووە، ئەندامـی یەکێتیـی نووسـەرانی کـورد و ئەندامـی سـەندیکای ڕۆژنامەنووسـانی کوردسـتان و فیدراسیۆنی ڕۆژنامەنووسـانی نێودەوڵەتییە .

نـەوزاد عەلـی ئەحمـەد ئەندامـی دەسـتەی نووسـەرانی گۆڤـاری (ئێسـتا) ی ئەدەبـی و مانگنامـەی ( هاوپەیمانـی)ی بـووە و لـە ڕۆژنامـەی بـەرەی کوردستانیش کاری کردووە، زیاتر لـە (٢٥٠٠) بابەتی ئەدەبی و توێژینـەوەی ئەکادیمـی و پارچـە شـیعری لـە بەشـی هـەرە زۆری ڕۆژنامـە و گۆڤـارە کوردییـەکان بڵاوکردۆتـەوە لەوانـە (هـاوکاری، بەیـان، ڕۆشـنبیری نـوێ، ڕۆژی کوردسـتان، کاروان، پاشکۆی عێراق، ڕەنگین، ئاسـۆ –ی بەغدا، بزاڤ، کاروانـی وەرزش، کۆنگـرە، بـەرەی کوردسـتانی، ئـاڵای شـۆڕش، ڕێـگای کوردسـتان، کوردسـتانی نوێ، خابـور، کازیـوە، الاتحـاد، هەرێـم، سـەرهەڵدان، ئـاڵای ئـازادی، هەولێـر، پەڕەسـێلکە، قـەڵا ، ڕێبـازی ئـازادی، ئێسـتا، گەڵاوێـژی

نوێ، وێران، هاوپەیمانی، هاموون، ئاران، بوون، ئەمڕۆ، تایم، ڕێبازی نوێ، ڕێبازی خوێندکاران، هەرێمی کوردستان، سەکۆ، ئاسۆی سلێمانی، لاوان، ڕۆژنامەنووسان، ڕۆژنامەنووس، ژین، کوێستان، لڤین، خاڵ).

نەوزاد عەلی ئەحمەد زیاتر لە ( ٧٨ ) کتێبی لە بوارەکانی ئەدەب و شیعر و لێکۆڵینەوە و بابەتی ئەکادیمی و زۆر بابەتی تر لە بەشی زۆری دەزگای چاپ و پەخش و بڵاوکراوەکانی کوردستان و دەرەوەی وڵات لە چاپ داوە و بڵاویکردوونەتەوە:

١- پۆلووی ژووری نووتەک، شیعر، بەغدا١٩٨٥.

٢- ساکەدەشت، شیعر، بە یارمەتی ئەمینداریتی گشتی ڕۆشنبیری و لاوان چاپکراوە، بەغدا ١٩٨٨.

٣- مرۆڤ و تابووت، شیعر، هەولێر ١٩٩١.

٤- یەکێتی نووسەرانی کورد یان یەکێتی نووسەرانی کوردستان، لێکۆڵینەوە، هەولێر ١٩٩١.

٥- بازنەکانی مردن، شیعرێکی درێژ، هەولێر ١٩٩٣.

٦- پاڵتۆی حزب، شیعر، هەولێر-١٩٩٥.

٧- بەرەو سەرەتا، لێکۆڵینەوە، لە بڵاوکراوەکانی پڕۆژەی زاموا، سلێمانی ١٩٩٨. دووەمین چاپ هەمان ساڵ لەسەر ئەرکی نووسەر.

٨- بیبلیۆگرافیای هەردوو گۆڤاری نووسەری کورد و نووسەری کوردستان،



**ستافی کوردستانی نوێ ساڵی ١٩٩٧.**



بە هاوبەش، لە بڵاوکراوەکانی وەزارەتی رۆشنبیری، سلێمانی ١٩٩٨.

٩- کێشەی ئاو لە رۆژهەڵاتی ناوەڕاستدا، لێکۆڵینەوە- ئامادەکردن، لە بڵاوکراوەکانی بەشی رووناکبیری، مەکتەبی ڕێکخستنی یەکێتیی، سلێمانی ١٩٩٨.

١٠- منداڵ و ئەدەب، لێکۆڵینەوە، چاپی یەکەم، سلێمانی ١٩٩٨. چاپی دووەم، لە بڵاوکراوەکانی کتێبخانەی سۆران، سلێمانی٢٠٠٦

١١- شەبەک (مێژوو، ئاین، سەرژمێر) لێکۆڵینەوە- وەرگێڕان، لە بڵاوکراوەکانی بەشی رووناکبیری مەکتەبی ڕێکخستنی یەکێتیی، سلێمانی ١٩٩٩.

١٢- گۆڤاری گزنگ- لێکۆڵینەوەو بیبلیۆگرافیا، لە بڵاوکراوەکانی دەزگای چاپ و پەخشی سەردەم، سلێمانی ١٩٩٩.

١٣- مامۆستا ئیبراهیم ئەحمەد و رۆژنامەی خەبات، لێکۆڵینەوە، سلێمانی ٢٠٠٠.

١٤- کوردستانی نوێ- یەکەمین رۆژنامەی رۆژانەی راپەڕین، لێکۆڵینەوە، لە بڵاوکراوەکانی رۆژنامەی کوردستانی نوێ، سلێمانی ٢٠٠١.

١٥- شۆڕشی رۆژنامە- رۆژنامەی شۆڕش، لێکۆڵینەوە، لە بڵاوکراوەکانی کۆمەڵەی خوێندکارانی کوردستان، سلێمانی٢٠٠١.

١٦- رابەری رۆژنامەگەریی نهێنی کوردی ١٩٦١-١٩٩١، بیبلیۆگرافیا، لە بڵاوکراوەکانی وەزارەتی رۆشنبیری، سلێمانی ٢٠٠١.

١٧- رۆژنامەی کورد رۆژنامەی سێپتەمبەر، لێکۆڵینەوە، سلێمانی ٢٠٠٢.

١٨- رۆژنامە و جەنگ، وتار، لە بڵاوکراوەکانی بەشی رووناکبیری مەکتەبی ڕێکخستنی یەکێتیی، سلێمانی ٢٠٠٣.

١٩- رۆژنامەگەریی یەکێتیی نیشتمانیی کوردستان لە دەرەوەی کوردستان، لێکۆڵینەوە، لە بڵاوکراوەکانی رۆژنامەی کوردستانی نوێ، سلێمانی ٢٠٠٤.

٢٠- رابەری ڕۆژنامەگەریی نهێنی کوردی ١٩٢٣-١٩٦٠، لە بڵاوکراوەکانی بەڕێوەبەرایەتی چاپ و بڵاوکردنەوە، سلێمانی٢٠٠٤.

٢١- کێشەی ویلایەتی موسڵ لە دوو ڕۆژنامەی سلێمانیدا، لێکۆڵینەوە، لە بڵاوکراوەکانی شارەوانی سلێمانی، سلێمانی٢٠٠٤.

٢٢- هونەرەکانی ئەدەب لە ڕۆژنامەگەریی نهێنی کوردیدا ١٩٦١-١٩٩١، لە بڵاوکراوەکانی زنجیرە کتێبی ڕووناکبیری مەکتەبی ڕێکخستنی یەکێتیی، سلێمانی ٢٠٠٥.

٢٣- ڕۆژنامە لە کتێبدا، بەرگی یەکەم، لێکۆڵینەوە، لە بڵاوکراوەکانی بەڕێوەبەرایەتی چاپ و بڵاوکردنەوە، سلێمانی ٢٠٠٨.

٢٤- ڕۆژنامەگەریی خوێندکارانی کورد لە ئەوروپا و ئەمریکادا ١٩٤٩-١٩٩٠، لێکۆڵینەوە، لە بڵاوکراوەکانی سەنتەری کوردۆلۆجی، سلێمانی ٢٠٠٨.

٢٥- ئەرشیفکردنی وێنە لە بواری ڕاگەیاندن و ڕۆژنامەگەریی، عامر ئیبراهیم قەندیلچی، وەرگێڕان، لە بڵاوکراوەکانی خانەی وەرگێڕان، سلێمانی ٢٠٠٨.

٢٦- خەبات، ئۆرگانی پارتی دیموکراتی کوردستان، لە بڵاوکراوەکانی بنکەی ژین، سلێمانی ٢٠٠٨

٢٧- ئەستێرە؛ یەکەمین گۆڤاری نهێنی بۆ منداڵانی کورد، لە بڵاوکراوەکانی



**ساڵی هەشتاییەکان لەگەڵ پۆلێك لە هاوڕێکانی**

دەزگای ناوەندی ڕاگەیاندنی یەکێتیی نیشتمانیی کوردستان، کەرکوک ٢٠٠٨.
٢٨- پارتی دیموکراتی کوردستان لەنێوان کوتەک و تەسلیم بووندا، لە بڵاوکراوەکانی دەزگای چاپی بەدرخان، هەولێر ٢٠٠٩.
٢٩- الصحافة الاتحاد الوطني الكردستاني في اوروپا ١٩٧٦- ١٩٨٣، من منشورات مركز ژين، سليمانية ٢٠٠٩.
٣٠- کۆمەڵێک بەڵگەنامەی کۆمەڵەی خوێندکارانی کورد لە ئەورووپا ١٩٦٣- ١٩٧٣، لە بڵاوکراوەکانی بنکەی ژین، سلێمانی ٢٠٠٩.
٣١- ڕۆژنامە لە کتێبدا، بەرگی دووەم، لێکۆڵینەوە، لە بڵاوکراوەکانی بەڕێوەبەرایەتی چاپ و بڵاوکردنەوە، سلێمانی ٢٠٠٩.
٣٢- صحافة الحزب الديمقراطي الكردستاني، خارج الوطن "في الاشهر الأخيرة من ثورة أيلول" من منشورات مركز ژين، السليمانية ٢٠١٠.
٣٣- پشکۆیەک لە خۆڵەمێشدا- بەشێکی گرنگ لە ژیاننامەی هۆمەر شێخمووس، سوید ٢٠١٠، چاپی دووەم، سلێمانی ٢٠١٨
٣٤- سەرەتای کاروانەکە، بەڵگەنامەی دانسقە، لە بڵاوکراوەکانی ڕۆژنامەی کوردستانی نوێ، سلێمانی ٢٠١١.
٣٥- مافی چارەی خۆنووسین لە ئەدەبیاتی یەکێتیی نیشتمانیی کوردستان، لە بڵاوکراوەکانی ئەکادیمیای هۆشیاری و پێگەیاندنی کادران- یەکێتیی نیشتمانیی کوردستان، سلێمانی ٢٠١١.
٣٦- هەواڵنامەی کوردستانی عیراق، لە بڵاوکراوەکانی ئەکادیمیای هۆشیاری و پێگەیاندنی کادران- یەکێتیی نیشتمانیی کوردستان، سلێمانی ٢٠١١.
٣٧- خەبات، لسان الحزب الديمقراطي الكردستاني، السويد ٢٠١١.
٣٨- کوردستان، گۆڤاری کۆمەڵەی خوێندکارانی کورد ١٩٥٨-١٩٧٤، لە بڵاوکراوەکانی؛ پڕۆژەی هاوبەشی: ئەکادیمیای هۆشیاری و پێگەیاندنی کادران- بنکەی ژین، سلێمانی ٢٠١١.
٣٩- ئاڵا، بڵاوکراوەی یەکێتیی نیشتمانیی کوردستان/ ئەمریکای باکوور، لە بڵاوکراوەکانی ئەکادیمیای هۆشیاری و پێگەیاندنی کادران- یەکێتیی نیشتمانیی کوردستان، سلێمانی ٢٠١١.








بەرهەمەکانی

٤٠- کتێبێکی تر بۆ کوردستانی نوێ، لێکۆڵینەوە، لە بڵاوکراوەکانی رۆژنامەی کوردستانی نوێ، سلێمانی ٢٠١٢.

٤١- کۆمەڵە؛ ئۆرگانی کۆمەڵەی رەنجدەرانی کوردستان، لە بڵاوکراوەکانی ئەکادیمیای هۆشیاری و پێگەیاندنی کادران و بنکەی ژین، سلێمانی ٢٠١٢.

٤٢- بیبلیۆگافیای کتێبی نهێنی یەکێتیی نیشتمانیی کوردستان، لە بڵاوکراوەکانی مەکتەبی راگەیاندنی یەکێتیی نیشتمانیی کوردستان، سلێمانی ٢٠١٢.

٤٣- چوار رۆژنامە لە چوار مەڵبەند، لە بڵاوکراوەکانی مەکتەبی راگەیاندنی یەکێتیی نیشتمانیی کوردستان، سلێمانی ٢٠١٢.

٤٤- نووسەری نوێ؛ گۆڤاری یەکێتی نووسەرانی کوردستان/ لقی هەولێر "شاخ"، لە بڵاوکراوەکانی یەکێتی نووسەرانی کورد/ لقی هەولێر، هەولێر ٢٠١٢.

٤٥- راپەڕین، ئۆرگانی کۆمەڵەی مارکسی-لینینی کوردستان/ ئەورووپا، لە بڵاوکراوەکانی مەکتەبی راگەیاندنی یەکێتیی نیشتمانیی کوردستان، کەرکوک ٢٠١٣.

٤٦- ئەرکی نوێ، بڵاوکراوەی یەکێتیی نیشتمانیی کوردستان لە ئەورووپا، لە بڵاوکراوەکانی مەکتەبی راگەیاندنی یەکێتیی نیشتمانیی کوردستان، کەرکوک ٢٠١٣.










**بەرهەمەکانی**

٤٧- هەواڵنامەی کوردستان لە ئەوروپا، لە بڵاوکراوەکانی ڕۆژنامەی کوردستانی نوێ، کەرکوک ٢٠١٣.

٤٨- ئینسکلۆپیدیای یەکێتیی نیشتمانیی کوردستان، چاپی یەکەم، بەرهەمی هاوبەشە، لە بڵاوکراوەکانی ئەکادیمیای هوشیاری و پێگەیاندنی کادیران- یەکێتیی نیشتمانیی کوردستان، سلێمانی ٢٠١٣.

٤٩- کتێبی سەردەریا، شیعر، لە بڵاوکراوەکانی یەکێتی نووسەرانی کورد- مەڵبەندی گشتی، هەولێر ٢٠١٣.

٥٠- بەشێک لە بەرهەمەکانی د.کەمال فوئاد، لە بڵاوکراوەکانی ئەکادیمیای کوردی، هەولێر ٢٠١٣.

٥١- ذ سپارک "THE SPARK"، ئۆرگانی یەکێتیی نیشتمانیی کوردستان بە زمانی ئینگلیزی، لە بڵاوکراوەکانی ڕۆژنامەی کوردستانی نوێ، کەرکوک ٢٠١٣

٥٢- ڕۆژنامە لە کتێبدا، بەرگی سێیەم، لە بڵاوکراوەکانی دەزگای چاپ و بڵاوکردنەوەی نما، هەولێر ٢٠١٣.

٥٣- وەرەوە برادەر وەرەوە، نامەکانی عومەر شێخمووس بۆ شێرکۆ بێکەس، هەولێر ٢٠١٣.

٥٤- بیبلیۆگرافیای ڕۆژنامەگەریی نهێنی یەکێتیی نیشتمانیی کوردستان ١٩٧٥-١٩٩١، لە بڵاوکراوەکانی ڕۆژنامەی کوردستانی نوێ، کەرکوک ٢٠١٤.

٥٥- رۆژنامە لە کتێبدا، بەرگی چوارەم، لەسەر ئەرکی بەڕێوبەرایەتی چاپخانەی رۆشنبیریی سەر بە وەزارەتی رۆشنبیری و لاوان چاپکراوە، چاپخانەی وەزارەتی رۆشنبیری، هەولێر ٢٠١٤.
٥٦- دەنگی یەکێتی، بڵاوکراوەی یەکێتیی نیشتمانیی کوردستان – لقی ئەوروپا، لە بڵاوکراوەکانی مەکتەبی راگەیاندنی یەکێتیی نیشتمانیی کوردستان، هەولێر ٢٠١٥.
٥٧- الكادر، مجلة الحزب الديمقراطي الكردستاني، اربيل ٢٠١٥.
٥٨- دەنگدان لە دەرەوە، لێکۆڵینەوە، لە بڵاوکراوەکانی سەنتەری توێژینەوەی پەرلەمانی کوردستان، هەولێر، ٢٠١٥.
٥٩- کەمال، رێزلێنان لە شەست ساڵی خەباتی هەڤاڵ د. کەمال فوئاد، بە هاوبەشی لەگەڵ رۆژنامەی کوردستانی نوێ، لە بڵاوکراوەکانی لیژنەی ساڵڕۆژ، سلێمانی ٢٠١٥.
٦٠- رۆشنبیری، بڵاوکراوەی یەکێتیی شۆڕشگێڕانی کوردستان، هەولێر ٢٠١٦.
٦١- کتێبخانە، نووسینی: ئیبراهیم ئەمین باڵدار، ئامادەکردنەوە، هەولێر ٢٠١٦.
٦٢- مجلة صرخة كردستان، المجلد الاول، من منشورات جريدة كوردستاني نوى، سليمانية ٢٠١٧.
٦٣- مجلة صرخة كردستان، المجلد الثاني، من منشورات جريدة كوردستاني نوى، سليمانية ٢٠١٧.
٦٤- رۆژنامە لە کتێبدا، بەرگی پێنجەم، لە بڵاوکراوەکانی سەندیکای رۆژنامەنووسانی کوردستان- لقی سلێمانی، بە کۆمەکی بۆردی سلێمانی پایتەختی رۆشنبیری، سلێمانی ٢٠١٧.
٦٥- دایە شیعر قەدەغەیە، شیعری شاعیری شەهید بارزان عوسمان، ئامادەکردنەوە، سلێمانی ٢٠١٧.
٦٦- بڵاوکراوەی ناوخۆی کۆمەڵەی رەنجدەرانی کوردستان، لە بڵاوکراوەکانی سەنتەری ئایدیا، سلێمانی ٢٠١٧.
٦٧- بەشێکی تر لە بەرهەمەکانی د.کەمال فوئاد، کتێبی دووەم، لە بڵاوکراوەکانی ئەکادیمیای کوردی، هەولێر ٢٠١٧.

٦٨- جمرة تحت الرماد، مذكرات عمر شيخمووس، ترجمة: ياسين حسين، السليمانية ٢٠١٧. طبعة ثانية، مصر القاهرة ٢٠١٨. طبعة ثالثة، قامشلو ٢٠٢١.

٦٩- چریکەی کوردستان (گۆڤار)، بەرگی سێیەم، لە بڵاوکراوەکانی ڕۆژنامەی کوردستانی نوێ، سلێمانی ٢٠١٨. دوو بەرگەکەی تر یەکێتی نووسەرانی کورد- لقی سلێمانی ساڵی ٢٠١١ ئامادەی کردووە و چاپی کردووە.

٧٠- ڕاپەڕین گۆڤاری کۆمیتەی سەرکردایەتی هەولێر- یەکێتیی نیشتمانیی کوردستان، ڕۆژنامەی کوردستانی نوێ بڵاویکردۆتەوە، سلێمانی ٢٠١٩.

٧١- سەنگەر گۆڤاری مەڵبەندی ٢ی یەکێتیی نیشتمانیی کوردستان، ڕۆژنامەی کوردستانی نوێ بڵاویکردۆتەوە، سلێمانی ٢٠١٩.

٧٢- سروشت یەکەمین گۆڤاری نهێنیی زانستی منداڵان، ڕۆژنامەی کوردستانی نوێ بڵاویکردۆتەوە، سلێمانی ٢٠١٩.

٧٣- هەڵوێست گۆڤاری مەڵبەندی ٤ی یەکێتیی نیشتمانیی کوردستان، ڕۆژنامەی کوردستانی نوێ بڵاویکردۆتەوە، سلێمانی ٢٠١٩.

٧٤- گۆڤاری پێشمەرگە پاشکۆی گۆڤاری "ڕاپەڕین"ی هەولێری یەکێتیی نیشتمانیی کوردستان، ڕۆژنامەی کوردستانی نوێ بڵاویکردۆتەوە، سلێمانی ٢٠١٩.


٧٥- ژیانی ڕێکخراوەیی مان، کۆمەڵەی ڕەنجدەرانی کوردستان، ڕۆژنامەی کوردستانی نوێ بڵاویکردۆتەوە، سلێمانی ٢٠١٩


٧٦- کوردستان ڕۆژنامەیەکی سیاسی ڕۆژانەیە ١٩٦١، بە هاوبەشی لەگەڵ د. هیمداد حوسێن، لە چاپکراوەکانی ڕۆژنامەی کوردستانی نوێ، سلێمانی ٢٠١٩

٧٧- شنروێ- ئاسۆگە، یەکەمین گۆڤاری هەڵەبجە، لێکۆڵینەوە، لە بڵاوکراوەکانی سەندیکای ڕۆژنامەنووسانی کوردستان- لقی هەڵەبجە، سلێمانی ٢٠٢١

٧٨- باڵیۆزی کوردایەتی، کتێبێکی هاوبەشە، لە بڵاوکراوەکانی مەودا میدیا، سلێمانی ٢٠٢٠

ناوبراو پەیوەندییەکی زۆر باشی لەگەڵ شاعیر و ڕۆشنبیرانی کورد







بەرهەمەکانی

لە هەموو کوردستان هەیە، لە ١٣ / ١١ / ٢٠٢١ لەگەل دوو هاوڕێی خۆی سەردانی نووسەر و ڕۆژنامەنووسی کوردپەروەر مومتاز حەیدەریان کردووە، خۆ ئەگەر نووسەر و ڕۆژنامەنووس مومتاز حەیدەری خاوەنی گەورەترین پەرتوکخانە بێت لە کوردستان ئەوا نەوزاد عەلی ئەحمەد خاوەنی گەورەترین ئەرشیفی ڕۆژنامەی کۆن و نوێ و نهێنی و ئاشکراکانی کوردستانە.

نەوزاد عەلی ئەحمەد جگە لەوەی ڕووناکبیرێکی ئەکادیمییە لە دونیا شیعریش جێ پەنجەی دیارەو شیعرەکانی زۆر بە تام و چێژن و خوێنەر پەلکێش دەکات تا بە تەواوی هەمووی دەخوێنێتەوە .

ناوبراو خێزاندارە و دوو منداڵی هەیە خوا تەمەنی خۆی و ماڵ و منداڵەکانی درێژ بکات و هەر سەرکەوتوو و سەرفرازبن .

وا لە خوارەوە چەند پارچە شیعری شاعیر و نووسەری کوردپەروەر نەوزاد عەلی ئەحمەد- تان بۆ دەنووسمەوە:

گوێ لە ناڵەی شەرم بگرە،
تک تک تەنافی گرتووە
وەک لاشەی ئەو ئەوینەی،
تەنیا تاریکی ناسیوە
گوێ رادێرە بۆ ئاگرێک،

لە پەرداخی ژەهر دەچێت
رازی کڕنووش داباریيە و،
دیسان چرا دەوەرێنێت
* * *
نە بزەی سەر لێوی میوانێک
نە دەستی شەقاری برینێ،
ناتوانن ببن بە گلارەی بارانێک
نە ڕەنگی تەریوی هەناسەی گەزەنگێک
ناتوانێ گۆزەی شکاوی عاشقێک،
پڕ بکات لە قفلی حەیرانێک
ڕۆژگار ئازاری گرتووە
شەوگار ئەستێرەی بردووە
* * *
دەستی ئەم منداڵە بگرن
خۆر لە سنگی حەشار دراوە
ڕێگا بۆ ئەم گوڵە چۆڵ کەن
زەردەخەنە دەورەی داوە
ڕوو لە شکۆی مرۆڤ بکەن
سێبەری شەڕ، تێی ئاڵاوە
چاو لە نەخشی جوانی بکەن
بانگەوازی نێو سێبەرە، داگیرساوە
* * *
ئاخۆ شەپۆڵ،
سەما بە هەناسەت دەکا؟
ئاخۆ سەمفۆنیای جگەرە،
لەم هەورازە سەرت دەخا؟

مێژوو دەروونێکی شێتە،
ڕەنگی ئاگری گرتووە
ئەو تارمایی لە ئامێزە و،
خەندەی گوڵی نەناسیووە

* * *

چاوەڕێ مەکە!،
دەرگا، لە دەرگات بدات
ئەو ناتوانێت پەنجەی تەوارێک بژەنێت
کە سەمای سامبا جوانتر دەکات
ئەو، ئاوازەکانی ڕەزی شکاندوە و
لاسکی ئاوریشمی،
بە ئاگر سپاردووە
سووتان ڕیتمی خامۆش بوونە
وەک ڕەشەبا،
دڵی کانیاوی بردووە

* * *

دێوانە تەمبوورێک دەژەنێت،
شەرابە بۆ چاوت،
زیکری جاهیدە،
نوورە بۆ حاڵت
خەیاڵی برسی یە،
شووشەی مەراقە،
وەک پەنجەی داربەڕوو،
زامە بۆ باڵت

* * *

فڕین بەرەو کێڵگەی چاوەروانی
تەنیا ئاشنا بوونە،

به زایەڵەی دەنگێکی نووساو
خۆ تۆ کچی نالی نیت،
رایەخی تلوع راخەیت و
چاو لە سەحەرێکی تر بکەیت
ئەویش جەنگەڵە لە چەشنی
رەزی سووتاو
ئەویش کۆتەڵە لە چەشنی
قەڵای رووخاو

* * *

وەک قەلەڕەشی دەم باران
دادەبارێ،
وەرزێک نەماوە بۆ ژوان
ئەو ساکەدەشتی دوای ئەنفالە،
ئومێدێک نەماوە بۆ ئاوێزان
ئەو لە گوڵ دەدوێ
گوڵاڵە دەکوژێ
لە ئاشتبوونەوە دەدوێ
هەڵاڵە دەکوژێ

سەرچاوەکان :

بۆ نووسینی ئەم باسە سوود لەم سەرچاوانە وەرگیراوە : وێنەکان و ژیاننامەی شاعیر و نووسەر و رۆژنامەنووس نەوزاد عەلی ئەحمەد لە سەر داخوازی من بۆی ناردووم ، سوپاسی دەکەم ، زانیاری و نووسین و دارشتنی خۆم .



# شاعیرو نووسەر نازم دڵبەند

شاعیر و نووسەر ومیدیاکار و رۆژنامەنووس و سیناریۆنووس نازم دڵبەند.

ناوی تەواوی (نازم حوسێن حەسەن)ە، بە نازم دڵبەند ناسراوە، لە سەرەتای پەنجاکان خێزانەکەیان لە گوندی (دوستەپەی) سەر بە ناوچەی (شەمامک) هاتوونەتە شاری هەولێر و لە گەڕەکی تەیراوە نیشتەجێ بووینە،، لە ساڵی ١٩٥٤ لە هەولێر لە دایک بووە و لە تەمەنی حەوت ساڵیدا چۆتە قوتابخانەی مەولەوی سەرەتایی و تا پۆلی سێیەمی لەوێ خوێندووە، لە بەر ئەوەی زۆربەی کەس و کارەکانیان لە گەڕەکی کوران بووینە بۆیە ئەوانیش گواستیتیانەوە گەڕەکی کوران و خوێندنی سەرەتایی و ناوەندی لە قوتابخانەی ئازادی کوڕان تەواو کردووە، وەکو خۆی دەڵێت: (هەر لە پۆلی پێنجەمی سەرەتاییەوە کەوتۆتە ژێر کاریگەری شێوازی دەرس وتنەوەی مامۆستای دەرسی مێژوو مامۆستا (کاکە ئەحمەد مەلا شەریف)، حەزی چۆتە خوێندن و خوێندنەوە، بە تایبەتی کتێبی ئەدەبی و شیعر)، هەر ئەو کات گڕوگاڵی شیعر نووسینی کردووە و لە هەمان کاتدا هاتوچۆی



لە لای ڕاستەوە: هونەرمەند خەلیل وەندی، هونەرمەند ناسر حەسەن، ڕەوانشاد تایەر تۆفیق، نازم دڵبەند

(چایخانەی بێخاڵ)ی عوسمان دەرگەلەیی کردووە کە ئەوێ شوێنی دانیشتن و کۆبوونەوەی کۆمەڵێک شاعیر و ڕووناکبیر بووە لەوانە شاعیر عەبدوڵڵا پەشێو، شەهید جەمیل ڕەنجبەر، شاعیر سەعدوڵڵا پەرۆش و محەمەد حەسەن مەنگوڕی و شەهید یوسف دەرگەڵەیی و نووسەر و ڕووناکبیر هیوا سەرهەنگ و جەوهەر کرمانج و چەندانی تر)، کە ئەمەش هاندەرێکی تر بووە بۆ ناوبراو کە بەردەوام بێت لە خوێندنەوە و تێکەڵبوون بە نووسەر و رۆشنبیران، لە سەرەتای حەفتاکان ڕۆژنامەی هاوکاری هەفتانە دەردەچوو دیارە بۆتە سەرچاوەی خوێندنەوەو خۆپەروەردەکردنی لە رووی زمان و ئەدەب و شیعرەوە، ئەو چەند جارێک هەوڵی داوە چەند پارچە شیعرێک لە بەرهەمەکانی لە ڕۆژنامەی هاوکاری بڵاوبکاتەوە لەو سەردەمیدا، بەڵام سەرنەکەوتووە،



لە لای ڕاستەوە: هونەرمەند شێرزاد سەرسپی، نازم دڵبەند

ئەمـەش ورەی نەهێناوەتـە خـوارەوە بەڵکو
زیاتـر سـووربووە لەسـەر هەوڵەکانـی خـۆی
تـا بـۆ یەکەمیـن جـار سـاڵی ١٩٧٢ یەکـەم
نۆبـەرەی شـیعری خـۆی لـە ڕۆژنامـەی (ژیـن)
ی کاکـەی فـەلاح بڵاوکردۆتـەوە.

نـازم دڵبەنـد نـەک هـەر وەکـو شـاعیر
بەڵکـو وەک ڕۆژنامەنووسـیش لـە سـەرەتای
حەفتـاکان دەسـتبەکار بـووە، ئـەو کاتـەی لـە
سـاڵی ١٩٧٤ بۆتـە پەیامنێـری بڵاوکـراوەی
(ڕۆشـنبیری نـوێ)ی سـەردەمی ڕەوانشـاد
دوکتـۆر ئیحسـان فوئـاد کـە بەڕێوەبـەری
گشـتی ڕۆشـنبیری کـوردی بـوو لـە بەغـدا،
یەکـەم ڕیپۆرتـاژی ڕۆژنامەوانـی لەگـەڵ هونەرمەندانـی هەولێـر بـووە دەربـارەی
بەشـدار بوونیـان لـە یەکـەم فیسـتیڤاڵی هونـەری کـوردی کـە لـە بەغـدا سـازدرا،
دواتـر ماوەیەکیـش بۆتـە پەیامنێـری ڕۆژنامـەی هـاوکاری، ناوبـراو خـۆی بـە
قوتابـی قوتابخانـەی هـاوکاری دەزانێـت لـە بـواری ڕۆژنامەگـەری، هـەر لـە
هەمـان سـەردەم ماوەیەکیـش پەیامنێـری ڕادیـۆی کـوردی بەغـدا بـووە.



**لە لای ڕاستەوە: شاعیر ڕەوانشاد سەعدوڵڵا پەرۆش ، نازم دڵبەند.**



**لە لای ڕاستەوە: هونەرمەند وەلید مەعروف، نازم دڵبەند، هونەرمەند بەکر مەعروف**

نازم دڵبەند هەر لەو کاتەوە تا ئێستا بەردەوامە لە نووسینی شیعر و وتارو لێکۆڵینەوە و دیمانەی ڕۆژنامەوانی و لە زۆربەی زۆری ڕۆژنامەو گۆڤارە کوردیەکاندا بەرهەمی خۆی بڵاوکردۆتەوەو لەوانە (ژین، هاوکاری، نووسەری کورد، ڕۆشنبیری نوێ. .. چەندانی تر).

نازم دڵبەند خاوەنی سێ دیوانی شیعریە کە ئەمانەن: (عەشق - لە ساڵی ١٩٨٦، ئەرێ بە بیرت دێمەوە ؟ لە ساڵی ٢٠٢٠، ئازارت لە ئازاری من ئەچێ ساڵی ٢٠٢١).

نازم دڵبەند هەر شاعیر و ڕۆژنامەنووس و بێژەر نەبووە، بەڵکو سیناریۆنووسی شانۆ و دراماش بووە، لە ساڵی ١٩٨١ شانۆگەری (لاس و خەزاڵ) ی نووسیووە کە هونەرمەندی دەرهێنەری شانۆ سەباح عەبدولڕەحمان کاری دەرهێنانی بۆ کردووە و لە پاشان وەکو دراما هونەرمەند ناسر حەسەن دەرهێنانی تەلەفزیۆنی بۆ کردووە، هەروەها شانۆگەری (خەج و سیامەند) کە هونەرمەند ڕەوانشاد تەلعەت سامان کاری دەرهێنانی بۆ کردووە، درامای (فرمێسک) کە





لە لای ڕاستەوە: ئەکرەم خامۆش، هونەرمەند سەباح عەبدولڕەحمان، نازم دڵبەند



لەلای ڕاستەوە: هونەرمەند مەزهەری خالقی، نازم دڵبەند

هونەرمەند بەکر مەعروف دەرهێنانی تەلەفزیۆنی بۆ کردووە، ئێستاش لە نووسینی درامای (چایخانەی عەبۆ) بۆتەوە کە لە (١٠٠) حەڵقە پێکهاتووە، کە باس لە مێژووی کۆمەڵایەتی و سیاسی و ڕووناکبیری و باوەشکردنەوەی هەولێرییەکان دەکات بۆ ئەو کەس و میوانانەی لە دەوروبەری شاری هەولێر هاتوونەتە ناو شار، بەشی یەکەمیشی بریتیە لە (٣٠) حەڵقە.

نازم دڵبەند لە پاش ڕاپەڕینی ساڵی ١٩٩١ ەوە یەکێک بووە لە یەکەمین ستافی ڕۆژنامەی ڕۆژانەی (کوردستانی نوێ) کە ماوەی (٣٠) ساڵە بە بەردەوامی دەردەچێ، بەردەوام دەیان وتارو لێکۆڵینەوەو ڕیپۆرتاژی تیا بڵاوکردۆتەوە، بە بەردەوامیش لە ڕۆژنامەی بەدرخان وتار و گۆشەنووسی بڵاوکردۆتەوە کە ڕۆژگارێک ئەم ڕۆژنامەیە چرایەکی گەشی ڕۆژنامەنووسی بوو لە هەولێرهەروەها بۆ ماوەی



لە لای ڕاستەوە: نازم دڵبەند، نە ناسراوە، هونەرمەند ناسر حەسەن



**لەلای ڕاستەوە: نووسەر و شاعیر عەبدولڕەحمان فەرهادی، سمکۆ عەبدولکەریم،**
**شاعیر نەوزاد ڕەفعەت، شاعیر نازم دڵبەند، شاعیر مەسعود پەرێشان،**
**نووسەر و شاعیر نەوزاد عەلی ئەحمەد**

دوو ساڵ بەرنامەی (ڕۆژێ لە ڕۆژان و میوانی تەلەفزیۆنی لە تەلەفزیۆنی گەلی کوردستان پێشکەش کردووە کە دیداری ڕووناکبیرو هونەرمەندان بوو.

بیرەوەریەکانم لەگەڵ شاعیر و ڕۆژنامەنووس و میدیاکار نازم دڵبەند دەگەڕێتەوە بۆ زیاتر لە (٥٠) ساڵ، هەر لە کۆتایی ساڵی شەستەکانەوە و دواتر لە سەرەتای حەفتاکانی سەدەی ڕابووردوو کە لە بەغدا لە رادیۆی کوردی بێژەر بووم کاک نازم دڵبەند ماوەیەک پەیامنێری رادیۆیەکە بوو، لە سەرەتای ساڵی ١٩٧٧ کە هاتمە ئەمینداریێتی ڕۆشنبیری و لاوان لە هەولێر، ناوبراو لە بەشی زۆری ئەو چالاکیە هونەرییانەی کە ئێمە ڕێکماندەخست بەشدار دەبوو، ئەو لە خۆشەویستی بۆ زمان و ئەدەبی کوردی و هونەر و هونەرمەندان وەکو خۆبەخش یارمەتی و هاریکاری کردووین، لەو چالاکیانەی کە نازم دڵبەندی شاعیر و میدیاکار یارمەتی منی داوە (لە ساڵی ١٩٧٨ ئاهەنگێکی تایبەتیمان بۆ هونەرمەندی گەورەی کوردستانی باکوور ئایشە شان لە یانەی فەرمانبەرانی کۆن کە (ئێستا ڕووخاوەو بۆتە بازاڕی نیشتمان)، ساز کرد، کە هونەرمەندان ڕەوانانشاد ڕەسوڵ گەردی و حەیدەر بەقاڵیش تیا بەشدار بوون، کاک نازم دڵبەندو ڕەوانشاد هونەرمەند واحید مەرجان و بەندە بەشی زۆری ئاهەنگەکەمان بە

سەرکەوتوویی گێڕا، هەر لە ساڵی ١٩٧٨ دیسان ئاهەنگێکی ترمان لە هۆڵی گەل بۆ ڕێزلێنانی هونەرمەندان سازکرد دیسان بەندە و هونەرمەند چەتۆ حەسەن و نازم دڵبەند وەکو (عریف حەفل) بەشی زۆری ئاهەنگەکەی گێڕا، لە ساڵی ١٩٨٤ ئەو کاتەی کاک شامل مەردان ئاغا بەڕێوەبەری ڕۆشنبیری جەماوەری هەولێر بوو بە وەکالەت، ئاهەنگێکی تایبەتیمان بۆ ڕێزلێنانی هونەرمەند محەمەد عارف جزراوی ساز کرد لەمەشیان نازم دڵبەند وەکو (عەریف حەفل) ئاهەنگەکەی گێڕا، بۆ مێژوو من ئەوە دەنووسمەوە لە هیچ لەو کارانەی کە یارمەتی ئێمەی دەدا هەر هەمووی لە دڵسۆزی خۆی و خۆبەخشانە بوو، بە خەیاڵم نایەت یەک جاریش موکافەئەیەکمان کردبێت.

نازم دڵبەند یەکێکە لەو نووسەر و شاعیرە چالاکانەی کوردستان بە گشتی و هەولێر بە تایبەتی وەکو دیارە ڕۆژانە نووسین و بڵاوکراوەی لە ڕۆژنامە کوردیەکاندا هەیە، هەر تەمەن درێژ بێ و قەڵەمەکەشی بە بڕشتر بێت.

نازم دڵبەند ئەندامە لە:

١. یەکێتیی نووسەرانی کورد
٢. سەندیکای ڕۆژنامەنووسانی عێراق
٣. ڕۆژنامەنووسانی کوردستان
٤. ڕۆژنامەنووسانی نێودەوڵەتی
٥. تیپی هونەری هەولێر
٦. سەرۆکی لقی هەولێری کۆمەڵەی هونەرە جوانەکانی کورد بووە.

وا پارچە شیعرێکی شاعیر نازم دڵبەند- تان بۆ دەنووسمەوە:

من لەمەودوا چی بنووسم. .؟؟
من لەمەودوا بە کوێی جوانیەکانی تۆ هەڵدەم. .؟؟
من هەڵەیەکی زۆرم بۆ تۆ کرد
تا سوژدە بۆ ئەهریمەنەکەی تۆ نەبەم. .؟؟
تۆش ئەمنت لەم شەڕەی خۆتا بەریکرد. ..!!
نە گوێت لە شەرمەزاری منیشا گرت. ..

بۆیە دەڕۆم سەر هەڵدەگرم
چیتر هیچ چاو و رووم نەما
لەسەر مێزی ئەوانە دانیشم
کە تۆ منت وا فێرکردبوو، نەکەی
هەرگیز دەست بۆ پێکی ئەوانە بەی
کەچی هەر خۆت ئەمڕۆ لەگەڵ شاکانیانا
پێک هەڵدەدەی. ..!!!
بۆچی واتکرد. ..من لەمەودوا چێ بنووسم
کوێی جوانی تۆ لە خۆم هەڵسووم؟؟

سەرچاوەکان: بۆ نووسینی ئەم باسە سوود لەم سەرچاوانە وەرگیراوە:
ژیاننامەی ناوبراو کە لەسەر داخوازی من بۆی ناردووم سوپاسی دەکەم، زانیاری و نووسین و داڕشتنی خۆم.




# رۆژنامەنووس حەمید بەدرخان

نووسەر و رۆژنامەنووس و ڕووناکبیری کوردپەروەر کاک حەمید بەدرخان، ناوی تەواوی (حەمید ئەبوبەکر ئەحمەد)ە بە حەمید بەدرخان ناسراوە، بە ڕەچەڵەک خەلکی گوندی (مەلاکاغە) ی سەر بە ناحیەی کەندیناوە و لە عەشیرەتی گەلاڵیە، لە رۆژی ١ / ٧ / ١٩٦٧ لە گەڕەکی کورانی شاری هەولێر لە خانەوادەیەکی کورد پەروەر لە دایک بووە .

خوێندنی سەرەتایی لە قوتابخانەی زانیاری و ناوەندی لە قوتابخانەی ناوەندی کوران و دواناوەندی لە (اربیل) ی هەولێری شەوان تەواو کردووە، کۆلێژی (الادارة و الاقتصاد - ئابووری و کارگێڕی) لە زانکۆی سەلاحەدین تەواو کردووە .

حەمید بەدرخان هەر لە تەمەنی لاوێتیەوە خولیای ئەدەب و رۆشنبیری و رۆژنامەوانی کوردی بووە، سەرەڕای تەواو کردنی کۆلیژی ئابووری و کارگێڕی بەلام ڕووی کردۆتە جیهانی نووسین و رۆژنامەوانی، زیاتر لە ٣٠ ساڵ لە بواری نووسین و رۆژنامەوانی کاری کردووە و زیاتر لە ٤٠ وڵات دەورەی رۆژنامەوانی بینیووە و هەموو توانای خۆی خستۆتە خزمەت کردن لەم بوارەدا بە تایبەتی بڵاوکردنەوە و لە چاپدان،




نامەیەکی کراوە بۆ ئەنجوومەنی وەزیران
کێ خەریتە عوسمانلییەکەی کەرکووکی کوردستانی دا بە مام جەلال؟

سەرنووسەری گۆڤاری (رۆژنامەنووس)ی سەندیکای رۆژنامەنووسان بووە، لە ساڵەکانی ٢٠١٢ - ٢٠١٣ وە ئەندامی فیدراسوێنی رۆژنامەنووسانی نێو دەولەتیە، ماوەی (٢٠) ساڵ لە چاپخانەکانی پەوەردە ٢ لە هەولێر و رۆشنبیری و زانکۆی سەلاحەدین و سولەیمانی کاری سەرپەرشتی کردنی چاپکراوە کوردیەکان کردووە، لە ساڵی ٢٠١٧ خانەنشین کراوە .

لە ژیانی رۆژنامەگەریدا لە ساڵی ١٩٩١ ئەندامی دەستەی نووسەرانی



رۆژنامەی (پەیامی نویێ) بووە، لە ٢٢ / ١٠ / ٢٠٠٠ تا وەکوو ئێستا خاوەنی ئیمتیاز و بەڕێوەبەر و بەرپرسی دەزگای چاپ و بڵاوکردنەوەی بەدرخان و سەرنووسەری هەفتەنامەی بەدرخان بووە، سەرپەرشتی لە چاپدانەوەی سەرجەم ژمارەکانی رۆژنامەی کوردستانی (دایک) کە لە ساڵی ١٨٩٨ لە قاهیرە و تاران کردووە .

ئەندامی لیژنەی باڵای سەرپەرشتاری گشتی چاپکردنی ئینسکلۆپیدیای هەولێر بووە کە ماوەی (٥) ساڵی خایاندووە، ناوبراو خاوەنی کۆمەڵێک بەرهەمی بە نرخ و گرنگە کە ئەمانەن: (ڕاپەڕینی جەماوەری کورد لە کوردستانی






# دانیال میتران: بۆ سەردانی بریندارەکان چوومە نەخۆشخانە، وا هەستمکرد کە لێم توورەن، بەڵام ئەوان دڵی منیان دەدایەوە




عێراق ساڵی ١٩٩١، لە مزگەوتی سەید نیزامی لە مهاباد نووسراوە و لە ئینتیشاراتی محەمەدی لە سەقز لە چاپ دراوە، فەرهەنگی وێنەدار بۆ منداڵان لە سێ بەرگدا، چۆنیەتی گەڕانەوەی جووتیاران بۆ زێدی خۆیان، نیو سەدە لە ژیان و زانستی دوکتۆر ئاورەحمانی حاجی مارف -هاوبەش، ئەلبوومی ڕۆژنامەنووسانی کوردستان - هاوبەش ٢٠٠٦ - ٢٠٠٧، زمانەک و دۆ زاراڤ - سەلاح سەعدوڵڵا، گوڵی کێوی ماڵئاوایی لێکردین، ئینسکلۆپێدیای هەولێر (١٠) بەرگ زیاتر لە (٥٠٠٠) لاپەڕەیە - هاوبەش لە بەیروت لە چاپدراوە، مارف خەزنەدار دنیایەک لە کتێب و مەملەکەتێک لە وشە، ئەلبوومی بەدرخانیەکان، بیرەوەریەکانی

هەولێریەکی ڕەسەن – فازیل پیرداود، ماجەرای مەحمود زامدار – هاوبەش، ئەبوبەکر خۆشناو – قەلەم و تفەنگ و شاخ – هاوبەش، خالید جووتیار میتۆلۆژیای – هاوبەش، ئیدریس شەیداهۆ – کاتێک قەڵا پێدەکەنێ، کەمال فوئاد پیاویک لە یاقوت، بیرەوەریەکانی ئەسعەد خەیلانی – هاوبەش، بیرەوەریەکانی حەسەن مستەفا ئامادەیە بۆ چاپ، سیاحەتنامەی بەدرخانیەکان (١٢) بەرگ ئامادەیە بۆ چاپ، بریارەکانی شارەوانی هەولێر بۆ ساڵانی ١٩٣٥ – ١٩٣٦ و ١٩٥٥ – ١٩٥٦ ئامادەیە بۆ چاپ) .

دەزگای بەدرخان بە مەبەستی پردی ڕووناکبیری تا ئێستا زیاتر لە (١٢٠) نووسەر و رۆژنامونووسی کورد بانگهێشتی دەرەوەی وڵات کردووە بۆ ئالوگۆرکردنی بیرو راو پێکەوە کار کردن، دەزگای چاپ و بڵاوکردنەوەی بەدرخان دەزگایەکی هونەری و رۆشنبیریە لە ساڵی ٢٠٠٠ لە سولەیمانی














دامەزراوە، تا ئێستا (١٣) ڤیستیڤالی بەدرخان کراوە یەکەم لە سولەیمانی ٢٠٠٤ و دووەم لە دهۆک ٢٠٠٥ و سێیەم لە هەولێر ٢٠٠٦ و چوارەم لە بەرلین - ئەلمانیا و پێنجەم لە قاهیرە - میسر و شەشەم لە یۆنان - ئەثینا و حەوتەم لە ئەمەریکا - واشنتۆن و هەشتەم لە فەرەنسا - پاریس و نۆیەم لە جۆرجیا - بەدلیسی و دەیەم لە ئۆکرانیا - کییف و یانزەهەم لە ئیرلەندا - دبلن و دووانزەهەم لە ئیتالیا - بولزانۆ و سیانزەهەم لە پاریس و لە هۆلەنداش بە هاوبەشی لە گەل ڕێکخراوی (چەپک) .

کاک حەمید بەدرخان لە ساڵی ٢٠١٧ دەزگای چاپ و بڵاوکردنەوەی بەدرخانی گۆڕیووە بۆ ئەکادیمیای بەدرخان بۆ توێژینەوە و ڕۆژنامەوانی و کەلتوور .

ناوبراو ئێستا لە ئەلمانیا دەژیت و دوو کچ و کوڕێکی هەیە خوا تەمەن درێژیان بکات بۆ خۆشی سەرکەوتن و سەرفرازی لە یەزدانی گەورە ئاواتەخوازم .

وێنەکان: هەمووی ناوبراو بۆی ناردووم .

سەرچاوەکان: هەندێ زانیاری کاک حەمید بەدرخان بۆی ناردووم، زانیاری و نووسین و دارشتین خۆم



# فەرید زامدار

**ئەو دەمەی شیعرێ دەنووسم**
**وەک مێش هەنگوین خۆشم دەمرم**
**کە پەپولەش شیعرێ لە سەر**
**پەڕەکانی خۆم دەنوسێ**
**بێ گومان خوێنی یەکتر هەلدەمژن**

شاعیر و نووسەر و پێشمەرگە و شێوەکار نەمر کاک فەرید زامدار، ناوی تەواوی (فەرید بەکر ئەیوبە) بە ڕەچەڵەک لە عەشیرەتی گەورەی شکاکە و پاش هەرەس هێنانی شۆرشی سمکۆی شکاک لە ئێران بنەماڵەکەیان هاتوونەتە کوردستانی خواروو لە هەولێر نیشتەجێ بووینە، ناوبراو لە ساڵی ١٩٥٢ لە شاری هەولێر لە دایکبووە و هەموو قۆناغەکانی خویندنی لە هەولێر تەواو کردووە و لە کۆتایی شەستەکانی سەدەی رابردووش دەستی بە نووسینی شیعر کردووە و بە هەردوو زمانی کوردی و عەرەبی لە هەمان کاتدا شیعر و ئەدەب و سیاسەتی تێکەڵاو بە یەکترکردووە و ئەندام بووە لە یەکێتی قوتابیانی کوردستان و شاعیرێکی نوێخوازەو بەداهینەری ناو ڕووبەری شیعری هاوچەرخی کوردی دادەنرێت ئەوەتە هەر بە خۆی دەڵیت (ئەوەندەی باوەڕم بە سەلیقەی زمان و سەلیقەی روحیانەتی وشەو سەلیقەی مۆسیقایی خۆڕسکی شیعری هەیە، ئەوەندە باوەڕم بە

ڕێزمان و زانستی زمان نییە)، هەروەها زۆر باوەڕی بە جوگرافیای شیعر نەبوو خۆشی پێنەبەستوتەوە ئەوەتا دیسان دەڵێت (نەمامی شیعر لە شوێنێ دەچێنرێت و لە ناوچەکی دیکە شین دەبێ و لە ناوچەیەکی تریش دەدوورێتەوە..) و لە بارەی شیعر نووسینەوە دەڵێت: (نووسین، شێوەیەکە لە شێوەکانی کڕنۆش بردن بۆ وەحی روح تا حالەتی ڕووحانیەتی شیعر پێنەگاو دروست نەبێ، شاعیری ڕەسەنیش دروست نابێت).

ناوبراو لە شاعیرە یاخی بووەکانی سەردەمی حەفتاو هەشتاکان دەژمێردرێت، ئەو رازی نەبووە بە شیعری ئەوکات، بۆیە ڕووی لە نوێخوازی ئازادی شیعر نووسین کردووە و لە شیعرەکانی زۆر چەمکی دژەکانی بەکار هێناوە، بۆ نموونە شیعرێکی بۆ هەڵەبجە نووسیوە بە ناوی دوکەل و گوڵ، ناوبراو قەلەمی زۆر لا پیرۆز و گرنگ بووە ئەوەتا دەنووسێت (قەلەم نیشتمانە، لە هەر شوێنێکی دونیا قەلەمێک بشکێ، منیش دەشکێم، قەلەمێک زیندانی بکرێ، منیش لەوێم، قەلەمێک ئازار بدرێ، ژانەکەی دەگاتە ڕوحی منیش،. ... هتد)، بۆیە لە سەرەتای هەشتاکان کە دەبێتە پێشمەرگە هەمیشە قەلەم و کاغەزی پێبووە لە بۆردومانی تەیارە




**فەرید زامدار، هونەرمەند کاک عومەر دزەیی، نووسەر و ڕۆشنبیر کاک هیوا سەرهەنگ لە ئەرشیفی هاوڕێ ئازیزم کاک هیوا ئیسماعیل سەرهەنگ وەرگیراوە.**





و تۆپیَ رژێمی ئەوسای عیراقیش ئەو هەر بەردەوام بووە لە نووسینی شیعرەکانی.

زامدار زیاتر لە ١٠ بەرهەمی شیعری چاپکراوی هەیە، وەکو شێوەکاریش حەوت پێشانگای کردۆتەوە رەسم و تابلۆکانی تیایا نمایش کردووە، لە بەرهەمە چاپکراوەکانی (أطیاف مضیئە، ئۆکتاڤیا پێکە خوداییەکانی لاتەریکدا، ئیمزایەکی بزر بە قەلەمی شاعیرێک، ئەنیمامۆندی، بارانی چل شەوە، بروسکەی هەوری مەبەست، بیَ ناونیشان، پێناس، دەریاچەی ئاگر، گەردون لە پێلانیکی ستیویدا، لە شەڕی یەک دەقەییدا، من هو الثوری-شۆرشگێڕ کێیە، میکۆکۆسم، ناوچەیەک لە ژوورە دزراوەکە) وە چەندین ووتارو نووسینی لە رۆژنامە و گۆڤارە کوردیەکان بڵاوکردۆتەوە، ماوەیەک سەرۆکی ئۆفیسی سەندیکای رۆژنامەنووسانی کوردستان لە سلێمانی بووە و ئەندامی یەکێتی نووسەرانی کورد بووە، و هەندیَ لە بەرهەمەکانی وەرگێڕ دراوەتە سەر زمانی عەرەبی و فارسی و ئینگلیزی، ماوەیەک کاری میدیایی کردووە و ڕاوێژکاری



فەرید زامدار: بە جلی پێشمەرگایەتی




سەرۆک کۆمار سەرکردەی نەمر مام جەلال بووە، ناو براو لە ماوەی پەنجا ساڵ نووسین هەوڵی نوێبوونەوە و بە زمانێکی جودا نووسیویەتی، بۆیە جەختی لە سەر ئەوە کردۆتەوە کە ئەو کاتەی دەنووسێت بیر ناکاتەوە بەڵکو ئەو کاتەی نانۆسێت بیردەکاتەوە، هەمیشە وەکوو رۆشنبیرێکی جدی سەوداو مامەلە لە گەل شیعر و تێکستەکان کردووە، شاعیر و نووسەری کورد پەروەر کاک ناڵە حسن لێکۆلینەوەیەکی تێرو تەسەلی لە سەر هەندێ لە شیعرەکانی فەرید زامدار کردووە لە کتێبێکدا بە ناوی (گەیشتن بە ڕووبەری شیعر)، لە وانە پارچە شیعرەکەی زامدار کە بە ناوی ئارمیدەیە، وا بۆتان دەنووسمەوە:

**دەرژاو**
**دەکرایەوە**
**دەهات و**
**دەتوایەوە**
**پێدە بوو**
**دەکوژایەوە**
**دادەنیشت و**
**دەکشایەوە**
**ڕادەماو ، ڕادەوەستا**
**ناوی خۆی لە نێو چاویا دەشاردەوە**
**بە تەنیا بۆ بنجکێک ، دادەماوە**
**بە بووژانەوە، لێڵ دەبوو**
**بە کوژانەوە، پێ دەبوو**

خەمی گەورەی ئەو شاعیرە بەرزە نوێکردنەوە و بیرکردنەوەکی نوێ بوو لە شیعردا، زۆر گەل و نیشتمانەکەی و قەلەم و کاغەزی خۆشدەویست،








بۆیە لە فلمێکی دۆکۆمینتاریدا خۆی دەڵێت (کوڕەکەی خۆم کردووە بە قەلەمێک و کچەکەم بە کتێبێک و هاوسەرەکەم بە دەفتەرێکی ڕەسم)، ئەم شاعیرە نەمرە زۆر ئامانجی بوو گەلەکەی بگات بە سەربەخۆیی زۆریش لە گەڵ مەسەلەی ڕیفراندۆمی کوردستان بوو، بەڵام داخی گرانم نەخۆشیەکەی تەنگی پێهەڵچنی بوو، لە کاتژمێری ١١,٤٥ شەوی ٢٠١٩/٧/٢١ کۆچی دواییکرد وماڵئاوایی لە خانەوادەکەیی و هەموو ئازیزانی کرد دووا وشەم بۆ کاک فەرید زامدار ئەوەیە پێی دەڵێن تۆ هەمیشە و هەرگیز زیندووی لە دڵی هەموو شاعیر و ئەدەب دۆستانی کوردستان، بنووە بە ئارامی گۆڕەکەت پڕ گوڵ و گوڵزار و نورو ڕەحمەت بێت.

تێبینی: وێنەکان ١- وێنە یەک و هەندێ زانیاری لە کوردیپیدیا وەرگیراوە، هەندێک لە وێنەکانی شاعیر فەرید زامدار و چاپکراوەکانی لە فلیمیکی دۆکۆمینتاری کەنالی کوردستان ٢٤ کە لە ڕۆژی ٢٠١٩/٩/٢٦ بڵاوکراوەتەوە، نووسین و داڕشتنی خۆم.



## رەسول گەردی

حەیران لە دەشتی هەولێر و قەراج و کەندێناوە و مورکییە و شەمامک تام و چێژێکی تایبەتی هەبووە و هەیە بۆیە گۆرانی و مەقام و بەستە و حەیرانبێژی گەورەی کورد بەسەر دەکەینەوە ئەویش رەوانشاد رەسول بێزار گەردیە، ناوی تەواوی (ڕەسول ئیبراهیم سولتانە)، لە ساڵی ١٩٢٢ لە گوندی قەڵادگەی نزیک شاری هەولێر لە دایکبووە، هێشتا هەر منداڵبووە باوکی کۆچی دوایی کردووە، لە پاشان دوو برای هەبووە ئەوانیش کۆچی دووایییان کردووە و ناچار بووە بێتە شاری هەولێر، لای پلکێکی ژیاوە دەستی کردووە بە کاسبی بۆ بژێوی ژیانی و دەردەسەری و نەهامەتیەکی زۆری دیووە لە خۆی بێزار بووە، بۆیەش هەر ناز ناوی (بێزاری) بۆ خۆی هەڵبژاردووە، ناوبراو لە شاری هەولێر چۆتە بەر خوێندن و خوێندەوارێکی ڕووناکبیر بووە و هەر لە منداڵیەوە هەستی بە دەنگ خۆشی خۆی کردووە و خولیای گۆرانی و مەقام و بەستە و حەیران بووە، لە هەموو ئەم بوارانە خۆی تاقیکردۆتەوە و بۆی دەرکەوتووە کە لە حەیرانبێژی زیاتر سەرکەوتوو بووە، بۆیە بەردەوام بووە لە حەیرانبێژی و ناو و ناوبانگێکی گەورەی لە هەموو کوردستان دەرکردووە.

رەسول گەردی لە ساڵی ١٩٤٧ دەچێتە بەغدا لە رادیۆی بەغدا بەشی کوردی لە گەڵ چەند هونەرمەند و گۆرانی بێژی دیکە بەشدار دەبێت

بە حەیران و بەستە و مەقامەکانی بە شێوەی پەخشی ڕاستەوخۆ، لە ماوەی کارکردنی بۆ ئێستگەی کوردی، زیاتر لە ٦٨٠ گۆرانی و بەستە و مەقامی تۆمارکردووە، ڕەسول بێزار گەردی لە تەک گۆرانی و حەیران دەستی شیعر نووسینیشی هەبووە، بۆیە چەند شیعرێکی خۆی و شیعری هەندێ شاعیرانی دیکەی بە چاپ گەیاندووە، لەوانە (بژاری لاوک و حەیران لە ساڵی ١٩٥٧ لە بەغدا لە چاپی داوە کە ١٠٦ لاپەڕەیە، گوڵە مێلاقەی کوردستان لە ساڵی ١٩٦٠ لە بەغدا لە چاپیداوە کە ١٥٤ لاپەڕەیە، شیلان و شلێر لە ساڵی ١٩٦٧ بەهەمان شێوە لە بەغدا لە چاپی داوە کە ١٣٠ لاپەڕەیە، دارە شەکران لە ساڵی ٢٠٠٧ لە چاپ دراوە، پەنگر لە ساڵی ٢٠٠٨ لە چاپ دراوە).



**لە ڕاستەوە: تایەر تۆفیق – حەسەن جەزیری**
**عەلی مەردان – ڕەسوڵ گەردی**



**لە ڕاستەوە: مشکۆ هەولێری - تایەر تۆفیق - ڕەسوڵ گەردی**

ناوبراو هونەرمەندێکی کورد پەروەر و بە هەڵوێست بوو لە ساڵی ١٩٧٤ وەکوو هەموو هونەرمەندو ڕۆشنبیرانی دیکە ماوەیەک دەچێتە شاخ. بیرەوەری بەندە لە گەڵ میری حەیرانبێژان لە ساڵی ١٩٧٨ کاتی هاتنی هونەرمەندی گەورەی کوردستانی باکوور ئایشە شان بۆ هەولێر ئاهەنگێکی تایبەتیمان لە هۆلێکی بچوکی یانەی کۆنی فەرمانبەرانی هەولێری بۆ ساز کردن، کە هونەرمەندان ڕەسول گەردی و حەیدەر بەقال) تیایا بەشداربوون، لە ساڵی ١٩٧٩ دیسان لە هۆڵی گەل ئاهەنگێکی گەورەی ڕێزلێنانمان بۆ زیاتر لە ٢٠ هونەرمەندانی کوردستان ساز کرد، لەوێش ڕەسوڵ گەردی بەشداریکرد، هەردوو ئاهەنگ خۆم و شاعیر و نووسەر و بێژەری کورد کاک نازم دڵبەندو هونەرمەند چەتۆ حەسەن و





لە ڕاستەوە: حەیدەر بەقال، عایشە شان، ڕەسول گەردی


سەبارەت بە نازناوی (بێزار)ی هونەرمەند ڕەسول بێزار گەردی

وتاریکی کاک هەندرین خۆشناو لە گۆڤاری دیوانی ژمارە ٣ لە ٢٠٢/٧/٨١بڵاوکراوەتەوە.

ئەکتەر عەلی ئەحمەد و تاریق مەلا مەحەمەد کۆیی و ڕەحمەتی عەبدولواحید مەرجان هەردوو ئاهەنگمان بە سەرکەوتوویی گێڕا.

لە ساڵی ١٩٩٣ سەرێکم لە شوقەکانی ئیسکان دا ناسیاوێکمان لەوێ بوو بە ڕێکەوت چاوم بە ڕەسوڵ گەردی کەوت، زۆر کز و بێ ناز و نیعمەت هاتە پێش چاوم، داخی گرانم پاشان کە لە ڕۆژی ١٩٩٤/١٠/١٧ کۆچی دوایی کرد، لە لایەن هونەرمەندان و دۆستانی و خزم و کەسەکانی بە خاک سپێردرا، ڕەسوڵ بێزار گەردی گڵکۆ و جێ نزارگەت پڕ و گوڵ گوڵزار و مسک و عەنبەر و نور و ڕەحمەت بێت.

**تێبینی**: هەندێ زانیاری و وێنە لە کوردیپیدیا و وتارێکی کاک هەندرێن خۆشناو لە گۆڤاری دیوانی ژمارە ٣ ڕۆژی ٢٠٢١/٧/١٨.
بیرەوەری و زانیاری و نووسینی خۆم



# خاتوو پەیمان سەرهەنگ

ئەمجارە خانمێکی نموونەیی و چالاک کە ڕۆڵێکی گرنگی گێڕاوە لە ناو ڕەوەندی کوردی لەو ماوەی ٢٨ ساڵەیەدا کە لە وڵاتی هۆڵەندا دەژیت ئەویش خاتوو پەیمان سەرهەنگ – ە.

ناوی تەواوی پەیمان تۆفیق سەرهەنگ، لە ١٩٥٦/٣/١٠ لە شاری هەولێر لە دایک بووە و چەند مانگێک لە ساڵی ١٩٦٢ لە پۆلی یەکەمی سەرەتایی لە قوتابخانەی قەلعە لە هەولێر خوێندوویەتی و پاشان باوکی مامۆستا تۆفیق سەرهەنگ بەهۆی کاری سیاسییەوە دوور دەخرێتەوە بۆ باشووری عێراق، پارێزگای ناسریە قەزای سوق الشیوخ، قۆناغی سەرەتایی لەوێ لە قوتابخانەی (حەلیمە) تەواو دەکا و ساڵی ١٩٦٨ باوکی دەگەڕێتەوە هەولێر و ئەویش لە قوتابخانەی ناوەندی هەولێری کچان ناوەندی تەواو دەکات و لە دواناوەندی خەنساش سالی ١٩٧٤، ئامادەیی تەواو کردووە.

ساڵی ١٩٧٨ لە زانکۆی سلێمانی کۆلیژی زانستەکان بەشی بیرکاری تەواو دەکات و پلەی سێیەم لەسەر ئاستی کۆلیژەکەیان بەدەست دەهێنێ و لەبەر ئەوەی بەعسی نابێت بۆی نەبوو بەردەوامی بە خوێندنی باڵا بدات.
لە ڕۆژی ١٩٧٨/٨/٤ ژیانی هاوسەرگیری لەگەڵ ئامۆزاکەی هیوا سەرهەنگ پێکدێنێ و خاوەن دوو کوڕ و کچێکن بە ناوەکانی (بافل، یاد و کریڤ).

ڕۆژی ۱۹۷۸/۱۰/۳۰ وەک مامۆستای بیرکاری بۆ یەکەمجار لە ناوەندی قوشتەپەی کوڕان دادەمەزرێت. پاش ساڵێک دەگوازرێتەوە بۆ ناوەندی جۆلانی کوڕان لە هەولێر.. دوای سێ ساڵ دەگوازرێتەوە دواناوندی هەڵمەتی کوڕان لە هەولێر. کە هاوسەرەکەی هیوا سەرهەنگ دەگیری و ماوەیەک بێ سەروشوێن دەکرێ، خاتوو پەیمان سەرهەنگ دەگوازرێتەوە قوتابخانەی دواناوەندی شاوێس، لەلایەن ئەمنی رژێمەوە دەخرێتە ژێر چاودێری چونکە هاوسەرەکەی هیوا سەرهەنگ دوای ئازاد کردنی بە ماوەیەکی کەم دەبێتە پێشمەرگە. دارودەستەکانی ئەمن دەچنە ماڵی باوکی خاتوو پەیمان بۆ دەستگیرکردنی، بەڵام لە ماڵ نابێت و دوایی خۆی دەشارێتەوە و پەیوەندی بە هاوسەرەکەیەوە دەکات و ڕێگای شاخ دەگرێتەبەر. خاتو پەیمان خاوەن ئەم بڕوانامانەیە: - دکتۆرا لە ماتماتیک/ لاهای - هۆڵەندا ۲۰۱۲. – ماجستێر لە ماتماتیک/ لاهای - هۆڵەندا ۲۰۰۹. - دیپلۆم لە ژمێریاری لە زانکۆی (ERASMUS) هۆڵەندا/ رۆتردام ۲۰۰۲. - لە Spinoze Projecte دوو ساڵ خوێندن و ڕاهێنان و ئامادەکردن بۆ وانە



**ئەندامانی یانەی میدیا لە هۆڵەندا**



خاتوو پەیمان سەرهەنگ وەك بێژەر لە رادیۆی ڕۆتردام - هۆڵەندا

وتنەوە لە قوتابخانەی هۆڵەندی و هەروەها وەرگرتنی ئیجازەی ئەورووپی لە بەشەکانی کۆمپیوتەر، Windows, Excel, Exces, Powerpoint, Internet, Word and Datebasise)). خاتوو پەیمان سەرهەنگ جگە لە زمانی کوردی، زمانەکانی عەرەبی، هۆڵەندی و ئینگلیزی بە باشی دەزانێ و هەروەها لە هۆڵەندا دوو ساڵ وەک مامۆستا کار دەکات و دە ساڵیش وەک ژمێریار. خاتوو پەیمان لە مانگی نیسانی ساڵی ١٩٩٣ دەگاتە هۆڵەندا و دەبێتە پەنابەر. دوای سێ مانگ مانەوە لە کەمپی پەنابەران دەگوازرێتەوە بۆ شاری ڕۆتردام و لەوێ نیشتەجێ دەبێت. هەر کە زانیویەتی پەنابەرێکی زۆری کورد لە ڕۆتردام و دەوروبەری هەیە، لەگەڵ چەند کوردێکی دی وەک جەمال دیموکرات، ئازاد شوانی و پێشڕەو شوانی کەوتنە دروستکردنی ڕێکخراوێکی کوردی بۆ خزمەتکردنی پەنابەران بە ناوی یانەی کوردی



**خاتوو پەیمان سەرهەنگ لە گەڵ وەزیری کاروباری کۆمەڵایەتی هۆڵەندی**
Van Boxtel

میدیا لە رۆتردام بە هاوکاری عیماد عیزەت رەشید کە لێپرسراوی یانەی کوردی میدیا بوو لە ئەمستردام. بە هەڵبژاردن پەیمان سەرهەنگ دەبێتە لێپرسراوی یانەکە و تا ئەمڕۆش بەردەوامە.. - لە نێوان ساڵانی ١٩٩٥ - ١٩٩٧ بەشداری چەندین کۆرسی فێربوونی (چۆنیەتی دروستکردنی رێکخراوی مەدەنی، دروستکردنی پەیوەندییەکان و تۆڕی کارکردن، پلاندانانی پرۆژە و چۆنیەتی داواکردنی یارمەتی، نووسین و دروستکردنی راپۆرتی دارایی رێکخراوەیی کردووە. لە دەستەی بەڕێوەبەری بڵاوکراوەی (بێوار) بووە، بە سەرپەرشتی هیوا سەرهەنگ. یەکەم ژمارەی لە ١٩٩٦/٨/١٥ دوا ژمارەشی لە مانگی نۆی ٢٠٠٧ بوو ١٢٧ ژمارەشی لێ دەرچوو. هەروەها سەرپەرشتی کردنەوەی پۆلی فێربوونی زمانی کوردی بۆ منداڵانی کورد کردوە،کاری وەرگێران دەکات بە خۆبەخشی، ناساندنی کێشەی گەلەکەی بە کۆمەڵگای هۆڵەندی، دروستکردنی پردی پەیوەندی لەگەڵ رێکخراوە

هۆڵەندییەکان (ژنـان، گەنجـان، منـداڵان و هەنـدێ لـە پارتـە هۆڵەندییـەکان)، خۆگونجاندن لەگەڵ کۆمەڵگای هۆڵەندی و سـازدانی چەندین دیالۆگی کراوە و روو بـەڕوو لەنێـوان گەنجـان و بـاوکان). ڕێکخسـتنی کۆڕوکۆبوونـەوەو، سـازدانی خولـی مەشـق و راهێنـان، سـمینار و چالاکـی کەلتـوری، فەرهەنگی، ڕێکخراوەیـی، پەروەردەیـی، کۆمەڵایەتـی (توندوتیـژی دژی ژنـان، کوشـتنی ژنـان و خەتەنەکردنـی کچـان). خاتـوو پەیمـان بـە زنجیـرە وتـاری لەسـەر گرفتەکانی خێزانـی کـورد لـە هەنـدەران و چەندیـن وتـاری تـر لـە مانگنامـەی (بێـوار) و (کوردسـتانی نـوێ) بڵاوکردۆتـەوە. پـاش کۆبوونـەوەی گشـتی نەتـەوە یەکگرتـووەکان لـە ١٧/ ١٢/ ١٩٩٩ بەشـدارکردنی لـە یەکـەم ڕێپێوانـی جیهانـی لـە برۆکسـل (دژ بـە توندوتیـژی بەرامبـەر بـە ژنـان)، لـە ٢٠٠٠/١١/٢٥ لەسـەر توندوتیـژی بەرامبـەر بـە ژنـان، بڕیـاردرا کـە ڕۆژێکـی جیهانـی بـۆ نەهێشـتنی توندوتیـژی بەرامبـەر بـە ژنـان دابنرێـت. جـا بۆیـە بڕیـاردرا یەکـەم جـار لـە ٢٠٠٠/١١/٢٥ لـە جیهـان ئـەم ڕۆژە بناسـرێت، ئەویـش گروپێکـی گـەورەی کـوردی ئامادەکرد و بەشـدارییان کـرد لـەم ڕێپێوانـە. لـە هۆڵەنـداوە ئـەم گروپـەی بـرد بـۆ بروکسـل و لـە ڕێگادا دەبوایـە شـاڵێک بە دەسـت چنی و لەوێ بە ناوی ژنانی کـورد پێشکەشـیان کـرد. سـاڵی ٢٠٠٠ لەگەڵ چەنـد ژنێکـی کـورد لـە هۆڵەنـدا (ئەنجومەنـی ژنانـی کـورد - میدیـا) یـان دروسـت کـرد. لـە سـاڵی ١٩٩٥ پەیمـان سـەرهەنگ لەگـەڵ پێشـڕەو شـوانی و بـە هـاوکاری هیـوا سـەرهەنگ توانیان بەشـی کـوردی لـە رادیـۆی ڕۆتـردام دامەزرێنـن و تـا سـاڵی ٢٠٠٣ هەمـوو



**ڕێپێوان دژی داگیر کردنی عەفرینی ڕۆژئاوای کوردستان لە لاهای**

ڕۆژانی یەکشەممە و چوارشەممە دوو سەعات وەک ئامادەکاری بەرنامە و بێژەر و وەرگێڕ لەو چەند ساڵەدا هەمووی بە خۆبەخش کاری کردووە. یەکێک بووە لە دەستەی نووسەران و بەڕێوەبردنی وەرزنامەی (SVOR) کە (ڕێکخراوی پەنابەرانی راینمۆند) بە زمانی هۆڵەندی دەریدەکرد، (٢٠٠٤ – ٢٠١٢). لە ٢٠٠٦/٢/١٩ لە یەکەم کۆنفرانسی ژنان و بە ئامادەبوونی زیاتر لە ١٠٠ ژن لە هۆڵەندا و، دەنگی یەکەمی هێناوە و وەک بەرپرسی یەکێتی ژنانی کوردستان لە هۆڵەندا هەڵبژێردرا و مۆڵەتی فەرمیشیان لە هۆڵەندا وەرگرتووە. لە ساڵی ٢٠٠٧ کۆنگرەی توندتیژی دژ بە ژنان ڕێکخرا لە شاری ڕۆتردام بە هاوکاری ڕێکخراوی پەنابەرانی راینمۆند سازدرا بوو، لەم کۆنگرەیەدا د.نەوال ئەلسەعداوی بانگهێشت دەکەن.. ساڵی ٢٠٠٩ خەڵاتی (Suze GroenewegPrijs ٢٠٠٩) وەک یەکەم ژنی کورد و چالاکوان لە



خاتوو پەیمان سەرهەنگ لە کاتی خوێندنەوەی وتاری جەژنی نەورۆز

بوارەکانی فێمنیست و پاراستنی مافی منداڵان و یەکسانی لە نێوان کچ و کوڕاندا و بانگەشەکردن و هاندان بۆ فێربوون و خوێندن و خۆ گونجاندن، خاتوو پەیمان سەرهەنگ کاندید کرا بۆ کێبەرکێی خەڵاتەکە. ڕۆژی ٢٠١٥/١١/٢٩ خەڵاتی ڕێزلێنانی لە لایەن کۆمەڵەی پێشمەرگە دێرینەکانەوە پێ بەخشراوە. لە ڕۆژی ٢٠١٢/٠٥/٢٢ بانگهێشت کراوە و بەشداری کردووە لە دووەمین کۆنگرەی نەتەوەیی ژنانی کورد کە لە کوردستان لە شاری هەولێر بەڕێوەچوو. خاتوو پەیمان سەرهەنگ هەر لە ساڵی ١٩٩٣ەوە تا ئەمڕۆش بەردەوام لەڕێ یانەی کوردی میدیای ڕۆتردام و یەکێتی ژنانی کوردستانەوە لەسەر ئاستی هۆڵەندا، بە سەدان سیمینار و کۆڕی زانیاری بەخشین و ئەدەبی و کۆمەڵایەتی و توندوتیژی دژ بە ژنان و گەنجان و خوێندکاران ئەنجام داوە و چەندین کەسایەتی هۆڵەندی و کورد لە هەموو بوارەکاندا بۆ ئەم کۆڕانە بانگهێشت کردووە. سازدانی چەندین چاوپێکەوتن لەگەڵ کەسانی شارەزا و پسپۆڕ و بە ئەزموون و بڵاوکردنەوەیان لە ڕۆژنامە کوردییەکان. چەندین کۆڕی زانیاری بەخشین و کۆبوونەوەی بۆ بە ساڵاچوانی کورد ڕێکخراوی NOOM کە تایبەتە بە ساڵاچوان سازکردووە. هەروەها هاوکاری و ڕێنمایی کوردانی شارەکانی تری هۆڵەندای کردووە بۆ دامەزراندنی ڕێکخراوی خزمەتگوزاری و سازدانی کۆڕ و کۆبوونەوە. و چەندین گەشت و سەیرانی بۆ پەنابەرانی کورد لە ژنان و گەنجان و بە ساڵاچووان ڕێکخستووە. تا ئێستاش بەردەوامە بە خۆبەخوش وەکو وەرگێڕ بۆ ئیشوکاری ڕۆژانەی پەنابەران. پەیمان سەرهەنگ لە کاتی داگیرگرتنی عەفرین لە مارتی ٢٠١٨ پەیوەندی دەکا بە پەرلەمان و نامە بۆ پەرلەمان و حزبەکانی هۆڵەندی دەنێرێ و هەموویان وەڵامیان داوەتەوە و هەروەها لە ڕۆژی ٢٠١٩/٣/٥ پارێزگاری ڕۆتردام بانگهێشت دەکەن تا پێکەوە بارودۆخی کورد لە ڕۆتردام گەنگەشە بکەن و پارێزگار بەڵێن دەدات بۆ چارەسەرکردنی هەر کێشەیەک بێتە ڕێیان. خاتوو پەیمان سەرهەنگ ژنێکی نموونەییە لە دڵسۆزی و کوردپەروەری چالاکی. کەم خێزانی کورد هەیە نەیناسێ و کاری بۆ نەکردبێ، بۆیە خۆشەویستە و ڕێزێکی زۆری لێدەگرن. ماوەی ٢٨ ساڵە لە هۆڵەندا دەژی و بۆ چرکە ساتێکیش نەوەستاوە لە خزمەتکردن ویارمەتیدان و ڕێنمایی کردنی

ڕەوەندی کوردی لە هۆڵەندا، لە هەموو بوارەکاندا بۆ ئەوانەی پێویستیان پێبووە، بەردەوامیش بووە لە سەردانی کردنی نەخۆش و بەندکراوەکانی کورد لە بەندیخانەکانی هۆڵەندا. ئەمە جگە لە بواری سیاسەتیشدا. کە لەهۆڵەندا رۆڵی دیار و گرنگی بینیوە و خزمەتێکی گەورەی بە گەلەکەی کردووە، هەر چەندە باسەکەی ئێمە ئەو بوارە ناگرێتەوە.

بۆ نووسینی ئەم باسە سوود لەم سەرچاوانە وەرگیراوە : بەشی زۆری وێنەکان و زانیاریەکان خاتوو پەیمان سەرهەنگ خۆی بۆی ناردووم، سوپاسی دەکەین، زانیاری ونووسین و دارشتنی خۆم.



## خالید جوتیار

پۆستی ئەمڕۆمان لە سەر شاعیر و نووسەر و ڕۆژنامەنووس و فۆلکلۆر پەروەر خوالێیخۆشبێت خالید جۆتیارە ناوی تەواوی (خالید مەولود ئەحمەدە) ناسراوە بە خالید جۆتیار لە ساڵی ۱۹۵۳ لە گوندی (کەندارە قەل) سەر بە ناوچەی کەندێناوە لە دایک بووە خوێندنی سەرەتایی لە گوندی لهێبان تەواو کردووە، قووتابخانەی ناوەندی و ئامادەیی لە شاری هەولێر تەواوکردووە ساڵی ۱۹۷۲ چۆتە بەشی ئەدەب و زمانی کوردی لە کۆلێژی ئادابی دانشگای بەغدا و ساڵی ۱۹۷٦ تەواوی کردووە و بڕوانامەی بەکالۆریۆسی وەرگرتووە، بەندە لە پۆلی دووەم بووم کە خوالێیخۆشبێت هاتە بەشی کوردی هەر زوو بووینە هاوڕێ و بەشی زۆری کاتەکان و چوونە دەرەوەشمان بەیەکەوە بوو لە گەڵ چەند هاوڕێیەکی تر، کاک خالید مرۆڤێکی نەرم و نیان و ڕووخۆش و مەشرەب خۆش بوو، پاش ۱۱ ئاداری ساڵی ۱۹۷٤ بە هۆی جیبەجێ نەکردنی تەواوی بەندەکانی بەیاننامەی ۱۱ ئادار وەزعی کورد لە بەغدا بە گشتی قووتابیانی دانشگای بەغدا بە تایبەتی زۆر ئاڵۆز بوو بۆیە بەشێک لە قووتابیانی کورد ڕوویان لە شاخ کردوو بوونە پێشمەرگەی کوردستان، خوالێیخۆشبێت خالید جۆتیاریش یەکێک بوو لەو کەسانەی کە بوونە پێشمەرگە، پاش ماوەیەکی کەم کە شۆرش هەرەسی هێنان و لێبووردنی گشتی لە لایەن ڕژێمی



ئەوسا دەرچوو کاک خالید و قووتابیەکی زۆر گەڕانەوە بۆ خوێندنی خۆیان و ناوبراو توانی لە کاتی خۆی کۆلیژی ئاداب تەواو بکات و لە ساڵی ١٩٧٢ دەستی بە نووسین کردوو یەکەم نووسینی لە رۆژنامەی هاوکاری ئەو کات بڵاوکردۆتەوە ووتار و نووسین و لێکۆلینەوەی لە زۆربەی رۆژنامەو گۆڤارە کوردیەکان بڵاکردۆتەوە و زیاتر لە دووانزە کتێبی بە چاپ گەیاندووە لەوانە (بەرەو فۆلکلۆر ساڵی ١٩٨٤ لە ئەمینداریێتی گشتی رۆشبیری ولاوان کە خۆم لەوێ لێپرسراوی (تعضيد و نشر) بووم لە چاپخانەی- الاحداث- لە بەغدا ٢٠٠٠ هەزار دانەمان بۆ چاپ کردوو، فۆلکلۆر بەشی یەکەم و دووەم و سێیەم کە لە ساڵانی ١٩٨٤ و ١٩٨٥ و ١٩٩٠ چاپی کردووە، حەیران و مەرگی غەریبان ساڵی ١٩٩٠ چاپ کراوە، پیاسەی ئێوارانی هەولێر



لە ڕیزی دووەم لە لای ڕاستەوە: خۆم لە تەنیشتم کاک خالید جۆتیار



کاك خالید جۆتیار و پۆلێك لە ئەدیب و شاعیرانی کورد.

ساڵی ١٩٩٨، تراژیدیای کەرایەتی ساڵی ١٩٩٩، زامداریات ساڵی ٢٠٠١، داستانی قەڵای دمدم ساڵی ٢٠٠٠، تارمایی ئەفسانەی کوردی- سەمای ئەجندەکان- ساڵی ٢٠٠١، دەشتی هەولێر پەند و زاری شیرین ساڵی ٢٠٠٦، دێو حیکایەتی ئەفسانەیی ساڵی ٢٠٠٧، دڵم دایمەن لە هەولێرێ ساڵی ٣ ٢٠٠ لە چاپ دراوە، ناوبراو ئەندامی یەکیەتی نووسەرانی کورد-لقی هەولێر و ئەندامی سەندیکای ڕۆژنامەنووسانی کوردستان-لقی هەولێر و ئەندامی یەدەگی دەستەی نووسەرانی گەلاویژی نوێ لقی هەولێر بووە، ڕاویژکار بووە لە دەزگای بەدرخان بۆ چاپەمەنی، سەرنووسەر و خاوەنی ئیمتیازی گۆڤاری (میتۆلۆژیا) کە بایەخ دانە بە کەڵتور و ئەفسانەیە، بەڵام بە داخەوە نە گەیشتە ئاواتی خۆی هیچ ژمارەیەک لەم گۆڤارە دەرنەچوو، بەڵام کوڕەکەی کە ناوی جووتیارە (خوا تەمەنی درێژ بکات) ژمارە یەکی گۆڤاری (میتۆلۆژیا) بۆ باوکی ڕەحمەتی چاپ کردووە ، هەروەها سەر نووسەری ڕۆژنامی هەفتەیی (هاموون) بووە کە ٥٦ ژمارەی لێ دەرچووە لە کۆیە، ناوبراو زۆر خاک و نیشتمانەکەی خۆشویستووە و هەولێریشی





زۆر خۆشدەویست بۆیە شاعیر و نووسەری کورد کاک مستەفا ڕابەر کتێبێکی لە زمانی بێگانە وەرگێڕاوەتە سەر زمانی کوردی لە پێشەکی کتێبەکەیدا نووسیوویەتی: پێشکەشە بە گیانی ئەو خالید جۆتیارەی خۆشەویستی خاک و شێت و شەیدای هەولێر و حەیران و مەحمود زامدار، داخی گرانم لە شەوی ٢٥/٢٤ مانگی ١٢/ی ساڵی ٢٠٠٩ بە نەخۆشیەکی کتوپڕ کۆچی دووایی کرد، هەزار ڕەحمەت لە گۆڕی شاعیر و نووسەر کاک خالید جۆتیار.

وێنەکان: ١-خوالییخۆشبێت خالید جۆتیار، ٢-لە ڕیزی دووەم لە لای چاپ خۆم لە تەنیشتم کاک خالید جۆتیار ٣-لە ریزی دووەم لە لای راست خالید جۆتیار لە تەنیشتی خۆم، ٤-ئەم وێنەیە لە کۆرێک بۆ شرۆڤە کردنی سێ دیوانی شاعیری گەورەی کورد عەبدوڵلا پەشێو کە بۆ شاعیرو نووسەری کورد پەروەر ئازاد عەبدولواحید ساز کرابوو لە ریزی پێشەوە لە لای چەپ خوالێیخۆشبوان کاکەم بۆتانی، دوکتۆر عەبدوڵلا حەداد ئەوی تر ناناسم، لە ریزی دووەم لە ناوەندێ خوالێیخۆشبێت خالید جۆتیار ٥-کاک خالید خۆتیار، ٦-کاک خالید خۆتیار و پۆلێک لە ئەدیب و شاعیرانی کورد.

تێبینی: وێنە- لە کوردیپیدیا وەرگیراوە،
بیرەوەری و زانیاری خۆم.



## خالید دلێر

ناوی خالید کوڕی واحیدی سۆڵدرووە، بە ناز ناوی (دلێر) ناسراوە، دایکی ناوی ئامینە چاوشینە، لە ١٩٣٣/٨/٢٠ لە گەڕەکی بەفری قەندی لە شاری کۆیە لە دایکبووە.

قوتابخانەی سەرەتایی و ناوەندی لە کۆیە تەواو کردووە، ئامادەییشی لە کەرکوک و بەغدا خوێندووە، ماوەیەک لە کۆمپانیای نەوت کاری کردووە، ساڵی ١٩٤٦ دەستی بە خەبات و چالاکی سیاسی کردووە و ئەندامی کۆمیتەی ناوەندی پارتی دیموکراتی کوردستان بووە و ئەندامی دەستەی دامەزراندنی یەکێتی نووسەرانی کوردو لە ساڵی ١٩٦٨ ئەندامی دەستەی رۆژنامەی (النور) بووە و لە ساڵی ١٩٦٨ تا وەکوو ١٩٩٢ ئەندامی لێژنەی هاریکاری چەپی کوردستان بووە، لە پاش ساڵی ١٩٩٨ بۆتە ئاوارەی سیاسی لە سویسرا و بۆتە ئەندامی کۆنگرەی نەتەوەیی کوردستان.



خالید دلێر کۆمەڵێک بەرهەمی شیعری و سروود و شانۆی نیشتمانی و نەتەوەیی






نووسـیووه و لـه (٣٠) سـروود (٢٧) سـروود لـه دانـان و ئـاوازی خۆیەتـی، لـه وانـه سـروودی ئێمـه پێشـمەرگەین کـه کاتـی خـۆی زۆر دەوری هەبـوو لـه بـەرز کردنـەوەی ورەی هێـزی پێشـمەرگەی کوردسـتان، لـه بەرهەمەکانـی (ئاگـر و گـوڵ بەغـدا ١٩٧٠، بـەرەو لوتکەی ئـاوات، چیرۆک و شانۆگەری (دەریـاش هەڵچونـی هەیـە) بەغـدا ١٩٨٦، خالید دلێر باوەڕیکـی نەگـۆڕ عەبدولواحیـد ئیدریـس شـەریف ٢٠٢٠ کـه نامـەی دکتۆراکەیەتـی لـه سـەر خالیـد دلێـرو بەرهەمەکانـی، خولـه و بلـه، سـتەمکردن لـه حاجی قادری کۆیی تاوانە، گزنگی هەتاو، لە پێناوی یەکگرتنـی چەپـەکان لـه کوردسـتان، هێمن-بیـر و هەڵوێسـت و شـیعر، هەنـدێ وتـارو چاوپێکەوتنـی وێژەیـی ١٩٨٥ بەغـدا.

نووسـەر و رووناکبیری کورد پەروەر کاک هیوا ئیسماعیل سـەرهەنگ چاوپێکەوتنێکی لـه گەڵ خالید دلێر لـه ژێر ناونیشانی (خالید دلێر شاعیر و هونەرمەندو سیاسـەت مـەدار) کـردووە، تێیـدا کۆمەڵێک پرسـیاری لێکـردووه و ئەویـش وەڵامـی داوەتـەوە، لـه شـوباتی سـالی ٢٠٠٠ لـه گۆڤـاری بێـوار کـه لـه هەنـدەران دەردەچێ ئـەم






چاوپێکەوتنەی بڵاوکردۆتەوە.

لە شەوی ١٦ لە سەر ١٧ ی مانگی دوانزەی ساڵی ٢٠١١ پاش ململانێ لە گەڵ نەخۆشی کاک خالید دلێر لە سلێمانی کۆچی دوایی کردو تەرمەکەیان بردۆتەوە کۆیە و بە ئامادەبوونی بەرپرسانی حکومی و حیزبی و شاعیر و رۆشنبیران لە ڕێوڕەسمێکی شایستە لە گۆڕستانی (کەکۆن) لە تەنیشت گۆڕی دلداری شاعیر (دانەری سروودی ئەی ڕەقیب) بەرامبەر چیای سەرکەشی باواجی لە کۆیە بە خاک سپێردراوە.

روحی شاد و ئارام بێت و گڵکۆ و ئارامگای پڕ گوڵ و گوڵزار بێت.

تێبینی:

وێنەکان و هەندێ زانیاری لەم سەرچاوانەی خوارەوە وەرگیراون.

کوردیپیدیا، دیمانەیەک لەگەل خالید دلێر کە نووسەر هیوا ئیسماعیل سەرهەنگ لە شوباتی ٢٠٠٠ ئەنجامی داوە.



## عەبدولواحید مەرجان

هونەرمەندی خۆ ڕسک خوالێیخۆشبێت عەبدولواحید مەرجان، ناوی تەواوی (عەبدولواحید خدر عەولا مەرجانە) بە واحید مەرجان ناسرا بوو، لە ساڵی ١٩٤٢ لە گەڕەکی تەیراوەی شاری هەولێر لەدایکبووە، خوێندنی سەرەتایی لە قوتابخانەی (اربیل الاولی و ابن مستوفی) تەواو کردووە چۆتە خانەی مامۆستایان و ساڵی ١٩٦٢ تەواوی کردووە ساڵی ١٩٦٣ بۆتە مامۆستای هونەر لە قوتابخانەی شەقلاوە، بۆ یەکەم جار بەشداری پێشانگای هونەری هاوبەشی کردووە کە لە ساحەی (ئیدارەی محلی – ملعب الادارة المحلية کە ئێستا ناوی یاریگای فەڕەنسۆ حەریریە) خەڵاتی دووەمی وەرگرتووە و (یەحیا مەرجانی براشی خەڵاتی وەرگرتووە).

ناوبراو هونەرمەندێکی خۆڕسکەبوەو هیچ دەورەیەکی هونەری ئەکادیمی نەبینیوە، بەڵام باوکی هونەرمەند خوالێیخۆشبێت زوڕناژەنێکی زۆر بەناوبانگ بوو، کەس نیە لە شاری هەولێر و دەوروبەری کاک خدر نەناسیٚ، پیاوێکی ماقول و بەڕێز بوو لەناو خەڵکی شاری هەولێر، واحید مەرجان ئەندامی دامەزرێنەری تیپی مۆسیقای دەرسیم بوو کە لە ساڵی ١٩٥٩ دامەزرا، بەشداری لە یەکەم ڤیستیڤاڵی هونەری لە بەغدا کردووە لە ساڵی ١٩٧٤ و ئەندامی لیژنەی هەڵسەنگاندن بووە لە ڤیستیڤاڵەکە، وەکوو پسپۆڕ لە جلوبەرگ و دیکۆر لەگەڵ تیپی هونەرە میللیەکانی هەولێر کاری

کـردووه.  زیاتـر لـه ٣٥ پێشـانگای هونـەری تایبـەت بـە خـۆی کردۆتـەوە لـە نـاوەوە و دەرەوەی وولات، سـەردانی یەکێتـی سـۆڤیەت و نەمسـای کـردووە لەگـەڵ تیپـی هونـەرە میللیـەکان وەک سۆلسـێت لەسـەر ئامێـری عـود، لـە سـاڵی ١٩٨٢ دەبێتـە سەرپەرشـتیاری هونـەری لـە بەڕێوەبەرایەتـی شـانۆ و هونـەرە میللیـەکان و سـەرۆکی تیپـی مۆسـیقای کۆمەڵـی و هونـەر و وێـژەی کوردی لقی هەولێـر، سـەرۆکی تیپـی مۆسـیقای کرێکاران و سـەرۆکی تیپـی مۆسـیقای شـۆڕش، سـەرۆکی تیپـی مۆسـیقای مامۆسـتایان بـووە، سـەرۆکی تیپـی مۆسـیقای هونـەرە جوانـەکان بـووە، سـاڵی ١٩٩٤، دوای ڕاپەڕیـن لـە ساڵەکانی ١٩٩٨ – ٢٠٠٠ –٢٠٠٤ – ٢٠٠٧ پێشـانگای هونـەری تایبـەت بـە خـۆی کردۆتـەوە، شـارەزایی لـە چەنـد ئامێـری مۆسـیقا هەبـووە لەوانـە (کەمانچـە، عـود، نـای ڕیتـم).

بـۆ یەکەمیـن جـار ئامێـری ئۆکۆردیۆنـی لـە شـێوەی ڕۆژئـاوا دەگۆڕێتـە سـەر ڕۆژهەڵاتـی، خاوەنـی چەنـد ئـاوازە لەوانـە (تـارا و پیرمـام، کاروانـی خەبـات، بـاران، کـۆچ، ئاغـا و جوتیـار)  و چەندیـن ئـاوازی شـانۆگەری دانـاوە بـۆ هونەرمەندانـی دەرهێنـەر وەکـوو (ئەحمـەد سـالار، تەلعـەت







سامان، فەرهاد شەریف)، لەگەڵ زۆربەی هونەرمەندان و گۆرانی بێژانی کورد مۆسیقای ژەنیوە لەوانە خوالێیخۆشبووان (تایەر تۆفیق، فوئاد ئەحمەد، محەمەد ئەحمەد ئەربیللی، محەمەد جەزا، عیسا بەرواری، محەمەد عارف جەزراوی) ئەندامی سەندیکای هونەرمەندانی عێراق و کوردستان بووە، بەشداری لە چەندین شانۆگەری و دراما کردووە لەوانە (تاپۆ حەقی چیە، گوڵی نهێنی، مارەیی میوانی ناوەخت، مەمی ئالان، ڕووباری ژیان، چیرۆکی کۆن، چارە ڕەش، شێت خانە، ئابڕووی خێزان).

بیرەوەریم لەگەڵ خوالێیخۆشبێت واحید مەرجان دەگەڕێتەوە بۆ ساڵانی ١٩٧٨ تا ١٩٨٦، کە لە بەڕێوەبەرایەتی ڕۆشنبیری بووم هەفتەی دوو یان سێ جار دەهاتە لای ئێمە، کاک یەحیا مەرجانی برای و کاک چەتۆ حەسەن لە دائیرەی ڕۆشنبیری بوون و بەیەکەوە باسی هونەر و ئەدەبمان دەکرد، جارێکیان خزمێکم خانوویەکی نوێی کردبوو داوای نافورەی لێکردم منیش تەکلیفم لە خوالێیخۆشبێت کاک واحید مەرجان کرد نافورەیەکی جوانی بە سوپاسەوە بۆ دروست کرد ئێمەش پاداشتمان کرد، لە ئاهەنگی یانەی فەرمانبەران کە سازمان کردبوو بۆ هونەرمەندان ئایشە شان و حەیدەر بەقاڵ کاک واحید هاوکاریەکی زۆری منی کرد ناو بە ناو کە دەبووە ناوبڕە مەقتەعێک تەمسیلی یان قسەیەکی خۆشی دەکرد یان سەربردەیەکی دەگێڕاوە بۆ بەشداربووانی ئاهەنگەکە بەڕاستی هەمووان پێی سەرسام بوون و ئاهەنگەکەی خۆشتر کردبوو.

کاک واحید مەرجان هەرچەندی باسی بکرێت هەر کەمە، بۆیە من لێرە بەم چەند دێڕە ئەم هونەرمەندە نەمرەی شاری هەولێر و کوردستان بە یاد ڕۆشنبیران و هونەرمەندان دەهێنمەوە، پاش ململانێیەکی زۆر لەگەڵ نەخۆشی لە ڕۆژی ٢٠١٦/٢/٩ لە هەولێر کۆچی دوایی کرد و بەمەش ئەستێرەیەکی گەش و درەوشاوە لە ئاسمانی شاری هەولێری ڕەنگین ئاوا بوو، بەڵام هونەرمەند واحید مەرجان هەرگیزاو هەرگیز نەمرە لە دڵی ڕۆشنبیر و هونەرمەندانی شاری هەولێر و هەموو کوردستان، هەزار ڕەحمەت لە گۆڕی هونەرمەند واحید مەرجان و هەموو ئەوانەی لەم پۆستەدا ناویان هاتووە و لە ژیان نەماون و ڕوحیان شادبێت و جێگایان بەهەشت بێت، ئەوانەشی لە ژیان ماون ساغ و سەلامەت و تەمەن درێژیان لە خودای گەورە داواکارم.

**تێبینی:** وێنەکان لە کوردیپێدیا و ویکیپێدیا و لاپەڕەی واحید مەرجان وەرگیراوە.
بیرەوەری و زانیاری خۆم.



# تاریق جامباز

نووسەر رۆژنامەنووس و وەرگێر و پێشمەرگە و پەرلەمانتکاری کورد کاک تاریق جامباز، ناوی تەواوی (تاریق حاجی محمد حاجی سعید جامبازە) بنەماڵەی جامباز بنەماڵەیەکی ناودار و ناسراوی ناو شاری هەولێرن هەر لە سەرەتای چلەکانی سەدەی بیستەم هەستی کوردایەتیان بەرز بووە و یارمەتی یانەی سەرکەوتنی کوردیان داوە، ئەم بنەماڵەیە لە ناو قەڵای هەولێر ژیاون، کاک تاریق لە ١٢/٥ ساڵی ١٩٤٨ لە شاری هەولێر لە دایک بووە، خوێندنی سەرەتایی لە قوتابخانەی (مظفریة) و ناوەندی لە (متوسطة زازا) و ئامادەیی لە ئامادەیی هەولێر (کە هەر ئەو ئامادەییەش لە هەولێر) هەبووە ئەو کات تەواو کردووە، دەرچووی کۆلێژی یاساشە، کاک تاریق لە کۆتایی شەستەکانی سەدەی رابووردوو ئەندامی یەکیەتی قووتابیانی کوردستان بووە لە کۆنگرەی شەشەم لە ناو پردان و کۆنگرەی حەوتەم لە سولەیمانی دەبێتە ئەندامی لقی یەکیەتی قووتابیانی کوردسان لقی هەولێر لە ناو پردان لەگەل هاورێکانی لە ژێر بۆردومانی فرۆکە جەنگیەکانی ئەوسای رژێمی بەعس بەردەوام بووە لە جێبەجێ کردنی کاری رێکخستنەکانی یەکیەتی قووتابیان، پاش پیلانی نێو دەوڵەتی و هەرەس هێنانی شۆڕش دوو ساڵ دەچێتە ئێران پاشان دەگەرێتەوە هەولێر و دەست بە کاروباری خۆی دەکات و بەردەوام دەبێت لە رێکخستنە

نهێنیەکان و بە خوێ و بە خزمەکانی بەردەوام دەبن لە یارمەتی دانی شۆڕش، ناوبراو لە ساڵی ١٩٦٩ دەستی بە نووسین کردووە بە هەردوو زمانی کوردی و عەرەبی داکۆکی لە زمان و ئەدەب و کەلتورو فۆلکلۆری کوردی کردووە و لە زۆربەی رۆژنامە عەرەبی و کوردیەکان سەدان ووتارو لێکۆلینەوەی بڵاوکردۆتەوە و زیاتر لە (٣٥) کتێبی چاپکراوی هەیە زۆربەیان بە زمانی عەرەبیە بۆ ئەوەی زۆرترین گەلانی عەرەب و ئەو میللەتانەی کە عەرەبیش دەخوێننەوەو تێیدەگەن لە زوڵم لێکراوی میللەتی کورد ئاگادار بن لە وانە کتێبی (تغير القومية الكرية و التركمانية فى كركوك) کە شەش جار چاپ کراوەتەوە دوو جاریش بە تورکمانی چاپ کراوە، کتێبی (حەفت هەزار)کە باسی مافی خوێندن بە زمانی تورکی و سریانی و ئەرمەنی دەکات ئەم کتێبانەی لە تورکیا دوو جار چاپ کراوەتەوەو کراوە بە زمانی ئینگلیزیش، یاسای زمانە فەرمیەکان فرە زمان لە ئینگلیزی بۆ کوردی، هەروەها دەستوری فیدرالی چەند وولاتێکی ئەوروپای رۆژئاواو عەرەبی وەرگێراوەتە سەر زمانی کوردی لە وانە دەستوری فیدراڵی ئەلمانیا، سویسری، لوبنان، (جنوب سودان) - خوارووی سودان و کتێبێکی لە سەر فیدراڵی کوردستان و فیدراڵی جنوبی سودان نووسیووە تیایا







بەراووردی نێوانیان و جیاوازیەکانی خستۆتە ڕوو و ئەم کتێبەشی کراوەتە زمانی ئینگلیزی، لە بەرهەمەکانی دیکەی کتێبی ئاماری دانیشتوانی قەڵای هەولێر - سەرای - تەکیە -تۆپخانە کە لە ساڵی ١٩٢٢ کراوە، بوونی نەتەوە و سیاسەتی زمان، چل کەزی کۆمەڵە چیرۆکیکی کورتن، حیزبی هیوا لە هەولێر، ڕەواندوز شاری پاشای گەورە، (ضحایا عملیات الانفال من المسیحین و الیزیدیین) ساڵی ١٩٨٨ لە چاپ دراوە، مەحەمەد و سێوێ و سورمێ خان و خورشیدی چاو بە خاڵ کە دوو تراژیدی فۆلکلۆرین و لەگەڵ چەند کتێبێکی تریش، کاک تاریق لە ڕۆژنامەی (الاتحاد) نووسەر بووە و ئەو دوو دەورەیەی کە ئەندامی پەرلەمانی کوردستان بووە دەورێکی زۆری هەبووە لە پەرەپێدان و چاپکردنی دەستور و یاساکانی هەندێ وولاتی ڕۆژئاوایی، هەموو دەم داکۆکی لەسەر بەکار هێنانێ زمانی کوردی کردۆتەوە لە پەرلەمان و لە ناو دام و دەزگانی دادوەری و لە پەرلەمانی عێراقیش ئەو هەوڵەی داوەو چەندین جار لە گەڵ هاوڕێکانی ئەندامە کوردەکانی پەرلەمانی عێراقی چۆتە بەغدا هەوڵی داوە کە لە بەغداش لە ناو هۆڵی پەرلەمانی عێراقی و دام و دەزگاکانی تر زمانی کوردی بە

کار بێت تا رادەیەک لەمەش سەرکەووتوو بووە، بەڵام هێشتا ماوە خەباتی زیاتری بۆ بکرێت، بە هەر حاڵ دەتوانم بەرهەمەکانی کاک تاریق دابەشی سێ بوار یەکەم بایەخێکی زۆری بە زمان و کەلتور و فۆلكلۆر داوە و داكۆكیەكی سەر سەختی كردووە، دووەم بایەخی بە شاری هەولێر و پیاوە ناودارەكانی و ئاسەواری داوە، سێیەم بایەخێکی زۆری بە یاسا کردنی زمان لە کاری پەرلەمانی خۆی داوە، چونکە ئەو زمانی بە ناسنامەی نەتەوەیی داناوە، ناوبراو ئەندامی یەکیەتی پەرلەمانکارانی کوردستان و ئەندامی سەندیکای پارێزەرانی کوردستان و ئەندامی رۆژنامەنووسانی کوردستان و ئەندامی یەکیەتی نووسەرانی کوردە، من کاک تاریق لە حەفتاکانی سەدەی رابووردوو دەناسم و لە هەشتاکانیش جارو بار دەهاتە لای کاک (سەید مولود قادر قادر) کە بەرێوەبەری ئیداریمان بوو لە ئەمانەتی گشتی رۆشنبیری و لاوان من و کاک سەردار میران لە وێ چاومان پیی دەکەوت، کاک تاریق ئینسانێکی زۆر هێمن و لە سەرخۆو قسە خۆش و ڕەوشت بەرزە خوا ساغ و سەلامەت و تەمەنی درێژ بکات بۆ خزمەتی زمان و ئەدەب و کەلتورو مافە ڕەواکانی گەلی کوردمان، ئەوانەشی لەم پۆستە ناویان هاتووە و مردوون روحیان شاد و ئارامگایان پڕ نوور و رەحمەت بێت.




**تێبینی:**

وێنەکان و هەندێ زانیاری لە کوردیپیدیا وەرگیراوە وێنەکانی کاک تاریق جامباز لە چاوپێکەوتنێکی لە گەل کەنالی تەلەفزیۆنی گەلی کوردستان وەرگیراوە.



# عەبدولخالق سەرسام

شاعیر و نووسەر و ڕۆناکبیر و مێژوونووس و شوێنەوارناس رەوانشاد عەبدولخالق سەرسام، ناوی تەواوی (عەبدولخالق مەلا عەزیز مەلا حوسێن مەلا فەیزوڵڵا یە) ناسراو بە عەبدولخالق سەرسام، لە رۆژی چوارشەممەی ڕێکەوتی ١٩٤٨/١٢/١ لە گەڕەکی تەعجیلی شاری هەولێر لە بنەماڵەیەکی مەلازادە لە دایکبووە، لە تەمەنی حەوت ساڵی لە حوجرەی مەلا عەزیزی باوکی فێری خوێندن و نووسین بووە، لە تەمەنی هەشت ساڵیش چۆتە قوتابخانەی (اربیل الاولی و دوواتر قوتابخانەی (ئیبن خولەکان)، کە ئێستا مۆزەخانەی پەروەردەی هەولێرە، ساڵێکیشی لە (بلەی زێیار) خوێندووە کە باوکی لەوێ مامۆستا بووە، ناوبراو هەر لە تەمەنی ٩ ساڵیدا خولیای خوێندن و وێنە کێشان (رسم) بووە، لە نیوەی دووەمی شەستەکانی سەدەی ڕابردوو دەستی داوەتە شیعر و ووتار نووسین، یەکەمین جار ساڵی ١٩٦٧ کە کتێبی (هكذا تكلم زراداشت) کە هی نووسەری گەورەی ئەلمانی (فردریک نیتشەیە) خوێندۆتەوە ئەم کتێبە کاریگەریەکی زۆری تێکردووەو خودی خۆی، لە چاوپێکەوتنێکیدا لەگەڵ کەناڵی کوردسات دەڵێت (خوێندنەوەی ئەم کتێبە منی لە دونیایەکی میتافیزیقیەوە بردە دونیایەکی تر کە یاخیبوون بوو، لە سەر زۆر لایەنی فیکری و ئایینی و بیروباوەڕەوە) کە لای ئێمەی کورد باوبوو، هەروەها دەڵێت خۆی سەرسامبوە بە

زەردەشت، ئەی منی کورد چۆن سەرسام نەبم بە زەردەشت؟، بۆیە ناوبراو بایەخێکی زۆری بە کورد و خاکی ئەم کوردستانە داوە، هەتا لە شوێنێک دەڵێت عێراقی کوردستان نەک کوردستانی عێراق، چونکە خۆی باوەڕی بە وە هەبوو کە کورد و کوردستان زۆر کۆنترە لە عێراق، بۆیەش بایەخێکی زۆری بە زەردەشت و شوێنەوارە کوردیەکانداوە و بەشێکی لە ژیانی خۆی تەرخان کردبوو بۆ گەڕان و سوڕان بە دوای پاشماوە و شوێنەوارەکانی کورد، بە تایبەتی هی زەردەشتی و سەلاحەدین ئەیوبی.

عەبدولخالیق سەرسام کۆمەڵێک کتێبی چاپ و بڵاوکردۆتەوە، لە وانە (بەستەی گومان، نامیلکە شیعر لە ساڵی ١٩٦٩، لە لێواری گەردوندا، نامیکە شیعر لە ساڵی ١٩٨٩، ئاشتی نامە، نامیلکە شیعر لە ساڵی ١٩٩٥، صلاح الدين الايوبي من جديد ساڵی ١٩٩٨، بە زمانی عەرەبی، (صلاح الدين اصله ومنشأه) ساڵی ١٩٩٩ بە زمانی عەرەبی، ئاڤێستای نەورۆز، ئەو کاتەی عێراق هەمووی کوردستان بووە، کاوە جاف بووە و ئەژدیهاکیش بابلی بووە، ساڵی ٢٠٠٥، میتۆلۆژیای زەردەشتی و شوێنەواری لە کوردستاندا، ساڵی



**عەبدولخالیق سەرسام لەگەڵ یاوەرەکانی لە کاتی سەردانی کردنی یەک لە شوێنەوارەکانی زەردەشتی لە کوردستان**





**عەبدولخالیق سەرسام بە جلی پێشمەرگە**

٢٠٠٦، جۆگەی عاشقان (دۆزینەوەی نهێنیەکانی پرۆژەی ئاوی سەنحاریب کە دەگەڕێتەوە بۆ ٢٧٠٠ ساڵ لەمەوبەر و هەولێک بۆ نۆژەنکردنەوەی ساڵی ٢٠٠٧، گۆڕە دەخمەکانی میدیاو و زەردەشتیان و ڕێوڕەسمی مردوو سپاردن بە شاخ ٢٠٠٩).

ئەمەو ناوبراو هێشتا بەرهەمی لە چاپ نەدراویشی ماوە و سەدان نووسین و وتاری لە زۆربەی زۆری رۆژنامەو گۆڤارە کوردی و عەرەبیەکان بە زمانی عەرەبی و کوردی بڵاوکردۆتەوە، ئەندامی یەکیەتی قوتابیانی کوردستان بووە لە حەفتاکان و ئەو کاتەی پێشمەرگەی شۆڕشی ئەیلول و لێپرسراوی کتێبخانەی شۆرش بووە لە چۆمان ساڵی ١٩٧٤، هاوکات ئەندامی یەکێتی نووسەرانی کورد و ئەندامی سەندیکای رۆژنامەنووسانی کوردستان و ئەندام لە دەستەی بەڕێوەبەری دەزگای هاوار بەشی کوردی بووە و ئەندامی دەستەی بەڕێوەبەری دەزگای کاوەی رۆشنبیری وئەندامی دەستەی ڕاوێژکاری بووە لە وەزارەتی رۆشنبیری هەرێمی کوردستان.

سەرسام جگە لە زمانی زگماکی خۆی زمانەکانی عەرەبی و تورکی و فارسی و ئینگلیزی زانیوە، لە کاتژمێری هەشت و نیوی ئێوارەی رۆژی





**بەرهەمەکانی شاعیری ناوبراو**

چوارشـەممەی ٢٠٠٨/١٢/٣ دڵـە گەورەکـەی لـە لێدان دەوەسـتێت و کۆچـی دوایی دەکات، لە دووای خۆی دوو کوڕ بە ناوەکانی (زەردەشت و زاگرۆز کـە هەردووکیـان ئەندازیـارن و سـێ کچیـش بـە ناوەکانـی (ئاڤێسـتا، ئاڤـان، ئاریـان) کـە هـەر هەموویـان خاوەنـی بڕوانامـە و توانـای خۆیانـن، وە ئەگـەر تەماشـای نـاوی منداڵەکانـی کاک عەبدولخالیـق سـەرسـام بکەیـن دەبینیـن لـە نـاخ و ئەسـلی کـورد هەڵقـولاون، ئەمـەش بەڵگەیـە کـە ئـەو کەڵـە شـاعیرو نووسـەر و مێژوونـووس و شـوێنەوار ناسـە کـورد و کـورد پـەروەر بـووە تـا سـەر ئێسـقان، مـاوە بڵێـم گـۆڕت پـڕ گـوڵ و گوڵـزار و نـور و ڕەحمـەت بێـت و سـەربەرزی و سـەرفرازیش بـۆ منداڵەکانـت و نەوەکانیـان.

تێبینی: هەندێ وێنەو زانیاری لە کوردیپیدیا و چاوپێکەوتنی تەلەفزیۆنی کاک عەبدولخالیق خۆی وەرگیراوە، هەندێ زانیاری کە کاک زەردەشت عەبدولخالیق سەرسام بە سوپاسەوە بۆی ناردم.
زانیاری و داڕشتنی خۆم.



# عبدالغنی علی یحیا

چیرۆک نووس و نووسەر و ڕۆژنامە نووس و وەرگێڕ و شرۆڤەکاری کورد خوالێیخۆشبێت (عبدالغنی علی یحیا) یە، لە ساڵی ١٩٤٣ لە گوندی (گردەپان)ی سەر بە قەزای ئاکرێ لەدایکبووە و قۆناغەکانی خوێندنی لە موصڵ تەواوکردووە، ئەندامی دەستەی نووسەرانی گۆڤاری پەیامی ئەیلول بووە، لە ١٩٦٣/٤/١ پەیوەندی بە هێزی پێشمەرگەی کوردستان کردووە، لە مفاوەزاتەکەی ساڵی ١٩٦٣ - ١٩٦٤ گەڕاوەتەوە شاری موصڵ دەستی کردووە بە چیرۆک نووسین، چەند چیرۆکێکی بە زمانی عەرەبی لە ڕۆژنامەکانی عەرەبی (فتی العراق) و (فتی العرب) و (الثورة العربیة) بڵاوکردۆتەوە، لە ساڵی ١٩٦٤ لە پێشبڕکێیەکی چیرۆک لە ڕۆژنامەی (فتی العراق) خەڵاتی یەکەمی وەرگرتووە، لە ساڵی ١٩٦٩ لێکۆڵینەوەیەکی لەسەر (المسخ)ی (کافکا) نووسیوە و لە گۆڤاری (العلوم) ی لوبنانی کە خاوەنەکەی منیر البعلبکی بوو بڵاوکردۆتەوە، لە ساڵی ١٩٧٠ بۆماوەی چوار ساڵ سەرنووسەر و پەیامنێری ڕۆژنامەی (التاخي) بووە، لە ساڵەکانی ١٩٧٤ - ١٩٧٥ لە ڕادیۆی



دەنگی کوردستان کاریکردووە و وتاری سیاسی نووسیوە.

لە دوای ڕاپەڕین ماوەیەک لە ڕۆژنامەی کوردستانی نوێ و هەفتانەی (الاتحاد) بەزمانی عەرەبی ووتاری نووسیوە و لە تەلەفیزیۆنی گەلی کوردستانیش کاریکردووە، لە ساڵی ٢٠٠٤ لقی سەندیکای ڕۆژنامەنووسانی کوردستانی لە موصڵ دامەزراندووە و بۆ ماوەی پێنج ساڵ سەرۆکبووە، لە ساڵی ٢٠٠٦ ڕۆژنامەی (الحقیقة) ی لە موصڵ دەرکردووە کە جاران لە ساڵانی شەستەکان لە لایەن مەلا ئەنوەر مائی و جەرجیس فەتحوڵڵا دەرچووە و دوو ساڵیش سەرنووسەری بووە، ئەندامی یەکێتی نووسەرانی کورد و ڕۆژنامەنووسانی کوردستان و ئەندامی فیدڕاسیۆنی ڕۆژنامەنوسانی نێودەوڵەتی بووە، کتێبێکی بەناوی (قضایا کردستان) بە زمانی عەرەبی بڵاوکردۆتەوە لە ساڵی ٢٠٠٢ لە چاپخانەی (دار ئاراس للطباعة والنشر) چاپکراوە، خوالێخۆشبێت عبدالغنی یەحیا لەو نووسەرانە بوو کە بەشی زۆری بەرهەمەکانی بە زمانی عەرەبی دەنووسی، لەو شاعیر و نووسەرانەی کورد کە هەمیشە بەرهەمیان بە زمانی عەرەبی هەیە لەوانە (خوالێخۆشبێت سامی شۆڕش، خوالێخۆشبێت دکتۆر عەبدوڵڵە حەداد، کاک سیف الدین محمود، کاک نزار جرجیس عەلی، کاک حسام



**لە ڕیزی پێشەوە لەلای چەپ پێموایە خوالێخۆشبێت چیرۆك نووس کاکە مەم بۆتانیە، خوالێخۆشبێت دکتۆر عەبدوڵڵا حەداد، سێیەم نەناسراوە، لەڕیزی دواوە دووەم کەس لە چەپەوە خوالێخۆشبێت شاعیری نەمر خالید جوتیار.**



**لای ڕاست عبدالغنی عەلی یەحیا، شاعیر و نووسەری کورد پەروەر ئازاد عبدالواحید**

خضـر)، ئـەم سـیانەش ئەگـەر مـاون خـوا تەمـەن درێژیـان بکات ئەگەریش نەماون خوا لەوانیش خۆشبێت، بیرەوەریم لەگەڵ خوالێیخۆشبێت عبدالغنی بـەردەوام بـوو ئـەو مرۆڤێکی هێمـن و لەسـەرخۆ و ڕەوشـت بـەرز بـوو و هاریکاریەکی زۆری کردم لە هەڵسـەنگاندنی ئەو دیوانی شیعری و چیرۆک و هەمـوو ئـەو تێکسـتانەی کـە پێشـکەش بـە ئێمـە دەکـران بـۆ چاپکـردن، باشترین پسپۆڕ (خبیر) بوو لەم بوارەدا، ناوبراو بەشداری لە دەیان کۆڕ و کۆبوونـەوەی ئەدەبی کـردووە، دەیـان جاریش لێدوانـی بـۆ بەشـی زۆری کەناڵـە عەرەبـی و کوردیـەکان داوە وەکـوو شـڕۆڤەکار، هەروەهـا بەرهەمـی زۆری بـە زمانـی کـوردی و عەرەبـی هەیـە، بـەڵام بەداخـەوە لـە چاپـی نـەداون، هەقـە بەڕێوەبەرایەتـی ڕۆشـنبیری بەرهەمەکانـی بـۆ چـاپ بکـەن یـان یارمەتـی کـەس و کارەکـەی بـدەن بـۆ لەچاپدانـی خـۆ بەرهەمەکانـی سـامانێکی گرنگی ئـەدەب و نووسـینی کوردینـە، ناوبراو لە ٢٠١٩/٦/٢٩ کۆچی دواییکـرد، بەمـەش ئەسـتێرەیەکی گـەش لـە ئاسـمانی ئـەدەب و ڕۆشـنبیری کـوردی کوژایـەوە، لـە کۆتایـی هـەزار ڕەحمـەت لـە گـۆڕی عبدالغنـی یحیـا و ڕوحـی شـادە و جێگای بەهەشـتە ئینشـاالله، ئەوانەشـی لـەم پۆسـتەدا ناویـان

هاتـووه و کۆچـی دواییـان کـردووه خوالێیانخۆشـبێت و جێگای ئەوانیـش بەهەشـت بێـت، ئەوانـەی مـاون لـە ژیـان خـوا سـاغ و سـەلامەت و تەمـەن درێژیـان بکات.

تێبینـی: دوو وێنـەی یەکـەم و دووەم ئەمـە هـی کۆڕێکـی ئەدەبیـە بـۆ شیکردنەوە و شرۆڤە کردنی سێ دیوانی شیعری شاعیری گەورەی کورد عەبدوڵڵا پەشێو لە لایەن شاعیر و نووسەری کورد کاک ئازاد عەبدالواحید (خـوا تەمەنـی درێـژ بکات) خوالێیخۆشـبێت عبدالغنـی یەحیـا پێشکەشکاری کۆڕەکە بووە کە لە ساڵی ١٩٧٦ لە هۆڵی خانەی مامۆستایان لە سەیداوە بەسـتراوە.

وێنـەکان: وێنـە ژمـارە ٣ و ٤ لـە ووتارێکـی کاک ئـازاد عبدالواحیـدی شـاعیر و نووسـەری کـورد کـە بـە بۆنـەی یـەک سـاڵ تێپـەڕ بـوون بەسـەر کۆچـی دووایـی خوالێیخۆشـبێت عبدالغنـی یەحیـا وەرگیـراوە.
بیرەوەری و زانیاری خۆم.



# هونەرمەند هوشیار سەید ئەحمەد

ناوی تەواوی (هوشیار سەید ئەحمەد سالّح) ە، باوکی بە ڕەچەڵەک کۆییە و لە بەرئەوەی فەرمانبەر بووە لە بەڕێوەبەرایەتی (گومرگ) هەر ڕۆژەی لە شوێنیک بووە، ناوبراو لە ساڵی ١٩٤٠ لە شارۆچکەی (تەوێڵە) ی سەر بە پارێزگای هەڵەبجە لە دایک بووە.

لە ساڵی ١٩٤٣ دایکی کۆچی دوایی دەکات و باپیری سالّح زۆری خۆشویستووە دەیباتە لای خۆی لە کۆیە و پەروەردەی دەکات، لە ساڵی ١٩٦٢ماڵیان دێتەوە هەولێر لە گەڕەکی تەیراوە نیشتەجێ دەبن، خوێندنی سەرەتایی لە کۆیە تەواو دەکات و پۆلی یەکەمی ناوەندی لە (تەلەعفەر) و پۆلی دووەم لە هەولێر و پۆلی سێیەم لە هەڵەبجە و چوار و پێنجیش لە دواناوەندی (سنجار) تەواو دەکات، خانەی مامۆستایان لە سلێمانی تەواو دەکات، (چونکە باوکی فەرمانبەری گومرگ بووە هەر ڕۆژەی لە شار و شارۆچکەیەک بووینە).

ساڵی ١٩٦١ بۆتە مامۆستای سەرەتایی لە گوندی (بێستان سوور)ی سەر بە شارۆچکەی (عەربەت) لە پارێزگای سلێمانی، پاش ساڵێک دەگوازرێتەوە گوندی (مورتکەی گەورە) لە نزیک قوشتەپە دواتر ساڵ و نێویک لە ناو قوشتەپە ئینجا دەگوازرێتەوە قوتابخانەی (هەندرێن)ی ئێواران لە هەولێر.



له لای چەپەوە: هونەرمەند هوشیار سەید ئەحمەد،
میدیاکارو ڕاویژکاری ڕاگەیاندن تاریق جەوهەر

دەسپێکی کاری هونەری هوشیار سەید ئەحمەد لە ساڵی ١٩٥٦ ەوە دەست پێدەکات ئەو کاتەی وەکو ئەکتەر بەشداری کردووە لە شانۆگەری (ئەمرەکەی بەگم) لە دەرهێنانی ڕەئوف یحیا، ماوەیەک لە کاری هونەری دادەبڕیت و دواتر لە ساڵی ١٩٧٠ لەگەڵ تیپی هونەری هەولێر دەست بە کاری هونەری دەکاتەوە و بەشدار دەبێت لە (تەمسیلیەی مارەیی) و هەر لە ساڵی ١٩٧٠ لەگەڵ تیپی هونەری هەولێر بەشداری کردووە لە ڤیستیڤاڵی هونەری کوردی لە بەغدا بە شانۆگەری (لە پێناوی ڕۆناکی) لە نووسینی خۆی و دەرهێنانی دەرهێنەر سەباح عەبدولڕەحمان.



له لای ڕاستەوە هونەرمەند هوشیار سەید ئەحمەد، هونەرمەند خالید عومەر،



لە ساڵی ١٩٧٤ لە هەولێرەوە دوو شانۆگەری دەبەنە سلێمانی لەوێ نمایش دەکرێت یەکەمیان شانۆگەری (بێژەر بەڵێ بێژەر نا) لە نووسینی (برێخت) و دەرهێنانی سەباح عەبدولڕەحمان، دووەمیان شانۆگەری (چیرۆکی کۆن) لە نووسینی (معاذ یوسف) و دەرهێنانی سەباح عەبدولڕەحمان و ناوبراو بەشداری لە شانۆگەری (چڵپاو و مەسەلەی شارێک کردووەو رۆڵی حەیدەرە فەندی) دیوە.

پاش ساڵی ١٩٧٤ واز لە کاری هونەری دەهێنێت و لە کۆتایی حەفتاکان دەبێتە پەیامنێری ئاژانسی دەنگوباسی عێراقی لە هەولێر.

بیرەوەریم لەگەڵ هونەرمەند هوشیار سەید ئەحمەد دەگەڕێتەوە کۆتایی حەفتاکانی سەدەی ڕابردوو ئەو کاتەی کە لە بەڕێوەبەرایەتی رۆشنبیری بووم جاروبار دەهاتە لامان باسی هەواڵ و چۆنیەتی نووسینی و خوێندنەوەی بەو پێیەی من تازە لە ئێستگەی کوردی بەغدا هاتبوومەوە هەولێر، بە ڕاستی ئەو میدیاکارێکی زۆر بە توانا بوو زمانە عەرەبیەکەشی



هونەرمەند کاك ئازاد سەعید، هوشیار سەید ئەحمەد.

زۆر بـاش بـوو و هەمـوو کارەکانـی خـۆی پوختـە بەڕێوەدەبـرد هـەر بـە تەنیـاش بـوو.

ناوبـراو لـە ڕۆژی ٢٠٢١/٩/٢١ لـە شـاری هەولێـر کۆچـی دوایـی کـرد، ڕەوانـی شـاد و ئاسـوودە و ئـارام بێـت.

بۆ نووسینی ئەم باسە سوود لەم سەرچاوانە وەرگیراوە:

زانیـاری لـە لاپـەڕەی هونەمەنـد کاک خالیـد عومـەر وەرگیـراوە لەگـەڵ وێنەکـەی کـە ئـەو ژیاننامـەی لـە دەسـتی ڕەوانشـاد هونەرمەند هوشـیار سـەید ئەحمـەد وەرگرتـووە لـە بـەرواری ٢٠١٨/٦/٢٠، وێنەیـەک میدیـاکار تاریـق جەوهـەر بـۆی نـاردووم، زانیـاری و نووسـینی داڕشـتنی خـۆم.



# نیعمەت عەبدوڵڵا

مامۆستای پەروەردە و نووسەر و شاعیر و ڕۆژنامەنووس و پەرلەمانتار و سیاسەتمەدار نیعمەت عەبدوڵڵا، ناوی تەواوی (نیعمەت عەبدوڵڵا پیرداود) ە، لە ساڵی ١٩٥٠ لە گوندی (دەربەندی گۆم) ی سەر بە ناوچەی کەندیناوە لە خانەوادەیەکی کورد پەروەر لە دایکبووە، لە ساڵی ١٩٥٦ هەر لە گوندی دەربەندی گۆم چۆتە بەر خوێندن و قۆناغی سەرەتایی تەواو کردووە و خوێندنی ناوەندی لە ناوەندی (جمهورية) و ئامادەیی لە ئامادەیی هەولێر خوێندووە، ساڵی ١٩٧١-١٩٧٣ بەشی کوردی لە کۆلێژی ئادابی دانشگای بەغدا تەواوکردووە.

لە ٦/١٣/ ساڵی ١٩٦٣ لە گەل سەدان لە خزم و کەسەکانی و خەڵکی گوندەکە کە دەچنەوە گوندەکەی خۆیان (دەربەندی گۆم)، دەکەونە بەر هێرش و غەدری حەرەس قەومی و سوپای ئەوسای عێراق پاش تاڵان و ڕوخان و سووتاندنی گوندەکە لە گەل چەند کەسانێکی دیکەی خەڵکی گوند دەستگیر دەکرێت و ڕەوانەی سەربازگەی کەرکوک دەکرێت و پاش ئازار و ئەشکەنجەیەکی زۆر لەبەر بچووکی تەمەنی لە ١٩٦٣/٦/٢٦ ئازادی دەکەن.

لە هاوینی ساڵی ١٩٧٣ دوای تەواوکردنی زانکۆ بۆ خزمەتی کۆلیژی



سەربازی بانگ دەکرێت و دەچێتە دەورەی (ضابط الإحتیاط) بە سەرکەوتووی تەواوی دەکات، پاش ڕێکنەکەوتنی سەرکردایەتی کوردی لە گەل ڕژێمی ئەوسای عێراق بۆ جێبەجێکردنی تەواوی بەندەکانی ڕێکەوتننامەی ئازار لە ١٩٧٤/٣/١١ پەیوەندی بە شۆڕشی ئەیلول دەکات و پاش هەرەس هێنانی شۆڕش دەگەڕێتەوە و دەینێرنە شاری (کەربلا) لە خوارووی عێراق وەکو (عائدون).



لە ١٩٧٥/٦/١١ دەزگای ئاسایشی کەربەلا ماوەیەک دەستگیری دەکەن و ڕەوانەی بەندیخانەی (عیمارة) ی دەکەن و پاش سالێک ئازاد دەکرێت، لە نەورۆزی سالّی ١٩٧٨ دەگەڕێتەوە سەر کاری خۆی لە پەروەردەی کەربەلا و لە ١٩٧٩/٥/٩ دەگوازرێتەوە پەروەردەی هەولێر و لە ١٩٨٥/٧/١ بۆ


نیعمەت عەبدوڵڵا بە جلی پێشمەرگایەتی

جاری سێیەم دەستگیر دەكرێت و سێ مانگ لە زیندانی تاكە كەسی (ئینفرادی) دەبێت لە لایەن دەزگای ئاسایشی هەولێر. بەڵام پاش سێ مانگ بە گۆڕینەوە لە گەل (ضابط) ێكی عەرەب لە كۆتایی ساڵی ١٩٨٥ ئازاد دەكرێت، لە ساڵی ١٩٨٦ تا وەكو ساڵی ١٩٩١ بە هۆی چاودێریكردنی لە لایەن دەزگا ئاسایشەكانی رژێمی ئەوسا ناتوانێت لە هەولێر دانیشێت و ڕوو دەكاتە ناوچە رزگاركراوەكانی شۆڕش، لە هاوینی ساڵی ١٩٩١دەگەڕێتەوە سەر كارەكەی خۆی لە بەڕێوەبەرایەتی پەروەردەی هەولێر، لە مانگی ٥/ساڵی ١٩٩٣دەبێتە بەڕێوەبەری گشتی لە دیوانی وەزارەتی تەندروستی، لە ساڵی ١٩٩٥ دەبێتە بەڕێوەبەری ئەزمونەكان و بەڕێوەبەرایەتی دیوانی گشتی پەروەردەی هەولێر، لە ساڵی ١٩٩٧ دەبێتە بەڕێوەبەری گشتی چاكسازی لە وەزارەتی كاروباری كۆمەلایەتی و لە ساڵی ٢٠٠١ دەگوازرێتەوە بۆ سەرۆكی دەزگای گەشت و گوزاری، تا لە ٢٠٠٢/١٠/٤ دەبێتە ئەندامی خولی یەكەمی پەرلەمانی كوردستان لە ٢٠٠٥/٥/٣١ خانەنشین دەكرێت.

كاك نیعمەت لە ساڵی ٢٠٠٧ تا وەكوو ساڵی ٢٠١٩ سەرۆكی یەكێتی پەرلەمنتارانی كوردستان بووە و بنكەی شەهید ڕێبازی بۆ رۆشنبیری دامەزراندووە، لە ساڵی ٢٠٠٠ ەوە سەرۆكی بۆردی هۆشیاركردنەوە لە مین و تەقەمەنی بووە، بەشداریشی لە دامەزراندنی بزاڤی ئاشتی ناوەخۆیی كردووە و هەروەها بەشدار بووە لە دامەزراندنی ڕێكخراوی چرا (چراخ) بۆ كەلتوور، ناوبراو دەیان نووسینی لە بواری ئەدەبی و پەروەردەیی و سیاسی و مێژوویی و ئیدارە دان لە زۆربەی زۆری رۆژنامە و گۆڤارەكانی كوردستان بڵاوكردۆتەوە و لە بەرهەمەكانی (شۆڕشی مەستان دیوانی شیعر ساڵی ٢٠٠٧، ئیدارەی گشتی نەخشە ڕێگای دامەزراندنی دەولەتی كوردی-بەشی یەكەم و بە لاتینی كراوەتە توركی و نەخشەی سەربەخۆیی

کوردستان بەشی دووەم کە بە کوردی کراوەتە هەر دوو شێوەزار. نامیلکەیەکی شیعری بە ناوی قەسیدەی (غەدر) و چیرۆک و کۆمەڵێک شیعری جوان، کتێبێک دەربارەی پرۆژە و پێشنیار بۆ کۆنگرەی نەتەوەیی).

کاک نیعمەت لە ساڵی ٢٠١٤ بەشداری کردووە لە بۆردی مافی چارەنووسی گەلی کوردستان و سکرتێری بۆردەکەش بووە کە لەژێر چەتری یەکێتی پەرلەمانی کوردستان بووە، بەشداربووە لە دارشتن و دەرچواندنی کۆمەڵێک پرۆژەو پرۆژەی یاسایی لە گەل ئەندامانی تری بۆردەکە کە ژمارەیان (١٠) کەسن و سەردانی چەندین لایەنی ناوەوە و دەرەوەی وڵاتیان کردووە وەکوو وڵاتی (هۆلەندا، بەلجیکا، فەرەنسا و یەکیەتی پەرلەمانی ئەوروپا لە دەولەتی سویسرا)، بۆ گۆڕینەوەی بیرو ڕا دەربارەی کاری پەرلەمانی.

نیعمەت عەبدوڵڵا چەندین کۆڕو کۆبوونەوە و سیمیناری لە بوارەکانی ئەدەبی و سیاسی و پەروەردەیی و ئیدارەدان بەستاوە و ئەندامی یەکێتی نووسەرانی کوردو ئەندامی سەندیکای رۆژنامەنووسانی کوردستانە.

تێبینی: بۆ ئەم نووسینە سوود لەم سەرچاوانە وەرگیراوە:

وێنەکان و هەندێ زانیاری کاک نیعمەت عەبدوڵڵا بۆی ناردووم، هەندێ زانیاری و نووسین و دارشتنی خۆم.



# حەیدەر عەبدولرەحمان بەقال

هونەرمەندی ناوداری گۆرانی و مەقام و قۆریات، ڕەوانشاد حەیدەر بەقال، ناوی تەواوی (حەیدەر عەبدولرەحمان ئۆغلۆ هەولێریە)، ناسراو بە (حەیدەرە کەچەل، یان بە حەیدەر بەقال) لە ساڵی ١٩٢٦ لە شاری هەولێر لە دایکبووە، کەس نیە لە نێو بازاری شاری هەولێر لە چلەکانی سەدەی ڕابووردوو بە دوواوە ئەم هونەرمەندە بە بەهرەو توانایە نەناسێ و خۆشیشی نەوێت، منداڵ بووم تەمەنم دەوری یانزە ساڵان بوو، ڕێگام



لەلای ڕاستەوە: حەیدەر بەقال، ئایشەشان، ڕەسول گەردی



کەوتە گومرگی هەولێر (علوة)، کە ئەو کات لە تەنیشت یانەی فەرمانبەران بوو (ئێستا بازاڕی نیشتمانی لێ دروستکراوە)، ناوبراوم لە وێ دیت وەکوو لێپرسراو یان سەرپەرشتیار هاتە بەر چاوم پیاوێکی ڕووخۆش و مەشرەب خۆش بوو، هەر لە تەمەنی لاوێتیەوە بەهرەی دەنگ خۆشی لێدەرکەوتووە و لە کۆڕو دانیشتنی دیوەخانەکانی ئەو سەردەم گۆرانی و مەقام و قۆریاتی بە زمانی کوردی و تورکی وتووە، لە گەڵ گۆرانیبێژان تایەر تۆفیق و ڕەسول گەردی و باکوری و مشکۆ و مەحەمەد جەزا و مەحەمەد ئەحمەد







لەلای ڕاستەوە، حەیدەر بەقال، ڕەسول گەردی

ئەربیللی زۆر ئاهەنگیان ساز کردووە.

ئەم هونەرمەندە مەزنە هیچ گۆرانی لە هیچ رادیۆ و تەلەفزیۆنیک تۆمار نەکردووە، تەنها لە ئاهەنگەکاندا نەبێت، لە ساڵی ١٩٧٠ لە سەر بانگهێشتی سەرکردەی نەمر مەلا مستەفای بارزانی بەشداری لە ئاهەنگە گەورەکەی (چۆمان) لە گەڵ هونەرمەندانی تر کردووە، دیسان هەر لە هەمان ساڵ بەشداری لە ئاهەنگێکی لە (شەقڵاوە)



کردووە، منیش وەکوو لێپرسراوی بەشی رۆشنبیری لە دیوانی ئەمینداریێتی گشتی رۆشنبیری و لاوان لە دوو ئاهەنگدا بە خزمەتی ئەم هونەرمەندە گەیشتووم، یەکەمیان لە ساڵی ١٩٧٨ کە هونەرمەندی ناوداری کورد ئایشە شان لە لایەن رادیۆ کوردی بەغدا داوەت کرابوو، ئێمەش لە رەوشنبیری و لاوان بە هەڵم زانی و داوەتی هەولێرمان کردوو لە یانەی فەرمانبەران ئاهەنگێکی خنجیلانەمان بۆ ساز کرد، کە هونەرمەند حەیدەر بەقال لەگەڵ رەسول گەردی تیایدا بەشداربوون، دیسان لە ساڵی ١٩٧٩ ئاهەنگێکی ترمان لە هۆڵی گەل بە بۆنەی رێز لێنان لە هونەرمەندان ساز کرد کە تیایا زیاتر لە ٢٠ هونەرمەند بەشدار بوون، حەیدەر بەقالیش یەکێک بوو لەو هونەرمەندو گۆرانی بێژانەی بە دەنگە خۆش و زوڵالییەکەی و قۆریاتە بەناوبانگەکەی (ئۆف یاندم) بەشداریکرد و هەموو ئامادەبووانی هۆڵەکەی هێنا جۆش و خرۆش و چەپڵە لێدان، ناوبراو لە ١٩٧٩/٥/١٢ لە هەولێر کۆچی دوایی کردووە.


سەرچاوەکان:

- وێنەکان و هەندێ زانیاری لە کوردیپیدیا و ویکیپیدیاو youtube ، ئەرشیفی ئەمیر کەبابچی و خالیدی کوڕی خوالێخۆشبوو وەرگیراون.
- زانیاری و نووسینی خۆم.




# تاریق ئیبراهیم شەریف

لەو نووسەر و رۆژنامەنووسە کوردانەی شاری هەولێر کە بە زمانی عەرەبی نووسیویانە ئەویش خوالێیخۆشبێت کاک تاریق ئیبراهیم شەریفە، ناوبراو لە سالی ١٩٥٢ لە شاری هەولێر لە دایکبووە، من لەگەڵ ناوبراو لە سالی ١٩٦٣ لە یەک پۆلی خوێندن بووین لە قوتابخانەی ئازادی سەرەتایی و باوکیشی هەر لە وێ مامۆستامان بوو ئەگەر سەهوو نەبم دەرسی زمانی عەرەبی پێدەوتین، کاک تاریق هەر زوو لە کۆتایی شەستەکان چووە ناو دونیای ڕاگەیاندن و رۆژنامەوانی یەکەمین جار لە ساڵی ١٩٦٨ وەکوو پەیامنێری گۆڤاری هەفتانە (الفکاهة)دەست بەکار بووە، لە سالی ١٩٦٩ بۆ رۆژنامەی (کل شيء) و سالی ١٩٧٠ پەیامنێری رۆژنامەی هەفتەیی (المجتمع) و هەر لە هەمان ساڵ بۆ گۆڤاری (الوان جدیدة)ی میسری کاریکردووە، پاشان لە ساڵی ١٩٨٠ تا ١٩٨٧ بۆتە پەیامنێری گۆڤاری (الف باء)ی بەغداد ، لە ساڵی ١٩٨٨ تا ١٩٩٠ لە رۆژنامەی (الاتحاد) کاری کردووە، ناوبراو چەند کتێبێکی بڵاوکردۆتەوە لەوانە (اربیل-لمحة

سیاحیة) لە ساڵی ١٩٧٣ و کتێبی (فیصل الثانی اخر ملوک العراق) لە ساڵی ١٩٩٥، هەروەها کتێبی (الشخصیات) کە بریتیە لە چاوپێکەوتنی ڕۆژنامەوانی لەگەل چەند کەسایەتیەکی ناوداری شاری هەولێر لەوانە (مەسعود محەمەد، عیزدین مەلا فەندی، عونی یوسف، هادی چاوشلی، فتاح شالی، ئیحسان شێرزاد)، لە دوو بەرگ چاپی کردووە بەرگی یەکەم لە ساڵی ١٩٨٨ و بەرگی دووەم لە ساڵی ١٩٩١، ئەم چاو پێکەوتنانە هەوێنێکی زۆر پوخت و باشن بۆ خوێندنەوە و لێکۆڵینەوە بە تایبەتی بۆ قوتابیانی کۆلێژەکانی پەروەردە و ئاداب-بەشی مێژوو لە زانکۆکانی هەرێمی کوردستان بۆ وەرگرتنی بڕوانامەی ماستەر و دوکتۆرا، هەروەها چاوپێکەوتنێکی ڕۆژنامەگەری لەگەڵ سیاسەتمەداری گەورەی کورد کاک محسن حەمەدەمین دزەیی کردووە بە زمانی عەرەبی، شاعیر و نووسەری کورد کاکە شێخ ئیسماعیل بەرزنجی وەریگێڕاوەتە سەر زمانی کوردی، ساڵی ٢٠٠٩ لە دەزگای چاپەمەنی ئاراس چاپ کراوە.

کاک تاریق لە ساڵی ٢٠٠٥ تا ٢٠٠٩ سکرتێری (تحریر الاخبار) بووە لە کەناڵی تەلەفزیۆنی (عشتار)، ناوبراو ئەندامی سەندیکای ڕۆژنامەنووسانی عێراقی بووە، ووتارو لێکۆڵینەوەی زۆری لە ڕۆژنامە عەرەبی و کوردیەکان




**لە ڕاستەوە تاریق ئیبراهیم شەریف،**
**هادی چاوشلی، ڕۆژنامەنووس کاک تاریق جامباز،**




**بەرگی کتێبی وێستگەکانی ژیانم چاوپێکەوتنێکی رۆژنامەگەریە تاریق ئیبراهیم شەریف بە عەرەبی ئەنجامی داوە و شاعیر و نووسەری کورد ئیسماعیل بەرزنجی وەریگێڕاوەتە سەر زمانی کوردی.**

بڵاوکردۆتەوە بە زمانی عەرەبی، لە رۆژی ٢٠١٢/٥/٢٣ پاش ململانێ لەگەل نەخۆشی لە هەولێر کۆچی دوایی دەکات و ئەمەش خەسارەتێکی گەورە بوو بۆ ڕاگەیاندن و رۆژنامەوانی هەولێر و کوردستان، روحی کاک تاریق و مردووکانی تر شاد و مەنزەڵگایان ئارام بێت.

سەرچاوەکان: وێنەکەی کاک تاریق ئیبراهیم شەریف لە کوردیپیدیا و پرسەنامەی کەناڵی عەشتار بۆ کۆچی دواییکردنی وەرگیراوە، هەندێ زانیاریش لە وتارێکی د. ئیبراهیم خەلیل عەلاف مامۆستای مێژووی نوێ لە زانکۆی موصل وەرگیراوە. ٢-وێنەی کاک تاریق جامباز لە چاوپێکەوتنێکی کەناڵی گەلی کوردستان لە گەلی وەرگیراوە. زانیاری و نووسین و دارشتنی خۆم.



# خالید بەکر ئەیوب

نوسەر و ڕۆژنامەنوس خالید بەکر ئەیوب لە ساڵی ١٩٤٨ لە هەولێر لە دایکبووە، لە ساڵی (١٩٥٥) چۆتە بەر خوێندن، پۆلی یەکەم و دووەمی سەرەتایی لە قوتابخانەی ناحیەی (مەسیف) خوێندووە، لە پۆلی سێیەمەوە چۆتە قوتابخانەی (أربیل الاولی) لە شاری هەولێر، پاشان لە ساڵی (١٩٦٢) چۆتە ناوەندی (کۆماری - جمهوری) لە شاری هەولێر، ساڵی (١٩٦٥) چۆتە خانەی مامۆستایان (دار المعلمین) لە شاری هەولێر، لە ساڵی خوێندن (١٩٦٧ - ١٩٦٨) بەسەرکەوتوویی دەردەچێت.

یەکەم نووسین: لە ساڵی (١٩٦٩)دا بووە، ئەویش وەرگێڕانی شیعرێکی شاعیری ناودار (محەمەد سالح دیلان) لە کوردییەوە بۆ عەرەبی، لە دوا ژمارەکانی (النور)ی بەغدادی بڵاوکراوەتەوە، پێشەکی بۆ دیوانی (دولبەر و دڵداری) شاعیری میللی حەبیب میرانی نووسیوە، هەروەها لە ڕۆژنامەی (هاوکاری) ئەوکاتەدا نووسینی بڵاوکردۆتەوە.

هەر لە کۆتایی شەستەکانی سەدەی ڕابردوودا، تێکەڵ بە بواری ڕۆشنبیری و سیاسی بووە، لە بواری سیاسەتدا چەپێکی سەربەخۆبووە، سەرەڕای خەمە گەورەکەی کە نەتەوەکەی چەوسێنراو و زوڵملێکراو و ماف زەوتکراو و بێ کیانێکی سیاسی و نەتەوەیی بووە، هەردەم لەبەرەی





چینی هەژار و چەوساوەکان بووە و بۆ بەدەستهێنانی مافە نەتەوەییەکان و چینایەتییەکان تێکۆشاوە.

هەندێک لە لایەنی ژیانی (پەروەردەیی و رۆشنبیری)ی نووسەر:- لەسەرەتای گەنجییەوە بە (مامۆستا) دامەزراوە.. یەکەم گوند کە مامۆستایەتی لێکردووە لە قوتابخانەی گوندی (قازیخانە) بووە لە دەشتی هەولێر. ... پاشان چۆتە قوتابخانەی گوندی (چالۆک) وانەی ووتۆتەوە.


لە ساڵانی هەشتایەکان لە قوتابخانەی ئایینی (خالیدی کوڕی وەلید) ی عەرەبی لە شاری هەولێر وانەی (عەرەبی) وتۆتەوە.دواتر ساڵانی نەوەدەکان پاش راپەڕین لە قوتابخانەی (سامان)ی سەرەتایی لە گەڕەکی (تەیراوە)ی شاری هەولێر یاریدەدەری بەڕێوبەر بووە، لەهەمان کاتیشدا مامۆستای وانەی (عەرەبی) بووە لەهەمان قوتابخانە.

لە زۆربەی زۆری ئەو قوتابخانانەی کە وانەی تێدا گوتۆتەوە.. . وانەی (عەرەبی) تێدا گوتۆتەوە.

هەروەها نزیکەی (١٥) ساڵ لە گوند و دێهاتەکانی شاری هەولێر کاری مامۆستایەتی کردووە، دواتر لەم پیشەیەی بەردەوام بووە و لە ساڵی (١٩٩٣) دا پلەی (سەرپەرشتیاری پەروەردەیی) وەرگرتووە، دوای (٢٤) ساڵ لە خزمەتکردن بە بواری پەروەردە و فێرکردن لە ساڵی (٢٠١١) وەک سەرپەرشتیارخانەنشین کراوە.

ئەو چەند ساڵەی کە ڕژێمی بەعسی فاشی لە کوردستان باڵا دەستبووە، نووسینەکانی وەستاندووە، لەترسی ئەوەی نەوەک داوای لێ بکرێت بەشان و باڵای ئەم ڕژێمە دیکتاتۆرییە هەڵبدات، دوای ڕاپەڕینە کوردستانییەکەی ساڵی (١٩٩١)، وەک (نووسەر) لە ڕۆژنامەی (الاتحاد) ئۆرگانی یەکێتی نیشتیمانی کوردستان کاریکردووە و بەڕێوەبەری نووسینگەی ڕۆژنامەکەبوو لە هەولێر، لەو کاتدا نووسینەکانی لەم ڕۆژنامەیە و ڕۆژنامەکانی (کوردستانی نوێ، برایەتی، ڕێگای ڕزگاری) بەزمانی کوردی و ڕۆژنامەکانی (المؤتمر، المواطن، نداء الشغيلة... هتد) بە زمانی عەرەبی کە ئۆپۆزسیونی عێراقی ئەو کات دەریدەکرد بە ناوی خوازراوەوە وەک (پالە، کرێکار، باوکی دیار، باوکی بەیار...هتد) بڵاوکراوەتەوە.

هاوکات لە گۆڤاری (پەیامی مامۆستا) کە یەکێتی مامۆستایانی کوردستان دەریدەکرد هاوکار بووە و نووسینی پەروەردەیی جۆراوجۆری تێدا بڵاوکردۆتەوە، لە گۆڤاری (پانیپاڵ)ی بزوتنەوەی ئاشووری بابەتی هەمەجۆری بڵاوکردۆتەوە، هەروەها لە ڕۆژنامەی (ڕێگای کوردستان) بەشە عەرەبیەکە و کوردییەکەی نووسینی بڵاوکردۆتەوە، لەساڵی (١٩٩٩) دا لەبەشی ڕاگەیاندنی لقی هەولێری کۆمەڵەی هیوای عێراقی کاری کردووە و بڵاوکراوەیەکی وەرزی بە ناونیشانی (پەیامی هیوا) بە هەردوو زمانی کوردی و عەرەبی بە کۆششێکی تاکە کەسی دەرکردووە.



لە بواری سەندیکایی دوای یەکگرتنەوەی سەندیکای ڕۆژنامە نووسانی کوردستان لە هەولێر و یەکێتی ڕۆژنامەنووسانی کوردستان لە سلێمانی لە ساڵی (٢٠٠٤)دا وەکو ئەندامی ئەنجوومەن (وەک نوێنەری یەکێتی نیشتیمانی کوردستان) هەڵبژێردراو لێپرسراوەتی بەشی ڕۆشنبیری پێسپێردراوە و وەک (سکرتێری نووسین) لە گۆڤارەکەی سەندیکا کە بە ناونیشانی (ڕۆژنامەنووس) دەردەچوو

کاریکـردووە، دوای هەڵبژاردنـی سـتافێکی نـوێ بـۆ سـەندیک، بووەتـە (جێگـری سەرنووسـەر) لـەم گۆڤـارەدا، لـە هەڵبژاردنەکـەی سـاڵی (٢٠١١) دا ئەنجومەنێکـی تـازە هاتـە سـەرکار و ئەرکـی (سکرتێرنووسـین)ی گۆڤـارە عەرەبیاکـەی سـەندیکا (الصحفـی) پێسـپێردراوە.

**بڵاوکراوە بەردەوامەکانی:-**

لـە گۆڤارەکانـی (ڕۆژنامەڤانـی – ڕۆژنامەنـووس) بـە کـوردی و (الصحفـی) بـە عەرەبـی کـە لـە سـەندیکای ڕۆژنامەنووسـەوە دەردەچـن نووسـین و توێژینـەوەی تایبـەت بـە کاری ڕۆژنامەوانـی هەمەچەشـنی بـڵاو کردۆتـەوە و لـە گۆڤـاری (الصحفـی) لـە ژمـارە (١) یـەوە گۆشـەی (اکلیـل) دەنووسـێت * ئەمانـە و چەندیـن بابـەت و نووسـینی دیکـە، کـە لـە ڕۆژنامـە و گۆڤارەکانـی دیکـەی کوردسـتاندا بـڵاو کراونەتـەوە و تاوەکـوو ئێسـتاش لـە کاری ڕۆژنامەنووسـیندا وەک بەڕێوەبـەری نووسسـینگەی هەولێـری ڕۆژنامـەی (الاتحـاد) کـە بـە عەرەبـی دەردەچێـت بەردەوامـە وهەروەهـا سـکرتێری نووسـینی گۆڤـاری (الصحفی)یـە و ئەندامـی دەسـتەی نووسـەرانی گۆڤـاری (ڕۆژنامەنووس)یشـە.

هیـچ کتێبێکـی چاپکراوی نییە، بـەڵام پاش کۆچـی دواییکردنـی سـەندیکای ڕۆژنامەنووسـانی کوردسـتان هەڵسـا بـە چاپکردنـی کتێبێـک بـە نـاوی (اکلیـل) کـە کـۆی ووتارەکانیەتـی کـە لـە گۆڤـاری (الصحفـی) مانگانـە بڵاودەکرایـەوە کـە لـە چلـەی ماتەمینـی دابەشـکرا کـە خـۆی زۆر دەمێکبـوو حـەزی دەکـرد بیکات بـە کتێبێـک بـەڵام مـەرگ ڕێگـەی نـەدا بـە چـاوی خـۆی بیبینێت.

وەکـوو ئەنـدام یـان دۆسـت لەگـەڵ حزبـی یەکێتـی نیشـتیمانی کوردسـتان. هەمـوو جـار قسـەیەکی دەکـرد... هەتـا لـە کۆبوونەوەکانیـش لەگـەڵ (مـام جـەلال) کـە ئەوکاتـی بەڕێـز (عـادل مـوراد) بەرپرسـی ڕاگەیاندنـی حزبـی یەکێتـی نیشـتیمانی کوردسـتان بـوو لـە شـاری هەولێـر لەسـاڵی نـەوەدەکان، دەیگـۆ (مـن حزبـی نیـم. .. بەڵکـو ئیعلامیـم) بـەڵام لەنـاو ڕاگەیاندنـی یەکێتـی کاری دەکـرد.

بـاری کۆمەڵایەتـی خاوەنـی (٨) هەشـت برایـە بـە ناوەکانـی (فەریـد

زامدار و وەلید و سدیق کە هەرسێکیان کۆچیان کردووە، سادق، ڕەفیق، ماجید، وەفیق، خاڵس)، وە خاوەنی (٥) پێنج خوشکە (نەجات و شادیە کە هەردووکیان کۆچی دووایيان کردووە، نادیە، نەدوە، نەجاح، ئەفراح).

خێزاندار بووە و خێزانەکەی ناوی (ئەنیسە ڕەئووف ئیسماعیل) ئەویش هەمان بە شێوە مامۆستا بووە، خاوەنی چوار منداڵە. . (٣) سێ کوڕ و (١) یەک کچ، کە کوڕە گەورەکەی دکتۆر (دیار) پزیشکی ددانە وە یاریدەدەری پرۆفیسۆرە لە زانکۆی پزیشکی هەولێر/ کۆلێژی ددان، وە یاریدەدەری ڕاگرە (معاون عمید)، کچەکەشی (بنار) مامۆستای زانکۆیە لەکۆلێژی (زانست)، وە (بەیار)کارمەندی دەرمانخانەیە، (ژیار)یش کاسبە و هونەر دۆستە کەلە بەشێک لە فیلم و دراما کوردییەکان وەکو (ئەکتەر) بەشدار بووە.

لە بەرواری (٢٠١٩/٤/١٢) ڕۆژی هەینی، پاش تووشبوون بە نەخۆشیەکی کوشندە بۆماوەی دوو مانگ، دڵە گەورەکەی لە لێدان کەوت.

سەرچاوە:

زانیاریم لە کاک نازم دڵبەند وەرگرتووە، لەگەڵ زانیاری و نووسین و داڕشتنی خۆم.




## نووسەر ئیسماعیل تەنیا

ناوی تەواوی (ئیسماعیل حەسەن قادر)ە، لە ١٩٦٢/٤/٢٥ لە گوندی (گۆمەگرو)ی سەر بە ناحیەی قوشتەپە لە خانەوادەیەکی کوردپەروەر لە دایک بووە، لە ١٩٧٠/٩/١٥ چۆتە قوتابخانەی سەرەتایی لە گوندی (کەردز) کە لە تەنیشت گوندی خۆیان بووە و دوو ساڵ لە وێ خوێندوویەتی و بۆ پۆلی سێیەمی سەرەتایی لە ساڵی ١٩٧٢ ماڵیان چۆتە هەولێرو لە گەڕەکی مەنتکاوە نیشتەجێ بوونە، لە قوتابخانەی ١١ ئازار خوێندنی سەرەتایی تەواو کردووە، قۆناغی ناوەندیش لە ناوەندی قەندیل و دوا تریش خانەی مامۆستایانی لە ساڵی ١٩٨٢ تەواوکردووە بۆتە مامۆستا لە گوندی (کێشکێ)ی سەر بە ناحیەی (دیگەڵە).

لە ساڵی ١٩٩٢ دەچێتە بەشی کوردی کۆلێژی پەروەردەی زانکۆی سەلاحەدین و لە ساڵی ١٩٩٦ ڕوو دەکاتە وڵاتی ئەلمانیا وەکو پەنابەر لەم وڵاتە نیشتەجێ دەبێت.

یەکەم دەستپێکی شاعیر و نووسەر ئیسماعیل تەنیا ساڵی ١٩٨٠ بووە کە پارچە شیعرێکی لە رۆژنامەی (هاوکاری) بڵاوکردۆتەوە دواتر لە





**لە لای ڕاستەوە: ئیسماعیل تەنیا، نووسەر مەحمود زامدار**

(پاشکۆی ڕۆژنامەی عێراق، گۆڤاری کاروان، دەنگی لاوان و ئۆتۆنۆمی) چەندین بابەتی جۆراوجۆری بڵاوکردۆتەوە.

ناوبراو لە شوباتی ساڵی ١٩٨٠ هێشتا هەر قوتابی بووە لە خانەی مامۆستایان بۆ یەکەم جار لە هۆڵی گەل چۆتە بەردەم مایکرۆفۆن و شیعرێکی خوێندۆتەوە لە کۆڕێکی شیعری کە خانەی مامۆستایانی هەولێر ڕێکی خستبوو.







لە ساڵی ١٩٨٥ لەگەڵ کۆمەڵێک شاعیری تر لە هۆڵی رۆشنبیری جەماوەری لە هەولێر بەشداری لە کۆڕێکی شیعر خوێندنەوە کردووە کە بڵاوکراوەی (ئاسۆس) ڕێکی خستبوو، ئەم کۆڕە دەنگدانەوەیەکی زۆری هەبوو و رۆژنامەکانی هاوکاری تەلیعەی عەرەبی و گۆڤاری کاروان لەسەر لاپەڕەکانی خۆیان شیکردنەوەو هەڵسەنگاندیان بۆ دەقە شیعریەکانی ئەم کۆڕە کردووە.

ناوبراو لە ساڵی ١٩٨٥ لەگەڵ کۆمەڵێک شاعیر و نووسەر لە وانە (شاعیر پیربال مەحمود، ڕۆستەم باجەلان، نەجات ڕەفیق حلمی، فەیسەڵ دێهاتی، خالید شەیدا) بڵاوکراوەکیان بە ناوی (ئەدەبی



ئیسماعیل تەنیا و پەرتوکخانەکەی.











**له لای ڕاستەوە: ڕۆژنامەنووس مومتاز حەیدەری، ئیسماعیل تەنیا**

منداڵان) لەسەر ئەرکی خۆیان بڵاوکردۆتەوە، لە ساڵی ١٩٨٨ لەگەڵ هەریەک لە (غازی حەسەن و گۆران جەلال) بە نهێنی (٧) ژمارەی بڵاوکراوەی (ژیلەمۆ)یان بڵاوکردۆتەوە.

ئیسماعیل تەنیا زیاتر لە (٧٠٠) بابەتی هەمەجۆری لە شیعر و وتارو لێکۆڵینەوەو توێژینەوە لە زۆربەی زۆری ڕۆژنامەو گۆڤارە کوردیەکان بڵاوکردۆتەوە لەوانە (مەم، ڕێگای ئازادی، ئاڵای ئازادی، کوردستانی نوێ، زەنگ، یەکگرتن، خەبات، برایەتی، گوڵان، هەرێم، هەرێمی کوردستان، میدیا، ئاسۆ، نیشتمان، ڕێگای کوردستان، دەنگی میللەت، کازیوە، هەتاو، سەکۆ، بێوار، پێشهات، پەیامی کورد، بارزان، پەیامی ئازادی، مامۆستای کورد، خەرمانە، ڕامان، هەواڵ، کوردستانی ئیمڕۆ، وڵات، ڕوداو، کورد، بەدرخان، هەتاو، پەڕەسێلکە، پەریستان).

ناوبراو لە کاتی خەباتی نهێنی چەند بابەتێکی لە شیعر و وتاری سیاسی لە بڵاوکراوەکانی ڕێبازی لاوان و خەباتی قوتابیان و ڕێگای ئازادی و گۆڤاری سۆسیالیست و گۆڤاری پێشکەوتن بە ناوی خوازراوی وەک (ب. دەوەن، فەرهەنگ، ڕێکان) بڵاوکردۆتەوە، وەکو ڕۆژنامەنووس و ئەندامی



دەستەی نووسەران لە رۆژنامەکانی ڕێگای ئازادی و زەنگ و یەکگرتن و پەریستان کاری کردووە و دەیان کۆڕ و کۆبوونەوەی و سیمیناری ئەدەبی لە کوردستان و دەرەوەی کوردستان گێڕاوە و چەندین دیمانەو چاوپێکەوتنی تەلەفزیۆنی رۆژنامەگەری لەگەڵ کراوە.

ئیسماعیل تەنیا یەکەم بەرهەمی شیعری نامیلکەی (پەردەی شەرم) بووە وزیاتر لە (٢٠) بەرهەمی چاپکراوی لە شیعر و لێکۆڵینەوە و بابەتی هەمەجۆر هەیەو بڵاویکردوونەتەوە لەوانە (کەڵەشێری سپی و کەڵەشێری ڕەش) - چیرۆک بۆ منداڵان - وەرگێڕانی لە زمانی عەرەبییەوە ١٩٨٨، تەکان - شیعر ١٩٩٠، ڕۆڵی ئەدەب لە شۆڕش و گۆڕانکارییە کۆمەڵایەتییەکاندا ١٩٩١، کاردۆ گەلاڵی نووسەر و پارێزەر و سیاسەتمەدار ١٩٩٨، دەروازەیەک بۆ ناسینی سمایل پاشای شاعیر ٢٠٠٠، سەفەری ڕەش،- کۆژانی دەربەدەری و ئاوارەییە ٢٠٠٢، مزگەوتەکانی ڕۆژئاوا - لێکۆڵینەوە ٢٠٠٨، بێوارێک لە ئاوارەییدا ٢٠١٢، ڕابەری رۆژنامەگەری کوردی ١٩٧٥- ١٩٩٣، حیزبی سۆسیالیستی کوردستان هەڵکشان. .. داکشان و پەرتەوازبوون ٢٠١٩، نمایشێک لە مینبەری منەوە - ڕەخنە و لێکۆڵینەوە ٢٠١٩، لە ڕێگای

ئازادیدا ژیاننامەی (٢٠١) شەهید ٢٠٢١).

ئیسماعیل تەنیا بەشداری لە زۆربەی زۆری ئەو کۆڕو کۆبوونەوە ئەدەبیانە کردووە کە لە ئەڵمانیا و ئەو وڵاتانەی دەرەوەی بەری ئەڵمانیا بەستراوە.

ناوبراو خێزاندارە و کوڕێک و کچێکی هەیە بە ناوەکانی (ژۆڤان و بارۆڤ).

سەرچاوەکان:

بۆ نووسینی ئەم باسە سوود لەم سەرچاوانە وەرگیراوە: وێنەکان و ژیاننامە ئیسماعیل تەنیا لەسەر داخوازی من بۆی ناردووم سوپاسی دەکەم، زانیاری و نووسین و داڕشتنی خۆم.



# یەحیا مەرجان

هونەرمەندی شێوەکار (رسام) و شانۆ و دراما و ئۆپەریت و مۆسیقا ژەن و ئاواز دانەر و پەیکەر تاش و دیزاینی جل و بەرگ و دیکۆر دانان و گۆرانی بێژ یەحیا مەرجان، ناوی تەواوی (یحیا خدر عەولا مەرجانە) لە ٢٦ / ٩ / سالی ١٩٣٦ لە گەڕەکی خانەقا لە کۆلانی تەکیەی شێخ عەبدولکەریمی دارەخورمایێ لە دایک بووە ، پاش دوو سال مالیان گواستۆتەوە گەرەکی تەیراوە و هەتا کۆتایی ژیانی هەر لە وێ ژیاووە ، خوێندنی سەرەتایی و دووا ناوەندی لە هەولێر تەواو دەکات و سالی ١٩٦٠ بەشی شێوەکاری (رسم) لە پەیمانگای هونەرە جوانەکان لە بەغدا تەواو دەکات ، باپیری یحیا مەرجان عەولا مەرجان هونەرمەندێکی میللی بووە باوکیشی هەر مۆسیقا ژەنیکێ میللی بووە و کەس نیە لە شاری هەولێر و دەوروبەری مام خدر نەناسێ پیاوێکی بەرێزو بە قەدربووە لە ناو پیاو ماقولانی شاری هەولێر بۆیە ناوبراو هونەرمەندێکی خۆ رسک و زیرەک بووە هەر لە مندالیەوە بەهرەدار و بە توانا بووە ، لە سالی ١٩٥٨ لە یەکەمین پێشانگای هاوبەش کە بەرێوەبەرایەتی پەروەردەی هەولێر رێکی خستووە یحیا مەرجان لە گەل عەبدولواحید مەرجانی برای خەلاتی یەکەم و دووەمیان وەرگرتووە، وە ئەو کاتەی قووتابی سەرەتایی بووە لە رەسم کردن زۆر بەهەردار بووە هەتا مامۆستاکانی دەرسی رەسمی ئەو کات هەر یەک لە (منیر



قەسـاب و جابـر پیـرداود و جـواد رەسـول ناجـی) بایەخیـان پێـداوەو پێیـان ووتـووە تـۆ دەبیـە رەسـامێکی بـاش و کاک یحیا مەرجـان لـە تیکـەڵاو کردنـی ڕەنگـەکان لـە شـێوەکاری (رەسـم) شـارەزاییەکی زۆری هەبـوو پسـپۆر بـوو لـەم بـوارەدا ، وە هەروەهـا لـە شـانۆو تەمسـیل کردنیـش بـە توانـا بـووە یەکەمین جار لە سالی ١٩٤٧ کە قووتابی بووە لـە سـەر دەسـتی مامۆسـتای جـواد رەسـول ناجـی لـە شـانۆگەری (عطیـل) کـە شـانۆگەریەکی نووسـەری گـەورەی ئینگلیـزی (ولیـم شکسـبیر)ە بـە عەرەبـی تەرجومـە کـراوە لـە گـەڵ صەفـوەت جـەراح و چەنـد قووتابیەکـی تـر دەوری مامـی (عطیـل) بینیـووە ، لە مەیدانی گۆرانی و ئاواز دانان زۆربەی گۆرانیەکانی شیعر و ئاواز هی خۆیەتی ، لە سالانی ١٩٥٧ - ١٩٦٠ لە بەغدا شیعر و ئاواز بۆ گۆرانیەکانی خـۆی دادەنـی ، یەکەمیـن گۆرانـی لـە ٢٨ / ٤ / ١٩٥٩ بـۆ تەلەفزیۆنـی بەغـدا تۆمار دەکات کە گۆرانی (بەهـارە چەژنی گوڵان ...) شیعرەکە هی خۆیەتی و ئاوازی هەنەرمەند مەحەمەد قەدریە ، وە یەکەم کلیپی بە کامیرای سینمایی ئە وکات تۆمار کردووە و لە پاش شۆرشی ١٤ تەموز ١٩٥٨ ئاهەنگ گێران زۆر ببوو وە هەروەها لە ئاهەنگی یەکتر ناسینی کۆلێژەکان بە دوو قۆلی گۆرانی ووتووە لە گەل کچێکی عەرەب بە ناوی (عایدە نعمان) کە قووتابی دەبێت لە گەل خۆی لە پەیمانگای هونەرە جوانەکان لە بەغدا فێری زمانی

کوردی دەکات کە ئەوەش بۆ ئەو کات جۆرە داهێنانێک بووە ، وە لە سالی ١٩٦٠ سروودی نابەزین تۆمار دەکات کە مامۆستای هونەرمەند دوکتۆر کەمال غەمبار شیعرەکەی داوەتێ وە ئەم سرووده هەموو کات لێدراوە لە رادیۆی دەنگی کوردستان بە تایبەتی ئەو کاتانەی کە سەرکردایەتی شۆرش لە گەل حکومەتە جۆربە جۆرەکانی ئەوسای عێراق نەگەیشتوونەتە رێکەوتن لە کاتی مفاوەزات بۆ بەرز کردنەوەی وورەو مەعنەویاتی پێشمەرەگە قارەمانەکانی کوردستان ، وە هەورەها سروودو گۆرانی (دایە.. دایەی شیرینم ئاواتی خۆشی ژینم خوا بتپارێزێ دایە،... نە بەرۆژ و نە بە شەو چاوانت نە ئەچووە خەو خوا بۆم بتهێلێ دایە ...، هتد ئەم سرووده لە کاتی خۆی لە سالەکانی ١٩٥٧ - ١٩٦٠ لە رادیۆی کوردی بەغدا گیروگرفتی هەبووە لە کاتی تۆمار کردنی چونکە شکیان لێکردووە کە ماناو لێکدانەوەی تری بۆ بکریت بەلام لە دووابیدا هەر تۆمار کراووەو سالهای سالە ئەم سرووده لە قووتابجانەکانی کورستان لە دەرسی (نشید) مندالانی کورد فێرکراون وە شیعر و ئاوازی ئەم سرووده هی کاک یحیا خۆیەتی و بە شێوەیەکی رەمزی نووسیووە کە نیشیمان و گەلەکەی بە دایکی شوبهاندووە و هەمووشمان باش دەزانین کە ووشەی دایک چەند خۆشەویستە لای هەموو کەسێک بۆیە کەلیمات و ئاوازی ئەم سرووده دەکرێت ببێتە بنەمایەکی باش بۆ لێکۆلینەوە و دیراساتی ئەکادیمی لە سەر بکرێت بە تایبەتی لە لایەن قووتابیانی بە شی کوردی لە کۆلێژەکانی ئاداب و پەروەردە لە دانشگاکانی هەرێمی کوردستان، ناوبراو سروودی بۆ پێشەوە پێشمان کەوە بارزانیشی هەیە کە شیعرەکە هی هەژار موکریانی شاعیرە ئاوازی ووتنی خۆیەتی لە هەموو بۆنە و موناسەبەکی نیشتمانی لە هەموو کوردستان تا



ئێستاش لێدەدرێت و ئەم سروودەی پاش بەیانی ١١ ئاداری سالی ١٩٧٠ لە هەموو کۆچەو کۆلانێک دەبیستترا ، بەلام بە رەسمی تۆمار نەکرابوو لە سالی ٢٠٠٥ تیپی مۆسیقای هەولێر بە سەرپەرستی مامۆستا نەجمەدین بابەکر لە ستۆدیۆی کەنار بە رەسمی تۆمار کراوە ، وە لە بواری پەیکەر و پەیکەر تاشین کاک یحیا لە پاش سالی ١٩٧٠ چەند پەیکەرێکی لە ناو شاری هەولێر هەبوو لە وانە پەیکەری (ئیبن مستۆفی) کە لە پێش هۆلی گەل بوو و پەیکەری رەمزی (شیرین تەشی دەرێسێ) بە داخەوە ئەم دوو پەیکەرە نەماون پاش ڕووخاندی هۆلی گەل و فراوان کردنی شەقامی شۆرش و پەیکەری سەرکردەی نەمر بارزانی و پەیکەری صلاح دین ئەیوبیش هەیە ، هونەرمەند یحیا مەرجان ئەندامی سەندیکای هونەرمەندانی عێراقی و کوردستان بووە و سەرۆکی تیپی هونەرو هەڵپەڕکی هەولێر و دیزاینکەری تیپەکە بووە ، لە گەل مامۆستاو هونەرمەند جەمال هیدایەت لە سالی ١٩٥٩ یەکەم تیپی مۆسیقا دادەمەزرینن بە ناوی تیپی مۆسیقای دەرسیم و ئەندامی تیپی مۆسیقای هەولێر و تیپی مۆسیقای هونەر و ویژەی کوردی و تیپی مۆسیقای مامۆستایان و سەرۆکی تیپی مۆسیقای هونەرە جوانەکان بووە ، وە هەروەها لە سالە ١٩٧٤ لە گەل عەبدولواحید مەرجانی برای بەشداریان لە یەکەم ڤیستیڤالی هونەری لە بەغدا کردووە ، خۆم بە زێدە ڕۆیی نازانم ئەگەر بڵێم بەشی زۆری هونەرمەندانی شاری هەولێر قرزارباری کاک یحیا مەرجان و کاک عەبدولواحید مەرجانن چونکە ئەم دوو هونەرمەندە بەرزو



قەدر گرانە دەورێکی زۆریان هەبووە لە سەرپەرشتی و پێگەیاندنی هونەرمەندانی شاری هەولێر بە تایبەتی ئەوانەی پاش حەفتاکان و هەشتاکان هاتنە مەیدانی هونەر بە هەموو جۆرەکانییەوە ، بیرەوەریم لە گەل ئەم هونەرمەندە گەورەیە دەگەرێتەوە بۆ سالی ١٩٧٧ ئەو کاتەی لە بەغدا وەزیفەکەم گواستەوە بۆ بەرێوەبەرایەتی رۆشنبیر و لاوان لە دیوانی ئەمانەتی گشتی رۆشنبیری


شەهید حەسەن حاجی سمایل سارمەمی

ولاوان لە بەشی رۆشنبیری لە لای هونەرمەند چەتۆ حەسەن بە کاک یحیا مەرجان شاد بووم و ئیدی رۆژانە ناوبراو دەهاتە لای ئێمە باسی هونەر و ئەدەب و گۆرانی کوردیمان دەکرد ، وە من دەمزانی هونەرمەند یحیا مرجان پسپۆرە لە تێکەڵاو کردنی رەنگەکان و رەنگ کردنی وێنە منیش وێنەیەکی کۆنی شەهید حەسەن حاجی سمایل کە لە سالی ١٩٦٣ لە سەرەتای شۆرشی ئەیلول شەهید ببوو کە هەرئەو (وێنەیەشی) هەیە وە هەموومان دەزانین کە سەرەتای شۆرشی ئەیلول بە چەکدارە پۆلیس و عەسکەرەکانی ئەو کات دەستی پێکرد کە بە خۆیان و چەکەکایان خۆیان گەیاندە لەشکری سەفین ئەو شەهیدەش یەکێک لەوان و برای مەلا عەولای حاجی سمایل ناسراو بە (مەلا ماتۆر) خەزوری منیشە بۆیە داوام لێ کرد بۆم رەنگ (تلوین) بکات ئەویش لێی وەرگرتم و پێی ووتم کاک نەجم ئەمە زۆر کۆنە بەس بۆت تلوین دەکەم بە دەست و پەنجە زێرین و ڕەنگینەکەی بۆی تلوین کردم ئەوە ٤٣ سالە ماوە و لە دیواری هۆلی دانیشتنمان هەلم واسیووە هەر چەند تەماشای دەکەم هونەرمەند کاک یحی مەرجانم دێتەوە یاد وا وێنەکەم هاوپێچ کردووە لە گەل پۆستەکەم ، لە رۆژی ٣٠ / ٨ / ٢٠١٦ دلە گەورەکەی لە لێدان دەکەوێت و کۆچی دووایی دەکات روحی ئەم هونەرمەندە گەورە و ڕوو خۆش و قسە خۆش و رەوشت بەرزە و هەموو هەنەرمەندانی کورد هەر شاد و گۆڕیان پڕ نوورو رەحمەت بێت .

تێبینی: وێنەکان و هەندێ زانیاری لە کورپیێدیا و چاوپێکەوتنی کاک توانا یحیا مەرجان لەگەل کوردستان tv لە رۆژی ١-٩- ٢٠١٨ وەرگیراوە. بیرەوەری و زانیاری و نووسین و دارشتنی خۆم.



# نەجات خەتات

هونەرمەندی خۆشنووس کاک نەجات خەتات هەولێری، ناوی تاواوی (نەجات ئەنوەر قادرە) بە نەجات خەتات هەولێری ناسراوە، لە سالی ١٩٥٢ لە شاری هەولێر لە دایکبووە، لە نیهایەتی ساڵی شەستەکان دەستی بە لافیتە نووسین کردووە لە شوێنێکی بچوک لە ناو بازاری شاری هەولێر بۆ بژیوی ژیانی خۆی، لە هەمان کاتدا یاریزانێکی باشی تۆپی پێ بووە لە ساڵەکانی ١٩٧٠ تا ١٩٧٤ لە یانەی بروسک و برایەتی، لە ناوەڕاستی حەفتاکان وەکو خۆشنوس لە ئەمانەتی گشتی رۆشنبیری و لاوان بەشی رۆشنبیری لە هەولێر دامەزراوە.

نەجات خەتات ئەزمونێکی زۆر باشی هەیە لە هەموو جۆرە نووسین و خەتەکانی عەرەبی و فارسی و تورکی و کوردی، کەم کەسیش هەیە وەکوو ئەو هونەری نووسین و نەقشکردنی ناوی خوداو پێغەمبەر و ئەسحابەکان و ئایەتی قورئانی پیرۆز لە ناو مزگەوتەکان و شوێنە پیرۆز و مەزارەکانی کوردستان و عێراق نووسیبێ، بە تایبەتی لە شوێنە بەرزەکان و لە سەقفەکان، هەندێ جار کاک نەجات کە نەقش و نووسینی شوێنە پیرۆزەکانی نۆژەنکردۆتەوە لە ئەسلیەکەی جوانتری کردووە .

ئەو لە سەرەتای هەشتاکانەوە کەوتۆتە ژێر کاریگەری خەتاتی تورکی (حامد الآمدی)، کە ناوی تەواوی موسا عەزمی زولفەقار ئاغایە و خەڵکی




ئامـەدی باکـووری کوردسـتان بـووە، لەوانەیـە هـەر کوردیـش بێـت ئـەم هونەرمەنـدە زۆر بـە ئەزمونبـووە لـە هونـەری نەقش و نیگار و ئایـەت نووسـین لـە نـاوە و دەرەوە و لـە سـەر دیـواری مزگـەوت و شـوێنە پیرۆزەکانـی ئیسـلامی، بۆیـە دوکتـۆر (علـی ارسـلان) مامۆسـتا لـە دانشـگای ئیسـتەمبۆل دەڵێـت: (حامـد الآمـدي احـد اکبـر عبقـري فـي الخـط والفـن الاسـلامي)، نەجـات خەتاتیـش ڕێچکـەی ئـەم هونەرمەنـدە گەورەیـەی خـەت و نەقشـی گرتۆتـە بـەرو تێیـدا سـەرکەوتوو بـووە، کوڕێکیشـی کـە نـاوی محەمـەدە ئەویشـی فێـری خـەت و نەقـش و نیگارکـردووە.

بیرەوەریـم لەگـەڵ کاک نەجـات خەتـات دەگەڕێتـەوە بـۆ سـاڵانی ١٩٧٨ تـا ١٩٨٩ کـە بەیەکـەوە لـە بەشـی رۆشـنبیری لـە ئەمانەتـی گشـتی رۆشـنبیری و لاوان پێکـەوە کارمانکـردووە، هەمـوو ئـەو ئاهەنگانـەی کـە ئێمـە لـە دیوانـی گشـتی و بەڕێوەبەرایەتـی جەمـاوەری هەولێـر لـە بۆنـە نیشـتمانی و ئاهەنگگێڕان بـۆ گۆرانیبێژو هونەرمەنـدان هـەر هەمـووی کاک نەجـات خەتـات





**لە ڕاستەوە: خۆم، کاک نەجات خەتات، کاک تاریق مەلا محمەد کۆیی.**

لافیتەکانی نووسیووە لە تەک کار کردنی وەکوو خەتات پاش دەوامان بۆ باشکردنی بژێوی ژیانی خۆی، ناوبراو مرۆڤێکی ڕەوشت بەرزو هێمن و لەسەرخۆیە، من هەر کە دەچومە بەغدا بۆ بە دواچوون بۆ تەواوکردنی ئەو کتێبانەی کە لە چاپخانەکانی بەغدا لە چاپماندەدا جاری وا هەبوو هەموو بەشی رۆشنبیریم بە تەمای کاک نەجات خەتات بە جێدەهێشت زۆر بە ئەمانتیش بەڕێوەی دەبرد.

هەر پەنجە زێڕینەکانی خۆت و مەحەمەدی کوڕت ساغ و سەلامەت بێت و تەمەن درێژ بن بۆ خزمەتی خەت و نووسین و نەقش و نیگار لەم کوردستانە ڕەنگین و جوانە.



**ئەوەی ڕاوەستاوە: شێردڵ، دانیشتووەکان لە لای ڕاست: نەجات خەتات، خەسرۆ**

تێبینی: سەرچاوەکان: زانیاریەکان هی خۆمن و هەندێکیش لە لاپەڕەی کاک نەجات خەتات، لاپەڕەی نەبیل عەیف خدر وەرگیراوە.



## عەریف خدر

سەربازێکی وون لە بواری هونەری وێنەگرتن کە کۆنترین وێنەگر و خاوەنی یەکەمین ستۆدیۆ بووە لە شاری هەولێر بە سەر دەکەینەوە، ئەویش عەریف خدری وێنەگرە.

ناوی تەواوی (خدر رەشید مەولود)ە لە ساڵی ١٩٢٨ لە شاری هەولێر لە دایکبووە، لە کاتی حوکمی مەلەکی لە عێراق بۆتە سەرباز، ئەو پاڵەوانی (مۆتۆڕسیکل) بووە و نمایشی لە کوردستان و بەشی زۆری پارێزگاکانی عێراق و دەرەوەی عێراق کردووە، لە ساڵی ١٩٥٥ بە هۆی نەخۆشی (اسباب صحیە) خانەنشین دەکرێت، صۆفی رەشیدی باوکی دەروێشی تەریقەی قادری بووەو کاری قەسابی کردووە و سێ کوڕی تر هەبووە بە ناوەکانی (ئەلیاس و عەبۆ و نەجمەدین)، لە هەمان ساڵی کە خانەنشین دەکرێت ستۆدۆ جیهان دادەنێت، عەریف خدر پیاویکی کورد پەروەر بووە پەیوەندی بە شۆڕشی کورد هەبووە لە ڕێگای شەهید فەرەنسۆ حەریری، چونکە زۆر برادەری بووە و چەندین جار بە دزی چۆتە گەڵاڵە و ناوپردان و چۆمان بۆ وێنە گرتنی لێپرسراوان و پێشمەرگەکان، لە ساڵی ١٩٦٩ تووشی گرتن دەبێت لە سەر ئەوەی کە شکی لێدەکەن وێنەی لێپرسراون و پێشمەرگەی گرتبێ هێرش دەکەنە سەر ستۆدیۆیەکەی کە لە شەقامی



(مظفريـه) بـوو ئـەو كات كورە گـەورەی نـەبيل لـەوێ دەبێـت و ئـاگاداری باوكـی دەكاتـەوە، باوكيشـی ئـەو فليمـەی وێنـەی پێشمـەرگەی تيا گرتـووە قـووت دەدات، بـەڵام هـەر دەسـتگيری دەكـەن و ماوەيـەک لـە (منظومـة اسـتخبارات) بـە زينـدانـی دەمێنێتـەوە، دواتـر لـە ڕێگای ڕەحمەتـی دوكتـۆر عەبدولـرەزاق دەباغ بـە دزی نەشـتەرگەری بـۆ دەكـەن و چـاک دەبێتـەوە، ناوبـراو لـە سـاڵانی پەنجاكانـی سـەدەی رابـردوو وێنەگـری وەرزيـش بـوو، زۆربـەی ژيانـی خـۆی لـە ياريگـەی (ادارة محلـی) كـە دواتـر بـووە ياريگـەی فەرەنسـۆ حەريـری بـە سـەر بـردووە و لـە گـەڵ ياريزانانـی يانەكانـی هەولێـر و بروسـک بـە بەردەوامـی ئامادەبـووە، هەتـا لـە گەڵيـان چـۆتـە دەرەوەی هەولێـر ئەگـەر ياريـان هەبوايـە، هێـچ كاتێكيـش پـارەی لێوەرنەگرتـوون، لـە سـاڵی ١٩٦٨ تيپـی وەرزشـی ميللـی دامەزرانـدووە كـە بەهێزتريـن تيـپ بـووە ئەوسـا و باشـترين ياريـزان لـەم يانەيـە دەرچـووە.





لە رۆژی ١٩٨٤/٢/١٨ دڵە گەورەکەی ئەو هونەرمەندە کورد پەروەرە لە لێدان دەکەوێت و کۆچی دوایی دەکات.

عەریف خدر هەموو تەمەنی خۆی تەرخان کردوە بۆ کاری وێنە گرتن سەدان لە کەسایەتیەکان و رۆشنبیران و هونەرمەندان و کاسبکاری خەلکی بەرێزی شاری هەولێر وێنەیان لە ستۆدیۆ جیهان گرتووە، ناوبراو خاوەنی سێ کورو پێنج کچە کورەکان بە ناوەکانی (نەبیل و یونس و جەرجیس) ە، ئێستا لە ئەرشیفی عەریف خدر هەزاران وێنەی کۆنی کەسایەتی و شوێنەکۆنەکانی هەولێر لە لای کوڕەکەی کاک نەبیل عەریف خدر هەلگیراوە، کە ئەمە بە ڕاستی گەنجینەیەکە نەک هەر بۆ ئەو، بەڵکو دەبێ وەکو سامانێکی میللەتەکەمان حیسابی بۆ بکرێت، بۆیە بۆ ئەم مرۆڤە کورد پەروەر و تێکۆشەرە تا ئێستا وەکوو من ئاگادار بم شتێکی بۆ نەکراوە وەک ڕێز لێنان یان بە ناو کردنی شەقامێک هتد. ..، کاتی خۆی لە لایەن بەڕێوەبەرایەتی رۆشنبیری لە وەزارەتی رۆشنبیری هەولێک هەبووە بۆ ڕێزلێنانی، بەڵام بە هۆی تەرخان نەکردنی کەمێک پارە لە لایەن وەزارەتی دارایی هیچی بۆ نەکراوە.

سەرچاوە:

لە نەبیل عەریف خدر وەرگیراوە. نووسین و داڕشتنی خۆم.



# هونەرمەند زاهیر محەمەد کۆیی

هونەرمەندی مۆسیقا ژەن و ئاوازدانەر کاک زاهیر محەمەد کۆیی.

ناوی تەواوی (زاهیر محەمەد ئیبراهیم قادر) ە، لە ساڵی ١٩٣٩ لە گەڕەکی بەفری قەندی لە داوێنی شاخی باواجی سەرکەش، لە شارەکەی حاجی قادری شاعیر، کە لانکەی شاعیران و هونەمەندان و سیاسەتمەدارانی کوردستان شاری کۆییەی ڕەنگین لە دایک بووە.

باوکی مەلای مزگەوتی (حەتک) بووە کە هەر نزیکی ماڵەکەی خۆیان بووە، خوێندنی سەرەتایی لە قوتابخانەی (اربیل الاولی) ی جاران لە هەولێر و ناوەندیش لە کۆیێ تەواو دەکات و دەچێتە پەیمانگای هونەرە جوانەکانی بەغدا و بەشی مۆسیقای ڕۆژئاوایی تەواو دەکات، بە مامۆستا دادەمەزرێت.



تیپی باواجی کۆیی

یەکەم دەسپێکی کاری هونەری هێشتا هەر قوتابی بووە لە قوتابخانەی ناوەندی لەسەر دەستی هونەرمەند (شەفیق سابیر)



بووە وچۆتە ناو تیپی باواجی، بەڵام ئەو تیپە پاش ساڵ و نیوێک بەشی زۆری ئەندامەکانی چۆنەتە پەیمانگای هونەرە جوانەکانی بەغدا و مامۆستا باکوریش گوازراوەتەوە هەولێر.

دواتر لە ساڵی ١٩٧٢ تیپی باواجی کۆیە بە فەرمی مۆڵەتی لە وەزارەتی ڕاگەیاندنی عێراقی وەرگرتووە، کۆی بەرهەمەکانی هونەرمەند زاهیر محەمەد لە گۆرانی و سروود و ئاواز زیاتر لە (١٥٠) بەرهەمە و ژمارەیەکی



**هونەرمەند وریا ئەحمەد، هونەرمەند زاهیر محەمەد، هونەرمەند زاهیر مەدانە**



**لە لای ڕاستەوە: هونەرمەند زاهیر محەمەد کۆیی، هونەرمەند ئەنوەر قەرەداغی، هونەرمەند محەمەدی فلوت و کوڕەکەی، ئیبراهیم خەیات، خالید سەرکار**

کەمی لێ بڵاوکراوەتەوە و چەند گۆرانیەکیشی لە رادیۆی کوردی بەغدا تۆمار کردووە، ئەو کاتەی قوتابی بووە لە پەیمانگای هونەرە جوانەکانی بەغدا تیپێک لە بەغدا دامەزراوە بە سەرپەرشتی (حسام الچلبي) ناوبراو ئەندام بووە لەو تیپە، ئەو کاتەی دوورخرابۆوە بۆ باشووری عێراق تیپێکی لە چالاکی قوتابخانەکان دامەزراندووە و چەند چالاکیەکیشی نواندووە، دواتریش گەڕاوەتەوە کۆیە، ئەندام بووە لە دەستەی دامەزراندنی تیپی باواجی کۆیە و تا ئیستاش بەردەوامە لە کارە هونەریەکانی لەگەڵ ئەم تیپە.





هونەرمەند زاهیر محەمەد لە ژیانی هونەری خۆی کە زیاتر لە پەنجا ساڵە وەکو مۆسیقا ژەن و ئاوازدانەر بەشداری لە سەدەها ئاهەنگ و تۆمارکردنی سەدان گۆرانی بۆ گۆرانیبێژانی کۆیە و هەولێر و کوردستان کردووە و تا ئێستاش هەر بەردەوامە، خوا تەمەن درێژ و سەرفرازی بکات.

بۆ نووسینی ئەم باسە سوود لەم سەرچاوانە وەرگیراوە:


چاوپێکەوتنێکی هونەرمەند کاک خالید عومەر لەگەڵ هونەرمەند زاهیر محەمەد لە بەرواری ٢٠٢١/٨/١٢، زانیاری و نووسین و داڕشتنی خۆم.



# میدیاکار هاشم جەباری

نووسەر و شاعیرو رۆژنامەنووس و یەکەم بێژەری (تەلەفزیۆن)ی کوردی هاشم جەباری، ناوی تەواوی (هاشم عەبدوڵڵا مەعروف)ە، لە ساڵی ١٩٤٤ لە شاری هەولێر لە دایک بووە، هەموو قۆناغەکانی خوێندن و ئامادەییشی لە ئامادەیی هەولێر ساڵی ١٩٦٨ تەواو کردووە، لە هەمان ساڵدا ڕووبەڕووی دوو بژاردە دەبێتەوە یەکەمیان چوونە بۆ کۆلیژی سەربازی و بوون بە (ئەفسەر) لە سوپای عێراقی و ئەوی تر بوون بە بێژەر لە تەلەفزیۆنی کەرکوک بەشی کوردی، دیارە هاشم هەر لە لاوێتیدا حەزی لە ئەدەب و ڕۆشنبیری و ڕاگەیاندن و میدیاکاری بووە، بۆیە هەڵبژاردەی دووەمی هەڵبژاردووە و لە رۆژی ١٩٦٩/٩/١ لە تەلەفزیۆنی کەرکوک وەکو بێژەر دەست بە کاربووە.

هەر لە یەکەم ئێوارەی دەست بەکاربوونی بێژەرێکی پێش ئەو کە ناوی (نامیق محەمەد) بووە مانگێک پێشتر دەستی لە کار کێشابووەوە، بۆیە بەڕێوەبەری تەلەفزیۆنی کەرکوک داوای لێدەکات کە دەنگوباس بخوێنێتەوە ئەویش بێ سێ و دوو ئەو دەنگوباسە دەخوێنێتەوە کە شەهید (جەبار جەباری) لە زمانی عەرەبییەوە بۆی وەرگێڕا بووە سەر زمانی کوردی ئیتر هاشم دەبێتە بێژەری یەکەم لە تەلەفزیۆنی کەرکوک لە بەشی کوردی.



**لە لای ڕاستەوە: ئەمیر کۆیی (کەبابچی) خاوەنی گەورەترین ئەرشیفی مۆسیقا و گۆرانی کوردی، هاشم جەباری، راوێژکار و میدیاکار قوتابی دوکتۆرا تاریق جەوهەر سارمەمی**

ناوبراو لە ماوەی (٣٨) ساڵ خزمەت کردن لە بەشی کوردی تەلەفزیۆنی کەرکوک جگە لە دەنگوباس دەیان بەرنامەی هەمەجۆری ئامادە و پێشکەش کردووە، ماوەی زیاتر لە (٢٥) ساڵ سەرۆکی بەشی (تنسیق) ڕێکخستنی کاروبارو سەرپەرشتی و لێکۆڵینەوە کردن و سەرۆکی لێژنەی هەڵبژاردنی بێژەرەکانیش بووە، دواتریش بۆتە لێپرسراوی کەناڵی کوردی لە تەلەفزیۆنی کەرکوک.

هاشم جەباری هەر بێژەری تەلەفزیۆنی نەبووە، بەڵکو شاعیر و نووسەریش بووە، یەکەمین دەستپێکی شیعری لە ساڵی ١٩٦٦-١٩٦٧ لە رۆژنامەی (الاخبار - دەنگوباس) کە هەفتانە پاشکۆیەکی بە کوردی دەردەچوو کۆمەڵێک شیعری تیا بڵاوکردۆتەوە، لە کتێبی (گوڵزاری شاعیرانی جەباری) کە



**هاشم جەباری، ئەکتەر سەلام کۆیی**



شەهید مامۆستا شێرزاد جەباری ئامادەی کردبوو کورتەیەک لە ژیان و چەند پارچە شیعرێکی هاشم جەباری تیدایە، هەروەها زیاتر لە (١٢١) وتار و لێکۆڵینەوە و توێژینەوە و (٩) کورتە چیرۆک و (٤٣) پارچە شیعر و قەسیدەی لە زۆربەی زۆری رۆژنامەو گۆڤارە کوردی و عەرەبیەکان بڵاوکردۆتەوە.

ناوبراو چونکە زۆر زیرەک و دووربین بووە هەموو نووسراوە فەرمیەکانی پەیوەندی بە تەلەفزیۆنی کەرکوک کەناڵی کوردیەوە هەبووە هەر هەمووی لای خۆی پاراستووەو بەم دواییە هەمووی لە کتیبێکی قەشەنگ بە هەردوو زمانی عەرەبی و کوردی لە چاپدا و لە رۆژی ٢٠٢١/٩/٢٣ لە ناوەندی رۆشنبیری ئاشتی لە هەولێر لە ڕێوڕەسمێکی شایستە هاشم جەباری کتێبەکەی کە بە ناوی (مێژووی تەلەفزیۆنی کەرکوک)ە نمایش کردو پێشکەشی میوانەکانی لە شاعیر و ئەدیب و رۆشنبیران کرد، لە رۆژی ٢٠٢١/٩/٢٢ دیسان لە ڕێوڕەسمێکی تری شایەستە لە شاری



هاشم جەباری، فەیحاء بەیاتی - بێژەر لە بەشی عەرەبی تەلەفزیۆنی کەرکوك



لە لای ڕاستەوە: حەیرانبێژ ڕەسوڵ گەردی، هاشم جەباری

کەرکوک لە کتێبخانەی (کارێز) کتێبەکەی بۆ ئەدیب و ڕۆشنبیرانی شاری کەرکوکی ئازیز نمایش و واژۆ و پێشکەشی هەموو میوانەکانی کردووە.

هەروەها لە ڕۆژی ٢٠٢١/٩/١٨ سەرۆکی دامەزراوەی مرۆیی و ڕاگەیاندن و ڕۆشنبیری و یاساو ڕاوێژکار دوکتۆر عیزەدین ئەلمحەمەدی لە ڕێورەسمێک کە میوانەکی زۆر ئامادە ببوون بڕوانامەی ڕێزلێنانی بەخشی بە شاعیر ونووسەر و بێژەری تەلەفزیۆنی هاشم جەباری.

لە ساڵی ١٩٨٩ هاشم بە دەنگی یەکەم بۆتە سەرۆکی لقی هەولێری یەکێتیی نووسەرانی گشتی ئەدیب و نووسەرانی عێراق و بۆتە ئەندامی یەکێتیی گشتی ئەدیب و نووسەرانی عەرەبی و ئەندامی کۆمەڵەی ڕۆشنبیری کوردی و کۆمەڵەی بێژەرانی عێراقی و یەکێتیی رادیۆ و تەلەفزیۆنەکانی عێراقی و سەندیکای ڕۆژنامەنووسانی کوردستان و ڕێکخراوی نووسەرانی




هاشم جەباری، متین عەبدوڵڵا لە کاتی نمایش کردنی کتێبی (مێژووی تەلەفزیۆنی کەرکوک




**عەبدوڵڵا عەباس، یوسف شوانی، هاشم جەباری**

بێ سنوور و ڕێکخراوی فیدراسیۆنی نێودەوڵەتیی و کۆمەڵەی داهێنانی عێراقی (هونەرە جوانەکان) و بەڕێوەبەری ئێستگەی رادیۆی (نەوا)ی کەرکوک بووە.

ناوبراو لە ٢٠٠٧/٩/١ خۆی بە پلەی بەڕێوەبەر خانەنشین کردووە و ئێستا بەڕێوەبەری ڕاگەیاندنی ئەفسەرانی کەرکوکە.

هەموو وێنەکان لە لاپەڕەی کاک هاشم جەباری وەرگیراوە.

سەرچاوەکان:

ژیاننامەی بێژەر و نووسەر هاشم جەباری کە لەسەر داخوازی من بۆی ناردووم سوپاسی دەکەم، لەگەڵ هەندێ زانیاری و نووسین و داڕشتنی خۆم.



# میدیاکار تاریق جەوهەر سارمەمی

ناوی تەواوی (تاریق جەوهەر عەولا ئۆمەر سارمەمی)یە، لە ١٩٧٠/٣/١ لە گەڕەکی کوران لە شاری هەولێر لە دایک بووە، خوێندنی سەرەتایی لە قوتابخانەی ئازادی و کنێری سەرەتایی تەواو کردووە، خوێندنی ناوەندی لە ناوەندی کاروان و ئامادەیی پیشەسازی - بەشی کارەبا -ی لە هەولێر تەواو کردووە، پاش ساڵی ١٩٩٦ بۆخوێندن چۆتە سلێمانی لە ساڵی ٢٠٠١ بەشی ڕاگەیاندن و ڕۆژنامەگەری لە پەیمانگای تەکنیکی لە سلێمانی تەواو کردووە، ساڵی ٢٠٠٥ چۆتە کۆلێژی زانستیە مرۆڤایەتیەکان لە زانکۆی سلێمانی و بڕوانامەی بەکالۆریۆسی وەرگرتووە و دواتر ساڵی ٢٠١١ ماجستێریشی هەر لە بواری ڕاگەیاندن و پەیوەندیەگشتیەکان بە دەست هێناوە، ئێستا قوتابی دوکتۆرایە لە بواری ڕاگەیاندن و لە ساڵی کۆتاییدایە، ڕاوێژکاری ڕۆشنبیریشە لە پەرلەمانی کوردستان.

یەکەم دەستپێکی کاری ڕاگەیاندن و میدیاکاری تاریق جەوهەر لە ساڵی ١٩٩٣ وەکو بێژەر لە تەلەفزیۆنی گەلی کوردستان دەستپێدەکات، دواتر هەر لە هەمان ساڵ لەگەڵ ڕاگەیاندنی کۆنگرەی نیشتمانی عێراقی I N C تا ساڵی ١٩٩٥ وەک بێژەر لە رادیۆ و تەلەفزیۆنی عێراقی I B C کاری



**لە ڕاستەوە: دڵشاد عەبدوڵڵا، ڕەئوف بێگەرد، تاریق جەوهەر، ڕەوانشاد کاکە مەم بۆتانی**

کردووە. تاریق جەوهەر لە ساڵی ١٩٩٣- ١٩٩٤ بۆ ماوەی شەش مانگ لە تەلەفزیۆنی هەرێمی کوردستان کاری کردووە و هەر لەوێش ئاشنایەتی و دۆستایەتی لەگەڵ پۆلێک لە شاعیر و نووسەرانی کورد پەیدا کردووە وەکو ڕەوانشاد جەلالی میرزا کەریم و سەعدوڵڵا پەرۆش و شاعیران قوبادی جەلی زادە و کەریم دەشتی و حەسەن جاف.

ناوبراو لە کۆتایی ساڵی ٢٠٠٢ ڕاوێژکاری ڕاگەیاندن و هەندێ کات بەڕێوەبەری ڕاگەیاندن بووە لە پەرلەمانی کوردستان، لە ساڵی ٢٠٠٥ تاوەکو ٢٠١٨ وتەبێژی سەرۆکی پەرلەمانی کوردستان بووە و هەموو کارەکانی خۆی زۆر بە چالاکی و پیشەییانە جێبەجێ کردووە، ڕۆژانە چاوپێکەوتن و دیمانەی تەلەفزیۆنی لەگەڵدا دەکرێت لە لایەن بەشی زۆری کەناڵە تەلەفزیۆنیەکانی کوردستان و عێراق و عەرەبی و جیهانییەکان لەوێش هەر



**لە لای ڕاستەوە: نووسەر تاریق کارێزی، میدیاکار هاشم جەباری، میدیاکار تاریق جەوهەر**

بە سەرکوتوویی دەبینرێت.

تاریق جەوهەر هەر ڕاوێژکار و میدیاکار نیە بەڵکو نووسەریشە دەیان وتاری ئەدەبی و سیاسی ولێکۆڵینەوە لە بەشی زۆری ڕۆژنامە و گۆڤارە کوردیەکان بڵاوکردۆتەوە لەوانە (ڕۆژنامەی کوردستانی نوێ، خەبات، ئیتیحاد، ئاسۆ، هەواڵ، گۆڤارەکانی هەرێم و بەدرخان).


تاریق جەوهەر، ڕۆژنامەنووسی گەورەی کورد مومتاز حەیدەری، ئەوانی تر نەناسراون

ناوبراو خاوەنی چوار لێکۆڵینەوە و توێژینەوەی زانستی و یەک کتێبی چاپکراوە کە ئەمانەن: هەوال لە تەلەفزیۆنی کوردیدا لەساڵی ٢٠٠٥، بێژەری کورد لە رادیۆ و تەلەفزیۆنەکاندا لە ساڵی ٢٠٠٣، مێژووی ڕاگەیاندنی کوردی لە بزووتنەوەی شۆڕشگێڕیدا ساڵی ٢٠٠١، ئەرکی comunication - کۆمینیکەیشن لە بەڕێوەبەرایەتی ڕاگەیاندنی وەزارەتەکانی هەرێمی کوردستان، کتێبی (تجربة المتحدث الرسمی بین الواقع و التجربة)، ئەم کتێبە بە زمانی عەرەبیە و لە لوبنان چاپ و بڵاوکراوەتەوە.

تاریق جەوهەر ئەندامی کارای ڕۆژنامەنووسانی کوردستانە و ئەندامی فیدراسیۆنی ڕۆژنامەنووسانی نێو دەولەتیە.

تاریق جەوهەر لە تەک ئەوەی میدیاکارێکی خاوەن ئەزمونە بەشداری لە زۆربەی چالاکیەکانی نووسەران و هونەرمەندانی کوردیش دەکات لەوانە:

لە بەرواری ٢٠٢١/٩/٢٣ لە کتێبخانەی ئاشتی بەشدار و ئامادە بووە لە ناساندن و واژۆ کردنی دوو کتێب، یەکێکیان بە ناوی مێژووی تەلەفزیۆنی کەرکوک کە میدیاکار و نووسەر



لە لا ڕاستەوە: تاریق جەوهەر، میدیاکار ڕەوانیشاد هوشیار سەید ئەحمەد




هاشم جەباری نووسیویەتی، کتێبی کوێت کە ڕۆژنامەنووس و وەرگێڕ تاریق کارێزی لە چاپی داوە.

لە بەرواری ٢٠٢١/٦/٢٦ بەشدارو ئامادەبووە لە مەڕاسیمی ڕاگەیاندنی یەکەم ژمارەی گۆڤاری (دیوان) کە گۆڤارێکی مانگانەی ئەدەبی و ڕۆشنبیری و فیکریە.

لە بەرواری ٢٠٢١/٦/٢٣ لە کۆڕی ناساندنی ڕۆمانی (کچانی دووکەڵ و ئاگر) لە نووسینی ڕۆماننووسی کورد خاتوو ئاڤا هوما کە خەلکی ڕۆژهەڵاتی کوردستانە بە ئینگلیزی نووسیویەتی و نووسەر و وەرگێڕ شەفیقی حاجی خدر وەریگێڕاوەتە سەر زمانی کوردی.

هەموو ڕاگەیاندکار و میدیاکارێک دەبێت زۆر پیشەییانە و بی لایەنانە کارەکانی ئەنجام بدات، ناوبراو یەکێکە لەو میدیاکارانەی کە زۆر ئازایانە و بە جورئەت چۆتە دونیای ڕاگەیاندن و پاشەرۆژیکی ڕووناکی لە پێشە، بە هیوام کاک تاریق جەوهەر هەر سەرکەوتوو و سەرفراز بیت لە کارەکانی.

سەرچاوەکان ؛ بۆ ئەم نووسینە سوود لەم سەرچاوانە وەرگیراوە:

ژیاننامەی ناوبراو کە لەسەر داخوازی من بۆی ناردووم سوپاسی دەکەم، زانیاری و نووسین و داڕشتنی خۆم.



# زەکیە ئیسماعیل حەقی

یەکـەم دادوەری ژن لـە عێـراق و هەمـوو نیشـتیمانی عەرەبـی، ئەویـش خوالێیخۆشـبوو خاتـوو زەکیـە ئیسـماعیل حەقیـە، ئـەو لـە ڕۆژی ١٨ی ئەیلولـی سـاڵی ١٩٣٩ لـە بنەماڵەیەکـی کـوردی (فەیلـی) کـورد پـەروەر لـە بەغـدا لەدایکبـووە، لەسـاڵی ١٩٥٧ کۆلێـژی (حقـوق)ی زانکـۆی بەغـدای بـە پلـەی ئیمتیـاز تەواوکـردووە، سـاڵی ١٩٦٦ کۆلێژی بەڕێوە بردنـی کاروبـاری لـە یەکـێ لـە زانکۆکانـی سویسـڕا تـەواو کـردووە، پاشـان لـە سـاڵی ١٩٧٢ ماجسـتێری لـە قانـون لەزانکـۆی بەغـدا بـە پلـەی ئیمتیـاز بەدەسـتهێناوە و دکتۆراشی لە قانونی دەولی لە یەکێک لە زانکۆکانی ئەمریکا تەواو کردووە.

زەکیە ئیسـماعیل حەقی لە کۆنگرەی ٨ی پارتـی دیموکراتی کوردسـتان بـە ئەندامـی سـەرکردایەتی هەڵبژێـردراوە، سـەرۆکی یەکیەتـی ئافرەتانـی کوردسـتان بـووە، لـە سـاڵی (١٩٥٢ تـا سـاڵی ١٩٥٨) لـە مـاوەی حوکمـی عەبدولکەریـم قاسـم لـە ڕۆژی ٩ شـوباتی سـاڵی ١٩٥٩ بـووە بـە یەکەمیـن دادوەر (القاضیـة) لـە هەمـوو عێـراق و نیشـتیمانی عەرەبـی، بـەڵام لەبـەر هەڵوێسـتی سیاسـی لـە دژی حوکمـی قاسـم لـە کارەکـەی دوورخراوەتـەوە، خوالێیخۆشـبوو زۆر بایەخـی بە دەوری ئافرەتـان داوەو لەهەمـوو بوارەکان، لـەو ماوەیـەی کـە سـەرۆکی یەکیەتـی ئافرەتـان بـووە و نوێنـەری پارتیـش بووە بۆ کاروباری ئافرەتان و سـەردانی زۆربەی وڵاتانی جیهانی کردووە



بۆ گەیاندنی دەنگی ئافرەتانی کورد، لەوانە (ئەمریکا، فەڕەنسا، نەمسا، ئەڵمانیا، ڕۆمانیا، یەکیەتی سۆڤیەت، سین، مەنغۆلیا، ئێران، هند، تونس، سودان، میسر، سوریا، لوبنان).

پاش سالآنی ١٩٧٥ هەتا ١٩٩٦ وەکوو پەنابەر لە ئەمریکا ژیاوە و لەساڵی ٢٠٠٣ هاتۆتەوە بەغدا وەکو ڕاوێژکاری وەزیری داد دەست بەکار بووە، لە کارە گرنگەکانی دۆسیەی ئەو ئافرەتە کوردانەی کە ئەنفال کرابوون وەرگرت و هەوڵێکی زۆری دا و سەردانی میسڕ و ئوردن و نەمسا و فەڕەنسای کرد، بەڵام بەداخەوە لە کارەکەی سەرکەوتوو نەبوو ئەم دۆسیەیە بە یەکجاری داخرا، ناوبراو لە ڕۆژی ٢٠٢١/٨/٢٣ لە ئەمریکا بەهۆی نەخۆشی کۆچی دوایی کرد، خاتوو زەکیە ئیسماعیل حەقی یەکێک بوو لە ئەستێرە گەش و درەوشاوەکانی ئاسمانی خەباتی یەکسانیخوازی و تێکۆشەرێکی دێرینی مێژوویی خەباتی ئافرەتانی کوردستان بوو.

**تێبینی:** وێنەکان و هەندێک زانیاری لە وێکیپیدیا و کوردیپێدیا وەرگیراوە



# شاعیر خالید کۆچەر

ناوی تەواوی (خالید عەبدوڵڵا محەمەدەمین شێخە) یە، لە ساڵی ١٩٦٣ لە گەڕەکی خانەقای شاری هەولێر لە دایک بووە، تا پۆلی سێی ناوەندی خوێندووە و هەر لە منالیەوە خولیاو عەشقی خوێندنەوە و شیعرو ئەدەب بووە.

ئەو دەڵێت: (خۆشم نازانم بۆ ئەوەندە زوو عەشقی کتێب بووم، تەمەنم ١١ساڵان بووە رۆژانە لەبەردەم چاپخانەکەی کوردستان ڕادەوەستام تەماشای کتێبەکانی ناو چاپخانەکەم دەکرد وەک (کتێبی قەل فڕی، مەلای مەشهور، شیرین و فەرهاد. . زۆرانی تر)، ئەو پارەی ڕۆژانەی خۆی ڕۆژ بە ڕۆژ خڕ کردۆتەوە تا کتێبێک پێبکڕێت.

ناوە ناوە شیعرێکی خالید کۆچەرم بەر چاو دەکەوت نەم دیبوو نەشم دەناسی، ساڵی ١٩٨١ من لە ئەمینداریێتی رۆشنبیری لێپرسراوی بەشی (تألیف و تعضید و نشر) بووم، رۆژێکیان گەنجێک خۆی کرد بە ژوورەکەم دەستنووسێکی پێبوو ڕەزامەندی دائیرەی رەقابەی وەرگرتبوو رەقەمی ئیداعیشی لەسەر بوو، ئەو کات شەڕی عێراق و ئێران بوو من بانگ کرابووم بۆ خزمەتی سەربازی (إحتیاط - یەدەگ)، بەڵام عینوانی وەزیفیم (معلم جامعی) بوو، ئەو کات مامۆستا نەدەچوونە سەربازی، بۆیە



- له لای ڕاستەوە: خالید کۆچەر، دوکتۆر مارف عومەر گوڵ لە کۆڕێکدا

خەریکی ئەو کەین و بەینە بووم، بەڵام هەر زوو ئیجرائاتی تەعضید و نەشرم بۆ کردو دستنووسە شیعریەکەیم دا دەست رەوانشاد سەردار میران کە وا ڕێکەوتبووین ئەگەر من بچم بۆ سەربازی، ئەو کارەکانی من وەرگرێت و بە هەردووکمان دەستنووسەکەمان دا دەست (شێخ جەعفەر) ئەویش ڕەوانی شاد، کە سەرپەرشتی لە چاپدانی گۆڤاری کاروانی لە چاپخانەکانی بەغدا دەکرد، لە دوا جار من چووم بۆ سەربازی، بەڵام هەر چاودێری دیوانی شیعری (فرمێسکی مەهاباد) ی خالید کۆچەرم دەکرد تا ٢٠٠٠ دانەی بۆ چاپکراو دابەشی کرد.



چەپکە وشە بۆ خالید گەردی نووسەر و ڕۆژنامەنووس

فرمێسکە شیعرێک

ویستیم شیعرێکت بۆ بنووسم
لە چەپکێ وشەو ڕێحانەی چەند دێرێک
لە عەتر و گوڵاوی چەند گوڵێک
بمبەخشە برا
خەمت لە باڵای شیعرم باڵاتربوو
گریانەکەت لە گریانم بەجۆشتربوو
بمبەخشە هەر چەند دەکەم
چەند دێرێکم پێنانووسرێت
لە خەمی تۆ بچێت
پیاوە دڵ بەفرینەکە

وەرە شیعرم بێدەنگی بشکێنە
با ئەمشەو من و تۆ لە تەکیەو سەمای خانەقای
یادەوەرییدا سەما بکەیین وەک دەورێشێک
شیعرێک بۆ ژنێک بنووسم هێشتا خۆشمدەوێت
مالی عیشقی پێناساندم
سوپاس جوانترین کچی گەرەکی مێژوو
سوپاس بۆ تۆ
بۆ تەواوی یادگارەکانت
سوپاس بۆ برادەرەکانم
نازناوی شاعیرە عاشقەکەیان پێبەخشیم
8 / 10/ 2021 / هەولێر

**چەند وشەیەکی سەرنووسەر و کارمەندانی ڕۆژنامەی خەبات بۆ نووسەر و ڕۆژنامەنووس خالید گەردی لەگەڵ پارچە شیعرێکی خالید کۆچەر**


من شیعرم هەڵنەبژاردووە، بەڵکو شیعر منی هەڵبژاردووە

دیمانەی رۆژنامەوانی خالید کۆچەر
لەگەڵ شاعیر خاتوو نەسرین تەنیا

خالید کۆچەر زیاتر لە نیو سەدەیە شیعر دەنووسێت و دەخوێنێتەوە زیاتر لە ٢٠ ساڵیشە وەکو رۆژنامەنووس لە زۆربەی زۆری رۆژنامە و گۆڤارە کوردییەکان پارچە شیعر و وتار و دیمانەی رۆژنامەوانی بڵاوکردۆتەوە لەوانە (هەلەچن، زمانەوانی، نووسەر) بەرپرسی لاپەڕەی ئەدەب و رۆشنبیری بووە، ئەوا بووە ١٨ ساڵیش لە رۆژنامەی (خەبات) کار دەکات و زۆر لە رۆژنامەنووسە گەنجەکان لە ژێر دەستی ئەو پێگەیشتوون و پەرەیان بە پیشەکەی خۆیان داوە.

هەموومان دەزانین زۆرن ئەوانەی شیعر بۆ عەشق و ئەوینی دەنووسن بەڵام خۆ هەموویان سەرکەوتوو نەبووینە، کەچی خالید کۆچەری شاعیر لەو شاعیرانەیە کە شیعر بۆ ئازارەکانی خۆی دەنووسی، هێشتا هەر لە خەیال و خەونە پەمەییەکانی خۆیدا دەژیت، بۆیە جارو بار هاوڕێیانی و ئەدەب دۆستانی شیعر باران دەکات و پێیان دەڵێت ئەوەتا وشە جوان و رۆمانسیەکانم، خوێنەری کوردیش باش دەزانێت کە خالید کۆچەر بە بێ دەنگی شیعری و وشەی جوان دەنووسێت.

خالید کۆچەر سێ دیوانی شیعری لە چاپداوە و بڵاویکردۆتەوە کە ئەوانەن (فرمێسکی مهاباد ١٩٨١، نهێنیە رەنگاوڕەنگەکان بۆ مام هێمن ١٩٨٣، جانتای سەفەری ئەمجارەم پریەتی لە گریان ٢٠١١).

ناوبراو ئەندامی یەکیەتی نووسەرانی کورد - لقی هەولێر و ئەندامی سەندکای رۆژنامەنووسانی کوردستان لقی هەولێرە، لە بەرواری ٢٠٢٢/١/١١ لە رۆژنامەی خەبات دیمانەیەکی رۆژنامەوانی لەگەڵ شاعیر خاتوو (نەسرین تەنیا) بڵاوکردۆتەوە وا لەگەڵ پۆستەکەم هاوپێچم کردووە، لە ٢٠٢١/٩/٣٠ بە هاوبەشی لەگەڵ سەرنووسەر و کارمەندانی رۆژنامەی خەبات نامەیەکی کورت بۆ نووسەر و رۆژنامەنووس کاک خالید گەردی دەنووسن و تیایا هیوای هەستانەوەی سەر قاچەکانی بۆ دەخوازن و خالید کۆچەریش بە پارچە شیعرێکی جوان ستایشی دەکات وا ئەویشم هاوپێچ

کردووە.

وا پارچە شیعرێکی شاعیر، شاعیری عەشق بە وشەی جوان خالید کۆچەرتان بۆ دەنووسمەوە:

له داوەتی شێتبوونی خۆمدا بانگی باران دەکەم
وەرە نالی، وەرە مەولانام مەولەوی
وەرە گەورە شێتی شێتان دێوانەم
لە کۆین حەبیبە و عەنبەر خاتوون و شەم
تا چیرۆکی تەواوی نەبووی ئەم عەشقەیان
بۆ بگێڕمەوە
دەترسم بمرم دوا قەسیدەی بۆ یەکنەبوونیشم
پێ تەواو نەکرێت
چیبکەم ئازیز لە ناو پەریاندا تۆم خۆشویستووە
عەشق بۆتە تابووتێکی ڕاکشاو هەموو ڕۆژێک
مەرگی خۆم تیا دەبینم
دڵنیام ئەوەی لە دەشتایی خەونە ونبووەکان
یادە دڵتەزێنەکانی جێهێشتبێت
وەک خۆم ڕۆژێک دادێت لە غەریبیی و
دوور لە خۆشەویستەکەی بە غەریبیی دەمرێت.


خالید کۆچەر دەڵێت: بیست و نۆ ساڵە ئەم پارچە شیعرەم نووسیوە وا هەست دەکەم ئەم لەحزەیە نووسیوومە، کەواتە نە شیعر پیر دەبیت و نە عیشق.

بۆ شاعیری وشە جوان هەر سەرکەوتوو سەر فراز بیت.

وێنەکان:

سەرچاوەکان:

وێنەکان و ژیاننامەی شاعیر و ڕۆژنامەنووس خالید کۆچەر لەسەر داخوازی من خۆی بۆی ناردووم، سوپاسی دەکەم، زانیاری و نووسین و داڕشتنی خۆم.



## ابو صباح

پیاوه ئێسک سووک و روح شیرینەکەی هەولێر ... پیاوه ماندووەکە بۆ ژیانی خۆی ، وێنەگری گەرۆک _ مصور متجول -(ابو صباح) بە سەر دەکەینەوە .

ناوی تەواوی (محیەدین تاهیر عەبدولکەریم) ە بە ئەبو سەباح ناسراوە ، لە سالی ١٩٣٥ لە گوندی (وەری) ی سەر بە ناوچەی بێتواتە لە دایک بووە و لە هەولێر لە گەڕەکی خانەقا ژیاوە .


ئەبو سەباح بەبێ ئەوەی یەک رۆژیش چووبێتە قوتابخانە فێری هەر سێ زمانی کوردی و ترکمانی و عەرەبی بووە بە نووسین و خوێندنەوە و قسە کردن ،

ماجەرای ناز ناوەکەی بە ئەبو سەباح لەوەوە هاتووە (خۆی خانمە ئەکتەری لوبنانی - صباح - ی زۆر خۆشویستووە ، لە سالی ١٩٥٣ ئەو خانمە ئەکتەرە بۆ ڤیستیڤالێک دێتە عێراق لە بەغدا و موصل ئاهەنگ دەگێڕیت ، ئەبو سەباح سەرەڕای دەست کورتی خۆی دەچێتە موسل لەوێ بە دیداری سەباح شاد دەبێت و وێنەی لە گەل دەگرێت لەو رۆژەوە



ئـەم نازنـاوەی لێنـراوە) .

ئەبو سـەباح لـە چلەكانی سـەدەی ڕابووردوو کارمەند بووە لـە سـینەما (حمـراء) ، خەلكی شـاری هەولێر هەمـوو (ئـەوەی لـە چلـەكان و پەنجاكان و شەستەكان هەتا هەشتاكانیش ) لـە دایک بووینـە ئەبـوو سـەباح دەناسـن و دەزانـن ئـەم پیاوانـە جەند ڕوو خۆش و بـە مەشرەب بـوو زۆریش ماندوو بـوو بـۆ بژێـوی ژیانـی خـۆی ، هەمـوو رۆژێ (قطعـة – سـینما) ی لـە سـەر





شانی خۆی هەڵدەگرت و هەموو ناو شاری هەولێر دەگەڕا بۆ ئەوەی خەلک بزانن ئەو فلیمە ئەمڕۆ ئیش دەکات یان لێدەدرێ .

یەکەم قیتعەی سینەما کە ئەبو سەباح لە سەر شانی خۆی داناوە فلیمی (القلب الواحد) بوو کە پالەوانەکەی خانمە ئەکتەری سینەمایی لوبنانی سەباح بووە .

وە هەروەها ئەبو سەباح زۆر گۆرانیبێژی نەمری کوردی حەسەن



زیرەکی خۆش ویستووە و چەندین جار لە هەولێرەوە بە نهێنی چۆتە ئێران و بە دیداری یەکتری شاد بووینە ، چەندین دانیشتنیان پێکەوە هەیە و حەسەن زیرەک لە هەندێ لە گۆرانیەکانی باسی ئەبو سەباح دەکات

ئەبو سەباح کە بووە وێنەگر بە خۆی و بە کامیرەکەی لە هەموو شوێنی شاری هەولێر دەبینرا ، لە ژیانی خۆی چەندین پێشانگای فۆتۆگرافی کردۆتەوە و لە سالەکانی نۆهەتەکانی سەدەی ڕابووردوو سەرۆکی کۆمەڵەی وێنەگرانی کوردستان لقی هەولێر بووە ، لە سالەکانی پێش کۆچی دوایی کردنی وەزارەتی رۆشنبیری لە بۆنەیەکدا ڕێزیان لێگرتووە ، ئەمە جێگای دڵخۆشیە بۆ هەموو هونەرمەندان ، ئەبو سەباح هونەرمەندێکی زۆر پسپۆر بوو لە بواری وێنە گرتن .

لە ٢٨ / ١ / ٢٠٠١ دڵە گەورەکەی ئەبو سەباح لە لێدان دەکەوێت و کۆچی دوایی دەکات و لە گۆڕستانی شێخ عومەر لە هەولێر بە خاکی نیشتمان دەسپێردرێت .

روحی ئەبو سەباح شاد و ئارام و ئاسوودە بێت .

**تێبینی**: وێنەکان و زانیاری کاک نەبیلی عەریف خدری وێنەگر بۆی ناردووم سوپاسی دەکەم ، هەندێ زانیاری و نووسین و دارشتنی خۆم .



## فارووق سەید حسن

بەندە ماوەیەکە خەریکی بڵاوکردنەوەی نوسینەکانم لە سەر ئەدیب و شاعیر و رۆشنبیران، ئەمجارەیان بڕیارمدا پۆستێک لە سەر وەرزش بکەم، ئەمڕۆ باسی ئەستێرەیەکی گەشی بواری پەروەردە و وەرزش دەکەین ئەویش خوالێیخۆشبێت مامۆستا فاروق سەید حەسەنە، کەم کەس هەیە لە هەولێر لە تەمەنی پەنجاکان و شەستەکان بووبێ ئەم پیاوە چالاک و دلسۆزە لە بواری پەروەردە و وەرزش نەناسێت، ناوبراو هەر لە سەرەتای ژیانیەوە کە بۆتە مامۆستای وەرزش لە ساڵی ١٩٥٦ یاریزان بووە لە هەلبژاردەی هەولێر و لە ساڵەکانی ١٩٦٨-١٩٦٩ ئەندامی یەکیەتی ئۆلمپی عێراقی لقی هەولێر بووە، دەورێکی بەرزی هەبووە لە پێشخستنی پەروەردە و وەرزش لە شاری هەولێر بە تایبەتی لە یاری تۆپی پێ و یاریەکانی گۆرەپان (ساحە و مەیدان) و ئیستعراز و دیدەوانی (کشافە) کە ساڵانە بەرێوەبەرایەتی پەروەردەی هەولێر لە گۆڕەپانی (ئیدارەی محلی کە ئێستا ناوی ساحەی خوالێیخۆشبیت فەرەنسۆ حەریریە) بۆ قووتابخانەکان رێکی دەخست و خەڵکێکی زۆری شاری هەولێر تیایا ئامادە دەبوون، لە ساڵی ١٩٧٢ هەردوو یانەی تۆپی پێی هەولێر و بروسک بوونە یەک یانە بە ناوی یانەی برایەتی (التآخی) کە مامۆستا فاروق سەید حەسەن دەورێکی سەرەکی هەبوو لە دامەزراندنی، لە ساڵی ١٩٧٤ پاش پێکنەهاتنی



بزووتنەوەی کوردایەتی لە گەڵ رژێمی ئەوسا لە سەر جێبەجێ نەکردنی بەیانی ١١ ئاداری ساڵی ١٩٧٠ مامۆستا فاروق دەبێتە پیشمەرگە و لە ناوچەکانی بارزان و مێرگەسۆر لە گەڵ بەرێوەبەرایەتی قووتابخانەکانی ناوچەکە بەشدار دەبێت لە رێکخستنەوەی باری پەروەردەیی و وەرزشی بۆ قووتابخانەکانی شۆرش، لە دووای هاتنەوەی بۆ هەولێر بەردەوام دەبێت لە خزمەتی پەروەردە و وەرزش تا خانەنشین دەبێت و لە رۆژی ٢٠١٦/١/٨ پاش ململانێیەکی زۆر لە گەڵ نەخۆشی کۆچی دوایی دەکات، بەمەش ئەستێرەیەکی گەشی بواری پەروەردەو وەرزش لە ئاسمانی شاری هەولێر ئاوا دەبێت، هەزار رەحمەت لە گۆڕی مامۆستای پێشمەرگە و پەروەردە و وەرزشی فاروق سەید حەسەن روحی شادە و جێگای بەهەشت بێت إن شاء الله.

ئەوانەی تەمەنیان وەکوو منە واتە سەرەتای ساڵانی پەنجاکان لە دایک بوونە دەزانن کە پەروەردەی هەولێر هەموو ساڵێ یاری تۆپی پێی لە نێوان قووتابخانەکانی سەرەتایی و ناوەندی و دووا ناوەندی رێک دەخست وەکوو پێشتر ووتبووم مامۆستایانی خوالێیخۆشبێت مامۆستا عیزەدین فەیزی و

مامۆستا فاروق سەید حەسەن سەرپەرشتی ئەو ڕێکخستنانەیان دەکرد، خۆ ئەگەر یەک لە یانەکانی هەولێر یان هەڵبژاردەی هەولێر یارییەکی هەبووایە لە گەڵ هەڵبژاردەی پارێزگایەکی دیکە هەموو خەڵکی ناو شاری هەولێر ئامادە دەبوون، ئێمەی تەمەن ١٠ و ١٢ و هەتا چواردە ساڵیش لە هەموو گەڕەکەکانی هەولێر (تەیراوە، قەڵا، تەعجیل، سەعدوناوە، خانەقا، گەڕەکی عارەبان، گەڕەکی جولەکەکان، سەیداوە و سێتاقان و ئیسکان و کوران) پۆل پۆل بە پێیان بەرەو یاریگا دەرۆیشتین کە دەگەیشتینە مەلعەب دەرگای یاریگا داخرا بوو چونکە بۆ هەموو یارییەکان دەبووایە پلیتت هەبووایە، ئێمەش قەت پلیتمان نەبوو نەک لە بەر ئەوەی نەکڕین و نەمان دەکڕی بەڵکو هەر لە ئەساسەوە پارەمان نەبوو پلیت بکڕین، ئێ ئاخر ئەو کات پارە کەم بوو و زۆربەی خەڵک دەست کورت بوو، بە هەر حاڵ ئەوانەی لە دەرگا ڕادەوەستان یان کرێکاری ئیدارەی محلی یان هی یانەکان بوون ئینسانی ئەوەندە باش بوون پێیان دەووتین ڕاوەستن ئێستا یارییەکە دەست پێ بکا دەرگاکە دەکەینەوە هەمووتان برۆنە ژوورەوە





بەم جۆرە تەماشای یارییەکەمان دەکرد بەس واڵڵاهی تام و چێژیکی خۆشمان لیدەکرد، ئینجا بێنە سەر یایزانەکانی ئەو کات ئەوانەی من لە یادمە و زۆر دیار بوو یاریزانێک ناوی رەقیب جامباز بوو ئەگەر سەهو نەبم لە ناوەڕاست یاری دەکرد زۆر باشبوو کابتنیش بوو، یاریزانە هێرشبەرەکانیش بریتی بوون لە (مەحەمەد خەلیل-مەمۆ یان پێ دەووت، مەحەمەد عوسمان، کانبی-کانەبی حەمبالیان پێ دەووت) ئەمانە هەر سێکیان هێرشبەری هەڵبژاردەی هەولێر بوون لە چەپ شەهید سەید موڕسەل گردعازەبانی بوو ئەم یاری زانە لە (مراوەغە) ئێمە پێمان دەووت (فلیمات) زۆر ماهیر و پسپۆر بوو کە تۆپ دەهاتە لای مەگەر کوو دەنا هەر گۆڵی دەکرد ، یاری زانێکی دیکە هەبوو ناوە ولیەم بوو مەسیحی بوو نازانم خەڵکی کام پارێزگا بوو بەڵامماڵیان لە هەولێر بوو فیری زمانی کوردی و تورکیش ببوو ئەویش یارییەکی جوانی دەکرد، ئەوجا کاپتن خالید رەسول کە ئەویش هەندێ جار لە وەسەت وهەندێ جار لە هجوم یاری دەکرد، لە گۆڵچیەکانیش مەحەمەد مەولود و شێرۆ خەلیل دەوری







پاڵەوانانەیان دەگێڕا لە پاراستنی گۆڵەکانیان، لە هاندەرە بە ناوبانگەکانی ناو شاری هەولێر پیاوێک هەبوو ناوی (حاجی کانبی) بوو بە خۆی و موتۆرسیکڵەکەی هەموو هەولێری تێدەگەیاند کە ئەمڕۆ یاری هەیە هەروەها کوڕێکی تر بە ناوی (مەزۆ لەشکری) ئەویش زۆر بەناوبانگ و باشترین موشەجیعی تیپی هەولێر بوو هەروەها نەجات عەبدولواحید هەم یاری زان بوو هەم موشەجیع بوو وە لە حەفتاکانیش مام جبرائیل کورتان دروو کە مامی یاریزان عەونی سەید ئەحمەد بوو ئەویش هاندەرێکی بە ناوبانگی یاری تۆپی پێ بوو، ئەمانە یاریزانی سەردەمی زێرینی هەڵبژاردەی هەولێر بوون لە سەرەتای شەستەکان، بۆیە هەق وایە دەزگا پەیوەندی دارەکانی بوواری وەرزشی تۆزێک بایەخ بەم یاریزانە ماندوو بووانە بدەن کە ڕۆژانێک خزمەت و سەرکەووتنیان لە بواری تۆپی پێ بۆ هەولێر تۆمار کردووە.

تێبینی: وێنەکان: وێنەکان و هەندێ زانیاری لە هەلبژاردەی گروپی هەولێر وەرگیراوە.

- نووسین و داڕشتنی خۆم.



# وێنەگر نەبیل عەریف خدر

وێنەگر و نووسەر و ڕۆژنامەنووس و میدیاکار نەبیل عەریف خدر ناوی تەواوی (نەبیل خدر ڕەشید قەساب)ە، لە ساڵی ١٩٥٨ لە گەڕەکی تەیراوەی شاری هەولێری ڕەنگین لە دایک بووە، خوێندنی سەرەتایی لە قوتابخانەی هەڵگوردی سەرەتایی تەواو کردووە، ناوەندی لە (الاخوة) و دواناوەندیشی لە (المستقبل) تەواو کردووە، لە ساڵی ١٩٨٥ کە بانگ دەکرێت بۆ خزمەتی سەربازی (ئیحتیاط) - یەدەگ - زۆر زیرەکانە دەچێتە کۆلیژی ئادابی زانکۆی بەغدا بەشی ڕاگەیاندن تەواو دەکات.

نەبیل خدر لە ساڵی ١٩٩٠ لەسەر هەڵوێستە کوردایەتیەکانی بۆ ماوەی شەش مانگ دەستگیر دەکرێت و دەیبەنە بەندیخانەی (رضوانیة) لە بەغدا ئازار و ئەشکەنجەیەکی زۆری دەدەن و شوێنەواری ئازارەکان تا ئێستاش لە جەستەی دیارە.

لە کۆچڕەوەکەی ساڵی ١٩٩١ لەسەر ڕێگای هەولێر - مەسیف لە ڕاستی کارگەی جغارە خۆی و ماڵ و منداڵەکانی بەر بۆردومانی هەلیکۆپتەری ڕژێم دەکەون هەندێک لە کەس و کاری بریندار دەبن و خۆشی یەک لە کچە بچکۆلانەکەی لێ وون دەبێت کە ناوی (دیمەن) بوو و نایدۆزنەوە تا (٢١) ڕۆژ پاشتر لە شارۆچکەی خانەی ئێران دەیدۆزنەوە، لە پاشان



**لە لای ڕاستەوە: کاک فەرهەنگ غەفور بەڕێوەبەری گشتی ڕۆشنبیری
لە وەزارەتی ڕۆشنبیری هەرێمی کوردستان**

هاتوونەتەوە هەولێر زۆریش بە سەختی ژیاون.

لە ساڵی ١٩٩٤ نەبیل خدر بە خۆی و ماڵ و منداڵەکانی ڕوو لە هەندەران دەکەن و دەگەنە وڵاتی ئەلمانیا لەوێ نیشتەجێ دەبن، لە ساڵی ٢٠٠٤ تا ٢٠١٢ فەرمانبەر بووە لە باڵوێزخانەی عێراقی لە شاری لاهای – هۆڵەندا، لەو ماوەیەدا خزمەتێکی زۆری پەنابەران و ڕەوەندی کوردی کردیە لە هۆڵەنداو وڵاتانی دەوروبەری، لە تەک کاری ڕاگەیاندن فێری



**لەلای ڕاستەوە: نەبیل خدر،
نەجمەدین عەزیز**



**حوسێن شێروانی بەڕێوەبەری پۆلیسی هەولێر
لەگەڵ دوو تیپی پێی نە ناسراون.**





کاری دیبلۆماتیک و چەند زمانێکی بیانی بووە وەکو ئەلمانی و هۆلەندی و ئینگلیزی لە تەک زمانەکانی کوردی و عەرەبی و تورکی، لە مانگی حەوتی ساڵی ٢٠١٣ دەگەڕێتەوە کوردستان دەبێتە فەرمانبەر لە بەڕێوەبەرایەتی پەیوەندیەکانی دەرەوە وەکو ڕاگەیاندکار و لە ٢٠٢١/٧/١ خانەنشین دەکرێت.

نەبیل خدری وێنەگر هەر لە منداڵیەوە لەگەڵ باوکی و لەسەر دەستی باوکی فێرە وێنەگرتن بووە، ئەوان لە ساڵی ١٩٥٤ یەکەمین کەس بووێنە لە شاری هەولێر وێنەگای (ستودیو) جیهان- یان کردۆتەوە و کەسیش نیە لە هەولێر ستۆدیۆ جیهان کە لە تەنیشت سینەمای سەلاحەدین بوو نەناسێ و بەلکو وێنەشی لێنەگرتبێ.





نەبیل خدر لە ساڵی ١٩٧٢ وەکو وێنەگرێکی (محترف) دەست بە کاربووە زیاتر لە (٢٧) پێشانگای فۆتۆگرافی لە ناوەوەی کوردستان و عێراق و دەرەوەی عێراقیش کردۆتەوە وا هەندێکیان دەخەمەڕوو (یەکەمین پێشانگای لە ساڵی ١٩٨٢ لە قوتابخانەی ئەیوبییەی سەرەتایی کردۆتەوە، لەگەڵ محمود هەولێری پیشانگایەکی دیکەی لە ئەیوبییە لە ساڵی ١٩٨٤ کردۆتەوە، لە ساڵی ١٩٨٥ لە هۆڵی هونەرە جوانەکانی بەغدا، لە ساڵی ١٩٨٦ لە ماڵی جەمیلە فەندی لە قەڵاتی هەولێرێ، ١٩٨٧ لە هۆڵی میدیا، ١٩٨٨ لە ماڵی کوردەواری لە لە قەڵاتی هەولیرێ، ١٩٩٢ هۆلی میدیا، ١٩٩٧ لە شاری فیخن لە هۆلەندا، ١٩٩٨ لە ئەمستردام لە هۆڵی سەندیکای رۆژنامەنووسانی عەرەب، ٢٠٠٢ لە پەرتووکخانەی شاری نایمێخن لە هۆلەندا، ٢٠٠٤ لە باڵوێزخانەی عێراقی لە لاهای - هۆلەندا، ٢٠٠٦ جارێکی دیکە لە بالوێزخانەی عێراقی لە هۆلەندا، لە ساڵی ٢٠٠٨ بۆ یەکەمین جار و یەکەمین کورد بووە کە پێشانگای فۆتۆگرافی لە (دار الاوپرا)ی قاهیرە لە






ميسر کردۆتەوە، لە ٢٠١٢ لە ڕۆژی هەولێر لە پارکی شانەدەر، لە ٢٠١٤ لە ڕۆژی هەولێر لە هۆڵی میدیا، لە مانگی ئاداری ٢٠٢٠ پیشانگایەکی لە پاریس کردۆتەوە، لە (وارشۆ) ی پایتەختی پۆڵەنداش پێشانگایەکی کردۆتەوە).

ناوبراو وەکو نووسەر و ڕۆژنامەنووسیش دەیان نووسین و ڕاپۆرتی داوەتە ڕێکخراوەکانی مافی مرۆڤ و باسی مافی کوردیشی تیا کردووە، کتێبێکیشی بە زمانی عەرەبی نووسیووە و لە چاپی داوە بە ناوی (الثقافة و الادب الترکمانی فی اربیل)، خاوەنی گەورەترین ئەرشیفی وێنەی فۆتۆگرافی کۆنە لە هەولێر کە هەندێکیان هی عەریف خدری باوکییەتی ئەوانی تریش هی خۆیەتی.

نەبیل لە ٢٠٢٢/١/٦ سەردانێکی ئەمستردامی کردو بەیەکەوە بە دەم





ڕۆیشتنەوە قاوەیەکمان خواردەوە و وێنەیەکیشمان چرکاند وا هاوپێچم کردووە.

کاک نەبیل خێزاندارە چوار کچی هەیە و چوار نەوەشی لە کچەکان هەیە، خوا هەر هەموویان تەمەن درێژ و سەرکەوتوو بکات.

سەرچاوەکان:

ژیاننامەی ناوبراو لەسەر داخوازی من بۆی ناردووم سوپاسی دەکەم، زانیاری و نووسین و داڕشتنی خۆم.



# جەبار سابیر

هونـەری شـێوەکاری (رەسـم) ی کاریکاتـۆر هـەر لـە دێرە زەمانەوە هەبووە نزیکـەی ١٢٥٠ سـاڵ پێش زاییـن لـە گۆڕسـتانی (مقبـرة الملـوك) ی میسـریە کۆنـەکان دۆزراوەتـەوە، لـە سـەرەتای سـەدەی نۆزدەهـەم بۆ ئەوروپـا و ئەمەریـکا بڵاوبۆتـەوە

هونـەری کاریکاتـۆر بـە شـێوەیەکی زیاد لـە پێویست ڕووخسـاری مرۆڤ و گیانـدار و بونەوەرەکانی تـر دەگۆڕێت کە هـەر زوو سـەرەنجی بینـەر یان خوێنـەر ڕادەکێشـی و هـەر زووش ئامانجەکانی دەپێکێت، ئـەم جۆرە هونـەرە گرانتریـن شـێوازی شـێوەکاریە، بۆیـە زۆربـەی زۆری شـێوەکارەکان خۆی لـە قـەرە نادەن.

کاک جەبـار سـابیر هونەرمەندێکی کاریکاتـۆرە لـە شـاری هەولێـر وا بـەو چەنـد دێـرە بـە سـەری دەکەینـەوە.

نـاوی تـاواوی (جەبـار سـابیر قـادر) ە، لـە سـای ١٩٦٤ لـە شـاری هەولێـر لـە دایکبـووە، قۆناغـی خوێندنـی سـەرەتایی و ناوەنـدی لـە شـارۆچکەی دووبـز تەواوکـردووە و ئامادەیـی پیشەسـازی لـە هەولێـر خوێنـدووە و دەچێتـە پەیمانـگای (تەکنەلـۆژی)ی موصـل و لـە سـاڵی ١٩٨٤-١٩٨٥ بڕوانامـەی (دبلـۆم) بـە دەسـتدێنێت، ئێسـتا فەرمانبـەرە لـە بەڕێوەبەرایەتـی دابـەش کردنـی کارەبا.




کاک جەبار هەر لە منداڵیەوە سەوداو خولیای رەسم و پەیکەرتاشین بووە لە چالاکی قوتابخانە بە رەسم و کاری دەستی بەشداری کردووە، هێشتا هەر قوتابی بووە لە ئامادەیی پیشەسازی بەشداری لە پێشانگای تابلۆ و وێنەیکردووە لە گەل هاورێکانی.

لە ساڵاکانی ١٩٨٧-١٩٨٨ کۆمەڵێک وێنە و تابلۆی دەربارەی باری کۆمەڵایەتی و کەلتووری کوردی ئامادەکردبوو، بەڵام وا دیارە لە کۆچڕەوەکەی ساڵی ١٩٩١ هەمووی لێ فەوتاوە.



**لەلای ڕاستەوە: هونەرمەند جەبار سابیر، هونەرمەند هاوکار ڕسکن**



لەلای ڕاستەوە: خوالێخۆشبوو رزگار فەقێ عەولا، هونەرمەند جەبار سابیر

ئـەم هونەرمەنـدە کەوتۆتـە ژێـر کاریگـەی هونەرمەنـدی کاریکاتـۆری عێراقی (المرحوم غازي القصيبي) ی و سەرسـام بووە پێی، یەکەم دەسپێکی لـە کاری هونـەری کاریکاتـۆر لـە سـاڵی ١٩٩٢ لـە رۆژنامـەی کوردسـتانی نوێ بڵاوکردۆتـەوە و لـە چەنـد ژمارەیەکیش بەشداری کردووە، لـە سـاڵی






٢٠٠٥ ەوە تا ئێستا کاریکاتێرەکانی لە بەشی زۆری ڕۆژنامەو گۆڤارە (ئەلیکترۆنیەکان) بە تایبەتی (ماڵپەڕی کوردستان نێت و ئەمڕۆ و بۆ پێشەوە و دەنگەکان و ستاندەر و پێنووسەکان و ڕێنسیاس و چەندین ماڵپەڕی دیکە) بڵاو کردۆتەوە، ئێستاش کارەکانی لە ماڵپەڕ و ئەکاونتی فەیسبووک و ئینستگرام بڵاودەکاتەوە، کارە جیهانیەکانیشی لە ماڵپەڕ و گروپە جیهانیەکان بڵاوکردۆتەوە لە وانە (ڕۆژنامەی بەیانی نوێی ئەندەنۆسی و ڕۆژنامەکانی تورکی و میسری و هیندی و بەڕازیلی...)، هەروەها بەشدار بووە لە زیاتر لە (١٠٠) پێشبڕکێ و پێشانگای ناوەوە و دەرەوەی وڵات و چەندین بڕوانامەی ڕێزلێنانی وەرگرتووە، کە هەندێکیان لە گەڵ ئەم پۆستە هاوپیچ دەکەین، ئێستاش خەریکی خۆ ئامادەکردنە بۆ کردنەوەی پێشانگایەکی کاریکاتێری کە زۆربەی بابەتەکانی کۆمەڵایەتی و تەندروستی و سیاسی و بوارەکانی تری ژیانی کوردەوارین.

داوای سەرکەوتن و سەرفرازی بۆ ئەم هونەرمەندە بە توانایە دەکەم، هەقی وایە لایەنی پەیوەندیدار بە هونەر و هونەرە جوانەکان زیاتر بایەخ بەم هونەرمەندە بدەن و بەلایەنی کەمەوە جێگا و شوێنی بۆ برەخسێنن بۆ ئەوەی بتوانی بەهرەو تواناو داهێنانی خۆی تیا بنوێنێ و نمایش بکات.

**تێبینی:**

ژیاننامەی هونەرمەند جەبار سابیر قادر بە سوپاسەوە بۆی ناردووم.

هەندێ زانیاری و نووسین و داڕشتنی خۆم.



# رۆژنامەنووس سەردار فەتاح ئەمین

٣٠ ساڵی ڕەبەق لە خزمەتی پەنابەرانی کورد لە هۆڵەندا و دەوروبەری لە بواری رۆژنامەنووسی و فێرکردنی زمانی کوردی بۆ منالانی تاراوگە، نووسەر و رۆژنامەنووسی ئەکادیمی سەردار فەتاح.

ناوی تەواوی (سەردار فەتاح ئەمین) ە، لە ١٩٥٧/١٠/٤ لە گەڕەکی کانێسکانی شاری سلێمانی لە دایک بووە، هەر تەمەنی چەند رۆژێک بووە ماڵیان گەڕاوەتەوە گوندی (قەڵاچۆغە) ی سەر بە ناوچەی هەمەوەندی شارۆچکەی چەمچەمال، لە تەمەنی حەوت ساڵان چۆتەوە سلێمانی و لە ساڵی ١٩٦٤ دەستی بە خوێندنی سەرەتایی کردووە لە قوتابخانەی سەرەتایی مەولەوی تەواوی کردووە، خوێندنی ناوەندی و ئامادەیی و پەیمانگای تەندروستی باڵای لە سلێمانی تەواو کردووە، لە ساڵەکانی ١٩٨٣ تا وەکو ١٩٩٢ وەکو (معاون طبی) یاریدەدەری دوکتۆر لە نەخۆشخانەی فێرکردنی سلێمانی دەست بە کار بووە و دواتر لە کارگەی بیبسی و ئاوی بانی خەیلان و کارگەی شەکری سلێمانی کاری کردووە تا ساڵی ١٩٨٧، خاوەنی کتێبخانەو جزوبەند (تجلید) ی کتێب بووە، لە ساڵی ١٩٩٢ بە ناچاری وڵاتی بە جێهێشتووە و بەرەو هەندەران رۆیشتووە و لە سەرەتای ساڵی ١٩٩٣ ە وە لە وڵاتی هۆڵەندا نیشتەجێبووە، لە ساڵی ١٩٩٤ ە وە لە ئەمستردام دەژیت و بڕوانامەی بەکالۆریۆسی لە بواری رۆژنامەگەری



(كلية الصحافة و الاعلام) ی لە هۆلەندا بەدەست هێناوە.

سەردار فەتاح لە ساڵی ١٩٧٣ هێشتا هەر تەمەنی ١٦ ساڵ بووە گرۆگالی نووسینی کوردی کردووە و یەکەم بابەتی لە رۆژنامەی (ژین) ی کاکەی فەلاح بڵاوکردۆتەوە، دواتر بەردەوام بووە لە نووسینی بابەتی هەمەجۆر لە زۆربەی رۆژنامەو گۆڤارە کوردیەکانی ناوەوە و دەرەوەی کوردستان خاوەنی چەندین لێکۆڵینەوە و چوار بەرهەمی چاپکراویشی هەیە کە ئەمانەن: (لێکۆڵینەوە و ساغکردنەوەی فۆلکلۆری کوردی لە



ساڵی ١٩٧٧ - خەرمانێک لە مەتەڵی فۆلکلۆری کوردی -، لە ساڵی ١٩٨٧ نامیلکەیەکی هاوبەش تایبەت بۆ منداڵان لەگەڵ چەند نووسەرێکی تری کورد لە وڵاتی سوید بە ناو نیشانی (شێر و مشکە بچکۆلەکە)، کتێبی هۆنراوەی منداڵان (ئەچم بۆ شاری شوکردن بۆ نانی گەنم خواردن) ساڵی ١٩٩٩ کە دووبارە لە ساڵی ٢٠٠٢ چاپکراوەتەوە، لێکۆڵینەوەو



ڕیپۆرتاژ بە ناو نیشانی بزووتنەوەی ڕۆشنبیری لە وڵاتی سلێمانی - گفتو گۆ و چاوپێکەوتن ساڵی ٢٠٠٢ چاپ و بڵاوکراوەتەوە).

سەردار فەتاح لە بواری ڕۆژنامەنووسیش هەر زۆر چالاکانە بەشداری بەشی زۆری ژمارەکانی بڵاوکراوەی (بێوار) ی کردووە، کە ژمارەیەک نووسەر و شاعیر و ڕووناکبیر لە شاری ڕۆتردام - لە هۆڵەندا دەریان دەکرد، خۆشی لە مانگی شەشی ساڵی ٢٠١٨ ە وە تائێستا بەردەوامە لە بڵاوکردنەوەی پەخشنامەی هەفتانەی (تاراوگە) کە بە ئۆنلاینە و بریتیە لە ٢٦ لاپەڕە کۆمەڵێک بابەتی ئەدەبی و ڕۆشنبیری فیکری و کۆمەلایەتی لە خۆ دەگرێت، و تا وەکو ئێستا (١٧٠) ژمارەی لێدەرکردووە.

ناوبراو لە ساڵی ١٩٩١ ە وە ئەندامی یەکێتیی نووسەرانی کورد خولی ڕاپەڕینە و ئەندامی دەستەی دامەزرێنەری کۆمەڵەی کەلەپۆر و فۆلکلۆری کوردە لەگەڵ نووسەران عەبدولرەقیب یوسف و ڕەوانشاد خالید دلێر و محەمەد ساڵح سەعید و سەلام مەنمی و محەمەد حەمە ساڵح تۆفیق و چەندانی تر، بیرۆکەی دامەزراندنی ئەم کۆمەلەیەش هەر هی خۆی بووە،



لەلای ڕاستەوە: حەمید بەدرخان ،ڕۆماننوس باهۆز مستەفا، سەردار فەتاح



ئەندامی دەستەی دامەزرێنەری دەزگای منداڵپارێزی کوردستان بووە لە ساڵی ١٩٩١ و دەستەی نووسەرانیش بووە لە گۆڤاری (پەپولە) ی منداڵان کە هەمان دەزگا دەریکردووە، ئەندامی سەندیکای رۆژنامەنووسانی کوردستان و ئەندامی سەندیکای رۆژنامەنووسانی فیدراسیۆنی جیهانیە.

سەردار فەتاح سەرەڕای ئەوەی نووسەر و رۆژنامەنووسە ئەزمونێکی ٣٠ ساڵەی هەیە لە بواری خزمەتی پەنابەران و کوردانی تاراوگە، هەر لەگەڵ هاتنی بۆ ئەمستردام کە پایەختی وڵاتی هۆلەندایە ساڵی ١٩٩٤، ئەو لەگەڵ هاوڕێکانی عیماد عیزەت رەشید و ئاراس کەمال و خاتوو جوان عومەر رەسوڵ و چەندانی تر لە ڕێکخراوی میدیا کە کۆمەڵەی فیدراسیۆنی کوردانە لە هۆلەندا و هەشت بەشی لە شارەکانی تری هۆلەندا هەیە خۆ بەخشانە دەست بە کار بووە بۆ خزمەت کردنی پەنابەرانی کورد لە ڕێگای پەیوەندی کردنی بە ڕێکخراوە بیانیەکانی تر و دەزگا پەیوەندی دارەکانی هۆلەندا لە وەزارەتی کۆچ و کۆچبەران و شارەوانی ئەمستردام و ڕێکخراوی کارو باری پەنابەران - Pro For - و دەزگای پشتگیری



لەلای ڕاستەوە: رۆژنامەنووس سەردار فەتاح، نووسەرو رۆناکبیر هیوا سەرهەنگ،شاعیرو نووسەر محەمەد جەزا بەرزەنجی




**لە لای ڕاستەوە: نووسەر سەردار فەتاح، ڕووناکبیر خاتوو پەیمان سەرهەنگ.**

بیانیەکان لە ئەمستردام دواتریش لە ساڵی ٢٠٠٢ ە وە لەگەڵ دەزگای VON کە کاری ڕێکخستنی گروپە پەنابەرە بیانیەکانە دەست بە کار بووە، دەزگای SOAA کە کاری یارمەتیدان و ڕێکخستنی چالاکیەکانە لە نێوان گروپە جیاوازەکانی پەنابەران.

سەردار فەتاح لە ساڵی ١٩٩٧ وەکو فەرمانبەرێکی فەرمی لە شارەوانی ئەمستردام کارو باری کارەکانی ڕێکخراوی میدیا بەڕێوە دەبات و لە ساڵی ٢٠٠٨ لە دەزگای (Cordaan - کۆردان) کار دەکات، لە خزمەتی پەنابەرانی کورد دابووە، لەگەڵ هاوڕێکانی خاوەنی ئەزمونێکی یەکجار زۆرە لە بواری یارمەتی دان و ڕێگا پێشان دان و ئامۆژگاری کردنی کۆچبەرانی نوێ و هاندانیان بۆ فێربوونی زمانی هۆلەندی لە تەک کردنەوەی خوێندگای زمانی کوردی لە ئەمستردام و زۆربەی شار و شارۆچکەکانی هۆلەندا بۆ فێرکردن و ئاشنا کردنی منداڵانی کورد بە زمانی شیرینی دایکیان، کردنەوەی دەورە ی کۆمپیوتەر و ئەنتەرنێت و چەندەها چالاکی تر.



سەردار فەتاح لە ماوەی ئەو ٣٠ ساڵەی زیاتر لە سەدان کۆڕ و کۆبوونەوە و سێمینار و ڕێکخستنی











پیشانگاو نمایش و واژۆ کردنی کتێب بۆ نووسەران و شاعیرانی ناو هۆڵەندا و ئەو میوانانەی کە لە کوردستان هاتوونەتە هۆڵەندا رێکخستووە و هەر خۆشی پێشکەشی کردووە، لە بەشی زۆری خۆپیشاندان و کۆبوونەوە جەماوەریەکانی کوردانی تاراوگە لە بۆنە نەتەوەیی وسیاسیەکان بەشدار بووە، هەر خۆشی لەگەڵ هاورێکانی چەندین ئاهەنگی نەورۆز و ئاهەنگی خنجیلانەی بۆ خێزانە کوردەکانی تاراوگە ئامادەو ساز کردووە، هەولێکی هەبوو لەگەڵ نووسەران و شاعیرانی کوردی لە هۆڵەندا بۆ پێکهێنانی یەکیەتی نووسەرانی کورد لە هۆڵەندا ئەوەیان نازانم تا چەند تیایا سەرکەوتوو بووە، هەوڵێکی تری هەبوو بۆ پێکهێنانی کۆمەڵەی مامۆستایانی پەروەردەکار ئەوەشیان نازانم بە کوێ گەیشت.

بۆ سەردار فەتاحی نووسەر و رۆژنامەنووسی ئەکادیمی هەر سەرکەوتوو و سەرفراز بیت.

وێنەکان:

سەرچاوەکان:

بۆ ئەم نووسینە سوود لەم سەرچاوانە وەرگیراوە: ژیاننامەی نووسەر و رۆژنامەنووس سەردار فەتاح کە خۆی لەسەر داخوازی من بۆی ناردووم سوپاسی دەکەم، زانیاری و نووسین و دارشتنی خۆم.



## نەجمەدین عەزیز سمایل

خۆم وەک نووسەری ئەم کتێبە باسی ژیانی خۆم دەکەم

لەسەر داخوازی هەندێ هاوڕێ و برادەرانم وا کورتەیەکیش لە ژیانی خۆم دەنووسمەوە.

ناوی تەواوم (نەجمەدین عەزیز سمایل حسن قەساب) ە، لە سڵی ١٩٥٣ لە گوندی سەربەشاخی سەر بە ناحیەی دیبەگە لە دایک بوویمە، تا پۆلی چوارەمی سەرەتاییم هەر لە گوندی سەربەشاخ خوێندووە، لە ساڵی ١٩٦٢ مالمان هاتۆتە هەولێر لە گەڕەکی (گلکەند) نیشتەجێ بووینە، پۆلی پێنجەمی سەرەتایم لە قوتابخانەی (اربیل الاولی النموذجیة) و پۆلی شەشەمم لە قوتابخانەی ئازادی کوڕان تەواو کردووە، خوێندنی ناوەندی لە ناوەندی هەولێر و ئامادەییش لە ئامادەیی هەولێر تەواو کردووە.

ساڵی خوێندنی ١٩٧١ - ١٩٧٢ لە کۆلێژی (القانون و السیاسة - کۆلێژی یاسا و ڕامیاری) لە زانکۆی بەغدا وەرگیراوم، پاش دوو مانگ بەردەوام بوون لە بەر دەست کورتی و نەبونی توانای کڕینی ئەو کتێب و سەرچاوانەم نەبوو کە داوام لێدەکرا، خوێندنی خۆم گۆڕیەوە بۆ بەشی



کوردی کۆلیژی ئاداب لە هەمان زانکۆ.

لە کۆتایی ساڵی ١٩٧٢، ئەو کات دوکتۆر ئیحسان فوئاد سەرۆکی بەشی کوردی بوو لە کۆلێژی ئادابی لە زانکۆ بەغدا، ڕۆژێکیان بانگی کردم پێی ووتم: تۆ قوتابیەکی زیرەکی و کوردیەکەت ڕەوانە وا ڕادیۆی کوردی بۆتە بەشێکی سەربەخۆ چەند کارمەندێکیان پێدەوێت و منیش سەرۆکی لێژنەی تاقیکردنەوەم، بۆیە ئەو داوایەم بە ناوی تۆ نووسیوە فەرموو ئیمزای بکەو خەمت نەبی، منیش وتم زۆر سوپاست دەکەم، پاش حەفتەیەک وەکو



لە لای ڕاستەوە: نازم کەریم، نەجمەدین عەزیز، نازم تاهیر



لە لای ڕاستەوە: چیرۆك نووسی گەورەی کورد حوسێن عارف، نەجمەدین عەزیز



(مذیع - بێژەر) لە رادیۆی کوردی بەغدا دەست بە کاربووم، لە تەک خوێندنی خۆم.

لە ١٩٧٥/٦/١٤ کە رۆژی (تخرج -دەرچوون) مان بوو لە کۆلێژی ئاداب پاش مانگێک بووین بە سەرباز لە (كلية ضباط الاحياط - کۆلێژی ئەفسەری یەدەگ) پاش شەش مانگ لە دەوام و تەدریب، دیار بوو من و برادەرێکی تری کورد بە ناوی خەتاب محەمەد عەلی شێروانی وچەند قوتابیەکی تری عەرەبی بەسراوی کە شکی حیزبی شیوعیان لێدەکردن چونکە (فۆرمی حیزبی بەعسمان) پڕ نەکردەوە، ڕوتبەیان نەداینێ و نەقلی سەربازگەی (ابو غریب) کرام وەکو سەرباز، نۆ مانگ سەربازی خۆم کردوو هاتمەوە کاری خۆم لە رادیۆی بەغدا، دیار بوو وەزعەکە گۆڕابوو بەڕێوەبەری بەشی کوردی منی نەقلی رادیۆی (اذاعة بغداد) کرد، لەوێش بە فەرمی داوای گواستنەوەم کرد بۆ ئەمینداریێتی رۆشنبیری و لاوان لە هەولێر، لە سەرەتای ساڵی ١٩٧٧ هاتمە رۆشنبیری و لاوان، یادی بەخێرو ڕەوانشاد دوکتۆر عەبدوڵڵا حەداد زۆر بە بایەخ پێدانەوە وەریگرتم و پێکەوە دەست بەکار بووین ئەو وەکو سەرۆکی



**لە لای ڕاستەوە: نەجمەدین عەزیز، هەورۆ عەبدولعەزیز (حاجی) کە ئەو کات لێپرسراوی کۆمەڵەی وێنەگران بوو، نە ناسراوە**





لیژنـەی (تعضید و تألیف و نشـر) منیش وەکو مقرر بڕیاردەر)ی لێژنەکـە، لەگـەڵ یادیـان بـە خێـر و ڕەوانیـان شـاد بێت مامۆسـتا عیزەدیـن فەیـزی و مامۆسـتا جـەودەت ئەحمـەد ناجی، دواتریش لەگـەڵ ڕەوانشـاد کەریـم شـارەزا و حەمەکەریـم هەورامـی و دەرهێنـەری شـانۆیی سـەعدون یونـس بـەردەوام بـووم لـە کاری لێژنـەی تەئلیف و نەشـر.

پاش نزیکـەی ٩ مانگیک ڕۆژێکیان دوکتـۆر عەبدوڵڵا حـەداد هەموو ئەوراق و ئەوەلیاتـی بەشـەکەی دامـێ و ووتـی: مـن دەڕۆم دەچمـە بەڕێوبەرایەتـی شـارەوانی ئـەو بەشـە مـن زۆر پێیوەی ماندووبوومـە لـە تۆش دڵنیـام باشـی دەپارێزی، بۆیـە تۆم لـە جێی خـۆم داناوەو ئەمین عامیش ڕازی بووە، ئیتر



**لە لای ڕاستەوە: نەجمەدین عەزیز، ڕەوانشاد کەریم شارەزا، مامۆستا فەیسەڵ**



بەردەوام بووم لە کارەکانی خۆم لەگەڵ ئەدیب و شاعیر و نووسەران و جاروباریش لەگەڵ هونەرمەند چەتۆ حەسەن یان کاک شامل مەردان ئاغا بە تایبەتی پاش چوونی بۆ بەڕیوەبەرایەتی رۆشنبیری جەماوەری هەولێر، هەموو کارەکان دەکەوتە سەر شانی من بەشی رۆشنبیری و بەشی تەئلیف و نەشر بە تایبەتی لە بوارەکانی (چاپکردنی کتێب بە هەموو جۆرەکانی لە شیعر، چیرۆک و شانۆگەریەکان بۆ مۆڵەت وەرگرتن و ستۆدییەکان و وێنەگرەکان و تۆمارگاکانی گۆرانی و ئاهەنگی رێزلێنان بۆ هونەرمەندان و چەندین چالاکی تر)، بێگومان هەندێ چالاکیەکان لە بەڕیوەبەرایەتیەکانی جەماوەری هەولێر و سلێمانی و دهۆک دەکران، بەڵام بەشی زۆری کارەکان لای ئێمە ڕەزامەندی وەردەگیرا، ئێمە کۆمەلێک کارمەندی بە توانا بووین لە بەڕێوەبەرایەتی رۆشنبیری کە وەک و شانەیەکی هەنگ پێکەوە کارەکانمان ڕادەپەڕاند خزمەتێکی زۆری ئەدەب و زمان و شانۆ و هونەرمەندانمان کرد، بەڕیوەبەرایەتیەکەمان ئەو کات بریتی بووین لەم کەسانە (کاک شامل مەردان ئاغا، هونەرمەند یحیا مرجان، هونەرمەند چەتۆ حەسەن، بەندە، رەوانشاد






له لای ڕاستەوە: نازم کەریم، حەجی جەعفەر حارس، نەجمەدین عەزیز، ڕەوانشاد کەمال ئەمین سەمین



نەجمەدین عەزیز

سـەردار میران، نەجات خەتات، تاریق مـەلا محەمـەد کۆیی، عەلی خورشید، پاکیزە، گولـەر حەبیب، ڕەوانیشـاد سیروان دزەیی، ئیحسـان، چیمـەن ئەحمەد کاویس، ڕەوانشـاد تایـەر تەوفیقیش ئینتیداب کرا بـوو لەگـەڵ ئێمـە بـوو و چەنـد کارمەندێکـی تـر).

لـە سـاڵی ١٩٨٦ بانـگ کرامـەوە بـۆ سـەربازی کارەکانـی خـۆم تەسـلیمی



THE KINGDOM OF THE NETHERLANDS
FACULTY OF LAW AND POLITICAL SCIENCE
DEPARTEMENT OF LAW
FACULTY OF GRADUATE STUDIES

LEGITIMATE - DEFENSE IS A REASON OF PERMISSIBILITY REASONS


(COMPARATIVE STUDY)

THIS THESIS WAS SUBMITTED IN PARTIAL FULFILLMENT OF THE REQUIREMENTS FOR THE MASTER'S DEGREE IN LAW

BY
NAJIM ALDEN AZIZ SMAEL

SUPERVISON
PHD.ALI JABBAR SALEH AL – HASNAWI

2011



الدفاع الشرعي كسبب من أسباب الإباحة

(دراسة مقارنة)

إعداد

إشراف

1431هـ / 2011م

وێنەی بەرگی ماستەر هەردوو ڕوو

ڕەوانیشـاد بێـت سـەردار میـران کـرد ئەویـش ئـەو کات لـە گۆڤـاری کاروان کاری دەکـرد، ئیشـی لـە چاپدانـی کتێـب و کارەکانـی تـری لەگـەڵ گۆڤـاری کاروان تێکەڵ کردبوو، بەڵام پاش ئەو بەرواره هەموو کاری هونەری هەتا تیپـی هونـەری هەولێریـش هـەر هەمـوو بـەرەو کـزی ڕۆیشـت، ئیتـر مـن لـە سـاڵی ١٩٨٩ خۆبەخشـانە خـۆم خانشـین کـرد.

پـاش ڕاپەڕیـن و کۆچڕەوەکـە، سـاڵی ١٩٩٢ بوومـەوە قوتابـی لـە کۆلێـژی (مـاف) ی ئێـواران کـە تـازە لـە هەولێـر کرابـووەوە بـۆ سـاڵی دووەم هیشـتا پۆلـی دوو بـووم لـە مانگـی دوانـزەی ١٩٩٣ بـەرەو هۆڵەنـدا هاتـم و لێـرە نیشـتەجێ بـووم.

پـاش فێربوونـی زمانـی هۆڵەنـدی یەکسـەر دەسـتم بـە ئیـش کـرد وەکـو (Beveilging - securety)، زیاتـر لـە (١٧) سـاڵ ڕۆژانـە ٩ سـەعات لەسـەر دوو قاچەکانـم وەسـتام لـە سـەرمای ئێـرە هەنـدێ جـار پلـەی سـەرما -٦ و -٧ بـووە بـۆ بژێـوی ژیانـی خـۆم و منداڵەکانـم، وا وێنـەی کارەکـەم هاوپێـچ کـردووە.

دواتریـش دوو سـاڵەکەی تـری کۆلیـژی مافـم لـە (جامعـة الحـرة) لـە سـاڵی ٢٠٠٧ لـە لاهـای تـەواو کـردوو پاشـتریش لـە ٢٠٠٨ تـا ٢٠١١ ماجسـتێریشـم تـەواو کـرد وا هاوپیچـم کـردووە.

خێزاندارم و چوار کوڕ و دوو کچم هەیە بە ناوەکانی (هەکار، هەندرێن، هەڤال و دانا، کچەکان میدیا، ماردین) چواریان خوێندنی باشیان لە هۆڵەندا تەواو کـردووە.

خوا ئێوە و ئێمە و هەموو لایەکمان بپارێزێت.

## پێرست


سیمبولێک بۆ گەورەیی مێژوو ٧
زانای گەورەی کورد مامۆستا رەشاد موفتی ٩
بیرمەندو روناکبیر مەسعود محەمەد ١٩
پرۆفیسۆر دکتۆر مارف خەزنەدار ٢٥
پرۆفیسۆر عیزەدین مستەفا ڕەسوڵ ٣٣
عەلائەدین سەجادی ٣٩
محەمەد ئەمین پێنجوینی ٤٥
ئیحسان شیرزاد ٥٣
عزەددین فەیزی ٥٥
شاعیر شێرکۆ بێکەس ٥٩
مەحەمەد مولود(مەم) ٦٧
حەمە کەریم هەورامی ٧١
کاکە مەم بۆتانی ٧٥
عەبدوڵڵا پەشێو ٧٩
کەریم شارەزا ٨٧
د. کوردستان موکریانی ٩١
عەلی مەردان ٩٧
هۆمەر دزەیی ١٠٣
تایەر تۆفیق ١٠٧
هونەرمەند ئەنوەر قەرەداغی ١١٣
جەلالی میرزا کەریم ١٢١
عەبدولڕەحمان فەرهادی ١٢٩
ئازاد عەبدولواحید ١٣٥
مەلا مەسعودی بێبەش ١٤١
نووسەرو شاعیر فەرهاد شاکەلی ١٤٥
تحسین تەها ١٥٥

| | |
|---|---|
| هونەرمەند سەباح عەبدولڕەحمان | ١٥٩ |
| فوئاد ئەحمەد | ١٦٥ |
| تەلعەت سامان | ١٦٩ |
| هونەرمەند ئەحمەد سالار | ١٧٣ |
| ئایشە شان | ١٨١ |
| حسێن عارف | ١٨٥ |
| بورهان جاهید | ١٩١ |
| وریا ئەحمەد | ١٩٥ |
| رزگار خۆشناو | ١٩٩ |
| سترانبێژ محەمەد عارفێ جزیری | ٢٠٣ |
| جەمیل رەنجبەر | ٢٠٩ |
| عەزیز گەردی | ٢١٥ |
| سەعدوڵڵا پەرۆش | ٢٢١ |
| هیوا سەرهەنگ | ٢٢٥ |
| شێرزاد سەرسپی | ٢٣٣ |
| شاعیر موحسین ئاوارە | ٢٣٧ |
| رووناکبیر جەودەت ئەحمەد ناجی | ٢٤١ |
| پیربباڵ مەحموود | ٢٤٧ |
| شاعیر قاسم شێروانی | ٢٥١ |
| باکوری | ٢٥٧ |
| سامی شۆرش | ٢٦١ |
| شەهید عەبدولخالق مەعروف | ٢٦٥ |
| مومتاز حەیدەری | ٢٦٩ |
| فەرهاد شەریف | ٢٧٥ |
| شاعیر کەریم دەشتی | ٢٨١ |
| شەماڵ سائیب | ٢٨٧ |
| ئەحمەد ناجی | ٢٨٩ |

معروف جیاووک ٢٩٣
پارێزەرو یاساناس فاروق جەمیل خەزنەیی ٢٩٧
نووسەر شەهید شاکر فەتاح ٣٠٣
مەحمود زامدار ٣١١
ساڵح حەیدەری ٣١٥
عەبدوڵڵا حەداد ٣١٧
میدحەت بێخەو ٣١٩
مشکۆ هەولێری ٣٢٥
دکتۆر عەبدولرەزاق چەلەبی ٣٢٧
دکتۆر نافع ئاکرەیی ٣٢٩
محەمەد شەهاب چەلەبی ٣٣١
نەجمەدین موفتی ٣٣٥
جەمال هیدایەت ٣٣٩
هادی چاوشلی ٣٤٣
دڵشاد محەمەد سەعید ٣٤٥
ئیحسان رەشاد موفتی ٣٤٩
هونەرمەند محەمەد جەزا ٣٥٧
خۆشنووس و دیزاینەر محەمەد زادە ٣٦٥
نەوزاد عەلی ئەحمەد ٣٧١
شاعیرو نووسەر نازم دڵبەند ٣٨٥
رۆژنامەنووس حەمید بەدرخان ٣٩٣
فەرید زامدار ٣٩٩
رەسول گەردی ٤٠٥
خاتوو پەیمان سەرهەنگ ٤٠٩
خالید جوتیار ٤١٧
خالید دلێر ٤٢١
عەبدولواحید مەرجان ٤٢٥

| | |
|---|---|
| تاریق جامباز | ٤٢٩ |
| عەبدولخالق سەرسام | ٤٣٣ |
| عبدالغنی علی یحیا | ٤٣٧ |
| هونەرمەند هوشیار سەید ئەحمەد | ٤٤١ |
| نیعمەت عەبدوڵڵا | ٤٤٥ |
| حەیدەر عەبدولرەحمان بەقال | ٤٤٩ |
| تاریق  ئیبراهیم شەریف | ٤٥٣ |
| خالید بەکر ئەیوب | ٤٥٧ |
| نووسەر ئیسماعیل تەنیا | ٤٦٣ |
| یەحیا مەرجان | ٤٦٩ |
| نەجات خەتات | ٤٧٥ |
| عەریف خدر | ٤٧٩ |
| هونەرمەند زاهیر محەمەد کۆیی | ٤٨٣ |
| میدیاکار هاشم جەباری | ٤٨٧ |
| میدیاکار تاریق جەوهەر سارمەمی | ٤٩٣ |
| زەکیە ئیسماعیل حەقی | ٤٩٧ |
| شاعیر خالید کۆچەر | ٤٩٩ |
| ابو صباح | ٥٠٣ |
| فارووق سەید حسن | ٥٠٧ |
| وێنەگر نەبیل عەریف خدر | ٥١٣ |
| جەبار سابیر | ٥١٩ |
| رۆژنامەنووس سەردار فەتاح ئەمین | ٥٢٣ |
| نەجمەدین عەزیز سمایل | ٥٢٩ |